مەحموود
دەوڵەت
ئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی
یەکەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
و. سیاوەند شاسواری
١

# کەلیدەر

ناوی کتێب: کەلیدەر (بەرگی یەکەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تایپ: سەرکەوت فایەق
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان ــ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری

## زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

**کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (000 - 000)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

# پێشکەشی ئەوینداران

# بەرگی یەکەم

# بەشی یەکەم

## بەندی یەکەم

خەڵکی خوراسان مرۆڤی کوردیان زۆر بینیوە. چونکە ئەم دوو نەتەوەیە پێکەوە لە هاتووچۆدا بوون. خۆش و ناخۆش. بەڵام بۆچی بەو جۆرە چاویان لە سەر **مارالْ** ئەبلەق ببوو، خۆشیان نەیان ئەزانی. مارالی کچە کورد، دەسکەوساری ئەسپە ڕەشەکەی دابوو بە شانی‌دا، قیت و قنج ملی ڕاگرتبوو و بە هەنگاوی بلیند، ئارام و لەسەرخۆ بەرەو نەزمییە ئەچوو. گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون. پووڵەکە زێوینە سواوەکانی لێواری لەچکەکەی ڕژابوونە سەر تەوێڵ و ڕوخساری خڕ و گڕگرتووی و بە هەر هەنگاوێک بە نەرمی بە سەر گۆنا و بڕۆکانی‌دا باڵیان ئەکوتا. مەمکەکانی خڕۆڵە بوون و بەشێوەیەک هەڵتۆقیبوون، ئەتوت جووتێک کۆتری بێ ئۆقرەن و ئەیانەوێ لە یەخەی کراسەکەیەوە خۆیان دەرباز بکەن؛ لفکەکانی لەچکەکەی مەمکەکانی داپۆشیبوو و لە هەر پێ بزووتنێکدا بە بێ ئۆقرە شەپۆلیان ئەدا. داوێنی کراسە درێژەکەی لە هەر هەنگاوێکدا لەگەڵ جووڵەی مەمکەکانی، نیوچەرخێک بە دەور پووزە بەلەک پێچ کراوەکانیا ئەسووڕایەوە. چاوەکانی ئەیانڕوانیە بەردەمی و سەرنجی لە سەرووی سەری ڕێبوارانەوە بڕیبوویە پێشی خۆی و، لێوە قەندەکانی خستبوویە سەر یەک و وەها پێی هەڵئەهێنا ئەتوت پاڵەوانێکە و سەربەرزانە لە

جەنگ گەڕاوەتەوە. هەروەها ئەسپە ڕەشەکەی **قەرەئات**یش بە جۆرێک گەردنی ڕاگرتبوو و سینگی دابوویە پێش و لەخۆڕازی سمی بە سەر بەردچنەکەدا ئەکوتا، ئەتوت منەت بە سەر عەرزەکەدا ئەکا و ناز بە دەوروبەری ئەفرۆشێ.

دەروێشێک کە پەردە نیگاری بە دیوارەکەدا هەڵواسیبوو، زمانی لەنگ بوو. چونکە ئەوانەی لە دەوری بوون، لەپڕ چاویان لە پەردەکە وەرگێڕا و گوێیان لە بیستن خەواند و، ئاوڕیان لە ئەسپە ڕەش و کچە دایەوە. گوێیان دایە دەرەق دەرەقی خۆگرانەی سمی ئەسپەکە لە سەر بەردچنی شەقامەکە. پەردەدار نەعرەتەی کێشا و خەڵکەکەی بانگ هێشتەوە.

مارالٚ، لە نزیک بینایەک کە ئالآیەک بە سەر دەرگاکەیەوە ئەشەکایەوە، ڕوو لەو پاسەوانەی لە ناو بۆتکەی قەراخ دەرگاکەدا ڕاوەستابوو و چاوەکانی ئەبریسکایەوە، وتی:

ـ برام، ئەمن کارم بە دەزگیرانەکەم و باوکم هەیە. بۆ ساڵێک ئەچێ وا لە حەپسن. خێرێک ئەکەی ڕێوشوێنێکم پیشان بدەی؟

پاسەوانی گەنج، زیاتر سەرنجی بڕییە کچە کورد و ئەو ئەسپە ڕەشەی قەپۆزی لای شانی کیژەکە ڕاگرتبوو و وەڵامی دایەوە:

ـ خۆ بەم ئەسپەوە ناتوانی بچیتە ژوورەوە. ئەسپەکەت ئەبێ لە لایەکەوە ببەستیەوە.

مارالٚ وتی:

ـ بەڵێنم بدەرێ ئاگات لێی ئەبێ، ئەوا ڕەشمەکەی لەو دارە گرێ ئەدەم.

پاسەوان وتی:

ـ بەمەرجێک لە ژوورەوە زۆرت پێ نەچێ، چونکە نیو کاژێریتر ئێشکی من تەواو ئەبێ.

مارالٚ «جا باشە»یەکی وت و ئەسپەکەی بردە بن

سـپینداره‌که، ڕه‌شـمه‌که‌ی به‌ ده‌ور قـه‌دی لاوازی دره‌ختـه‌کـه‌وه‌ به‌ســت، توربێنه‌کـه‌ی لـه‌ پشـتی داگـرت. دای به‌ شـانی‌دا، بـه‌ ڕێـزه‌وه‌ سـه‌یرێکی پاسـه‌وانه‌که‌ی کـرد و پێـی نایه‌ نـاو دالآنه‌کـه‌. تـا ژێـر تاقی قـه‌راخ حه‌وشـه‌که‌ ڕۆیشـت و لـه‌وێ سـاتێک ڕامـا. ڕوانییه‌ حه‌وشـه‌که‌ی لـه‌ به‌رده‌مـی‌دا ڕاخرابوو:

رووبه‌ری که‌رپووچ کراوی شێدار، ئه‌ستێڵێک له‌ ناوه‌ڕاستی‌دا، ڕیزه‌ ژوورێک له‌ لایه‌کیه‌وه‌، دیواری به‌رزی سواخدراوی نسێ. کۆمه‌ڵێک ژن و پیاو که‌ له‌ سووچێکی نزیکی پلیکانه‌کان چاوه‌ڕوان بوون. لای سه‌رووی پێپلیکانه‌کان، له‌ ناو به‌رهه‌یوانه‌که‌ عه‌ریفێک له‌ پشت مێزێکی کۆنه‌دا، هیلالێکی زه‌ردی به‌ سینگیا هه‌ڵواسیبوو و به‌ ده‌سره‌ سپیه‌که‌ی ئاره‌قه‌ی ده‌ور مله‌ قه‌ڵه‌وه‌که‌ی ئه‌سڕییه‌وه‌. مارالّی بینی له‌ جێی خۆی چه‌قیوه‌، له‌ دووره‌وه‌ بانگی کرد:

ــ هۆی... کچێ چیت ئه‌وێ؟ وه‌ره‌ بۆ ئه‌ملایه‌.

مـاراڵ سـه‌یری کـرد و که‌وتـه‌ ڕێ؛ پیاوانـه‌ لـه‌ پێپلیکانـه‌کان سـه‌رکه‌وت و لـه‌ به‌رهه‌یوان، لـه‌ لای مێـزی نیگابانیـه‌وه‌ وه‌سـتا و وتـی:

ــ ده‌زگیرانم و باوکی خۆمم ئه‌وێ.

سـه‌رنیگابان که‌ ڕوخسـارێکی سـپیکه‌ڵانه‌ و ئاوساوی هه‌بوو و تووکـه‌ نه‌رمه‌کانـی سـه‌ر و سـمێڵی گرتبوویه‌ خه‌نـه‌، چاکتـر و زیاتـر لـه‌وه‌ی کـه‌ پێویسـت بـوو سـه‌یری مارالّـی کـرد و پرسـی:

ــ ناویان نییه‌؟ ناوه‌کانیان بڵێ.

ــ **عه‌بـدۆس** و **دلاوه‌ر**. باوکـم نـاوی عـه‌بدۆسـه‌. ده‌زگیرانـم دلاوه‌ره‌.

ــ تێگه‌یشتم کامانه‌ ئه‌ڵێی. له‌ کورده‌کانی تۆپکاڵین!

ــ نه‌ برام، له‌ کورده‌کانی **میشـکاڵین**. لای ده‌ربه‌ندی شـۆڕ، نزیک سـه‌روچاوه‌. پێشـتر له‌ زیندانی نه‌یشاپوور بوون.

ــ تۆ ناوت چییه‌؟ بڵێم کێ هاتووه‌ بۆ لایان؟

ـ ماراڵ. ماراڵی عەبدۆس. ڕاستەوخۆ لە کەلیدەرەوە هاتووم.

ـ باشە. لەوێ لای ئەو ژنانە بوەستە. ئەڵێم بانگیان بکەن.

ماراڵ چووە سووچەکە بۆ لای ئەو خەڵکەی چاوەڕوان بوون. بە دەم ڕێوە بە سیلەی چاو، سەرنیگابانی سەیر ئەکرد کە پاسەوانێکی بانگ کرد، پارچە کاغەزێکی دایە دەستی و وتی:

ـ بڵێ زوو بانگیان بکەن، کات درەنگە.

سەرنیگابان بە دوای قسەکەیدا چاوی بڕییە کیژە کورد. ماراڵ سەری داخست و ڕووی لە سەرنیگابان وەرگێڕا. توربێنەکەی لە شانی داگرت و پاڵی دا بە دیوارە بڵیندەکەوە. بۆنی گڵی کۆنی دیوارەکە، بۆنی ئەو شێیەی لە ئاجوورەکان هەڵئەسا، بۆنی نسێی هاوین، بۆنی ئاوی گەنیو و لیخنی ئەستێڵەکە کە توێژێکی قەوزە سەری گرتبوو. بۆنی گەڵای هەنار و بەی، بۆنی خەڵکی غەریب و غەریبایەتی، تێکڕا ئەڕژانە لووتی ماراڵەوە و دۆخێکی تازەی پێئەناساند. حەشامات، بەو جۆرەی کە لە سووچێکدا خڕ ببوونەوە و ملە کزەکانیان، هەر کامە بە لایەکدا چەماندبوو، پەرەمە بەرانێکی گەرما لێدراوی لە ڕەوە دابڕاوی ئەخستەوە بیری ماراڵ کە لە ئاخوڕێکدا بە بارمتە گیرابێتن. ژاکاو و غەمگین بوون و لە ڕوخساری هەر کامیاندا خەمی گیروگرفتێک بەدی ئەکرا. پیاوێکی شاریی وشکەڵاتوو بە کراسێکی سپیباو، بە سەردەستی هەڵکراو، مەچەکی باریک، لێوی ڕەش هەڵگەڕاو و قژی خۆڵەمێشی، لە سەر پێپلیکانەی بەر هەیوانەکە دانیشتبوو و جگەرەی ئەکێشا. پیرێژنێکی گوندیی، ئارام، پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە، لە سەر عەرزەکە دانیشتبوو و بیر بردبوویەوە. ژنە گەنجێکی شاریی بە ڕوخساری سپیکەڵانەوە لە لێواری یەکێک لە پێپلیکانەکان

دانیشتبوو، منداڵەکەی لە سەر ڕانی پاڵ خستبوو و بە ئەسپایی ڕای‌ئەژاند. پاسەوانێکی درێژە، لەو بەری باخچەکە، لە قەراخ دیوارە بەرزەکە، لە بەر سێبەر ڕاوەستابوو و سەیری هەنارێکی سووری ئەکرد بە لقەکەوە شۆڕەوە ببوو.

مارالیان بانگ کرد.

ـ بڕۆ بۆ ئەویێ. لەو دەرگایەوە.

مارال تۆربێنەکەی هەڵگرت، دای بە شانی‌دا. ئەوەندەی پێی نایە سەر پێپلیکانە، پاسەوانەکە لێی هاتە پێشێ، توربێنەکەی پێ‌داگرت و وتی:

ـ قەدەغەیە خوشکە. لێرە بەجێی بێڵە.

مارال لە نیگای پاسەوانەکە ڕاما و وتی:

ـ بەڵێنم پێ‌ئەدەی بیگەیەنیتە دەسیان کاکە گیان؟

تەوسی گوتەکەی مارال پاسەوانەکەی تووڕە کرد و وتی:

ـ پێت وایە خەسەتوورەکەمان نەدیوە؟ یاڵڵا لە سەری مەڕۆ، کات درەنگە.

مارال نەک لە تەشەری پاسەوانەکە سڵ بکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەک لە کردە و گوتەی خۆی تەرێق بوویەوە. پارچە کاغەزەکەی لە کابرای پاسەوانی وەرگرتبوو، خنی بە گیرفانی سوخمەکەی‌دا و، لە لای توربێنەکە دانیشت. چارەکەی نان‌ساجی، خیگە ڕەشی ماست و کیتەڵەی قەیماخی لە توربێنەکە دەرهێنا و دای بە پاسەوانەکە. شەرمی لە خۆی ڕادا و جارێکی‌تر پاسەوانەکەی هەڵسەنگاند، بە جۆرێک کە ئەیویست لە ڕوومەت و چاوەکانیەوە دڵنیا بێ، ئاخۆ ئەمانەتەکەی بە ساخی ئەگەیەنێتە جێ؟ هەر وەها وەک بڵێی ئەیویست نیشانەکانی ڕوخساری کابرا لە بەر بکات کە ئەگەر هەڵەیەک ڕووی‌دا، بتوانێ بیناسێتەوە: سمێڵێکی کورت لە بن لولەی لووتێکی تیژ، بالووکەیەکی گەورە لە سەر لێوی خوارەوەی، شوێن برینێک لە سەر گۆنای چەپی، دوو چاوی

قاوەیی لە چاڵی کالانەی ژێر تەوێڵیدا و، دوو هێڵی برۆی نەرم وەک تووکی پشیلە.

پاسەوان، لە بن نیگای سمێنەر و وشیاری کیژە کورددا، چارەکە و خیگ و کیتەڵەی هەڵگرت و بردی بۆ سووچی ئەوبەری حەوشەکە، لە تەنیشت دەرگایەکی سەوزی چڵکن -دەرگای سەرەکی زیندان- هەر هەمووی یەکە یەکە بە ناو خویندەوە، لە دەربیجەکەوە ناردی بۆ ئەو دیو و بە دەنگی بەرز وتی:

ــ دلاوەر و عەبدۆس.

ماراڵ بە بیستنی ناوی کەسەکانی، ئەرخایەن بوو و هیوای وەرگرت کە قەیماخ و نانساجی و خەسەتوورەکە ئەگات بە باوکی و دلاوەر. دانیشتەوە و پەتەکانی دەمی توربێنەکەی گرێ دایەوە، هەڵیگرت و بردی بۆ لای ئەو پاسەوانەی هێشتاش لە بن دارهەنارەکەدا وەستابوو. لە بن دیوارەکەی دانا و وتی:

ــ تا گەڕانەوەم دامە دەس تۆ کاکە.

پاسەوانی باڵابەرز بە لاپرەسەنیەوە سەرێکی ڕاوەشاند، بزەیەکی بێڕەنگ نیشتە سەر لێوی و وتی:

ــ لە پلیکانەکان سەرکەوە. لە پشت ئەو دەرگایە، لەوێن.

ماراڵ نزای خێری بۆ کرد و لە پلیکانەکان سەرکەوت. بەرهەیوانەکەی بڕی و گەیشتە دەرگایەکی ڕەنگ ڕۆیشتوو. وەستا و، دەسکی دەرگاکەی گرت و بەخێرایی بایدا. دەرگا نەکرایەوە. ماراڵ ڕاما و ئاوڕێکی دایەوە، کابرای کراس سپی، لە پلیکانەکان سەرکەوت و لە بەر دەرگاکە، بەرامبەر بە ماراڵ وەستا.

دەسکی ئاسنی دەرگاکە بەردەوام لە ناو دەستی ماراڵدا ئەگوشرا و دۆشداماو سەیری کابرای ئەکرد. بزەیەکی زیرەکانە خزایە ژێر پێستی داتەکاوی کابرا، دەسکی دەرگاکەی لە دەستی کچەی خێڵەکی دەرهێنا و سووڕاندی. دەرگا کرایەوە و کابرا پێی

نایە ژوورەوە و بەر لەوەی دەرگاکە داخرێتەوە، ماراڵ لە دووی وەژوور کەوت.

دوو ژووری گەورەی بە سەر یەکەوە. قەرەوێڵە لە بن دیوارەکاندا و چەن کورسی بە دەوری دوو کۆڵەکەدا. وەک چاخانەیەک. بەڵام دیوارەکانی ڕووت و چڵکن و؛ وێنەی شای لاو بە تەختی تەوێڵی دیوارەکەی بەرامبەرەوە. لە گۆشە و کەناری ژوورەکاندا، خەڵکێک دانیشتبوون کە بێگومان زیندانیەکان و کەسوکاریان بوون. تۆپەڵ تۆپەڵ، مناڵ و پیرێژن، ژن و پیاو لە هەموو سووچێکدا بە دەور یەکەوە لە سەر عەرز و لە سەر قەرەوێڵەکان دانیشتبوون، ئازیزی بەندکراوی خۆیان خستبوویە نیوان خۆیانەوە، سەیریان ئەکرد و یەکیان ئەداوند. هەندێکیشیان میوەیان ئەخوارد. ترێ و قەیسی و شوتی. پیاوەکان هەندێکیان جگەرەیان ئەکێشا. مناڵەکان لە سەر عەرزە چەپەڵەکەی ژوورەکان ئەتلانەوە و پاسەوانێکی ماندووی کاری بێکاری، بە نووکی پۆستاڵەکەی یاری لەگەڵ مناڵێکی تازە پێگرتوودا ئەکرد.

مارڵ هێشتاش نەیئەزانی ئەبێ چی بکات. لە شوێنی خۆی ڕامابوو و نیگای گێژ و وێژی بە هەموو لایەکدا ئەفڕی. پاسەوان لێی پرسی لە کێ ئەگەڕێ. مارڵ وتی «دلاوەر و عەبدۆس».

پاسەوان بە ناو خەڵکە دانیشتوەکەدا بردی و لە بەر وەنەدییەک کە بە دیوارەکەوە بوو و هێشتا نەکرابوویەوە، ڕایگرت و وتی چاوەڕێ بێ هەتاکوو دێن. مارڵ شانی دا بە دیوارەکەوە و لە پشت وەنەدییە داخراوەکە چاوەڕێی کرد، لە بیری ئەوەدا کە ئەشبێ ڕێگە بە کەسووکاری نەدەن لە پشت دیوارەکانەوە بێنە ئەم دیو. عەبدۆس و دلاوەر و ڕەجەب کشمیر، سەرکاری زەوییەکانی دەربەندی شۆری مەلەکیان بە گۆپاڵ تەخت کردبوو کە ئیتر سەری هەڵنەهێنابوویەوە

و هێسرەکەشیان ڕفاندبوو. هەر ئەمەش بوو تاوانەکەیان و قورسی سزاکەیان.

لەتی وەنەدییەکە کرایەوە و قۆڵ و ناوچەوان و لێواری کڵاوی پاسەوانێک لەو بەر سەرنجی مارالّی ڕاکێشا. دەسبەجێ عەبدۆس و دلاوەر، لە بنی دالانێکی تەنگەبەردا دەرکەوتن. عەبدۆس سەری داخستبوو و، دلاوەر سەیری بەردەمی خۆی ئەکرد. هاتنە پێشەوە و لە پشت دەربیجەکە وەستان. هەر دووک، شان بە شانی یەکدی. دلاوەر کورتەبالا و چوارشانە، هەر چەند تێکرووخاو. چاوە وردە مەڕییەکانی تۆزێ چووبوون بە قووڵا، بەڵام تینی گلێنەکانی وەکوو بوون، هێشتا مابوون. سمێڵ و کاکۆڵەکەی دیار بوو هەر ئێستە شانەی لێ‌داون، ڕیشی لە بنڕا تاشرابوو. مەچەکە ئەستوور و کوڵکنەکانی دەستی و ئەو تووکانەی وەکوو لباد قۆڵی داپۆشابوو، تەویڵی کورت و برۆی پان و کڕاکەی قەمچکراوی گوێی، تێکڕا و تێکڕا دلاوەر بوون. بەڵام ڕەنگی ڕوخسار، ڕەنگی ڕوخساری دلاوەر نەبوو. ڕوومەتی دلاوەر ئەوسا کە لە بیابان بوو ڕەنگی پێستی چنار بوو، نەک ڕەنگی سێبەر. حەیف بۆ گۆنا کەوگ و قورسەکانی دلاوەر کە تاوی سێبەری هەمیشەیی زیندانی نەهێنابوو: ئای... مارالّ لە دەورت گەڕێ دلاوەر!

نیگای دلاوەر، بەڵام تیشکی خۆی، سۆز و مرازی ڕاستەقینەی خۆی پاراستبوو و بەند بەندی پەنجەکانی هەر وا سەخت بوون. هەڵقەی ئەنگوستیلە لە دەور ئەنگوستی دلاوەر هێشتاش شل نەببوو. نینۆکەکانیشی وەک هەمیشە درێژ بوون، بەڵام بن نینۆکەکانی سپی بوون. نەک وەک ئەوسا ڕەش و چڵکن. وا دیارە لە شار -لە زیندانەکانیشیدا- ئاوێکی زیاتر لە بەردەستدا هەیە هەتا بیابانەکانی جوین، دەربەندی شۆر و دەشتی مارووس. یەخەی کراسە شینەکەی داخستبوو و دەسرە سوورە هەورێشمەکەی -وەکوو هەمیشە- لە دەور

ملی گریّ دابوو. قایشەکەی لە پشتی بەستبوو، بەڵام پێی پەتی بوون؛ نە وەکوو هەمیشە. لە دەشت، کاتێکە بە دوای بەرغەڵدا ئەڕۆیشت، چاڕۆخ، پاوزار، یان گیوەی دەورگیراوی لەپێ بوو. ئێستا ئەوا سەردەستێکی ئاوەڵە بوو. دڵنیا قۆپچەکەی داکەوتووە. ئەریّ. ئەگینا ڕێ نەئەکەوت مەچەکی دەستی دلاوەر ببینی. هەمیشە، کە بە دووی ڕاندا ئەڕۆیشت، مەچەکەکانی بە مەچەکپێچ بەسترابوون و؛ لێرە لێوەکانیان بەستبوو.

لێوەکانی وشک هەڵاتبوون، ئەتوت دادووراون بە یەکدا. تەنیا چاوەکانی ئەدوان و ئەکوژانەوە. ئەیانوت و دیسانەوە ئەیانوتەوە. هەر دووک گرژ و بێدەنگ بەرامبەر بە یەکدی وەستابوون. مەگەر زمانیان بەستبوون؟ نەء، زمانی ماراڵ کراوە بوو، بەڵام هەستی ئەکرد ناتوانێ قسەی پێبکات. لێوەکانی مردبوون و زمانی خنکێنرابوو. هەستکردن بە سینگی ئاخنراوی لەو وشانەی کە هەتا ئێستا لە لای بێگانە بوون، خەریک بوو هەناسەی لێئەبڕی. ئەو وشانەی کە بە ڕوونی لای دەرئەکەوت هەتا ئەم دەمە بە مێشکیا گوزەریان نەکردوە. کۆمەڵێ وشە. قسەی سەمەرە. ئەوەی کە هەر ئێستە، لەم ساتەدا ئەیانەوێ بگوترێن و ئەو ناتوانێ لە قەفەسەی سینەی دەربازیان بکات. ئەیویست بڵێ «من هاتووم بتانبینم. ڕۆژتان باش. خەم مەخۆن.» بەڵام هەر ئەم قسانە لە ناخیدا سەمەرە بوون و، ماراڵ نەیئەتوانی دەریانببڕێ. دەرووی گەرووی ئەتوت بە تۆپەڵێکی کوڵکەی بزن گیراوە. دەنگی وشک و غەمگینی باوکی، عەبدۆس، هەوای بەژان و داخراو، دۆخی کەیف سازکەری نێوان ماراڵ و دلاوەری تێکدا:

ــ ڕەوەند لە کام لایە وا تۆ توانیوتە بێی بۆ ئێرە؟

ماراڵ ئەم کات توانی ڕووی بکاتە باوکی و بڕوانێتە ڕوخساری. عەبدۆس لەگەڵ ئەوەی لە پشت دەربیجەکە وەستابوو و

شانەکانی زیاتر چەمابوونەوە، دیسانەوەش سەرێک لە دلاوەر بەرزتر بوو. کەپۆی گەورە، ناوچەوانی ڕەق و چاوی شینی تۆخ و -وەک ئاسمانی پاش کازیوە- بە چاڵاچووی ناو کالانەی چاڵ. دەماری دەرپەڕیوی گەردن، ڕیشی ماش و برنجی شووش و زبر، دەستی بڵێند و نیگای وەک نیگای ئەسپ. ئارام و پڕ؛ خۆی بوو. هەمان شوانی میشکاڵی کە بەرغەلی تۆپکاڵیەکانی ئەلەوەڕان و ساڵی بەفرەکە، ساڵی پێش گرانییەکە، دەڵە گورگێکی لە قەفی کێوی "دوو براران" دابوو بە عەرزا و قۆچی بووکەکەی "فەرادخان"ی لە بن کەڵپەی هێنابوویە دەر؛ شوێن برینی پشت دەستی چەپی یادگاری جێددانی دەڵە گورگ!

ماراڵ سەری داخست. چونکە نەی ئەتوانی بڕوانێتە چاوە تۆخ و خەم ئاشنا و ئەندێشمەندەکانی باوکی. نیگای عەبدۆس دەربڕی غوربەتێکی دوورەدەس بوو کە ئاشنای ماراڵ بوون. ماراڵ ئەوەی ئەزانی کە باوکی کوردە و دایکی بەلووچ بووە: **مەهتاو**. مەهتاو، لە بەلووچە پەڕاگەندەکانی پشتی سوورکێو و چاڵەسووتاو بوو. لە وشکە ساڵیەکەدا، پێش گرانییەکە لە ڕەشماڵەکانی خۆیان تەرە ببوو، ڕێی کەوتبوویە ناو تیرەی تۆپکاڵی و لەوێ لە ڕەشماڵی "حاجی پەسند" کارەکەریی کردبوو هەتا پێی نابوویە تافی گەنجێتی. هەتا باڵق بوونی ژنانە لە دڵی هەژارییەوە یاڵی ڕاوەشاندبوو و ویستی باڵق بوون دەستی بەرەو عەبدۆس ڕادێرابوو. ئەوین. هەمان هێزی لە بن نەهاتوو کە بەندە و کوێخا ناناسێ. بایەخکی شیاوی مرۆڤ و خووی تایبەت بە ئەو. ئەوین لە سینەی هەژاریشەوە سەر هەڵئەدا. عەبدۆس دەستی یارمەتی بۆ مەهتاو ڕادێرابوو. مەهتاو ببوو بە ناودێری عەبدۆس. دڕکێک لە چاوی خزماندا. دڵی پڕ لە دفرە، کەی تاوی ئەوە ئەهێنێ عەبدۆس کەنیزێکی بەلووچ بکاتە هاوسەری خۆی! عەبدۆسیان لە ناو خۆیان تەراندبوو. عەبدۆسیش دەستی مەهتاوی گرتبوو

و ڕووی کردبوویە تۆپکاڵیەکان. دیارە ئەوەی لە هۆزی دابڕا، لە ڕەشماڵی تردا جێپێیەکی پتەوی نابێ. ئەگەر مناڵکار بێت، ئەوە گەدەگی ئەکاتە پیشەی. ئەگەر مێرمندال بێت، بەختی ئەوەی هەیە ببێتە یاریدەدەری شوان. بەڵام ئەوسا کە شان و باهۆیەکی پێکەوە نابێ ئەوا شوانە. نەک بە ئاسانی. شک و گومانی ئەبێ لە فەراگەردی ڕەواندبێتەوە. شوانکارە. عەبدۆس خاوەنی باسک و باهۆ بوو و پسپۆڕی مەڕان. گومانی خراپەشی لێنەئەکرا. ژنەکەی لە لای هۆز بوو. بارمتەی لای مەڕدارەکان. تۆپکاڵیەکان بە کرێکاریی ڕایانگرت. پیاوی کار. قاچی بەبڕشتی دەشت و بیابان.

شەوێکیان عەبدۆس لە ڕان گەڕایەوە ناو ڕەشماڵەکەی خۆی و مەهتاوی دی کچێکی بۆ هێناوە. ژنانی ڕەوەند ناوی ماراڵیان لێنابوو: پێوقەدەمی خێر بێ! گومانی تێدا نەبوو. ماراڵ هی ئەو خێڵ و ڕەشمالانە بوو کە تێیدا چاوی بە ژیان هەڵهێنابوو. کە وا بوو عەبدۆس بە هێزی دوو عەشق -ماراڵ و مەهتاو- پشتێنەی توندتر کردبوو و ڕۆژ و شەو، بە بێ ساتێک پشوودان، بە بێ کاتێک وەستان بە دوای ڕانەوە بوو. کێو و دەشت و بیابانەکانی لە بن پێڵاوەکانیدا تێپەڕاندبوو. لە تاغیەوە هەتا سەرەخس. لە پردی هەورێشم و سەنگەسەرەوە تا دەربەندی شۆر و ئەوبەری سوورکێو. وەشاندبووی، خواردبووی، لەوەڕاندبووی، دزیبووی، لێی دزرابوو، کڕیبووی، فرۆشتبووی و، بە هەزار هەڵبەز و دابەز توانیبووی ژمارەی پەزەکانی لە یەکەوە بگەیەنێتە پەنجا و، نیوقولاجێک لە ناو خێڵدا ڕەگ داکوتێ. ببێ بە خاوەنی ماینێکی کەووگ، خیگی کەرە و مەشکەی ماستی هەبێ، خێوەتێکی گەورەتر دەس خات، سەگێگ ببەستێتەوە و چەن جاجم و قالیچە و جێوبان پێکەوە بنێ و وشترێک بکڕێ. ئەم هەوڵدانە تا سەروبەندی باڵق بوونی ماراڵ درێژەی کێشابوو. ماراڵ پێگەیشتبوو و سەرنجی چاوەکانی ڕەوەندی

بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. برازای نێرەم خان ببوو بە خوازیاری مارالّ. بەڵام عەبدۆس «نای» پێوتبوو و بیانووی هێنابوویەوە کە ئێوە لە مەزنانن و ئێمە بچووکین. وا باشترە ئەمکارە سەر نەگرێ. وا باشترە ئێمە لەگەڵ هاوبەرەی خۆماندا ڕێ بکەوین و ئێوەش لەگەڵ هاوتای خۆتان. کە وا بوو مارالّ بە ناوی دلاوەری شوانەوە ناودێر کرابوو. چونکە دلاوەریش لە بابەتی خودی عەبدۆس بوو. بێکەس و تەنها، کارا و یەکڕەنگ. هاوخوێن نەبوو، با نەبێ. دەسکەرەوە و دڵپاک و بێ ئازار و دڵ بەکار بوو. پیاو ئەوەندەی بەسە! خەڵکی «قەڵاچیمەن» بوو. گەدەگی کردبوو، گەیشتبوویە هەرەتی لاوی و لەگەڵ عەبدۆس کەوتبوویە دوای ڕان. ڕیش و سمێڵی دانابوو و ببوو بە شارەزای پەزان. هەر چەن لەوە بەریش نەشارەزا نەبوو. بەڵام پەیوەندکردن لەگەڵ مارالّ سەرئێشەی بۆ دلاوەر بە دواوە بوو. پێش هەموو شتێک مارالّ ترسی خزاندە دڵی دلاوەرەوە، ترس لە گەورە و کوێخاکانی تۆپکاڵی. ترس لە نەیرەم خان و برازاکەی. ئەو ترسەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ئەبوو. ئەم ژیلەمۆیە لە ژێر خۆڵەمێشدا مایەوە تا ئەو ڕۆژەی کە نەیرەم خان سیان لە شوانەکانی -عەبدۆس و دلاوەر و ڕەجەب کشمیر-ی نارد تا بچن و بە بێ دانی ئاوبایی ڕانی خۆیان لە زەوییە جاڕی "مەلیک ئەخەلمەدی"دا بلەوەڕێنن. چوون و ڕانیان لە زەوییەکەدا مۆڵدا. ڕەوە بە سەر زەوییەکەدا بڵاو بوونەوە. سەرکاری "حاجی عەبدەلمەلیکی ئەخەلمەدی" گەیشت. پڵیتەکە لە پێشەوە شێی هەبوو. گزیری ئەخەلمەدی زنجیری ئەردەکانی لە گیرفان دەرهێنا و سەروقەپۆزی مەڕە بێ زمانەکانی دایە بەر زنجیر و دەستی کرد بە جنێودان. جنێو بە هەموان. بە ورد و درشتی خێڵ و هۆزی تۆپکاڵی. گزیر، پشتی قوورس بوو؛ بەڵام کوردەش نەیان ئەتوانی قسەی تاڵ لەگەڵ خۆیان ببەنەوە بۆ ناو ڕەوەند. شەڕ دەستی پێکرد. خەڵکەکە تێک وەربوون و داردەستەکەی

دلاوەر کە بە نیشانەی شارەگی گزیری ئەخەلمەدی داهاتبۆوە، بەر تەختی تەوێڵی کەوت و کابرا تەختی عەرز بوو، بە دەور خۆیا تلایەوە، دەست و لاقی کەوتنە فرتە و کاتێک پاشتر لە جووڵە کەوت و گیانی دەرچوو. هەر سێ شوان بران بۆ زاڵگەی جەندرمە و پاشان پەلکێش کران بۆ زیندان. هەر لەم کاتەدا، وشکە ساڵی داهات و لەگەڵی نەخۆشی ئاژەڵ: دانکە. سنگی ڕەشماڵەکان لە خاک دەرهێنرا و خەڵکی ڕەوەند ئاوارەتر لە هەمیشە ڕێی بیابانە دوورەکانیان گرتەبەر. داراییەکەی عەبدۆس هیچی لێ نەمایەوە. بزەباقە بێدادی ئەکرد. مەهتاو دیقی کرد و لە جێدا کەوت. بەو جۆرەی کە لە کاتی کۆچ و ڕەودا لە چوارپێیەکیان ئەبەست و ماراڵ...

ــ دایکت لەگەڵ خۆت نەهێنا؟

عەبدۆس وای پرسی و لەگەڵ ئەم دەنگە شەپۆلێکی ژەهر و ژان سەرتاپێی ماراڵی داگرت، بەند بە بەندی لەشی لەرزی، سەرگۆنا و چەناگەی بزوا، دەستەکانی لە بنی شانیەوە سست بوون و نیگای لە سەر ڕوخساری عەبدۆس خزا. نەء! ماراڵ نەی ئەتوانی هەموو ئەو شتانەی ڕاست بوون و ڕوویان دابوو بگێڕێتەوە. ئەو نەخۆشیەی کەوتە گیانی مەڕەکان، هەموو دار و نەداری عەبدۆسی لەگەڵ خۆی برد. هەواڵی مردنی مەهتاویش بۆ عەبدۆس ئەستەم بوو. بە چ زمانێک ئەیتوانی بیگێڕێتەوە؟ ماراڵ لە گێژەنی ناخدا گرمۆڵە بوو، گرژ بوو و گوشاری بۆ خۆی هێنا تا لەم تەنگەژەیە تێپەڕێت. بۆیە بە ئازارێکەوە کە وتەکانی، چاوەکانی و هەموو ڕوخساری داگرتبوو، وتی:

ــ نەخۆش کەوت. بردم بۆ **دەرزیوەر** بۆ ماڵی پوورە **بڵقیس.**

ناوی بڵقیس، ماڵی پووری و دەرزیوەر لە یادی عەبدۆسدا ئەو ونبووانە بوون کە بە ئاستەم شوێنەوارێکیان لە خۆیان بەجێ هێشتبوو و، ڕازێک ئەگەر لە ئارادا بوو، ئەوە بوو کە

جێ پێکان هەر گیز نەئەسڕانەوە. دەرزیوەر: دیواری کورت، زۆر کورت. دەرگای کورت، زۆر کورت. بانی کورت، زۆر کورت. عەبدۆس منداڵەیەک بوو کە تیرەی میشکاڵی بڕیاری دا دەرزیوەر لە سەر ڕێی نێوان گەرمێن و کوێستاندا دروست بکات. شوێنێک بۆ لادان لە نێوان دوو مەبەستدا، دوو بنەدا، کاژەیەک بۆ ساتێک حەسانەوە. هەندێک ئەگەر ویستیشیان بە دێمەکاریی تۆوێک بچێنن. جێ پشوویەک، پێی لە سەر خاک. شەوێک، نیوەشەوێک. هەزار ڕووداو هەیە. ڕەوەند بۆچی ئەبێ دوور لە خێوەتگە شوێنێکی بۆ حەسانەوە نەبێ؟ جێیەک لە نزیکی ڕێگەی گەورە. لە نێوان نەیشاپوور و سەبزەوار. دوو ناوەندی مەزنی کڕین و فرۆشی خوری و پێستە و ڕیخۆڵە و چوارپێ. حاجی پەسەند دەسپێشخەری کرد و خزمانیش خڕ بوونەوە، زەوییەکەیان بە باریکە ئاوی کارێزەکەیەوە کڕی و کەوتنە بنیات نان. ئەو ڕۆژانە عەبدۆس بە قنی ڕووت ئەگەڕا. کوڕیژگەیەک بوو و، لەو قوڕەی بۆ درووستکردنی پایە دیوارەکان شێلابوویان، کاروانی وشتری بۆ خۆی درووست ئەکرد. بڵقیس هەوایەک لەو گەورەتر بوو و کراسێکی ڕەشی درێژی لە بەر ئەکرد. بەڵام **گوڵئەندام** لە هەموان گەورەتر بوو و بەو زووانە ناودێریان کردبوو بۆ حاجی پەسەند. "**مەدیار**" لە عەبدۆسیش گچکەتر بوو. بە جۆرێک کە عەبدۆس نەی ئەتوانی ڕوخساری ئەو ڕۆژانەی براکەی بهێنێتەوە بەرچاوی. لەو ڕۆژەوە کە عەبدۆس لە ڕەوەندەکەی خۆیان تەرە بوو، تەنها یەکجار سەردانی دەرزیوەری کردبوو. ئەویش کاتی مردنی دایکی "گووڵ خاتوون" بوو. لەوە بە دوا یادی کەسوکاری نەکردبوو. کەسوکاریش یادی ئەویان نەکردبۆوە. ئێستە کە ماراڵ خەریک بوو ئەگەڕایەوە ناو خزم و کەسی، ئەو خزم و کەسەی کەسیانی نەئەناسی؛ عەبدۆس لە گرێژەنەیەکی دوولایەنەدا گیری کردبوو. غەم و دفرە و ئەم دووانەش لەگەڵ یەکدا ئاوێتە بوون. غەمگین

لەوەی کە زەلیل بووە و نەیتوانیوە ئەو کارەی دەستی دابوویە تاسەر بگەیەنێت؛ کەوتبوویە زیندان، مەڕەکانی تیاچووبوون و ژن و کچەکەی لە ناو خزمانی نامۆدا، بە تەنها کەوتوون و ئاوارە بوون و ناچارن بگەڕێنەوە بۆ ناو ڕەوەندی باب و ڕەگەزیان و؛ دفرەی ئەوەی ئەو هۆز و ڕەوەند و خزمانە هێشتاش ماوە و ئەتوانیێ دالْدەی کەسانی ئەو بدات. لە وەرگرتنی ئەو هەواڵە، شەپۆلێکی شەوق و میهر و خۆشەویستی کەسوکار و ڕێزی پەیوەندی خزمایەتی لە دڵیدا قوڵپی ئەدا و گەشیی و تازەیی ئەپژاندە ناخیەوە. هەستکردن بەوەی کە ئەگەر خۆشی نەبیێ، لە خەڵکی هاوخوێنیدا هەیە. ئەگەر بشمریێ، لە کەسووکاریدا زیندووە. دڵی لەپڕ فڕی بۆ لای مەدیاری برای و، بڵقیسی خوشکی و؛ بیری هەراوهوریای گەورەترین خوشکیان گوڵئەندام لە گیانیدا بڵێسەی کێشا...

عەبدۆس سەیری چاوەکانی کچەکەی کرد و وتی:

ـ باشت کرد چووی بۆ ماڵی پوورت، چاکیشت کرد هاتی بۆ ئێرە. ئەم چەن شەوە خەونی خراپم دی. پێریێ شەو ئەوەم بینی کە تۆ و مەهتاو بەرەو دەشتێکی وشک و چۆڵ ئەچن. کەسیشتان لەگەڵ نەبوو. خۆری جەهەننەم لە سەر پشتی بیابان سوار ببوو... نەخۆشیەکەی خۆ زۆر گران نییە؟... ڕەوەند ئێستە لە کوێیە؟

ـ کەلیدەر.

ـ کەی لە ڕەوەند دەرکەوتی؟

ـ پاش نیوەشەوی دوێشەو.

ـ کە وا بوو ئەگەر ئێستە وەڕیێ بکەوی کەی ئەگەیتەوە ڕەوەند؟

مارال وەڵامی نەدایەوە و پاش ساتێک وتی:

ـ هاتووم بڵێم نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ لای ڕەوەند.

دلاوەر و عەبدۆس ئاوڕێکیان لە یەکدی دایەوە و هەر

دووکیان یەکجێ لە ماراڵیان ڕوانی. بەجۆرێک کە چاوەکانیان داوایان لێئەکرد هەموو شتێکیان بە بێ کەموزۆر بۆ بگێڕێتەوە. چی ڕووی دابوو؟ ماراڵ لەوە زیاتر نەیتوانی فرمێسکەکانی ڕابگرێ کە لە سەر گلێنەی چاوەکانیدا ئەدرەوشانەوە. وتی:

ــ هاتووم پێتان بڵێم لە ناو ڕەوەند ئیتر کەسم نییە لەگەڵیان بڕۆم.

ــ قەرەئاتیش مرد؟

لەپڕ دلاوەر ئەمەی پرسی. ماراڵ وتی:

ــ نەء، ئەو هاوپێی منە.

گڕی شاراوەی ڕوخساری دلاوەر دامرکایەوە. دیارنەبوو ئەگەر قەرەئاتیش مردبایەت ئەو چی ئەکرد.

ماراڵ نیگای لە دلاوەر وەرگێڕا و چاوی بڕییە ڕوخساری باوکی. عەبدۆس سەری داخست و چووە ناو بیرەوە. ئەمە لە چینەکانی تەوێڵ و ناوچەوانیەوە خۆیای ئەکرد. کچە زانی بە بێ سڵەمینەوە دوا وشەی وتوە: «کەسم نییە لە ڕەوەند بگەڕێمەوە بۆ لای.» عەبدۆس ئەم قسەیەی لە بەر گران بوو. عەبدۆس ئێستا بیری لە چی ئەکردەوە؟ ئەم قسەیە بە چ واتایەک لە لای خۆی لێک ئەداتەوە؟ پیاوەکە لە گەردەلوولدا ون بووە. ئەبێ بە شێوەیەک تێبگەیەنرێ. ئەبێ بۆی ڕوون بکرێتەوە و تێبگەیەنرێ هیچی ناخۆش ڕووی نەداوە. بەڵام چۆن ئەتوانێ زنجیرێک لە درۆ بهۆنێتەوە و سەر و بنیشی بهێنێتەوە یەک! نەء. هەر وشەیەک کە لە زمانی ماراڵ ئەترازا ئەیتوانی بەندێک لەو بەندانە بپچڕێنێ. هەر وشەیەک کردنەوەی دەرگایەک بوو بۆ ئەو شتەی کە ئەو نەی ئەویست بیدرکێنێ. ماراڵ نەی ئەویست باسی کارەکەریی خۆی لە ڕەشماڵەکانی نەیرەم خان و کەسوکاری بۆ باوکی و دەزگیرانەکەی بگێڕێتەوە. تەنانەت نەی ئەویست سەرەداوێکیش لە ژیانی شەش مانگەی بۆ دلاوەر و عەبدۆس دەربخات. تێکڕای هەوڵ و ویستی کچە

ئەوە بوو بتوانێ هەموو ئەو شتانەی بە سەری هاتووە لە دڵی خۆیدا ڕابگرێ و ئەو خەمەی لە سینگیدا کەڵەکە بووە بۆ کەسی نەدرکێنێ. چونکە ئەوەی بەباشی ئەزانی کە مرۆڤی بیابان وەک هەڵۆیە. ئازاد و باڵ کراوەیە و، کاتێکە لە داوی بخەن و لە چوار دیوارییەکی تەنگدا بیبەستنەوە -کە هەموو خۆر نەتوانێ ببینێ و، نەتوانێ تێکڕای سروە هەڵبمژێت و، نەتوانێ تێکڕای دەنگە ئامۆ و نامۆکان ببیستێ- لە غەمێکی دڵتەزێندا ئەتوێتەوە. کە وا بوو نابێ سووکایەتیەکانی ئەو دیو دیوار بۆ ئازیزەکانی باس بکات. چ سوودێکی هەیە باسی تێڕوانینە دزێوەکانی سەمسام خان، پێکەنینە کرێت و سمێڵ بادانەکانی بۆ عەبدۆس و دلاوەر بکات؟ قازانجی چییە گێڕانەوەی چرپەچرپی ژنان و کچان، لە سەر ڕایەڵی تەونی بەڕە و دەزگای بەرماڵ چنیندا؟

«ماراڵ پارووییەکی چەور و نەرمە بۆ سەمسام خان.»

«بێت و بچێ بە ساخی لە ژێر ددانی سەمسام خان دەرباز نابێ.»

چ سوود لە گێڕانەوەی ترس و خۆفی شەوان، کاتێکە ماراڵ هەڵ ئەهات و پەنای بۆ ڕەشماڵەکەی نەنکە کەوکەب ئەبرد و بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەوەی کە داڵدەی داوە، ئەبوایە هەموو کارێکی بەقسە بکات. بۆچیش ئەبێ بڵێ کە سەمسام خان چاوی بڕیوەتە قەرەئات و ددانی لێ چیرکردۆتەوە و تووتیەتی:

«ئەبێ پێمی بفرۆشی، ئەگینا وەبەر گوللەی ئەدەم.»

وتنی چی؟ وتن بۆ چی؟ جگە لەوەی بە بیستنیان شێر لە قەفەسدا بنرکێنێ و خۆی بە دارودیواردا بدا، چی پێئەکرا؟ جگە لە قورسکردنی باری غەم و تووڕەبوونی زیاتر چ سوودێکی هەبوو ئەگەر ماراڵ بە پیاوەکانی خۆی بوتایەت «خانەکانی سەرەوە ئەیانتوانی ناوبژی بکەن و سەرۆکی دادگا ڕازیی بکەن زیندانی کەمتریان بۆ ببڕێتەوە؟ بەڵام تەنها بۆ ڕەجەب کشمیریان

کردبوو کە بە بێتاوان ناوبوێری بکەن و واشیان کردبوو.» ئەم شتانە وا باشتر بوو عەبدۆس و دلاوەر نەیزانن. چونکە سەر بە دیواردانی بە دواوە بوو ئەگەر دلاوەر بیبیستایەت وا سەمسام خان نیوەشەوان خۆی کوتاوەتە ڕەشماڵەکەی نەنکە کەوکەب و پەلاماری ماراڵی داوە. هەر چەن ماراڵ شێرانە پاڵی پێوە نابوو و خۆی لە چنگی دەرباز کردبوو، کە چنگی لە قژی ئاڵاندبوو، ملی بادابوو و بە شەڕ ڕایگرتبوو هەتا نەنکە کەوکەب لە لای ژنەی دووگیان بگەڕێتەوە ناو ڕەشماڵ؛ کە گەیشتبوو. سەمسام خان خۆی دەرباز کردبوو، پاڵی بە نەنکەوە نابوو و خۆی لە تاریکی شەو هاویشتبوو. هەر ئەو شەوە نەنکە بە ماراڵی وتبوو:

«وا باشترە بگەڕیتەوە ناو هۆزی باوکت، کچم.»

کە ماراڵیش لەگەڵ سروەی کازیوەی دەمەوبەیان پێی لە ئاوەزەنگی نابوو، ڕووی لە بیابان کردبوو و ڕێگەی سەبزەواری گرتبوویە بەر و... ئێستە لێرە، لە بەرامبەر پیاوەکانیدا وەستابوو و باش ئەیزانی ئەبێ ئەوەی بە سەری هاتووە لە دڵی خۆیدا بپارێزێ و تا ڕزگاربوونی پیاوەکان بۆ هیچ گوێیەک نەیدرکێنێ. ماراڵ، ئەتوت لە تەمەنی خۆی ژیرترە.

ــ وشترەکە چی؟ ئەویش مرد؟

ــ وشترەکە بوو بە مڵکی نەیرەم خان. بە زۆر لێمانی کڕی.

ــ داخی گرانم!

عەبدۆس ئەوەی وت و لە سەری نەڕۆیشت. ماراڵ ڕەنگە بۆ دڵدانەوەی باوکی وتی:

ــ بۆ دەرمانی نەخۆشیەکەی دایکم پارەم لێ قەرز کردبوو.

تیرێکیتر لە جەرگی عەبدۆس. سەرەڕای ئەوەش، بە نەرمی وتی:

ــ غەم نییە. کاتێک دێ لەم قەفەسە ڕزگارم بێ. ئێستە

تۆ لـە کام ڕێگـەوە خـۆت ئەگـەیەنـی بـە ڕەوەنـد؟
وا دیـار بـوو بیـری عـەبـدۆس زۆر ئاڵـۆز بـوو. چونکـە هـەتا ئێسـتا مـاراڵ دوو جـاران پێـی وتبـوو: «ناتوانـم لەگـەڵ ڕەوەنـد بـڕۆم.» بـەڵام عـەبـدۆس هـەمدیسـان لـە بیـری ئەچوویـەوە و ئـەو گومانـەی لـە لای مـاراڵ دروسـت کـرد ڕەنگە باوکـی لـەوە ئەترسـێ بە تەواوەتـی لـە تۆپکاڵیـەکان دابـبڕێـن. بۆیـە پـاش ڕامانێکـی بـە پـەرۆش، بـە دڕدۆنگیـەوە وتـی:
ــ پێتانـم وت خـۆ! مـن لـەوە زیاتـر چ کارێکـم لەگـەڵ ڕەوەند نییـە. مـن خـەریکـم ئەچـم بـۆ ماڵـی پـووری خـۆم، تـا ئـەو ڕۆژەی کـە ئێـوە لێـرە دێنـە دەرەوە.
عـەبدۆس دوودڵ و داگیراو وتـی:
ــ بە تـەمـەنـی تـۆ، مـن و پوورت نە پێکـەوە دانیشـتووین و نە لەگـەڵ یـەک دواوین. ئێمـە قسـەمان پێکـەوە نییـە.
قسـەکانی عـەبدۆس تێکشـکاو و دڵشـکاوانە بوو. نیشـانەی خۆ بە دەسـتەوە دان. بە جۆرێک کە ماراڵ توانی بە سـەریدا زاڵ ببـێ. بۆیـە بە ڕووقورسـی و تێڕادیوییـەوە وتـی:
ــ مـن بـە ئاشـتی ئەچمـەوە. لـەوە زیاتـر ناتوانـم لـە ناو تۆپکاڵیـەکاندا بمێنمـەوە. نامێنمـەوە. ئەبـێ بگـەڕێمـەوە بـۆ ناو هـۆزی خۆمـان؛ میشـکاڵی. مـن ئەبـێ خـۆم بگـەیەنمـە ژێر خێوەتـی ماڵـی پـوورم. لـەوێ لـە نـاو تۆپکاڵیـەکاندا پەرێزم نییـە. پاش ئێوە مـن لـەوێ بێکـەس کەوتـووم. کەسـم نییـە شـەو سـەری لـە بـەر دەرگای ڕەشـماڵەکەمدا دانـێ و بخـەوێ. خێوەتەکـەم بپارێـزێ. پەزێکیـش خـۆ نەمـاوە. ئەوسـاش کـە لـەگـەڵ ڕان ئەچـم ئەبـێ کەنیـزی ئـەم و ئـەو بکـەم. تۆ ئەڵێـی شـووەکەم بەمـە ڕازییـە؟
دڵاوەر نێوچـەوانـی لـە سـەر مەچەکـی هـەڵگـرت و سـەری هەڵێنـا. هـەڵویـەک لـە دڵـی نیـگایدا خـۆی حەشـار دابوو. سـیلەی چاوەکانـی هاتبوونـەوە یـەک و پێسـتی ڕوخسـاری تێکچـرژا بـوو. دەردێـک لـە ناخـەوە. فیشـقەکردنی ئـازار:

ــ کێ بۆڕێزی پێکردووی ماراڵ؟ ها، کێ؟ لە ڕەوەند کەسێک ناوی زڕاندووی؟ قسەی بۆ هەڵبەستووی؟

ــ نا، نا. تا تۆ لەم دنیایەدای پیاو نییە خراپ سەیری من بکات! نا، دلاوەر. دڵت ئەرخایەن بێ. دڵت ئارام کە، هیچکەس، هیچکەس.

دلاوەر ڕووی کردە پاسەوانەکە و وتی:

ــ برام پیاوەتی بکە تاوێک بەجێمان بێڵە. ئەمەوێ لەگەڵ دەزگیرانەکەم بدوێم. پاسەوان دوور کەوتەوە. نەیتوانی بەجێیان نەهێڵێ. عەبدۆسیشی بانگ کرد بۆ لای خۆی. عەبدۆس پێبەپێی پاسەوانەکە کەوتە ڕێ و شانی پان و پۆڕی دلاوەر دەربیجەکەی پڕ کردەوە:

ــ ئا مارڵ؟ هەر چی هەیە پێمی بڵێ! باکت نەبێ. باکت نەبێ. بە منی بڵێ. بڵێ! ئەوسا کە بۆم دەربکەوێ ناپیاوێک بە خراپە سەیری دەزگیرانمی کردووە، ئەم قفڵانە بە ددان ئەجووم، خۆمی پێ ئەگەیەنم و چاوەکانی لە کالانە دەرئەهێنم.

مارڵ خۆی هێور کردەوە و وتی:

ــ دلاوەر، تۆ چاوی منی، ئازیزی دڵەکەم. من هاتووم بۆ ئێرە کە بە بێ ڕاوێژ ڕەوەندم جێ نەهێشتبێت و ڕۆیشتبێتم. نەمویست یاخیگەری بکەم. من هاتووم ئاگادارت بکەمەوە، نەک گلەیی کەسانم بۆ هێنابێتی. تۆی دلاوەری من، دڵت ئاسوودە بکە، دلاوەرەکەم... ماست و قەیماخم بۆ هێناون، لەو کابرایەت وەرگرت؟

هەرچی چۆن بێ مارڵ وتووێژەکەی خستبوویە سەر ئاقارێکی تازە و بە گوتە تۆکمەکەی دلاوەری نەرم کردبوو؛ تاڕادەیەک کە توانی لە پیاوەکەی بپرسێ:

ــ تۆ ئەڵێی چی؟ بچم یان نەچم؟

دلاوەر بە ڕاشکاوی وتی:

ــ بڕۆ. بڕۆ بۆ لای پووری خۆت...

و بێدەبگ بوو. مارالّیش بێدەنگ بوو. دلاوەر نەک وەکوو تۆزێک لەمەوپێش، سەیری کرد. سەیرکردنێکی ئارام و دڵخواز. پاشان وتی:

ـ ئەمشەو ئەتەوێ لە کوێ بمێنیتەوە؟ لە کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا؟

ـ مەگەر شوێنێکی‌تریش ئەناسم؟

دلاوەر وەڵامی پێ‌نەبوو. مارالّ کیسەیەکی بچکۆلەی چنراو کە نەخش و نیگارێکی ڕەنگاوڕەنگی لە سەر گوڵدۆزی کرابوو و بە دەزوویەکی قەیتانەوە کردبوویە ملی، لە ناو یەخەیەوە هێنایە دەرێ. دەرگای کیسەکەی بەپەلە کردەوە؛ دەسڕێکی گرێدراوی لە ناو کیسەکە دەرهێنا، گرێکەی کردەوە و چەند پارچە ئەسکەناسی گرمۆڵە کراوی لە قولی مشتیا دایە دەست دلاوەر:

ـ بگرە ئەمەش پارەی ئەو چوار جەڵەبەی لەوانەی تۆ مابوویەوە. ترسام ئەوانیش تیا بچن، فرۆشتیانم.

دلاوەر پارەکەی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکی لای خۆی ڕاگرت و ئەویتری دایەوە بە مارالّ. مارالّ دەستی مست کراوی لە سەر پارەکە دانا و سەیری دلاوەری کرد. دلاوەر چاوی بڕبوویە ڕوخساری ئەو و نیگایەکی‌تری هەبوو. بێ‌پەردە، ڕووت و ئاگراوی. ئەتوت لە چاوەکانیا ئەفسووسی ئەوە ئەخوا بۆچی، ئەگەر تەنها بۆ جارێکیش بووبێ ئەو مەمکە گەرم و دڵڕفێنەی نەگووشیوە؟ بۆچی تەنها جارێک بۆنی ئەو بناگوێ سپیانە، کە لە دونگی بەران ئەچوو، هەڵنەمژیوە؟ بۆچی تەنها جارێک سەری نەناوەتە سەر ئەو باسکە لەبارانەی؟ غەمی ئەوەی بوو کە بۆچی ژنەکەی لە ئامێز نەگرتووە و لە ناو گیاکانی مارووس‌دا نەیخەواندووە؟ غەمی ترسە نابەجێکانی خۆێ هەبوو. پەژێوانی سادەدڵی، خاوبوونی خۆی...

مارالّ گوێی لە هەر اوهوریای ئەو خەڵکە نەبوو لە دەرگای

حەوشە ئەچوونە دەرەوە، بەڵام ڕوومەتی درێژۆکە و سمێڵە ڕەشەکانی ئەو پاسەوانەی بینی کە لە پێچی داڵانەکە بای دایەوە و هات بۆ لای دلاوەر. باڵای نیوە چەماوەی باوکیشی لەبنی داڵانەکەدا بینی. پاشان هەستی کرد دلاوەر لێی دوور کەوتەوە، لە دەربیجەکە دوور کەوتەوە و لێوەکانی چەن جار جووڵان و لەپڕ وەنەدییەکە داخرایەوە و ئەو، ماراڵ، وەکوو نەخشێک لە سەر دیوار، بەتەنها مایەوە.

ـ لێرەوە، ئەمەیە ڕێگەکە. دەسکی دەرگاکە بگرە و بۆ لای خۆتی ڕاکێشە. ئەوەتا.

ماراڵ لە حەوشەی نەزمییە بوو. توربێنی ئەسپەکەی لە بن دیوارەکە هەڵگرت، دای بە شانیدا و لە دەروازەکە چووە دەرەوە. قەرەئات بە گوێ قوڵاخی لە لای دار بیەکەوە وەستابوو. ماراڵ توربێنەکەی دا بە پشتی زینەکەدا. هەوسارەکەی لە دەوری دارەکە کردەوە، دای بە شانیدا و ڕێی خۆێ گرت.

شەقام و کۆڵان، لای ئێواران حەشاماتێکی زیاتری تێئەڕژا. ماراڵ حەزی نەئەکرد خەمی ڕوخساری بەم و بەو پیشان بدا. بۆیە سوار بوو و ڕووی کردە بیابان. سستی هەنگاوەکانی و ڕەنگی پەڕیوی چاوەکانی هانی ئەدا خۆی لە چاوان بە دوور بگرێ. بە دوو ئاوزەنگی ڕاوەشاندن لە دەروازە دەرباز بوو، مەیدانێک بە غار ڕۆیشت، لەغاوی ڕاکێشا و لە قەراخ ڕێگەکە، نزیک جۆگەلەی ئاوەکە لە زین دابەزی و ئەسپەکەی بەرەڵڵا کردە ناو گیاکانی قەراخ ڕێگەکە و خۆی لای یاڵی قەرەئاتەوە وەستا. ڕۆژئاوا، ئاوابوونێکی تازە بوو. ڕەنگ و ڕوویەکی نوێی هەبوو. بیابانێکی تازە. ماراڵ هەتا ئەمڕۆ زۆر جار بەم بیابان و خۆرداچوونەدا تێپەڕیبوو، بەڵام هەر گیز بەو جۆرە بە گیان هەستی پێ نەکردبوو. ڕۆژ ڕەنگێکیتر ئەگرێ، کاتێکە ڕۆژگاری تۆش سەرەوبن بووە. ئاسۆ سوورە یان مۆرە؟ تۆ چۆنی ئەبینی؟ تا چۆنی ببینی! شەو تیشک بارانە، کاتێکە دڵ گەش بێ.

خۆرئاوا داگیراوە، ئەگەر مارالْ دڵی گیرابێ، ئەگەر گیانی تاڵ بێ. خۆراوا تاڵە.

ڕاخەری بیابان، ڕاخەری بەرینی دەشتەکانی دەوروبەری شار بە پەڵە پەڵەی سەوزەڵانیەوە لە تاریک و ڕوونی ئێوارانْدا ڕەنگیان ئەگۆڕا. شار ئەبوو بە تارمایی. کێوەکانی باکووری شار ئەبوون بە سێبەری ڕەش و لووتکەکانیان لە ناو ڕەشایی ئاسمانْدا ون ئەبوون. تاک و تەرا، لێرە و لەوێ جووتیارێک لە کار گەڕاوەتەوە و هەر کامە بە لایەکدا ئەڕوا. توربێنێك بە کۆڵەوە، پێمەڕەیەک بە شانەوە، یان چوارپێیەکی داوەتە پێش خۆی. خاو و ماندوو. وەرزی چەوەندەر بوو. تاوێکیتر ڕووناکی لە وەنەدییە تەنگەبەرەکانی ماڵانەوە خۆیان ئەهاویشتە دەرەوە.

مارالْ ڕووی لە کێوەکانی کەلیدەر کرد. ئەو کێوانەی بە تاریکی شەودا ڕۆئەچوون. ئەو کێوانەی لکابوون بە بینالوود و ئەولاتریش هەزار مزگەوت. فڕینی خەیاڵ. سەرەخس. ڕۆژی گەرم و شەوانی سارد. قیژەوقاژی ڕەوەند، وەڕینی سەگ، هەر ای شوان؛ دلاوەر. ڕان ئەگەڕایەوە بنە. کاتی ڕەو. پەرەم پەرەم مەڕ، دەستە دەستە پیاو: بارکەن! چ شەوانێک بوو ئەو شەوانە! چ شەوانێک بوو! مەگەر تەواو ئەبوون؟ کاتی چەقیو، ڕووهەڵماڵراو، درێژ. پڕ لە شەوق. پڕ لە دڵەڕاوکێ. پڕ لە یاد. پڕ لە فڕینی دڵ.

هەتا بنە لەجێدا بوو، چێشتەنگاوان مارالْ لە قەراخ شیشی خێوەتەکە دائەنیشت و تەشی ئەڕست. مەهتاو لە تەنیشت کوانووە بەردەکە داری ئەنا بە ئاگرەوە. کترییە ڕەش لە سەر کوانوو. چایی بۆ پیاوان. ئێوارە ڕووی تێک ئەنا. ڕەشایی ئەڕژایە ئاسمان. شەو لە پشت ترۆپکی کێوەوە سەری دەرئەهێنا. سەرئەکەوت و بەکاوەخۆ لەشی بە سەر بیابانْدا بڵاو ئەکردەوە و لە ناو ڕەشماڵەکانْدا دەست و باڵی ئەکردەوە. چرا پڵیتە، ناوبەناو بزەیان ئەهاتێ و هەر کامەیان وەکوو

نووکی گزیلکێک ئەنیشتە سەر پێستی شەو و لەشی شەو لە سەر خێوەتەکانی بنە، لە سەر تیژیی شکاوی نێزەکانی تیشک ڕائەوەستا. پێستی گایەک بە سەر شیشی شکاوەوە.

شەوانی کەلیدەر، شتێکیتر بوون، سووک و بێئارام. شنەی سروەیان هەبوو. بەرامەی خاک و گیای، سەری سەرخۆش ئەکرد. مانگی کەلیدەر ئەتوت دەس ئاوەڵەتر تریفەی ئەهات. شەوی کەلیدەر زەلاڵتر بوو. سامی کەمتر. دیسانەوەش نیشانی دلاوەر نەبوو! ئەوە ئاخۆ سمکوتی قەرەئات نییە لە پشت گردەگانی خولوورەوە دێ؟ ئەی ئەو تۆزە سپی باوە چییە؟ نە مەگەر حیلەی مەستانەی قەرەئاتە لە شەوی کەلیدەردا دەنگی داوەتەوە؟ نە مەگەر ئەمە قەرەئاتە یاڵی ڕاوەشاندووە و بە بێ ئوقرە غاری ئەدا؟

ئەی سوار کوانێ؟ ئەی دلاوەر؟

ئەمە قەرەئاتە شەلاڵی ئارەقە و تۆقاو لە ناو ڕەشماڵەکاندا بە دڕدۆنگی ئەبڵەق بووە؟ هەڵەت و گێژە **قەرە**! ڕووت و بێ لەغاو. بن گوێکانی ئارەقی دەرداوە. سمتی بە تەڕیی لەش ئەدرەوشێتەوە. سم لە خاک وەرئەدا. بە حیلکە دڕ بە خاک ئەدا. پرچی پەرێشانە، قەرەئات. شڵەژاو و حەیرانە. پیاوانی تۆپکاڵی دەوریان داوە. بەڵام کەی سواریی بە بێگانە داوە قەرە؟ یەکە ناسە! شتێکی بە سەر هاتووە قەرە. بە بێ سوار هاتۆتەوە، هەواڵێکی پێیە. ماراڵ ئەگات. جەوەنەی ئاوەکە بەرئەبێتەوە. دەنگێک لە نێوان لەرزینی لێوانیەوە. قەرەئات دەنگی ئاشنا ئەبیستێ. گوێی تیژ ئەبێ! ماراڵە ئەمە. گوێ ئەخەوێنێ و مل نەرم ئەکا. ماراڵ و قەرە بۆ لای یەک ئەچن. قەرەئات تەوێڵی ئەساوێ بە شانی ماراڵدا. لە گەرووی قەرەئاتەوە دەنگێکی وەکوو کڕاندن ئەهاتە دەر. ئەگەر بکرێ بوترێ، گریانی ئەسپ. ماراڵ دەست بە یاڵی ئەسپەکەدا ئەهێنێ. ملی ئەگرێتە باوەش. پیاو و ژنی ڕەوەند لێیان ئەگەڕێن. ماراڵ

ئەسپەکە لەگەڵ خۆی ئەبات. ئەیگەڕێنێ تا ئارەقەکەی وردە وردە وشکەوە بێ. ئەیهێنێتەوە. لە لای ڕەشماڵەکەی خۆی پشووی پێئەدا. ماراڵ بە ئاوات ئەخوازێ خۆزگە قەرەئات زمانی هەبوایە. تاس ئەیباتەوە. شەو شەق بووە.

بەیانیەکەی ئەزانرێ کە دلاوەر، عەبدۆس و ڕەجەب کشمیریان بردووە بۆ پرسگەی جەندەرمە.

ماراڵ پەنجەکانی خستە ناو یاڵە درێژ و جوانەکەی قەرەئات و لەسەرخۆ پشت گوێی خوراند. قەرەئات سەیری کرد و کلک و گوێی بۆ ڕاوەشاند. لای سەرەوە، بەرەو لای خوارەوەی مەشهەد هەورە نەزۆکەکان سواری شانی یەکدی ببوون. ئەم هەورانە هەر گیز نەئەبارین. بەخێڵ و وشک و بێبەهرە بوون. بە دوای یەکدا، کاروانێکی بێ سامان و قاتی لەدراو، بە سەر دەشتی کەویردا؛ ماندوو و لاواز بەرەو زابولستان و هیرمەند و ئەفغان سەرگەردان بوون و ئەڕۆیشتن بۆ ئەوەی ون ببن. لە ژێر ئەم هەورە بێ گیانانەدا، قەڵا و کاروانسەرا، پارە دەشتی هاموتا و کەمبەر و، شارانی کەویری هەبوو، کە لێویان بە ددانیانەوە وشکەڵاتبوو. تینوو بوون و ڕوومەت سواو. شارە قوڕینەی بەر ڕەوازی با و دەشتەپانی هەتاو:

توربەت و بیرجەند و گوناباد و بیدوخت.

ماراڵ جارێک پیایاندا تێپەڕیبوو. لەوە پاشیش کاولیەکانی توربەتی لە بیابانەکان، قەڵاتەکان، بناری بن دۆڵەکان، لە لای بنە دیبوو. خێوەتەکانیان هەڵئەدا و سندانەکانیان لە عەرز ئەچەقاند و ئەکەوتنە کار. هەندێ جار نوێکردنەوەی ناڵی ئەسپەکان بوو. پیاوان ئەسپ و هێسر و چوارپێکانیان ئەبرد بۆ ناڵکردن. ژنان بۆ کڕینی شیشی کەباب و چەقۆ و دەرزی و بۆری نێرگەلە ئەچوون. کچە عازەب لە پێرەژنانی فاڵگرەوە ئەگەڕان. زمان خۆش و گفت شیرین، هەمبانەیک وشەی بەردەوام و دڵگر. دایکانی زمان ئاوارەی کاولی، مۆسیقا لە گوتنەکانیاندا

بوو. دەستیان ئەخوێندەوە و بگێڕەوەی چیرۆکە کۆنەکان بوون. ئەمە لە لای کچانی کورد زۆر دڵخواز بوو. هەواڵی کاشمەر و کاڵشۆریان لەلا بوو. باسی تاغی. هاوینە هەواری میشکاڵیەکان. تاغی، گرێدراو بە لمەڵانەکانی باشووری سەبزەوار و نەیشاپوور، لکاوە بە لمەڵانەوە، هەتا خوارووی باشتین. دەستی بۆ لای هەنارۆک کشابوو. لای سەرووی هەنارۆک، دەشتی شاهڕوود بوو کە هەتا سینگی سەنگەسەر ئەکشا و، لە لای باکوورەوە تا ڕۆژاوای ئەچوو و سەری لە بەر پێی کەلیدەر دائانا. لەگەڵ دەشتی مارووس تێکەڵ ئەبوو و ئەسفەراین و عەبدوڵڵا گیو و دەشتی ئەخستە ژێر باڵیەوە. لەم مەیدانگەدا، لە تەنگی دەرەوەزانی دەشتی مارووس، لە گەرمەی شیردۆشینی ڕانە مەڕدا، مەهتاو ماراڵی ببوو. ئەم مەیدانە بوو دنیای ماراڵ. دنیایەکی نە زۆر تەنگەبەر، نە زۆر وێکچوو. ئێستە تەنهای دنیای خۆی بوو. ئەوەندە تەنها وەک سەدەفێک لە قووڵایی ڕەشی دەریادا. گەوهەرێک لە کاولستانێکدا. ڕێبازی نادیار و پەیوەندی دابڕاو، بیابانی بەتاڵ و دەشتی خەوتوو، شارانی پەڕاگەندە و گوندی لە سەر دراو، هەناسەی بیری ئەبەستێ.

شەو زیاتر گووشرا. تیشکی کۆنە، تاک و تەرا، لەملا و ئەولادا ئەبریسکانەوە. ماراڵ ئەبوا بڕوا. کاتی ڕۆیشتن. پێی لە ئاوزەنگی نا و لە زین سوار بوو. هەوساری ڕاوەشاند و ڕووی لە شار کرد. کانی ڕووناک، کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا. میواندای ئەو، **پیرەخاڵۆ**.

دەربیچەیەک بە تایەکی دەروازەی کاروانسەراوە. کونۆچکەیەک وەکوو دەرگا، بە کەوانێک بە سەریەوە. پیرەخاڵۆ دەربیچەی کردەوە. ڕوخساری پەت و پیری بە بینینی کچی عەبدۆس ڕوون بوویەوە:

ــ ها! ئەوە تۆی کچی میشکاڵی؟ ها، لە کوێ بووی وا ڕێت کەوتۆتە ئەم ناوە؟... چاکە چاکە با تای دەروازەکە

بکەمـەوە، بـۆ ئـەوەی ئەسـپەکەت بتوانـێ بێتـە نـاو دالآن. وەرە... جـا بیهێنـە... چاکـە خاترجـەم، ڕاوەسـتە بـا کێلوونـی دەروازەکـە هەڵگـرم... چاکـە، ئەمـەش ئەمـە، چاکـە خاترجـەم.

مـاراڵ و قەرەئـات لـە نـاو دالآنەکـە بـوون. پیرەخاڵـۆ چالاکانـە لەتەکانـی دەربیجەکـە و دەروازەکـەی داخسـتەوە و چـوو بـۆ لای مـاراڵ تـا دەسـکەوسـاری ئەسـپەکەی لـێ وەربگـرێ؛ بـەڵام قەرەئـات ورووژا، یاڵـی لەرزانـد و لـە سـەر پـێ نیـو سـووڕێکی دا. پیرەخاڵـۆ کشـایەوە. قۆڵـی گـرت بەبـەر تەوێڵیـەوە و پشـتی ڕەقانـد بـە دیـواری دالآنەکـەوە:

ـ دەی... چاکـە، چاکـە خاترجـەم. خاترجـەم یـەک سـم. چاکـە خاترجـەم.

مـاراڵ ئەسـپەکەی هێـور کـردەوە و بـە پێکەنینێکـی ئامێتـە بـە مەنـەر و ملبەکوێنـی وتـی:

ـ یەکەناسـە خاڵـۆ. یەکـە ناسـە. شـوێنێکم پیشـان بـدە بـا زینـی لێداگـرم و دەسـکەوسـاری ببەسـتمەوە.

پیرەخاڵـۆ خـۆی ڕاکێـش کـرد بـۆ حەوشـەی کاروانسـەرا و وتـی:

ـ ویسـتم سـووڕێک بـە دەوری کاروانسـەراکەدا بیگێـڕم بـۆ ئـەوەی ئارەقەکـەی دامرکێتـەوە!

ـ زۆری ئارەقە نەکردووە، خۆم ئەیگێڕم.

پیرەخاڵۆ وتی:

ـ مـن لەبـەرەوە ئـەڕۆم، تـۆ ئەسـپەکە بهێنـە بـۆ لای ئاخوڕەکـە.

بەرەو ئاخوڕی سـووچی حەوشـەکە چـوو و وتـی:

ـ ئێـوەی بیابانگـەڕ ئەشـبێ هاوڕێـی وەهاتـان هـەبێ. ئەگینـا چـۆن ئەتوانـن لـەو کێـو و دەشـتە هەڵبکـەن و ئەمسـەر و ئەوسـەری بیابانـەکان لـە ژێـر پێـدا تێپەڕێنـن و بەرەنـگاری هـەر جـۆرە گیانـەوەر و دڕندەیـەک ببنـەوە؟ زۆر چاکـە خاترجـەم. ئەشبێ

وابێ، ئەشبێ وابێ. ئەمجۆرە چوارپێیانە بۆ ئێوە لە نانی شەو پێویستترن. بیهێنە، بیهێنە بۆ ئەم سووچە، لێرە. چاکە، چاکە خاترجەم.

پیرەخاڵۆ لە کاتێکا بە بەردەوامی قسەی ئەکرد، کەوتە خاوێن کردنەوەی بنی ئاخوڕەکە و، خاک و خَڵێک ئەگەر لە بنی ئاخوڕەکەدا مابوو بە بەری دەستە زبر و کوتراوەکەی سڕییەوە، لە لێواری ئاخوڕەکە کشایەوە، ڕووی کردە ماراڵ و وتی:

ــ لێرە... لێرە... زین و جلەکەشی پاڵدە بەم سووچەوە، بە دیوارەکەوە.

ماراڵ سوورێکیتر قەرەی گەڕان، پاشان بۆ لای ئاخوڕەکەی هێنا، تەنگە و ژێرتەنگەی کردەوە، توربێن و زینەکەی داگرت، ئاسنی لەغاوەکەی لە دەمی قەرە دەرهێنا، تەسمەی پێبەندی لە هەوساربەندەکە -کە دوو سەری لە دیوارەکە چەقیبوو- گرێ دا و پشتی ڕاست کردەوە. خاڵۆ سەیری قەرەئاتی کرد بە ڕوتی. پەکوو! مارێکی ڕەش بە کەوانێکی نەرم لە سەر پشتی:

ــ بووکە ئەمە! لە چاوی پیس بە دوور بێ! ئەمەم لە ناو ماڵەکانی عەبدۆسدا نەدیبوو.

ماراڵ توربێنەکەی دا بە شانیا و وتی:

ــ ئەو کاتانە جوانوو بوو خاڵۆ. قەرە دوو ساڵ و نیو زیاتر نابێ. ئەوەندە نییە دانی دەرهێنا وە.

خاڵۆ نەی ئەتوانی چاوی لێ هەڵگرێ. لەگەڵ ئەوەش بەرەو هەماری بن دالانەکە چوو و بۆ ئامادەکردنی کا و جۆ. ماراڵ دەستی بە یاڵی ئەسپەکەدا هێنا و بن گوێی ئاژەڵەکەی بە دڵی پەنجەکانی خوراند. بەری دەستە نەرمەکەی هێنا بە سەر کەوانی پشتی قەرەدا، شانەکان، دەستەکان و سەرسینگی ئاژەڵەکەی ماساژ دا؛ دەستی بە سمتیدا هێنا و پێکوڵێکی بە کلکیەوە نووسابوو، لێکردەوە و چوو بۆ لای خاڵۆ. بێژنگی کا و باییەی جۆکەی لە پیرەمێرد وەرگرت، هێنای

و کردیە ناو ئاخوڕەکە. ماراڵ بێژنگە بەتاڵەکەی هەڵسپارد بە دیوارەکەدا و جارێکیتر دەستی هێنا بە گودیلەی ئاژەڵەکەدا و دوور کەوتەوە. لە ڕێ پرسی:

ـ خۆ هێمنە شوێنەکە خاڵۆ؟

خاڵۆ بە سەر و سینگیەوە خۆی بۆ لای ماراڵ وەرسووڕاند و وتی:

ـ هۆش و بیرت لە کوێیە کچی عەبدۆس؟ مەگەر خودی خوا دەستی لە حەواوە بهێنێ و ئەسپەکە هەڵکێشێ! ئەگینا من خۆ درزێک لەو دیدارەدا نابینم. تۆ ئەیبینی؟

ـ بە گاڵتەوە وتم خاڵۆ. کێ ئەوێرێ خۆی لە قەرەی قەرە بدات؟

ـ ئا چاکە، چاکە خاترجەم. خاترجەم. شەو لەم ناوە مێشیش نافڕێ. من کە بائاگام. چاکە، خاترجەم، خاترجەم. ئێستە بچۆرە ئەوێ، لە سەر سەکۆکەی بەردەرگا دانیشە تا پیاڵە چایەکت بۆ دەم ئەکەم. چایی نمرە یەکی هێندسیانم لە لایە.

ماراڵ لە پلیکانەکان سەرکەوت، لە بەردەرگای ماڵەکەی پیرەخاڵۆ توربێنی لە شان داگرت و لە سەری دانیشت. خاڵۆ شانی دانەواند، چووە ژوورەوە و سەری کرد بە ناو کەلوپەلی ناو باوڵەکەدا. بەڵام دەنگی نەئەبڕا. ئەیوت و ئەیوت:

ـ ئەمەوێ لە ناو قۆرییە عیشقابادییەکەی خۆمدا چات بۆ لێنێم. ئەگینا گەداجۆش هەمیشە لە سەر ئاگرەکەیە! ئەم قۆرییەم بە دەستی خۆم لە عیشقابادی ڕووسیەوە هێناوە. لە گەڕەکی تورکەکانی عیشقاباد کڕیم بە چوار مەنات و نیو. ئەو ڕۆژگارەی کە کاروانچی بووم. لە ڕاستیدا بۆ دەزگیرانەکەمم کڕی.

قۆرییەکی چینی ناسکەڵە بوو بە ڕەنگی هەنار و گوڵاڵەی سپی بە هەر دوو بەرییەوە. دەستە پیر و پانەکانی پیرەخاڵۆ

قۆرییە سوورەکەی لە ناو خۆیدا گرتبوو. لە دەرگاکە هاتەدەرەوە و پیشانی مارالّی دا. چاوەکانی لە خۆشیان ئەدرەوشانەوە:

ــ لەو سالأنەدا چینیەوالّەمان لە ڕووسیەوە ئەهێنا. چینیجات و شمەکی فافۆنمان ئەهێنا. نەوتیشمان ئەهێنا. لە ولأتی ئێمە هێشتا نەوت نەدۆزرابوویەوە. لێرەڕا کشمیش و بادەممان ئەبرد، لەو لاشەوە ئەمجۆرە شتانەمان ئەهێنا. کووتالّیشمان ئەهێنا. کاروانەکان هەمیشە بەڕێوە بوون. ڕێ ئازاد بوو. پاشان کە ئەوێ بوو بە بولشەڤیکی سنوورەکانیان داخست. چاکە چاکە خاترجەم. خاترجەم. ئەوا چا سازئەکەم.

پیرەخالّۆ بە دەم قسەکردنەوە لە سووچی دیواری سەکۆکە، لە لای کوانووەکەوە دانیشت و ئاگری پێکرد. ژیلّەمۆ چلّە چیلکەیەکی ئەویست. دەستی نایە سەر عەرزەکە، سەر و شانی چەماندەوە، فووی کرد لە ئاگرەکە. دووکەلّ بەرزەوە بوو و لە نێوان دووکەلّەکەوە، لە ژێر فووکردنە بەردەوامەکەی پیرەخالّۆ، ئاگرێکی نەرم بلّێسەی کێشا. ئێزنگ گڕی گرت و پیرەخالّۆ کە چاوەکانی پڕ ببوون لە ئاو، بە پشتی دەستی سڕییەوە و هات لە لای دەرگاکەوە دانیشت و وتی:

ــ چاکە، چاکە خاترجەم، هەر ئێستە ئەیگرێ. ئێستەکانێ ئەیگرێ. بۆ لە سەر توربێنەکە دانیشتووی؟ زۆر چاکە، لباد هەیە، خاترجەم.

لبادی سەنگەسەریی لە ژوورەوە هێنا، کردیەوە و وتی:

ــ لەسەر لبادەکە دانیشە. ئێستە بوخچەیەکیشت بۆ ئەهێنم پالّی پێوە بدەی. ماندووی، ئەزانم. زۆر چاکە، خاترجەم.

جێوبانێکی کۆنەی هێنا، لە بن دیوارەکە داینا و چوو بۆ لای کوانووەکەی:

ــ ئاسوودە بە. ئاسوودە بە. ماندووی. ئێرە بە مالّی خۆت بزانە. زۆر چاکە، خاترجەم، خاترجەم. چاش هەر ئێستە تەیار ئەبێ. چاکە. بلّێ بزانم، چ ئاگایەکت لە بار و ژیانی ئاشناکەی

مـن عـەبـدۆس هـەیـە؟ باوکت؟

ماراڵ وتـی:

ـ ئەمڕۆ چووبووم چاوم پێیکەوت.

ـ بەکەیف بوو؟ ئـەوە چەنـد هـەینیـە نـەمتوانیـوە بچـم بـۆ سـەردانی. چـۆن بـوو؟ بـاش بـوو؟

ـ خراپیـش نـەبوو. بـەڵام زۆر زامـدار بـوو... خالـۆ، زوڵمـی لێکـراوە.

ـ ئـەریێ بابـە، ئـەریێ. خاترجـەم. هەمووومـان ئـەوە ئـەزانیـن. هەمووومـان. خانەکانـی تۆپکاڵـی ناپیاوییـان لـەگـەڵ کـرد. چاکـە، ئـەی دلاوەر چـۆن بـوو؟

ـ باش، باش بوو.

ـ خاترجـەم، خاترجـەم. ئێسـتـە پێـم بڵـێ چـۆن بـوو کـە بـە تاقـی تەنهـا کـەوتوویتـەتـە ڕێ بـەرەو شـار؟

ـ خـەریکـم ئـەچـم بـۆ دەرزیـوەر، بـۆ ماڵـی پـوورە بڵقیسـم. ئەمـەوێ تـا ڕزگاربوونـی باوکـم، هـەر لـەوێ لـە ماڵـی پـوورم بمێنمـەوە. خـۆ زانیـوتـە دایکشـم تیـا چـوو؟

ـ مرد؟ مـەهتاو مرد؟! داخـەکەم! چاکـە، خاترجـەم.

ـ دیقـی کـرد. خـۆ ئاگـات لـە بزەباقـەکـە هـەبوو؟

ـ دەی، دەی؟

ـ ئێمـەش خـۆ پیاوێکمـان نـەبـوو تـا بچـێ بـۆ شـار و پزیشـک و دەرمانێـک بهێنـێ بۆمـان. ئـەوانـەش کـە دەسـتیان بـە دەمیـان ئەگـەیشـت، فریای خۆیان کـەوتن و بـەرەی خۆیان لـە ئاو دەرکێشـا و ماڵـەتـەکـەیان ڕزگـار کـرد. ئاژەڵـەکانـی ئێمـەش یەکـە یەکـە لـە بـەر چاومـان ئـەدران بـە عـەرزا، پەلـەقاژەیەکیـان ئـەکـرد و ئـەمـردن. مـەهتاویـش کـە خـۆی نـەخـۆش بـوو لـە پاش ئـەوە تاوی نـەهێنـا و دڵـی تۆقـی.

ـ عـەبدۆس زانیـوێتـی؟

ـ پێـم وت بردوومـە بـۆ دەرزیـوەر، بـۆ لای بڵقیـس. هـەر کات

بینیت خاڵۆ، لە منت نەبیستووە کە مەهتاو کۆچی دوایی کردووە، باشە؟

ـ خاترجەم، خاترجەم. لە بیرم ئەبێ.

پیرەخاڵۆ چاکەی هێنا و لەپێشی مارالّی دانا و درێژەی بە قسەکەیدا:

ـ چاکە، مەتی بلّقیست ئەزانێ کە تۆ خەریکی ئەچی بەرەو ڕەوەندەکەی ئەوان؟

ـ ئەو هەر ناشم ناسێ!

ـ هیچ هەواڵێکت لێیان هەیە؟

ـ جا لە کوێوە هەواڵم هەبێ؟

ـ چاکە، چاکە، خاترجەم. چا بۆ خۆت تێکە. بۆ منیش تێکە. تێکە. چەن کەسیان لە مەشهەد زیندانی بوون!

ـ ئەوە ئەڵێی چی؟

ـ با، کوڕە گەورەکەی بلّقیس، **خانمحەمەد** و مامی ئەو، **خانئاپۆ**. سێیەمیش **عەلیئەکبەری حاجی پەسەند** بوو کە خوشکەزای بلّقیسە؛ کوڕی گوڵئەندام. کەوا بێ نەتبیستبوو.

ـ ئێستا ئەوا لە تۆی ئەبیسم... باشە لە سەر چی؟

ـ ڕاستەکەی ڕوون نییە. بەڵام دەنگۆیە ڕانێکیان لە سەر پردی هەورێشم بڕ داوە و بردوویانە بۆ لای کێوەکانی هەزار مزگەوت و لە ناو ڕەشماڵەکاندا ونیان کردووە. چاکە، خاترجەم. بەڵام خوا ئەیزانێ. قاو بڵاوە بەشی گەورەی پارەی ڕانەکە هی حاجی حسەینی چوارگوێشلی بووە. باشیش ون نەکرابوون، چونکە شوێنی ماڵەکەیان هەڵگرتبوو و وەریانگرتبوویەوە. بەڵام چەن مانگێک ئەبێ ئەوان لە زیندانن. دوانیان لە ناو ڕەشماڵەکان گرت و یەکیشیان لە چاخانەی سوڵتاناباد، لە سەر سێ ڕێیانی قۆچان - سەبزەوار - نەیشاپوور. پێم وابێ عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، کوڕی گوڵئەندامیان لە

چاخانەکـەی سـوڵتاناباد گـرتبـوو. وتیـان مـەدیاریـش تێـدا بـووە بـەڵام هـەڵاتـووە. مـەدیـار عـەیارێکـە بۆخـۆی. ڕۆڵـەی وەک خـۆی نییـە. مامـت ئەڵێـم. چالاک و بـزۆزە. چاکـەت بخـۆرەوە. بەمزوانـە بیسـتم عـەلیئەکبـەری حاجـی پەسـەند و خانئاپۆیـان ئـازاد کـردووە. بـەڵام خانمحـەمـەد هێشـتاش لـە زیندانـە. شـوکری خـوا دادە بڵقیـس جگـە لـە خانمحـەمـەد دوو منالـی نێرینـەی تریشـی هەیـە. **گـوڵمحـەمـەد** کـە زۆر نییـە لـە سـەربازی گەڕاوەتـەوە و لـە شـەڕی ئازەربایجـان بـووە؛ یەکـی تریـش **بەگمحـەمـەد.** بەگمحـەمەد لە گوڵمحـەمەد منالترە، بەڵام بە شـان و باهۆترە. دووتارێکـی وەسـتایانەش لێئـەدا. ئـەی داخـەکەم! خـۆم ئەم کورەی بڵقیسـم لێـرە بینـی. ئـەم بەگمحـەمـەدە چگوورێک لێئەدا هۆش لـە سـەرت بـار ئـەکا. دڵڕفێـن. ئـەو دووتـارە ئەناڵێنـێ؛ جـا ئـەی ناڵێنـێ! دوو سـێ دانـگ دەنگیشـی هـەیـە. شـەوێکیان هـەر لـەم کاروانسـەرایە، لێرەکانـێ، خـۆم شـایەت بـووم ئـەو بەگمحـەمەدە چی بەو دوو تەلە ئەکرد! کاکۆڵەکانی پەرێشـان کردبوو و سـەری بە سـەر شـانیا لارەوە کردبوو و پەنجەکانـی ڕائەژەنـد. ئـەی لـەو پەنجانـە! دەنگـی چگوورەکـەی تووکـی لەشـی مرۆڤـی ڕاسـت ئەکـردەوە. مرۆڤـی ئەبـردە دارەتێکـەوە ئەتـوت شـتێکی سـەیر و سـەمەرەی بینیوە. وەکوو ئەو کاتەی کە مرۆڤ شـەوق ئەیگرێ، یـان بـە غـەمێکـی مـەزندا ڕۆ ئەچـێ. یان بۆ وێنە کوشـتارگەت بیر کەوتبێتـەوە. نازانـم. نازانـم چـی، بـەڵام ئەزانـم کـە ئـەو شـەوە مـن بـە یەکجاریـی لـە خـۆم بوومـەوە. لـە بەرگـی خـۆم دەرچـووم و هـەژام. ئـای! چـی ئەکـرد ئـەو شـەوە. بە گومانـم سـەروبەندی ئـەو ڕۆژانـە بـوو کـە بـرا گـەورەکەیـان، خانمحـەمەدیان گـرتبـوو و بردبوویـان بـۆ زینـدان. بـراکان کـەوتبوونـە ڕێ بچـن بـۆ مـەشـهـەد، خانمحـەمـەد ببینـن. شـەو لێـرە لایـاندا. کەللەهـاواری کـرد ئـەو بەگمحـەمـەدە ئـەو شـەوە، کەللـە هـاوار. ئەتـوت ئەناڵێنـێ، ڕۆ ڕۆ ئـەکا. بـەڵام گوڵمحـەمـەد ئـارام بـوو. بێدەنـگ دانیشـتبوو و

سەری داخستبوو. تا نیوەی شەو کە نووستن، گوڵمحەمەد تەنها یەک وشەشی نەوت. لێوی نەبزواند. وام هاتە پێش چاو بۆخۆی پیاوێک بوو. نازانم تۆ هەستت پێکردووە یان نا، بەڵام هەندێ لە پیاوەکان لە تەمەنی خۆیان پیرترن. زۆر چاکە خاترجەم. خاترجەم. ئەوە ئەڵێم چی؟ پیرتر نا، بە ئەزموونتر. لە بیست و شەش، بیست و حەوت ساڵ زیاتر نەبوو، بەڵام وا دیار بوو زۆری سارد و گەرم چەشتووە. کێ چووزانێ ئەو پیاوە ئارامە لە جەنگی ئازەربایجان سەری چل پیاوی نەبڕیبێ؟! ئا. کێ چووزانێ؟ خاترجەم. سەروچاوی ئەتوت عەبدۆسە. تەنانەت تۆش ئێستەکانێ کە چاوت بڕیبوە شوێنێک منت خستەوە بیری ئەو. هەندێ دیاردە لە خزمایەتیدا هەیە. خاترجەم. جا چۆن بووە کە تۆ تەنها یەک تاقە جاریش پوورزاکانت نەبینیبێ، نازانم! ئەوان خوشکێکیشیان هەیە. **شێرۆ**. نازانم ئەو لەگەڵ عەشق و عاشقیەکەی چی کرد؟ چاکەت بخۆ ساردەوە بوو. ئەوینیش گاڵتە نییە. شێرۆ ئەڵێم. بەو جۆرەی ئەیانگێڕایەوە...

ماراڵ بێدەنگ ببوو. ئەوەی پیرەخاڵۆ ئەیوت لە ڕاستەقینە نەئەچوو، لە خەیاڵ ئەچوو. خەیاڵێکی پەرت و بڵاو. ئەفسانەیەکی دوور. خەونێکی دڵخواز. لەو جۆرانەی کە ئەگەر بیر یارت بێ لە پێکەوەنانیان هەرگیز ماندوو نابی. نە جێ بڕوا، بەڵام دڵ پەسەند. بە دوای خەیاڵدا ڕۆیشتن، خۆ هاویشتنە ناو باهۆز و چاوکردنەوە بۆ ڕەنگی نوێ. چاومەستی، شەوق! لە شەوقدا ون بوون. تلدانی مەستانەی خەیاڵ. خۆ بادانی بە نەشە لە هێڵی نێوان باوەڕ و ناباوەڕ. دەستێک بۆ گرتنی با. نیگایەک لە ناو بادا. باڵەفڕەیەک لە ناو بادا. بڕوانە فڕینی مرۆڤ. بەند بە بەندی نەناسراوی گیان و جیهان.

پوورزاکان، خزمانی نامۆ، پیاوانی کار و بیابان و دلێریی. تۆوی کێشە و کەوتن و هەڵسانەوە. سوارانی بێناو. ئەسپانی بێنیشان. هەر ا. کاکۆڵت کێ ئەیشوا بەگمحەمەد؟ شێرۆ؛

چ ناوێکـی خۆشـە! دیسـان بڵـێ پیرەخاڵـۆ. دیسـان بڵـێ. دەنگـت، دەنگـی پیرانـەت بیرخـەرەوەی کۆتـەی سـپینداره؛ بەفـر و بـای زۆر بـە سـەریدا ڕابردبـێ. دەنگـی جەنگەڵـە دوورەکان دامەمرکێنـەوە. لـە نیشـانەکان بڵـێ. مەیدانێکـی کراوەتـر بـۆ خەیاڵـی تیژپـەڕی مـاراڵ دابڕێـژە. نەمـری ئـەی پیـرە سـپیندار. یادنامـەی ڕۆژگارانـی دوور. ڕاوێـژت بلاوێـن و بـەردەوام!

مـاراڵ شـانی دادابـوو بە دیوارەکـەوە و ئارام بوو. ئەو نیگایەی لـە چـاوە نیـوە داخراوەکانیـەوە ئەدرەوشـایەوە، پزیسـکەی بـەردەوام بـوون بـۆ ناخـی شـەو. گـڕ لـە چاوەکانـی ئەباری. لێـرە بـوو و لێـرە نەبـوو. پیرەخاڵـۆ ئـەوەی ئەزانـی. وشـیاری زانراوەکانـی خـۆێ بـوو. بۆچـی مـاراڵ لـەم کاتـەدا زمانـی ئاخاوتنـی نییـە، لـە پیرەمێـرد شـاراوە نەبـوو. ئەوەشـی ئەزانـی کـە مـاراڵ بـە خـەیاڵ، لـە دەرگانـەی شـارێکی غـەوارەدا لەنگـەری گرتـووە.

ـ چاکـە، چاکـە خاترجـەم کچـم. وتـت عـەبدۆس داگیـراوە، وایە؟

ـ ئا، ئا!

ـ چاکـە، هـەقیەتـی. بڵێـی و نەڵێـی ئـەو زانیوێتـی ژنەکـەی مـردووە. خاترجـەم. ئاخـر مـرۆڤ هـەنـدێ جـار بۆنـی هـەواڵـەکان دێ بـە لووتیـا. بـەو جـۆرەی کـە نەدیوەکان ئەبینـێ. بـۆن ئـەکا. تێئەگـەی لـە مەبەسـتم؟ بـۆ وێنـە غـەمێـک ڕوو لـە دڵـی مـرۆڤ ئـەکا. لەپـڕ هـا، لەپـڕ! مـرۆڤ نازانـێ ئەو غـەمە لـە کوێوە هاتووە و بـە بنـی دڵێـەوە نووسـاوە! بـەس دڵـی ئەگیـرێ. وا ئەزانـێ دڵیـان خسـتۆتە جلیسـقەیەکی کۆنـە و خـەریکـن هـەڵیئەگلۆفـن. مرۆڤ ئەچێتـە نـاو بیـرەوە. فکـر و خـەیاڵ هـەڵئەبەسـتێ، تا سـەرەنجام لـە شـوێنێکـدا ڕۆژنـەیـەک، ڕووناکیـەک ئەدۆزێتـەوە. ئەگـەر یەکێـک لـە خۆییەکانـی ببینـێ و لەگـەڵـی بـدوێ ئـەوە ئیتـر کار تـەواوە. ئەوەنـدەی دەم بکاتـەوە، ئـەو خـۆی تـا ئەوسـەری تێئەگا. لـە هـەمـوو شـت ئـەگا. ئـەوەی کـە نەئەبـوا بیزانـێ، پێـی ئەزانـێ.

جا بڵێ بزانم تۆ دەربارەی مەهتاو چیت بە عەبدۆس وت؟

ـ وتم نەخۆشە، منیش بردوومە و لە ماڵی پوورم دامناوە. بەڵام ڕاستیەکەیم خۆ بە تۆ وت. مەهتاو دیقی کرد و مرد. لە داخان. سەرەتا زەرد هەڵگەڕا، پاشان سکوری ئەستوور بوو و زمانی لە گۆ کەوت. پاشانیش مرد. زۆر ئارام مرد. بە بێ قیژە و هەرا.

پیرەخاڵۆ بە بێ ئەوەی بڕوانێتە چاوە غەمبارەکانی کچی عەبدۆس، لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ بەلووچ، بەلووچ. مەهتاو بەلووچ. بەلووچەکان خۆبەخۆ مەردمێکی ئارام و لە سەرەخۆن. خووی وشتریان هەیە. بۆڵەیان کەمە. بار زۆر هەڵئەگرن و زۆر ڕێ ئەکەن. خووی وشتر. بەڵام هەرگیز بەو ئەندازەیەی دڕک دەس وشتر ئەکەوێ، نان و خورما دەس ئەوان ناکەوێ. چۆن ئەوەندە خۆ ڕائەگرن ئەم خەڵکەی ئێمە؟

ماراڵ هەناسەی ناو سینگی دایە دەر و وتی:

ـ بەڵام من باسی ئەو ڕووداوەم بۆ باوکم نەکرد؛ خۆ لە بیرت ئەمێنێ خاڵۆ؟

ـ ئای... کچی عەبدۆس، کچی عەبدۆس. ئەوەندەش کە باوکت ئەیکێشێ، لێشی زیادە. چاکە خاترجەم، خاترجەم. ئافەتە. لەدەس چوونی پەز. نەخۆشی مەهتاو، یاکوو ئاوارە بوونی کچ، حەپس بوونی دلاوەر. جاخۆ ئەمانە خۆی بۆ ئەوەی ڕیشەی پیاوێک لە بن دەربیێنن بەسە. ئەویش لە شوێنێک کە لە چوار مێخەیان کێشابێ و نەتوانێ پێ ببزێوێ. ئاخر پیاوێک کە بیست و پێنج ساڵان لەگەڵ خوشکی قسەی نەبووبێ و ئێستاکانێ وا گیر بکات کە ژنە نەخۆشەکەیان بردبێت بۆ ماڵی هەمان خوشک و، کچەکەشی ناچاریی بچێ بۆ ئەوێ؛ ئەمانە هەمووی دەردە، ئازارە. بەڵام هەر چی چۆن بێ ئێوەی کورد خەڵکێکی سەختن. تۆسنن، بەڵام سەختیشن. سەبر

و هێـوری بەلـووچ تـان نییـە بـەڵام خـۆ لـە بـەر دژواریـی ڕائەگـرن. وەکـوو ئەسـپ دەئـاژوون. هـەنـدێ جـاران پـێ سـسـت ئەکـەن، بـەڵام ڕاناوەسـتن. داژوون. مەگـەر لـە ملـەوە هەڵدێرێنـە نـاو دۆڵـەکـە و ئێسـکـەکانتان وردوخـاش ببـێ، ئەگینـا هـەر داژوون. کا و جۆکـەیان ئەبـێ لەکاتـی خـۆیدا بکرێتـە توورەکـەوە، ئەگینا هار ئەبـن. هـار. هـەر چـی چـۆن بێ من سـەبر و خـۆڕاگـری بۆ عـەبدۆس لـە خـوا ئەخـوازم. بۆ تـۆش کچـم. خاترجـەم. ئـەم پیاڵـە چایـەش بخـۆرەوە تـا هـەڵسـم و شـێوێکت بـۆ سـاز بکـەم. هێلکـەت بـۆ ئەکەمـە ڕۆنـەوە. دوو مریشـکـی چیتیـم هـەیـە. چـی بکـەیـن ئیتر؟ خـواش ڕسـقـی منـی بەسـتووە بـە قنـی ئـەو دوو مریشـکەوە. زۆر چاکـە، خاترجـەم. ئـەوا ئەچـم هێلکـە و ڕۆنـت بـۆ دروسـت ئەکـەم. مانـدووی. ئەبـێ زووتـر بخـەوی. بخـەوە. خـەو بـۆ گـەنجـان لـە نـان پێویسـترە. ئـەو جێوبانـە بـۆ خـۆت لـە سـەر لبادەکە ڕاخـە و بحەسـێوە. تـا چـاو بنێـی بەیـەکا شـیوم بـۆ تـەیار کردوویت. خاترجـەم، خاترجـەم!

**بەندی دووەم**

شـەو شـکابوو و کازیوەی دابوو. سـروەی پاک و سـووکەڵەی بەیان هەڵیکردبـوو و بۆنـی خـاک و کا و پەینـی بڵاوئەکـردەوە. مـاراڵ لـە تەنیشـت قـەرەئاتـەوە وەسـتابوو و ڕووی لـە پیرەخاڵـۆ بـوو. پیرەخاڵـۆ لـە قـەراخ دەروازەی کاروانسـەرادا ڕاوەسـتابوو و کڵاوەکـەی بـۆ مـاراڵ ڕائەوەشـاند. قـەرە بـە بـێ ئـارام سـمی بـە سـەر بەردچنەکانـی شـەقامی بەیهـەقدا ئەکوتـا. مـاراڵ لەغـاوی ڕاکێشـا و هێـوری کـردەوە. ئـارام. ئـارام.

شـەقامی بەتاڵـی بەیهـەق، ئـەم شاشـەقامەی سـەبزەوار، لـە تاریک و ڕوونـی بەیانـیدا، بـە سسـتی ڕاکشـابوو. بـە چاو سـووڕانێک ئەکـرا لـە دەروازەی ڕۆژئـاواوە تـا دەروازە عیـراق تـا دەروازەی ڕۆژهـەڵات، تـا دەروازەی نەیشـاپوور هـەر هەمـووی ببینـی. لـە منـارەی ئیمامـزادە یەحیـا، بانگبێـژ بانگـی ئـەدا. بانگێکـی ناخـۆش دەنـگ. بـەڵام هـەر چـی چـۆن بـێ دەرگـای ڕۆژی ئەکـردەوە. دەرگـای مزگـەوتـە گـەورە گـۆشـاوگـۆش کـراوە بـوو و لـە تێپەڕینێکـی خێـراشدا ئەکـرا حەوشـە گەورەکـەی بەیـەک چـاو ببینـی. هەنـدێ سـێبەر لـەمـلا و ئـەولا بـەدی ئەکـرا؛ خـەریکی نوێـژ یـان دەسـنوێژ گـرتـن. لـە منـارەی مزگـەوتـی گـەورەشـەوە دەنگـی بانـگ بڵێنـد بـوو. چەپـی شـەقامەکە، بڕێـک ئـەولاتـر نەزمییـە بـوو. مـاراڵ سـەیری دەرگاکەشـی نەکـرد. خۆزگـەی بێهـوودە! بـا

ون ببێ ئەو درێخە. ڕابرد.

ئێستە لە پامنار بوو. لای مزگەوتی پامنار. لە منارەی پامناریشەوە دەنگی بانگ ئەهات. نەک هەر لەوێوە، لە دوورترین سووچەکانی شارەوە دەنگی بانگ ئەهات. بانگ، بانگ، بانگ. شار لە بن قوولەقوولی بانگدەران لە خەودا بوو. لای مزگەوتی پامنار، تۆزێکی بمێنێ بۆ گەڕەکی نقابشەک، سەوزی فرۆشێک، لادەرییە تەختەکانی دووکانەکەی هەڵئەگرت. لە تەنیشت سەوزیفرۆش، تەنووری نانەواخانەیەک گڕی داویشت. ماراڵ ئەسپەکەی لادا بۆ سەر شۆستە و لای نانەواخانەکە وەستا. پارەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و نانێکی کڕی. نانی خستە توربێن و کەوتە ڕێ.

لە ژێر ئەو ئاسمانەی کە دەم بە دەم بەتاڵ و بەتاڵتر ئەبوو لە ئەستێرە، ماراڵ قنج لە سەر ئەسپەکەی دانیشتبوو و لەغاوی ڕائەوەشاند. دەنگی سمی ئەسپەکە لە سەر بەردچنی بەتاڵی بەیانی، دەنگدانەوەیەکی هاندەر بوو. هەر ئەمەش ئوقرەی لە قەرەئات هەڵئەگرت. ملی ڕائەوەشاند، سەری بەرز ئەگرت و سەرخۆشی جۆکەی بەیانی، سمدەستەکانی زیاد لە پێویست هەڵئەهێنا و ئەیکوتایەوە بە سەر بەردەکاندا. نائارام بوو. بە غرووورەوە ملی شەق ڕاگرتبوو. لە هەر بزووتنێکیدا یاڵی ئەتەکاند و، بە هەر هەنگاوێک سینگی پانی ئەکرایەوە و دائەخرایەوە. نائارامی غاردان. بەڵام ماراڵ وەکوو هەموو خێڵەکیەک کە بۆ کڕین و فرۆش یان بۆ دەرمان و گەشتوگوزار ئەهاتنە شار، وریای خەڵکەکە بوو. ئەمە ببوو بە خووی مرۆڤی بیابان. ڕێزگرتن لە خەڵکی شار خشڵێک بوو بە ڕوخسار و ڕەفتاری بیابانگەردەکانمانەوە. باوکان و باپیرانیان فێر ببوون بە منالانیان بڵێن: «ئێمە پێویستمان بە خەڵکی شار هەیە. ئاگادار بن نەیانکەین بە دوژمنی خۆمان.» ئەم پەندە ببوو بە ئاڵقەی گوێی هەموو خێڵێک؛ کە شار ئەبێ، لە دەشتە

پانەکان کە تا ئاسۆ بەردەوامن، جیا بکرێتەوە. لە پشتی ئەم پەندەدا ترسێکی کۆنینە شارابوویەوە. چونکە شار لە گیانی کۆچەریدا بە دادوەر و دادگا و ئاسایش و تێکڕای دەسەڵات مانا کرابوو. لە شار ئەبێ بە پارێزەوە بڕۆیشتایەتن بەڕێدا. ژێر و ئارام. شار،ماڵی بازرگان و دەستەک بە دەستە. گەنجینەیەک بە هەزار چاوی شاراوەوە. لە هەر پێچ و پەنایەکیدا چاو و گوێیەک وا لە بۆسەدا. لە شار نەئەبوو کارت بە کاری کەس هەبێ! هەر چی بی، هەر بێگانەی. جگە لەوەش؛ شوێنێک، شتێک، جێیەک ناناسی. ناناسیت و ئەمە خۆی لە هەموو شتێک خراپترە. کوێری و ڕێگە بۆ هیچ کوێ دەرنابەی. کەچی خەڵکیتر هەموو کون و کەلەبەرەکان ئەزانن. ڕوو وەرگێڕی کڵاوێکیان تا بناگوێت کردۆتە سەرت. کە وا بوو بە ئارامی بچۆ بۆ شار، لەسەرخۆ بە و بە بێ هەر اوهوریا کارەکانت بکە و بەو جۆرەش بگەڕێرەوە. لەسەرخۆ و خامۆش. لە دەروازە کە دەرکەوتی هەوسار شل کە، بیابان و کێو و قاقڕ هینی تۆیە، باژوو!

گەداخانە، ئەمە دواین ماڵی شار بوو. شوێنی سواڵکەران و بێکارە کەم ئەندامەکان. کوێران و کەڕان و داماوان؛ بلێی نەلێی گولەکانیش. قەراخ دەروازەی نەیشاپوور. دەروازەیەک لە سەر ڕێی نەیشاپوور. دەروازەی نیوە ڕووخاو، بە دەرگایەکی شکاوەوە، نیشتەجێی قەڵایەکی پیر. بیرەوەری سالانی کۆن. سالانی هێرشە ئاشکراکان. سالانی پڕ لە هەر اوهوریای جرینگە جرینگی شمشێر. ڕۆژگارانی کەوان و نێزە و شیر. ڕۆژگاری قەڵماسک و خێوەتگە و حیلەی ئەسپان. وەرزەکانی نەڕاندنی درندانە و هێرشکردن. هاشاوڵی چاودڕاوانی بێ چاو و ڕوو. چزاوی باران و با و سەرنینۆکی خەڵک. خەڵک چی داوە لە ڕێوی؟ قەڵاتدارانی بێ گەنجینە! خەریکی ڕۆچوون بوو ئەم قەڵاتە پیرە. شانەکانی سوابوون و سینگی شەقاری

بردبوو. ئێسکی ڕەق و تەق. خەڵکی کونە پشیلەیان لەبنیدا هەڵکۆڵابوو. کونی دەروو بۆ دەرەوەی شار. کونە ڕۆچنەیەک بۆ هاتووچووی ئازاد. بەزاندنی کۆت و بەندی وشکی دەروازە فەرمیەکان.

دەروازەبانی پیر، خەوزڕاو و بێزار، بە جنێوێک لە بن ددانیدا، دەرگای بۆ سوار کردەوە:

ـ ئێوەی کوردان! ئێوەی کوردان! ئەمان، ئەمان، ڕۆژ و شەو ناناسن!

مارال، لە پشتی دەروازەکە بوو. لە قەراخ خزنە تەرە کەوتووەکەی حاجی مەلا هادی. پیری خودا. هاوتەمەنی قەڵای لەرزۆک. لاوە مارال لە گۆڕستانەکە تێپەڕی. شەقامە ڕێی ناوباخ. بۆنی گەڵای ڕەز و بەهێ. چارەوادارەکان لە گوندە نزیک و دوورەکانەوە بەرەو شار ئەهاتن. نیوەشەو باریان بارکردبوو. چییان بارکردبوو؟ بار و سوار و چوارپێ لە ناو تۆزی سمەکاندا شارابوونەوە. مارال، هێشتاش لەغاوەکەی قەرەئاتی ڕاگرتبوو. گەردنی جوانی ئەسپ بە گوشاری لەغاوەکە چەمابۆوە و دەستەکانی پێش قەپۆزی ئەکەوتن. لە پۆلی چوارپێکان کە دەرباز بوون، مارال لەغاوەکەی شل کرد و کەللەی زینەکەی خستە ناو مشتی. خزینی نەرمی قەمچی لە سەر سمتی. قەرە کەوتە سەما. فڕینی هارمۆونیکی ئەسپ. مارال لە سەر باڵی با سوار بوو. سووکەڵە. ڕەها و سووکەڵە وەک پەڕ. بێباکانە ئاژووتن لەوپەڕیدا. ئەمە نەک لە بەر ئەوە بوو کە مارال پەلەیەتی، بەڵکوو بەرەنجامی پچڕان و ڕزگاربوونی وزەی بەندکراوی ژێر پێست و پۆی قەرە بوو. ئەسپ لە پێستی خۆیدا نەئەگونجا. باش لەوەڕابوو و باش خەوتبوو. باش خۆی گەوزاندبوو و ڕاکشابوو. بۆیەش غارکردنی، دەرچوونی تیرێک بوو لە گەوەی کەوان و، نەرمەغاری، قریشکەیەک بوو لە سینەی عاشقێک هاتبێتە دەرەوە. بەڵام مارال دڵ و دەروونی

عاشـقانە غاردانـی نەبـوو. چ غـەمێکـی کـۆن دڵ و دەروونـی دائەکورمانـد. چەنـد ئـەو تیژپەڕتـر، غـەم ئەوەنـدە بـە ئازارتـر. لەغاوی کێشـایەوە. قەرە پێـی نەرم کرد و هێڵـی تۆزوخۆڵـی پشـت سـەر، وردە وردە ڕۆنیشـتەوە و لەشـی ماراڵ لە جووڵە و بزووتن کـەوت. ڕەشـمەی لەغاوەکـەی لـە کەلـلەی زینەکـە گـرێدا، لفکـەی سـەرپۆشـەکەی، کـە بـا ڕای کشـاندبوو، لـە پشـتیەوە هێنایـەوە بـۆ سـەر سـینگی. دەسـتی کـرد بـە توربێنەکـەدا بـۆ ئـەوەی پـاروە نانێـک دەربهێنـێ و گازێکـی لێـدا.

بەرەگـەی ڕوانینـی مـاراڵ، سـێبەری کـراوە و ڕاخـراوی دەشـت بـوو و تـاو بەرفـرەوان. جـێ جـێ بـەری دەسـتێک سـەوزایی و، پەڵـە پەڵـە، بەرداوێژێک دێمەکێـڵ. زۆرگـی گـرد و تەپـە ناوبەنـاو بـە دەسـتەنگی ڕوخسـاری شـین هەڵگـەڕاوی خـۆی بـە ڕووانـی گیـای نـەرم و ناسـک ڕەنـگ کردبـوو و بەرامـەی خاکـی بیابانـی بڵاو کردبـۆوە. مـاراڵ قەرەی خسـتە سـەر ڕاسـتە ڕێکـە و لەولاوە درێـژەی بـە ڕۆیشـتن دا. لێـرە ئازادتـر بـوو. لـە هـەر دوو بـەری ڕێگـە، لـە مەیدانـەی نزیـک و دوور، گونـد و قەڵاتـی لـێبـوو؛ هیچکامیـان بـەڵام دەرزیـوەر نەبـوون. بـۆ ئـەوەی بگـەیتـە دەرزیـوەر ئەبـێ ڕێگـەی کـەون ببـڕی، پێـش ئـەوەی بگا بـە قەڵاچیمـەن لای کاروانسـەراکەوە لاری بکەیتەوە بۆ سـوڵتاناباد و لـەو ڕێیەدا ئەبی گـردی باغیجـەر دەور بدەیتـەوە. ڕێیەکـیتـر ئەوەیـە لـە قەڵاچیمـەن تێپـەڕی. بکەویتـە سـەر ڕێـی شـۆراو، قـەڵای تورکنشـین بەجـێ بهێڵـی، خـۆت بگـەیەنیتە سـەر ڕێی تـازە، بگـەیتە هیممـەتئاوا و دیسـانیش بەرەو ڕۆژئاوا باژووی. دەرزیوەر، لە نێوانی هیممـەتئاوا و سـوڵتاناوادایە. مـاراڵ لارێکـەی هەڵبـژارد بـوو. لارێ نـا کوێرەڕێی قەدبڕ. لە کاروانسـەرا تێپەڕی، گۆلاوەکەی دەور دایەوە و درێژایی چەمەکـەی گـرت و ئـاژووت. ئاو لە داوێنی کێوەکانـی باغیجەرەوە ئەهـات. کارێـزی سـەرئاوەڵە. مـاراڵ و ئەسـپەکەی بـە پێچەوانەی ئاراسـتەی ئاوەکـە ئەرۆیشـتن. لـە هـەر هەنگاوێکـدا، جۆیـەک

لـه ڕۆژ ئەبوویـەوە و فـڕی ئـەدرا. خـۆر برژانگێـک سـەرئەکەوت و گـەرمـاش پەڕەیـەک قورسـتر ئەبـوو.

مـاراڵ سـەیری بـۆ ئاسـمان هەڵێنـا. چـوار نێزەیەکـی مابـوو تـا خـۆر سـواری یاڵـی ئاسـمان ببـێ. سـەری چەمەکـەی کـرد. ئاوی زوڵاڵ لـە تیشـکی خـۆردا جـوان بـوو. هەڵوەسـتەیەکی کـرد. حەزی خواردنـەوەی قومێـک، بەڵام نـەء. نەمایـەوە. ئاوزەنگی ڕاوەشـاند. تا سـەرچاوەی کارێزەکە ڕەنگە زۆری نەمابێ. داوێنی گردەکە. دڕی ژێر سـکی گردی کەوگ. قامیشـەڵانێک خنجیلانە. سـەوزەڵانێک تـۆخ. وەکـوو دەسـتەیەک ژن بـە جلـی درێژەوە. قامیشـەڵان. ماراڵ گەیشـت. سـەرچاوەی کارێز لـە چڕیی زەلانەکەدا ون ببوو. دابەزی. بـە دەوری قـەرەدا گـەڕا. سـینە بـە سـینەی ئەسـپ. ئارەقـەی بـن گوێـێ ئەسـپەکەی بـە سـەردەسـتی کراسـەکەی سـڕییەوە. لای قامیشـکان، ڕەشـمەی ئەسـپەکەی خسـتە بـن بەردێـک و خـۆی لـە باریکـە ڕێیەکـەوە خزایـە نـاو قامیشـەکان و لای سـەرچاوەی کارێزەکـە، لای بەرگـەرووی ئاوەکـە وەسـتا. لەشـی نووشـتانەوە و پەنجـەی کـرد بـە ئـاودا. فێنکـی ئاوەکـە خزایـە نـاو پێسـتیەوە و تازەییەکـەی -وادیـار بـوو- چەشـت. ئـارام ئـارام پەنجەکانـی تـا سـینەی دەسـت و پاشـان تـا بەلەکـی کـرد بەئـاوا و جووڵـەی شـەپۆلاوی و سـووکەڵەی دەسـتە بـە خـۆر سـووتاوەکەی لـە ئـاوە سـپیەکەدا سـەیر کـرد. ئاوەکە لە هەڵقوڵاندا شـەپۆلێکی کورت و نەرمـی ئـەدا. شـەپۆل شـانی ئـەدا لـە دەسـتە شـۆڕبووەکانی ناو ئاوەکـە، دەسـتەکان ئەکەوتنـە سـەمایەکی نـەرم و ئـارام و ماراڵ لـە لەرینـەوەی دەسـتەکانیدا هەسـتێکی ڕەزامەندانـەی هەبـوو.

ماراڵ لە سـەر بەردێک دانیشـت و لاقەکانیشـی خسـتە ناو ئاوەکـە. داوێنـی کراسـەکەی بەرزکـردەوە و پووزەکانـی، نەرمـەی بەلەکـی لـە ئاوەکـەدا خەوانـد. داوێنەکـەی زیاتـر هەڵدایـەوە. ئاو تـا سـپیایی ڕانـەکان سـەرکەوت. ژنـە سـەیری لاقەکانـی خـۆی کـرد کـە جوانـن. شـەپۆلی ئارامـی ئاو لـە سـەر ڕووتایـی قاچـە

مەستەکانی. لاقەکانی لە ئاوەکەدا لێک ئەسوون و لەو هەست و دارەتەی بە سەری هاتبوو هەستی بە شادمانی کرد. دیسانەوەش ژێر پێی ڕاستی بە پووزی قاچی چەپ و ژێر پێی چەپی بە پووزی قاچی ڕاستیدا هێنا. حەزی ئاو لەگەڵ خۆی بردی. ئەتوت لەگەڵ زوڵاڵی و پاکی ئاوەکە لە عەشقێنیدا بوو. دڵی حەزی کرد هەموو لەشی خۆی بدا بەئاوا.

خۆرەکە ئەگەر تۆزێ خۆی بخستایەت بەلادا، تاو لە سەر مەنداوەکە لائەچوو. سێبەری پڕ و تیژ تیژی قامیش لە سەر ئاوە ڕوونەکەدا بڵاو ئەبوویەوە و ئیتر ئەو بارە لەبارەی کە مرۆڤ، لە ئەنجامی هەستکردنی ئاو و هەتاو لە سەر پێستی خۆی، هەستی پێئەکرد لە ناو ئەچوو و شوێنەکەی فێنکیەکی تێکەڵ بە سێبەر ئەیگرتەوە و؛ لەو ئاوەدا ئەگەر خۆت تل بدایەت، سەرمایەکی ناخۆش ئەنیشتە سەر پێستت و پێویستت بە خۆر ئەبوو بۆ ئەوەی لەشی خۆتی پێبسپێری. بۆ ئەمکارەش ئەبوایە لە ئاوەکە بچیتە دەر و لە قامیشەڵان بچیتە دەر و لە سەر لمە گەرمەکان ڕابکشێی تا لە دوو لاوە -سمتت بە لمی گەرم بسووتێ و مەمک و شانت بە تاوی تاو- و لمی نەرم بلکێ بە لەشتەوە و دیسانەوەش، ناچاری لە خۆر و خاک ڕاکەیت و پێ لە سەر درک و داڵ دابنێی و لە ناو قامیشەڵانی چڕەوە خۆت هەڵدەیتەوە ناو ئاوەکە و بتلێتەوە.

بەڵام کاتێکە هێشتا خۆرت لەگەڵە، داوێنی کردووە بە چەتر لە سەر گۆلاوەکە و چینەکانی بە دڵفراوانیەوە داوییە لە ئاوەکە و عاشقانە خۆی تێ هاویشتووە، هێشتاش شەپۆلی نەرمی گەش و پاک لە سەر پشتی ئەلەرزێنێ و ئەیجووڵێنێ و پێستی لەشت ئەتوانێ چێژی ئاوی سازگار هەست پێ بکا و، تۆ ئازادی هەتا هەموو لەشی خۆت نەدەی بە ئاوا، چۆن ئەتوانی لە نێوانی خۆ بە ئاوادان یان نەداندا دوودڵ بیت؟ خووی مرۆڤت مەگەر لەگەڵ نییە؟ باوەشی ئاو و تاو تۆیان ئەوێ.

ئاوێتە بوون. نیگای زوڵاڵی ئاو ئەوەتانێ لە چاوەکانتا ڕەوانە. پەنجەکانت ئەوەتانێ دوگمەکانی کراسەکەت ئەکاتەوە. لەشی ڕووت و کچانەتە وا خۆی لە کراس دەرباز ئەکات. دەرکەوتنی مانگی چواردەیە لە ناو بەرگی هەوری بەهار.

ماراڵ سەری بە هەموو لایەکدا سووڕاند. گوێ و پەڵەی مەهتاورەنگی ناوچەوانی قەرەئات لە پەنای تیژی قامیشەکانەوە دیار بوو و، لەمبەر و لەو بەر جگە لە شینایی پان و بەرینی ئاسمان، ڕەنگیکەی لێ نەبوو. جگە لە ئاوازی تێپەڕیوو و جارجارەش مەلێکی خاکی ڕەنگ، دەنگێک نەبوو. جگە لە هەناسەی هێوری قەرە، هەناسەی گیاندارێک هەست پێ نەئەکرا. ئاوی کارێز بە ئاقاری خۆیدا ئەخزا و لەو بەری دەشتەکە، ئەڕژایە ناو مەزراکان. کە وا بوو، جووتیارانیش لێرە کاریان نەبوو. لەگەڵ ئەو دەشتە چۆڵە بێ نێرینەیە، ماراڵ شەرمی لە نیگای قەرەئات ئەکرد. مەمکەکانی لە ناو دەستیا شاردەوە و خزایە ناو ئاوەکە. ئاو، لەشی ماراڵی تا سەر سمتی، تا ناوقەدی داپۆشی و هەڵمژی و، گیانی ئاو تا ناخی ئێسکەکانی چێژرا. مەنداو زۆر قووڵ نەبوو و ماراڵ دانیشت. نووکی مەمکەکانی لە سەر ڕووکاری فێنکی ئاوەکە، وردە وردە ڕۆچوون و ئاو خۆی سەرخست و مەمکەکانی لەئامێز گرت. شەپۆلی هێور و ئارام و دوو مەمکی سپی لە ناو ئاودا. ستایش. ماراڵ چێژی ئاوەکەی لە بن باخەڵەکانیدا، کە بە ئارەقە تەڕ ببوون، هەست پێکرد. ئاو ملوانکەی دەور گەردنی؛ هەستی کرد گەردنی لووسی، ملوانکەی ئاوەکە ئەچێژێ. ئارامشی دڵڕفێنی ئاو و تاوی لای نیوەڕۆ. ماراڵ تلی دا و بە شاندا سووڕا. تام و جۆشی ئاوێتە بوون. دەس لەملان. لە ناو ئاوەکەدا چیچکانی کرد. باسکەکانی لێک ئالان. مەمکە تامەزرۆکانی لە ناو باسکیا گووشا، سەری کرد بە ئاوەکەدا و دەری هێنا. پرچەکانی بە دەور مل و گوێیدا لکا و ژن ئارەزووی

کرد سەری لە بەر دەرووی کارێزەکە لە سەر بەردێک دابنێت و خۆی با بە ئاوا، سپاردنی لەش بە نازی هەتاو. وای کرد و چاوەکانی بەحەزەوە لێکنا.

کابراش چاوە ڕەشەکانی خۆی داخست. لەوە زیاتر توانای سەیرکردنی نەبوو. موچڕکە بە هەموو گیانیا ئەهات و دڵی ئەخێورایەوە. ئەتوت پەنجەیەکی نەرم هەڵیئەگلۆفیٚ. ئەژنۆکانی سست ببوون و تف لە دەمیا وشک ببوو. تینوو لێو لە قەراخ ئاو. دەمایەکی درێژ بوو سەیری مارالی ئەکرد. ئەو ساتانەی کە ئەتوت وەستا بوون و کابرایان لە جێگای خۆی ڕاگرتبوو. خۆشی نەی ئەزانی چ ماوەیەکە لە پەنای پۆلە زەلدا خۆی حەشار داوە و چاوەکانی -چاوە ڕەش و تینووەکانی- بلێسەیان ئەکێشا و خەریک بوو لەغاویان لەدەس دەرچیٚ و ژنە، ئەو ژنەی ئەتوت لە خەوندا خۆی نواندووە، بە یەکجاریی ڕاکێشن بۆ لای خۆیان. نیگاکان، نیگای تینوو. چاو لە کالانەی سەری کابرا جیا بۆتەوە و وەک ئەندامێکی سەربەخۆ، وەکوو وێنەی زیندووی لقە بەرزەکانی زەل، هەڵواسرابوون و هەوڵیان ئەدا هەموو ئەندامە ڕووتەکانی ژنە؛ نەء، تێکڕای شانە لکاوەکانی لەشی و، هەموو چاڵ و بەرزییەکان، شەپۆل و بزووتنە نەرم و خزەکانی لەشی تەڕ و لووسی بخۆنەوە. دڵی کابرا، ڕەنگە وەکوو دڵی هەڵۆیەکی بالبەستراو لێی ئەدا. ڕەنگە هەناسەی توندتر و گەرمتر ببوو. ڕەنگە بناگوێکانی گڕیان گرتبوو و ڕەنگە خوێن زابوویە ناوچەوانی و لە ژێر پێستی برۆکانیدا خوریلکەی نەناس کەوتبوونە لەرینەوە و شتێک لە بنی وردیلە دەمارەکانی چاوەکانیدا ئەبزوا و گەرووی بە هۆی هەناسە گەرمەکانیەوە وەکوو خشت وشک هەڵاتبوو. ڕەنگە دەستەکانی بە هەر دوو لای لەشیدا وشک ببوون و مۆغەرەی پشتی ڕەق هەڵاتبوو؛ بەڵام هیچ ئاگای لە خۆی نەبوو. ئەتوت لە خۆی بۆتەوە و بە لێدانی نیگای لە نێوان

شـانەکانی پێسـتی ژنەوە هـەڵئەمژرێ. ئای... ئەو چاوە ڕەشـانە؛ هـەر گیـز پێـی وانەبـوو -نـە ئەمـڕۆ و نـە هیـچ ڕۆژێـک لـە ڕۆژان- زیندەوەرێکـی وا ئەبینـێ! ئـەم چاوانـە! ژنـی زۆر و زەمەنـدی دیبـوون. ئـەو ژنانـەی کـە شـەقامە گەورەکانـی شـار بـە خۆبادانـی خۆیـان، بـە سـووڕاندنی کراسـە ڕەنگنامـەکان و شـەپۆلی شـاڵ و مەمـک و سـمتەکانیان؛ بـە کەوانـی کەمـەر و بێنـی پـرچ و حـەزی خوازیـاری چاوەکانیـان ئەڕازێننـەوە. ئـەو ژنانـەی کـە نیـوەی حـەز و ویسـتی خەڵکـیتریـان بـۆ لای خۆیـان ڕائەکێشـا و، بـە بزەیەکیـان تێـک بەرئـەدا. دیبـووی و زۆریشـی دیبـوو. سـەردەمی خزمەتـی سـەربازیی. لـە پایتەخـت و هەمیـش لـە نـاو هۆزەکانـی ڕۆژئـاوای وڵاتـدا. جەنگـی ناوخـۆ. هێـرش بـۆ ئازەربایجـان. بـەڵام ژنـی وەک ئـەم ژنـەی هـەر گیـز نەدیبـوو. ژن نەبـوو ئـەم ژنـە، ئەفسـانە بـوو. لەگـەڵ ئـەوەی لـە سـەر ئاوەکـە بـوو، خـۆ تەن نەبوو، خـەون بوو، خەیاڵ بـوو. گوڵئەندامـی چیرۆکـە کەونـەکان بـوو. زینـی بۆتـان و پەریـزادی گوڵخەنـدەران بـوو و... یـا خـود خولقـاوی خەیـاڵ؟ بـە خـەون ئەبینـرا یـان لـە بێـداریدا؟ تـۆ بڵێـی بتوانـێ دڵـی پەنجەکانـی بـە سـەر پێسـتی ڕووتـیدا بهێنـێ؟ ئەتوانـرێ ئایـە گـڕی لەشـی هەسـت پـێبکـرێ؟ نـەء، نابـێ؟ تەنانـەت نابـێ لـەملا و ئـەولاش باسـی بکـەی. زمـان ببزێـوی و باسـی بکـەی ئتیـر هـەر گیـز نـای بینیـەوە. نـە بەخـەون و نـە زیندەخـەون. ئـەم ڕازە ئەبـێ لـە نـاو مجری سینگـتدا بە شاراوەیی بمێنێتەوە. ئەبێ لێوت لاك و مۆر کـەی و ئـەوەی کـە تەنهـا تـۆ بینیوتـە، بۆ کەسـیکەی نەگێڕیەوە هەتـا ڕقـت لـێ هەڵنەگـرێ... بـەڵام ئـەی پیـاو، ئەوا چـی ئەکـەی؟ لـە خەیاڵـی خۆتـدا نوقـم بـووی! بـۆ خـەون بینیـن هەمووکاتێـک دەرفـەت هەیـە؛ بـەڵام بـۆ ڕفانـدن، دەسوەشـاندن، تەنهـا جارێـک. تەنهـا جارێـک. وەخـۆ کـەوە. بزووتنێـک! خەوەکـەت بشـکێنە. خـۆت بـدە بـە سـەریدا و لـە نـاو دەرووی ئاوەکـە خافڵگیـری بکـە. هـەر کـەس هەیـە، بـا ببـێ. لـەم چۆڵگەیـە کێـی لێیـە؟ تـا

قەڵاتی تۆ هێشتاکوونیٚ چەن فرسەقە. وشترەکەت لە لاڕێوە دەر ئەکەیت و لە پشت تەپۆڵکەکانی شۆڕەوە دزە ئەکەی. تۆ بە تەمای ئەسپ هاتیت و ئەوە ئەسپ و ئەوەش سوار. کچی ئەمیریش بیٚ تۆ چەشتووتە و ڕابردوویت. مەگەر تاکەی ئەتەویٚ لە باخەڵی ژنێکدا بخەوی کە بەتەمەن لەجێی پوورتە؟ کوڕە ڕابە... بزووتنێک... سەرەتا کراسەکەی هەڵگرە، پاشان لەغاوی ئەسپەکەی و ئەوسا دۆخینت بترازێنە؛ هەر چەند ئەی پیاو دۆخینت هێشتا بە حەرامی نەترازاوە. بەڵام ئەم ژنە خۆ لە مرۆڤ حەرام نییە. لە شیری دایکیش بەتامترە؟ دڵت بکە بە دەریا، ترس لە خۆت ڕادە، خۆت ڕاوەشێنە. پەلامارێک!

بەڵام پیاوە ئەتوت کوٚت کراوە. وشکە ئارەقەیەکی لە ناو شانیا هەست پێکرد. ئەتوت خوێن لە دەمارەکانیا ڕچاوە. ببوو بە بەرد. ڕامابوو. گۆشت و پێست و ئێسقان. بەس! نە ئەیتوانی بجووڵیٚ و نە ئەیتوانی زمان ببزێویٚ. بەڵام خۆ نەمردبوو! لەرزینێک. خش خش، لە ناو زەلانەکەدا سەریان نا بە گوێی یەکەوە. لێک دران و شەپۆلیان دا و لێک دابڕان و چاوە ڕەشەکان لە چڕایی زەلدا ون بوون. قەرەئات حیلکەیەکی پچڕپچڕی لە ناخەوە کێشا، ماراڵ پێڵووی لەبەریەک کردەوە، بە ئاوەکەدا ڕۆچوو، هاتە دەر، شان و سینگی خڕ کردەوە و پشتی وەکوو شەپۆلی لم چەماندەوە و بە لای قەرەدا ئاوڕی دایەوە. نیگای نیگەرانی قەرە لە قامیشەڵانەکە بوو. ماراڵ چاوی بڕییە شوێن نیگای قەرە، لە ناو لقە لەرزۆکەکانی زەلەکاندا، چاوانی پیاوێک، دوو پەڵەی ڕەش و ڕێبوار، گیریان کردبوو. تووکی لەشی ماراڵ ڕاست بوویەوە. هاوارێک لە دڵی بەرز بوویەوە و -یەکەم شت- چنگی کرد بە جلەکانیدا. جارێکیتر قامیشەکان بە دەنگێکی وشک لێک ئاڵان، جووڵان و چاوەکانی تێدا ون بوو. ماراڵ لە گۆلەکە دەرپەڕییە دەر، خۆی لە ناو جلەکانیا شاردەوە و بە پەشۆکاویی سەیری هەموو

لایەکی کرد: لە پەنای گەرووی بیرەکەدا، وشترێک بە بارێکی سووکەڵەوە وەستابوو. پیاوەکە لە زەلانەکە دوور ئەکەوتەوە و بەرەو وشترەکە ئەچوو. ماراڵ توانی شان و پەڵەی ئارەقەی ناو پشت و هێڵی قژە ڕەشەکانی پشت ملی ببینێ. باڵای زۆر بەرز نەبوو، شەرواڵێکی ڕەشی لەپێدا بوو و ئێلەکێک لە هەمان ڕەنگ بە سەر کراسە سپی و بڵیندەکەیدا! وەکوو زۆربەی پیاوە دەشتەکیەکانی خوراسان، قایشێکی بەستبوویە پشتی و زنجیرێکی بە شانیدا هەڵواسیبوو. پاژنەی چەرم لێدراوی گیوەکانی هەڵکێشرابوو. پیاو بە هەنگاوی کشاو بە سینەی گەرووی بیرەکەدا سەرکەوت، خۆی هەڵدایە سەر ملی وشترەکە و لە کاتێکا قولاپی پەنجەکانی لە کەللەی دارەبەنی وشترەکە گیر ئەدا، ئاوڕی بۆ لای دەمی کارێزەکە دایەوە؛ نیگای شەرمن و تامەزرۆی لە سەر ڕوخساری ماراڵ چەقی و بە بێ وەستان لەشی لوول کراوی وەکوو مار لە کەلەکەی داربەنەکە سەرخست و سواری وشتر بوو. لەم کاتەدا وشترەکە عۆری کێشابوو و کەوتبوویە ڕێ. لۆقەی ئەکرد و ئەو تێڕە پچووکانەی بە سەر پشتیەوە بوو شەکەیان ئەهات.

کابرا، داردستەکەی لە لاشانەی وشترەکە دەرکێشا و لە شان و ملی پاتاڵکەی ڕاوەشاند. وشتر، پەنگاوی هاویشت و دەست و پێی هەمبەری یەک کەوتنە سەما و بە دوای خۆیدا تۆزێکی نەرمی بە حەوادا بڵاو کردەوە.

ماراڵ واقی دوورکەوتنەوەی کابرا و وشتر، تاوێک، بێ ئەڤان لەخۆی پرسی: «ئەی بۆ ڕۆیشت؟» ئەم ڕستەیەش لە ڕووی وشیارییەوە نەهات بە زمانیدا. سروشت و هەستی وای ئەوت. بۆ ئەمەش بوو هاتەوە بە خۆیدا و لە دەربڕینی حەزی دەروون، شەرم دایگرت. سەری داخست، ماوەیەک دانیشت و ئانیشکی دادایە سەر کەشکەی ڕوتی ئەژنۆکانی، پەنجەکانی لێک گیراند، سەری داخست، شانەکانی چەماندەوە و بە

دڕدۆنگیەکەی کوشندەوە چووە ناو بیر و خەیاڵەوە. دوودڵی و غەم. غەم و خەیاڵ. لە نیگای ناکاتی کابرا ترسابوو. کابرا ئەگەر پەلاماری بدایە، ڕەگ و پێستی بە نینۆک هەڵئەدڕی. لە خاک و خۆڵدا ئەی تلاندەوە. ئەی خستە بن خۆی. کۆترێک بە دەنووکی شاهینەوە. خونچە ئەبوو بە گوڵ و گوڵ هەڵئەپڕووکا. دەرووی خاک خوێناوی ئەبوو و قەڵای دفرەی ژن لە حەزێکی پڕ لە ژاندا وێران ئەبوو. وێرانی. بارت نەگەیاندۆتە مەنزڵ. بە سەری شۆڕەوە ڕوو لە کوێ ئەکەی؟ ئێستە، خۆ وانەبوو. پیاو تێپەڕیبوو و ڕۆیشتبوو و ئەو خۆفە خەیاڵە وەک برووسکە بە بیری مارالدا تێپەڕیبوو و لەبری ئەوە، حەزێکی سروشتی لە قووڵایی ناخیدا ڕوا بوو. حەزێکی یاخی. خۆزگەیەک کە مارال لە بەخەبەر بوونەوەی لە دەروونیدا دوودڵ بوو: بۆچی ئەو حەزە، ئەو مارە خەوتووە سەری لە پۆپکە دەرهێنابوو؟ نەمەگەر دلاوەر لەگەڵیدا یادێکی عاشقانە بوو؟ نەمەگەر ئەو -مارال- تەنانەت هەڵەشی بۆ لای خۆی ڕێ نەدابوو؟ ئەی بۆچی بوو حەزی ئەکرد خۆزگە کابرا هەڵنەهاتبا! خەیاڵ، خەیاڵ. خەیاڵی خاو. دڵی زەوی لێ ئەدا.

مارال سەری لە سەر ئەژنۆ بەرزکردەوە و کەزییە بەئاو تەڕەکانی کە بە دەور مل و ڕوومەتیدا لکابوون، لادا، قەدی ڕاست کردەوە، جلی لە بەر کرد و سەرپۆشەکەی لە دەور سەری گرێدا. پاژنەی کلاشەکانی هەڵکێشا و بۆ لای قەرە چوو. هەوسارەکەی گرت بە دەستیەوە، پێی لە ئاوزەنگی نا، نیشتە سەر زینەکە و بە بێ مەبەستی غاردان، ڕەشمەکەی بە کەللەی زینەکەوە بەست و قەرەی بەو کوێرە ڕێگەیەدا برد کە کابرا وشترەکەی پیابردبوو. چارە چییە؟ ڕێیان یەک بوو. لە لەشە سستبووەکەی گەڕا پشوو بدات. با تاوی خۆر بدا لە پشت و شانەکانی و ئەو فێنکیەی ئاوی مەنداوەکە دابووی بە لەشی، بچنێت، بمژێت. ماندویتی، سستی، تەمەڵی،

خاوبوونـەوە.

قۆڵ و شـان و ڕانی بە سسـتی بەردرابوونەوە. ئاو، ماندوێتی لەشـی ڕادابـوو. کابـرا ئـەوی تـووڕە کردبوو و ئێسـتاکەش شـوێن پێـی بەتاڵـی کابـرای غـەوارە و هـەتـاو، ژنەیان سسـت ئەکـرد. چ خۆشـە خـەو. خەوێکـی خـۆش لەسـێبەری تاوێرێـک، لـە قـەراخ خوڕاوگـەی ڕووبارێـک. یـان لـە نەرمـە زەوی ڕەوەنـددا. لـە سـەر ڕەختێـک لـە سـەر پشـتی وشـترێکی هێـور دابەسـترابێ.

پێڵوەکانـی قـورس ببـوون، قورسـتر. شـانەکانی شـل بـوون، چەمایـەوە؛ سـەر و سـینەی نووشـتایەوە، کەللـەی زینەکـەی گرت بە دەسـتیەوە و سـەری خسـتە سـەر شـانی قەرە. لەنجـەی خـاو و بـە ئاهـەنگـی ئەسـپ. نەرم و بەئـاواز. وەنەوز. خـەو. هـەتاو. خامۆشـی. فەرامۆشـی. جیهـان بڵـێ بـا بسـووتێت!

هـەتـاو لـە بەرزاییـەوە، پەنجـەی لـە تەختـی شـانی مـاراڵ گیراندبوو و ئەیسـووتاند. تەختی نێوان دەفەی شـانەکانی، وەکوو نـان سـاجیەک کـە برژابـێ، لکابـوو بـە کراسـەکەیەوە و جـار جارە ئەگـەر سـروەیەکی بهاتایـە، ماراڵـی خـەوتـوو و بێـدار هەسـتێکی خۆشـی پەیـدا ئەکـرد. هەسـتی بـە سـووکی ئەکـرد. ڕۆژ ئەگـەر بـە خـەو تێپـەڕێ، هـەر چـەن ماندووکـەرە، بـەڵام سـووکترە. هەر ئەمـەش بـوو، کاتێکـە مـاراڵ ڕوخسـاری شـەڵاڵـی ئارەقـەی خـۆی لـە سـەر شـانی ئەسـپەکە بەرزکـردەوە و بـە سـەردەسـتە هـەر اوە گوڵدارەکـەی، تەڕایـی ناوچـەوان، ژێـر چاوەکان، بناگوێ و ملـی وشـک کـردەوە و پێڵوەکانـی هەڵێنـا، هەسـتی کـرد ڕێگـەیەکـی درێـژی بڕیـوە. ڕوانگـەی دەشـت گۆڕابـوو، خـۆر بـەرەو خۆراوا ملـی نابـوو و زیاتـر لـە دوو نێـزە هەتـا هێڵـی بـۆری ئاسـۆ بـە دەمیـەوە نەمابـوو. هـەوری پەڵـە پەڵـە، نـاو بـە نـاو گـۆنـای ئاسـمانی خـاڵ خـاڵ کـردبوو.

گەیشـتبوویە سـەر شـاڕێکە. سـەیری ئەمبـەر و ئەوبـەری کـرد. لێـواری ڕێگەکـە چاخانەیەکـی قـوڕی بچکۆلـەی لـێبـوو بـە

تاقە دارێکەوە. لای دارەکە ماینێکی سوور بەسترابوویەوە. ماراڵ دەسکەوساری لەغاوەکەی ڕاوەشاند و قەرەئات بەرەو چاخانەکە سەری لار کردەوە. یۆرغەی کرد و پانی ڕێگەی بڕی. لەو بەری ڕێگە، لە قەراخ باریکە جۆگەلەیەک ماراڵ لە ئەسپەکە دابەزی، ڕەشمەکەی گرت بەدەستیەوە و بەرەو بەرهەیوانی چاخانەکە ڕۆیشت. کە گەیشتە نزیک سەکۆکە خاوەنی ماینە سوورەکەی ناسیەوە: ماهدەروێش. ئەو کەسەی کە وەرزی کەرە و قەیماخ و شیر و ماست ئەچوو بۆ ناو ڕەشماڵەکان، دۆعای ئەخوێند، پەردەنیگاری ئەگێڕا و بە تێڕی پڕەوە ئەگەڕایەوە. ماراڵ، دووراودوور، زۆر جاران ئەوی دیبوو بە سواری ماینەکەی بە قەراخی ڕەشماڵەکاندا تێپەڕیبوو. ئەندامێکی کشاو و چاوانی ڕەش و بەقوولا چوو. مێزەرێکی سەوزی ئەبەست بە سەرییەوە و ڕوخسارە داتەکاوەکەی سمێڵێکی گەندەمووی ڕەش و باریک و ڕیشێکی کورت ئەی ڕازاندەوە. کەوا سەڵتەیەکی ڕەنگ ڕۆشنی لە بەر ئەکرد و پشتوێنی سەوزی ئەبەست. هەر کات بە پێویستی بزانیایەت عابایەکی تەنکیشی ئەدا بە شانیدا. جووتێک گیوەی مەلەکی یەزدیشی هەبوو کە هەمیشە پاژنەکانی هەڵکێشرابوو، گورج و گۆڵ. ئەنگوستیلەی عاقێق پەنجەکانی پڕکردبوو و کیسەیەکی چەرمی لە شاندا بوو. لێرە، ماهدەروێش تۆزێ غەمگین و لە بیردا بوو. لە سەر سەکۆی چاخانەکە لە تەنیشت تێڕی خۆش نەخش و نیگاری ماینەکەی دانیشتبوو و پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە. پانیەی سەری خستبوویە قووڵکەی دیوارەکە و برژانگە درێژ و تۆزاوییەکانی نابوویە سەریەک و وەنەوزی ئەدا. ماراڵ لە سەر سەکۆی بەرامبەری دانیشت. ڕەشمەکەی هێشتا بە دەستەوە بوو. قەرە کلکی ئەسووڕاند. ماراڵ تینووی بوو و زمانی داوای قاپێک ئاوی ساردی ئەکرد. سەیری تاریکی ناو چاخانەکەی کرد، پیاوێک لە بنی سێبەرە

تۆخەکەوە هاتە دەر، لە ژێر چاوەوە سەیری مارالّی کرد و لە چوارچێوەی دەرگاکە تێپەڕی. کابرا، ئەبوا یەکێک لە گوندییەکانی ئەو دەوروبەرە بێ. مارالّ، سەیری دوورکەوتنەوەی کابرای لە بەر هەتاوی ڕەنگ پەڕیوی ئێوارەدا -بە ناو شانە دۆ کردووەکەیەوە- کرد. سەری وەرگێڕا و داوای پیالّەیەک چا و زەرکێک ئاوی لێکرد. بە دەنگی مارالّ، پێلّوەکانی ماهدەروێش کرانەوە و سەرنجی بۆ ساتێک کەوتە سەر مارالّ. مارالّ ڕووی لێوەرگێڕا و ماهدەروێش لەشە ڕاکشاوەکەی کۆ کردەوە، لاقەکانی هەلّکێشا و بە باوێشکێکی کورت ماندوێتی لە لەشی دەرکرد و دەستی هێنا بە ڕوومەتیدا. ماهدەروێش پەرێشان دیار بوو. وەک بلّێی لە شتێک نارەحەتە. دلّی ئەخێورایەوە و نائارام بوو. مارالّ وای بە باش زانی هەلّسێ و بچێتە ناو چاخانەکەوە. بەلّام خۆ نەی ئەویست بمێنێتەوە. نەی ئەویست قەرەئاتیش بەجێ بهێلّێ. پرسیارێک و گەروو تەڕکردنێک. چاخانەدار چایی و ئاوی بۆ هێنا.

مارالّ ڕێگەی دەرزیوەری لێپرسی:

ـ زۆری ماوە؟

ـ زۆر نا، دوو فرسەقێک.

بە بیستنی ناوی دەرزیوەر، ماهدەروێش وریاتر بوویەوە و بێباکانە خۆی هاویشتە ناو وتووێژەکە و ئەوەندەی وەلّامی پرسیارەکەی لە چاخانەدارەکە وەربگرێ، ڕووی قسەکە کەوتبوویە ماهدەروێش.

ـ لای خۆرارەوەی ڕێگاکەیە. کۆلّان و مالّی زۆر نییە. پێچاوپێچ نییە. پەرژینی دەور مالّانیان تازە ڕاکێشاوە. ئەژنۆیەک بەرزتر نییە. بە دوو غار ئەگەیتە ئەوێ. ڕێگەی منیش لەوێوەیە!

مارالّ دەرفەتی ئەوەی پێنەدرا کە بلّێ «خۆم بە تەنها ئەڕۆم.» ماهدەروێش لە سەکۆکە دابەزی و چوو بۆ لای ماینەکەی. تێڕی دا بە سەر زینەکەدا، توورەکەی لە دەمی

پاتاڵەکە کردەوە، لەغاوی کرد و چاو لەڕێی ماراڵ ڕاوەستا. کچە هەڵسا، پارەیەکی خستە ناو ژێر پیاڵەکە و سواری ئەسپ بوو. ماهدەروێشیش ئەندامە کشاوەکەی هەڵدا سەر ئەسپەکە، شەمایلی عەلیئەکبەر.ماراڵ ئاوزەنگی ڕاوەشاند و ماهدەروێشیش ماینەکەی خستە ڕێ.

لە ڕێگە، ماراڵ خامۆش بوو و ڕوخساری داگیرابوو. قیت لە سەر ئەسپەکە دانیشتبوو، دەسکەوساری لەغاوەکەی لە مەچەکی ئاڵاندبوو و لە کاتێکا شانی چەپی تۆزێ چەمابوو سەیری بەردەمی خۆی ئەکرد. بوونی ماهدەروێشی لە تەنیشت خۆیەوە هەست پێئەکرد. دەنگی هەناسەی ماینەکە و دەنگی سمەکانی، کە عەرزە ڕەقەکەیان ناڵکەن ئەکرد، ئەبیست؛ بەڵام سەیری ماهدەروێشی نەئەکرد. باڵا و ڕوخساری دەروێشی لە خەیاڵدا ئەبینی؛ بەڵام لە وشیاریدا تاقە جارێکیش لایەکی لێنەکردەوە. ئەم ڕەقی و گرژییەی ماراڵ دەروێشی خستبوویە تەنگانەیەکەوە کە نەی ئەزانی چی بەم کچە خێڵاتیە بڵێ و چۆنی لەگەڵ بجووڵێتەوە.

ئەگەر سەیری هەموو جۆرە خەڵکێک بکەی، ڕەنگە هیچ تیرەیەک بە ئەندازەی شایەر و لۆتی و ڕەوزەخوێن ڕووهەڵماڵراو نەبن. بەڵام دەروێشی گەرۆک و گەدای قەلەندەر، ئەگەر تا ئەو ڕادەش ڕوویان نەکرابێتەوە، لە خەڵکیتر زیاتر لە سەر سفرەی ئەم و ئەو لەوەڕاون. لە ژیانیاندا شەریکن و لە ناویاندا ئەوسووڕێنەوە، قونەقون ئەکەن و خۆیان تێ هەڵئەسوون. خەڵکی خێڵاتی بە لای قەلاتێکدا ئەگەر بە ڕێکەویت تێپەڕن، ڕەنگە دیمەنێکی سەرپێیی ڕەچاو بکەن. بەڵام هەر ئەم خەڵکە لەگەڵ قەلەندەران و دەروێشانی گەڕۆک هەمیشە ڕووبەروون و شان بە شانن و بینینی ئەمجۆرە کەسانە ئەوەندە لە بەر چاویان ئاساییە وەک بینینی بزنە کێوییەک. بەڵام ماهدەروێش، ئەم قەلەندەرە تاقانە گەڕیدەی دەشتەکانی خوراسان، لەتەک

ماراڵـەوە، ئـەم کچـە کـوردەی کـە ڕەنگـە زۆر جاران دیبـووی و چاوچنۆکانـە سـەیری کردبـوو، هەسـتی بـە غـەوارەیـی و نامۆیـی ئەکـرد. بێگانـە بـوون و غـەواره و بـە هیـچ فڕوفێڵێک نەی ئەتوانی خـۆی لـە داوی ئـەو غوربەتـە دەربـاز بکات. سـەنگینی مـاراڵ کۆڵـی پێدابـوو و لـەو لاشـەوە بـە سـووکایەتی ئەزانـی لەگـەڵ ژنێـکدا هـاو ڕێ بێـت، هـاو پـێ بێـت و نەتوانـێ لەگەڵـی بـدوێ. ئەمـە سـووکی و سـەرشـۆڕیی بـوو و؛ ئەبوایـە لـەو ئـاوە بـدات:

ـ خۆ خەڵکی دەرزیوەر نیت؟

مـاراڵ بـە هەمـان شـێوە کـە سـەیری ڕێگەکـەی ئەکـرد، بـە بـێ ئـەوەی بیـری خـۆی تێکبـدا پێـی وتبـوو: «نـەء» و گوتەکـەی ئەوەنـدە کـورت و دابـڕاو بـوو کـە ماهدەروێـش ڕێگـەی قسـەی تری بۆ نەمایـەوە. دیسـان تـاوە ڕێیـەک. ماهدەروێـش ماینەکـەی غـار دا. ماراڵیـش تـاوی دایـە، بـەڵام نـەک شـان بـە شـانی دەروێـش بـاژوێ. تۆزێـک لـە پاشـتر. ماهدەروێـش لەغاوەکـەی کێشـایەوە، مایـین خـاوی کـردەوە. قەرەئـات گەیشـت. لـەزی غـاردان. ملـی لـە ژێـر قورسـایی لەغاوەکـەدا کەوانـەی کردبـوو. ملـی لـە ملـی مایین سـاوی. مـاراڵ لەغاوەکـەی شـل کـرد. قـەره پێـی لـە عـەرز بـڕی، بـن سـمەکانی پزیسـکەیاندا و بەچـاو لێکنانێـک ماینـە سـووری بەجـێ هێشـت و وای لـە ماهدەروێـش کـرد قامچـی لـە سـمتی ماینەکـەی ڕاوەشـێنێ و پاتاڵەکـە ناچـار بـکا بکەوێتـە غـار. بـەڵام قەرەئـات کـەی ڕێـی بـە خەنیـم ئـەدا؟ مایـین کەفـی ئەچەرانـد و داژووت. قـورس داژووت. بـەڵام مەگـەر ئەیتوانـی بـە قەرەئـات بگاتـەوە؟ جگـە لـەوەی کـە مـاراڵ خـۆی لەغاوەکـە ڕابکێشـێ. ڕایکێشـا و مایـین خـۆی گەیانـدە بـن کلکـی قەرەئـات.

ئارەقـە بەبـن گوێکانـیدا شـۆڕببونەوە و، خوێـن زابوویـە گۆناکانـی ماهدەروێش. بیانوویـەک بـۆ بزەیـەک بـە ڕووی مـاراڵدا. ماراڵیـش نەتیوانـی حـەزی شـانازیی کـردن بـە وەهـا ئەسـپێک بشـارێتەوە. غارێکـی خـۆش. لـە سـیلەی چاوەوە سـەیرکی

نیوڕوخـی ماهدەروێشـی کـرد؛ ئەویـش، چەشـتـەی ڕۆژگار، توانـی بړووسـکەی شـکاوی نیـگای کچـە بـە حـەواوە بگرێتـەوە و بیـکا بـە هـیخـۆی. هێـزی دڵ و بیانوویـەک بـۆ ئاخاوتـن. خـاوە خـاوی بکردایـەت، بـە هـەر هەنگاو و بـە هـەر تاودانێک، هەلـی لـەدەس دەرئەچـوو. هەلـی لـەدەس دەرچووبـوو. ماهدەروێـش زمانـی پژانـد:

ــ ئەڵێـی بـۆ لای خـزم و کەسـەکانت ئەچـی، ئـەریٚ؟ میشـکا ڵیە کا ن ؟

ــ ئا.

ــ بۆ ماڵی کیٚ؟

ــ تۆ چیت لێی داوە!

ماهدەروێـش لـە بەرامبـەر نیگای مـاراڵدا خـۆی پـیٚ ڕانەگیرا. گوڵمێخێک لـە نیگایدا بـوو. سـەری داخسـت و بێدەنگ بـوو. پاشـان بـە نەرمـی وتـی:

ــ پەیامێکـم بـۆ یەکێـک هەیـە، ئەگـەر... نازانـم ئەتوانـم متمانـە بـە تـۆ بکـەم یان نـا؟ ئەگـەر بەڵێنـم پـیٚ بـدەی ڕازم نەدرکێنـی پێتـی ئەڵێـم. متمانـەت پـیٚ ئەکـەم. پێتـی ئەڵێـم.

ئاخـۆ چ پەیامێـک بـیٚ؟ بۆ کـیٚ بیٚ؟ ماراڵ کەسـی نەئەناسـی. بـەڵام ماهدەروێـش لـەوە زیاتـر خـۆی پـیٚ ڕانەگیـرا. دەسـرە هەورێشـمەکەی لـە گیرفانـی سـەڵتەکەی دەرهێنـا و وتـی:

ــ شـێرۆ! کچـی کەلمیشـی. ئەمـە بـەس تـۆ ئەیزانـی. مـن ئەزانـم، شـێرۆ ئەزانـیٚ و خـوای بانـی سـەر. ئـەم دەسـرەی بـدەریٚ و پێـی بڵـیٚ سـەیزوو شـەو، کاتێـک کـە مانـگ هـەڵات مـن لـە سـەرچاوەی کارێزەکـە چاوەڕێـی ئەبـم. ڕوو سـپی بـی کـچ. مەهێڵـە براکانـی پـیٚ بزانن. دایکیشـی هەسـت پیٚنـەکا. ئەو چاوەڕێـی پەیامـی منـە. ئیتـر خـوات لەگـەڵ. لـەم کەلاوانـە کـە تێپـەڕی، لـە خـوار ڕێگاکـە ئەگـەی بـە ئاوایـی. دەرزیـوەر ئەوەیـە. مـن ئیتـر ئەگەڕێمـەوە. خـوات لەگـەڵ. خـوات لەگـەڵ.

ماهدەروێـش لەغـاوی ماینەکـەی وەرگێـڕا و پشـت لـە مـاراڵ

بە نەرمە غار دوورکەوتەوە و مارالێش ئاوزەنگی ڕاوەشاند و ئاژووت. پێش تاریکان ئەبوایە بگاتە ماڵی بڵقیس. دەرزیوەر.

ئەمەش دەرزیوەر. بەو نیشانانەوە کە دابوویان. لای خوارووی ڕێگاکە یان، لە ڕووگەی سەرڕێی نەیشاپوور-سەبزەوار، گوندێکی پچووک بە دیواری کورت و تاز سازەوە. ئەو دیوارۆچکانەی کە خانووە تەنگ و تاریکە قوڕەکان لێک جیائەکاتەوە. ناوبەناو ئەبینرا مەیدانۆچکەیەکی لارولەوێر بۆشاییەکی لە نێوان چەن خانوودا درووست کردووە و لە سووچێکی مەیدانەکە تەنوورێک لە عەرزەکەدا دامەزراوە. هەموو ماڵەکان لە پانزە زیاتر نەئەبوو. نارێک و پەرش و بڵاو. هەر کامیشی ڕوو لە لایەک و ئاقارێک سازکرابوون. یەک ڕوو لە ڕووگە، یەک ڕوو بە ڕۆژهەڵات و ئەویتر ڕووی لە ڕێگەکە یان خۆرهەڵات بوو. نەگونجاو لەگەڵ یەکدی. لای سەرووی گوند، بن ڕێگەکە سەرچاوە تەنگ و چۆڕاوەکەی کارێز بوو. تۆزێک لە فرمێسکی چاو زیاتر. ئاو بە هێوری لە دەمی تەنگی کارێزەکە ئەخزا خوارەوە و وەکوو پشتێنەیەکی باریک بە دەور دێ و دێبەرەکەدا ئەسووڕا. ڕواڵەتی لایەنە بەخێڵەکەی سروشت. هەموو شتێک سەری خۆخۆر و وردیلە. بچووک و بێبایی. لە سەرانسەری ئەو هەموو گوند و قەڵاتانەی کە مارالّ تا بەئەمڕۆ بینیبووی، ئەم دانەیان بێ سنوور و کەوشەنتر، نارێک و نارەسەنتر لە هەر هەموویان بوو. ناجۆر و بێ ڕواڵەتتر لە هەر هەموویان.

قەڵای گوندەکانیتر هەر کامە بۆ خۆیان ڕەنگ و ڕوویەکیان هەبوو و نیشانەیەک لە ڕابردوو. لانیکەم لێک ئەهاتن. یەکدەست و وێکچوو بوون. برج و قەڵایەکیان هەبوو، با و بارانێکیان دیبوو، بیرخەرەوەی تێپەڕینی مێژوویەک بوون. جێپێی ڕۆژان و وەرزان لە دیوارەکانیان هەڵکەنرابوو. دیوارە کۆن و سپیە بەرزەکانیان شایەتی تێپەڕینی گێژەڵووکە و هەتاوێکی لە مێژینە بوو. هەموو سەربانێکیان بیرەوەری پیاسەی پێی

ئێشک گرێکی پێوە دیار بوو و خەڵکەکەی باری ساڵانیان بە کۆڵ کێشابوو. ڕوخساریان، ڕوومەتی جووتیارانیان هاوکێشەی دەر و پەیکەری گوندەکان بوو. پیر و چرچ و کەون. هەزاران ساڵ ژیان و کار و کار. هەتاو و باران و با و وشکیی و زەوی. دانەوێڵە و خەرمان و دەشت. قاتیی و مەرگ و مردن. ئەمانە هەمووی لە سەردەمایەکی دوور و درێژدا، نەک هەر لەگەڵ ڕوخسار و ڕەفتاری جووتیارەکان تێکەڵ ببوون، بەڵکوو لە بیچمی ماڵەکانیش خزابوون. خانووی شان بە شان، دەس لە ملان. دەم بە سرتە: تاڵانگەران وا بەڕیوەن. خۆ وەشێرن! خۆ وەشێرن! دەنگی سمی ئەسپ کۆمەڵێکن. ئەگەر تورکمان نەبن ئەوا باجگرەکانن. خۆت بدزەرەوە. خانووی تووەندەرتوو. خانووی حەشارگە. شاردرای ناو شاراوە. تەنانەت لە بەر چاوی دراوسێش. سەرەڕای ئەمەش بەناچاریی تێکچرژاو، لێک هەڵپێکراو.

بەڵام گوندی دەرزیوەر وەها نەبوو. ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە دەشتیەکان خێوەتی قوڕینەیان هەڵکردبوو. بەڵام نەک بە شێوەی چڵەبەنان. لە کوێیە ئەو بازنە، ئەو نیو بازنەی ئەسمەرپێچە لێک هەڵپێکراوەکان؟ نیشانەی مانگ؟ کەوانی مانگ دیار نەبوو. دێبەر، کەڵەکە قورێک بوو لە سەر لمەکانی قەراخ ڕێگە، لە سەر پشتی گردێکی کیسەڵ ئاسا. گەدایەکی بەناچار هەڵترووشکاو و دەس بۆ یارمەتی درێژکردوو. لارولەوێر و ناقۆڵا. ماراڵ کاتێکە بە سواری ئەسپ گەیشتە ناو گوندەکە لە زۆربەی سەربانەکان بەرزتر بوو. شتێک ئەگەر -تۆ بڵێ پێستەی مەڕێک- بە لێواری هەر بانێکەوە بوایە، بە ئاسانی ئەیتوانی پەل باوێژێ و هەڵیگرێ.

گوندی دەمەو ئێوارە، بەتاڵ و چۆڵ بوو. خەڵکێک ئەگەر هەبوو لە هێلانەکانیان خزابوون. تاقە کچێک -نیشانەیەک لە ئادەمیزاد- بە قەراخ دیوارێکدا ئەهات و مەنجەڵێکی بن

ڕەشی لە سەر سەر بوو. کچە، شووش و باریک بوو. لۆی لەچکەکەی تاسەر لووتی هێنابوو و سووچەکەی خنیبوو بە قەراخ سەرپۆشەکەیدا. تەنها چاوە تیژ و تەوارئاساکەی لە ژێر پووڵەکەکانەوە کە بە تەوێڵیدا هەڵواسرابوون، ئەبینرا. چاوەکانی فڕەیان ئەهات و سەیری مارالیان ئەکرد. هەر دووک، مارالّ و کچە، لە سەر سووچی دیوارە قوڕەکە پێک گەیشتن. مارالّ لەغاوی قەرەئاتی ڕاکێشا و وەستا، بەڵام کچە بە بێ گوێدانە ئەو، تێپەڕی و بە لەنجە درێژەی دا بە ڕێی خۆی. مارالّ بانگی کرد. کچە ئاوڕی دایەوە و چاوی بڕییە چاوی مارالّ، بە بێ ئەوەی پێ هەڵێنێ بۆ لای. پێویست بە وشە نەبوو، چونکە خاڵپرسێک لە چاوە نائارامەکانیدا ئەدرەوشایەوە. هیوای هەواڵێک! مارالّ ناوی بڵقیسی هێنا. کچە هەنگاوێک لێی چووە پێش و لە بەر سینگی قەرەئات وەستا. مەنجەڵە بەتاڵەکەی لە سەر سەر داگرت. نایە سەر لێواری دیوارەکە و وتی:

ــ چ کارێکت بە بڵقیس هەیە؟

ــ تۆ نیشانەی ماڵەکەیم بەرێ کارم پێیەتی.

کچە لە یەکڕووبوونی مارالّ شەمزا. مەنجەڵەکەی نایەوە سەر سەری، پشتی تێکرد، کەوتە ڕێ و وتی:

ــ بەو لایەدا بڕۆ. لە سەر ورگی گردەکە. تەنوورەکەی دایسێ. دووکەڵەکەی ئەبینی خۆ!

مارالّ سەرنجی لە سەر کچەکە هەڵگرت و بە بێ وتنی وشەیەک بەرەو ماڵەی دووکەڵی لێ هەلئەسا ئاژووت و دەمێکی دی لەپشت دیواری ماڵەکە وەستا. ژنان تەنوورەکەیان دەورە دابوو و خەریکی کێشەی نانکردن بوون. شەوقێکی نەشارەزا بۆ کارێکی نوێ. ژنی خێڵاتی نانی ساج ئەکەن. کارکردن بە تەنووری گوندیی نازانن. بۆیەش بوو زۆربەی ژنانی گوندەکە بە دەور تەنوورەکەدا وەخرڕهاتبوون و مووزاتیان ئەکرد. مووزاتی

نانکردن. ماراڵ ناوی بڵقیسی هێنا. ژنێک لە ناو ژنەکاندا، باڵابەرز و تەمەن ناونجی، بەرەو ڕووی ماراڵ هات، چاوەکانی گنج کرد، لێی وردبوویەوە و لە قەراخ دیوارە قوڕەکە وەستا و لە کاتێکدا ئارەقەی دەموچاوی ئەسڕییەوە، پرسی:

ــ ئا، بەڵێ؟

ماراڵ نەی ئەزانی ئەبێ بڵێ چی، لە کوێوە دەس پێبکا و، چۆنی پێ بڵێ کە کچی عەبدۆسە و بۆ لای پووری خۆی هاتووە. جارێکیکەش بڵقیس لێی پرسی کێیە و چی ئەوێ؟ ماراڵ لەوە زیاتر تاوی دانیشتنی سەرزین و بێدەنگ مانەوەی نەهێنا. هەستی کرد خەریکە لە ژێر قوورسایی نیگای بەهێزی ژنەدا ئەچەمێتەوە. بۆیە دابەزی و بە کزی لای یاڵی ئەسپەکە وەستا و لە کاتێکا لە نێوانی وشیاریی و گێژیدا ناوی عەبدۆسی ئەهێنا، نیگای داخست تاکوو کاردانەوەی پوورە بڵقیس چ بێت! بڵقیس بەکراسە درێژ و نیوداشتەکەیەوە خۆی هەڵدایە ئەمبەر دیوارەکە و بەر لەوەی کچە لە ئامێز بگرێ بە سەرنجێکی توند و قووڵ ڕوخسار و چاوەکانی هەڵمژی و پاشان، شەڵەژاو و پڕ لە شەوق کچی عەبدۆسی لە ئامێز گرت و بە دەم هەندێ وشەی پچڕپچڕەوە کە لە گەرووی ئەهاتنەدەر، ڕووی لە ڕوومەتی ساوی؛ دەستی بە باسک و شان و کەزییەکانیدا هێنا و پاشان بە تامەزرۆییەکی بێ بڕانەوە چاوی بڕییە چاو و چەناگەی ماراڵ. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی نیشانی برا. شوێنەوارێک. ماراڵی بردە حەوشە. ژنەکان جگە لە یەکیان تەنوورەکەیان بەجێ هێشت و لە ماراڵ و بڵقیس خڕبوونەوە. بڵقیس ماراڵی بە هەموان ناساند:

ــ کچی عەبدۆسە. سەوڵە، سەوڵ! لە چاوی پیس بە دوور بێ. بەخێرهاتی پووری گیان، بەخێرهاتی!

بڵقیس، هەویر و تەنوورەکەی لە لای قەیرە ژنێک جێهێشتبوو کە لەوانیتر زیاتر تازە میوانی سەیر ئەکرد.

ماراڵ ئەسپەکەی برد بۆ لای ئاخورەکە و بڵقیس ژنەکانی بەجێ هێشت و لەگەڵی چوو. ژنەکان هەر کامەو بەجۆرێک سەیری ماراڵیان ئەکرد. هەندێک بەرژدی و هەندێک بە ستایشەوە. بە دڵنیایی ئەتوانرێ بگوترێ کە ژن و ژن لە دەروونەوە یەکدی پاڵ پێوەئەنێن، هەر چەن لە دەرەوە ناوبردە خوشکیش بن. شتێکیان تێدایە کە ترسەنۆک و بەخێڵە. دەس ئاوەڵەترینیان لەم کێمایەسیە بێبەش نییە. بەخێڵی بردن بە شەنگ و شۆختر لە خۆیان. ترس ئا لەوە. ترسی ئەوەی پەسەندتر دەرچێ. خۆفی وەپاشکەوتن. ئەمە نەک هەر لە چەند و چۆنی ڕازاوەیی، دڵی ژن هەڵئەگلۆفێ، کە لە کار و کرداریشدا هەر وەهایە. ئەویتر ئەگەر لە کاردا کارامەترە، مایەی ئازاری ژنە. سەرشۆڕیی ئەهێنێ. ئەگەر ئەو ئازادەیە، مایەی شکانی ئەمە. ئەگەر ئەو سەروڕوو خۆشە، دڵی ئەم ئەرووشێنێ. ئەگەر ئەو ناوچەوانی لێک نابێ، مایەی تووڕەیی ئەمە و تەواوی ئەمانە -دڵ ئازاردان، شکان، سەرشۆڕیی- ئەبنە مایەی ڕق و کینە. کینە یەکەم بنەیە کە ژن لە دەروونی خۆیدا پێی ئەگا. کینەی وێرانکەر. گەردەلوولێکی ڕق و تووڕەیی دەروونی ئەهەژێنێ. گڕکانی دەرد. پشیلەی تووڕە. دەستێک بۆ لاواندنەوە. نیگایەک بۆ قبوڵکردن. فریادرەسێک لە سەر دەسدا. ئاوێک بە ئاگردا: خۆ تۆش ژنی؛ بە بالأی عەشق! ئارامی. بەلأم دڵی دەریا هەموو کاتێک نا ئارامە. ژن، دەریایە. هەر چەن کە من ئەو دەریانەی، لووتکەی ڕەوەز -پیاوان- بە هەژانی خۆ لە بن بێنن. هەڵچوونی هەژان، کاتییە. هەڵچوون ئەنیشێتەوە. ڕەوەز بەلأم ماوە: پیاو، لە سەر پێیە.

بڵقیس، باڵی کراسەکەی ماراڵی گرت و بەرەو دەرگا کورتەکەی ماڵەکەی برد. ژنان بە نیگایەکیتر لە ماراڵ دوور کەوتنەوە. بڵقیس شان و ملی چەماندەوە و پێی نایە ناو ژوورەکە. ماراڵیش بە دوایدا چوو. هەر دووک لە تاریکاییدا

وەستان. ماراڵ چاوی لە پووری بوو. بڵقیس چالاکتر لەوەی کە ئەینواند خولێکی بە دەور خۆیا دا، بەڵکوو لە قەرەباڵخی ناو ماڵەکەدا چرادەسیەکە داگیرسێنێت. چرادەسی ڕۆنسووت هەڵبوو. کلکە مشک -پڵیتە- بە لەرزینێکی لاواز کەوتە گیاندان. بڵقیس چاوی گێڕا تا جێگەیەک بۆ ماراڵ ئامادە بکا. ژوور تەنگەبەر. هەر چی چۆن بوو، بە شەڵەژاویی هەندێ وردە و پەردەی کۆکردەوە و قاڵیچەیەکی لوولەکراوی لە سووچی دیوارەکە هێنا و لە تەختی ژوورەکە، نزیک دەرگاکە، بە هیوای هەڵاتنی هەیڤ و تریفەی مانگ، ڕاخست. هەندێ باڵنجی هێنا و لە بن دیوارەکە داینا و ماراڵی لە سەر قاڵیچەکە دانا و بە هەوڵدان بۆ دیسانەوە بینینی ماراڵ، کترییەکەی هەڵگرت، بردییە دەرەوە تا ئاووی تێبکا و لە سەر کوانووەکە دایبنێ و بەژنان بڵێ ئاگرەکەی بۆ خۆش بکەن و خۆشی بگەڕێتەوە بۆ لای ماراڵ. بەڵام ئەتوت بە کاری نان و تەنوورەوە گرفتار بوو.

ماراڵ بەتاق کەوت. هەناسەیەکی درێژی لە سینەی دایە دەرەوە. تەنها و نامۆ. دانیشتووی سەر فەرشێک، وڵاتێک، زەمینێکی تازە. زەمینێک کە هیشتاش نیشانێکی نادیاری پشتی ئەوی پێوە مابوو. بنەیەکی تازە. ماڵێکی تازە. بنەماڵەیەکی تازە. مەنزڵگەی میشکاڵیەکان. سەیری دیوارە قورم گرتووەکانی دەوروبەری کرد و هەوڵیدا لە نێوان ئەو شتە کەڵەکە بووانەی ئەملا و ئەولادا سەروایەک بدۆزێتەوە. وێنە خەیاڵێک لە کەسەکانی، خاوەنەکانیان. واتە بتوانێ بزانێ ئەوە دارەدەستی کامە پیاوە؟ کام شوانە؟ ئەو چۆخەیە کێ لەبەری ئەکا؟ ئەو پووزلخەی بە ملی بزمارەکەوە هەڵواسراوە، پێی کام پیر لە سەرمای زستاندا گەرم ڕائەگرێ. یان تێڕەکانی سووچی دیوارەکە لە چ پاشەکەوتێک ئاخنراوە و؛ ئەم جووتە دارە دارەبەنی کامە وشتر سەقامگیر ئەکەن؟ ئەو سەربەندە چەرمە، قەپۆزی کام هێسر یان مایین لەغاو ئەکەن؟ لوولەی

ئەو تفەنگەی لە بن کورتانی وشترەکەوە سەری دەرهێنا وە و سەیر ئەکا، بە کام پەنجە پیلکەی ئەترازێنرێ.

پڵێتەی چرادەسیەکە خوار ببوو و دووکەڵەکەی زۆر ببوو. ماراڵ ڕابوو و پڵێتەکەی چاک کرد. لەپڕ هەستی بە شتێک کرد لە خۆیا. هەستی ئەوەی هەر بەم تۆزە کارە لەگەڵ بنەماڵە گرێ درا. دەست و کار. ئەگەر کەمترینیش بووبێ. چ ڕازێک لەمکارەدا هەبوو؟ چ ڕازێک؟ لە ماڵێکدا غەریبی، وڕ و گێژ و ڕاماوی، بەڵام هەر ئەوەندەی دەستت بە کارێکەوە پەیوەند درا هەست ئەکەی کە ئیتر زیادی نیت. ئەتوانی زیادی نەبی. موتوربە بوویت. خۆت بە هەقدار ئەزانی. خاوەنی هەق و، حەزت لێیە ئەو هەقە زیاتر بکەی بە هینی خۆت. بۆ ئەمەشە کە بیرت وەکوو مشکە کوێرە ئەگەڕێت و بنکۆڵ ئەکا تا جێگەیەک بدۆزێتەوە. بوونی تۆ لەم هەوڵدانە ڕۆژانەیەدایە کە نیازی بە تۆ هەبێ و ئەتۆش خۆتی تێ بتەپێنی. بە دوای کارێکدا ئەگەڕێی بەجێ مابێت و تۆ تەواوی بکەی. چاو بۆ مناڵێک ئەگێڕی درابێ بە عەرزا و تۆ لە ناو خاک و خۆڵ هەڵیگریتەوە و قۆڵ و باڵی بتەکێنی. کۆتاییەکەی بە دوای ئەوەوەیت بە بوونی خۆت بتوانی چاڵێک، قووڵکەیەک پڕکەیتەوە و بەو هەستە بگەی کە سەربار نیت. کە بێکەڵک نیت. ئەستوونێکی بەردراوی کە ئەتەوێ خۆت بە شتێک یان جێگەیەکدا هەڵپەسێری. گیر بدەی. ئارەزووە ئەکەی لەکاتێکا لەق بوون و بێبایەخی بەملا و ئەولادا ڕات ئەژەنێ، بتوانی خۆت ڕابگری. ئەتەوێ بتوانی خۆت لە گێژەن دەرباز بکەی. بێ ئوقرەی. ڕەنجێکی نهێنی لە ناخەوە ئەتجوێ. دەروونەدەری بەراوەژووی. دەم بە قاقا و شیرین، بەڵام تاڵی. بۆ ئەمەشە، بە نهێنی و بە مڵۆزمانەترین شێوە، لە دەروونەوە خواخواتە بەڵایەک بە سەر یەکێکی خانەخوێدا بێت کە تۆ بتوانی یارمەتی بدەیت و لەو بەڵا دەربازی بکەی. بۆ ئەوەی

توانیبێتت چاکە و گەورەییەکەی ئەوت -کە کردارێکی سادەن و لە خەیاڵی تۆدا گەورە کراونەتەوە و گرانبایی بوون- دابێتەوە.

بێ هۆ نییە گوندییەکان کاتێکە ئەچن بۆ سەردانی خزمان بەدەستی بەتاڵ ناکەونە ڕێ. دەستەبەرەیەک کولیچە، دەبەیەک کەرە، سەبەتەیەک ترێ، چەن دانەیەک مریشک و کەڵەباب، لانیکەم چل دانەیەک هێلکە. دەرکی ماڵ کراوەیە، بەڵام ڕوخساری خودانی ماڵ دەستی پڕ ئەیکاتەوە. کەچی کچی عەبدۆس بەدەستی بەتاڵ هاتبوو. هیچی نەبوو. خۆی بوو و توربێنی بەتاڵ؛ با لە قولی مشتیدا.

سەر و شانی لە دەرگاکە بردە دەرەوە و سەیری کرد. پووری لە سەر تەنوورەکە چۆکی دادابوو و تا پشتوێن خۆی کردبوو بە تەنوورەکەدا و هەوڵی ئەدا شتێک لە سەر سکڵە داخ و پشکووتووەکان هەڵگرێتەوە. ژنەکان هەر وا بە دەور تەنوورەکەوە بوون و چاویان لە بڵقیس ئەکرد. ماراڵ وای زانی هەویرەکە بە تەنوورەکەوە وەرگەڕاوە، کەوتۆتە ناو ئاگرەکە و بووە بە قەقنەس. بۆچوونەکەی بێپایەش نەبوو. چونکە کاتێکە چووە سەر تەنوورەکە، پووری هێشتاش بە ڕوخساری سوورهەڵگەڕاو بە گڕی نەرمی تەنوورەکە، خەریکی دەرهێنانی نانی گرمۆڵەبوو و سووتاو بوو لە گەرووی تەنوورەکە. وا پێئەچوو هاتنی ماراڵ نانکردنەکەی تووشی لەنگیی کردبوو و ئەو کەسەیتر کە ئەبوایە لەبری بڵقیس تەنوورەکە گەرم ڕابگرێ و نەهێڵێ ئاورودووی لێبرێ، هەویرەکەی داوە بە تەنووری ساردەوە، نیوبرژ هەڵگەڕاوەتەوە و کەوتۆتە ناو ئاگرەکە و بووە بە خەڵووز.

ماراڵ لۆکانی لەچکەکەی لە پشت ملی گرێدا، لای تەنوورەکە ئەژنۆی خەواند و لەکاتێکا پوورە بڵقیسی -کە بەدەس بووکەکەیەوە، **زیوەر** قوشقی ببوو- لادا، سەری بردە ناو تەنوورەکە و بە شیشە کۆڵەیەک، پاشماوەی

نانە سووتاوەکانی لە دڵی ئاگرەکە هێنایەدەرێ، هەڵیدایە سەر هێزمە وشکەکە و سەرلەنوێ تەنوورەکەی پێکردەوە. ئەوەندەی گڕەکە دیواری تەنوورەکە سوور بکات، ماراڵ لە ژێر نیگای ژنەکاندا، گونکەکانی پان کردەوە، دای بەدەست دا و دوا تەنووره نانەکەی کرد و نانەکانی بە برژاویی لە تەنوورەکە دەرهێنا و لە سەر کۆمای دڕک و گزیچارەکە هەڵخست تا فێنک ببنەوە. کرداری لە بەر چاوان بێباکانە بوو. جۆرێکی تێڕادیوی تێدا بوو. بەڵام ئەمە ڕواڵەتی کارەکە بوو. ماراڵ تەنها لەرزینی بەرەنجامی ئەم بێباکیە ناچارییەی لە دەروونی خۆیدا هەست پێ ئەکرد. هەر ئەم دەمەی کە خۆی ڕزگار کردبوو، لە مەنگەنەیەکی تازەشدا خۆی گرفتار کردبوو. خۆیی بوونیش دژواریی خۆی هەیە. بلقیس توورەیی خۆی لە زیوەر، بە ماراڵ، بە سەری زیوەردا ئەکوتا:

ـ چاکە کە هاوتەمەنی منی! بڕۆ فێربە. ئەم کچە بە منالی تۆ ئەژمێردرێ! ژن باشە تۆزێک گەوهەری هەبێ. ساتێک خافڵ بووم، مەنێک هەویرت خەسارکرد! تاکەی ئەتەوێ هەر وا بە ناو ڕەوەندا بگەڕێی و بۆ لاواندنەوەی مێردەکەی یەکەمت چوارینەی نەجما بخوێنی؟!... باشە کە لە سەر دۆشەکی نەخۆشی نەمردووە. لە جەنگدا کوژراوە. ئەو جۆرە مەرگە بۆ پیاوە ئیتر! ئەی چاوەڕێی مریشکەکان لە جەنگدا بمرن؟ کوڕەکەی منیش لە هەمان جەنگدا سەد جار کوژراوە. جا نازانم کاتێکە توانی گیانی دەرباز بکات، بۆچی هات و بێوەژنی کابرایەکی لە جەنگ کوژراوی هێنا! خۆزگا کوێر ئەبوو و چاوی بە تۆ نەئەکەوت. وەرە، وەرە ئەم نانانە کۆ کەرەوە و لە بەر چاوم ون بە. وەرە!

هەمان کات کە بلقیس زمانی بۆ سەرکۆنەکردنی بووکەکەی هەڵکێشابوو، ماراڵ لە تەنوورەکە دوور کەوتەوە و ئەوا خەریکی کردنەوەی تەنگەی و قایشی قەرە بوو. درێژەی

قسەکانی بڵقیسی ئەبیست، بەڵام وای دەرئەخست کە نای‌بیسێ. حەزی نەئەکرد هیچکەس لە خەڵکی ناومال یان ڕەوەند، ببینێ لە بەر چاوی ئەو خۆی بە لێدراو و ڕووشکاو هەست پێبکا. لە بەر ئەوەش بوو کە خۆی خەریک کرد تا کاری نان و تەنوور تەواو بوو. بە دەور ئەسپەکەدا سووڕا و لەبان ملیەوە سەیری سەر تەنوورەکەی کرد. زیوەر، ژنی کوڕی پووری نانەکانی بە سەر دەستیەوە گرتبوو و بە کزییەوە ئەیبرد بۆ ژوورەوە. بڵقیس خەریکی کۆکردنەوەی دارەکان و داخستنی سەری تەنوورەکە بوو. ژنەکانی‌تریش هەر کامە و بە لایەکدا ئەڕۆیشتن. مارال، زین و جلەکەی قەرەی دا بە شانی‌دا، چوو بەرەو ماڵ و لە دەرەوەی دەرگاکە، لە قەراخ دیوارەکە داینا و سەری کرد بە ژوورەکەدا. زیوەر ژنی گوو، خەریکی دامەزراندنی نانەکان بوو و لە ژێر لێوەوە، زەمزەمەیەکی غەریبانەی ئەکرد. مارال پێی نایە ناو ژوورەکە و داوای لە زیوەر کرد ئەگەر کارێک هەیە پێی بڵێ تا ئەنجامی بدات. بەڵام ژنە ڕوخساری داتەکاو و پڕ لە غەمی کردە مارال، چاوە قەڵەو و کل لێدراوەکانی -دەربڕی نەفرەتێکی قەتماغە بەستوو لە ناخی‌دا- بڕییە مارال و وتی:

ــ ئەم ماڵە ئەوەندە کاری نییە کە سێ چوار کەیبانوو و کارەکەری پێویست بێ.

«میوانی بانگ نەکراو!» ئەمەش لە ناو قسەکەی‌دا بوو؛ زیاتر لە خودی گوتەکە. مارال ئازاری چزووی دووپشکی لە دڵی خۆی‌دا هەست پێکرد. دەسبەجێ گەرم دایسا و ساردەوە بوو. زیوەر بێدەنگ و کپ ڕووی لە مارال وەرگێڕا و وەک بڵێی کە ئەو نییە و هەر گیز نەبووە، خۆی خەریک کرد بە نانەکانەوە و کردنی بە شیشی دارەوە. تەنها جیاوازیی ڕەفتارەکەی لە بوونی مارال‌دا ئەوە بوو کە زەمزەمە ئارام و غەمگینەکەی بڕی. بێدەنگی تەواو. ئەمەش زیاتر لە ئەندازە ئەو هەوایەی

کە ماراڵ تێیدا وەستابوو، ڕووت و ڕچاو ئەکرد. ماراڵ هەر وا لە قەراخ دیوارەکە ڕەق وەستابوو و پشتی کشاوی بووکەکەی پووره بڵقیسی سەرنج ئەدا و جووڵەی ئارامی دەستەکان و لەرینەوەی بەئەسپایی چینەکانی کراسەکەی سەیر ئەکرد. بێدەنگی ژنە و ڕەفتارە بێ بەزەییانە و غەمبارەکەی، بۆ چەن ساتێک ماراڵی لە بوون بەتاڵ کردبوو. بەجۆرێک کە نەی ئەزانی لە بەرامبەر ئەم تاشە بەردە داتاشراوەدا، چ ڕەفتارێک بگرێتەبەر؟ چ دوژمنییەک بوو کە ئەم ژنە، زیوەر، لە بن ددانەکانی‌دا ئەیجوو. چ کینەیەک بوو کە ئەم ژنە، لە پشت لێوە قەپاتکراوەکانی‌دا شاردبوویەوە؟ زیوەر، کامە هەڵقەی زنجیرەکەی ئەم بنەماڵەیە بوو؟ ئەم نەفرەتە لە کوێوە نیشتبوویە سەر دڵی و ڕقی لە کێ بوو، ئەم گەنداوی بێزارییە؟

ماراڵ، بەڵام لەوە زیاتر نەیتوانی تاو بهێنێ. وەرگەڕا تا لە دەرگاکە بچێتە دەرەوە، بەڵام بڵقیس لە باڵشمەی دەرگاکە سینگی تەقا بە سینگییەوە و؛ ماراڵیشی لەگەڵ خۆی هێنایە ژوورەوە و ناچاری کرد دابنیشێ:

ــ چیتە ئەوە؟ نیگەران دیاری؟

ماراڵ، بە بێ وەڵامێکی ڕوون، دانیشت و بڵقیسیش پاش ئەوەی زیوەری نارده دەرەوە بە دوای کتری‌دا، بەرامبەر کچەکەی عەبدۆس دانیشت و ئەژنۆکانی گرتە باوەش. ماراڵ، داگیراو و نائارام سەری داخست. بەڵام بڵقیس بە بێ گوێدانە ئەو شەرمەی لە ناوچەوانی کچە نیشتبوو، لێی زەق بۆوە. ئەتوت بۆ براکەی خۆی، بۆ بیرەوەری براکەی خۆی عەبدۆس لە چاوەکان، تەوێڵ، گۆناکان و باری سەر لێوەکانی ماراڵدا ئەگەڕێ. ماراڵ توانای وەڵامدانەوە بە حەزی نیگاکانی پووره بڵقیسی لە خۆیدا نەئەدیت، بۆیە کەوتە بیری ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی چی و -چۆن- بداتەوە؟

پرسیارەکەی بڵقیس بێ تەشەر نەبوو کاتێك پرسی:

ــ چۆن بوو باوکت ڕێگەی دای بێی بۆ ئەم ناوە؟

مارالْ، تالْیی تەشەرەکەی گرتە خۆی و بە بێ ترس و پەردەپۆشی هەموو ئەو شتانەی کە ئەبوا بیلْێ، بۆ پووری گێڕایەوە:

ــ باوکم لە زیندانە. دایکم مردووە. ڕاستەکەت ئەوێ بێ ڕێ و جێ بووم کە هاتم بۆ ئەم ناوە. هیچکەسم نەبوو. بێ یار و یارمەتیدەر، بێ دایک و بێ برا بووم.

حەزی ئەکرد لێی زیاد بکا: «جا ئەگەر تۆش ڕامناگری، ئەوا ئەگەڕێمەوە.» بەلاْم نەیوت و بەو ڕەنجەوە کە لاناو خوێنیدا شەپۆلی ئەدا، سەری داخست و لە تووڕەییدا پەنجەکانی لێک هەلْپێکا و بە تەقاندنیان قرچە قرچی لێ هەلْسااندن.

بڵقیس چاو و گوێی لە زۆر بینین و زۆر بیستن پڕ بوو. لە بەر ئەمەش بوو لەکاتی ڕووداودا درەنگتر دەست و لاقی ئەشەلْەژا -بەو جۆرەی کە لە سروشتی هەموو ژنێکی ئاساییدا بەدی نەئەکرا- فرمێسکی دانەباراند و بە ئاسانی مشتی نەکوتا بە چالاْیی سینگیدا. بۆیە چاوە کەون و ڕۆژگار دیتوەکانی بڕییە مارالْ و وتی:

ــ بە چ تاوانێک؟

مارالْ، پڕ لە غروور -غرووڕێکی لەو بابەتە کە تەنها لە کاتی وەهادا کە خەلْکیتر سەبارەت بە خۆشەویستەکانت بۆچوونی هەلْە و ناڕاستیان هەیە و تۆش ناتوانی بەیەک نیگا و بەیەک گوتە ئەو بۆچوونە تێک بشکێنی، لە گیانتدا هەلْئەقولْێ- چنگی لە نیگای بڵقیس وەردا و بە ڕەقی وتی:

ــ دزی نا، کوشتن!

پاشان ڕووداو و سەربردەکەی بەو جۆرەی لە لای بوو. بە ترش و خوێ کردنی ئەو کاتانەی کە بەردەوام بوون، گێڕایەوە.

ــ بە عەبدۆسم وتووە کە مەهتاوم لێرە لە مالْی پوورە

بڵقیسـم داناوە، ئەمـەش بزانـە!

لــە ناو قســەکانی بڵقیس و مــاراڵدا، زیــوەر کتری چاکەی هێنابــووە ژوورەوە و دانیشــتبوو. چ جایــە زۆرتریــن بەشــی چیرۆکەکــەی عەبدۆس و دلاوەر و مەهتاویشــی گوێ لێ ببوو و لــەم کاتــەدا کە چایی تــێ ئەکرد لە ژێرەوە نیگایەکی شــاراوەی لە ماراڵ بوو و وا پێئەچوو ئەیویســت باشــتری بناســێ. ماراڵ بەگێڕانــەوەی بەســەرهاتەکەی خــۆی، نرخێکــی پتــری لە لای زیــوەر پەیــدا کردبوو و زیــوەر ئیتر بــە ڕەوای نەئەزانی ســەیری مــاراڵ وەکوو کچێکی تازە پێگەیشــتوو بــکات. لەبەرچاو گرتنی ڕەنــج و توانــای خۆڕگریی ماراڵ، زیوەری ڕائەداشــت ڕێزێکی زیاتر لــە دڵــی خــۆیدا بەرامبەر بــە ماراڵ هەســت پێبــکات. ڕێزێک کــە زۆریــش لەگەڵ ئێرەیــی پێ بــردن بێگانە نەبوو. ســەرەڕای ئەمــەش حــەزی ئەکــرد لەگــەڵ مــاراڵ بــدوێ. ماراڵ ببــوو بە مەتەڵێــک بــۆی و ئــەو پەلەی بــوو ئــەو مەتەڵــە هەڵبهێنێ. بــەڵام بابەتێکی بــۆ وتن نەئەدۆزییــەوە. ئەگەر بیانوویەکیشــی بدۆزیایەتــەوە لــە بەردەمــی بڵقیسدا نــەی ئەتوانی. ئاســوودە نەبــوو. بڵقیــس هــەم زۆر کەم ڕێی پێئــەدا، هــەم کەمی نرخ بــۆ دائەنــا. نــەک هــەر لێــرە و هــەر ئەمجــارە. هەمیشــە. بڵقیــس حــەزی لــە زیــوەر نەبــوو. ڕەنگــە ئەگەر زیوەر شــووی بــە گوڵمحەمەد نەکردایــەت، بڵقیس، لانیکەم وەکــوو ژنانیتر ســەیری بکردایــەت. بــەڵام وانەببــوو. پەســا پەســا دەمــی پێ دائەخســت. ســەرکۆنەی ئەکــرد. بەســووکی ناودێــری ئەکرد و ئەمانــەش هــەر هەمووی لــەو ڕووەوە بوو کــە بڵقیس زیوەری بەشــیاوی کوڕەکــەی خــۆی نەئەزانــی. ئــەوەی کە زیــوەر خۆی بــە گوڵمحەمەدەوە لکاندووە، شــتێک نەبوو بۆ ســاتێکیش لە بیــری بڵقیس بچێتە دەرەوە. هەواڵی کوژرانی شــووەکەی زیوەر، گوڵمحەمــەد خــۆی هێنابــووی. هــەر دووکیان ســەربازی یەک دەســتە بوون. هەواڵ لــە زمانی گوڵمحەمەدەوە گەیشــتبوویە

بـــەر گوێی زیوەر: «خوێنی زۆران ڕژا، یەکیشـــیان شـــووەکەی تۆ. جەنگـــە ئیتـــر. جەنگ.»

گوڵمحەمـەد هێشـتاش هـەوای جەوانـی لەسـەردا بـوو، هـەر بۆیـەش بـوو باسـی دزێویەکانـی جەنگـی نەئەکـرد، هیچ، بە شانازیشـەوە ئەیگێڕایـەوە. بەجۆرێـک کـە پیـاو ئەوسـا ئەبـێ بـە پیـاو کـە لـە ئاگـری شـەڕدا کارامـە ببـێ. هـەر وەهـا جەختـی لـە سـەر ئـەوەش ئەکـرد کـە جەنـگ پیشـەی پیـاوە:

«ئێوەی ژنان ڕەنگە حەز بکەن پیاو پیر ببێ، نەخۆش بکەوێ و لـە سـەر جێگـەی پـڕ لـە سـپیّدا بمـرێ. هـەر ئەمەتـان ئـەوێ، وانییـە؟ بـەڵام نـەء! نـە ئێمـە پیـاوی بـن پێچکـەی قورسـین، نـە بـاو و باپیرانمـان وەهـا بوون. خاکـی ئـەم سـەرزەمینە، لە هەموو سـەردەمەکاندا بـە خوێنـی خەڵـک ئاودێری کـراوە. ئێمـە خێڵاتین. نابینـی چـۆن ئەژیـن، چـۆن ژیاویـن؟ تاقانەی لـە بـەر دڵان نین، پیاوی شـەڕ و پێکادانیـن. فرمێسـکەکانت بسـڕەوە! فرمێسـکەکانت بسـڕەوە. شـین و گریـان ئیتـر بەسـە! ئێسـتە کاتـی کارکردنـە!»

زیـوەر شـین و گریانـی بـەس کردبـوو. پاشـماوەی دارایـی شـووەکەی، عەلـی هـەر اتـی، تێکەڵـی ڕانـی میشـکاڵییەکان کردبـوو و پاشـی ئـەوەش شـتێک ڕووی دابـوو کـە بڵقیـس نـەی ئەویسـت ڕووبـدا. زیـوەر و گوڵمحەمـەد جـووت ببـوون: «بۆ ئەوەی بڵقیـس ڕێگـە بـدات!»

بێوەژنی عەلـی هەر اتی ببوو بە بووکـی گوڵمحەمەد.

ئەی گوڵمحەمەد بۆ نەهاتەوە؟

زیـوەر هەڵسـا، لـە دەرگاکـە چـووە دەرەوە و لـە بـن دەرگاکـە، لـە سـەر بەردە هارەکە دانیشـت، دەسـتەکانی خسـتە بن چەنەی و چـاو لـە ڕێ بـوو. گوڵمحەمـەد ئەبـوا تـا ئێسـتا هاتبێتـەوە! زیـوەر زۆر لـە سـەر بەردەکـە نەمایـەوە. بێتاقـەت، مانـدوو و تۆزێکیـش لەخـۆ بێـزار، لەجـێ ڕابـوو، تـاڵای تەنوورەکـە چـوو و چـاوی بـۆ هەمـوو لایـەک گێـڕا. بـەڵام ئەوەنـدەی چـاوی هەتـەری

ئەکرد و ڕەشایی هەڵئەگڵۆفی، نە سێبەر نە تارماییەک دیار نەبوو لە گوڵمحەمەد بچێ. بەرەو دەرگای ماڵەکە هاتەوە و سەیری بڵقیس و مارالّی کرد کە لە بەر ڕووناکی لەرزۆکی چرا پلّیتەکەدا هەر وا دانیشتبوون. بە هێوری لە دیوارەکە سەرکەوت و چووە سەر گومەزی بانەکە و چاوی بڕییە ئەو دوورانە:

کۆتایی خۆرداچوون. جگە لە تاریکی هیچ دیار نییە. گردی زۆرگ، ترسی لە زەوی چەقێنراو. ماڵەکان، کەلاوەکان، تاک و تەرا خەڵکێک کە بەڕێدا تێئەپەڕن، هەموویان لە دڵی شەو چەقیوون و هیچ شتێک جگە لە تارماییەکان بەرچاو ناکەوێ. سات لەگەڵ سات شەو زیاتر پەل ئەهاوێ. ڕەشایی ڕەشتر ئەبێ. زیوەر هەر وا وەستاوە و چاو ئەگێڕێ. بێهوودەیە. نیشانێک لە پیاوەکەی دیار نییە. بای نەرمی نەیشاپوور هەڵئەکا. لفکەکانی لەچکەکەی بەنەرمی ئەلەرێنەوە. داوێنی کراسەکەی بە دەم باوە ئەڕوا. شەو ئەویشی لە شەو پەردەی خۆی ئالاندووە، ئەستێرەکانی بانی سەر! درەوشانەوەی ئەستێرەکان گەشتر ئەبێ. بە پزیسکەتر لە هەموویان، وەک هەمیشە! ئەستێرەی شەوکوژ. لە هەموو تەختایی و لە هەموو دۆڵ و لە قەراخی هەر دەوەنێکدا کە ڕەوەند بنەی خستبێ، زیوەر بە بێ بینینی ئەم ئەستێرەیە سەری نەناوەتە سەر سەرین. ئەستێرەی گەشاوە، ڕووژەیەک لە بەر تیشکی هەتاو.

بەلام ئەی گوڵمحەمەد بۆ نەهاتەوە؟

زیوەر کاتە وەختێک لە بێدەنگیدا بوو. هەر لەوێ لە سەر کولانجەی گومەزباوی سەربانەکە، وەکوو هەمیشە دانیشتبوو؛ ئەژنۆکانی گرتبوویە باوەشی و بیری ئەکردەوە. دەنگ خەیالاوی وتووێژی مارالّ و بلّقیس لە کونی کلاوڕۆژنەکەوە ئەبیسرا، بەلام زیوەر دلّی ئەوەی نەبوو گوێ لە قسەکانی ئەو

دوانە بگرێ. زیوەر لە دنیای بڵقیس بەدەر بوو و پێشی وابوو هەر گیز لەگەڵی هاوخوو نابێ. ئەوەی بڵقیس هەمیشە لە سەر زمانی بوو دەم بە دەم ئەدرا بە گوێی زیوەردا:

«تۆ کوڕەکەمت خستە داوەوە. ئەفسوونت کردووە. ئەو هاوسەری تۆ نەبوو. تۆ سەری شووەکەت خواردووە و ئەتەوێ سەری کوڕەکەی منیش بخۆی!»

زیوەر ئەمەشی ئەزانی کە لە لای بڵقیس، لەبوونی "هەراتی"یشدا، ئەو -زیوەر- لەگەڵ گوڵمحەمەد تێکەڵاو بووە. دڵنیاش بوو ڕەتکردنەوەی بۆچوونی بڵقیس بێهوودەیە. بۆیەش زیوەر لە هەوڵدانی بێ سوودی خۆی دەستی هەڵگرتبوو. بەجێ هێشتنی بڵقیس. ئەمە تەنها ڕێگە و ژیرانەترینی بوو. لەگەڵ بڵقیس کەمتر ئەدوا. کاتێکیش بڵقیس لە تووڕەییدا گڕی ئەگرت و بیانووی پێ‌ئەگرت، زیوەر بەرەنگاری نەئەبوویەوە و بە ئەسپایی خۆی لە قرە لائەدا. عەشقێک کە ئەو، ئەو ژنە سی و پێنج ساڵانەیە، بە مێردەکەی، گوڵمحەمەد هەیبوو، وای لێ‌ئەکرد کە شان بۆ هەر بارێک دابنەوێنێ. هەموو جۆرە دەرد و ڕەنجێک بە خۆی ڕەوا بزانێ و دەنگی دەرنەیەت. خامۆشی زیوەر، خۆی چیرۆکێک بوو. جارێ وا هەبوو لە ڕۆژێکدا تاقە وشەیەکیشی نەئەوت. ڕوخساری کشاو و ڕەنگ پەڕیوی تێک چرژابوو و چاوەکانی تیژ وەکوو چاوی تەوار، بە هەمان ئارامی شاراوە، هەموو شتێکی لە هەر چواردەوری خۆیدا ئەبینی، ئەی پشکنی و بە لێوە قووچاوەکانیەوە بە لایاندا تێ‌ئەپەڕی.

لەم بنەماڵەی زیوەری لێ‌بوو، تەنها باوکی گوڵمحەمەد ڕووی لەگەڵی خۆش بوو. تەنها کەلمیشی. زیوەر تەنها لە نیگای ئەودا چزووی سووکایەتی پێکردنی هەست پێ نەئەکرد. ئەتوت پیرەمێرد قبووڵی ئەوەی کردووە کە کوڕەکەی ئەو ژنەی -ئەو ژنەی لانیکەم حەوت ساڵ بەتەمەن لە کوڕەکەی سەر بوو- لە ماڵدا هەبێ. پیاوێکی لە سەرەخۆ و کەم جۆش، ئارام

و کەمبێژ. بە بێ نیشانێک لە توندوتیژی و ڕق ئەستووری بڵقیس. کوڕە هەر ە بچووکەکەی بەگمحەمەد، لەگەڵ ڕان ئەڕۆیشت و ئاگای لە پەزەکان بوو. ساڵی پێشوو لە دەراوی شۆر، گورگ دەوری گرتبوو، قاپوولەی قەپچڕ کرابوو و لەوەپاش تۆزێک ئەشەلا. ئیتر توانای هاوپێ ڕۆینی ڕانی نەبوو، کەچی سەرەڕای ئەوەش دڵی ڕەزای نەئەدا و دەستهەڵگر نەبوو. بەڵام بە کردەوە جێگەی خۆی دابوو بە کوڕەکەی گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد دەستی لە گەون کێشان هەڵگرتبوو و لەگەڵ براکەی بەگمحەمەد و، زاوای مامی سەبرخان ئەچوو بۆ ڕان. ڕانەکە هەمووی هینی کەلمیشی نەبوو. کوڕ و کاڵیش بەشیان تێیدا هەبوو. یەکیان -زیوەر- بەڵام ڕێژەی گەورەی مەڕ و بزن هی کەلمیشی بوو. کەلمیشی و سێ کوڕەکەی: خانمحەمەد، گوڵمحەمەد و بەگمحەمەد. بۆ ئەمەش بوو کە ڕانەکە بە ناوی کەلمیشی بوو و لە بنە و لە لەوەڕگە بەم ناوەوە ئەناسرا. جگە لەمەش، مەڕەکانیتری ڕانەکە هی مەدیاری برای بڵقیس و خانئاپۆ برای کەلمیشی بوو. عەلیئەکبەر حاجی پەسەند -مەتیەزای گوڵمحەمەد-یش کە یەکێک لە مەڕدارە گەورەکان بوو، لە ڕانەکەی کەلمیشی دابڕابوو و ڕان و شوانی بۆ خۆی پێکەوەنابوو. عەلیئەکبەر نیشتەجێ ببوو و دەستی لە گەرمێن و کوێستان کردن هەڵگرتبوو. لە پیاوەکان خانمحەمەد لە زیندانی مەشهەد بوو و مەدیاریش سەری سەرخۆش، سەری بەم کون و ئەو کوندا ئەکرد. قەت لە شوێنێک ئوقرەی نەئەگرت. پیاوێکی هەمیشە عاشق. حەزی ئەو بۆ عەشق و مەی، باسی سەر زمانی گەڕیدەی دەشتەکی بوو. هەر پیاوە و هەر ژنێک بە جۆرێک ڕۆژگاری ئەباتە سەر و جۆرێکیش ئەمرێ. تا بزانین ئەم کەڵە تیژپێ و یەکە گەردەی بیابانە کەوگەکانی خوراسان، سەر بە کام ڕەشماڵدا ئەکا!

کەلمیشی، پیاوی پیری تیرەی میشکالّی، ئێستەکانیّ کاروانسالاری ئەم کاروانە نە زۆر وێکچووە بوو و؛ قورسایی ئەم بارەی بە سەر شانەوە بوو. بارێک کە ئەو لە هەر کەس باشتر گرنگیەکەی ئەناسی. ئەوسا کە لقەکانی ئەم دارە پیّ ئەگا، دارەکە ئەبیّ لە سەر پیّ ڕابوەستیّ. بوونی، زیندووبوونی، واتە بوون و لە سەر پیّبوونی ڕەوەند و ڕان. هەموان بە دەوری ڕەشمالّی کەلمیشیدا، سنگی خێوەتەکانیان لە عەرز ئەچەقان. ڕوون نەبوو بە مەرگی کەلمیشی، ڕانەکەش بلّاوە نەکات. ئەوسا بوو کە هەر کەسە لنگی بزنی خۆی ڕائەکێشا و ئەکشایەوە و ئەمە بوو ڕووخانی کۆلّەکەی بنەمالّە.

کەلمیشی لەم کاتەدا لەگەلّ بەگمحەمەد و سەبرخان لە کەلیدەر بوون. بە دوای ڕانەوە بوون و، ڕەنگە هەر سیّ ڕۆژی پیّ ئەچوو پەز بگەیەننەوە دەرزیوەر بۆ ئەوەی بەرەو گەرمێن ببنەوە. گولّمحەمەد، زیوەر، بلّقیس و شێرۆش بۆ دروێنە هاتبوون بۆ گوند. دروێنەی دێم. سالّی پێشوو، کەلمیشی تۆوی چاندبوو و ڕۆشتبوو و ئەمسالّ ڕوا بوون. بەلّام ئەوەندە تەنک و لاواز بوو بەر دەمی داس و مالّاغان نەئەکەوت هیچ، بە دەستیش نەئەکرا بیڕننەوە. دوانزە ڕۆژی ڕەبەق سیّ چوار کەسی، لە سەر گرد و لمەکان چۆکیان لە زەوی ساویبوو، بەلّام دە مەنیان نەخستبوویە تەک یەکەوە. بۆیەش گولّمحەمەد بە ناچاریی ڕووی لە قەلّاچیمەن کردبوو، بەلّکوو بتوانیّ بە قەرز ئارد یان گەنمێک لە **بابقولی بوندار** بکڕیّ و بیهێنێتەوە.

بەلّام، ئەی گولّمحەمەد بۆ نەهاتەوە؟

تۆ بلّێی شەو لە ناو ڕیّ مابێتەوە؟ نەء، نامێنێتەوە. دلّی زیوەر ئەوەی نەئەویست.

تۆ بلّێی بابقولی بوندار دەستی نابیّ لە ڕووی گولّمحەمەدەوە؟ ئەبوو، ئەشیا! هەموو شتێک بۆ ئەوەی دلّی

زیوەر ئاگر بدات، ئەگونجا. ئەگونجا. هەموو شتێک ئەگونجا!
زیوەر هاتەوە بە خۆیا. کوندی سەر کەلاوە؛ ژنی گوێی بان. هەڵقەی پەنجەکانی لە دەوری ئەژنۆی ڕاکرد. سەری کرد بە کونەرۆژنەی بانەکەدا و چاوی لە گڕی چرا پڵیتەکە کرد کە ماراڵ و بڵقیس لەمبەروبەری دانیشتبوون و خەریکی وتووێژ بوون. زیوەر هەڵسا. جارێکیتر ڕوانیە ڕێگە و بیابان و لە بانەکە هاتە خوارەوە. تاریکی بە سینگە خشکێ هاتبوویە پێش و خۆی دابوو بە سەر تۆپەڵە قوڕەکانی دەرزیوەردا. زیوەر، بەناچاریی، لە تەنیشت چوارچێوەی دەرگای ماڵەکە دانیشت و شێرۆی بینی، مەنجەڵی ناوە بە سەریەوە و بەبن دیوارەکەدا دێ. شێرۆ دیوارەکەی تێپەراند و پێی نایە کەوشەنی حەوشە. ئارام و بێخەیاڵ پێی هەڵئەگرت و وای دەرئەخست هیچ پەلەیەکی نییە. لەو جۆرە دۆخانەی کە جیهان بێهوودە دیاریی ئەکا. نزیکتر بوویەوە، زیوەر هەڵسا، چووە پێشێ و مەنجەڵەکەی لە سەر سەری داگرت و وتی:
ــ تۆش خۆ زۆرت پێچوو؟
شێرۆ وەڵامی نەبوو. دانەوییەوە، لێواری مەنجەڵەکەی گرت و بردییە ژوورەوە و کاتێکە چاوی بە ماراڵ کەوت، سەری لەقاند و شەرمن، بەڵام پشکێنەر، مەنجەڵەکەی برد بۆ قوژبنی دیوارەکە، سینی لە سەر دانا و وتی:
ــ ئاوی تازە، ئاوی کارێز!
ماراڵ جوان سەیری شێرۆی کرد. شەو، کارێز، شێرۆ:
«ئەم ماهدەروێشەش بۆسەی بۆ چ ئاسکێک ناوەتەوە!»
دەستی ماراڵ، بە بێ ئەڤان چوو بۆ دەسرە هەورێشمەکەی لە گیرفانیدا بوو و هەمان کات ڕووی بۆ شێرۆ کرایەوە و بە بزەیەکی ئاشنا، داوای ئاوی کرد:
ــ زەرکێک!
بڵقیس وتی:

ــ خوشکی گوڵمحەمەدە. شێرۆی ناوە. نیو ساڵ لە تۆ گچکەترە.

مارال، جامی ئاوەکەی لە شێرۆ وەرگرت و لە ڕووناکی چراپڵیتەکەدا توانی چاوە ڕەش و گەشەکانی کچە، کە لە دەروونەوە بە دەم هەموو شتێکەوە پێ ئەکەنی، ببینێ. لێوی لە زەرکەکە لابرد و بە بڵقیسی وتی:

ــ لەسەر ڕێ بینیم. بالابەرز و خوێن شیرینە ماشەڵڵا.

شێرۆ سەرمەستی پێکەنینی جەوانسەرانە کە لەسینەیدا قوڵپی ئەدا، بە فڕکە لە ژوورەکە چووە دەرەوە. بڵقیس هاوایی کرد:

ــ ئا، ئیتر بۆ کوێ؟

ــ شوێن خەوتنەکەم گەسک ئەدەم.

بڵقیس وتی:

ــ جێێ ماراڵیش لای خۆتەوە ڕاخە!

لە شێرۆوە وەڵامێک نەهات. مارال ئەمەی لە بەر گران هات. کاردانەوەیەکی سارد لە لایەن شێرۆوە:

«ڕەنگە حەز ناکات من لە ماڵیان بمێنمەوە. جێی تەنگ ئەکەم!»

ویستی بە پوورە بڵقیس بڵێ: «من هەر لێرە لای تۆ ئەخەوم.» بەڵام زمانی خۆی گەست و نەیوت:

«شێرۆ هێشتاش تەمەنی ئەوەندە لە سەرەوە نییە. کە وا بوو نایەوێ بۆ ئەم شتانە ئازارێکی دەروونی بۆ خۆی ساز بکات. بەڵام هێنانی مەنجەڵێک ئاو خۆ ئەو هەموو کاتەی پێناوێ! دڵنیام چاوەڕوانی ماهدەروێش بووە.»

پاش تاوێک شێرۆ هاتە ژوورەوە بۆ ئەوەی مەوج و جاجم بۆ خۆی ببات. بڵقیس بە مارالی وتی:

ــ ئێستە ئیتر هەموو لە ژوورەوە ئەخەون، بەس ئەو کەوتووە بە ڕقا و ئەڵێ تا ئەو ڕۆژەی بەرەو گەرمێن نەکەوینە

ڕێ و باران دانەکات، لە دەرەوە ئەخەوم.

ئەمە تەنها ئەو لایەنەی دۆخەکە بوو کە بەرچاوی بڵقیس ئەکەوت. دایک نەی ئەتوانی هەست پێبکا کە شێرۆ، هەموو شەوێک گوێڕایەڵ و چاوەڕوانی ماهدەرویش تا نیوەشەو ئەستێرەکان ئەژمێرێ و، چ سەریر بوو!

مارالْ وتی:

ـ منیش خەوتنی دەرەوەم پێ خۆشترە.

بڵقیس وتی:

ـ لەبەر ئەوەیە کە هێشتا ڕانەهاتووین بان لە سەر سەرمان بێ. خودی منیش کاتێکە لە ژێر بنمیچ ئەخەوم هەتا ماوەیەک لە شەو تێپەڕ ئەبێ خەوم لێ ناکەوێ، وا هەست ئەکەم ئێستا نا کاتێکیتر بنمیچەکە دێتە خوارەوە و ئەکەوێ بە سەر سینگما. بەڵام هەواش خەریکە ساردی ئەکات، چی بکەین ئیتر؟

وتووێژەکەیان لە ناو عۆری گلەیی ئامێزی وشترەکەدا خامۆش بوو. وشتر لە هەمان کاتدا کە ئەیویست دانیشێ، چۆکی ئەکوتا بە عەرزا و پڕ بە گەرووی عۆری ئەکێشا. ئەمە هەمیشە دژوارترین کارێکە وشتر ئەیەوێ ئەنجامی بدات. مەگەر ئەوەی کە بە هۆی ڕێ ڕۆیشتن یان غاردانەوە شەکەت بووبێ. یا ئەوەی کە برسێتی برستی لێ بڕیبێ. سەرەڕای ئەمانەش چۆک دادانی وشتر، ئەویش بە بارەوە و بە ویستی وشتروان، کارێکە کە پاتاڵ زۆر بە نابەدڵیەوە ملی پێئەدا. لە ئەنجامدا وشتر نیو سووڕێکی دا، ئەژنۆی نوشتاندەوە و کابرایەک، خۆی لە سەر شانی وشترەکەوە، وەکوو گۆیەک هەڵدایە خوارەوە، لای ملی وشترەکە وەستا و بە نووکی پێی ئەوەندەی لە کەشکەی ئەژنۆکانی وشتر ڕاکێشا تا ئەژنۆکانی لە عەرز دران و وشتر، بە ئارامی لە ژێر بارەکەدا ڕاکشا.

کابرا، لە کاتێکا بە شێوازی ئازاد و خۆشی کوردیی

خوراسانی، زاراوەی مارالْ، جنێوەکانی درێژەی هەبوو، کەوتە کردنەوەی گوریسی بارەکە. بە دەور و بەری بارەکەدا ئەسووڕایە و سووچێکی دەست ئەدایێ. بەڵام بلْقیس نەئەبزووت. چۆن دانیشتبوو، دانیشتبوو: سەیری دەرەوەی دەرگاکەی ئەکرد و ئەتوت بچووکترین جووڵەی ئەو کەسانەی وشترەکەدا ئەگەڕان، خستۆتە ژێر چاودێری. مارالێش نەجووڵابوو. ئەمە لەو کارانە نەبوو کە ئەو ئەیتوانی خۆی تێ هەڵقورتێنێ. بەس چاوی بڕبوویە دەرەوە، بەڵکوو بتوانێ لە ڕەشایی ڕەشی شەودا ڕوخساری پوورزاکەی ببینێ. بەڵام نەئەکرا. تیشکی بێڕەنگی چرا پڵێتەکە بڕشتی نەبوو و: جووڵەی توند و تیژی کابراش بەپەلە لە داوی نیگای مارالْ دەرئەچوو. کابرا لە بەرگی شەودا، ئەویش لە دەرەوە، لە کەپەنکێک ئەچوو کە بەردەوام دائەنەوییەوە و ئەسووڕایەوە؛ قەدی ڕاست ئەکردەوە، بە دەور بارەکەدا ئەگەڕا، با ئەکەوتە زەندکی کراسەکەی، لەقەی لە ملی وشترەکە ئەدا، چۆکی لە سەر ئەرز دائەنا و گوریسی شەتەک دراوی بارەکەی بە تەکانی دەست ڕائەکێشا، گرێکانی ئەکردەوە، ئەیگوڕاند بە سەر وشترەکە و زیوەردا و هەندێ جار تفێکی بۆ بۆشایی حەوا ئەدا. دیار بوو دەمی بە خاک و خۆڵی ناوڕێ وشکەڵاتووە:

ــ ئاو، ئاو!

پێکەنینێکی نەرم و پڕ لە دفرە، هێڵەکانی هەر دو لای ڕوومەتی پڕکردبۆوە و لەسەیرکردنی کوڕەکەیدا، گەشیی و حەزێکی تایبەتی پێوە دیاربوو. ئەتوت ئەسرینی ئەوین لە چاوەکانیایەتی. کابرا، ئاوەکەی خواردەوە، زەرکە بەتاڵەکەی دایەوە دەستی زیوەر، دەمی بە زەندکی کراسەکەی سڕییەوە و باری لە سەر پشتی وشتر داگرت. ڕایکێشا و پاڵیدان بە دیوارەکەوە. بلْقیس بە مارالی وتی:

ــ گوڵمحەمەدە. پوورزاکەت. وەرە با بچین ماندوو نەبوونی

لێبکەین.

مارالێش ئەمەی ئەویست. هەر چەن بینینی کابرایەک بە وشترەوە لە بیریدا نیشانەی نالەباریان هەبوو. بلقیس دەستی کچەکەی گرت و هەر دووکیان هەلسان. بلقیس پێی نایە دەرەوە و مارالێش بە دوایدا لە بالشمەی دەرگاکە تێپەڕی. مارال بەلام ئارام نەبوو. دەمی وشک ببوو، زمانی گیرابوو و ئەژنۆکانی ئەلەرزی. گولمحەمەد، ئاسوودەی کاری بار، پشتی ڕاست کردەوە. مارال، هەر لەوێ، لای دەرگاکە، شانی دا بە دیوارەوە. ترسی ئەوەی نەتوانێ خۆی بە سەر پێوە ڕابگرێ. ئەگەر لە تەکیەوە بوایەتی ئەتتوانی دەنگی لێدانی دلی ببیسی. نیگای گولمحەمەد تەنها جارێک بە سەر مارالدا تێپەڕی. بالندەیەک لە شەودا. نەء! بریسکەی شیرێک لە مانگەشەودا. شتێک درەوشایەوە و ون بوو. کەلمیشی ئیتر سەیری نەکرد. چوو بۆ لای وشترەکە و بە کردنەوەی تەنگە و شال و دارەبەنەوە خۆی خەریک کرد.

مارالێش نەمایەوە. توانای وەستانی نەبوو. بەرەو قەرەئات چوو و بە بێهوودە لەوێ مایەوە. پەنجەی کرد بە یالی ئەسپەکەدا و توورەکەی لە ملی داگرت. کارێکی بەناچاریی. ئەمە ئارامی ئەکردەوە. ئێرە ئارامتر بوو؟ ئەمەی گرنگ نییە. ساتەکان چەن درێژ بنەوە، شوێنی ڕۆح فراوانتر ئەبێتەوە. سامەکەی ئەشکێ. پارچە شکاوەکانی لە ساتەکاندا ئەکەونە ڕێ. شکاوەکانی زیاتر ئەشکێن. ورد ئەبن. نەرم ئەبن. جێگەی خۆیان ئەدۆزنەوە. خوو ئەگرن، ئەبن بە خوو. بەلام ئەگەر ئەو ساتانە تێپەڕن، ئەگەر بەس تێپەڕن! ئەوەندەی چاو لە چاو نەبێ و گیان، پەنا بگرێ، دەروویەک هەر ئەبێتەوە. ڕێگەیەک ئەکرێتەوە. گیانی مرۆڤ، ئاسمانێکی بێ پایانە. بەڕوالەت وەستاوە، بەلام لە هەمان کاتدا، بە دوور لە چاوی ئێمە لێئەدا. قولپ ئەدا. لێک ئەپچڕی و یەک ئەگرێتەوە.

پێکا ئەدرێ. ئەورووژێ. گەردەلوول. هەوری کەڵەکە بوو. ڕەشیی برووسکە. ڕەهێڵەی باران دائەبارێنێ. لەهیی وێرانکەر. ماڵکاولی. ئەوسا هەتاو. هەورەکان سووک بوون. سپی بوون. لێک پچڕاون. ئاسمان ماوە. ئاسمان هەیە. شین. شین. چ بوو ئەوەی کەوا ڕووی دا؟

ماراڵ، قەدی ڕاست کردەوە و لە پەنای یاڵی قەرەئاتەوە چاوی بڕییە ڕەفتاری گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد لای ملی وشترەکەوە چۆکی دادابوو و خەریک بوو سفرەی بۆ ڕائەخست. دایکیشی لە لایەوە وەستابوو و خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵی. ماراڵ نەی ئەتوانی دەنگی دایک و کوڕ بە باشی ببیسێ، مەگەر ئەو کاتانەی کە با ناوێکی لەگەڵ خۆی ئەهێنا: «ماراڵ. عەبدۆس.» کە وا بوو باس باسی ئەو بوو: «ماراڵ.» ماراڵ زیاتر گوێی هەڵخست، بەڵام سوودی نەبوو. با بە پێچ بوو. یەک ڕێ نەبوو. ئەبوا نزیکتر بی تا وشەکان بەر گوێی بکەوێ.

گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا و هاواری کرد:

ـ تاکوو ئێستا ئەبوایە نواڵەی وشترەکەت ساز بکردایە، ماڵکاول!

زیوەر نواڵە لە ناو دەستیدا لە دەرگای ماڵ هاتە دەرەوە و وتی:

ـ هێنام برا گیان. سازە. سازە. سەبرت هەبێ، سەبر!

بڵقیس لە ناو ڕێگە نواڵەکەی لە سەر دەستی زیوەر هەڵگرت و دای بە دەستی گوڵمحەمەدەوە. گوڵمحەمەد هەویرەکەی هەڵگلۆفی و پارچە پارچەی کرد؛ هەر کامە وەک گونکێک! گونکێکی خستە ناو گەرووی ووشترەکە و چاوەڕێی کرد تا وشتر قوتی بدات. زیوەر و بڵقیس لای شانیەوە وەستا بوون. گوڵمحەمەد لە لای قەپۆزی وشترەکە چۆکی دادابوو و وەکوو دایکێک کە تێگوشیو ئەدا بە مناڵەکەی، گونکە

هەویرەمانی ئەخستە دەمی وشترەکە و سەیری لاشەویلکەی ئەکرد کە بە ڕیتمێکی لەسەرخۆ ئەهێنرا بە سەر یەکا. لە کاتێکا دەستی لە دەمی وشترەکەدا بوو، درێژەی بە قسەکانی دا:

ــ زمانی ماری لە دەم دایە سەگبابی بێ غیرەت. مرۆڤ لە سەر سفرەکەی دائەنێ و تا بۆی بکرێ پارەی لە سەر ساخ ئەکاتەوە. داد لەم ساڵ و مانگە نەنگە! سەیر ئەکەی چۆن پیاو سووک ئەکا؛ من لە کوێ و مل شۆڕ کردنەوە لە کوێ؟ ئەویش لە لای ئەو گەووادە! ئەڵێم بابقولی بوندار هاتووم گەنم بەرم. تۆ پێت وایە ڕیخۆڵەیەکی ڕاست لە سکی ئەم کابرایەدا هەیە؟ هەه! سەرەتا دەسی دەسیت پێ‌ئەکا. پاشان بەقەد ڕەمەزانێک ڕەوزە ئەخوێنێ کە گەنم دەس ناکەوێ. گەنم لە کوێ بوو؟ ساڵ و مانگ نابیبی؟ قنی ئاسمان وەکوو چاوی کەڵەشێر تەنگ بۆتەوە. دیسانەوە زمان چەور ئەکەم: بەڵکوو کارێکمان بۆ بکەی. مافەتە کەوتۆتە گیانی پەزەکان. نەدار نین، ناچارین! سەر لە نوێ نازێکی کەرانە ئەکات. زۆری نەماوە بکەوم بە سەر دەست و پێیدا. مل خوار ئەکەم. داد لە دەستی ئەم زەمانە. هەر چی چۆن بێ ڕازیی ئەکەم. سەگباب ئەڵێی ئەیەوێ کچی نۆ ساڵان بدا بە شوو! تازە ئەکەوێتە بیانوو گرتن. ڕازیی ئەبێ گەنمم بداتێ. بەڵام بە نرخی خوێنی باوکی. چەن پێی خۆش بێ ئەکێشێ بە سەریدا. قەبووڵ؟ ئەمەش قەبووڵ ئەکەم. ئێستە ئەگاتە سەر سووەکەی! قەبری بابی. چی بکەم؟ دەمی کراوە، نانی ئەوێ! ئەڵێم تێرەکە پڕکە. کوڕەکەی، ئەسڵان خۆی تێ هەڵئەقورتێنێ و ئەڵی وەرە بۆ ئاش خۆم لەبری ئاردت پێ ئەدەم. ئەویش ئەیەوێ هەقدەسی ئاش، دووجار زیاتر، بخاتە سەری. ئەمیان ئیتر ناچمە ژێر بار. بیانوو ئەهێنمەوە و ئەچمە سەر قەرزکردنی پارەی نەخت. بە قەپ سەد و بیست تمەنی لێ ئەپچڕم کە بەهار دووسەد تمەنی

پێبدەمەوە. تازە پاش ئەم هەموو زمانبازییانە ئەوسا هەواڵی ڕەوەند ئەپرسێ. هاومامەڵەی سی ساڵەمان! سەگباب! شەرم لە چاوی گورگدا هەبێ لە چاوی ئەودا نییە. وەک بڵێی ئەوە ئەو نەبووە کە سی ساڵی ڕەبەق هاتۆتە ڕەشماڵەکانمان، ڕۆن و قەیماخی خواردووە، لە ناو خاوێنترین لێفەکانماندا خەوتووە و کۆتاییەکەشی بە چوار گەز چیت و پێنج مەن قەند و دە دانە دەرزی و سووژن، پێنج تەنەکە ڕۆنە کەرەی لە کەرەکەی ناوە و بردوویەتی!

وشترە نواڵەکەی قووت دا، گوڵمحەمەد هەڵسا، خۆڵی سەر چۆکی تەکاند و وتی:

ـ گەنمەکە خۆم بردم بۆ ئاشی شۆراو و لێم کرد. لە بەر ئەوە بوو وەدوا کەوتم.

بڵقیس پرسی:

ـ سەرجەم چەندەی کەوتە لامان؟

گوڵمحەمەد کڵاوەکەی لە سەری داگرت، دای بە دەستیا، تۆزەکەی تەکاند و وتی:

ـ چ بایەک بوو بەد کردار! کوێر بووم. ئەمساڵ ئەم بایە تەڵێک گیاش ناهێڵێ. پەزەکان ئەگەر بشمێنن، ئەبێ خۆڵ بمڵچێنن! چیت وت؟

بڵقیس تۆزی سەر شان و قۆڵی جلیسقەی کوڕەکەی بە دەستە پان و پۆڕەکەی تەکاند و وتی:

ـ پرسیم ئێمە چەنێک بە بابقولی بوندار قەرزار بووین؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ بزانە ئەکاتە چەن؟ لە جێیەک دووسەد تمەن، جێیەکیش دووسەد و دە تمەن. بیخەیتە سەریەک ئەبێ بە چوارسەد و دە تمەن. بەڵام چیمان بە دەستەوەیە؟ لە لایەک سەد و بیست تمەن پارە و لە لایەکیش چل مەن ئارد. لە پێست و ڕیخۆڵەی پەزەکانمان هەتا ئێستە چەندە

پارەمان خستبێتە گیرفانی ئەم کابرا نانەجیبەوە باشە؟ هەه! هێشتاش ڕەحمەتی خوا لە باوکی بێ. دیسانیش ڕەحمەتی خوا لە باوکی بێ. ئەمەشی نەدایە، چیمان ئەکرد؟

گەیشتبوونە بەر دەرگاکە. گوڵمحەمەد، بڵقیس، زیوەر و شێرۆ. گڕی چرا پڵیتە لە ناو ژوورەکەدا لەرەی ئەهات. گوڵمحەمەد پێی نایە ناو ژوورەکە. بە دوایدا بڵقیس و زیوەریش وەژوور کەوتن. شێرۆ پێی کشاندەوە و وەکوو مار بۆ لای مارال خوشا. مارال هێشتاش لە لای گوێی قەرە ڕاوەستابوو. شێرۆ وتی:

ــ تۆ بۆ لێرە کڕ کەوتووی؟

مارال وتی:

ــ خەریکم بە کا و جۆی قەرە ڕائەگەم.

ــ جۆ و کا تۆش لێرە نەبی، قەرە هەر ئەیخوات. تۆ خەریکی خۆت دڵتەنگ ئەکەیت؟

ــ نا، بۆچی دڵتەنگ بم؟

ــ هەرچی چۆن بێ غەریبی!

ــ غەریب؟ مرۆڤ لە ماڵی خۆی خۆ غریب نییە!

ــ ئەی بۆ لات گرتووە؟ شەرم لە گوڵمحەمەد ئەکەی؟

ــ شەرم بۆ بکەم! ئەویش وەکوو برای منە.

شێرۆ بە گاڵتە و ڕاست وتی:

ــ خوا نەکا تۆ برای وات هەبێ.

ــ لەبەرچی؟

ــ لەبەر ئەوەی ناتوانی لە بەردەمیا سەرت هەڵێنی. ناتوانی سەیری ناوچاوی بکەی.

ــ وا پێ ئەچێ زۆری لێ ئەترسی؟

ــ زۆر!

ــ بۆچی؟ لە بەر چی؟ برای وەکوو ئەو جێی شانازییە.

ــ سەختگیرە، کچێ خاڵۆ گیان.

ــ لە چی سەختت لێ ئەگرێ؟

ــ لە هەموو شتێک. سەیری پیاوێک بکەی لە ژێر دارا شین و مۆرت ئەکاتەوە.

ــ تا ئێستا کێی دارکاری کردووە؟

ــ خۆم، خودی من.

ــ لەبەر ئەوەی سەیری پیاوێکت کرد؟

ــ ئ . . . . . ا.

ئاشنایی. دەرگای ئاشنایی کرایەوە. لە نێوان دوو ژندا، ناوی پیاو کلیلێکە بۆ کردنەوەی قفڵێک کە هەر کامە دەرگای دڵی خۆیان پێ داخستووە. لای کچەی دەشتەکی، ڕاز چییە؟ بە چ ناوێک واتا ئەکرێ؟ بە ناوی پیاو! ڕەنگە بوترێ ژیان پڕە لە ڕاز. ئەمە ڕاستە. بێگومان وایە. بەڵام کچی باڵقی دەشتەکی تێکڕای ئەو ژیانە لە پیاودا ئەدۆزێتەوە. چ نیشانەیەک، لە پیاو لێی نزیکتر و، لە هەمان کاتدا دوورتریشە لێی؟ تا کچ و کوڕێک پێک بگەن، لە هەزار پێچ و خەم ئەبێ تێپەڕن. چەندەها جوتی گەنج لە ئارەزووی پێکگەیشتندا، پیر بوون. چەندەها ئارەزووی شەوی پەردەیان بردۆتە چاڵ. هەزار بەند ئەبێ لە پێت بکەیەوە تا دەستت بە دەستی یار بگات. لە بەر ئەمەشە ئەگەر باڵۆرەی دابڕان لە بیابان و دەشت دەنگ ئەداتەوە.

«لە کام هۆزی؟ لە کام تیرەی؟ بنەماڵەت کێیە؟ چیت لە دەست دایە؟ پەزت کامەیە؟ هاوتای کچم نیت! با ئەویتر بێت.»

ڕێ بۆ ئەویتریش ئاسانتر نییە. دیوار، دیوار. لە هەر دوو بەری دیوار کەونە جەوان ڕاوەستاون، تا بە کام کەمەند لە قەڵای پیران، قەڵای باوکان سەربکەون. کە وا بوو ئەوسا کە نیوەی گیانت هەنگاوێک ئەولاتر، لە بن دیوارەکە ماوەتەوە و دەستت پێی ئەگا و ناگا؛ ئایە ئەمە ڕاز نییە؟ ڕازە! ڕازێک لە

دڵـی هەمـوو کچێکـی دەشـتەکـی‌دا شـاراوەتەوە. پیاوێـک. خـەیاڵـی پیاوێـک. پیاوێـک کـە لای ئازیـزە و، نـاوی پیـاو لـە نێوان دوو کچ دا، دەرگایەکـە بـۆ کردنـەوەی ئاشـنایی. بلـّێ با پـەردە هـەڵدرێتـەوە!

بڵقیس سـەری لـە دەرگاکە هێنا دەرێ و هاواری کـرد:

ـ هـۆێ... کچـێ، بـۆ بـە جووتـە خۆتـان لـەو پەنـا حەشـار داوە؟ وەرنـە ژوورەوە. لـە نـاو ئـەو خۆڵـە بێنـە دەرێ. مەگـەر نابینن دیسـانەوە بـا هـەڵی‌کـردووە؟!

بـای هەمـوو شـەوێک. هەنـدێ جـار تـا بەیانـی زیاتـر دەوامـێ نەئەهێنـا. جاریـش هەبـوو شـەش شـەو و شـەش ڕۆژ یـەک بەنـد ئەهـات. با لـە با جیـا نەئەبوویـەوە. ئـەم بـا دیسـان هەڵیکردبوو. ئـەی لوورانـد، ئـەی نالانـد و خاکـی ئەشـەڵەژاند، لێکـی ئەهالاند، تێکـەل بـە خـاک ئەبوو، ئـەی تلانـد، ئەتلایـەوە و وەک لبادێـک کـە لـوول بـدرێ، بـە خاکـی دەشـتدا لوولـی ئەخـوارد، لەشـی بـە بیابانـی سـووتاودا ئەسـاوی و قنەلاشـکی هەڵکەنـراوی لەگـەڵ خۆیا ئەبـرد، دوور ئەکەوتـەوە و شـەپۆلی خۆڵـی لـە هەمـوو پەنایـەکـدا دائەبارانـد و دیسـانەوە سـینگی بـە زەوی‌دا ئەکێشـا، چنگـی لـە ئێزنـگ و دەوەن وەرئـەدا، لوولـە ئەبـوو، لوولـەی ئەکرد، ئەیبـرد بـە حـەوادا، سـووڕی ئەخـوارد و بە قەبارەی خـۆی هەورێکـی ئـەدا بـە سـەر چـاوی ئەسـتێرەدا. جێـی تەنـگ ئەکـرد، ماڵـی تەنگ ئەکـرد، دڵـی تەنـگ ئەکـرد.

لـە کەوشـەنی بیابانـی خوراسـان‌دا ئەگـەر زابێتـی، لەگـەڵ بـا هـاوزادی. بایـەک لـەو جـۆرەی کـە لـەش بـە ڕوخسـاری جوانـی یەزددا ئەکێشـێ و لـە سـەرپەنجەی دار خورماکانـی تەبەس‌دا خۆی لـوول ئـەدا. بـای سـووری دەشـتی خـوێ. بـای بـێ ئەمـان. چاوەکانـی خولقـاوی کەویـر پێـی ڕاهاتـوون، پێسـتی ڕوومەتیـان بۆیـە وەک چەرمـە. لێوەکانیـان بـە بـاوەز وشـکەڵاتوون، قەڵەشـیون. لـە بادا ئەگـەر ڕێ بکـەی ڕوومەتـت ڕەنگێکی‌تـر پەیـدا ئـەکا. برژانـگ، سـمێڵ، قژ و مووی لووتت گشـت بێڕەنگ ئەبن. ڕەنگیان ئەچێ.

دەمامکێکی خۆڵ ڕوخسارت دائەپۆشێ، کڵاوت خاک. سەڵتە هەر خاک، بن ددانەکان، چاڵ و چۆڵی ناو گوێ، سیلەی چاوەکان خۆڵی تێ ئەخزێ. وردیلە دەماری ناو چاوەکان سوور ئەبن، پێڵووەکان سوور ئەبن و گنجی پشتمل و تەوێڵ قووڵتر دیار ئەدەن و گەروو وشک ئەبێ.

وای لێهاتبوو گوڵمحەمەد! سەرەتا ئەبوایە سەر و قژ بشوا. ڕابە. ڕابە. مەنجەڵی ئاو هێنرا دەرێ. بڵقیس ڕێگەی بە زیوەر نەئەدا. ئەمە ئیتر نا. با خۆم کاکۆڵی بشۆم!

ــ وەرە کچێ ئاو بکە بە دەسما. یەکتان وەرن ئیتر!

ماراڵ و شێرۆ بە گوزمێک هاتنە پێش. بڵقیس بابیەکەی دا بەدەس ماراڵەوە:

غەریبە نیت خۆ. ئاو بکە بە دەسما. تۆش شێرۆ بچۆ ئەو کوندەیە بهێنە بیکەرە ناو مەنجەڵەکە. تۆ بۆ لەوێ وشک بوویت. بۆ چاکە بۆ مێردەکەت گەرم ناکەیتەوە؟

ــ چا گەرمە.

زیوەر ئەمەی وت و پێی نایە دەرگانەی دەرگاکە. لە ناخیدا نەڕەیەکی دڕندانە هاواری ئەکرد:

«لانیکەم بهێڵە با سەر و قژی شووەکەم خۆم بیشۆم. خۆزگە سەرم ئەچووە بن گڵ!»

بەڵام ئەو نەڕەیە تەنها لە ناو کاسەی سەریدا، لە دڵ و دەمارەکانیدا دەنگی ئەدایەوە. خۆی ئەیوت و هەر خۆی ئەی بیست. دەستی کرد بە کۆڵەکەی ژێر چەنەی. ئەمەش هاتنەوەی گوڵمحەمەد!

«ئەی کەی لێی ئەگەڕێن و ئەیدەن بە من؟ سەیرکە چ دەستێک بە سەر و قژیدا ئەهێنن! ئەڵێی کۆرپەیە و تازە لەدایک بووە. بە ناخێری پیاوە، پیاو. مردم. بیدەنەوە بە ژنەکەی! باشە، باشە! لێمی بسێنن، داگیری کەن. مۆمیایی کەن. لە بۆ خۆتان لە شووشەی خەن. بەڵام ژنی ئەو منم!

منیش ددانم هەیە. ئەتوانم بجاوم. ئەتان جاوم. قوڕقوڕاچکەت بە ددان ئەجاوم، بڵقیس!»

هاتنەوەی گوڵمحەمەد، کە زیوەر بە ئارامی خۆی ئەزانی، بوو بە ئاورودووی خەرمانی گڕی دڵی. غەم نا، نەفرەتێکی ئاوێتەی غەم، سات لەگەڵ سات پەنجەی تیژی خۆی بە سەر ڕوخساری زیوەردا پان ئەکردەوە. زیزبوونێکی قووڵ. تەختی ڕوخساری پیر ئەبوو. گنجەکانی قەراخ چاوی، هێڵی پشت بڕۆی، چاڵی ژێر گۆنای بە چاوی دەروون ئەبینی کە قووڵتر و قووڵتر ئەبن. بیابانێک وشک و بەیار. بێ شان و شکۆ. بێبەر. دەست و پێی زیوەر ئەتوت وزەی جووڵانیان نەبوو. لەوێ مشتێک ئێسقان دانیشتبوو، نەک ژنێکی لە تروپکی خەملینی ژندا. ژنێکی سی و پێنج ساڵان. نیشانەیەک لە بێزاریی، هیوا بڕاویی! ژاکان و تاڵی. کیسەیەک پڕ لە ژەهر. فرێ دراو و بێ پەیوەند. بێگانەی کەسوکار و تیرە و هۆز. تەنها دڵخۆشی گوڵمحەمەد بوو و بەس. وەک بڵێی بەدەر لە گوڵمحەمەد شتێک، کەسێک نەی ئەتوانی لە لای زیوەر بوونی هەبێ. باری دڵیشی ڕەنگە هەر لە بەر ئەمە بوو کە زیاد لەوەی کە ئەبوا عاشقی گوڵمحەمەد بوو. ئارەزوومەندی شووەکەی خۆی بوو. هەموو ئەو شتەی کە نەیبوو و هەر ژنێک ئەیتوانی هەیبێ، لە گوڵمحەمەددا بۆی ئەگەڕا. بە بێ ئەوەی بیدرکێنێ. بە بێ ئەوەی داوای بکات. تەنها بەدڵ ئەمەی ئەویست. بۆ ئەمەش بوو وا قووڵ ئەیویست. بێزمان. دەرد لەم خاڵەوە سەر دەردێنێ. زمانی پسک و بەرینی گیان. دەشتی گڕگرتوو لە پشت لێوی داخراوەوە. بڵێسە، بڵێسەیەک کە پایانی نییە و وا دیارە سەرەتایشی نەبووە؛ لە کالانەی چاوەکانیەوە بڵێسەیان ئەکێشا. دەشتی سووتاو، دەشتی سووتاو!

ئێستە، ماراڵ هاتبوو. هاتنی، تەنهاییەکەی، بێ کەسیەکەی، ڕۆژگاری، گەنجێتی، خزمایەتی، ئامێزی ئاوەڵەی

بڵقیس، ناوچەوانی تێکچڕژاوی گوڵمحەمەد لە فڕینی نیگای بۆ مارالّ؛ ئەمانە هەمووی، هەمووی، بە ئاشکرا و نهێنی، تاریک و ڕوون، بەڵام هەر چۆن بێ بەهێز و هاندەر، سەرچاوەی دڵی تاریکی زیوەر بوون. ئەمانە، ئەتوت هەر کامەیان زمانی ترسناکی مارێک بوو کە لە هەموو لایەکەوە زیوەریان دەورە دابوو. سێبەری ترس بە ڕوخساری داتەکاوی زیوەرەوە ئەلەرزی. ڕەنگە هیچیش ڕووی نەدایەت، تەنانەت هیوای ئەوەش هەبوو مارالّ لەم ماڵ و ڕەشماڵە نەمێنێتەوە، بەڵام ئەو ڕێگەی کە دڵی تاریکی زیوەر گرتبوویە بەر، وای نەئەوت. دڵی ژن دڕدۆنگە و مێشکی وەکوو تانجی ڕاوچی بۆزەنە و بۆنەکان ئەناسێ. دڵی زیوەر ئەیوت مارالّ نەئەبوا پێی بنێتە ئەم ماڵەوە. دڵی وای بۆ ئەچوو. مارالّ نەئەبوا پێ بخاتە سەر ئەم بەڕەیە. بەڵام ئێستە کە وای لێهاتووە، پارچەیەکی گیانی ئەو ئەبا بۆ خۆی. مارالّ ژنێکی تەنهایە. ژنێک کە خوێنی تازە لە گۆناکانیدا ئەگەڕێ. دەستەکانی خەپەن و دەماری شین لە ژێر پێستیەوە دەرنەپەڕیوون. زیوەر، خۆی مێینە بوو. ئەی دی و بڕوای وابوو. لەرینەوەی مەمکەکانی مارالّ ئەیتوانی دڵی هەموو پیاوێکی تامەزرۆ بخاتە جووڵە و جووڵانەوە؛ چاوەکانی! ئەی لەو چاوانە، بۆچ ئەوەندە ئارام و بێتاوان خۆیایان ئەکرد. دڵی زیوەر حەزی ئەکرد ناخی ئەو چاوانە پڕ لە بەد ڕەفتاریی، خراپە، دفرەبوون و ئاڵۆزیی چەتوونانە بوایە، بۆ ئەوەی ئەو بتوانێ ڕقیان لێ هەڵگرێ. دوژمنی، دوژمن ئەویست. بە بێ ڕووپۆشی پاکیزە بوون. بە بێ هیچ خاڵێکی بەزەیی بزوێن: با ون بن ئەم پاکیە دەستوپێگرانە! کوڵەفیتنە. با خراپە گیانی بگرێ. ئەوەی کە شیرەکەم بەرامبەر بە دوژمن کول ئەکا؛ دەبا ون بێ. دڵە ناسکەکەی خۆم ئەنێژم. تۆیش وام سەیر بکە. دەڵە گورگێکی دڕ. ناکەسێک کە ئەمجارە نایهەوێ قوربانیەکەی لە ناو بەرخەکان هەڵبژێرێ. شەڕی گورگە لەگەڵ گورگ!

چنگ و کەڵپە تیژ کە. ئەم پێکەنینە شیرینە لە سەر لێوت هەڵئەکەنم. ئەوەندە بەناز قسە مەکە. خۆت شیرین مەکە. ئەم لەش و لارە گەنجەت ئەوەندە با مەدە. مەمکەکانت بە چەقۆ هەڵئەدڕم. چاوە نەرم و شەنگەکەت لە سەر ڕێگەم مەکە بە لەمپەر. ئەو لەمپەرەت لێ ئەڕووخێنم، ئەڕووخێنم!

تای تووڕەیی، زیوەری ئەڕووخان.

ــ بۆچی هەر وا وەکوو گورگ دانیشتوویت و چاو زەق ئەکەیتەوە؟ دەستت نییە کەونە جلێک هەڵگریت و سەروچاوی وشک کەیتەوە؟

دەنگی بڵقیس، زیوەری ڕاوەشاند. ڕابوو. گوڵمحەمەد، بە سەر و ملی تەڕەوە، لە لایەوە وەستابوو. تۆزێ سەری دانەواند بوو کە ئاوەکە، لەوە زیاتر نەتکێتە ناو یەخەی کراسەکەی. زیوەر جێگەی وەستانی نەدۆزییەوە.

«دەستم هەیە، بەلام دەستی درێژتر لەهی من زیاترە.»

لە دەرگاکە چووە دەرەوە و لە ناو پەناگەکەی خۆی، دیوار بە دیواری ژوورکەی بڵقیس، ون بوو. بڵقیس کۆنە کراسێکی دۆزییەوە. سەر و ملی گوڵمحەمەدی وشک کردەوە. دانیشتن؛ شێرۆ لای وەجاخەکە، مارال لای دەرگاکە و بڵقیس بەرامبەری گوڵمحەمەد. شێرۆ لەسەریەک پیاڵەی چاکەی پڕ ئەکردەوە و لەبەردەم براکەی دای ئەنا، بەڵام زیوەر هەواڵی نەبوو. تەنها شێرۆ خوشینە مارئاساکەی ئەوی بینی. خۆمانین، کەسیش لە بیری ئەودا نەبوو. یان وای دەرنەئەخست کە هەیە. ئەوە سەرنجە تیژەکەی شێرۆ بوو کە هیچ شتێکی لێ ون نەئەبوو. تیژ و خێرا، هەموو شتێکی ئەبینی. هەستی زیندوو و پاکی جەوانی. پزیسکی سەرنجەکانی گوڵمحەمەد، دڕی ئەدا بە تاریکی. گرێئەستێرەی سەرهەڵگرتوو و درەوشاوە؛ کورت و تێپەڕ. ئەستێرەی کلکدار. شێرۆ سەرەرای هەموو ئەمانە لە خۆیدا بوو. لای ماهدەرویێش. نیگای لە دەرەوە بوو و گیانی لای

ماهدەروێش. بەرەگەی ڕوانین ئاوێنەیەک زیاتر نەبوو تا شێرۆ ماهدەروێشی خۆی تیا ببینێ: ئەم هەمووە بە من چی؟ هەر کەسە و کاری خۆی.

بلّقیس نەی ئەبڕییەوە. بەردەوام باسی عەبدۆسی ئەکرد و ئەوەی بە سەری هاتبوو: لەو ڕۆژگارەی کە ڕابردبوو؛ باسی مارالّ. بۆ مارالّیش باسی گوڵمحەمەد، براکانی، مەدیار، خانئاپۆ و ئەوانیتری ئەکرد؛ کەلمیشی و سەبرخان.

ـ پیاوەکان ئێستە زۆربەیان لە کەلیدەرن.

با بیلّێت. چی پێ خۆشە با بیلّێت. بەڵام کوا گوێی بیسەر! گوڵمحەمەد و مارالّ، هیچکامیان دەربایسی ئەو شتانە نەبوون. بلّقیس ئەیوت. ئەو دووانە گرفتاری خالّێک بوون لە ناو بازنەی خەیالّدا. خالّێک لە یادێکی هاوبەش. بە گوێرەی ئەوەی بیریان ئەکردەوە. بۆ مارالّ دەرکەوتبوو گوڵمحەمەد خاوەنی ئە چاوانەیە لای ئاوەکە بینیبوونی. گوڵمحەمەدیش دلّنیا بوو. بەڵام ئەوەی کە خاوەنی ئەو لەشە، لێرە، لە بن دیوارەکەدا دانیشتبێ، ئەی خستە گومانەوە.

ئەو پەرییە ڕووتەی ناو ئاوەکە، ئایە ئێستە لێرەکانێ بوو؟ لێرەیە؟ داپۆشراوی ئەو جلانە؟ جل؟ کامە جل؟ گوڵمحەمەد هەتا ئێستە کچەی بە پۆشتەیی نەبینیبوو. بە ڕوتی بینیبووی. لەش، نەوەک کراس. ئەم کچە ئایە، هەر هەمانە؟ ئەلوێ ئەو نەبێ؟ خەونە یان خەیالّ؟ چ خەوێک؟ چ خەیالّێک؟ ئەوە نییە ئەسپە ڕەشەکەی لەگەلّ کچە بوو، وا لەوێ بەستراوەتەوە؟ نە مەگەر ئەو چاوانە بوون کە داچەقاوی ترس تێیڕوانیبوو و لێی هەڵاتبوو؟ نەء، چاوەکان درۆ ناکەن. لە نیوەی ڕۆژێک زیاتر تێنەپەڕیوە. بە نیو سەد سالّیش ئەو ساتانە لە بیر ناچنەوە. ساتی تاقانە و تایبەت. ئای ئادەمیزاد، خالّۆزایەکی ئاوەهات هەبوو، بە بێ ئەوەی ئاگا و هەوالّت لێی بووبێ؟ لە ناوچەوانی تۆدا چ چارەنووسێک نووسراوە؟! ئەو ئێستە بیر

لـە چـی ئەکاتـەوە؟ مـاراڵ؟ هـەر نەبـێ وشـترەکەمـی لـە بیـرە. مسـۆگـەر. مەگـەر ئەکـرێ لـە بیـری بردبێتـەوە؟

مـاراڵ لـە جەنگـەی کامە خـەیاڵدا بوو؟ مێشـکی بە چییەوە خەریک بـوو لـەو کاتـەدا کـە بڵقیـس بـۆ سـاتێکیش بێدەنگ نەئەبـوو؟ بەسـتراوی هەوسـارێک و بزمارێـک. لـە هەمـان بازنـەدا قەتیـس مابـوو. ئـەو. هـاڵاوی گـڕی نیـوەڕۆ. گەرمـای تـاو و فێنکـی ئـاو. چـۆن ئەیتوانـی لێـی لابـدات؟ چاوانـی ڕەش، هـەر وا بـە لقـی زەلـەکانـەوە هەڵواسـرابوو. چـاوەکان لێرە بـوون. ڕووبەڕوو. هەمان یەکـەم نیـگا، ماراڵـی لەرزاندبـوو. هەڵواسـراوی پەنجـەی زەڵان. ئاوێـزی خـەیاڵـی مـاراڵ. تووکـی لەشـی ڕاسـت بوونەتـەوە. ناتوانـێ سـەیری گوڵمحەمـەد بـکات. ئـەم کالانـەی چاوانـە هێلانـەی مـار بـوون. شـێرۆ بـە بـێ هـۆ باسـی دووپشـکی نـاو چاوەکانـی براکـەی نەکـردبـوو. ئـەی کـە چـز وەشـێن بـوون. تیـژ و گـەش، لـە کالانـەی قوولـێ چـاوەکاندا، لـە ژێـر بـرۆ نـووک تیژەکانـیدا، لـە ڕوخسـاری کشـاویدا خـۆی حەشـار دابـوو. چەناگـەی بـەرز و پـان، بـەڵام ڕەق. بـەردی خـاراو. لووتـی ڕاسـت و ڕێـک بـە نووکێکـی تـۆزێ چەمـاوە. بـە بـێ هیـچ جیاوازییـەک لەگـەڵ پیاوانیتـر. بـێ یـاڵ و باهـۆ. ڕەنگـە وردیلەتـر لەوانیتریـش. بـەڵام چـالاک و کارامـە. کەڵـە کێـوی. دەسـتێک بـە دار و پێیـەک لـە سـەر ڕێ و تووڕەییەکـی نووسـتوو لـە بـن پێسـتی کشـاوی ڕوخسـاریدا. نیشـانەیەک لـە دایـک، کێشـەرێک کـە لـە سـەرەتاوە ڕاێ نەئەکێشـا. چەمکـی گوتەیـەک. پیاوێـک لـە قەڵافەتـی ڕەوەزێکـی پـڕ لـە شـکان و تـەڵاش تـەڵاش. تیـژ و نارێـک. شـان، ئەژنـۆ، دەسـت، گـۆنا، تەوێڵ. ئێسـکی لێـک گرێـدراو و تیـژ، کـەم گۆشـت.

خەڵکـی خوراسـان بە کەسـێک گۆشـتی لە ئێسـکی قورسـتر بـێ ئەڵێـن بێغیـرەت. گۆشـتی لە ئێسـکی زیاتر بـێ. گوڵمحەمەد وانەبوو. ئێسـکی لە گۆشـتی قورسـتر بوو.

ــ مەگـەر ئەمشـەو ناتەوێ نان بخـۆی؟

زیوەر بوو. خۆی پێ ڕانەگیرابوو. هاتبوویە بەردەرگاکە و سەری کردبوو بە ژوورا. گوڵمحەمەد سەیری کرد و وتی:
ـ بۆچی ناخۆین. ئەمشەو کچی خاڵۆ تازە هاتووە، هەر چیمان هەیە بیهێنە، لە سەر سفرەیەک پێکەوە بیخۆین.
زیوەر، سەری بردەوە دەرەوە و بە سەر سوورمانەوە وتی:
ـ شێوی ئێمە شیاوی کچی خاڵۆ نییە. هەستە وەرە.
گوڵمحەمەد دەنگی بەرزتر کردەوە:
ـ سفرەکە لەوێ ڕاخە. ئێمە دێین بۆ ئەوێ.
زیوەر زمانی بەسرا. ئەگەر یەکێک بیەوێ بێتە سەر سفرەت، دابی کوێیە دەس بنێی لە ڕوویەوە؟ وتی:
ـ شێرۆ نانی گەرم بهێنە.
بڵقیس لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:
ـ ئەم سفرەی جیا، کاسەی جیایە ئەو هێنای بۆ ئەم ماڵە!
شێرۆ چەن نانێکی خستە سەریەک، بڵقیس جامێک ماستی خەستی تێکرد، لە سەر نانەکەی دانا و هەموو پێکەوە لە ماڵەکە چوونە دەرەوە. ماڵ بۆ ماڵ.
گوڵمحەمەد چاو چلێس نەبوو. بەڵام مەگەر ئەلوێ نەبێ؟ دووری دەرگاکە وەستا تا جارێکیتر قەد و باڵای ماراڵ ببینێ. تا ڕۆینەکەی سەیر بکات. شانەکانی، باسکەکانی کە لای سەرقۆڵەکانی کراسەکەی، تەنگ ببوو و گووشرابوو، سووری کەمەر و چینی داوێنی. ڕاستیەکەی شەپۆلێکی شەوق و ترسیان ئەخزاندە دەروونی گوڵمحەمەدەوە. پێی لە دەرگا خستە دەرەوە. نیگایەک بۆ وشترەکەی خۆی و نیگایەک بۆ قەرەئاتی ماراڵ. چارە نەبوو. چووە ژوورەوە. سفرە ڕاخرابوو و زیوەر، وەک قەرەواش، لای سفرەکە ڕاوەستابوو. دانیشتن. سفرەی بێشکۆ. زمانی گوڵمحەمەد کرایەوە:
ـ کچی خاڵۆ، خۆت ئەزانی، ئەمساڵ وشکساڵی بوو.

سفرەکەشمان بۆیە ڕەنگی نییە. بەگەورەیی خۆت بمانبوورە.

مارالْ نەیتوانی وەڵامی بداتەوە. بزەیەکی زەڵاڵ لە چاوەکان و دەوروبەری لێوەکانیدا بە پەڕاگەندەیی مایەوە و چاوی لە هێڵی نیگای گوڵمحەمەد دزییەوە. کام و دەمی وشک ببوو. پاروو لە گەروویدا بوو بە دڕک. شێرۆ جامی ئاوەکەی دا بە دەستی مارالەوە.

قسە زۆرە. بەڵام جێگەی قسە نییە. ماڵی زیوەر، سفرەی زیوەر، ڕواڵەتی زیوەر دەرفەتی خۆش بلێیی نەئەدا. هەر کەس گیروگرفتی خۆی هەیە. هەر چەن ئەم گیروگرفتە لە هی ئەوانیتر جیا نییە. بەڵام کاتێکە وشە ئەبێ بە بەرد و، زمان و دەم کارێزێکی توەندەرتووە، هەر کەسە و بەناچار گرفتاری خۆیەتی. زمان ڕوو بە ناودەم وەرئەسووڕێ. هەر مرۆڤێک پارچە بەردێکە. ئایە دەروونی بەرد ئارامە؟ پێم وانییە. با، ئارام بووە.

مارالْ و شێرۆ لە ماڵ هاتنە دەرەوە. شێرۆ جێی داخستبوو. شێرۆ باوێشکی دا، باسکی بۆ سەرەوە کێشایەوە و مەچەکەکانی نایە سەریەک و بە تلاوتل چوو بۆ سەر جێگەکەی. خۆی لە سەر لێفەکە تلاندەوە، لوول بوو، لە سەر سک و سینگی ڕاکشا، دەستەکانی دایە ژێر چەنەی و چاوی بڕییە هەنگاوە قورسەکانی مارالْ. مارالْ ئەهات، داوێنی کراسەکەی بە دەور پووزەکانیدا شەکەی ئەهات و دەستی نابوویە لاکەلەکەی. گەیشتە لای جێگەکە. کڵاشەکانی داکەند، جوتی کرد و لە لایەکەوە داینا و لە سەر جێگەکەی دانیشت و سەیری ئەسپەکەی کرد. شێرۆ مەچکی دەستی خالۆزای گرت و لە سەر جێگەکە تلاندییەوە. بەڵام مارالْ دڵ و دەماخی گاڵتە و گەپی نەبوو. ڕاست بوویەوە و وەکوو یەکەمجار دانیشت و دەستەکانی کرد بە قولاپی ئەژنۆی. شێرۆ لە دارەتی ئەو -دارەتی خۆی- تێ ئەگەیشت. بە سادەیی وتی:

ـ دڵتەنگی؟

ــ هەم.
ــ لە چی؟ لە کێ؟ نیگاکانی زیوەرت لە بەر گران بوو؟
ــ نەء.
ــ ئەی چی؟ لە بیری خاڵۆ عەبدۆس دای؟
ــ نەء.
ــ ئەی چی؟ کاکەم گوڵمحەمەد گفتی لەگەڵت خۆش نەبوو؟
ــ نەء. بۆ خۆت بخەوە. من ئەمڕۆ لە سەر ئەسپەکە وەنەوزێکم دا.
شێرۆ وتی:
ــ بمەوێ و نەمەوێ خەو ئەمباتەوە. جا بۆچی خۆم خۆم بخەوێنم؟ خەو خۆی دێت.
ماراڵ پێکەنینێکی نەرمی لە سووچی لێوەکانیدا هەست پێکرد، ڕووی کردە شێرۆ و وتی:
ــ تۆ، ئەڵێی غەمت لەم دنیایەدا نییە؟
ــ چۆن غەمم نییە! مەگەر دڵم نییە؟
ــ غەمت چییە؟
ــ من لە تۆم پرسی.
ــ من... من...
شێرۆ ڕستەکەی خواردەوە. نەی ئەویست ئەوەی لە دڵیدایە، بە زمان بیڵێت. زمانی بۆ درۆ چەور بوو، بەڵام ئەمجارەیان پسک بوو. ماراڵ وتی:
ــ من غەمی تۆ ئەزانم.
شێرۆ لێی هەڵگەڕایەوە:
ــ لە کوێوە؟
ماراڵ بێدەنگی خۆی نەشکاند. مایەوە، هەر وا کە بوو. لێوی قفڵ و چاوی لە خوار. شێرۆ ڕاست بوویەوە و باسکی ماراڵی گرت و وتی:

ـ ئا؟ لە کوێوە؟ تۆ لە کوێوە غەمی دڵی من ئەزانی؟

با ئارام ببوو. ئارامتر. ماراڵ، بە بێدەنگی ڕاکشا. بە سەر پشتدا. بەلەکی دەستی وەک مردووەکان خستە سەر تەوێڵی و چاوی بڕییە ئاسمان. ئاسمانی، بە با شۆراو، پڕاوپڕی ئەستێرە بوو. زەڵاڵ و قووڵ. وەک هەمیشە کە نیگای بۆ لای خۆی ڕائەکێشا. ئەستێرەکان، وەک چلوورەی زیو، بە لەشی شەودا شۆڕەوە ببوون. بریقە بریق. مانگ هێشتا هەڵنەهاتبوو. ورشە و گەشەی چلوورەکان. نیگای ماراڵ لە نێوانی ئەستێرەکانەوە تا ناخی ئاسمان ئەڕۆیشت. شێرۆی ئوقرە لە بەر بڕاو هەوڵی ئەدا دەمی ماراڵ بکاتەوە؛ بەڵام دڵی ماراڵ بێدەنگ بوو. بێدەنگی ئەویست. دڵی وای ئەویست تا دوا کاتی شەو، تەنها سەیری ئەو سەرە بکات و لە ناو خۆی و خەیاڵی خۆی و غەمی خۆیدا بتلێتەوە. بەڵام شتێک ئازاری ئەدا. شتێک کە وەکوو پەڵەیەک بە ڕووکاری مێشکیەوە لکابوو. پیاوێکی ڕەشتاڵە بە مێزەری سەوزەوە: ماهدەروێش.

ماراڵ دوودڵ بوو. نەک دوودڵ، سەد دڵ بوو. پەیامی ماهدەروێش بە شێرۆ بدات یان لە بیری خۆی بباتەوە؟! هەر دوو شێوەی بە هەڵە ئەزانی. هەر شێوەیەکی شەڵەژانێکی بۆ ماراڵ بە دواوە بوو. قسەکەی ئەگەر لە ناو سینگیدا بشاردایەتەوە و نەیوتایەت، هەناسەی سوار ئەبوو. چونکە ئەبوو بە پەرژینی نێوان دوو دڵ.

دڵ و دەروونی عاشق بۆ ماراڵ بێگانە نەبوو.

ئارەزووەکانی شێرۆ و ماهدەروێشی هەست پێ ئەکرد. هەم ئەوەش کە خۆی لە شێرۆ بە نزیک ئەزانی. دەسڕی هەورێشم ئەگەر هەمووانی لە شێرۆ دابڕیایەت، ماراڵی بە شێرۆوە ئەبەستەوە. عەشق، ڕێزی ئەو پردانەی کە بۆ بەئاکام گەیشتن بە سەریاندا تێپەڕیوە، ئەگرێ. بەڵام ئەگەر ماراڵ بێباکانە زمانی بکردایەتەوە و پەیامەکەی شێرۆی بگەیاندایەت،

کـێ ئەڵـێ کچـە بـەو نیوەشـەوە بـە هـەوای ماهدەروێش پەتـی نەئەپچڕانـد؟ ئەگـەر بڕۆیشـتایەت، ڕەدوو بکەوتایـەت -کـە بـە دڵنیایـی وا ئەبـوو- بەیانـی چـی ڕووی ئەدا؟ بڵقیس و گوڵمحەمەد و کەلمیشـی کاتێکـە ئاگادار ئەبوون و قاڵ ساز ئەبوو، چـی؟ ماراڵ ئایـە ئەیتوانـی هەڵچوونـی دڵـی بڵقیـس، گڕگرتنـی ئـەو ببینـێ و خـۆی ڕابگـرێ؟ پـرچ ڕنینـەوەی بڵقیـس، ڕیـش ڕنینـەوەی کەلمیشـی، گرمۆڵـە بوونـی گوڵمحەمـەد و نیـگا تیـژ و ملۆزمەکانـی ببینـێ و دیسـانەوەش خـۆی ڕابگـرێ؟ ئایـە گومانیـان لـەو نەئەکـرد؟ بـەد گومـان ببـن یان نەبـن، ئایـە ئـەو ئەیتوانـی ئاگرێـک لـە دڵـی هەمـوان داگیرسـێنێت و خـۆی لـە قەراخێکـەوە، بـە بـێ هـەر اوهوریا، سـەیریان بکات؟ ئـەم دووروویيـە لـەدەس ماراڵ نەئەهـات. ئـەی چـی؟ لـەم کاتـەدا چـی ئەبوایـە بکردایـەت؟ حەسـابی ڕۆژ و ڕۆژگاری خـۆی چـی لـێ ئەهـات؟ ماراڵ تـازە بـۆ ئـەم هێلانەیـە فڕیبـوو. حـەزی نەئەکـرد ئاژاوە سـاز ببـێ هەتـا ئـەو جێگیـر ئەبـێ و خـۆی ئەگـرێ. ئارامیـی ئەویسـت. ئاژاوەی نەئەویسـت. شـەپۆلی تووڕەیـی لـە ماڵەکـەدا بەرپا ئەبوو. هێمنـی ئەویشـی تێـک ئـەدا. ئەگـەر هەسـتیان پـێ بکردایـەت ئـەو چەپکـە گوڵەکـەی داوە بـە ئـاوا، ئەوسـا چـی ئەبـوو؟ چـۆن ئەیتوانـی سـەیری خەڵکـی ماڵەکـە بـکات؟ ئایـە دیسـانەوەش ڕێگەیـان ئـەدا لـەوێ بمێنێتـەوە و، دەرفەتـی ئەوەیان پـێ ئـەدا چـاو ببڕێتـە چـاوی خانەخوێکانـی؟ مـاراڵ دەربـارەی ڕق ئەسـتووری تیـرە و هـۆزی خـۆی، هـەم دەربـارەی ڕق و خوێـن لەچـاو بوونـی کورد و بەلـووچ هەنـدێ شـتی ئەزانـی. چـارە نەئەمـا، مەگـەر ئـەوەی خوێنێـک بکـرێ. ئەوەنـدە بـەس بـوو، ماهدەروێش بکەوێتـە بـەر پلـی گوڵمحەمـەد.

بـەڵام تـۆ سـەیری ئـەو دێوانەیـە بکـە چەنـد نەترسـانە خـۆی ئـەدا بـە ئـاو و ئاگـردا!

سـەیری شـێرۆ بکـە! مـاراڵ ڕووی تێکـرد. کچـە سـەری

چەقاندبووە ناو لێفەکە و کپ ئەگریا. سەیرە! کە چەن زوو دیوا و دیو بوو! مەگەر ئەو نەبوو ساتێک لەمەوبەر بە سەروبەچکی مارالّدا هەڵئەگەڕا! مەگەر ئەو نەبوو قاقاکانی لە ترسی گوڵمحەمەد لە گەرووی‌دا ئەخنکاند؟ چی ڕووی دابوو ئەی کە لە ساتێک‌دا ئەو هەموو خرۆشی شەوق و هەڵخە و داخەیە جێی خۆی دابوو بەو غەمە دڵتەزێنە؟ چەن پاکیزە! وەک منالّێک: چەندە ناسک و تەرچک بوو. ئەتوت دڵی لە بلوور بوو. مارالّ خوشکانە خزایە تەنیشتیەوە و دەستی هێنا بە خەرمانەی کەزیەی‌دا. پاشان سەری بردە بن گوێی، ماچی کرد و وتی:

ــ سووچی من نییە شێرۆ گیان، لێم زیز مەبە. قسەیەکم لە دڵدایە، جەربەزەی وتنیم نییە. دڵم لە لای تۆیە، بەڵام چی بکەم کە ئەترسم. جا کەوایە تۆ شتێک بڵێ. هەر چیت هەیە باسی بکە، بەڵکوو بە وشەیەک بتوانم لەگەڵت بکەوم. دیارە شتێکت لە دڵدایە، بەڵام باسی ناکەی. زمان ئەپارێزی! بە غەوارەم ئەزانی. پێت ئەڵێم وا بیر مەکەرەوە. منیش وەک تۆم. دڵت ئەخوێنمەوە. بەڵام حەز ئەکەم لە زمانی خۆتی ببیسم.

شێرۆ گریانی بڕاندەوە و بێدەنگ بوو. مارالّ چاو و گوێی لەو بوو. شێرۆ لەوە زیاتر نەیتوانی خامۆش بێ. لێوی ئەگەر نەبزواندایەت، غەم لە سینەی‌دا ئەتەقی. بە فینگە فینگی گریان نەئەکرا. ڕیسوایی بێهوودە. سفرەی دڵی ئەبوایە بکاتەوە. کە وا بوو، کپ و لەسەرخۆ وتی:

ــ ئەوا حەوت شەو زیاترە چاوەڕوانیم. چاوەڕوانی تەتەرەکەی، پەیامەکەی، کات ئەژمێرم. بەڵام هیچ هەواڵێکی نییە. چاوم بڕیوەتە بایش، بەڵام هیچ، هەر هیچ. هەموو شەوێک لە دەرەوە ئەخەوم بەڵکوو بێتە سەر جێگەم، بەڵام هیچ. تا نیوەشەوان چاو لێک نانێم، بەڵکوو دەنگی پێی بێ،

بەڵام هیچ. هەموو ئێوارەیەک ئەچمە سەربان و بە هەموو لایەکدا چاو ئەگێڕم، بەڵام تۆزی سمی ماینەکەشی نابینم. ئەچمە سەر کارێز، بەڵام تارماییەکەشی بەبەر چاومدا تێناپەڕێ. هیچ، هیچ، هیچ. سەیری پێکەنینەکانم مەکە. دڵم شەلاڵی خوێنە. گەرووم خەریکە بای غەم ئەیگرێ. تۆ کە هاتی دڵم کرایەوە. وتم هاوڕێ و هاودەمێکم دەسکەوتووە. بەڵام وادیارە تۆش قسەکانم بە هیچ ناگری. دڵم ئوقرەی نییە کچی خاڵۆ، بە جەوانی عەلیئەکبەری حسێن سوێند بێ. لە خوا ئەپاڕێمەوە هەواڵێک، پەیامێکی لێ ببیسم. هەر قسەیەک بێت. هەر هەواڵێک. دڕدۆنگ بووم. کاتێک وتت ئەزانی چیم لە دڵایە، وام زانی ئاگات لە بار و ڕۆژم هەیە. بەڵام ئەوا...

کچە بێدەنگ بوو. جارێکیتر غەم گەرووی گرت. ماراڵ تیامایەوە. باش ئەیزانی شێرۆ چی ئەکێشێ. بەردێکی گەرم نرابووە سەر جەرگی. لە ناخەوە ئەسووتا. ئەیتوانی چی بکات؟ ماراڵ ترسی لە خۆی ڕادا. چی ئەبێ با ببێ. خوای ئەکرد ئاسمان بە سەر زەویدا ئەڕووخا. پرسی:

ــ دڵدارەکەت ماهدەروێشی ناوە؟

ــ دەم خۆش خاڵۆزا. ماهدەروێش. بەدڵ حەز ئەکەم دەمت ماچ بکەم.

ماراڵ وتی:

ــ ئەوم بینی.

خڕە بەردێک بۆ ناو مەنداوێکی خامۆش. شێرۆ هەڵبڵۆقایەوە، ئەژنۆی نا بە ئەژنۆی ماراڵەوە و بە پەلە پرسی:

ــ لە کوێ؟ کەی؟ ها؟ چ کات؟

ماراڵ هێوری کردەوە:

ــ لەسەر ڕێگە، ئێوارە درەنگان. لە بەر چاخانەی هیممە ت ئا و ا .

ــ ناسیت؟
ــ خێڵاتی هەیە ماهدەروێش نەناسێ؟ بەڵام من سەرەتا باش نەمناسیەوە.
ــ ئەو زانی تۆ بۆ ئێرە، بۆ گوندی مە دێی؟
ــ پاشان زانی. کاتێک کە من پرسیاری ئێرەم کرد.
دەی پاشان کە زانی چی وت؟ چی کرد؟
ــ تا نزیکی ئێرە لەگەڵم هات.
ــ تا کوێ؟
ــ تا پشت ئەم گردە. پاشان سەری ماینەکەی وەرگێڕا و ڕۆیشت.
ــ ڕۆیشت؟! بە بێ هیچ گفت و گوتەیەک ڕۆیشت؟
ــ هەندێ شتی وت.
ــ هی چی؟ هی کوێ؟
ــ هی تۆ. ئەویش خولیای تۆی لەسەردا بوو.
شێرۆ، بە بێ ئاگا، پەنجەکانی ماراڵی گرتبوویە ناو دەستی و گۆنای گەرم و گڕگرتووی خۆی پێوە لکاندبوو. ماراڵ تەڕایی گەرمی فرمێسکەمانی کچەی لە سەر پێستی هەست پێکرد. پەنجەی خۆی لە ناو دەستی شێرۆ هێنا دەرێ؛ بەڵام شێرۆ ئاگای لە خۆی نەبوو. تینوو بوو. دەستەوەسان بوو. بەردەوام خۆی ئەکرد بە قوربانی ماراڵ:
ــ خاڵۆزا گیان، بە قوربانی تاڵی قژەکانت بم. مەهێڵە براکانم بزانن. گوڵمحەمەد. بلقیسیش. هەموو. هەموان. زیوەر. هەموان.
ماراڵ بیری کردەوە ڕەنگە باشتر ئەوەیە لەوە زیاتر نەڵێ و لێرەدا بیبڕێنێتەوە. بەڵام ڕوون نەبوو چ هاندەرێک وای لێکرد درێژە بە قسەکانی بدات. شێرۆی ئارام کردەوە و وتی:
ــ هێشتاش ماوە خۆت تێک مەدە.
پرسیاری بەپەلەی شێرۆ دەرفەتی پێ نەئەدا. ماراڵ وتی:

ـ پەیامێکیشم بۆت هەیە.
ـ چ پەیامێک؟
ـ نیشانەیەکی بۆ ناردوویت.
ـ نیشان؟ چ نیشانەیەک؟

مارالّ، دەسرە هەورێشمەکەی لە ناو یەخەی هێنا دەرێ و تەڕایی ئەو فرمێسکانەی بە گۆنای شێرۆدا بڵاو ببونەوە، سڕییەوە و لە بەردەمی کچەدا ڕایگرت و وتی:

ـ فێڵەباز گوڵاویشی لێداوە!

شێرۆ دەسرەکەی لە ناو دەستی مارالّ فڕاند و بە دزیکەوە بۆنی پێوەکرد. هەستی کرد ترپەی دڵی خۆی ئەبیسێ. دەستەکانی کەوتنە لەرزین و لێوەکانی کەوتنە فڕین. حەزی ئەکرد مارالّ بگرێتە باوەش و سەروبەچکی ماچ باران کات. حەزی ئەکرد لە ناخی دڵەوە قاقا پێبکەنێ. بەڵام خۆی ڕاگرت. شەرم لە مارالّ و ترس لە گوڵمحەمەد. چۆن بوو، هەر وا مایەوە. وشک بوو. چاوەکانی لە سەر ڕێگە لەنگەریان گرت. گلەیی. کێشە. ڕەنگیش بوو سەری کۆڵدانی نابووە سەرشانی؟ زۆری پێنەچوو، هاتەوە بە خۆیا و سەیری مارالّی کرد. چاوەکانی چاوەڕوانی پەیامێک بوون کە ئەبوایە لە لایەن مارالّەوە پێیبگات. مارالّ وتی:

ـ سەیزوشەو، لای سەرچاوەی کارێزەکە. مانگ هەڵات. ناسنامەکەشت لەگەڵ خۆت بەرە. ئەو وتی!

مارالّ چاوەڕوان بوو شێرۆ لە خۆشیاندا هەڵخاتەوە. بەڵام کچە وای نەکرد. بە بێدەنگی مایەوە و چووە ناو بیرەوە. وەک بڵێی لەپڕ، لەکاتی پەڕینەوەی خرۆشانیدا، گەیشتبێتە هەڵدێرێک و مابێتەوە. ئێستەکانی قووڵایی هەڵدێرەکەی بەچاو ئەدی. خێرایی بیر! فڕینی خەیاڵ. خامۆشی بێ پایان بوو. ئێستە چی؟ چی ڕوو ئەدات؟ شێرۆ خۆی بێدەنگیەکەی شکاند:

ــ تۆ ئەڵێی چی بکەم؟

بڵقیس لە دەرگای ماڵی گوڵمحەمەدەوە هاتەدەر و چووە هۆدەکەی خۆی.

ماراڵ لە سەر پشت ڕاکشا، بەلەکی دەستی نایە سەر تەوێڵی و چاوی بڕییە بنمیچی ئاسمان. وەڵام، دژوار بوو. وتی:

ــ چی بڵێم؟ خۆت بیری لێبکەرەوە. ئەبوایە پێشتر بیرت لێ بکردایەتەوە.

شێرۆ بە خامۆشی مایەوە. خامۆش و وڕ. ئەژنۆکانی گرتە باوەش و گوێی دایە دەنگی ترسێنەری شەوی بیابان.

ماراڵیش بێدەنگ بوو و لە قووڵایی تەماویی خەیاڵی خۆیدا کەوتە سووڕانەوە. هاتەوە بە خۆیدا. جیا لەم و لەو. بەدەر لە شێرۆ و ماهدەروێش. ماراڵ، ئێستە لە بەر دەمیا بوو. ماراڵ، بەرامبەر بە ماهدەروێش. ماراڵ، ژنێک، کچێکی زیندوو و خرۆشان. ماراڵی ڕووڕاست و یەکڕوو. ماراڵی بێباک. ماراڵی دەشتەکانی کەلیدەر. داژووت، ئەهەژا، سووڕی ئەدا و لەکەس نەئەترسا. ماراڵ، غەزاڵێک کە هیچ چاوێک نەی ئەتوانی بیبینێ. دوور لە چاوان، لەپەنای ڕوخساری خۆیدا شاردرابوویەوە. بەڵام سەری ئەکرد بە هەموو لایەکدا، ئەیویست سەر لە هەموو شتێک دەربهێنێ، هەموو حەزێکی پەرە پێئەدا و لە هیچ گەردیلەیەک خۆی نەئەبوارد. هەمان کچی عەبدۆس بە ڕاشکاوی و تێڕادیوی سەری هەڵێنابوو و ئەیویست بزانێ دلاوەر ئێستە چی ئەکات؟ ئەو، ئەم شەوانە چۆن ئەکا بە ڕۆژ؟ بەڵام بەمەوە نەئەوەستا؟ بێباکانە لەوە ئەگەڕا: ئەی گوڵمحەمەد ئێستە چی ئەکات؟ خەیاڵی بە کام ڕێدا ڕێ ئەکا؟

راستەکەشی، گوڵمحەمەد چی ئەکرد و خەیاڵی بۆ کوێ فڕیبوو؟

گوڵمحەمەد، سەرەڕای ئەو هەموو شەکەتیە خەوی لێ

نەکەوتبوو. پێڵووەکانی تۆراوی خەو. ماندوێتی لەش نەیتوانیبوو لە دڵەڕاوکێی دەروون دووری خاتەوە. لە لای زیوەرەوە ڕاکشابوو، لێفەکەی لادابوو، ئەژنۆی چەپی هەڵێنابوو و دەستەکانی خستبوویە ژێر سەری و لە کونەڕۆژنەی بنمیچەکەوە چاوی لە بازنەی داخراوی تۆپەڵێک ئەستێرە بوو:

ئەستێرەی ئاسمان، ئەبژێرم ئەمشەو
وەرە سەر جێگام، چاو ناچێتە خەو

زیوەریش نەخەوتبوو. یان خەوتبوو و گوڵمحەمەد باوەڕی نەئەکرد ئەو نووستبێت. زیوەر وەکوو تانجی بۆنی ئەکرد، بارودوخیٚ هەست پیٚ ئەکرد و ئەوەندە تەوەزەل و فرەخۆر نەبوو کە هەتا ڕاکشا، خەوی لێبکەویٚ. سەرەڕای ئەمەش گوڵمحەمەد وریا بوو کە دەست و پێی لە زیوەر نەگیریٚ و -ئەگەر خەوتبیٚ- ڕایچڵەکێنیٚ. ئارام لە ناو خۆیا ئەتلایەوە و هەناسەی پەنگ خواردووی ناو سیەکانی نەرم و بێدەنگ لە لووتیەوە ئەدا دەرەوە.

فانۆسی لای دیوارەکە، لە سەر دەسکاوەنەکە پرتەپرتی بوو و تۆزێک لە دیوارە قورم گرتووەکەی ڕوون ئەکردەوە و گوڵمحەمەد ئەیتوانی ئەو پووش و پەڵاشە ببینیٚ کە لە قوڕی دیوارەکەوە هاتبوونەدەرەوە. لە درزەکانی وردبێتەوە و لە تاریک و ڕوونی ئەو تیشکەی ئەیدا لە دیوارەکە، بیچمی سەیر و سەمەرەی گیانەوەران بهێنێتە پێش چاوی خۆی. دڵەڕاوکەی بێهوودە. چاوەکانی ئەبلەق و وشک، ماندوو بوون.

گوڵمحەمەد لە سەر پشت ڕاکشا و کەوتە سەیرکردنی بنمیچەکە. زیوەر هاتە دەنگ و وتی:

ـ چیتە ئەمشەو؟ ئەستێرەکان ئەژمێری یان مار گەستوتی ؟

تەشەرەکەی زیوەری وەرگرت و هیچی نەوت گوڵمحەمەد. دیسانەوە ڕاکشایەوە. زیوەر وتی:

ــ چیت خواردووە ئەوەندە ئاوکێش بێ؟

گوڵمحەمەد ئەمجارەش وەڵامی نەدایەوە، بە ڕووا تلا و پێڵووە وشکەڵاتووەکانی لێک گووشا. زیوەر هەڵسا بۆ ئەوەی دەمێک تەڕ کات، لەو ناوەدا نیگایەکی بۆ دەرەوە، بۆ مارال و شێرۆ هاویشت و گەڕایەوە سەر جێگاکەی بە بێ ئەوەی هیوای ئەوەی هەبێ خەوی لێبکەوێ. لە سەر پشت ڕاکشا و بیری چوو بۆ لای مارال: ئەو ئێستە بیر لە چی ئەکاتەوە؟

مارال هێشتا وڕ بوو. دەستەویەخەی غەریبی خۆی. دڵی باوکی ئەویست. عەبدۆس. تەنهایی و تاریکی. لە بەرەگەی ڕوانینی مارالدا، پاش بەیانی و ڕۆژان و شەوانی پاشتر، وەکوو دالانێکی تاریک و درێژ خۆیای ئەکرد. دالانێکی ون و لێڵ. ڕۆژان و شەوانی نامۆ بە هەوایەکی ئاڵۆز و خۆفناک لە هەزار لاوە. کەسێکی ئەویست دەستی بگرێت و بیبا بە ڕێدا. بڵقیس ئاخۆ ئەو کەسە بوو؟

شێرۆ سەری بڵیند کرد و وتی:

ــ تۆ هێشتاش بەئاگای؟

مارال پێی وت:

ــ تۆ بۆ ناخەوی؟

شێرۆ وتی:

ــ چاوم لە مانگە هەڵبێ.

مارال وتی:

ــ ئەمەش مانگ.

دوو کیژ، دوو مانگ ڕوویان کردە مانگ. مانگ لە نێوانی دوو ترۆپکی دووبرارانەوە، سەری دەرهێنا. خەرمانێکی گەورەی گەنم. خڕ. خاڵخاڵاوی، تۆزێ شینکی و مەیلەو بەنەوش. هێشووی گەییوی گەنم.

ــ بخەوە. بخەوە ئیتر. کازیوە وا لە ڕێیە.

**بەندی سێیەم**

کازیوە. سروەی دەمەو بەیانی نەیشاپوور.

بڵقیس چاوی هەڵبڕی، لە سەر جێگەکەی دانیشت و لە دەرگانەی دەرگاکەوە سەیری دەرەوەی کرد. هەوای دەرەوە خۆڵەمێشی بوو. پاک و زەلاڵ. ئەتوت هەوا لە ئاوێکی خۆڕدا خۆی شۆردبوو. وسلّی دەرکردبوو. بڵقیس هەڵسا و پێش هەموو شتێک جێگەکەی کۆکردەوە و لای دیوارەکە داینا. پاشان لە کاتێکا کراسەکەی ڕێک ئەکرد لە دەرگاکە چووە دەرەوە. قەرەئات لە سەر ئاخوڕەکە ئاوڕی لێدایەوە و بە نامۆییەوە سەیری کرد. بڵقیس نیگای لە نیگای ئەسپەکە وەرگێڕا. ماراڵ و شێرۆ لای یەکەوە خەوتبوون. پاکیزەیی کچان لە خەودا، سۆزی بڵقیسی وروژاند. زیوەری بانگ کرد. جارێکیتر. ئەمجارەیان زیوەر وەڵامی دایەوە. بڵقیس هەر وا کە پشتی لە دەرگای ماڵی گوڵمحەمەد بوو وتی:

ـ لە بیری چادا بە! من ئەچم دەست و چاوم بشۆم و ئاو بهێنم.

بڵقیس ئەمەی وت. ماوەی ئاوی مەشکەکەی کردە ناو کترییەکە و کەوتە ڕێ.

ناو گوند چۆڵ بوو. قووقەی کەڵەشێرێکیش تەنانەت لە گومەزی بانەکانەوە نەئەهات. بڵقیس، نەرم و بێدەنگ ئەچوو

بۆ لای ئاوەکە. پێڵاوی لە پێدا نەبوو و قاچەکانی بە سەر خاکە با هێناوەکەی کۆڵاندا تێ ئەپەڕی. دیوارە کورتەکەی بڕی و گەیشتە دەرەوەی گوند. جۆگەلە ئاوێکی باریک، وەکوو مارێکی چەماوە، ڕاکشابوو. بڵقیس بە بێ چێژ وەرگرتن لە بەیانی و لە هەوای پاک و لەو بێدەنگیە مەزنە و، بە بێ ئەوەی هەست بە تازەیی و سازگاریی ئاوەکە بکات بەرەو سەرچاوەی کارێزەکە کەوتە ڕێ. ئەم شتانە لە لای کۆن ببوون و ئیتر چاوی نەئەگرت. لە هەموو ئەمانە، بڵقیس تەنها ئاوی خاوێن و فێنکی حەز لێبوو لەگەڵ نانی برێشکە و مەڕێ دووگ چەور و گوان پڕ لەشیر. بە گەنجێتی، هاشاوڵی ڕانێکی تینوو بۆسەر ئاو، ڕەنگە لە لای جوان و لە بەر دڵان بوو. بەڵام ئەمڕۆ وانەبوو. ئەمڕۆ، شیری گوانی بزن لە لای ئازیزتر بوو هەتا بەگوان گەیشتنی کاژیلەیەک. لە ڕابردوودا، ئەویش ئاسمانی خۆش ئەویست، چونکە ئەو شەوانە، ئەویش بە یادی یارێک شەونخوونی ئەکێشا و ئەوە ئاسمان بوو کە ڕازی سینەی بڵقیسی ئەزانی و؛ ئەستێرەکان بوون کە ئەو یەکە یەکە لێیان ئەگەڕا و ئەیانی ژمارد.

لە چاوی مرۆڤی دەشتەکیدا هیچ شتێک سروشتیتر لە سروشت نییە. چەم و دەشت و ئەستێرە؛ ئەسپ و ئاسمان و ئێوارە. بەڵام لە هەمان کاتدا کە چاوی دەشتەکی ئاسایی ئەنوێنێ، لەگەڵ ناخیدا پەیوەندێکی سەیری هەیە. ئەم پەیوەندە نەک بە تەنها لە جوانی ڕەنگاورەنگی سروشتەوە، بەڵکوو لە پەیوەندی دەست و دەمی دەشتەکیەوە لەگەڵ هەور و دەشت، لەگەڵ باهۆز و گەردەلوول، لەگەڵ خاک و ئاسمان، لەگەڵ خۆر و سەرما، بەدەست دێ. ئەم پەیوەندییە لە حەوای دەم و سروشتدا نامێنێتەوە؛ تێ ئەپەڕێ. ئەبێ بە ئاوێزەی گیان. ڕوانگەی جوانی خوازی ڕۆح، پەنای ئەوین، چ جایە لە عەشقدا تاو ئەداتەوە.

عەشق. هەر ئەوەندە بەسە کە سروشت بە قووڵایی گیاندا ڕۆچێ. تێکەڵاویی سروشت و گیان. تێپەڕینی خۆر بە سەر دەریادا. بەڵام ئەمە -بەجیاوازییەوە- بە دەشتەکیە، کەی، چی داوابکات. شێرۆ لە شەو و ئەستێرە و کێو، لە دەشت و هەتاو داوای عەشقی ئەکرد، پەیامی عەشق. بەرخ بە عەشق خۆی ئەکێشێتەوە، ئەسپ بە عەشق ئەحیلێنێ و وشکساڵی تینوێتی عەشق توندتر ئەکات:

«نان ئەگەر ئەخۆم بۆ ئەوەیە کە گیان بە گوڕەوە لە پێناوی عەشقدا دابنێم.»

بڵقیس بەڵام لە خاک و بای بیاباندا، عەشقی لە بیر بردبۆوە. زیندوو بە عەشق، لە جۆرێکتر. عەشقێکی بەرینتر، تەنانەت ئەکرا بوترێ، قووڵتر، عەشقێکێ ئاوێتە بە خۆی. لەو جۆرەی کە چاویش ئەیبینێ؛ نەک تەنیا دڵ. حەساب ڕۆشنە؛ یەکەم دەمە. دەم نانی ئەوێ. غەمگین بوونی دڵ کاتییە. جوانی نەمرە. سەرەتا ئەبێ توانای بینین و بۆن کردنمان هەبێ، ئەبی گیانمان تێدا بێ؛ گیانیش بەستراوە بە نانەوە. کە وا بوو نان! یەکەم نانە. بڵقیس لە پانتایی بەرینی وشکی بیاباندا، پێش هەموو شتێک بیری لە نان ئەکردەوە. نان و باشتر وایە برژاویش بێ. بۆیە ئاسمان لە پێش چاوی بڵقیسدا ئەوکات خۆش بوو کە بباریێ و، ئەستێرە لە پاش بارینێکی بەلیزمە خۆش بوو. هەور، تەڕی خۆش بوو، نەک گەمەکردنی لە سەر ڕووی مانگ. کازیوە ئەوسا خۆش بوو کە مرۆڤ چاوی بە سەر سەوزەڵانیدا هەڵبێنێ. هیوای تێربوونی ڕان. جوانیی ئاو نەک لە زەڵاڵیەکەیدا، بەڵکوو لە زۆرییەکەیدا بوو. خۆزگە قوڕاوی بوایەت، بەڵام زۆر و بەلێشاو بوایەت. دەبا ڕووباری شێت مناڵێکم لێ بسێنێ، بەڵام تینوێتی خاک دامرکێنێ. ئەم ئاو و خاکە جگەرگۆشەی زۆریان بردووە، بەڵام ئەم زەمینە و، زمانی ئێمە هێشتاش تینووە. بە تینوێتی ماوینەتەوە.

ئاو زەڵاڵ بوو، بەڵام کەم بوو. بڵقیس لە لێواری جۆگەلەکە دانیشت و مەشکەی بەتاڵی لە ئاوەکەدا خەواند. ئاو، ئارام ئارام خزایە ناو جەوەنەکەوە، ورگی مەشکە وردە وردە بەرزەوە بوو. وەکوو ئەو کاتەی قەساوەکان بە زەل فوو ئەکەنە ئاژەڵی سەربڕاو. جەوەنە پڕ بوو. بڵقیس مەشکەی لە جۆگەکە هێنایە دەرەوە، ملەکەی بە سیرمە توند گرێدا و لە سەر عەرزەکە داینا. پاشان سەر قۆڵەکانی هەڵدایەوە و دەستی خستە ناو ئاوەکە. شۆردنی ڕوو. فێنکی ئاو لە سستی خەوی هێنایە دەرێ. سرووەی فێنک تەڕیی ئاو لە سەر ڕوخسار و دەستەکانی وشک ئەکاتەوە. هەڵسا، پەتی جەوەنەکەی دا بە شانیدا و بەرەو ماڵەوە کەوتەوە ڕێ. هەوا هێشتاش تاریک و ڕوون بوو؛ دیوارەکانی گوند خۆڵەمێشی. کاری ڕۆژانەی بڵقیس دیار بوو. ئەبوایە گەنجەکان لەخەو هەڵسێنێ -زیوەر خۆی هەڵسابوو و چا و نانی ئامادە کردبوو- بۆ ئەوەی دەستوچاویان بشۆن. گوڵمحەمەد مشتێ ئاوی ئەدا بە دەموچاویدا، ناوچەوان و سمێڵەکانی بە قۆڵی کەواکەی وشک ئەکردەوە، نانی بە وشترەکەی ئەدا و لەپاش هەموان ئەهاتە سەر سفرەکە. بەپەلە و شەڵەژاو چەن پارووی هەڵئەدا و ڕائەبوو:

ـ دەستکاڵە و داسەکان لە کوێن؟

ـ وا لەوێ، لە پشت باوڵەکە.

ـ هەڵسن! دروێنە بە فێنکی بەیانی خۆشە. هەڵسن!

زیوەر، قایشەکەی گوڵمحەمەدی هێنا بۆی و بڵقیس کەوتە بەستنی بوخچەی توێشەبەرە. گوڵمحەمەد کەمەرەکەی بەست و چوو بۆ لای وشترەکەی. کورتان و دارەبەنی لە وشتر نەنا.

ڕێگەکەیان ئەوەندە دوور نەبوو. لای سەرووی گوند، لە سەر گردێکی نزم. کێڵگە لەوێ بوو. گوڵمحەمەد وشترەکەی دەنگ دا. پاتاڵ ڕاست بۆوە و کلکی ڕاوەشاند. گوڵمحەمەد

ڕەشمەکەی دا بە شانی‌دا و وتی:
ــ گۆزەی ئاوەکەتان لە بیر نەچێ!
ڕەشمەکەی ڕاکێشا و بەرەو دەرەوەی دێ، پێی نا بەرەو کێڵگە.
ماراڵ و شێرۆ، هەر وا لە لای یەکەوە وەستابوون. بڵقیس کە کەوتبوویە ڕێ وتی:
ــ ئێوە بۆ خۆتان ئەخلافێنن؟
شێرۆ وتی:
ــ ماراڵ چی؟ ئەویش...
ــ ئەی بۆ نا، ئەو خۆ بێگانە نییە. ئەویش بابێ.
نیگای ماراڵ لە سەر قەرە بوو. شێرۆ وتی:
ــ دەبڕۆ زینی کە ئیتر!
ماراڵ دوودڵ بوو. چاوی بۆ گوڵمحەمەد گێڕا، شۆپی دیار نەبوو. بە وشترەکەیەوە لە پشت گومەزی ماڵەکان ون ببوو. بڵقیس لە پشت دیوارەکەوە سەیری کردن. زیوەر گۆزەی ئاوەکەی گرتبوو بە سەر دەستیەوە و لە درزی نێوان دیوارەکە دەرباز ئەبوو. بڵقیس وتی:
ــ ئێوەش لەوە زیاتر دوا مەکەون، خەریکە خۆر هەڵدێ.
زیوەر لە ژێرەوە سەیرێکی ماراڵ و شێرۆی کرد، لە بەر خۆیەوە پرتەیەکی هات. بە قەراخ دیوارەکەدا ڕۆیشت، بڵقیسیشی بەجێ هێشت و دوور کەوتەوە. ماراڵ، زینی خستە سەر پشتی قەرەئات، پێی لە ئاوزەنگی نا و بە شێرۆی وت:
ــ لە پشتەوە سوار بە. ئەگەر من هەبم هیچ ناڵێ.
شێرۆ دیوارەکەی دەور دایەوە و لە پشتی ماراڵەوە سواری ئەسپەکە بوو. ماراڵ لەغاوی ڕاکێشا و یەی کرد. بڵقیس، چارەکەی نان لە سەر سەر، هێشتا بە ناو کۆڵانەکەدا ئەرۆیشت. قەرە پێی گەیشتەوە. شێرۆ دەستی ڕاکێشا و چارۆکەکەی لە سەر سەری دایکی هەڵگرت. بڵقیس ڕاما و

شـێرۆ پێکەنـی و بـە نیگایەکـی بـۆ دواوە، دوور کـەوتـەوە. زیـوەر بـە بیسـتنی دەنگـی ناڵـی ئەسـپەکە، لایدا و بـە ڕێـی خـۆیدا ڕۆیشـت. مـاراڵ، لـەغـاوی ئـەسـپـەکـەی کێشـایەوە، قـەرە خـۆڵـی کـۆلانەکـەی بەسـم هەڵکەنـد. مـاراڵ نـەی ئەویسـت بەغـار بـە لای زیـوەردا تێپـەڕێ. بیـری ئـەوەی کـە زیـوەر پێـی خـۆش نەبـێ، زیـزی کـرد. حـەزی ئەکـرد بەجۆرێـک بـە لایـدا تێپـەڕێ کـە تـووڕەی نـەکا. ڕەنگـە لێـی ئەترسـا! ئـەم ترسـە، هـەنـدێ جار پۆشـشـێکـی ڕێزلێنـان ئەگـرێ بـە خـۆیـەوە. ملبەکوێنی و کـوڕنش. هەسـتکردن بـە تاوانێـک کـە نەتکردووە. تامـەزرۆی بەخشـین. حەزی وەرگیـران. ئاشـتکردنەوە لـە شـەڕێکدا کـە هێشـتا نەکـراوە. گـەدایی کـردنی پێخۆشـبوونی خـەنیـم. لانیکـەم ڕەفتارێـک کـە ئـەو پێـی ناخـۆش نەبـێ:

«مـن هـەم. بـە ناچاریـی هـەم. بەدەسـت خـۆم نییـە. تۆش لـە بوونـم تـووڕە مەبـە. لێـم بگـەڕێ با ئاسـوودە بم!»

بەڵام بۆچـی ئەم هەسـتە سـەیرە کەوتبوویە سـەر سـینگی مـاراڵ و گـوشـاری بـۆ ئەهێنـا؟ بۆچـی گیـرۆدەی خـۆی ببـوو؟ نـەی ئەتوانـی زیـوەر ڕەچـاو نـەکات، بۆچـی؟ بـۆ نەیـان ئەتوانـی وەکـوو دوو ژنـی ئاسـایی پێکـەوە هەڵسـوکـەوت بکـەن؟ چ جـۆرە ڕەفتارێکـی ئەبوا هەبـێ کـە زیـوەر لەبـەری گـران نەبـێ؟ بـە چ شـێوەیەک ئەکـرا لـە تەنیشـت ئـەم ژنـەوە بـە ئاسـوودەیی تێپـەڕ ببـێ؟ ئـەو سـوار بـوو و زیـوەر پیـادە. چـی پـێ ئەکـرا یـان ئەبوایـە بیکردایـەت؟ هیـچ، هیـچ کارێـک. ئایـە ئەیتوانـی لـە ئەسـپەکە دابەزێـت و پێشـنیازی سـواربوون بـکات بـە زیـوەر؟ گریمـان واشـی کـرد بکردایـەت، ئایـە زیـوەر، سـواری ئەسـپەکە ئەبـوو؟ نـەء. ژنـی گوڵمحەمـەد لـەوە بوغـزنتـر بـوو کـە بتوانـێ بـە ڕووی خۆشـەوە لەگـەڵ یەکێکـی وەکـوو مـاراڵ ڕێـک بکـەوێ.

«ئـەی چـی بکـەم مـن؟»

«یـەی کـە! ئـەمـە تەنهـا کار و دوایـن ڕێگـەیەکـە کـە هەمـوو

مرۆڤێک لە بەرامبەر خەنیمەکەیدا هەڵی ئەبژێرێ. یەی کە!»

تۆز و خۆڵی بن سمی ئەسپەکە نیشتە سەر سەروبەچکی زیوەر. غاردانێکی تووڕە. یەک مەیدان دوور کەوتنەوە. ماراڵ ئەسپەکەی خاو کردەوە. شێرۆ سەری بردە بن گوێی ماراڵ و وتی:

ــ نازە قەرە!

ماراڵ ڕاچڵەکا، بەڵام نەیهێنا بە ڕووی خۆیا. شتێکی لە سینگیدا نیشاندەوە. شێرۆ وەک بڵێی ڕەهەندەکانی خەیاڵی ماراڵی هەڵکۆڵیوە، بە تەشەرێکی زیرەکانەوە وتی:

ــ لە ماڵی مێردی یەکەمیشی باری بۆبار بووە. منالی نەبووە.

ماراڵ دیسانەوە هیچی نەوت. بەڵام هیچ نەگوتن خۆی هەموو شتێکە. کە وا بوو ئەبوا شتێک بڵێ. سەرپۆشێک لە سەر بیری گومان. پاش بێدەنگیەکی شیاو وتی:

ــ چووزانم! چارەنووسی هەر یەکە و جۆرێکە.

شێرۆ وتی:

ــ لەبەر ئەمەشە لە لای دایکم ڕێزی نییە، ڕێز هیچ، بڵقیس لێی بێزارە. ناتوانێ بەسەوزی لە سەر زەوی بیبینێ. ژنی خێڵاتی ئەگەر نەزۆک دەرچێ، ڕۆژی ڕەش ئەبێ. هیوای خەسوو، بە کوڕە. ژنی کوڕیش ئەگەر نەتوانێ کوڕیان بداتێ، وەک پەڕۆی پیس فڕێی ئەدەن. کچۆڵیەکیشی ئەگەر ببوایە دیسانەوە خۆی شتێک بوو. بەڵام ئەمە خوا لە بنەوە قفڵی لێداوە.

ماراڵ وتی:

ــ ئەو ڕەبەنە چ تاوانێکی کردووە؟ خۆ بەدەستی خۆی نەبووە. وای لێهاتووە ئیتر... ئێستە ئەبێ لە کام لاوە بڕۆین؟

ــ بە دوای گوڵمحەمەددا.

گوڵمحەمەد هێشتا زۆر لە گوند دوور نەکەوتبۆوە و ئەگەر تۆزێ دڵی خۆش بوایەت و سەیری هاڵاتنی خۆری بکردایەت، ئەیتوانی تیرێژی ڕنگە تازەکانی ڕۆژی تازە ببینێ. ئەو ڕەنگانەی تێکەڵ بوون و دەم بە دەم ئەگۆڕان. ئەو ڕەنگانەی ئەتوت لە هەموو سەردەمەکاندا تەنها یەکجار ئەخولقان و یەکجار ئەمردن. ئەو ڕەنگانەی کە هیچکاتێک، لە هیچ شوێنێکدا یەکسان و یەکجۆر نەبوون. «سات» بوون، دەم بوون و بە هەناسەی خۆر ئەسووتان، لە ناو ئەچوون و لە هاڵاویدا ئەتوانەوە. بەڵام گوڵمحەمەد دەرفەتی ئەوەی نەبوو هەتا دڵ بەو ساتانە بسپێرێ. لەم کاتەدا هەموو هەم و غەمی ئەوە بوو هەتا سروە وا بەڕێوە، دەس بکا بە کار و؛ تا خۆر زۆر سەر نەکەوتووە و نەلکاوە بە تاقی ئاسمانەوە، پارچە زەوییەک بڕنێتەوە. چونکە، ئەوسا کە خۆر ئەگەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان، قورسایی گەرمای لێ دائەچۆڕی و خەیاڵی ئەوەی نەبوو سەر خوار بکاتەوە. بە بێ جووڵە ئەمایەوە. مێمڵ و مڵۆزم. بەو جۆرە بوو کە کەڵەکەی گەرما ئەڕووخا بە سەر شان و ملی دروێنەواندا، ئەخزایە ناو پێستیەوە و کەللەیان بە قورسایی تیشک قورس ئەبوو. وەکوو شتێکی هەڵواسراو. پێڵوەکان بە هۆی گەرماوە ئەهاتنەوە یەک، پشت پێڵوەکان ئارەقەیەکی لینجی لێ ئەنیشت و زمان بە ماڵاشووەوە وشک ئەبوو. وشکی وشک. بۆیە بوو، دروێنەوانان، شارەزایانی کێڵان و کار، لە نیوەشەوەوە دەستیان ئەکرد بە دروێنە. لە نیوەشەوەوە هەتا چێشتەنگا؛ تۆزێکی مابێ بۆ نیوەڕۆ. لە گەرمادا دەسکی داسیان بەرئەدا، خۆیان ڕائەکێشا بۆ سێبەری خەرمانەکە، نان و چایان ئەخوارد و سەریان ئەنایەوە و لێی ئەنووستن.

بەڵام گوڵمحەمەد خۆ دروێنەوان نەبوو. پارچە زەوییە دێم و سووتاوەکەشی خۆ کێڵگە نەبوو. گوڵمحەمەد پیاوی

دارەدەس و ڕەشماڵ و ڕان بوو، پیاوی ئەسپ و بیابان، پیاوی گورگ و سەگ و تروپکی تیژی کێوەکانی خوراسان بوو؛ نەک پیاوی کێڵان و کێڵگە و دێمەکار. پیاوی خێڵ بوو، پیاوی ڕێگە و خاک و چەم و هەڵبەز و دابەز بوو، نەک پیاوی هێلانە مێرووولەیەک وەکوو دەرزیوەر. بەڵام ئەمەش ئیتر پێداویستیەک بوو کە بەشێک لە خەڵکی خێڵاتی لە تەنیشت پیشەی باوکانیان و بە دوای ئەوەی لە باپیران بۆیان ماوەتەوە، پارچە زەوییەک بە دێم بکێڵن و چەن مەنێک تۆوی پیابرژێنن و بە هیوای بارینی باران چاوەڕوان بن. بنەماڵەی کەلمیشیش لەم بابەتە بوون. پێش جەژنی نەورۆز، کاتێکە ڕەوەند بەرەو ئارانی تاقی کۆچی کرد، گوڵمحەمەد لە گوند مایەوە و لە ڕەوەند دواکەوت. نیری لە وشتر بەست. گردی زۆرگی کێڵا، گەنمی پیاپرژاند و ڕۆیشت. ئێستەش گەڕابوویەوە درەوی بکات، ئەوەی کێڵابووی. بەڵام ئەوەی کە سەری لە خاک دەرهێنابوو گەنم نەبوو، مایەی غەم و پەژارە بوو. تەنک، لەڕ، کورت، سووتاو، بێدان و پەرپووت. ساقەتەکان نەئەهاتن بە دەستەوە و گوڵەگەنم -ئەگەر گوڵێکی پێوە بوایەت- بێدان و سووتاو بوو و سەیری سەرتاپێی کێڵگەت ئەگەر بکردایەت کەچەڵ بوو. بەڵام ئەو کەسەی تۆو ئەچێنێ چاو لە ڕێیە بەرهەمەکەی کۆکاتەوە. هەر چەن ئەو کارە بایی ڕەنجەکەشی نەبێ! بەر و باری -هەرچەن هێشووی پووکیش بن- ناتوانێ لە سەر عەرزدا بەجێ بهێڵێ. لەم ڕووەوە ڕژد و دەسقووچاوە. ئەزانێ ئەگەر دەستی کاری ڕۆژانەی، لەبری کۆکردنەوەی بەروبوومی بێبەر، بە خەڵکیتر بفرۆشێ، سوودێکی زیاتری دەسئەکەوێ. بەڵام واناکات. بەرهەم -هەرچەند زۆرکەم- هی خۆیەتی و هەر ئەمەش کوێری ئەکات. ناتوانێ لێی بگەڕێ. نیگەرانی دڵ پێبەستن. هەر چی و هەر چۆن بووە ئەیەوێ بەرەنجامی ئارەقەی ناوچەوانی لە زەوی خڕ کاتەوە. ئاسوودە ئەبێ ئەوسا

کە بارەکەی کۆکردەوە. نیگەرانیەکانی ئیتر تەواو ئەبن. غەمی ئەبێ بەیەک: نەداریی! ئەمجار بیری ڕێگەیەکیتر ئەگرێتە بەر. هەوڵدانێک لە ڕێگەیەکیتردا. بەڵام نیگەرانی ئەو پاشەکەوتە نییە. ڕابرد، ڕۆیشت. ئەمجار ڕۆژی نوێ، ڕۆژێکی نوێ.

گوڵمحەمەد، هەوسارەکەی لە ملی وشترەکە ئاڵاند و سەیرێکی مەزراکەی کرد. غەمێکی لە دڵی خۆیدا هەست پێکرد. سفرەی بەتاڵ. کەواکەی داکەند، داسی هەڵگرت و کەوتە دروێنە. تەڵە گەنم لەوە تەنکتر بوون بە دەمی داسەوە ببن. گوڵمحەمەد داسەکەی دانا. تووڕەییەکی پەنگ خواردوو و غەمێکی دڵشکێن ئازاری ئەدا. دەستکاڵەی هەڵگرت و کەوتە ڕنینەوەی ساقەتە باریک و چیڕەکەی گەنم. شەرمی لە خۆی ئەکرد. نە ئەو دروێنەوان و، نە درەو درەو بوو. دروێنەوانەکانی کێڵگەکانی خانەکانی دیبوو کاتی دروێنەکردن لە بن یاڵی گەنمدا ون ئەبوون. لە ڕووبەرووەوە ئەگەر سەیرت بکردایەت گوڵە گونم بوو لەپەسا بە لایەکدا لار ئەبوویەوە و ئەدرا بە عەرزا؛ بە بێ ئەوەی خاوەن دەس و داس ببینرێ. ئێستە، ئەوا خۆی ئەبینی کە دانیشتووە، وەکوو ژنان و باڵای ئەو گەنمەی لە بەر دەستی دایە بە زۆر لە بست و نیوێک تێ ئەپەڕێ. ئەو جۆرە درەوکردنە شیاوی پیرێژنی کوێر و پەککەوتە بوو، نەک هی پیاوانی گەنج. بەڵام چۆن ئەیتوانی دڵی لێهەڵکەنێ؟ هەر گیز! چەند دەستوپێ گرن ئەم وردە و پردانەی ژیان! مەگەر ئەم پارچە زەوییە هەر هەمووی چەن مەن بەری پێوەیە؟ بە دڵنیاییەوە کەمتر لەو تۆوەی تیا چێنراوە. ئەویش لەپاش چەندەها ڕۆژی بێگاریی.

ئەی بۆ ناتوانی چاوی لێ بپۆشی؟

نەی ئەزانی. گوڵمحەمەد خۆیشی ئەمەی نەئەزانی. بە دوای بیانوودا ئەگەڕا. قەڵس بوو. ڕەنگە ئەگەر جووتیارێکی پیر

و تۆز خواردووی زابولستانی بەرهەمێکی وای بەرچاو بکەوتایەت، نە لای سەیر ئەبوو، نە قەڵس ئەبوو و نە ئەڕەنجا. چونکە ئەو بە ڕەنجی خۆی و ڕژدیی ناوچەکەی پەروەردە ببوو. لە بەرامبەر چارەنووسدا کۆڵی دابوو و ساڵە و ساڵ دەستی گرتبوو بە گەروویەوە. لەوە زیاتریشی -رەنگە- لە هیچکەس و هیچ شوێنێک نەئەویست. بە خەفەتەوە، ئاخی هەڵئەکێشا و شوکری نادەیدەی ئەکرد. بەڵام گوڵمحەمەد، مەگەر ئەیتوانی وابێ؟! پیاوێک لە تافی لاوێتی و خرۆشی سەرکەشی دەروون؛ سەرتاپێ توانایی و چالاکی و حەز. بێ بەهرە لە قەناعەتی گوندییانە. تۆزێک فرەخواز. دڵ ئاوەڵە و دەستکراوە. نائارام و درەوشاوە. چاوی بڕبوویە دنیا. پڕ لە خۆزگە. تاقیکراوەی دەسوەشاندن و پەلامار. تاقیکراوەی ناو جەنگ و خوێن. دەستی بە خوێنی پیاوان سوور بوو. چاوی بڕبوویە تەرمی هەزار کوژراو، زەق بە زەقی. جەنگ، جەنگ، جەنگ لە هەموو لایەکەوە. لای ئاو، لای لەوەڕگە، لای ڕان، لە بیابان، ئازەربایجان. سەختی چەشتووی هیواخوازی ئاسوودەیی. «هەڵۆیەکی لە داو کەوتوو. گیرۆدەی داوی خۆی. بە بێ دان، بەقەد تێربوون. کێڵگەی گەنم هیوابڕاو. هیوای ڕزگاربوون. دابڕان لە هەموو بەندێک و باڵگرتنەوە. فڕین بەرەو دەشت و کوێستان. پەڕینەوە لە بیابان. پووزلخ لەپێ هەڵکێشان. چالاک و بێباک دڵدان بە دەریادا. هەر هیچ نەبێ هەماری خانێک تالانکردن. بێ شێو و بێ تاشت غاردان بە هەموو لایەکدا. ڕزگاریی بەرەو گەیشتن بە ترۆپکی تێگەیشتن. ئاخ... ڕۆژانی خۆش. هەموو پیاوێکی خێڵ «مەدیار»ێکی لە دەروونی خۆیدا هەیە. کەڵەکێوی دەشتەکانی کەلیدەر. حەڵاڵزادە. هاوخووی خاڵۆی خۆی!

ماراڵ و شێرۆ لە ئەسپ دابەزین. شێرۆ بوخچەی نانەکەی لە بن کەڵەکە بەردەکە دانا. دەستکاڵەی گرت بە دەستیەوە و دەستی کرد بە دروێنە. گوڵمحەمەد سەرقاڵی کاری خۆی بوو.

بە سیلەی چاو، سەیری شێرۆی کرد و سێبەری ماراڵی لە پشت سەری خۆیدا هەست پێئەکرد. تاوێک تێپەڕی. ماراڵ هەر وا مابوویەوە. گوڵمحەمەد لەم دەسەوەسانیەی ماراڵ قەڵس بوو. ڕووی تێکرد و وتی:

ــ خاڵۆزا بۆچی بە بێکار ڕاوەستاوی؟

ماراڵ، سەری داخست، ڕێی لارەوە کرد و لە بن گەنمەکان دانیشت و دەستی برد بۆ ساقەتەکان. پێی وابوو بەدەستی بەتاڵ ئەتوانێ گەنم بڕنێتەوە. بەڵام نەء، گەنمی دێم چیڕ بوو و لە ساقەت نەئەبوویەوە. لە ڕیشەشەوە بە ئاسانی دەرنەئەهات. ڕیشە لە ناو خاکی چیڕدا، چەقیبوو و لکابوو. ئەمە سروشتی گەنمە کە ڕیشە لە ناو خاکدا سفت ئەکا، بەجۆرێک کە تەنها خەنیمی گاسنە لەکاتی جووتدا. زەوی هەڵئەگەڕێتەوە و ڕیشە، خۆی ئەبێتەوە بەخاک. ماراڵ هیچ شارەزاییەکی لە درەو و گەنم نەبوو، هەر ئەمەش بوو ئارەقەی شەرم و نەتوانایی نیشتە ناوچەوانی. گوڵمحەمەد ئاگای لێی بوو. بە سادەیی پێکەنی و وتی:

ــ بەو جۆرە هەر نابێ، خاڵۆزا. ئەبێ دەستکاڵەت هەبێ یان داس. بالای ئەم گەنمە شیاوی داس نییە، بەڵام دەستکاڵەی ئەوێ.

ماراڵ دەستی هەڵنەئەگرت. ئەیویست هەر چۆنێک بووە بڕێ گەنم بڕنێتەوە. دەماری شێتگیری لە دەروونیدا بزوابوو. بە بێ ئاگای لێزانینی کاری کێڵگە و مەزرا هەوڵی ئەدا خۆی لە کێشەکە دەرباز بکات. بەڵام نەئەکرا. گوڵمحەمەد دیسانەوە هاتەوە گۆ:

ــ دەستەکانت ئەبڕێ خاڵۆزا. ساقەتی گەنم وەک گوێزانە. زۆر مەکە لە خۆت. بە بێ دەستکاڵە هیچ ناکرێ.

چزانەوەی هێڵەکانی بەری دەستی، پێش گوڵمحەمەد ئەوەی فێرکردبوو کە ساقەتەکان وەک گوێزانن. بەڵام

دیسانەوەش دەستی هەڵنەگرت و وتی:
ــ دەستکاڵەم خۆ نییە!
گوڵمحەمەد داخوڕی بە سەر شێرۆدا:
ــ بۆچی دەستکاڵەت بۆ نەهێنا؟
شێرۆ وتی:
ــ نەمانبوو. مەگەر هەمووی چەن دانە دەستکاڵەمان هەیە؟ زیوەریش ئەبێ بەداس درەو بکات.
ــ دەیجا لە شوێنێک بۆت وەربگرتایەت!
ــ لە کوێ؟ لە کێ؟ چوار ماڵ لە ناو گوند هەیە، خۆشیان خەریکی کاری مەزران. ئەگەر ماراڵ ئەم چوار تەڵە گەنمە سووتاوە نەڕنێتەوە، نابێ؟
گوڵمحەمەد بە پێکەنینەوە ڕووی کردە ماراڵ و وتی:
ــ بۆ درەو نەکات؟ مەگەر منالێ سەر مافوورەیە؟ دیارە ئەبێ درەو بکات. سەری بە کارەوە گەرم نەبێ خۆی بێتاقەت ئەبێ. وانییە خاڵۆزا؟
شێرۆ وتی:
ــ کە وا بوو من و ئەو بە نۆرە دروێنە ئەکەین.
ــ تۆش هەر خۆت لەکار بدزەرەوە! ماراڵ و پوورە بڵقیسی بە نۆرە درەو ئەکەن.
شێرۆ ئیتر هیچی نەوت. سەری داخست و کەوتە کارکردن. زیوەر گەیشت. گۆزە لە سەر شان و ڕاماوی ناو دەروونی خۆی. گۆزەی داگرت و لە ناو جۆگەلەیەکی وشکدا شوێنێکی بۆ دروست کرد، دوولەتی ئەو چارشێوی بۆ کۆکردنەوەی گەنم لەگەڵ خۆی هێنابووی، لە سەر گۆزەکە کرد بە سێبەر؛ پاشان داسی هەڵگرت و لە سووچیکی دوورەوە، دوورتر لە گوڵمحەمەد و شێرۆ دەستی کرد بە دروێنە. گەنم کورت و ناسک و تەنک بوو و بەر دەمی داسەکە نەئەکەوت؛ بەڵام زیوەر گوێی لە دژواریی کارەکە نەبوو، ڕقاوی و توند ئەیڕنیەوە و ساقەتە ناسکەکانی

بە دوای یەکا ئەخست، کۆی ئەکردەوە و بەجێی ئەهێشت. سەری داخستبوو و وای دەرئەخست کەس نابینێ. بەڵام ئەمە تەنها ڕواڵەت بوو. بە چاوی دەروون هەر هەموویانی ئەبینی و هەڵسوکەوتیانی سەیر ئەکرد و لە خەیاڵی خۆیدا شتێکی ئەخستە سەر هەر گوتە، هەر تەشەر، هەر جووڵە و هەر نیگایەک. هەر ایەک بوو لە ناو دڵیدا. بەڵام لە ڕواڵەتیدا جگە لە وشکی و بەستەڵەک، جگە لە سەختی و کێشەری کار هیچ شتێکیتر نەئەبینرا. سەرکارێک ئەگەر بە سەریانەوە بوایەت، بێگومان ئەوی بە کاراتر لەوانیتر ئەقرساند. بەڵام زیوەر دەربایسی ئەوە نەبوو چاوەکان سەیری ئەکەن یان نا. ئەو ئاگای لە ڕواڵەتی خۆی نەبوو. بە پێچەوانە، لە ئاڵۆزیی دەروونی خۆیدا ون ببوو. سینەیەکی پڕ لە گلەیی و خەیاڵێکی وروژاوی هەبوو. گیرۆدەی خۆی بوو. بوغزێکی پەنگ خواردوو لە گەروودا.

دەردێکی ڕەقەڵاتوو بە سەر دڵیەوە.

پێوقەدەمی ماراڵ، تۆ بڵێی ئەوەندە قورس بوو؟ چ ترسێک لە دڵی زیوەر نیشتبوو. چ قینێک بوو ئەوەی ئێستە لە ناو دڵیدا سەری ئەکوتا بە دیواردا؟ ئەم ئێرەییە لە چ ڕوویەکەوە بەو جۆرە دەروونی بریندار ئەکرد؟ چی لە ناخیدا سەری هەڵهێنابوو؟ کامە پارچەی نووستووی گیانی وەخەبەر هاتبوو؟ چۆن و لە بەر چی مرۆڤ ئەکەوێتە ئەو دارەتەوە؟ مەگەر چی بووە؟ چی هاتۆتە پێش؟ ئاخ... ئاخ...

زیوەر، بۆ خۆی هیچ وەڵامێکی نەئەدۆزییەوە. بەس ئەوەندەی هەستی ئەکرد دڵی وەکوو کووپەی سرکە قوڵت هەڵئەخا. لە خۆڕا تووڕە بوو و لە دڵەوە ئێرەیی ئەهاتێ و هەر ساتە بۆی هەبوو هەوسار بپچڕێنێ. لەجێ ڕابێ. پەلاماری مارال بدا. خۆی بدا بە سەر سینگیدا و بحیلێنی: لێرە بڕۆ! بۆ هەر کوێیەک ئەچی. بەس لێرە بڕۆ! لەمماڵەدا مەمێنەوە!

بەڵام کوا مرۆڤ ئەوەی بیری لێ ئەکاتەوە، ئەتوانێ جێبەجێی بکات؟

بڵقیس گوڕاندی بە سەر زیوەردا:

ـ بەو جۆرە دەسکە گەنمەکان بڵاو مەکەرەوە! کۆیان کەرەوە، بیکەرە سەر چارشێوەکە. ئەتەوێ ئەم چوار تەڵە پووشەش با بیبات؟

کەوابێ بڵقیس لێرە بوو. ئەو هاتبوو و زیوەر هەستی پێ نەکردبوو. لە کوێی تۆ ژن؟ بێرەوە بە خۆتا!

زیوەر هەڵسا، گەنمەکانی لە پشت سەریەوە بەجێی هێشتبوو، کۆی کردنەوە و لە سەر چارشێوەکەی بڵقیس ڕای خستبوو، هەڵڕژان. توورەییەکەی خواردەوە و کەوتەوە کار. ماراڵیش دەستکاڵەی لە پوورە بڵقیس وەرگرتبوو و خەریکی دروێنە بوو. بڵقیسیش وەکوو بەرانێکی پیر بە دوای دروێنەوانەکاندا ئەلەوەڕا و بەوردی گوڵەگەنمە داکەوتووەکانی کۆ ئەکردەوە و هەر گوڵێکی وەکوو دەنکەکانی ملوانکەیەک لە سەر چارشێوەکە دائەنا. یاقوتی لە عەرزەکە هەڵئەگرتەوە، ئەتوت! بەڵام کار، بە خاوی ئەچووە پێشەوە. نە بەو جۆرەی کە پاشەرۆکخۆر بتوانێ بە دوای دروێنەواندا بلەوەڕێ. بڵقیس ئەبوا لە لایەکەوە دانیشێ هەتا دروێنەوانەکان مەیدانێک بڕنەوە. پاشان هەڵسێ و بکەوێتە کۆکردنەوەی گوڵەگەنمە سووتاو و پووچەڵەکان. بەڵام بڵقیس تاقەتی ئەوەی نەبوو لە سووچێک دابنیشێ و سەیری کاری خەڵکیتر بکات. ئەوەندەی دابنیشتایەت هەستی ئەکرد زیادییە و بڵقیس بەم زووانە نەی ئەویست وەکوو زیادی خۆیا بکا. ئەو هێشتاش تێکڕای کاری ماڵ و ڕانی ئەبرد بەڕێوە. لە گەرمێن و لە کوێستان، لە ڕێ و لە ماڵەوە و لە ڕەشماڵ، سەرەڕای لەوەڕاندنی پەز، سم بڕینەوە، چەلەحانێ لە سەر نۆرە ئاو و لەوەڕ و هەڵات هەڵات بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگەی لەبار. تەواوی کارەکان

لە ئەستۆی بڵقیس بوو: دۆشین، قەیماخ گرتن، مەشکە ژەندن، کەرە گرتن، ڕۆن قاڵکردن. ئاوهێنان، جاجم و قاڵیچە و ڕەشماڵ چنین. مناڵ خستنەوە، پۆشتەکردنەوەی بنەماڵە و لە کۆتاییدا گەڕاندنی چەرخی خێزانێکی پڕ لق و پۆ. باری هەموو ئەمکارانە لە سەر شانی بڵقیس بوو. هەر ئەویش بوو کە کاری لە ژنەکانیتریش ئەکێشایەوە. زیوەر و شێرۆ بە قسەی ئەو بوو ئەو کارە بکەن یان نەیکەن. لەم کارە تازەیە، کشتوکاڵیش، نەی ئەویست دوا بکەوێ. پێی وابوو -و ئەم بڕوا تاقیکرابوویەوە- کە هەر ئەوەندەی وەپاش خرا، نرخ و ڕێزیشی لە بیر ئەبرێتەوە. هەر ئەمەش بوو نەی ئەویست، هەتا هێزی لە پێدا هەیە، لە شوێنێکدا ئارام و سوکنا بگرێ! ترسێکی شاراوە، بەڵام زۆر بەهێز، وای لێئەکرد بێت و بچێ. وای لێئەکرد ئەمکارە بکات، سەر لەوکارە بدات، بگرێ و ببڕێ و کارەکان ڕایی بکات.

ــ کچێ، زەرکێک ئاو بێنە لێومان قەڵەشا.

شێرۆ دەستکاڵەی لە عەرز چەقاند و چوو بە دوای داواکەی گوڵمحەمەددا. بڵقیس دەسبەجێ دەستی دایە دەستکاڵەکە و لە لای کوڕەکەیەوە دەستی کرد بە دروێنە. شێرۆ گۆزەی ئاوەکەی هێنا پێشەوە. گوڵمحەمەد وتی:

ــ دیسانەوەش زەرکتان لە بیر چوو؟

شێرۆ وتی:

ــ وابزانم.

زیوەر تەشەرەکەی بە تەشەر وەڵام دایەوە:

ــ خۆ من چوار دەستم نییە! ئەوانیتریش هەبوون. با یەکێکیان دەستی ببردایە و زەرکێکی لەگەڵ خۆی بهێنایەت.

گوڵمحەمەد سەیری ژنەکەی کرد، گۆزەکەی وەرگرت. چۆکێکی دادایە سەر عەرزەکە، دەمی نا بە لێواری گۆزەکەوە و نای بە سەرەوە. قلقلی ئاو لە گەرووی گۆزە بەرز بوویەوە.

سێوکەی بن گەرووی گوڵمحەمەد شەپۆلی دا و لێزگەیەک ئاو بە هەر دوو لای سمێڵیدا کەوتە ڕێ، بۆ ناو مل و یەخە و پاشان خزایە ناو تووکە تەنکەکەی سەر سینگی. گۆزەی دایەوە بە شێرۆ، دەوری دەم و ژێر ملی بەدەست سڕییەوە. بەر سکی کراسەکەی کە هەڵکشابوو، دادایەوە، کڵاوەکەی کە لە سەری کەوتبوویە خوارەوە هەڵگرتەوە و بە شێرۆ کە خەریک بوو گۆزەکەی دائەمەزراندەوە، وت:

ــ پێ هەڵگرە و بڕۆ زەرکێک بهێنە. دەرچۆ!

شێرۆ خۆی گەیاندە بن گوێی مارالّ و شتێکی چرپاند بە گوێیدا. مارالّ بە شەرمەوە وتی:

ــ ئاوزەنگی بە غەریبە نادات شێرۆ گیان. قەرە یەکە ناسە!

گوڵمحەمەد چاوی بڕییە خوشکی:

ــ ناتوانی بە پیادە بڕۆی؟

شێرۆ نەوەستا. بە ڕۆینێکی گورج کەوتە ڕێ. بڵقیس سەیری پشت سەری کچەکەی کرد. شێرۆ توند پێی هەڵئەگرت و داوێنی کراسەکەی بە دەور پووزەکانیدا شەکەیان ئەهات. توندتری کرد و کەوتە ڕاکردن. بڵقیس هێنایەوە سەر خۆی:

«لە داخی ئەم کچەتیوە! هەزار کوڕم ئەگەر بوایەت، ئاسوودەتر لە مەمکم ئەگرتنەوە تا ئەم تاقە کچە.»

ــ چۆن سواری بە غەریبە نادا خاڵۆزا؟

مارالّ لە وەڵامی گوڵمحەمەددا وتی:

ــ یەکە ناسە. وا بارهاتووە.

ــ خۆت ڕات هێناوە؟

ــ نەء، خاوەنی یەکەمی. پاشان بە من ناسێنرا.

ــ چۆن؟

ــ هەر ئەو خاوەنەی یەکەمی منی پێ ناساند.

ــ کێ بوو ئەو؟

ـ دلاوەر.
گوڵمحەمەد تاوێک زمانی ڕاگرت و پاشان وتی:
ـ کێ بێ دلاوەر؟
بڵقیس وتی:
ـ دەزگیرانەکەی.
گوڵمحەمەد سەیری دایکی کرد:
ـ ئەی ئێستە لە کوێیە؟
ـ لە زیندان. زیندانی سەبزەوار.

گوڵمحەمەد ئارام بوو. هەموو ئارام بوون. خامۆشی. خامۆشی خۆی بە سەر هەموو لایەکدا بڵاو کردەوە. گوڵمحەمەد و سێ ژن بە قورسی و وردییەکی زۆر دەست و چاوی خۆیان خستە کار. هیچکەس لە خۆی ڕانەئەبینی قسەیەک بکات. نە زیوەر، نە بڵقیس، نە مارال. بێدەنگیەکەی گوڵمحەمەد ئەوەندە دەمەق بوو کە بڵقیس تەنانەت، پرکێشی ئەوەی نەکرد بە قسە بیشکێنێ. لە ژێر چاوەوە ئاگای لە بیچمەکانی ڕواڵەتی کوڕەکەی بوو. نیوروخی بە خۆر سووتاو و کەوگ و دەماری دەرپەڕیوی تەوێڵی لە بیردا بوو و تۆزێ داگیراو. ئەمانە هەمووی ئەو دارەتانە بوون کە بڵقیس نیشانە سەرگەردانەکانی بە قەراخ گۆنا و کونجی برۆ و، چرچەکانی دەوری چاوەکانی گوڵمحەمەدەوە هەست پێئەکرد و ئەیزانی کوڕەکەی بە شتێکەوە تاس بردوویەتەوە. شتێک کە لە دەروونیدا تێئەپەڕێ. بە دوور لە چاوی بڵقیس.

ئەملای بڵقیس، مارال بوو کە ناشیانە، بەڵام بەوپەڕی هەوڵدانەوە درەوی ئەکرد. گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوو و قەراخی لەپی دەستی بریندار ببوو. گوێی لە بڕانی بچکۆلەی دەستی نەبوو. نەی ئەویست لەوەی کە بوو دواتر بکەوێ. هەر چەند گەنمەکە وانەبوو کە ڕەهەند لێبدەیت و ڕاستەیەک بگریتەبەر و داسوەشێن بچیە پێشەوە، بەڵام هەر ئەمەش

شارەزایی ئەویست. ڕەنگە زیاتریش. لانیکەم ئەزموونێکی ئەویست. بێباری و پەرت و پەلابوونی چڵەکان و لێنەزانی، ڕیزی چوار کەسی تێک دابوو. کە وا بوو، هەر کەسە و پەڵەیەکی گرتبوویە بەر. ئەی دووریيەوە و ئەچووە پێشەوە. گوڵمحەمەد ڕاستی گرتبوو، لە پێش ئەوانی ترەوە زەوییەکەی ئەتاشی و ئەژنۆکانی لە سەر تەڵەکان ئەخزا. گەرمای کار. چەپ، زیوەر گرتبووی و تەنها هەنگاوێک لە شووەکەی دوا بوو. لە پاش زیوەر بڵقیس بوو کە جەوری مارالیشی ئەکێشا. بەڵام مارال، کۆڵەوارتر لە هەموویان، پڕ لە وزە و جاریش تووڕە، ساقەتەکانی گەنمی ئەشکاندەوە و بێباکانە درەوی ئەکرد. بەڵام کارەکەی، نە ئەچووە پێشێ و نە خاوێن بوو. تەڵە لاکەوتووەکانی ئەخەواند، ئەشکاند، گوڵەکانی ئەڕژاندە سەر عەرزەکە و کاری دووبارەی بۆ خۆی ساز ئەکرد. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، هەوڵی ئەدا لەوە زیاتر دوا نەکەوێ. زیوەر ئەگەر وا کاری بکردایەت، بڵقیس بە چاو هەڵی ئەدڕی و خراپترین جنێوی پێ‌ئەدا: ئەوە چیتە! ئەڵێی مریشکی کەوتوویتەتە ناو گووی خۆت و فشەفش ئەکەی!

بەڵام زیوەر بەو جۆرە کاری نەئەکرد. سوارکار بوو. هەوڵی بێ سوودی نەئەدا. داگیراو و هەڵە نەبوو. دڵی لە خۆڕا لێی نەئەدا و خوێن لە خۆڕا نەزابووە گۆناکانی. بەڵام ئەم مەبەستەی هەبوو کە سەربوونی خۆی لە کارکردن‌دا بدا بە چاوان‌دا و پیشان بدات. وای دەرنەئەخست، بەڵام ئەم حەزە لە کرداری‌دا دیار بوو. بێدەنگ و سەر لەبەر، وەکوو مێروولە، شێلگیر و کارامە کاری ئەکرد و نەی ئەهێشت گوڵێک بکەوێتە سەر عەرز و لە ژێر پێ‌دا نەرم ببێ؛ هەر وەها دەرفەتی بە خۆی نەئەدا هەنگاوێکیش لەکارکردن دوا بکەوێ. تیژ و باریکەلە، بە پەنجە درێژ و لەڕەکانی گەرووی بنەکانی ئەگرت و دەستکاڵەکەی ئەدا لەبنی تەڵەکان و درەوی

ئەکـردن. دەسـکـەکانی درووێنەکـراوی لـە سـەر یـەک دائەنا و بـە مـەڵۆیـەک ئەیدایـە بن باخـەڵـی، ئەیبـرد و ئەیخسـتە سـەر چارشـێوەکە و ئەگەڕایەوە شـوێنی کارەکەی. پێش هێڵی درووێنە ببـوو بـە کـەوانـی. شـێوەی کـەوانێـک. گوڵمحـەمـەد و زیـوەر دوو شـانە کارەکەیان ئەبـرد بـە ڕێوە، مـاراڵ و بڵقیسـیش لـە ناوکـی کەوانەکـەدا مابوونـەوە و هـەوڵیـان ئـەدا. گوڵمحـەمـەد لاری کـردەوە بۆ لای چـەپ بـە مـەبەسـتی قەدبڕ کـردن؛ زیوەریش بـە لای ڕاسـتدا، بەرامبـەری هـات تـا پەڵـەی مـاوەی گەنمەکـە بـە سـێ چـوار کـەسـی ببڕنـەوە.

شـێرۆش گـەیشـت. باییەکـەی نـا بە سـەر گۆزەکـەوە و هاتە بن دەسـتی مـاراڵ دانیشـت و دەسـتی بـرد بـۆ دەسـتکاڵەکەی ئـەو، بـەڵام مـاراڵ دەسـتی کێشـایەوە و ئەمـاژەی بـە بڵقیـس کـرد. شـێرۆ دەسـتکاڵەی لـە دەسـتی دایکـی وەرگـرت، ئـەوی دایـە پاشـەوە و دەسـتی کـرد بـە درووێنـە. بڵقیـس هـەڵسـا و کـەوتـە گـەڕان و کۆکردنـەوەی ئـەو گـوڵانـەی کـە ڕەنگـە لـەدوای ئـەم و ئەو بەجـێ مابـێ.

گوڵمحـەمـەد، زیـوەر، شـێرۆ و مـاراڵ خـەریـک بـوون بـە یـەک ئەگـەیشـتن. تـەوقـی گـەنمـەکـەش خـەریـک بـوو تـەواو ئـەبـوو. هیچـی نـەمابـوو. چـوار پـەڵـەیتـر. درووێنـەوانـەکان بـە جوانـی دەنگـی هـەناسـەی یـەکدیـان ئـەبیسـت. هـەمووـیان ڕوویـان لـەیـەک بـوو. جگـە لـە شـێرۆ کـە بـە دزیکـەوە جارجـارە سـەری هـەڵئـەبـڕی هیچکامیـان نـەی ئـەڕوانییـە چرچـاوی ئـەوانیتـر. هـەڵقـە هاتـەوە یـەک. تەنـگ بـوو. تەنگتـر. بـە جۆرێـک کـە خـەریـک بـوو شـاخیان لـە شـاخی یـەکـدی بـدات. گوڵمحـەمـەد کشـایەوە. دوا پـەڵـە بـە دەسـتکاڵەی سـێ ژن تێـک شـکان و کۆکرانـەوە. گوڵمحـەمـەد دەسـتکاڵەکـەی لـە عـەرز چـەقانـد و وتـی:

ــ کاتی قاوڵتییە. بڕۆین پارووـیەک نان بقرتێنین.

بڵقیـس بـەردەوام خـەریکـی کۆکردنـەوەی گوڵەگـەنـم

بوو. گوڵمحەمەد و بە دوایدا ژنەکان چوون بۆ لای گۆزەکە. گوڵمحەمەد لە لای گۆزەکە ئەژنۆی دادا و بڵقیسی بانگ کرد:

ــ کاتی چاشتە دادە. خۆر هاتۆتە سەر. وەرە پارچەیەک نان بخۆین. تا نیوەڕۆی بەرز جاریّ زۆری ماوە.

بڵقیس پشتی ڕاست کردەوە، دەستی گرت بە سەر بڕۆکانیەوە و سەیری هەتاوی کرد. گوڵمحەمەد قسەکەی تەواو بوو. خۆر بڕێکی باش سەرکەوتبوو. کار، بردبوویانی. بڵقیس گەنمەکانی ناو کۆشی کردە سەر چارشێوەکە، سووچەکانی چارشێوەکەی هەڵدایەوە بە سەر دەسکە گەنمەکاندا و چوو بۆ لای سفرەکە.

هەڵقەی دروێنەوانان بە دەوری سفرەی ناندا. خۆر بە لاری تیشکی ئەهاویشت. نانی کۆنە، بووە بە کلۆ. لە گەروو ناچێتە خوارەوە. زەرکی ئاوەکە دەس بە دەس ئەگەڕێ. تیکەی نانی وشک لە گەرووی وشکەڵاتوو بە زۆری ئاو ئەچێتە خوارەوە. گوڵمحەمەد لە سەر چۆکێک دانیشتووە. سەری داخستووە و بە ئیشتیا پاروەکان ئەجوێ و بە زۆر قوتی ئەدا. بڵقیسیش هەوڵ ئەدا بۆ خواردن. بەڵام زیوەر و ماراڵ ئەوەندە ئیشتیایان لە خواردن نییە. شێرۆش. ئەو خۆی لا ئەگرت. خەیاڵی لە لایەکی ترە، پارچە نانێکی گرتووە بە بەستیەوە و بە بێ ئیشتیا ئەیقرتێنێ و سەیری ئەمسەر و ئەوسەری بیابان ئەکا. جەوانی کەی ئاتاجی نانە! تەنها ماراڵ ئاگای لێیە.

گوڵمحەمەد زەرکی ئاوەکەی دانا، ڕووی کردە دایکی و وتی:

ــ باش بوو لەو ئاردەی هێناومە، لە گەنمەکەی بوندار، تەنوورێکت بکردایەت، بمانزانیبا چ نانێکی لێ دەرئەچێ؟

بڵقیس وتی:

ــ دوێشەو درەنگ بوو، ئەگینا خۆیشم خەیاڵم وابوو. تۆ چۆن بیر ئەکەیتەوە؟ تۆ بڵێی کڵاوی کردبێتە سەرت؟

گوڵمحەمەد وتی؟

ـ مرۆڤی کاسب هەموو کارێکی لەدەس دێ. ئەویش کاتێکە شەمەکەکەی بە پێشەکی لێبکڕی! هەر چی هەیە تا ئاردەکە تاقی نەکرێتەوە دەرناکەوێ.

بڵقیس وتی:

ـ ئەزانی چ ماوەیەکی دوور و درێژە کە من ئەم بابقولی بونداره ئەناسم؟ ئەو ڕۆژگارەی کە ئەو ئەهات بۆسەر ڕەشماڵەکانی ئێمە و شەمەکی لەگەڵ خوری و ڕۆنداا ئەگۆڕییەوە، تۆ هێشتا زمانت نەپژابوو.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ تۆ هەر چی ئەڵێی بڵێ، بەڵام پارە پیاو بێ چاو و ڕوو ئەکات. ئەو بابقولی بونداره کە من ئەیبینم ڕواڵەتی خراپ دیار نییە. بەڵام ناخی بەس خوا ئەیزانێ.

لە ناو قسەکانی گوڵمحەمەد و بڵقیسدا، قەرەئات سەرنجی ماراڵی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. قەرە، گوێی تیژ کردبوو، ملی بە لای شانیدا لار کردبوو و سەیری ئەو دوورانەی ئەکرد. ماراڵ شوێن نیگای قەرەی گرت. سوارێک لە دوورەوە داژووت و ئەهات و بە شوێنیدا خەرمانێکی تۆز و خۆڵی بردبوو بە حەوادا. نیگای ماراڵ سەرنجی ئەوانی تریشی ڕاکێشا و چاویان بە سەر ڕێگەکەوە مۆڵەق بوو.

ئەسپێک بە سینەی پان، پیاوێک بە سەر پشتیەوە، بۆ لایان ئەهات. سوار بە سەر کەللەی زینەکەدا نووشتابۆوە و سەری دانەواندبوو. لەو دوورەوە ڕوخساری سوارەکە هێشتا نەئەناسرایەوە. کە نزیکتر کەوتەوە، ئەسپەکەی خاو کردەوە. گوڵمحەمەدیش لەم نێوانەدا سەری لە سەر سفرەکە هەڵگرت، خۆڵی دەستەکانی تەکاند و ڕوو بە سوارەکە چوو. ڕاوەستا: تۆ بڵێی کێ بێ؟ پوورزای گوڵمحەمەد؟ کوڕی گوڵئەندام.

«تۆ بڵێی... بەمکاتی نیوەڕۆیە، چ کارێکی لێرە هەبێ؟

خێر بێ!»

سوار، نزیک و نزیکتر بوویەوە. ئەسپ بە نەرمەغار ئەهات. سوار، لەگەڵ ڕاشەکانی نەرمەغاری ئەسپەکە سەر و خواری ئەکرد. دە هەنگاوێکی بمێنێ، قول و سمی ئەسپەکە دیسانیش ئەهوەنتر بوویەوە. بەسام و ئارام! ئارەقە نیشتبوویە سەر سینەی پان و بەهێزی ئەسپەکە. لەشی ئارەق کردووی لە بەر تیشکی لاری خۆردا ئەدرەوشایەوە. هەوا، بە گوشار لە لووتی ئەسپەکەوە فڕێ ئەدرا. پڕمەی ئەهات. وا دیاربوو لە ژێر قەڵافەتی قورسی سوارەکەیدا چەندین فرسەق ئاژووتوە. کەفی ئەچەران. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند لەبەردەم گوڵمحەمەد، لەشە زلە گەورەکەی لە سەر ئەسپەکە داگرتە خوارەوە و لەگەڵ گوڵمحەمەد باوەشیان کرد بە یەکا. ددانە گەورە سپیەکانی، پێش ئەوەی قسەبکەن، پاڵی بە لێوەکانیەوە ئەنا و؛ چاوەکانی پێشاپێش بە خەندە ئەکرایەوە. وا دیار بوو لە ژێر پێستی ڕوومەتیدا جەنگەڵێکی باران لێدراوی تێدایە. ڕوومەتێکی خڕ، وەکوو دەورییەک پڵاو. چاوی ڕەش لە ڕەنگی قژی. سینگی پان و قەڵەو، چوارشانە و باسکی ئەستوور. ئەیانوت چل هێلکە بە پازدە سیر ڕۆنی زەردەوە بە ژەمێک ئەخوا. بە دەم پێکەنین و تەشەرەوە وتی:

ـ بە تەواوی بوویت بە جووتیار، پوورزا!

گوڵمحەمەد وەڵامی نەدایەوە. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشا بەرەو بڵقیس، لەگەڵ پووری چاک و خۆشی کرد، سەرزارەکی لە زیوەر و شێرۆی پرسی. سووڕێکیتری دا و لای شانی گوڵمحەمەدەوە وەستا و بە سرتە وتی:

ـ خۆ میوانیشتان هەیە؟!

ـ کچی خاڵۆ عەبدۆسە. نایناسیەوە؟

ـ بەڕاست؟! دەک کوێر بم ئیشەڵڵا! دەی خاڵۆزا تۆ چۆنی،

باشی؟

ماراڵ سەری داخست. بڵقیس بە ماراڵی وت:

ــ ئەویش پوورزاتە. کوڕی خوشکە گەورەکەم، گوڵئەندامە.

ماراڵ سەیری عەلیئەکبەری کرد و لە ژێر ددانەوە سڵاوی کرد. گوڵمحەمەد پرسی:

ــ وا بەپەلە لە کوێوە دێی؟ کارت چییە؟

عەلیئەکبەر وتی:

ــ وا خۆت لە کاری وردە و پردە ئاڵاندووە، مرۆڤ ڕووی نییە قسەی پیاوانە لە گوێتدا بڵێ! مەگەر چەندە بەرهەم لە ناو ئەو پڕوپووشانە دەسئەکەوێ؟ سەیر کە! حەیف نییە پیاو لە سەر چۆک بخزێ و ئەم تووکە سووتاوانەی سەری کەچەڵ دەنکە دەنکە کۆ کاتەوە؟ بەمەش ئەڵێن درەو؟!

ــ قسەکەت بکە. ئەگەر بتەوێ دیسانەوە باسی ڕەشەدزی لە بن گوێمدا بکەی، هەر لێرە پێتی بڵێم من لەگەڵ نیم.

جۆرێک لە بەردەمی ئەم ژنانەدا باسی دزی ئەکەی، ئەڵێی هەر چی ئاژاڵ و پاتاڵ لە چوارگۆشەی ئەم وڵاتە ون ئەبێ، ئەبێ شوێنەکەی لە ماڵی من ببیننەوە! خۆشت وا پیشان ئەدەی ئەڵێی کوڕی پێغەمبەری! نەء، براگیان، ئەگەر باسی دزیش بێ، دزینی ماڵ نییە، دزینی شتێکیترە. وەرە بیچرپێنم بە گوێتدا. پوورە بڵقیس نەیبیسێ باشترە!

عەلیئەکبەر بە ڕووی خۆشەوە بن باڵی گوڵمحەمەدی گرت و بردی بۆ لایەکەوە. بڵقیس هاواری کرد:

ــ ئەهای... ئەهای... بێ چاوڕوو، ئەوە خەریکی چی بە گوێی کوڕەکەمدا ئەخوێنی؟ دیسان چ جادوویەکت پێیە؟

عەلیئەکبەر ئاوڕی لە بڵقیس دایەوە و وتی:

ــ کڵاو ناکەمە سەری پووریێ گیان، دڵنیا بە!

بڵقیس هاواری کرد:

ــ سمێڵەکانت تاڵ تاڵ هەڵئەکێشم ئەگەر داو بۆ

کوڕەکەم بنێتەوە. باشت ئەناسم ڕێوی. تۆی فێڵەزان من ئەتناسم، من!
گوڵمحەمەد هات بە سەر دایکیا:
ــ ئەهێڵی گوێم لێبێ، بزانم ئەڵێ چی؟
بلْقیس ئارام بوو. عەلیئەکبەر درێژەی دا:
ــ پێی لێ چەقاندووە و پەڵپی گرتووە ئەڵێ ئیللان و بیللان من ئەبێ سەوقی لە ماڵی خاڵۆ حسێن بکێشمە دەرەوە. مەدیار خانە ئیتر! وڕکی گرتووە. تۆ خۆت خاڵۆی خۆت باش ئەناسی؟!
گوڵمحەمەد پرسی:
ــ هەمان خوشکەزای خاڵۆ حسێن؟ سەوقی؟
ــ بەڵێ، هەمان سەوقی.
ــ چیرۆکەکەی نەبڕایەوە؟
ــ وەک ئەبینی تازە خەریکە دەس پێ ئەکا.
ــ باشە ئەڵێی من ئێستە چی بکەم؟
عەلیئەکبەر وتی:
ــ هەر ئەو کارەی کە ئێمە ئەیکەین. ئێمە هەموومان هەین. تەنها تۆمان کەمە. خانئاپۆ پێی شوورەییە بە تۆ نەڵێین.
ــ جگە لە خانئاپۆ ئیتر کێ هەیە؟
ــ خانئاپۆیە، منم، سەبرخان و مەدیار خۆیشی کە هەیە. مەدیار لێبڕابوو بە تەنها خۆی بڕوات، بەڵام سەبرخان پێشی پێگرت و وتی ئەبێ دەستەیەک بنێین بەیەکەوە، پاشان بکەوینە ڕێ. تۆش کە لەگەڵ بی ئەبین بە پێنج. ڕەنگە پێویست بکات دەست بۆ تفەنگیش ببەین.
گوڵمحەمەد بە گلەیی و ناڕەزایی وتی:
ــ ئێستە نەئەبوو خاڵۆ مەدیارم لەم ساڵی تەنگدەستیەدا دەس لە عەشق و عاشقی هەڵگرێ؟

عەلیئەکبەر لە وەڵامدا وتی:
ــ لێیگەڕێ هەر کارێک دڵی ئەیەوێ با بیکا. شەڕ لە لایەک و شیوەنیش لە لایەک.
ــ بەڵام ئێمە ئەم چوار دەنکە گەنمەمان هێشتا کۆ نەکردۆتەوە.
عەلیئەکبەر وتی:
ــ خۆت ئەزانی. بەڵام پیاو! بە کوێرا وات لێهات وەکوو جووتیارە پیرەکان قسە ئەکەی؟
ــ راستیش ئەکەی. هێشتا دوو ساڵ نییە دەستم داوەتێ، خەریکە ڕەنگ و خووی جووتیارم لێ ئەنیشێ. بەڵام بە گیانی ئەم گوڵمحەمەدە ئەگەر تاڵە موویەکم بەم گەداکارییانە ڕازی بێ!
عەلیئەکبەر وتی:
ــ کە وا بوو ئەی بۆچی خۆت کلا ئەکەی؟! ئەگەر ڕاست ئەکەی ئەبێ تفەنگەکەت هەڵگری، خۆت هەڵدەیتە سەر ئەسپ و باژوی. ئەمکارە بەستراوە بە ئابڕووی میشکاڵیەکانەوە.
ــ ئەسپم لە کوێ بوو؟ دوو ئەسپمان هەیە وا لە ڕەشماڵن. وڵاخی من وشترەکەمە.
عەلیئەکبەر ئەماژەی کرد بۆ قەرەئات:
ــ ئەی ئەم ڕەخشە هینی کێیە؟
ــ هی مارالە، کچی خاڵۆ عەبدۆس.
ــ دەی لێی وەرگرە!
ــ ئاخر خۆ هەر وا...
ــ تۆ لە هەموو کارێکدا هەر وا دوودڵی! ئەتەوێ من لێی وەرگرم؟ ئاخر مەدیار مامی ئەویشە، خۆ!
گوڵمحەمەد وتی:
ــ کچەی ڕەبەن کەی ئاگای لەم مامە و خاڵۆ جۆراوجۆرانە هەیە؟ ڕاوەستە با بزانم.

گوڵمحەمەد ڕووی کردە دایکی و ئەوەی عەلیئەکبەر وتبووی لەگەڵی باس کرد. بلّقیس ددانی لە چێڕەوە هێنا و وتی:

ـ ئاخ لەم مەدیارە. ئاخ لەم برایەی خوا بە منی داوە! دیسانەوە جنۆکە هاتوونەتە بەرچاوی!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئەوەی گرنگە ئێستە، ئەسپم ئەوێ. خۆ ناتوانم بە وشتر بدەم بە کێوا. ئەبێ بچین بۆ چوارگوێشلی، لە داوێنی کەلیدەر.

بلّقیس وتی:

ـ من کە لە خۆم ڕانابینم. ئەگەر پڕکێشی ئەکەی خۆت داوای ئەسپەکەی لێبکە.

گوڵمحەمەد ڕووی کردە ماراڵ و وتی:

ـ ئا، کچی خالۆ. ئەگەر داوای شتێکت لێبکەم، دەس نانێی لە ڕوومەوە؟ کارێک هاتۆتە پێش و هەر ئێستە ئەبێ بکەوینە ڕێ. ڕێی کوێستانە. وشتر ناتوانێ غار بکا؛ ئەسپی ئەوێ. ئەڵێی چی؟ ڕووڕاست پێت بڵێم، ئەسپەکەتم پێ ئەدەی تا بکەومە ڕێ؟

گوڵمحەمەد چاوەڕوانی وەڵام، نیگای داخست. نەی ئەتوانی چاوی لە چاوی ماراڵ بێ. حەزی ئەکرد ماراڵ بە بێ شەرم کردن وەڵام بداتەوە. بەڵام ماراڵ هێشتاش خامۆش بوو. عەلیئەکبەر هات بە یاریدەی گوڵمحەمەدەوە:

ـ کچی خالۆ، وەڵامت چییە؟ ئەرێ، یان نا؟

ماراڵ وتی:

ـ بەلام قەرە یەکەناسە. ئەی ئەمە چۆن چار ئەکەی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ڕەنگە من بتوانم سواریی لێوەرگرم.

ـ ڕەنگە، بەڵام...

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند خۆی هاویشتە ناو قسەکە:

ــ دوودڵ مەبە خاڵۆزا. گوڵمحەمەد سوارچاکە. ئەسپەکەت بە ساخی ئەگەڕێنێتەوە. یاڵڵا گوڵمحەمەد! خۆت هەڵدە. پێ لە زەنگۆ نێ.

گوڵمحەمەد سەیری مارالی کرد. مارال ڕووی لە قەرە وەرگێڕا و بە گوڵمحەمەدی وت:

ــ خۆت ئەزانی!

گوڵمحەمەد بەرەو قەرە چوو. قەرە هەر وا زیت وەستابوو و گوێکانی ڕەپ ڕاگرتبوو و چاوی لە ماینە بۆرەکەی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بوو. گورج و وشیار، دەسبەجێ کە هەستی کرد گوڵمحەمەد بەرەو ڕووی دێ، نیگای لە ماینەکە وەرگێڕا و چاوی بڕییە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد دانەویەوە و پاژنەی کلاشەکانی هەڵکێشا و نیگا سمێنەرەکەی خۆی بڕییە چاوەکانی ئەسپەکە. وەکوو مارێک کە بۆقێک ڕاو ئەکا، بە ئارامی بەرەو قەرە خوشی. ئەیویست سەرەتا بە چاو ئەسپەکە بگرێ. چاوی لە چاوی قەرە نەئەترازاند. بە ڕوالەت واش دیار بوو کاری کردۆتە سەر ئەسپەکە. دۆخێکی وەکوو خۆ بە دەستەوەدان لە ئەسپەکەدا ئەبینرا. قەرە لە شوێنی خۆیدا ڕاوەستابوو و سمی لە عەرز هەڵنەئەگرت. وشک و حەپەساوی ئەو کابرایە بوو لێی نزیک ئەبوویەوە. لەشی تیژ و باریکەلە ئەینواند. کشاو و لەبار. پێڵووی نەئەترووکاند. لەشی، ئەتوت لە ناوەوە بە تان و پۆی تەل ڕایەڵکراوە.

گوڵمحەمەد لەپەسا لێی ئەچووە پێشەوە. ژنەکانیش سەیریان ئەکرد. عەلیئەکبەر حاجی پەسەندیش. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بزەیەکی ڕوون و گوماناوی لە سەر لێوی بوو. شێرۆ بە شادمانیەوە سەیری ئەکرد. زیوەر لە سەر کەیف نەبوو. بلقیس دوودڵ و نیگەران بوو. ترپەی دڵی

دایک، چ لە خۆشی و چ لە ترسان، ئاوازێکی تری هەیە. ماراڵ، بە دفرە و ڕاشکاوی وەستابوو و چاوی لێ ئەکرد. گوڵمحەمەد و قەرە. قەرە و گوڵمحەمەد. ساتێکی پڕ لە کێشە. لایەنی کامیان بگرێ؟ سەرکەوتنی قەرە بە ئاوات بخوازێ، یان زاڵبوونی گوڵمحەمەد؟ ئەمی بوێ یان ئەو؟ بۆ یەک سات تێگەیشت ناتوانێ لە نێوان قەرە و گوڵمحەمەددا یەکیان هەڵبژێرێ. ئەم دووانە لای ماراڵ نرخێکی هاوتایان هەبوو.

ئەگەر هەر ئەم کوڕەی حاجی پەسەند، کە لە جێی خۆیدا ئەویش پوورزای ماراڵ بوو، بیویستایەت سواری لە قەرە بسێنێ؛ ماراڵ هەزار جار لە خوای ئەویست کە ئەو نەتوانێ بە سەر ئەسپەکەدا زاڵ ببێ. بەڵام کە گوڵمحەمەد لێبرابوو قەرە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، ماراڵ نەی ئەزانی چ هەستێکی لە دڵ دایە! هەم ئەیویست سام و ناوبانگی قەرە نەشکێ، هەم نەشی ئەویست گوڵمحەمەد بە شکست خواردوویی ببینێ. ژنێک لە سنووری نێوان دوو برا، دوو پیاو، دوو ئازیزدا. جووتە پیاو شاقەلیان هەڵدایەوە بۆ زۆران گرتن. قەرە و گوڵمحەمەد. ڕاستەکەی ماراڵ -قەرە و گوڵمحەمەد- هەر دووکیانی وەکوو دوو برا، دوو یار خۆش ئەویست. قەرە هاوڕێ و هاوڕازی بوو و گوڵمحەمەد، پشت و پەنای. ئەو لەم ئاوارەیی و بێکەسیەیدا خۆی لە پەنای گوڵمحەمەددا ئەبینی. ڕەنگە لەو ڕووەوە کە لەماڵەوە جگە لەو پیاوی تری نەدیبوو و خووی ژنی ئێمە وا پەروەردە کراوە، کە پەنا بۆ پیاو ببات. ژن ئەگەر خوێن لە شمشێرەکەشی بتکێ، لە چاوی ژندا، هێشتاش هەر ژنە.

دوو خەنیم ئێستە لە بەرامبەر یەکدا بوون. گوڵمحەمەد هەر وا ئەخوشا و قەرەش هەر وا وەستاو بە خێسەوە. ماراڵ لە چاوەکانی ئەسپەکەیدا بینی وا خەریکە قوشقی ئەبێ. نیگای قەرە تاو بە تاو ئەگۆڕا. پەڕەکانی لووتی ئەفڕین. باڵیان ڕائەوەشاند. دوو پێی مابوو گوڵمحەمەد بگات. ئەسپ سمی

لە خاک هەڵکەند، لە سەر دوو پێ ڕاست بوویەوە، ملی لاری ڕاست کردەوە و حیلاندی. گوڵمحەمەد نەکشایەوە. تاوی دایە و دەستی برد بۆ لەغاوەکە. بەڵام قەرە دەسبەجێ بە دەوری خۆیدا سووڕا و خۆی ڕاوەشاند. وەکوو مار کەوتە خۆبادان و لەقەی هاویشت. گوڵمحەمەد خۆی لە سەر عەرزەکە تەخت کرد. تلایەوە، دەستوپێی کۆکردەوە، قەڵەمبازی دا، بە دەور ئەسپە هارەکەدا سووڕی دایەوە و بەرامبەری وەستا، ئامادەی خۆ هەڵدان. چنگ لە چنگ، وەکوو دوو بەور. قەرە ئەمجار لە ڕووبەرووەوە هێرشی کرد. بە سمکوتی دەستەکانی، ڕاست بوویەوە، وەک مارێکی کلک لە زەوی. سمەکانی وەکوو دوو بەرد لە ئاستی گوێکانیدا. ئەوەش وەشاندن. چالاک و بێ ئەوەی لەنگەری لە دەست بدات، گوڵمحەمەد خۆی لە پەلاماری ئەسپەکە دەرباز کرد.

قەرە -ڕەنگە- ئەبوا ئارام بگرێ و چاو لە دەست و لەشی گوڵمحەمەد بکات. بەڵام قەرە ئوقرەی لە بەر برابوو. ڕق هەڵیگرتبوو و ئاگری تێبەردابوو. بێباک، گوێکانی تیژ کردبوو، خۆی ڕائەوەشاند و هێرشی بۆ گوڵمحەمەد ئەبرد. شێوەنی بڵقیس. گوڵمحەمەد دیسانەوەش خۆی لا دابوو. ماندوێتی بەڵام تینی بۆ هێنابوو و ئەوە ڕاست بوو کە گوڵمحەمەد نیشانەکانی تیاچوونی خۆی لە چاوەکانی ئەسپەکەدا خوێندبۆوە. چاوە جوان و زەڵالەکانی قەرە ڕقێکی خوێناوی تێزابوو. دەرفەتی ترس نەبوو. مەرگ، ئەوسا کە بەپەلە دێت دەرفەتی چاو ترووکان نادات؛ جەربەزە و بوێری، گیان ئەچێ بە بەریاندا. هێز، لەغاو ئەپچڕێنێ. ڕزگار ئەبێ. گوڵمحەمەد سەرتاپێی ئاگر بوو. گەرم و گڕ و بێ دەرەتان. وا کەوتۆتە تەنگەبەری، چاو ترووکانێک درەنگ بجووڵێتەوە لە ژێر سمە سەختەکانی قەرەدا ئەهاڕدرێ. ئەسپ نەک هەر بە سم، بە ددانیش شەڕ ئەکات. نەگا ئەو ڕۆژەی باسک بەر قەپی ئەسپ

بکەوێ! مەرگ لە سەر سەری گوڵمحەمەددا فڕەی ئەهات. زیوەر و شێرۆش هاواریان لێ بڵیند بوو:

ــ پێش بە ئەسپەکەت بگرە، زۆڵەزا.

ئەمە، زیوەر بە مارالی وت. ئەیقریشکاند و نەفرینی ئەکرد. ئەپارایەوە و جنێوی ئەدا. وەک بڵێی لە سەر ئاگر دایاننابێ. مارالْ ئارام بوو. ئارام بوو و تۆزێ حەپەساو. شێرۆ قۆڵی مارالی گرتبوو و ئەگریا. بڵقیس چووبوو بۆ لای خوشکەزاکەی، داوای یارمەتی لێئەکرد. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، دەور لێوەکانی ئەفڕین و چاوەکانی داچەقابوون. ئەو چالاکی گوڵمحەمەدی نەبوو هەتا بتوانێ لە بن دەست و پێی ئەسپەکەدا خۆی ڕاوەشێنێ. ئەویش ئەگەر بچوایەتە مەیدان تەنها ڕێگەی ئەوە بوو بە قەڵەمبازێک ملی قەرە بگرێتە بن باڵی، بای بدا و ئەسپەکە بدا بە عەرزا. ئەگەر جگە لەمە بوایەت و لە هەمان هێرشی یەکەمدا نەیتوانیایەت بە سەر خەنیمەکەیدا زاڵ ببێ، لەشە قورسەکەی ئیتر دەرفەتی سووڕانەوە و خۆبادانی نەرم و چالاکی پێ نەئەدا و؛ ئەگەر بکەوتایەتە عەرز هیوای ئەوە نەئەکرا بتوانێ بە ساخی لە ژێر سمکوتی قەرە دەربچێ.

بەڵام بڵقیس بیری لەمە نەئەکردەوە. نەی ئەویست بزانێ چی ئەبێ و چی نابێ. دەرفەتی نەئەبینی و دەرفەتی نەئەدا. لەپەسا بە نەرمی و بە تووڕەیی عەلیئەکبەری هان ئەدا بچێتە مەیدانی شەڕی ئەسپەکە. هەوڵێکی ئەویست. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بەتاو چوو بۆ لای ماینەکەی، قورسایی لەشی خستە سەر زینەکە، گوریسێکی لە توربێنەکە هێنایە دەرەوە و کەوتە کردنەوەی قاڵنگەی گوریسەکە. بەڵام دەرنگ ببوو. نە ئەوەی -بەڵام- قەرە لە شاڵاوبردن بکەوێ. قەرە هەر وا بێ ئۆقرە و هورووژاو بوو. لە سەر قاچەکانی ڕاست ئەبوویەوە، ئەیحیلاند، ملی بە هەموو لایەکدا ڕائەوەشاند،

بەڵکوو بتوانێ کابرا لە یاڵی خۆی بکاتەوە. بەوپەڕی ڕقەوە سەری ڕائەوەشاند، سمی ئەکوتا بە سەر خاک و بەرددا، پچڕ پچڕ ئەیحیلاند، کابرای بە حەواوە ڕائەوەشاند و لە دوورەوە ئەگەر سەیرت بکردایەت گوڵمحەمەد وەکوو کراسێک وابوو بە دەم باوە بشەکێتەوە. تەن، ئەتوت نییە. تارماییەکی ئادەمیزاد. بەڵام هێشتاش هێزی لەلەش‌دا بوو و قیرسیچمەیی لە گیانی‌دا. خەریک بوو ئەسپەکەی ماندوو ئەکرد. مەبەست ئەمە بوو: بەفیڕۆ بردنی وزەی ئەسپەکە. دەبا ئەوەندە سم بدا بە عەرزا هەتا خاک ناڵەی لێ بەرز ئەبێتەوە.

لەم کاتەدا، توانیبووی خۆی بخاتە سەر ملی قەرە و گوێی توند بگرێ و بە ڕقەوە بای دا. هەمیش توانیبووی قاچی چەپی بخاتە ناو ئاوزەنگیەکە و لێی گیر بکات. دەرفەتێکی کورتی ئەویست بۆ ئەوەی لە چاو تروکانێک‌دا خۆی هەڵداتە سەر زینەکە. لەمە زیاتر هێزی ئەوەی نەبوو ئەسپ ڕایوەشێنێ. وزەی خەریک بوو لە بن ئەهات. هەر جۆرێک بووە ئەبوا خۆی بهاوێتە سەر ئەسپەکە. لەپڕ گوێی قەرەی بەردا و چنگی کرد بە کەللەی زینەکەدا و لە هەڵخە و خۆبادانی ئەسپەکەدا توانی خۆی لە سەر زینەکە جێ بکاتەوە و وەها لەغاوەکەی ڕابکێشێ کە ملی قەرە بچەمێتەوە. سوار، سواری قەرە بوو.

بەڵام کوانێ تاوهێنانی ڕانی بێگانە!

قەرە بە هەموو هێزی خۆی هەڵی ئەخستەوە بۆ ئاسمان، سمی ڕائەوەشاند، تۆز و خۆڵ و دوومانی لە بن سمی فڕێ ئەدا. بەڵام، گوڵمحەمەد ئەتوت، نەک لە سەر پشتی ئەسپەکە دانیشتووە، وا دیار بوو پێوەی لکاوە. ئەسپ، بە جۆرێک دەستەکانی لە خاک بەرز ئەکردەوە و لە سەر قاچی ڕاست ئەبوویەوە، کە چاوەکانی کابرا بۆ چرکەیەک بە ئاسمان‌دا تێ ئەپەڕی و، لە هەمان کات‌دا بە شێوەیەکی لەپڕ ئەهاتەوە بۆ خوارەوە، لاقی ئەهاویشت و سەری ئەکرد بەنا دەستەکانیا،

کە سەری لە سووڕەوە ئەهات و گلێنەی چاوەکانی خەریک بوو لە کالانەی چاوی دەرپەڕێت. سەرەڕای هەموو ئەمانەش خۆی لە سەر ئەسپەکە ڕاگرتبوو و دیسانەوەش ئەیویست خۆی ڕابگرێ. نیگایەکی تێپەڕی ژنەکانی کرد، بەڵکوو ساتە خێرا و ڕووتەکان لە بارودۆخی ئەوانەوە تێبگات. بەڵام ئەم ساتە خێرایانە چییان پێ ئەدا؟ جگە لە ترس. مارالْ هاواری کرد:

ـ غاری دە گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد خۆیشی وای بیر لێکردبوویەوە. بەڵام کوانێ دەرفەت؟

ئێستە ڕەنگە!

لەغاوی شل کرد و بەرەو بیابانی بێ سنوور زەنگۆی ڕاوەشاند. قەرە پێی هەڵکەند و وەک بڵێی با، سەری هەڵگرت و تا چاو بترووکێنی بوو بە خاڵێکی ڕەش لە پانایی بەرینی بیاباندا. خاڵێک کە لەپەسا بچووک و بچوکتر ئەبوویەوە. پیاو و ئەسپ، ئاوێتەی یەک.

ژنەکان هێشتاش ئوقرەیان نەگرتبوو. کوڕی حاجی پەسەند بە نەرمی پێئەکەنی. مارالْ بێدەنگ بوو. تۆزی شوێن پێی ئەسپ کەمانێکی لە بیاباندا دروست کردبوو. پیاو و ئەسپ خەریک بوون لە چاو ون ئەبوون کە ئەسپەکە بە لای چەپدا بای دایەوە و نیو فرسەقێکیش بەرەو نەیشاپوور ئاژووت. شکانەوەیەکیتر لە هێڵی غاردان. ئەسپ ڕوو بە مەزرا تاودرا. بۆ ئەو مەیدانەی کە ژنەکان و عەلیئەکبەری حاجی پەسەند لەوێ وەستابوون. لە لەشی پیاو و قەرە زێی ئارەقە کەوتبوویە ڕێ. گوڵمحەمەد لەغاوی کێشایەوە و لە بەردەمی دایکی و مارالْدا وەستا. ماندوو، بەڵام سەرکەوتوو. نە جێی خۆبادان و سینگ دانە دەرەوە بوو. گوڵمحەمەدیش لەو خووانەی نەبوو. بە مارالْی وت:

ـ دانابەزم. کلاوەکەم، تۆ بۆم بێنە. لەقە لەوانی‌تر ئەدا.

مارالٚ سەیری زیوەر و بلٚقیسی کرد، کلاٚوەکەی گوڵمحەمەدی لە ناو خۆڵەکە، لەو شوێنەی کە بەلەک و سمی ئەسپەکە زەوییەکەی هەڵکۆڵیبوو، هەڵگرتەوە و ڕوو بە گوڵمحەمەد هات. کلاٚوەکەی گوڵمحەمەد بەرامەی خاک و بۆنی ئارەقەی ئەوی لێ ئەهات. مارالٚ، ناخودئاگا و بە بێ ئەوەی پێ بزانێ خەریک بوو بۆنی لەشی کوڕە پووری هەڵئەمژی. کلاٚوی گوڵمحەمەد کاتێکە لەگەڵ ئەسپەکە تێگیرابوو، کەوتبوویە ژێر پێ لەقە و پلیشابوویەوە.

مارالٚ، کلاٚوەکەی بەدەست ڕێک کردەوە، تەکاندی و دای بە دەستی گوڵمحەمەدەوە. گوڵمحەمەد کلاٚوەکەی لە مارالٚ وەرگرت و کاکۆڵی لەبنی‌دا شاردەوە. گوڵمحەمەد ئەیتوانی بە خەیاڵی ئاسوودە لە سەر ئەسپەکە بمێنێتەوە. بە بێ دڵەڕاوکە. چونکە مارالٚ لە لای یاڵی قەرە وەستابوو و گیانەوەر، گۆنای ئەساوی بە جلەکانی خاوەنەکەی‌دا و بۆنی هەڵئەمژی بۆ ناو پەڕە فڕیوەکانی لووتی. مارالٚ پەنجەی لە سەر تەوێڵی ئەسپەکە دانابوو و بە سەری پەنجەی پێستەکەی ئەخوراند و نەی ئەتوانی ساخی کاتەوە چ هەستێکی لە دەروونی‌دا بەرامبەر بە قەرەئات هەیە. قەرە و گوڵمحەمەد یەککەوتبوون. ئەگەر یەکیش نەکەوتبوون، هەر لەم سەفەرەدا ئەبوون بەیەک. ئەسپ پیاوی خۆی دۆزیبۆوە. ئەسپ و سوار. بەلاٚم ئەگەر ئەمە بە گوێی دلاوەر بگەیشتایەت، ئاخۆ چی بە سەر ئەهات؟

عەلی‌ئەکبەری حاجی پەسەند دارەتی ئاسایی خۆی وەرگرتبۆوە. بە بێ ئەوەی مایەی ئێرەیی لە قسەی‌دا بێ بە پوورە بلٚقیسی وت:

ـ گوڵمحەمەدی تۆ پووری، دوو بالاٚشی لە ناو عەرزدا هەیە. بەهەق شیرت حەلاٚڵ. من هیوام بڕابوو و بەنی دڵم پچڕابوو. دەستت نەڕزێ پوورزا!

بڵقیس نابیسێ. گێژ و وڕ. بۆش و حەپەساو. بیبیلەی چاوەکانی لە ڕەشەوە ئەهات، دڵی زرم زرم لێی ئەدا. پووک و پووش ببوو. ڕوخساری خۆی لە ئاو یان ئاوێنەدا ببینیایەت، ڕەنگە لە خۆی ئەترسا. تەرمێک بوو بۆ خۆی. خاکی دیوار. گوڵمحەمەد ئاگای لە دۆخی بڵقیس نەبوو. شادمان و بەهێز وتی:

ـ دادە، خوا ئاگادارت بێ. من لەگەڵ پوورزا ئەڕۆم. خوات لەگەڵ.

بڵقیس سەری هەڵێنا و وتی:

ـ خوات لەگەڵ دایکم، خێر بێتە ڕێگەت!

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند لە سەر زینی ماینەکەی، قیت و ئامادە دانیشتبوو.

گوڵمحەمەد سەیرێکی زیوەریشی کرد، شێرۆ و مارالیشی بە نیگایەک پێچایەوە، دەستێکی ڕاوەشاند و سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا. عەلیئەکبەریش سەری ئەسپەکەی سووڕاند.

ـ خواتان لەگەڵ.

ئەوا دوو پیاو لە سەر ئەسپەکانیان دانیشتبوون، پشت لە کەسوکار و ڕوو لە بیابان ئەڕۆیشتن. ژنەکان، خامۆش و دڵ بە پەرۆش وەستابوون و چاویان لە ڕۆیشتنی پیاوەکان ئەکرد. گوڵمحەمەد، لەپڕ ئاوڕی دایەوە و وتی:

ـ زیوەر های... وشترەکە برسی نەکەی! شێرۆ تۆیش بڵقیس زیز نەکەی، بگەڕێمەوە تەمێت ئەکەم. ئەسپەکەی تۆیش بە سلامەتی ئەهێنمەوە مارال، خواتان لەگەڵ.

ژێر پێستی مارال، بە شادی و غەمێکی نامۆ کەوتە چزانەوە. ویستی دەستی بەرزکاتەوە و بۆ گوڵمحەمەدی ڕاوەشێنێ، بەڵام پرکێشی نەکرد و بە کورتی، لە بەر خۆیەوە قسەیەکی جاوییەوە، سەری داخست و زیوەریش لە ژێر چاوەوە سەیری کرد. زیوەر هێشتاش چاوی لە ڕۆیشتنی پیاوەکەی

بوو. شێرۆ ڕووی وەرگێڕا و بە خۆیەوە خەریک بوو. بڵقیس دانیشتبوو و ئەتوت توانای ڕابوونی نییە.

پیاوەکان دوور کەوتنەوە و تۆزی پێی ئەسپەکانیان بە سەر گردەکەدا بڵاو ببوویەوە. زیوەر وەرگەڕا، چوو بۆ لای دەستکاڵەکەی و دەستی کرد بە دروێنە. کار. ڕێگەیەک بۆ ڕێ دەربازکردن. ئەوەی زیوەری بۆ کار ڕائەکێشا، کێشەرێکی نادیار بوو بەرەو ڕزگاریی. بەڵام، خەیاڵی خاو! گرێی غەمێک ڕێی گەرووی گرتبوو. غەمێکی نادیار. ئەم غەمە لە کوێوە هاتبوو؟ چۆن ئەیتوانی نەیەت؟ سەری داخست تا کەس ڕووی نەبینێ. درەو!

پیاوەکان لەچاو ون بوون. ژنەکان، مێروولەی لە ئاو پەڕیوە، ماندوو و هێشتاش نیگەران، یەکە یەکە لێک کۆبوونەوە، خامۆش و دڵگیراو، بە بێ سەیرکردنی یەکدی، سەریان داخست و دەستیان کرد بەکار. هەر کامە و پارچەیەک بەرد. خامۆش، لە ناو خۆدا و بە بێ گوێدانە ئەوانیتر. هەر کامە و نوقمی دنیایەکی جیاواز. ڕەنگە لە بەر ئەوە بوو کە هەر کەسە لەگەڵ گوڵمحەمەد و ئەوەی ڕووی دابوو بە جۆرێک پەیوەندی هەبوو. هەستی جۆراوجۆر. کە وا بوو، داگیراوی و گرفتی هەر کامەیان ئەکرا بە جۆرێک باس بکرێ. لە نێوان دوانیاندا دوورییەکی قووڵ هەبوو. داگیراویی ماراڵ لەگەڵ گرژبوونی زیوەر جیاوازیی زۆر بوو. هەر وەها خامۆشی بڵقیس لەگەڵ بێزمانی شێرۆ. شێرۆش ڕواڵەتێکی شپرزەی هەبوو، بەڵام لە ناخیدا، بە دڵنیاییەوە بیری لەوە نەئەکردەوە کە دایکی، زیوەر یان ماراڵ بیریان لێ ئەکردەوە. ئەو -شێرۆ- نەک هەر لە غەمی ڕۆیشتنی برادا نەبوو، بەڵکوو لەم ڕووداوە زۆریش شادمان بوو. چونکە بە دوورکەوتنەوەی گوڵمحەمەد، کێوێک لە سەر ڕێگەی هەڵگیرابوو.

شێرۆ لەوە دڵنیا بوو کە ئەمڕۆ و بەیانیش براکەی

ناگەڕێتەوە. کە وا بوو دەست و باڵی بۆ کارەکەی ئاوەڵە بوو. ئێستەش لە ژێر چاوەوە ئەم و ئەوی خستبوویە ژێر چاودێری و لە بن ڕوخسارە مۆنەکەیدا، بەدڵ شاد بوو و پلەزیقانی ئەکرد. هەستی ئازادیی. بە بێ ئاغەی لەبان سەر. پەتی باڵەکانی کرابوونەوە. ڕوانگەی ئەو هەستەی کە ئەتوانێ لەجێ ڕابێ، دەستکاڵە فڕێ بدا و لە تەختی سینەی بیاباندا بداتە غار، سەرخۆشی ئەکرد. بە دوور لە چاو مۆڕکردنەوەی گوڵمحەمەد ئەیتوانی لە بەر خۆیەوە گۆرانی بڵێ. زیاد لە هەموو ئەمانەش لەوە شادمان کە ناسنامەکەی لە دەسرە هەورێشمەکەی ماهدەرویش ئالاندووە و لە قۆڵی بەستووە. کە وا بوو، ڕۆیشتنی گوڵمحەمەد هیچ غەمێکی نە ئەڕژانە دڵیەوە. بێ ئوقرەییەکەی هی جۆرێک دڵەراوکێ و شەڵەژاویی بوو. شەڵەژانی ئەو تۆفانەی وا لە پێش بوو. گەردەلوولێکی ترسناک بە کێشەرێکی ئەفسووناوییەوە. شتێک کە شێرۆ بە ترسێکی تێکەڵ بە گیرۆدەیی بۆ لای ئەکێشرا. جاری وا هەیە دۆزەخیش دڵڕفێنە. فریوی دڵڕفێنی لەرینەوەی بڵێسە و گڕ، ڕات ئەکێشێ. قوتت ئەدا. کێ توانیوێتی ئاگر بە دزێو دابنێ؟ عەشقی ڕیسوا، هەمان ئاگرە. ڕات ئەکێشێ، قووتت ئەدا، ئەتسووتێنێ، گڕت تێ بەرئەدا. کە پێت هەڵگرت خۆت ئاگری. ئاگر خۆتی. با بسووتێ ئەم خەرمانە!

دوور لە هەموو ئەم شتانە، براکەی شێرۆ خەریک بوو پێی ئەنایە ڕێگەیەکی بێ سەر و شوێن. پێی بۆ قڕەیەک ئەنایە پێشەوە کە خۆی نەی ئەویست. قڕەیەک کە هێزەکەی تەنها لەوەدا بوو کە گوڵمحەمەدی لەو کاری حەزی لێ نەبوو بیکا، ڕزگار ئەکرد: کاری دروێنە. ئەویش بەو ڕەش و ڕوتیەی ئەو گەنمەوە. ئەم قڕەیە بەڵام زۆریش بێ سەرئێشە نەبوو. کێ چووزانێ چی ڕوو ئەدا؟ شێرۆ هەموو تاوانەکانی ئەخستە ئەستۆی کوڕەکەی حاجی پەسەند؛ کە ئەم داوەرییە زۆریش

بێبناغە نەبوو. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند داواکاری شێرۆ بوو. پوورزا، شێرۆی بە هەقی خۆی ئەزانی؛ هەر چەندە کچێکی بەبالای شێرۆی لە ماڵدا هەبوو. کچێکی دایک مردوو. کێشەی خوازبێنی هێشتاش کۆتایی پێ نەهاتبوو. سەرەڕای ئەمەش، ئەوە شێرۆ بوو بە ژنی پێی نەئەخستە سەر بەرەی کوڕی حاجی پەسەند:

رانی هەیە، با هەیبێ!

راست و ناڕاست، شێرۆ هەموو تاوانەکانی ئەخستە سکوری عەلیئەکبەری حاجی پەسەند. هەر ئەو بوو هەمیشە بە دوای شەڕ و قڕەدا ئەگەڕا و عاشقی ئەوە بوو بە هەموو لایەکدا باژوێ و تۆز و خۆڵ هەڵدا بە حەوادا.

بەڵام بڵقیس خراپی بە عەلیئەکبەری حاجی پەسەند نەئەوت. بەڕای ئەو عەلیئەکبەریش لە ڕووی ناچارییەوە پێی لە ئاوزەنگی نابوو و کەوتبوویە سەر ڕێگایەکی نادیار. کارێک بە ئەنجامێکی نادیارەوە!

مەدیار، بچووکترین و چەتوونترین برای بڵقیس، دڵی نیگەران ئەکرد. ئەو بوو کە ئەم هەموو هەڵڵا و گێرە و کێشانەی ساز ئەکرد. زیاتر لە پێنج ساڵ بوو مەدیار حەزی لە سەوقی، خوشکەزای حاجی حسێن بوو. بەڵام حاجی حسێنی چوارگوێشلی بە ناحەزیی میشکاڵیەکان هەر دوو پێی لە پێڵاوێک کردبوو و ئەیوت کچتان پێنادەم. مەدیار، هەتا ئەمڕۆ زۆرێکی زۆر تەتەر و پەیامی ناردبوو بۆ چوارگوێشلی. بەڵام وەڵامی حاجی حسێن هەمان وەڵامی یەکەم بوو. مری ئەو یەک لاقی هەبوو:

«مەدیار لات و بێ ئاکارە. بە دوای ماڵی مفتەدا ئەگەڕێ. ئەو و کوڕی حاجی پەسەند بە دوای کەری تۆپیودا ئەگەڕێن ناڵی بکەن. کۆتاییەکەی پەلاماری ڕانەکەی خۆشمیان دا و پەزەکانیان بڕ دام! ئێستە شتێکی دەستیشیان ئەوێ. بە

خەیاڵی خواریان من ئەوەندە خاوم دەستی کچ بدەم بەدەست پۆلە دزێکەوە. نەء، بڵێ هەر بیریشی لێ نەکەنەوە. بەو کوڕەی حاجی پەسەندیش بڵێن دانی تەماحی ماڵی خەڵک هەڵکەنێت و فڕێی بدات. ئەیانەوێ میراتخوازیی بکەن؟ با بزانن، ئێرە شوێنی کڵاوبازیی نییە. مەدیاریش ئەگەر ئەیەوێ ڕان و شوان و لەوەڕگەی تایبەت بە خۆی هەبێ، بڵێن با بچێ ڕێگەی تر بدۆزێتەوە. تۆپەڵێک فێڵەبازی قن ڕووت کەوتوونەتە ڕێ بۆ ماڵەکەی من و خوازبێنیم لێ ئەکەن!»

ئەمە قسەی حاجی حسێن بوو. بەڵام قسەی مەدیاریش نەئەبوو بە دوو. بیر و هۆشی، لەم دواییانەدا، هەر سەوقی بوو. گوێی لە پەندی کەسیش نەئەگرت. هەر کەس، هەر چی ئەوت، با بیوتایەت؛ مەدیار خامۆش و بێ وەڵام ئەبوو، یان سەری ڕائەوەشاند و بە بێ ئەوەی سەیری بەرامبەرەکەی بکات، قسەکەی ئەخستە عەرز و تێ ئەپەڕی. وا دیار بوو هیچکەس ناتوانێ بزانێ لە دەروونی ئەودا چی تێ ئەپەڕێ. بڵقیس خۆیشی جارێک لە مەدیار نزیک ببویەوە، باسی سەوقی هێنابووە پێش و ویستبووی ڕای بپرسێ. بەڵام مەدیار وەڵامی ئەویشی نەدابوویەوە و بڵقیس لەوە زیاتر خۆی لە کاری براکەی هەڵنەقورتاندبوو. خۆی لا گرتبوو. بەڵام مەگەر ئەکرا بێلایەن بوون؟ خۆت لا بگری، مناڵت ناتوانن. ئەتوانن؟ ئەویش ئەگەر پێش هەڵڵاکە خۆی دوور بگرێ، ئەوەندەی کە دەستی پێکرد، خۆبەخۆ تووش ئەبێ. گیرام گوڵمحەمەد ئەمڕۆ لەگەڵ نەکەوتایەت و خۆی لا بگرتایەت، بەڵام بەیانی کە هەواڵی هەڵقەڵەشانی کونجی بڕۆی خاڵۆی خۆی ئەبیست، دیسانەوەش ئەیتوانی خۆی دوور بگری و قوشقی نەبێ؟ دیارە کە نەی ئەتوانی. کە وا بوو خۆی تێ ئەهاویشت و دیار نەبوو کەی لێی دێتە دەرەوە. ساخ ئەویش، یان برینددار؟ هەر چی بوو و بە هەر شیوەیەک ڕابوردایە، خەفەتەکەی هەر هی

بڵقیس بوو.

لەم ناوەدا زیوەر چ دارەتێکی هەبوو؟

زیوەر، دڵ ماندوو و غەمبار و تووڕە بوو. غەزاڵێکی پێکراو و فڕێدراو. سەری لە ئەستۆی دەر نەئەهێنا. ڕوانگەی ئەسپ گرتنەکەی گوڵمحەمەد، هەر چەند لە چاوی ئەوی‌تردا شکۆیەکی پڕ شانازیی بوو، بەڵام دڕکێک بوو لە چاوی زیوەردا. گورگێک جەرگی بدڕیایەت، لەوە باشتر بوو گوڵمحەمەد داوای ئەسپ لە ماراڵ بکات. لەوەش خراپتر، گوڵمحەمەد پاش ڕکێف وەرگرتن لە قەرەئات، زۆر خۆمانی داوای کڵاوەکەی لە ماراڵ کرد. بە بیانووی تۆسن بوونی قەرە! زیوەر کە وای بینی، سەرەڕای ئەو هەموو ئەوینەی بە پیاوەکەی هەیبوو، لەپڕ ئارەزووی کرد ئەسپەکە بیبا بە حەوادا و بیکوتێ بە زەوی‌دا. دڵ شکانی گوڵمحەمەدی ئەویست. چونکە ئەگەر بە عەرزیش‌دا بدرایەت گوڵمحەمەد، بۆ زیوەر دیسانەوە هەمان گوڵمحەمەد بوو. هەمان بوو کە بوو. ئازیز و دڵخواز. بەڵام لە چاوی ماراڵ ئەکەوت. ئەمە ئەو شتە بوو زیوەر ئەیویست. بەڵام ئێستە کە گوڵمحەمەد توانیبووی وەک پڵینگێک لەگەڵ قەرە تێبگیرێ، بیبەزێنێ و لە ئەنجامدا خۆی هەڵداتە سەر پشتی، سینگ بداتە پێشەوە و مل ڕاست بگرێ؛ ئەوا بارەکە جۆرێکی تری لێهاتبوو. لەم هەلومەرجەدا بتەوێ نەتەوێ نیگای دەروونی ماراڵ ئەچێ بۆ لای گوڵمحەمەد. کە ڕۆیشتبوو. گوڵمحەمەد لە چاوی ماراڵدا، شێوە و شکۆیەکی تری پەیدا ئەکرد. پیاوتر، پیاوانەتر لەوەی کە هەبوو و ئەمە ئەوە بوو کە زیوەر نەی ئەویست. ئەوەی نەی ئەویست کە گوڵمحەمەد لە چاوی بیانی‌دا ڕواڵەتی ڕاستەقینەی دەربکەوێ. نەی ئەویست کەسی‌تر گوڵمحەمەد -گەوهەرەکەی ئەوی- بوێ. خۆشەویستی گوڵمحەمەد لە دڵی‌تردا جگە لە دڵی ئەو نابێ جێگیر ببێ. پیاوی زیوەر ئەگەر هەزار جاریش سووک

ببوایەت، ئەو دیسانەوەش ئەیتوانی بیەوێ؛ لە بەر چاوی نەئەکەوت. ئێستا وا بیری ئەکردەوە. بەڵام گوڵمحەمەد براوە و سەرکەوتوو ئەگەر بوایەت، ئەوسا ئەستەم بوو کۆتی بکا. زۆر چاو چاویان تێ ئەبڕی و بۆ زیوەر نەئەگونجا ئەو هەمووە چاوە لە کالانە دەربهێنێ. کە وا بوو، پیاوەکەی بە دوو ڕوخسار ئەویست، لە دوو ڕواڵەتدا. یەکیان بۆ خۆی و یەکیش بۆ خەڵکی. ئەوەی بۆ خۆی ئەیویست، تا بڵێی بەشکۆ و شاکار و؛ ئەوەی بۆ خەڵکی، تا ئەیتوانی ڕق و تووڕەیی. خەڵکی بلا لێی بێزار بن، ڕقیان لێی بێ، لە ناو خۆیان ڕێگەی نەدەن؛ دڵی زیوەر دەریایەکی میهر و حەزە. چەند لە دەرەوەی گیانی زیوەر لە سەرمادا ئاوارە بێ، گەرمای دڵی زیوەر دڵڕفێنتر:

گیانەکەم فیدات بێ، پیاو. وەرە، وەرە. وەکوو دایکێک لە ژێر باڵەکانمدا جێت ئەکەمەوە. پانتایی گیانم پێگەی تۆیە. چاوەکانم خاکی ڕێتە. پێی لە سەر دابنێ. پێم بە سەردا بنێ. سم بە بیابانی گیانمدا بچەقێنە. قەمچیم لێدە. کەزییەکانم تەنگەی ئەسپەکەت. گیانم بە تۆ ئەبەخشم. لە بریم ببینە، دەنگ هەڵبێنە. هەناسەم بۆ تۆ. زیوەر لە دەورت گەڕێ ئەمانە هەمووی بۆ تۆ و تۆ بۆ من. بەڵام لام لێ مەگرە، لێم ڕامەکە. من ئەڕچێم، ئەبم بە بەرد گوڵمحەمەد. سەیری بکە. سەیری ماراڵ بکە. نیگای لە سەر تۆیە، گوڵمحەمەد. ئەسپەکەی پێدای بیبەیت و بڕۆیت. لە ناو ئێمەدا، ئەسپ شتێکی کەم نییە، ئەویش ئەسپی یەکەناس. بەڵام بینیم ئەم کچە چاوی بڕیبوویە جەنگی نێوان تۆ و قەرە. ئاگر لە چاوەکانی ئەباری. لە چی شادمان بوو؟ تۆ کە خۆت بە یاڵی ئەسپەکەدا سەرخست، زانیم کە ئەو سەرکەوتنی تۆی ویستبوو. ئەو تۆی ویستبوو. ئەو تۆی ئەوێ. ئەزانم. ئەبینم. ئەبینم. خۆ کوێر نیم. خۆزگە بە تەوقی سەرەوە درابووی بە عەرزا! خۆزگە شکابووی. مردبووی. خۆزگە بمری گوڵمحەمەد، زمانم لاڵ!

گیرۆده، گیرۆده، گیرۆدەی بیر و خەیاڵ. زیوەر، ئەم ژنە شووش و باریکە، بە گیانی خۆی چی ئەکێشا؟ چی ئەکێشا؟ ئەو گیانی خۆی ئەجاوی. ئەشکەنجەی خۆی ئەدا. قەمچی لە گیانی ڕوتی خۆی ئەدا. ڕاستەکەی زۆریش بە بێهوودە نەبوو. ئەیویست و بیری لێ ئەکردەوە. نەی ئەویست و ئەترسا. نەفرەت کردن لەو خەیاڵەی ماراڵ ئێستە دڵی پێوەی خەریک بوو. ڕق. ڕق. ئەیتوانی بە گیانی هەموو خۆشەویستەکانی سوێند بخوات کە ماراڵ لەم دەمەدا هیچ خەیاڵێکی لەسەردا نییە جگە لە گوڵمحەمەد. ئارەزووی ئەوەشی هەبوو، ئەگەر بیتوانیایەت چنگ بکات بە ناو کاسەی سەری کچی عەبدۆسدا و گوڵمحەمەدی وەکوو زارووویەک لێ بکاتەوە. ماراڵیش کەموزۆر وەها بوو. بەڵام نەک هەر  ئەمە. دژەکەشی بوو. لکاو و شان بە شان: دلاوەر.

ماراڵ بۆ ساتێکیش نەی ئەتوانی دڵ لە دلاوەر خافڵ بکات. مێشکی کەوتبوویە نێوان ماشەیەکەوە، بەردەوام تەنگ و تەنگتر ئەبوو. دڵێکی لە لای قەرەئات بوو و دڵێکیشی لای دلاوەر. فڕینی گیان بە تاوانی چاوەڕاوی بێ ئەڤانی خۆی. قەرەبوو کردنەوەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ بە هۆیانەوە خۆی ئەخاتە ژێر لێپرسینەوە. بۆ دەسبەسەراگرتنی ئەو پارچەیەی گیانی مرۆڤ کە خەریکی هەڵتنە. گێڕانەوەی بۆ مەنزڵگە. خووی ئاسایی. ئەی دلاوەر چی؟ بەشی ئەو لە کوێیە؟ ئایە ئەبێ کۆڵ بۆ بە تالانچوونی هەموو گیانی بدات؟ ئایە گوڵمحەمەد هەموو گیانی داگیر کردووە؟ ئەوە ئەوە بەو جۆرە داژویێ؟ ئەبوا وا بە بێباکی باژوێ؟ نەء. نەئەبوو. تاوی بێئوقرەیی چۆن ئەهێنی؟

سەرکۆنە! ماراڵ خۆی لۆمە ئەکرد. فڕینی گیان بۆ پاساوی لێک پچڕانی شیرازەی خۆی. دلاوەر ئێستە چی ئەکرد؟ ئەگەر بیبیستایەت کە ماراڵ ئاوا بە ئاسانی قەرەئاتی داوە بە یەکێکیتر، ئاخۆ چی ئەکرد؟ بە ڕاستی دلاوەر چ بار و بیرێکی

هەبوو؟ قەرەئات وا لە ژێر ڕانی گوڵمحەمەددا بوو. گلەمەند لە مارالْ ئاخۆ نەبوو؟ نەبوو، کە ئەوی داوە بە دگەر؟ تاوی ڕانی نامۆی چۆن ئەهێنا قەرە؟ لە گەڕانەوەدا، مسۆگەر ئیتر وەکوو ڕابردوو سەیری مارالْی نەئەکرد. ڕەنگە ئێستە گوڵمحەمەد ڕووخۆش و سەرکەش، پێی لە ئاوزەنگی بوو و لە پێشەوە داژووت. ئەو قەرەئاتەی مارالْ ئەیناسی ئەسپیک نەبوو ڕێگە بە هاوتاکانی بدا، پێشی بکەون. گومان، بە مایەیەک لە پەشیمانیەوە یەخەی کچی عەبدۆسی گرتبوو. قەرەئات، خۆزگە سواری نەدابا بە گوڵمحەمەد! ئەگەر وا بوایەت چی ئەبوو؟ خۆ نەی ئەتوانی بە گوڵمحەمەد بڵێ «نەء». خۆ پەردەکانی دڵی مرۆڤ لە ئاسن نین! بە نیگایەک وردوخاش ئەبن! جاری وا هەیە تاوی تاقە وشەیەک ناهێنن. بەنی دڵ ئەلەرزێ. لەم ناوەدا تاوانەکەی ئەبێ بە ناو کێوە بنووسرێ؟

شێرۆ لەپڕ کەوتە قسە:

ــ هەمووی لە ژێر سەری پوورزا دایە؛ عەلیئەکبەر. خوا لە سەر عەرز هەڵیگرێ.

بلْقیس وتی:

ــ باشە، باشە؛ پێویست ناکا قسەی زل بکەی تۆ! بۆچی تاوانەکە ئەخەیتە ملی ئەو؟ ئەی خاڵۆی خۆت چی؟ مەدیار خان؟

ــ چونکە ئەزانم خوشکەزاکەی تۆ هەموو قڕەکان ساز ئەکات.

ــ هەر لە خۆتەوە قسە فڕێ ئەدەی! خەریکی کارەکەت بە.

شێرۆ خەریکی کارەکەی بوو. بێدەنگ بوو. حەزیشی لەم کێشەیە نەبوو. تاوانی هەر کەس بوو با ببێ. پەیوندی بە شێرۆوە چی بوو؟! قەبری باوکی فرۆشەریش و کڕیاریش. لە ڕەوتی ئەم ژیانەدا -بەم شێوەی کە هەبوو- جگە لە بەشی

خۆی هیچی نەئەویست. ئەتوانرا شێرۆ -لەم کاتەدا- لە ڕیزی ئەو مرۆڤانە دابنرێ کە ئەڵێن: ئەو بارانەی بۆ من نابارێ، با نەبارێ! ئەو بەدەس بێدەنگیەوە وەڕەز ببوو، بۆ خۆدەربازکردن وشەی فڕێ دا. وەڵامەکەشی وەرگرتەوە و کەوتەوە کار. بەڵام کوا حەزی دروێنە کردن؟ دەست و دڵی کەی ئەچووە کار؟ داهێزراو و ماندوو، بە لەشێکی تەمەڵ، ساقەتە باریک و جیڕەکانی گەنمی لە ناو دەستیا کۆ ئەکردوە و، دەستکاڵەی بە لەق و لۆقی ئەخستە پشت گەنمەکان یەک بە یەک ڕای ئەکێشان و ئەوەی بەدەستیەوە مابوو لە سەر چەپکە گەنمەکان بەجێی ئەهێشت و، دیسانەوە بە هەمان لاوازی لە سەر پێ ئەسووڕا و ئەکەوتەوە درەو کردن. ناچاریی. لەبری هەتا حەز بکەی دزێو کاری ئەکرد. دڵی بۆ دان نەئەسووتا. بێ شەرت و شۆ و بێ حەز و لەز، ساتە قورسەکانی ڕۆژی تێ ئەپەڕاند.

بەڵام نیگا تیژ و پسپۆڕەکەی بڵقیس لە هیچ شتێک خافڵ نەبوو. نە لە گرژبوونی زیوەر، نە لە خامۆشی ماراڵ و، نە لە دەست و دڵی کچەکەی. لەجێ ڕابوو و بە دوای شێرۆدا دەستی کرد بە کۆکردنەوەی ئەو گولانەی شێرۆ وەراندبوونی. شوێنەکەی کە خاوێن کردەوە، چووە بان سەری شێرۆ وەستا و بە تووڕەیی پێی وت:

ـ خاوێن دروێنە بکە تیر لە جەرگت دا! ئەمە نانی زستانتە. کوێر بووی ببینی کاکەت دوێشەو گەنمی بە مەنی خوا قەران کڕیبوو؟ ڕۆژی خۆش نابینی کچ، ئەوەندە ناشکوری مەکە... ئاخ لەدەستی تۆی چاو هەڵدڕاو!

شێرۆ دەمی نەخستە دەمی دایکی. لە بەر خۆیەوە بۆڵەیەکی کرد و چیرەی لە ددانەکانی هێنا و ناوبەناو ساقەتە بەجێماوەکانی ڕنیەوە. ئەمرۆ نەی ئەویست سەر بنێتە سەر بڵقیس. نەی ئەهێنا. ئەبوا خۆی ڕابگرێ. ڕۆژێک هەزار ڕۆژ نییە. بۆیە بە بێدەنگی درێژەی بە کارەکەی دا. چار چی بوو؟

ئەمجۆرە کارە بۆ شێرۆ نەک هەر هیچ چێژی تیا نەبوو، بگرە ئەشکەنجەیەکی لەسەرخۆ و بەردەوامیش بوو. کاری نابەدڵ. زۆرەملێ. کۆکردنەوەی حەوتم بوو ئەمە، نەک دروێنە. حەوتم لەوەش زیاتر بوو، لەو درەوەی لە بەردەمی ئەواندا بوو. ئەم شێوە خۆ گرێدانەی بە زەوییەوە حەز لێنەبوو. ڕەنگە لەم کاتەدا هەستی وابوو، دڵی لە بیانوو ئەگەڕا؛ بەڵام هەر چی چۆن بێ خۆی لە کۆکردنەوەی ئەم پووشانەدا بێواز و لاپرەسەن ئەزانی. لە بەر ئەمەش بوو هەر ئەوەندەی هەلێکی دەست ئەکەوت دەستەکانی بەرئەدایەوە و پەنجەی لە دەستکاڵە دەرئەهێنا و ئارەقەی ناو دەستی بە خۆڵەپووت وشک ئەکردەوە، بەو هیوایەی ڕۆژ تێپەڕێ.

بەڵام چەندە دوور و درێژ بوو ئەم ڕۆژە؟ ئەتوت کۆتایی نییە. هەتا حەزکەی بە ئەسپایی ئەکشا. هیلاک و ماندوو پێی هەڵئەگرت. خۆی ئەخزاندە ژێر هەور -ئەو هەورانەی لە لێفەی کۆن ئەچوون- ئەهاتەوە دەرەوە و دیسانەوە هەر لە سەر جێی خۆی بوو. ئەتوت جووڵەی نەکردووە! شێرۆ لەوەی کە پێویست بوو زیاتر هۆشی خۆی دابوو بە خۆرەکە. لە بزووتنی هەتاو ورد بووبۆوە و ئارەزووی ئەوە بوو داکەوێ، شۆڕەوە بێ، لەبنی دنیادا ون ببێ. ئێوارە دابێ و بە دوای ئەویشدا شەو دابێ. بەڵام ئەتوت ئەم شەوە خەیاڵی هاتنی نەبوو.

دیسانەوە، تانە و تەشەری بلقیس. شێرۆ کە پشووی وەرگرتبوو، دەستی کردەوە بە کار. لانیکەم وای دەرئەخست خەریکە دروێنە ئەکات. کوشندە. کوشندەتر لەوە هەیە کە مرۆڤ ناچار بکەن کارێک بکات کە حەزی لێی نییە؟ کارێک کە ئەو بە لایەکدا ئەڕوات و تۆیش بە لایەکی تردا؟ کارێک لەو بابەتەی کە بە پێچەوانەی تۆ ڕێ ئەکات؟ ئەو کاتانە تەواو بوونیان نییە. ئەکشێن، درێژ ئەبنەوە، قورس ئەبن، خومار و تەوەزەل ئەبن. ژیان خاو ئەبێتەوە. بە خۆیدا ڕۆ ئەچێ و

مـرۆڤ هەسـت ئـەکات لـە گۆلێکـی مەنـددا نیشـتـەجێ بووە. مەنداوێـک کـە خەیاڵـی بزووتنـی نییـە. کـەری لـە قـوڕ چەقیـو. سـێبەر تێناپـەڕێ، خـۆر ڕێ نابـڕێ. کار ڕاناپـەڕێ. بیـر و هـۆش بـە لایەکـی تـردا فڕیوە. بـە بـێ گوێدانـە هـەر چـی هەیـە. ئەوانـەی بـە دەورتەوەیـە ڕات ناکێشـن. زەمیـن هەناسـە نـادا. تـۆ هەناسـە نـادەی. غـەم ئەخنکێنـێ!

بڵقیس وتی:

ـ مەڵۆکانی پشت سەرتان کۆ بکەنەوە بچین بۆ قاوڵتی.

ژنـەکان هەڵسـان، مەڵـۆ بچووکەکانـی گەنمیـان هەڵگـرت و لـە نـاو کۆشـیاندا بردیـان بـۆ لای چارشـێوەکە، هەڵیانڕشـت و بـەرەو گـۆزەی ئـاو و سـفرەی نانەکـە چـوون. گەیشـتن و لـە تەنیشـت زڕە جۆگەلـەوە دانیشـتن. بـەڵام بڵقیـس خـۆی هێشـتا لـە سـەر زەوییەکـە بـوو و گوڵـە گەنمـە داکەوتووەکانـی یەکـە یەکـە، وەک برژانگـی چاوەکانـی کـۆ ئەکـردەوە و ئەیخسـتە کۆشـیەوە:

ـ ئێوە دەس پێبکەن. منیش واهاتم.

بڵقیـس درەنگتـر چـووە سـەر سـفرە و درەنگتریـش هەڵسـا. ژنەکان لە پێش ئەوەوە، پاروویان هاویشتە گەروویان و کەوتنەوە کار. ڕۆژ وەرگەڕابـوو. خـۆر لـە یاڵـی ئاسـمان بەربـۆوە و سـێبەری دروێنەوانـەکان لـە بەردەمیـاندا، کەوتبوویـە سـەر لـق و پۆپـی ڕووتەڵـەی گەنمـەکان و لـە هـەر بزووتنێکیـاندا، بـە سـەر تەڵـە گەنمـەکاندا ئەشـکایەوە، ئەجـووڵا، ئەخـزا، یـان ئەبوویـەوە و ئەسـاورا بـە عـەرزەکـەدا.

درەو بـە ماندوێتیەکـی زیاتـرەوە دەسـتی پێکرایـەوە. تەنانـەت بڵقیسـیش تیـا مابوویـەوە و نـەی ئەتوانـی بیشـارێتەوە. کاری بێهـوودە. ئەمـە سـەدجار زیاتـر ماندووکـەرە. کازیـوەی نـەداوە، چـوار پێنـج مـرۆڤ چۆکیـان بـە عـەرزا خشـاندبوو و کاتێکـە سـەیری بەروبوومـی کارەکەیـان ئەکـرد، مشـتێک پـووش و پەڵاش

بوو لە سەر چارشێوەکە. دەروێشێک ئەگەر لە مەزرایەکی بەپیتەوە تێپەڕیایەت، سالاری کێڵگە لەوە زیاتری ئەخنی بە توربێنەکەیدا. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە بنەماڵەی کەلمیشی ناچار بوون ئەو تۆوەی چاندوویانە کۆی بکەنەوە. بۆ ئەو کەسەی کە خەریکی کشتوکاڵە، ئەمە ئەبێ بە نەخۆشینێک. تۆوی چێنراو ئەبێ کۆ بکرێتەوە؛ ئەگەر پێویست بکات وەکوو چۆلەکە دەنکە دەنکە هەڵیگرنەوە. ئەمە بەڵام بۆ تاقە تاقەی ئەو کەسانەی لە سەر مەزراکە کار ئەکەن بە یەک شێوە بڕیار و بەڵێن نییە. ئەم بڕیارە تەنها لە دڵی دوو کەسدا کاریگەرە: بلقیس و گوڵمحەمەد. بۆ وێنە، زیوەر حەزی لەوە نەبوو. کارکردن بۆ ئەو چ لە سەر زەوی و چ لە ناو ڕاندا ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانی بوو.

راهاتن بە کارکردن خووی پەروەردەی ژنانی خێڵاتی مەیە. چونکە ئەوان هێمان لە ژێر پەڕوباڵی دایکان نەهاتوونەتە دەرەوە، ئەکەونە کارکردن. زۆرترین بەشی کاری مەڕداری لە سەر شانی وانە. شوانی و لەوەڕاندن، کڕین و فرۆشتن و خوری بڕینەوە کاری پیاوە. دۆشین و مەشکە ژەندن، ماست و فرۆ، قەیماخ و کەرە و ڕۆن گرتن کاری ژنانە. جگە لەمەش، چنینی جاجم و بەڕە و شاڵ و کڵاو و ڕەشماڵ بەشێکی تری کاری ژنانە. ژن بەجێ لە کاری خۆیدا شارەزا و لێهاتووە. سارد و گەرم چەشتووە.

بۆ زیوەریش کار شتێکی تازە نەبوو. ئەو ئەمەی ئەزانی و دانی پێدا نابوو کە پێش خۆرهەڵات، سەر هەڵێنێ و تا ڕۆچوونی هەتاو، لە ناو کاردا بتلێتەوە. شێرۆش ئەگەر خۆی لەکار لائەدا، لە بەر ئەوە بوو دڵی لە شوێنێکیتر گیری کردبوو. ئەو لە بناخەوە لەوێ نەبوو. هۆش و بیری لە کار دابرابوو. کە وا بوو هیچ کارێک بە دڵیەوە نەئەلکا. ئەمە نە لە بەر تەوەزەلی بوو، بەڵکوو بە هۆی دڵ دابڕانەوە بوو. خۆی

لێره و دڵی لەوێ.

مارالّ هەوڵی ئەدا ڕەنگ و ڕوویەک بدا بە کارەکەی. هەوڵدانێکی لە پاڵەوە. خۆی نەئەدا بە چاوا. خۆی بە کارا پیشان نەئەدا. بەڵام لە ناخەوە حەزی ئەکرد توند و بەبڕشت کار بکات. نەی ئەویست ڕێگە بە بێوازی بدات. بێزاری نەئەبوا بە سەریدا زاڵ ببێ. کەسی نەئەبینی سستی ئەو لە بەر چاو نەگرێ. کە وا بوو ئەبوا تێبکۆشێ لە کار دوا نەکەوێ. سەرەڕای ئەمەش کار بەسستی ئەچووە پێشەوە و، ڕۆژ بە کارەوە ڕووی لە ئێوارە کردبوو.

شێرۆ هەڵسا، چۆکی ڕاست کردەوە و خڕکەی ئەژنۆی شێلا. ڕەگ و دەماری قاچەکانی لە ماندوێتیدا ئەیانزریکاند. پشتی ڕاست کردەوە و چاوی هەڵدا بۆ ئەملا و ئەولا و وتی:

ـ وشترەکە خەریکە زۆر دوور ئەکەوێتەوە، ئەچم ئە یهێنمە و ە .

زیوەر و مارالّ ئاوڕیان بۆ لای وشترەکە دایەوە. شێرۆ دەستکاڵەکەی دانا، پاژنەی گیوەکانی هەڵکێشا و کەوتە ڕێ. وشترەکەی گوڵمحەمەد لەو دوورانەی بیابان‌دا ئەخولایەوە؛ ملی داگرتبوو و بە لێوە نەرم و فەرمانبەرەکەی دڕک و دەوەنی بیابانی ئەڕنیەوە. شێرۆ بەرەو وشترەکە خۆی ڕاکێش کرد، ڕەشمەکەی کە لە دەور ملی کرابوویەوە و بە زەویدا ئەکشا، هەڵگرتەوە و چۆکی پێ دادا؛ بە یاڵی وشترەکەدا سەرکەوت و لە سەر پشتی دانیشت؛ پاژنەکانی لە لا کەلەکەی کوتا، وشتر ڕاست بوویەوە و شێرۆ بەرەو مەزرا لێی خوڕی.

ڕۆژ خەریک بوو ئەگەیشتە کۆتایی. ژنەکانی تریش دەستیان لەکار هەڵگرتبوو. بەڵام دەستکاڵەیان هێشتا لە دەستدا بوو و خەریکی کۆ کردنەوەی مەڵۆکان بوون. بەڵام دەسکە تێک شکاوەکانی گەنم لە دەمی دەستکاڵەکان دائەکەوتەوە و بە ناچاری دائەنەوینەوە و لق و پۆپە ڕژاوەکانیان

یەکە یەکە کۆ ئەکردەوە و ئەیانکردە ناو زەندکی کراسەکەیان بۆ ئەوەی بیبەن بۆ لای چارشێوەکە. لە بەیانیەوە هەتا ئێستە دوو چارشێو نیوە ببوو. ژنەکان بە یارمەتی یەکدی، لۆی چارشیوەکانیان گرێدا. بڵقیس بە کچەکەی وت وشترەکە یخ بدات. شێرۆ وشترەکەی خەواند. ژنەکان باری دوو تایان دا بە سەر پشتی وشتردا. زیوەر دەسکەوساری لە شێرۆ وەرگرتەوە، وشتری هەڵساند و بە بێ ئەوەی سەیری کەس بکات بەرەو گوند کەوتە ڕێ. دەستکاڵەکان، گۆزە، زەرک و سفرەی بەتاڵ ژنەکانی‌تر هەڵیانگرت و بە دوای وشترەکەدا کەوتنە ڕێ. لە ڕێگە هیچ وتووێژێک نەکرا. خامۆشی ئێوارە، هەوری پەڵە پەڵە و دەشتی بێدەنگ. شێرۆ دوورتر لەم و لەو، لە بەر خۆیەوە گۆرانی ئەوت:

شەوی مەهتاوە و مەهتاوم نەهات
خەو تا بەیانی لە چاوم نەهات
هەتا ڕۆژ هەڵات یاری هەر شەوم
چاوم چاوە ڕێی هەر بۆلام نەهات

بە ناڵەوە ئەیخوێند. غەمگین و ئارام. بەڵام نە بەو جۆرەی کە ئەوانی‌تر لە واتای تێبگەن و لە وشەکان سەر دەربکەن. بە دزی ئەیخوێند و زۆربەی وشەکانی لە پەردەکانی گەروو و لووتیا ون ئەکرد. سەرەڕای ئەمەش تەنها ئەو بوو هیوایەک لە دڵیدا، بەرە و ماڵ و شەو ئەڕۆیشت. ئەوانی‌تر هەر یەکە و بە غەمێکەوە گیرۆدە بوون. ماراڵ غەوارە و -بێگانەیی لە تەنگی ئێوارەدا دڵگیرترە- گیرۆدەی خۆی و خامۆش بوو. زیوەر بێگانە لەگەڵ هەر چی هەیە و نییە، ڕەشمەی وشتری دابوو بە شانیدا و بە خووی هەمیشەی پێی هەڵئەگرت. لە چ خەیاڵێکدا؟ بڵقیس ماندوو، شەکەت و تووڕە بوو. شوێنی بەتاڵی گوڵمحەمەد ئازاری ئەدا. نیگەرانی ڕۆڵەکەی بوو. گوڵمحەمەد ئێستە لە کوێیە و خەریکی چییە؟ بیری ئەو

پەرێشانی ئەکرد. پەرێشانتر. هۆشی ئەشەڵەژا. لای خۆی خەیاڵی ئەتاشی. خەیاڵ لە خەیاڵدا. بیر بە هەزار جۆر. زیندە خەون. زیندە خەون. جەنگ و خوێن. دەنگدانەوەی ڤیزەی گوللە لە ناو گەرووی کوێستاندا. تفەنگ و تیر. ئەسپ غاردان. هەر ای... هەڵدێران، لەخاک گەوزان. حیلەی ئەسپان. ترس. ترس. هەڵاتن. گەردەلوولی تۆز و خۆڵی ئەم ئاسمانە.

دڵی بلْقیس ئەخێورێتەوە، ئەهەژێ. شەویلکەکانی ئەلکن بەیاکا. خەفەخان ئەگرێ. ئەیەوێ یەخەی خۆی دادڕێ.

بەڵام دان بە خۆدا ئەگرێ. دایکی چوار منداڵە. دەروونی ئەبێ لەوە گەورەتر بێ. ئەبێ بتوانێ خۆی ڕاگرێ. مەترسی بۆ پیاوە. نە مەگەر گوڵمحەمەد سەربازیی کردووە؟ شین و شیوەنی جەنگی تێپەڕاندووە: لەش و گیانی، لە شەڕ دەرباز کردووە و بۆ زادگەی گەڕاوەتەوە؟

وایە! ترس و پەڕینەوە بە دەراوگەی مەترسیدا، کاری پیاوە.

هەوا گاون ببوو گەیشتنە دەرزیوەر. کۆڵان و دەروبان وەک هەمیشە چۆڵ و هۆڵ بوو. لێرە خێزانێکی زۆری لێ نەئەژیا: ماڵ و منداڵی خانئاپۆ، لەگەڵ چەن ماڵیتر. هەموو خزم و کەس: پوورزا، زاوا، مەتیەزا، خالۆزا. ئەم دەستە بچکۆلەیە بە ڕۆژ بڵاوبوون و بە شەو لە دەور یەک کۆ ئەبوونەوە. تاوێک دائەنیشتن، پاشان هەڵئەسان و بەرەو هێلانەکەی خۆیان ئەڕۆیشتن. هەر کام لەمانە بەقەد لەپی دەستێک تۆوی چاندبوو و لەم وەرزەدا، هەر چی چۆن بێ هاتبوون بەروبوومی کارەکەیان کۆ بکەنەوە، بیکوتن و مشتێک ئازووخە بۆ ئەو زستانەی لە پێش بوو، پاشەکەوت بخەن.

وشترەکە، زیوەر لە بەردەرگا یخی دا و پێش ئەوەی کەسیتر بێت بۆ یارمەتی، کەوتە کردنەوەی گوریسەکان. ماراڵ پێش ئەوانیتر گەیشت. تایەکی بارەکەی داگرت و لە

بن دیوارەکە دانیا. پاشان بڵقیس و پاشتریش شێرۆ گەیشت. زیوەر وشترەکەی هەڵساند و بردییە لایەکەوە، هەوسارەکەی لە ملی کردەوە و ئەو پێکوڵانەی بە تووکەکەیەوە لکابوو، لێکردەوە و چووە ژوورەوە. بڵقیس و شێرۆ خەریکی کێشەی چارشێوەکان بوون بۆ ژوورەوە.

ــ نەئەکرا ئەم مشتە پووشەش لە بەر با دابنرێ، تا پرش و بڵاوی بکاتەوە!

چارشێو ئەگەر چوار گرێ بەسترابێ و چوار بەردی باشیش لە سەری دانرابێ، گەردەلوولیش ناتوانێ هەڵی بکەنێ و لەگەڵ خۆی بیبات. بەڵام هێشتا کەس پەیدا نەببوو لەم ماڵەدا کە بتوانێ قسە لە سەروو قسەی بڵقیسەوە بکات. دایک، حەسابی کار و ژیانی خۆی لەدەستی خۆیدا بوو و، نە مارالّ و نە شێرۆ و زیوەر نەیان ئەزانی چی لە پشتی قسەکانی بڵقیسدا نووستووە. بڵقیس لە ترسی دز چارشێوی گەنمەکانی ئەبردە ژوورەوە. لە بەر ئەمەش هیچ نەئەوترا. مارالّیش، بیزانیایەت یان نا، ڕێگەی بە خۆی نەئەدا قسەیەک بکات کە هی ئەو نییە. بڵقیس وتی:

ــ کاتێکە هەموومان کۆکردەوە، ڕۆژێک ئەی هێنینە دەرەوە، ئەیکوتین و شەنی ئەکەین. قوتار!

ژنەکان بە چارشێوی گەنمەوە چوونە ژوورەوە و لە چاو ون بوون.

لۆک عۆری کێشا. پاش تاوێک، زیوەر بە دەستی هەویراوی و ئاردی جۆوە هاتە دەرەوە و سفرەی وشترەکەی لە بەردەمیدا ڕاخست و گەڕایەوە ژوورەوە بۆ ئەوەی نواڵەکەی بۆ بشێلێ. لۆک قەپۆزی برد بۆ سفرەکە و بە لێوی کەوتە یاریکردن بە کای ناو سفرەکە. بەڵام هەر زوو دەمی کشاندەوە و ڕووی وەرگێڕا بۆ لای دەرگای ماڵەکە و چاوەڕێی کرد. لەگەڵ نواڵە ڕاهاتبوو. هەموو شەوێ یەک نواڵەی ئاردی جۆ. نە کەمتر. گوڵمحەمەد

خۆی بە برسێتی سەری ئەنایەوە، بەڵام وشترەکەی بێ نواڵە نەئەکرد. ئێستەش ئەوا لۆک بێ ئۆقرەیە و سەر و مل ڕائەوەشێنێ بە دوای خاوەنیدا. گوڵمحەمەدی ئەویست. لە بەر ئەمەش بوو لە ناخەوە عۆری ئەکێشا. زیوەریش ئەمەی ئەزانی. لە پاش تۆزێک بە نواڵەوە هاتەدەر و وتی:

ـ بێزاری گیانەکەم؟ ئەوە بۆم هێنای.

نواڵەکەی خستە سەر سفرەکە. لە کای وەردا، کردی بە گونک و هەڵسا. ڕەشمەی سەربەندەکەی لە پەڕی دارەبەنەکە دەرهێنا، چۆکی وشترەکەی بەستەوە و چووە ژوورەوە. چارشێوەکان بەتاڵ کرابوون و پاڵەی گەنم لە سەر یەک کەڵەکە کرابوون. ژنەکان خەریکی دەست و ڕوو شۆردن و داگیرساندنی پڵیتەی چرا و کوانوو و خستنە سەری کتری و قابلەمەی خاگینە بوون.

ماراڵ و شێرۆ، جەوەنە و گۆزەیان هەڵگرت و بەرەو سەرچاوەی کارێزەکە کەوتنە ڕێ.

بۆ شێرۆ بەتەنها کەوتن لەگەڵ ماراڵ مایەی خۆشی بوو. لە بەیانیەوە لە دڵیدا بوو تاوێک بە جووتە لەگەڵی بدوێ؛ بەڵام ڕێ نەکەوتبوو. دڵی لە نەگوتن ئاوسابوو. هەموو ئەوانەی بە ڕۆژ وتبووی، هەمووی درۆ بوو. هیچیان قسەی دڵی نەبوو. لە کاتێکا دڵی شێرۆ قسەی زۆری بۆ ماراڵ هەبوون. ماراڵ لەم ناوەدا تەنها کەس بوو کە شێرۆ ئەیتوانی هەر چی لە دڵی دایە پێی بڵێ. ئەو دووە هەر زوو ببوون بە ڕازداری یەکدی؛ هەر چەند ماراڵ هێشتاش دەرگای دڵی لە لای شێرۆ نەکردبۆوە. ئەو خۆگرتر و کارامەتر لە شێرۆ بوو. زۆر زوو خۆی بۆ ئەم و ئەو دەرنەئەخست. ئەوجۆرە ڕەوت و خووە ببوو بە سروشتی. ئەبوا واش بوایەت.

شێرۆ کەوتە قسە:

ـ خاڵۆزا، لە چ بیردای؟ ئەسپەکەت یان گوڵمحەمەد؟

ماراڵ داچڵەکا. چاورڕێی ئەو پرسیارە نەبوو. پێی وانەبوو هەڵسوکەوتی نێوان ئەو و گوڵمحەمەد وەها بووبێ کە بەو جۆرە لێک بدرێتەوە. هەر چەندە چاوی ژن لە بینینی هەندێ شتدا تیژترە، سەرەڕای ئەمەش هێشتا درەنگ نەبوو. ئەیتوانی وای دەربخات نەی بیستووە. بۆ لایەکیتر، قسەیەکیتر. بەڵام شێرۆ لەو جۆرە کچانە نەبوو وا بە ئاسانی قایشی لە کوولەکەی ماراڵ بکاتەوە. پەڵپی گرتبوو و ئەتوت ئەوەی کە دوێشەو و -لەسەر بناغەی عاشقبوونی بە ماهدەروێش- بە ماراڵی دۆڕاندبوو ئەمشەو وەری بگرێتەوە. ئەیویست سەر بە سەر بن. بۆیە خامۆشیەکەی ماراڵی شکاند:

ـ ئەم شتانە شەرم و چاوشارکێی ناوێ. لە دوێشەوەوە خەریکم سەیرتان ئەکەم. برای خۆیشم لە تۆ باشتر ئەناسم. کاتێکە دڵانی لە شتێک گیردا تا نەی پچڕێنێ دەس هەڵناگرێ.

ماراڵ وتی:

ـ جا ئەم قسانە بە من چی؟

شێرۆ زیرەکانە وەڵامی دایەوە:

ـ پێی بۆ لای تۆ خزاوە. دڵانی لای تۆ گیری کردووە. ئێستە ئەبینی!

ماراڵ وتی:

ـ من دەزگیرانم هەیە.

شێرۆ وتی:

ـ زۆران دەزگیرانیان هەیە. ئەم بیابانە زۆر لەم شتانەی دیوە. عەشق وەکوو بای ئەم کەویرەیە. مەگەر نەیەت! کاتێکە هات چاو کوێر ئەکات. برارەکەم خۆی سەدان جار لەم بایانە خراپترە. کاتێکە شتێکی ویست، بەچاو نابینێ؛ دوای دڵی ئەکەوێ. لە هەمان ساتەوە کە تۆ پێت نایە ئێرە و ئەو تۆی بینی، ئاگام لە هەر دووکتانە. تۆ نیگاکانت ئەشاریتەوە بەڵام ئەو بێباکانەتر نیگات ئەکات. چاوی مروڤ لە زمانی ڕاستتر قسە ئەکات.

زیوەریش تێگەیشتووە. ئەویش لەبزنە وشیارەکانە. لێزان و شارەزایە. زمانی ئەگەر کورتە لە بەر ئەوەیە کە نەزۆکە. دەردەکەشی هەر ئەمەیە. نابینی چەندە بێدڵ و دەماخە؟ بەڵام لەمەو پێش یاری بە دنیا ئەکرد. وەکوو کاژیلە هەڵخە و داخەی بوو. ئارامی نەبوو. دەنگی ئەتوت زەنگۆڵەیە ئەزرایەوە. بەڵام لەپڕ لە کەف و کوڵ چوویەوە. ڕەنگ و ڕووی مرد. دڵی مرد و ساردەوە بوو. غەم دایگرت. پەشێو و خەمۆک بوو. کەم دوو بوو و زمانی وەری. وەکوو ئەوەی ئەم بارەوبار کرابێ. ڕەنگ و هەوایەکی تری پەیدا کرد. وابزانم گوڵمحەمەد میهری لێبڕی. خوا ئەزانێ. جا تۆش ئاگات لە خۆت بێ!

مارالْ لە ناو قسەکانی شێرۆدا هەستی ئەکرد دڵی بۆ زیوەر ئەسووتێ. بەڵام نەی ئەزانی بە چ شێوەیەک هاودەردی خۆی دەرببڕێ کە شێرۆ باوەڕی پێبکات. هەر لەم شەو و ڕۆژەدا توانیبووی -تا ڕادەیەک- خوو و خەیاڵی شێرۆ بناسێ. کچێکی پێگەییو، پڕ حەز و ئیشتیا، سەر بە گۆڵمەز، تاوتاو، وشیار، دڵ ڕوون، پشکنەر، نەترس، بێباک و پڕشۆر. مارالْ کاتێکە لە ناخی خۆیدا بیری ئەکردەوە، بۆی دەرئەکەوت کە شێرۆ زۆریش نابەجێ قسە ناکات. سەیری دڵی خۆی کە ئەکرد وا دیار بوو درزێکی بچکۆلانەی تێبووە. بیری لە نیگاکانی خۆی ئەکردەوە بۆی دەرئەکەوت زۆریش بێ مەبەست چاوی لە گوڵمحەمەد نەکردووە. ڕەفتاری گوڵمحەمەدیش زۆر لە لای نائاسایی نەبوو و، کاتێکە جوان لێی ورد ئەبوویەوە هەستی ئەکرد شتێک لە ژێر پێستیدا کەوتۆتە جووڵە. بەڵام بۆ وا بەپەلە؟ تیژیی درەوش بە نووکەکەیەتی. ڕەنگە ئەگەر گوڵمحەمەد مارالی بە ڕووتی نەدیبا، نە ئەکەوتە گیری ئەو نیگایانەوە. ئەگەر تووشیش بوایەت، وەرزەکەی تۆزێ درەنگتر دەستی پێ ئەکرد. کەوابێ دیار بوو تۆوی شتێک بەستراوە و هەر ئەوەندەی شتێک لە مێشکدا سەری هەڵدا، بیر ئەکەوێتە بزوتن.

ڕاست وەکوو سەرە مێکوتە. هەزاران هەزار گەردیلەی ورکە لە ناو بیردا ئەکەونە جووڵە و خۆیان ئەدەن بە دار و دیواری مێشکدا و ڕێ دەرناکەن.

شێرۆ جارێکیتر لەزگەی خەیاڵی ماراڵی پچڕاند:

ـ ئەو جۆرەی کە زیوەر ئەبینم چەقۆی لێبدەی خۆێنی لێنایەت. ئەگەر بۆی بکرێ بە ددان لەت و کوتت ئەکا. ژنێکی ڕق ئەستووره ئاگات لێی بێ.

ماراڵ، کاکیلە و لێوەکانی جووت کردبوو، نوقمی خەیاڵی خۆی، وتی:

ـ چ کارێکم پێی هەبووە من؟

ـ پێویست ناکا کارت پێیهەبێ. هەر ئەوەندەی کە هەی خۆی کارێکە. ئەو نایهەوێ تۆ لە سەر زەوی خودا بە سەوزی هەبی. بینینی تۆ دڵی پڕ ئەکا لە ڕق. من نازانم زیوەر چ جۆرە ژنێکە! ئەو هەر ئێستە بە خوێنی تۆ تینووە.

ـ ئەگەر بزانم بە ڕاستیەتی لێرە ئەڕۆم.

ـ بۆ کوێ؟ کوێت هەیە بچی؟ تاقە کچێکی وەکوو تۆ کوێی هەیە بچێ؟ گەنجێتیت ئەفەوتێ. پووک ئەبی.

ـ جا جیاوازی چییە؟ بەو جۆرەی تۆ باسی ئەکەی لێرەش ژیانم ئارام نییە.

ـ ئێرە لەگەڵ جێگەیتر جیایە. نەء، نەکا لەپڕ بدا لە سەرت و بکەویتە ڕێ بەرەو بیابان! ئەبێ خۆت ڕابگری. بە جۆرێک ئەبێ بتوانی خۆت ڕابگری.

گەیشتنە سەرچاوەی کارێز. ماراڵ بێدەنگی ڕێگەی شکاند و وتی:

ـ من دەزگیرانم هەیە. زۆریشم ئەوێ. هەر کەس هەر جۆر ئەیەوێ با بیر بکاتەوە.

شێرۆ بە تەوسەوە وتی:

ـ ئیشەڵڵا هیچکەس خەیاڵی خراپ ناکاتەوە!

جەوەنە و گۆزەیان لە ئاوەکەدا خەواندبوو کە دەنگی هەنگاوەکانی زیوەر هات. ماراڵ ئاوڕی دایەوە و زیوەری بینی مەنجەڵی ناوە بە سەرەوە و بۆ لایان دێ. جێگەیەکیان بۆ کردەوە. بەڵام زیوەر بە بێ گوێدانە ماراڵ لە جۆگەلەکە پەڕیەوە و لەو بەرەوە تۆزێک خوارتر لە ماراڵ دانیشت و کەوتە شۆردنی دەور و بنی مەنجەڵەکە. ماراڵ هێشتاش سەیری زیوەری ئەکرد و شێرۆش بە چەتوونیەک لە چاوەکانیدا، هەر دووکیانی سەیر ئەکرد. ماراڵ و شێرۆ خەریکی پڕکردنی جەوەنە و گۆزە بوون کە زیوەر دەست و چاوی شۆرد. مەنجەڵی پڕکرد. هەڵسا، مەنجەڵی نایە سەر سەری و ڕۆیشت. شێرۆ سەیری شۆپی زیوەری کرد و بزەیەکی بۆ ماراڵ کرد و چاوێکی لێداگرت. ماراڵ، ئەم ڕەفتارەی زیوەری لە بەر گران بوو. شێرۆ هەر وا دانیشتبوو و سەیری ماراڵ و زیوەری ئەکرد. بیست هەنگاوی پێنەچوو کە ماراڵ خۆی گەیاندەوە بە زیوەر، شان بە شانی کەوتە ڕێ و بە ڕاشکاوی لەگەڵی کەوتە وتووێژ.

ـ من تێناگەم تۆ بۆچی بەو جۆرە کلک بۆ من ڕائەوەشێنی! نانی تۆ ئەخۆم یان بە کۆڵی تۆ ئەگەڕێم؟

ئەمە ماراڵ بوو وا بە ڕەقی قسەی ئەکرد. بەڵام زیوەر، وەک بڵێی ئەزانێ چی ماراڵی شەڵەژاندووە، بە مۆڕەیەک وەڵامی دایەوە. لە ژێر قورسایی مەنجەڵەکەدا، ئاوڕێکی لێدایەوە و دەسبەجێ ڕووی لێوەرگێڕا و درێژەی دا بە ڕێگەکەی.

ـ بڵێ بزانم، بۆ وا لەگەڵم ئەجووڵێتەوە؟ مەگەر من چیم لەگەڵ کردوویت؟ مەگەر چ قرەیەکمان پێکەوە هەیە؟ بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟ تاقە شەوێک لەم ناوە بووم وا سەیرم ئەکەی ئەڵێی من هەوێتم. نەکا پێت وایە هاتووم شووەکەت لێبدزم! نەکا پێت وایە؟ ئەگەر وا لە سەر من بیر ئەکەیتەوە، زۆر لە هەڵەدای. من خۆم دەزگیرانم هەیە و تاڵە موویەکی بە هەزاری وەکوو مێردەکەی تۆ نادەم!

زیوەر، سارد وەکوو بەرد وتی:
ــ ئەی بۆ ناگەڕێتەوە بۆ لای ئەو؟
ــ گوێت نییە مەگەر؟ پێم وتن وا لە حەپسن، لۆکەت خنیوە بە گوێتدا؟
زیوەر پێی خاو کردەوە و وتی:
ــ نازانم. من ئەم شتانە نازانم. بەڵام ئەگەر بۆم دەربکەوێ چاوت لە مێردەکەمە، بەم شامی غەریبانە هەر دوو چاوت لە کالانە دەرئەهێنم. پێم وتبێتی!
ئەمەی وت و پێی هەڵگرت. بە فڕکە دوور کەوتەوە و مارالی بەجێ هێشت. مارال بە خۆیدا ڕۆچوو، قاچەکانی سست بوون و هەستی کرد زەرکێک ئاوی ساردیان کرد بە سەریا. سەری داخست و چاوی بڕییە شوێنێ زیوەر کە لە سەر خۆڵە پووتەکە شوێن پێی بەجێ مابوو. شێرۆ پێی گەیشتەوە. فریادڕەس. کەوتە تەک مارال. شێرۆ، هێشتاش لە سەر چەتوونی خۆی بەردەوام بوو:
ــ چیتان ئەوت پێکەوە؟
مارال بە لێبڕاویی وتی:
ــ من لێرە نامێنمەوە. من لێرە ئەڕۆم!
لە هەمان کات بیری کردەوە:
«ئەمە بە بلقیسیش ئەڵێم. من ئیتر لێرە نامێنمەوە. ئەڕۆم.»
بە بێ زیوەر بە دەوری چرا پلیتەکەدا دانیشتبوون. بلقیس ڕووی کردە شێرۆ و پرسی:
ــ ئەوە ئەڵێ چی؟
شێرۆ وتی:
ــ منیش نازانم. لە ڕێگا بە منیشی وت.
ــ باشە بۆچی؟ کەس بێڕێزی پێکردوویت؟
ــ نەء، هیچکەس. بەڵام من لێرە نامێنمەوە. نامەوێ

بمێنمەوە. بۆ مانەوە نابم و ئەڕۆم.
ــ من نابێ تێبگەیەنی بۆ؟ دوێشەو هاتوویت و ئەمشەو ئەڵێی ئەڕۆم؟
ــ هەر ئەمە. تاقەتم نییە. ئەبێ بڕۆم. جێم ئێرە نییە.
ــ کێ قسەی پێ وتوویت؟ زیوەر؟ لە داخی ئەو ئەڕۆیت؟
ــ باسی زیوەر نییە. خۆم بە بێگانە ئەزانم و ناتوانم بمێنمەوە.
ــ لە پاش ئێرە کوێت هەیە بچی؟ بۆ کوێ ئەچی؟
ــ بۆم گرنگ نییە. ڕەنگە بچم بۆ ناو ڕەوەند.
ــ بە تەنها خۆت؟
ــ چارەم چییە؟
ــ نەء، من ناهێڵم تۆ لێرە بجووڵی! برام لە زیندان، دڵی بەوە خۆشە تۆ لێرە لە لای منی. بیستێتەوە کچەکەی لە نێوان ئەم ڕەوەند و ئەو بنەدا ئاوارە بووە، شێت و هار ئەبێ. نەء، ئەم خەیاڵە لە مێشکی خۆت بکەرە دەرەوە. گوڵمحەمەدیش ئەگەر بزانێ ڕێگەت پێنادا.
مارالْ وەکوو قسەکانی بلْقیسی نەبیستبێت وتی:
ــ مانەوەی من لێرەکانێ بێهوودەیە پوورێ گیان. ئەبێ بڕۆم بە دوای بەختی خۆمدا.
ــ قسەشی لێ مەکە. من ناهێڵم. پوورزاشت تۆی داوەتە دەس من. مەگەر هەر وا خۆڕاییە؟ پێت وایە من ئەهێڵم بە تاقی تەنها سەر بنێیت بە بیابانەوە؟ مەگەر ئێرە کاولستانە؟ نەخێر، دانیشە و لە سەری مەڕۆ. من ئەزانم ئەمانە هەمووی لە ژێر سەری ئەو سەر ئاسنینەدایە. با گوڵمحەمەد بگەڕێتەوە، خۆم هەموو شت ڕوون ئەکەمەوە. من ئەزانم ئەم قسەیە لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێ، بەڵام نیگەران مەبە. خۆم هەموو کارەکان ڕێک ئەخەم: ناهێڵم ئاو لە ئاو ببزوێ. ئەم سەرتاشراوە جارێ با هەر چەند پێی ئەکرێ ژەهر بکاتە

گیانی ئەم و ئەوەوە. ئەم دوو ڕۆژەی شووەکەی لێرە نییە، چەند حەز ئەکا با خۆی بادات و فڕ و فیشاڵ بڵاو بکاتەوە. ئەو ڕۆژە ئەبینم بە گریان و شیوەنەوە خۆی ئەخا بە سەر دەست و پێمدا. خەیاڵی کردووە. من ئەزانم کوێی ئەسووتێ. با بسووتێ. پێی وایە کوڕی من قژی سەری بە لای ماینە قسرێکەوە سپی ئەکات و ئارەزووی مناڵ لەگەڵ خۆی ئەباتە گۆڕەوە! پاشان تێی ئەگەیەنم. با بگەڕێتەوە. ژنەتیوەی قرخنی بەخێڵ. هەر چی بکێشێ هێشتا کەمە. ئەیبینم لە دوێنێوە لەگەڵ دار و بەرد شەڕیەتی. ئەڵێی چل تەختە قاڵی هێناوە بۆ ڕەشماڵی کوڕەکەم یان ڕانە پەزی پێبووە! حەرامزادەی بەخت ڕەشی ناوچاو ڕەش. لەو ڕۆژەی ئەم کچەتیوە پێی ناوەتە ڕەشماڵی ئێمە، ڕۆژی خۆشمان نەبینیوە. بە سەر سەریەوە وەستابێ تا تێی ئەگەیەنم. ناوچاو ڕەش! ئەوە نییە زۆریش لە دەستی ڕازین؟ کوڕەکەمی هەڵخەڵەتاندووە، ئیتر چی لە گیانمان ئەوێ؟ تۆش کچم، غەم و خەفەتی لە خۆڕا مەکەرە دڵتەوە. چ کارێکت بە ئەو هەیە؟ ئەم چوار دەنکە گەنمەمان کۆ کردەوە ئەچین بۆ لای ڕەشماڵەکان. لەوێ دەست و پێ ئاواڵەترە. ناچاریش نیت بۆ هەمیشە چاوت لە ناوچاوی ئەو بێ. لەوێ تەونێکی جاجمت بۆ ئەنێمەوە. بیر لە هیچ شتێک مەکەرەوە. تا باوکت لە حەپس نەهاتۆتە دەرەوە تۆ لە لای ئێمە ئەمێنیتەوە. تێگەیشتی؟ ئەو خەیاڵانەش لە مێشکت بکەرە دەرەوە!

ماراڵ تۆزێ هێزی هاتەوەبەر و وتی:

ـ تا پوورزا دێتەوە لێرە ئەبم. بەڵام پێم وانییە تاقەت بهێنم. تا ئێستە هەجۆر ژیاوم، باش و خراپی بە جێگەی خۆی، بەڵام کەس نەیتوانیوە زوڵمم لێبکات. لە شوێنێک نەژیاوم کە هەستم کردبێ ملۆزمی ژیانی یەکێکیترم.

بڵقیس وتی:

ـ کچـم تـۆ ئـەوە بزانـە ئەگـەر ماینێـک، مریشـکێک یان دەڵـە سـەگێکیش لـە بـەر خێوەتەکـەماندا ببسـترێتەوە، ئەم ژنە ئێرەیـی پـێ ئەبا. لـە نـاو سـینگـیدا جگـە لـە بەخێڵـی هیچیـتری لـێ نییـە. جگـە لـە خـۆی، چاوی بینینـی کەسـی نییـە. پێـی وایـە دنیـا لـە بـەر ئـەو لـە سـەر پـێ ڕاوەسـتاوە. هیچکـەس جیرەخـۆری ئـەو نییـە و ئەگـەر زۆری پێخـۆش نییـە، با لێـیدا و بڕوات. دەبا لە ملـەی خوێنـەگاش بەولاتـر چـێ!

ماراڵ کە باڵی لە شەرم داتەکابوو و زمانی پژابوو، وتی:

ـ ئـەوە منـم، لـە هیـچ شـوێنێک جێـم نابێتـەوە. هیـچ کوێیـەک جێـی منـی نییـە. زیادییـم. ئـەوە لـە ڕەوەنـد، ئـەوە لـەو چـوار سـەر مـەڕەی کـە هەمـان بـوو، ئـەوە دەزگیرانەکـەم، ئـەوە باوکـم؛ ئەمـەش ماڵـی پـوور و پوورزاکانـم! خۆزگـە منیـش نێرینـە بوایەتـم!

زیوەر خاگینەی هێنا، داینا سەر سفرەکە و قسەکان بڕا.

شـەو و خـەو. قسـە نەبـوو. بڵقیسـیش قـڕەی بـە پێویسـت نەئەزانـی. ئەبـوا هەمـوو شـتێک وەکـوو خـۆی دابنێـن هەتـا گوڵمحەمـەد دێتـەوە. بۆیـە باشـتر وابـوو هـەر کەسـە و بخزێتـە سـەر جێگـەی خـۆی. ماندوێتیـش وای ئەویسـت. هەمـوو هیـلاک و مانـدوو بـوون، مەگـەر شـێرۆ. ئـەو تـۆزێ بـۆ مـاراڵ غەمبـار بـوو. چونکـە نـەی ئەویسـت تاقـە هاوڕازی بـە زیـزی ببینـێ. بـەڵام چـی پـێ ئەکـرا؟ هەڵسـا کـە بـڕوات و وەکـوو هەمـوو شـەوێ جێگەکـەی لـە دەرەوە ڕاخـا، بـەڵام بڵقیـس وتـی:

ـ ئەمشـەو هەمووومـان لـە ژوورەوە ئەخـەوین. یەکجـێ!

بەنـی دڵـی شـێرۆ پچـڕا! بۆچـی؟ ڕەنگـە لـە بـەر ئـەوەی گوڵمحەمـەد پیـاوی ماڵەکـە، لـە مـاڵ نەبـوو. دەیجـا بـا نەبـێ. خەڵکـی دەرزیـوەر خـۆ بێگانـە نەبـوون! ئـەی لـە بـەر چـی؟ نـەکا بڵقیـس بـە نهێنـی نێـوان شـێرۆ و ماهدەروێشـی زانیبـێ؟ کـێ ئەڵـێ مـاراڵ بـۆ خـۆ شـیرین کـردن، ڕازەکەیانـی نەدرکانـدووە؟ نـا،

نا!
شێرۆ وتی:
ـ من لە ژێر بنمیچ ناخەوم. دڵم قفڵ ئەبێ.
بڵقیس وتی:
ـ شەوێک هەزار شەو نییە. یاڵڵا جێگەکەت ڕاخە و سەرت بنێرەوە.
ـ بۆچی بەس ئەمشەو؟
بڵقیس وەڵامی کچەکەی نەدایەوە. شێرۆ پەڵپی گرت:
ـ ئەی بۆ زیوەر بەتەنها ئەخەوێ لە ماڵەکەیتر؟
ـ ئەویش ئەمشەو لێرە ئەخەوێ. هەموومان لێرە لە لای گەنمەکان ئەخەوین.
کامە گەنم؟ ئەوەی کە کۆیان کردبۆوە یان ئەوەی کە گوڵمحەمەد هێنابووی؟ گوڵمحەمەد خۆ ئاردی هێنابوو. ئەی بڵقیس بیر و هۆشی لە کوێ بوو؟ شێرۆ هیچی نەوت. لە دەرەوەی دەرگاکە، لە بن دیوارەکە دانیشت و کزی کرد. بڵقیس دەنگی دا:
ـ لە بەیانیەوە وەکوو کوللە لە ناو خۆڵدا تلاویتەتەوە، ئێستەش ناتەوێ بە لای ناخێرتەوە سەرت بنێیتەوە؟
شێرۆ وەڵامی دایەوە:
ـ ئەو کارەم لە ڕووی ناچارییەوە کردووە، بەڵام خەوتن خۆ ئیتر بە زۆری نییە. حەز ئەکەم تاوێک لێرە دانیشم. هەوا ئارامە. مارالیش لە تۆ ئەترسێ بۆیە خزاوەتە بن لێفە. ئەگینا ئەویش حەز ئەکا بێتە دەوەوە و تاوێک دانیشێ بایەک بدا لە لەشی. هاوین ئەوەتا تەواو ئەبێ، مرۆڤ بۆ ئەبێ لە ناو ئەو چوار دیوارەدا خۆی حەپس بکات؟
بڵقیس سەری لە باڵنجەکەی ساوی و وتی:
ـ من خۆ دەرەقەتی ئەو زمانە سوورەی تۆ نایەم. لەوێ بە. ئەوەندە لەوێ دانیشە هەتا تاڵیشکە لە بن پێت سەوز ئەبێ!

بـه دوای بێدەنـگ بوونـی بڵقیـس‌دا، مـاراڵ لـه تاریکـی بـەر دەرگاکـەوە پێـی خسـتە دەرەوە، وەسـتا و سـەیری ئاسـمانی کـرد. هەناسـەیەکی بڵێنـدی لـە سـینەی دایـە دەرەوە و پاشـان بـە بـێ ئیـرادە و بـە تامەزرۆییـەوە سـەیری شـوێنەکەی قەرەئاتـی کـرد و لـە لای شـێرۆوە دانیشـت. شـێرۆ پرسـی:

ـ دڵت گیراوە؟

ماراڵ وەڵامی نەدایەوە و سـەری داخسـت. شێرۆ وتی:

ـ زۆر خـەفەت مـەخۆ. زوو پیر ئەبی.

ـ نازانم، نازانم!

ـ پوورە بڵقیس ناردتیە دەرەوە؟

ـ نا... ئەڵێی بە تۆوە دووراوم. نازانم بۆ؟

ـ خـۆم ئـەزانـم. هـەڵسـە بـا بڕۆینـە ئـەو لاوە. پشـت وشـترەکە، لای سـەرتەنوور.

ماراڵ چرپاندی بە گوێی شێرۆدا:

ـ بڵقیس ئەزانێ!

شـێرۆ گوێـی نـەدا. مەچەکـی ماراڵـی گـرت، هەڵیسـاند و لـە تاریکـی خـەیاڵاوی و خامۆشـی شـەودا بـردی بـۆ پشـت وشـترەکە. بـە گومانـی شـێرۆ ئـەوێ هێمن‌تـر بـوو. دەنگـی ئاخاوتنیـان نەئەگەیشـتە لای بڵقیـس و ئەیانتوانـی سـامی شـەو بـە قسـە و گـەپ بشـکێنن. لـە لایەکـی تریشـەوە زۆر قسـە هەبـوو کـە شـێرۆ هێشـتا بـە ماراڵـی نەگوتبـوو. نـەی ئەزانـی چـی، بـەڵام دڵنیـا بـوو ئەبـێ هەنـدێ شـت بـە مـاراڵ بڵـێ و هەنـدێ شـتی لـێ ببیسـێ. هـەر چـی چـۆن بـێ، بـۆ ئـەو کارەی لـە پێشـی بـوو پێویسـتی بـە یارمەتـی هەبـوو. نیـازی بـە کەسـێک هەبـوو کـە خۆیـی بـێ و بتوانـێ دڵـی بداتـەوە. هـەر چەنـد ئەگـەر ئـەو کەسـەش نەبوایـەت، شـێرۆ بێگومـان هـەر وای ئەکـرد و بـە دوای حـەزی دڵـی‌دا ئەڕۆیشـت؛ بـەڵام ڕوون نـەبوو چـۆن ئەتوانـێ شـەو ببڕێنێتـەوە؟ ڕەنگـە وەکـوو مریشـکی سـەر هەڵکەنـراو خـۆی ئەدا

بەملا و ئەولادا، یان فرەوێژی ئەکرد، یان بێدەنگ ئەبوو و خەیاڵی ئەڕست. بەڵام ئێستە کە ماراڵ ئەو هاودەمەی بوو، بۆ شێرۆ دژوار بوو ئەمشەو، ئەم دوایین شەوە، بە تەنها و نامۆ بێ.

نازانم بۆچی وایە، کە لە کاتی شەڵەژاندا، مرۆڤ دژوارتر ئەتوانێ بە تەنهایی کات بباتەسەر. مەگەر ئەوەی، ئەو تەنهای شەڵەژاوە چ جۆرە مرۆڤێک بێ. شێرۆ سەرەڕای هەموو زیرەکی و بوێرییەکەی ئەو کەسە نەبوو. لەخۆی ڕانەئەدی شەو بە تەنها بباتەسەر. مەگەر ئەوەی کە لە تەنهاییەکەیدا ئازاد بوایەت و بیتوانیایەت هەر کارێک ئەنجام بدا و سەر بە هەموو شوێنێکدا بکات. ئەگەر وابوایەت ڕەنگە شێرۆ ئەیدا بە کۆڵاندا و تا هەڵهاتنی مانگ لە ناو دەشتدا ئەسووڕایەوە. یان لە سەر گردێک دائەنیشت و چاوی ئەبڕییە کێوی دووبراران، گۆرانی ئەوت، ئەچوو بۆ سەرچاوەی کارێزەکە؛ یان هەزار کاریتر کە ئێستە لە بیری نەبوو. ماراڵ هەبوو و ئەو ئەیتوانی هەموو قسەکانی، هوموو قسەکانی ناو دڵی لە لای بکات. بەڵام کام قسە؟ لەم جۆرە کاتانەدا سینگی مرۆڤ پڕە لە وشە، بەڵام زمان توانای دەربڕینیانی نییە. خامۆشی چنگ لە سینە وەرئەدات و زمان قفڵ ئەبێ. بەڵام ئەوەندەی زمان پژا، ئیتر ڕێگە بە هیچکەس نادات. شێرۆ لێبڕا بۆ وتنی ئەو گوتەیەی لە بیر کرابوو:

ــ نازانم ئەمویست چیت پێ بڵێم. هەموویم لە بیرچوویەوە... دیسان داگیراوی، بۆچی؟

دیسانەوەش ئەم پرسیارە! ئەمە خۆ واتایەکی تازەی تێدا نییە. وەڵامێکی تازەش لای من نییە. ئەو هەموو پشکنینەی گیانی خەڵکی لە بەر چی بوو؟ ماراڵ وەڵامی دایەوە:

ــ ئێستە کاتی ئەم قسانە نییە. من نابێ زۆر لە لای تۆ بمێنمەوە، تۆیش نابێ زۆر لێرە بی. ئەوەندەت نەزانی

هەستیان پێکرد. ئێستە ئەگەر کارێک شتێکت لەگەڵ من هەیە ڕاستەوخۆ باسی بکە. من نابێ زۆر لە لای تۆ بەند ببم. گومان لە منیش ئەکەن. بەیانی ناچارم وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە. یاڵڵا زووکە ئەگەر قسەیەکت هەیە!

شێرۆ وتی:

ــ هەمبوو. زۆر قسەم هەبوو. بەڵام هەمووم لە بیر چۆوە. نازانم. نازانم ئەبێ بڵێم چی! ئاخۆ هیچ ماوە پێم نەوتبێتی؟ چی بوو؟ ڕاستەکەی ئەمویست چیت پێ بڵێم؟ ها؟ ڕەنگە پێم وابوو ئەبێ هەندێ قسە بە تۆ بڵێم. بەڵام ئێستە کە بیری لێ ئەکەمەوە، نەء. هیچ گوتەیەکم نییە. نازانم. نازانم. ئاوەزم بڕ ناکات. تۆ ئەڵێی چی؟ باسی چی بکەم؟ ئا، هاتەوە بیرم. بوخچەکەم بەستووە و لە گەوڕ لە ژێر کایەکە دامشاردوە. ناسنامەکەشم هەڵگرتووە. ئەمکارانەم ئەو کاتە کرد کە گەڕامەوە بۆ هێنانی زەرک. ئیتر هیچ نییە باسی بکەم، هەر ئەمە. تۆزێکیش دوودڵم. ئەترسم. بیر لە هەندێ شت ئەکەمەوە. نازانم ئیتر چیت پێ بڵێم. بەیانی لێت ئەپرسن. دەربارەی من هەڵت ئەپێچن، تۆ چی ئەڵێی؟ چییان پێ ئەڵێی؟... بڵێ نازانم. هەر ئەوەندە. ئەمشەویش زووتر بخەوە. بڕۆ تا لێت وەگومان نەکەوتوون. منیش تاوێکیتر دێم. تۆ بڕۆ زووکە!

ماراڵ هیچی نەوت. ئەیدی کە شێرۆ خەریکە وردە وردە دڵەڕاوکە ئەیگرێ؛ لە ڕەفتار و قسەکانیەوە وا دەرئەکەوت چەندە لە ڕووداوەکە نزیکتر ئەبێتەوە، ئەوەندە زیاتر لەوە تێئەگا کە خەریکە چ کارێکی پڕمەترسی ئەکات. ئەگەر تا کاتی ڕۆیشتن جەربەزەی خۆی نەدۆڕاندایەت، زۆر ئازا بوو.

ماراڵ وتی:

ــ تۆش هەڵسە با بڕۆین بخەوین. بەو جۆرەی کە تۆ خۆت پەرێشان کردووە، ئەوان زیاتر ئاگایان لێتە و لەپڕ زانیت ناتوانی

هیچ بکەی.
ــ ناتوانم، ناتوانم. ئەزانم ناتوانم لەو کونەدا تاو بهێنم. بچمە ژوورەوە ئەخنکێم.
ــ تا شەو جاریّ زۆری ماوە. ئەبیّ بە جۆرێک خۆت ڕابگری. ئەگەر لە ئێستەوە ئوقرەت لە بەر ببڕیّ و ئاوا باڵەفرتیّ بکەی تا ئەو کاتە جگەرت ئەبیّ بە خوێن. ئەبیّ بە شێوەیەک سەرت بنێیتەوە و بخەوی. ئەزانی لە ئێستەوە هەتا مانگ هەڵات چاوەڕێکردن یانی چی؟ ئەگەر بتەویّ بەم جۆرە چاوەڕوانی بکەی تیائەچی. هەڵسە با بڕۆین خۆمان مات بکەین و بۆی بنوین. کاتی خۆی قاچ ئەدەم لە قاچت و خەبەرت ئەکەمەوە.
ــ ناتوانم. لە ژێر ئەو بنمیچەدا دڵم ئەتۆقیّ. ناتوانم هەناسە بدەم.
سەرەڕای ئەمەش پیّبەپێی ماراڵ هەڵسا و لەگەڵی کەوتەڕیّ. ماراڵ پرسی:
ــ ئەزانی لە کام لاوە ئەڕۆن؟
ــ من چووزانم؟ هەوسار بەدەست ئەوەوەیە.
درێژەی ئاخافتنەکەیان کورت کردەوە. ساتێکیتر ئەچوونە ژوورەوە و، چوون.
هۆدە تاریک و پلێتەی چراکە تەواو ببو و تیشکی کاڵ و کرچ، تەنها پەڵەیەک، لای سەری بڵقیسی ڕۆشن کردبۆوە. بڵقیس جێگەی ماراڵ و شێرۆشی لە بنی ژوورەکە، لای گەنمەکانەوە ڕاخستبوو. بڵقیس بۆ خۆی لە بەر دەرگاکەدا پاڵکەوتبوو و زیوەریشی لە بن پێیدا، لەبنی دیوارەکەوە خەواندبوو. ماراڵ و شێرۆ ئارام و بێدەنگ بە لای سەری بڵقیسدا تێپەڕین. بەڵام هێشتا دانەنیشتبوون کە دەنگی بڵقیس بەرزەوە بوو:
ــ دەردەدڵەکانتان تەواو بوو؟
ئەڵێی چاوی دایکان هەمیشە ئاواڵەیە.
ماراڵ، بە ئەسپایی پێکەنی و شێرۆ لە دڵەوە سووتا.

سـەرەڕای ئەمـەش هیچـی نـەوت و سـەری نایـە سـەر تێڕەکـە و بڵقیسـیش درێـژەی نـەدا و هەمـووان بەڕواڵـەت پێڵوویـان نایـە سـەریەک و خۆیان دا بە بیابانی خەودا. بەڵام کەم بوون ئەوانەی نەزانـن لـە پەنـای پێڵـوو و لـە خەیـاڵدا چەندەهـا شـتی سـەمەرە بێنەوبەرەیـان نییـە!

بێدەنگـی بـە سـەر ژوورەکـەدا زاڵ ببـوو. لـە دەرەوەش دەنـگ نەئەهـات. تەنهـا نووسـتوەکان، ماندووەکانـی کاری ڕۆژ، ئەوانـەی کـە خەیاڵیـان سـنووری هەبـوو، ئـارام و لەسـەرخۆ پرخەیـان ئەهـات. بـەڵام ئەوانـەی کـە هەناسـەیان ڕەوتـی وەرگرتبـوو ئایـە بـە ڕاسـتی لـە خـەو ڕاچووبـوون یانـە ئەوانیـش خۆیـان دابـوو لـە خـەو؟ دیارە خەوتبـوون. بۆچـی ئەبـێ خۆیـان دابـێ لـە خـەو؟ لـە بـەر چـی؟ ئەمـکارە چ واتایەکـی هەبـوو؟ کـەس مەگـەر ئاگای لـە دڵـی کـەس هەیـە؟ ئەوانـە مەگـەر ئەیانزانـی لـە دەروونی شـێرۆدا چ کـەیـن و بەینێـک لـە ئارادایـە؟ دڵنیـا ئاگایـان لـێنەبـوو. بـەڵام شـێرۆ لـەو ڕووەوە کـە خـۆی بـە گومـان بـوو نـەی ئەتوانـی ئـارام بگـرێ. گومانـی لـە هەمـوو شـتێک هەبـوو. نەی ئەتوانـی بە خۆی بسـەلمێنێ لـەم کاتـەدا، زیـوەر ئاخـۆ خەوتـووە یان وشـیارە؟ ئاخۆ لـەم کاتـەدا بـە پێڵـووی بەسـتراوەوە ئـاگای لـەو نەبـوو؟

شـێرۆ بـە شـێوەیەکی چەتوونانـە حـەزی ئەکرد بچێتە سـەر سـەری زیـوەر و پێڵووەکانـی بـە سـەرپەنجە هەڵبڕێـت تـا بـۆی دەرکـەوێ نووسـتووە یان نا؟ ئەگـەر واشـی بکردایەت دیسـانەوە دڵـی سـوکنایی نەئەهـات. دڵ کرمـێ و دڕدۆنـگ بـوو. ئـەم نیگەرانیـەی شـێرۆ پەیوەنـدی تەنهـا بـە یـەک کەسـەوە نەبـوو. نیگەرانـی لـە هەمـوو لایەکـەوە بـوو. کـێ چووزانـێ زیـوەر، کـە بـە نهێنـی نێـوان ئـەو و ماهدەروێشـی ئەزانـی، لـەم یـەک دوو ڕۆژەدا ڕازەکەیانـی بـە بڵقیـس نەوتبـێ؟ هـەر چەنـد ئـەوەش نەئەگونجـا؛ چەنکـە ئـەم یـەک دوو ڕۆژە بڵقیـس و زیـوەر سـێبەری یەکدیـان بـە تیـر ئەپێـکا. میهرەبانـی دوو سـەری هەیـە. هـەر وەهـا بێمیهریـش.

بڵقیس زیوەری خۆش نەئەویست. نەی ئەتوانی خۆشی بویّ. سەرەڕای ئەو هەموو نابەرامبەرییەی لە نێوان کوڕ و بووکەکەیدا ئەیبینی، حەزی ئەکرد ڕووی نەوەکەشی ببینیّ. هەر وەکوو بۆ هەر دایکێکی خێڵاتی -هەر دایکێک- ئەوە ئارەزوویەکی پەسەندە. بەڵام زیوەر هەر گیز منداڵی نەبوو. کە وا بوو نەیتوانیبوو ڕیشە لە ناو بنەماڵەی میشکاڵیدا بچەقێنیّ و شوێنێک بۆ خۆی لە ناو دڵی بڵقیسدا بکاتەوە. لەم ڕووەوە نەک هەر بێگانە، بەڵکوو ملۆزم و لە چاوی بڵقیسدا تێکدەری ژیان بوو. زیوەر ئەیزانی ئەوە وێنەی ئەوە لە لای بڵقیس. بۆیەش بوو ئەو بۆچوونە کاردانەوەیەکی لەوە باشتری لە لای زیوەر بەدی نەئەهێنا. بە هەر دەستێک بیدەی بە هەمان دەست وەری ئەگریتەوە. بۆیە نەئەگونجا زیوەر، ئەگەر ئاگای لە مەبەستەکەی شێرۆش هەبوایە، هیچ بە بڵقیس بڵیّ. چونکە حەزی ئەکرد وا بقەومیّ. چونکە لانیکەم بۆ ماوەیەک ئەو لە بەر چاوان ون ئەبوو و شێرۆ ئەبوو بە نیشانەی تف و تەشەر. کە وا بوو ئەیتوانی لە نەفرەتی زیوەر دڵنیا بێت و لەو لایەنەوە خەیاڵی ئاسوودە بیّ.

«ئەو خەوتووە. بۆچ نەخەویّ؟ لەشی ماندوو و گیانی شەکەت؛ بۆیە ئەگەر خەیاڵ هەڵی نەگرتبیّ، مسۆگەر خەوتووە. بۆچی ئەبیّ نەخەوتبیّ؟ خەوتووە، خەوتووە.»

دڵی شێرۆ وەهای ئەویست. دڵی ئەیویست هەموان خەوتبێتن. ماراڵیش ئەگەر خەوتوو، هەمدیس باشتر. خامۆشی، خامۆشی. شێرۆ شەوی ئەویست و بێدەنگی. با ساتەکان توند و توندتر تێبپەڕن. بەڵام خامۆشی و شەو تەواو بە مرادی دڵ نەبوو. هەر ساتە و بۆی هەبوو یەکێک بۆ ئاو خواردنەوە هەڵسێت، یان یەکێک بگات: گوڵمحەمەد، بەگمحەمەد، خانئاپۆ، مەدیار، ڕەنگیشە خانمحەمەد؛ برای هەر ە گەورەی شێرۆ. تا دەرکەوتنی مانگ، هەزار شت بۆی

هەبوو ڕوو بدات. ڕەنگبوو ددانی بڵقیس، هەمان ددانی ڕیزی سەرەوە، بکەوێتە ژان و ئەو هەڵسێ و هەتا تۆزێ خوێ بکاتە سەر کوتە پەڕۆیەک و بیخاتە سەر ددانەکەی. بۆی هەبوو زیوەر، نائارامی خەیاڵاتی خۆی لەجێ ڕابێ. زۆر شەوان زیوەر خەوی زڕابوو، لە ماڵ دەرکوەتبوو، لە لای دیوار یان تەنوورەکە چەن کاژێر بە خامۆشی دانیشتبوو. لە نەبوونی گوڵمحەمەددا، بڵقیس بە مەبەستی چاودێری ماڵەکە، ئەگەر تاو نە تاو سەری هەڵبڕیایەت و چاوی بە هەر لایەکدا بگەڕانایەت، چی؟

«سەیری کە. ئەوەتا ئەجووڵێ. چەندە بە هەستە ئەم پیرێژنە! هەڵسا. هەڵسا و لە دەرگاکە چووە دەرەوە.»

شێرۆ، بە بێ ئەوەی جووڵە بکا، مایەوە. خامۆش و بە بێ هەناسە. پاش ساتێک، بڵقیسی بینی، وشترەکەی گوڵمحەمەدی هەڵساندووە و ئەیهێنێ بۆ بەردەرگا. زیوەر ئەژنۆکانی لۆکی بەستبوو، بەڵام بڵقیس عەگالی یەکێک لە ئەژنۆکانی کردبۆوە و وشترەکەی ڕاکێش ئەکرد بۆ بەردەرگا. لۆک عۆری ئەکێشا و بڵقیس ڕای ئەکێشا. لە چەقی دەرگاکە، لای چوارچێوەکە، وشترەکەی یخ دا و عەگالی لێدا. پاشان چوو بە دوای سفرەدا. هێنای و لە بەر قەپۆزی وشترەکە ڕایخست. بە بێ هیچ مەبەستێکی ڕوون بە دەور وشترەکەدا گەڕا و هاتەوە ژوورەوە. لە سەر جێگەکەی دانیشت و چاوی بڕییە تاریکی شەو و ئەو ئەستێرانەی لە قووڵایی ئاسماندا ئەبریسکانەوە.

چ دارەتێکی هەبوو بڵقیس؟ نیگەرانی کام لا بوو؟ بۆچی نەئەخەوت؟ خەیاڵی کێ هەڵیگرتبوو؟ بیری کێ؟ یادی کێ؟ تیژیی بیری کێ ئازاری ئەدا؟ هیچ ڕوون نەبوو. سەری لێ دەرنەئەکرا. چونکە بڵقیس دڵی ڕەق بوو و قسەی -قسەی بیری- بە ئاسانی نەئەدرکاند. ئەمە، هەر چی بێ، لە جێی خۆی و بۆ خۆی. بەڵام ئەگەر تا بەیانی هەر وا دانیشتایەت چی؟ شێرۆ چی بکردایەت؟ نەء، تا بەیانی ناتوانێ بەئاگا بمێنێ.

هیلاک و ماندووە. خەو و ماندوێتی، ئاخرەکەی گێژی ئەکات و ئەی تلێنێ. بەڵام ئەی ئەمشەو بۆ نائارامە؟ ڕەنگە دڵی بۆ کوڕەکانی کەوتۆتە فڕین. چونکە هیچیان لە لای نەبوون. نە خانمحەمەد، نە بەگمحەمەد و نە گوڵمحەمەد. بڵقیس بەڵام بیری زیاتر بۆ لای کامیان ئەفڕی؟

شێرۆ لەمەیان سەری دەرنەئەهێنا. گیرام سەری دەرکرد؛ ئەوسا چی؟ ئەوەی کە دیار بوو ئەوە بوو بڵقیس دەروونی شەڵەژابوو. شەڵەژانەکەی بۆ دەرەوەش دزەی کردبوو. شەڵەژانەکەی ئەڕژایە دەرەوە. نائارام بوو. لە سەر جێگا هەڵئەبڵووقا. بەملا و ئەولادا ئاوڕی ئەدایەوە. داگیرابوو. ئاوی ئەخواردەوە. ئەژنۆی ئەگرتە باوەش. چەناگەی ئەخستە سەر چۆکی، تاس ئەیبردەوە، لەپڕ گریی دەست و لەشی ئەکردەوە، ئەهاتەوە سەرخۆ و -بەناچاری- ئەکەوتەوە ئاو خواردنەوە. لە کۆتاییدا کوڵی دەروونی ئەنیشێتەوە. ئارام ئەگرێ. ئارامی گرتبوو. ڕوو لە دەرگا، چوارمیلکان دانیشتبوو و چاوی بڕبوویە ڕەشایی شەو. ڕەشایی ناو ڕەشایی. بێ هەر ا و ترسێنەر. دەنگ هەر دەنگی کا جاوینی وشترەکە بوو کە کاوێژی ئەکرد. ماراڵ هەناسەی نەبوو. زیوەریش. ئەمانە هەمووی خەریک بوون شێرۆیان دەهری ئەکرد.

هەموو شت ئەگەر بە شێوەی ئاسایی تێپەڕیایەت، ڕەنگە شێرو هەستی نەئەکرد وا لە تەنگەبەرێکی خنکێنەردا گیری کردووە. بەڵام ئێستە کە وای لێهاتبوو، کە بێخەوی بڵقیسی وروژاندبوو، شێرۆ هەستی ئەکرد تێرێکی پڕ کەوتووە بە سەر سینگیدا و لە ژێر ئەو بارە قورسەدا ناتوانێ بجووڵێ. حەزی ئەکرد هەڵسێ. بەڵام نەی ئەتوانی. ئەیویست ئازاد و ڕەوان هەناسە بدات، بەڵام نەی ئەتوانی. تەنانەت نەی ئەوێرا لە سەر جێگەکەی خۆشی تل بدات. ترسی ئەوەی بڵقیس تێیبگات. کە وا بوو هەر بەو جۆرەی کە لە سەر جێگەکەی

ڕاکشابوو، وشک ببوو. تەنانەت نەی ئەتوانی دەستەکانی بجووڵێنێتەوە. چاوەکانی کراوە بوون. گلێنەی چاوی لە ناو کالانەدا وشک ببوون. لاشەویلکەی لە سەر یەک جووت ببوون. برژانگەکانی ببوون بە کا و دەنگیٔ نامۆ و نەخواز لە گوێکانیدا دەنگیان ئەدایەوە. ماسوولکەکانی کشابوون. پەنجەکانی لێک هەڵپێکرابوون و گەرووی ببوو بە دار. تەنانەت نەی ئەتوانی تف قووت بدات. تەرمێک لە ناو تابووتدا؟

ئەمە شێرۆ بوو بەو جۆرە ڕەق و وشک ڕاکشابوو؟ ترسێکی لەپڕ! شێرۆ بڕیاری دا هەر جۆر بووە خۆی ببزێوێ. بەڵام ئەمکارە دژوار بوو بۆی. هەستی سست بوون. ئەتوت وزەی لە لەشدا نەماوە. یا خود شتێک وەکوو مۆتەکە چۆکی داداوەتە سەر سینگی. بەڵام دڵنیا بوو هیچکامیان ڕاست نین. ئەی بۆ گیری کردبوو؟ زیندوو بوو و خۆیشی ئەیزانی؛ ئەوەشی ئەزانی هێز لە لەشیدا نییە. بەڵام بۆچی؟ ئەمەی نەئەزانی. لە ئەنجامدا هەناسەیەکی بڵیندی کێشا و بە توندی تلایەوە و کە وای زانی، چەند جار لەم شان بۆ ئەو شان تلی دا. بە هەر جۆر و هەر ئەندازە کە توانی هەناسەی کێشا و دەستەکانی، دوو باڵی کۆتر، بەملا و ئەولادا ڕاوەشاند. ملی ئازاد کرد و سەری بە هەر دوو لادا سووڕاند. ئەتوت ئەیەوێ یەک بە یەکی ئەندامەکانی تاقی بکاتەوە. ئەیویست لە ساخ بوونی خۆی ئەرخایەن بێ. لاقی نووشتاندەوە، هەڵیهێنا و بەری دایەوە. پێڵوەکانی کردەوە و بەستیەوە و برژانگی لێکنا. پەنجەکانی لێک دەرهێنا و هەوڵیدا تا بە سەر خۆیدا زاڵ بێ. کۆتاییەکەی ئاسوودە بوو. هەناسەدان، لەسەرخۆ و ئەندامەکانی بە فەرمانی خۆی بوون. ئێستە ئەیتوانی بیر بکاتەوە. بیرکردنەوە بەڵام دیسانەوەش خۆی ئەدا بە سینەی بەردا. بڵقیس هەر وا خامۆش لە بەر دەرگا دانیشتبوو و سەیری دەرەوەی ئەکرد و ئەمە یەکەمین لەمپەری ڕێگری بیرکردنەوەی شێرۆ بوو. باشە بۆ نەئەخەوت؟

ــ ها دادە، بۆ ڕاناکشێی بخەوی؟
بڵقیس، خامۆش و بێ جووڵە، بە بێ ئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە، وشک و پچڕ وتی:
ــ تۆ خۆت بخەوە!
جێی قسە و وتووێژ بۆ شێرۆ نەمایەوە. بۆیە بە ڕقێکی پەنگ خواردووەوە سەری لە سەر سەرین کرد. ئاسکی بریندار. چی ڕوو ئەدا؟ چ کاتە! زەمانیش ون بووە. شێرۆ ئاگای لە هیچ نەمابوو. جێش نەبوو تا بتوانێت لە ئاسمان و ئەستێرەکاندا کات بدۆزێتەوە. لەوە ئەترسا ڕشتەکانی لەدەس بچێ. ترسی ئەوەی خەو دایگرێ و قورسایی خۆی بە سەر پێڵووەکانیدا زاڵ بکات و لەگەڵ خۆی بیبات. نیگەرانی لە هەموو لایەکەوە. لەگەڵ مارالیش نەی ئەتوانی قسە بکات. کێ چووزانێ ئەویش خەوی لێ نەکەوتبێ؟... گیرام نەشخەوتبێ؛ چی پێ ئەکرێ؟ ئاخ لە دەستی ئەم بڵقیسە! ئەگەر ناچاری نەکردایەتن لە ژوورەوە بخەون، ئەوان ئەیانتوانی لە ژێر ئاسمان، تا هەلاتنی مانگ بچرپێنن بە گوێی یەکدیدا و بە خۆشی و هەڵچوونێکی گەرمەوە کات تێپەڕێنن. بەلام بەند کرابوون. ئەمە خۆی جۆرێک زیندان بوو:
«حەپس مەگەر چییە؟ سەیری بکە. ئەمەش وەردیانی! ئەوەتا لەوێ لە بەر دەرگا وەکوو بەردی قەراخ چەم دانیشتووە و جووڵە ناکات.»
«خوایە گیان، ئەم ژنە، ئەم دایکە کە وەکوو ئەفسانە وایە، تا کەی ئەیەوێ هەر وا بمێنێتەوە؟ خۆ تا بەیانی ناتوانێ؛ ئەتوانێ؟ ئەی خوایە گیان وزەی لێ بسێنە، ماندوێتی بە سەریدا زاڵ بکە، بیتلێنە. مەگەر نایەوێ بەیانی بچێ بۆ مەزرا و پووش و پەلاشی بێبەرەکەتی گەنم وەکوو تووکی سەری کەچەڵ لە پشتی خاک هەڵکەنێ؟ ئەی بۆچی لانیکەم لە بیری کاری بەیانیدا نییە؟ ئەو خۆ بۆ کار مردووە! نەکا لە نەخشەی من

بە ئاگایە؟ خوا نەکا. خوا نەکا. مسۆگەر وانییە. ئەگەر ئاگادار بوایە، لە سەرتای شەووەوە بە ئاشکرا دانەئەنیشت. وای دەرنەئەخست. ئەگەر بۆنی بکردایەت؛ پێستی قامکی ئەبڕی و خوێنی پیائەکرد بۆ ئەوەی لە بەر ژانی بەردەوامی برینەکە، خەو لە چاوی بتۆرێنێ. سەرەڕای ئەمەش دەری نەئەخست و بە نهێنی ئاگای لێم ئەبوو. ئاخ لە دەستی ئەم ژنە کەللە ڕەقە! ئاخر بڵێ تۆ چیتە کە سەر نانێیتەوە؟ دەردت چییە؟ تۆ کە لە یەکەم تیرێژی هەتاو تاکوو شەوی ڕەش، لە گەرمای خۆردا وەکوو گەنە لکابووی بە عەرزەکەوە و لە خەوش و خۆڵ گەنمت هەڵگرتەوە، بۆچی نابێ لەشی ماندووت بخەوێنی؟ بۆچی؟»

کالانەی چاوی وشک ببوو و خەو لە چاوەکانی هەڵاتبوون. دوور لە خەیاڵی شێرۆ و ئەوەی لە دەروونیدا تێئەپەڕی، بڵقیس ساتەکانی پێکەوە دائەدووری. بێخەوی بڵقیس لە شێوەیەکیتر بوو. جارجار وای لێ ئەهات. نەک هەمیشە، جارجار. ئەمشەویش یەکێک بوو لەو شەوانە. سەری وشک ببوو. خەوی لێ زڕابوو. ترس و خەیاڵ هەڵیگرتبوو و کوفارەی شێوە و تارمایی لە دەروونیدا ئەسووڕانەوە: گوڵمحەمەد! گوڵمحەمەد دوور ئەکەوتەوە، بەڵام لە بەر چاوی دایکی نەئەکەوت. تاوێک لە ناو دوومانیدا ون ئەبوو. لە ناو تۆز ئەهاتە دەرەوە. دیسانەوە؛ دوور، دیسان ون. بڵقیس نەی ئەزانی لە ناو تەپ و تۆزەکەدا چی ڕوو ئەدا. خوێنی سوور لە تۆزی دووکەڵدا فیشقەی ئەکرد. تەپ و تۆزەکە سوور هەڵئەگەڕا و ڕەنگی ئەدۆڕاند. هەر ایەکی نادیار و دوور بەرگوێ ئەکەوت. نەڕەیەک دڵی خوێناوی دووکەڵی هەڵئەدڕی. دەنگ. دەنگی گەرووی تینوو. بڵقیس دەنگەکانی بە گوێی گیانی ئەبیست. دڵەڕاوکێ. شتێک لە ناو جگەری بڵقیسدا هێلانەی کردبوو. ئەمشەو ئیتر چ شەوێکە؟!

هەڵسا. ئارام و ماندوو هەڵسا. دەستی کرد بە کۆڵەکە

و هەلسا. تاوێک وەستا و بە بالای بەرزی خۆی باڵشمەی دەرگاکەی داپۆشی. پاشان پێی نایە ناو چواردیوارییەکە. شەو سەر و گوێی خەواندبوو و سەرانسەر لە دەنگ و هەرا بەتاڵ بوو. ئەستێرەکان، خەنجەرانی هەڵکێشراو، بریقەیەکی کتوپڕیان هەبوو. دیواری شەو بڵیند و دیوارۆکی هۆدە زۆر کورتتر بوو. تەنووری زەمینی ماڵەکە، وەکوو غەوارەیەک وابوو پەککەوتە دەمی بۆ پاروویەک کردبێتەوە. دەروبان، لە تەرمی کاروانێکی بیژوو ئەچوو و، بڵقیسیش خوشکی داماو و تەنهای کاروان. ماندوێتی هێشتا لە قاچیدا بوو. چوو بۆ لای لۆکی گوڵمحەمەد. وشتر لەسەرخۆ کاوێژی ئەکرد. بڵقیس لە وشتر دوور کەوتەوە. دڵی، گیانی ئەگووشرا. ئازارێکی دەروونی، نهێنی. کەوتە پیاسەکردن. سەرگەردان و بێ مەبەست. لە نێوانی چوار دیوارەکەدا گەڕا و گەڕا و گەڕایەوە. لای وشترەکە وەستا. بێ ئیرادە پەنجەی لە تووکی وشتر وەردا. پشت ملی خوراند و بێهوودە و بێ مەبەست بە دەور وشترەکەدا سووڕا و لای دیوارەکە وەستا. لەوێ تاوێک دانیشت و پشتی دا بە دیوارەکەوە. ئەم خووە ئاڵۆزە ڕیشەی لە کوێ بوو؟ کوا تاوی دانیشتن؟ هەڵسا وەک بڵێی لە شتێک هەڵدێ، لە خۆی، خۆی کردەوە بە ژوورا. لە سەر جێگەکەی دانیشت، دەست و ڕوخساری لە تاریکی شەوانەدا هەڵهێنا و دۆعای بۆ گوڵمحەمەد کرد:

ـ یا خوای گەورە، ئەیدەمە دەست تۆ!

دواین دڵدانەوە و دواین وتەیەک کە ئەتوانرێ بە کەسێک بوترێ.

بڵقیس، لەپاش ئەوە ئارام بوو، ئانیشکی بە ئارامی خستە سەر سەرین، دەستی کرد بە کۆڵەکە و مایەوە.

شێرۆ هەناسەیەکی ئاسوودەی کێشا و دۆعای کرد:

ـ بیخەوێنە خوایە گیان!

بڵقیس پەیمانی خۆی لەگەڵ ئەو شەوەی شووم ئەینواند، بەستبوو. بۆیە ئەبوایە بنوێ. هەر چەند نەی ئەتوانی بە تەواوی لە خۆی و خەیاڵاتی دابڕێ. ئەو ئاژاوە نهێنییەی گیانی کە بەو مەزنییە سەری هەڵێنابوو، بە هێوری ئەنیشتەوە. ماوەیەکی ئەویست تا بتوانێ کۆڵەکەی دەستی بخەوێنێ و سەر بنێتە سەر سەرین و پێڵوەکانی بداتە دەست سستی خەو و لە ڕەنگی دوومان، دوومانێکی نەرم؛ تۆز، تۆزێکی تەنک؛ ئەوسا وەکوو سروە؛ خەو لە چاوی بنیشێت و برژانگە بڵیند و زبرەکانی باوەش بە یەکدا بکەن و ئارام بگرن.

نەرمەناسە، هەناسەیەکیترە. چوار کەس ئەگەر لە ژێر بنمیچێکدا خەوتبێتن، نەرمەناسەیان ئاوازێکی وا بەرپا ئەکات کە خۆی خەو ئەهێنێ. بەڵام هەر کات لەم ناوەدا یەکیان خەوی زڕابێ، لە هەناسەدانی، لە نارێکی هەناسەی ئەتوانی بیناسیتەوە. هەناسەی ئەو، ئەوی خەوزڕاو، ئاوازێکیتری هەیە و خەوتنی شێوەیەکیتر. ئەو هێوریە ئەرخایەنە لە ڕاکشانیدا نییە و، ئەو تلدانە بێ ئیرادانە لە ئەندامیدا نابینرێ. مرۆڤی خەوتوو بە ئازادی تەواو خۆی ڕاکێشاوە. ڕاکێشراوە. دەست و قاچ و ئەستۆ و قژی هەر کامەیان بێ ئیرادە و لە ئازادیدا ڕاکشاون. لە جلی بەریان بێ ئاگایە و نیگا لە ڕووتی لەش تێپەڕیوە.

ئەوەی خۆی داوە لە خەو، بەڵام وا نییە. ئەو خۆی هەڵئەگلۆفێ و خۆی ئەکێشێتەوە. لەشی بەرەڵڵا نییە. بەستراویش نییە. دەست و باڵی خۆی بەرئەداتەوە. دەست و باڵە بێ ئوقرەکەی خۆی. تووڕەیە. لاقەکانی ئەکاتەوە و ئەبەستێتەوە. ماندوێتی زیاتر. سەر و ملی بەملا و لادا با ئەدا، لەش بەبار، خەوزڕاو، کوتراو و بەدخوو، لەخۆ بایی و نائارام، بێ لەنگەر و ڕق ئەستوورە. ناتوانێ نەجووڵێ. ئەوەندە لەگەڵ خۆی تێکۆشاوە، خۆی کۆ ئەکاتەوە و هەڵئەسێ. شتێک ئەدا

بە سەر شانیدا و ئەچێتە دەرەوە و لە هەوای پاک -ئەگەر هەوایەکی پاک هەبێ- پێستی لەشی ئەدا بە دەست سرووەوە و بە تامەزرۆییەوە هەوای پاک هەڵئەمژێ. مشتێک ئاو ئەدا بە ڕوومەتیدا. پاشان لە مەیدانێک، بن دیوارێک لای سەرچاوەی ئاوێک، لە قەراخ جۆگەیەک، لای کێڵگەیەک ئەکەوێتە ڕێ. خەیاڵی هەڵئەفڕێنێ. بیر ئەکاتەوە ئەگەر شتێکی تازە بۆ بیرکردنەوە بدۆزێتەوە. هیوای ئەوەی کە خەیاڵی ڕوون، لە ناو پەنجەی بیری دزێو دەربازی کەن و ماندوێتی ڕاستەقینە ڕووی تێبکات. حەزی خەوتن لە سەر جێگە. لە کاتێکی وەهادایە کە خەوزڕاو، دوودڵ، بەڵام بەو هیوایەی خەوی لێ بکەوێ، بەپێی پەتی ئەچێتە سەر جێگە و لەشی کوتراوی پاڵ ئەخات و چاو لێک ئەنێ.

بەڵام ئەمە کاتێک ئەگونجێ کە ترس لە ئارادا نەبێ. کاتێک کە گیان نەبەسترابێ. کە بە دەوریدا دیوارێکی بێ سنووریان نەکێشا بێ. کە لە زینداندا نەبێ. کە لە بێدەنگی و شەڵەژانی دەروون، لە شەو ئەوەی لە ڕێیە، لە بیری بەیانی و دایک، لە خەیاڵی ڕقی برا و غەمی باوکی پارێزراو بێ. نەک ئەوەی کە ئەم هەموو ترسە، ئەم ترسە مڵۆزمە لە دڵی چەقیبێ و لە ناو مژی دڕدۆنگی و تۆقین، هیوا و چاوەڕوانی قەتیس کردبێ. ئەوە ڕاست نەبوو کە شەو، ئەو شەوەی بۆ شێرۆ هەمیشە خەیاڵاوی بووە تا ئەم ڕادەیە تاریک و ترسناک بێ. چۆن شەوێکە ئەمشەو؟!

بەڵام هۆ لە شەودا نییە. لە شێرۆدایە. شەو هەمان شەوی هەر شەوە. شێرۆ ئەو شێرۆی هەر شەو نییە. لە دڵیدا ڕازێک هەیە و، ئەوسا شەو ئاساییە کە ئەم ڕازە لە دڵی شێرۆدا نەمێنێ. بۆیە ئەمشەو ئەبێ خۆی ڕابگرێ. شەوی ئێق کردوو. شەوی بێ ئوقرە. ئەمشەو شەوی بەندە و شەوی بەند پچڕان. شەوی ترسە و شەوی شەوق. شەوی خۆفە و

شـەوی عـەشـق. ئەمشـەو شـەوی ژوانـە. پچڕانـی زنجیـر. لـە سـنووری هـەمـوو شـەوانی پێش و پاشدا، یـەک ئەمشـەوە. لـەم شـەوەدایە ئـەم سـنوورە ئەشـکێنرێ. دژایەتـی و دوژمنایەتـی لـە هـەمـوو لاوە لێـی ڕاسـاوە. ئەمبـەر کۆیلەتـی و بەسـتن، ئەوبـەر ڕزگاریـی و دەرچـوون. شـەوی ئەمشـەو لـەم ناوەدا دواکـەوتنـی جێی گومانە. لە دڵی شـەودا، ئەمشـەو ئەم دوو دوژمنە بەیەک ئەگـەن. شـان بـە شـان، پێکـەوە، هـاو ڕێ. سـکوور بـە سـکوور، تێک وەرئەبن. لێک ئەئاڵێن. لێک ئەبنەوە. یەکگـر. هـەر دووک پێکـەوە و لەگـەڵ یـەک، لـە بـەر یـەک و؛ بـە ڕێیـەکـدا ئەکەونـە ڕێ. کرێتـی ئـەم و مزگینـی ئـەو تێک ئەچڕژێن. ژیان، ئاوێتـەی یەکـدی.

بـەڵام شـێرۆ -کیـژی چـەتـوون- بـاوەڕی بەمـە نەبـوو. بـاوەڕی نەبـوو و نـەی ئەتوانـی بـاوەڕ بـکات کـە وای لێدێت. ئارەزووی وابوو و پێـی وابـوو لـە نیوەشـەو بـەولاوە، ژیانـی، هـەر وەکـوو شـەو، بـەرەو بەیانـی ئـەڕوا. بیـری ئـەوەی کـە بەرەگـەی ڕاسـتەقینەی ژیانـی خـەڵکـی وەکـوو ئـەو لـە هـەر کـوێ و بـە هـەر شـێوە، هاودەنـگ و هاوجـۆرە، دڵـی ئەشـکان. نـەی ئەتوانـی بـە خـۆی بسـەلمێنێ کـە بەیانیـش وەکـوو بەیانیەکانیتـر ئەبێ. بۆ ئەو، لە خەیاڵـیدا، بـە ئەرخایەنـی بەیانـی ڕەنـگ گەشـتـر بـوو! سـەرەڕای گـەنـج بوونـی، ئەوەنـدە خـاو و بێمایـە نەبـوو ئاسـوودەترین ڕۆژان بۆ خـۆی گـەلاڵـە بـکات. هـەزار جـار سـەختـی ڕۆژگـار و دەربـەدەری خـۆی تێبینـی کردبـوو. خـۆی بـۆ ڕۆژانـی دژوار و شـکێنـەر ئامـادە کردبوو؛ بـەڵام هـەمـوو ئەمانـەی لـە پێنـاوی ماهدەروێشدا بـە هیـچ دانابـوو:

«فیـدای قژ و ڕووی تۆ. دەرد و بەڵا بە هیچ.»

کـە وا بـوو نـەی ئەویسـت بـاوەڕ بـکات کـە ژیانـی بـەردەوام، دیسـانەوە پشـکووتنی ئەویـن ئەژاکێنـێ. لـەم کاتەدا شـێرۆ چاوی لـە بریـن و شـوورەیی بەسـتبوو. بـە پیـرۆز بـێ دیـدار و ئامێـزی

یار! بەیانی ڕۆژێکیترە و ئەمشەو شەوێکیتر. شەو لە چاوی شێرۆدا، دوو قاش بوو؛ نیوێک تا مانگ و نیوێک لەپاش مانگ. ئەوبەری مانگ جێی بینین بوو. سووریی شادیی. بەڵام ئەمبەری مانگ کە شێرۆی بەند کردبوو، خەست و قورس و ڕەش و داگیراو بوو. دڵەتەپێ بوو. هەمیشە وایە. ساتی پێش دەسپێکردن -ژانی دووگیانی- کوشندەیە و ترسێکی شاراوە و هیوایەکی نەناسراوی لە ناو پزداندا هەیە. ئاوسی دڕدۆنگی و ژانە. ساتەکانی سەرەتا وانین. ساتی سەرەتا دایکی کردەوە و ئەڤانن. ئاخنراوی شەپۆل شەپۆلی بزووتن. پڕ لە تکای ڕزگاریی. زەریا. خودی زا و زێ. درەنگ ئەگەن، بەڵام. نرخی خۆیان ئەزانن و نرخێکی گرانباییان ئەوێ. بەهایەک بە قورسایی ئێش. بەڵام دێن و پێش هاتنیان پەیامێکیان هەیە؛ دان بە خۆدا گرتن:

«ئەبێ چاوت لە ڕێ بێ. نابێ لە کاتی چاوەڕوانیدا کۆڵ بدەیت. ئەبێ تاو بهێنی. ئامادە بی. هێور بی. هەبی. دێن. مسۆگەر هەر دێن!»

ئۆقرەگرتن بەڵام دژوارە. دڵ قوڵت ئەدا. پل پەلەیە. خوێن لافاوی ورووژاوە. چاو لە داچەقان، قەتیس ماوە. خەیاڵ هەڵچووە و پەلەقاژەیەتی. گوێ، سرتەکان ئەقۆزێتەوە. دەستەکان لێک هەڵپێکراون. هیچت بەدەس نییە. دەستەکان فەرمانت لێوەرناگرن. لە خۆڕا بە قۆپچەکان، سەرگیرفان، قولێک کەزیەی لە ژێر لەچکەوە بەدەرکەوتوو، یاری ئەکەن. کەمەرەی کراسەکە بۆچی ئەمشەو تەنگ بوو؟ دڵ ئارام نییە. لەخۆڕا وڕی. ئەڵێی لە کات و لەجێدا نیت. بێ ئاوازی. بێ ئارامی. بێ وچانی. خۆت پێ بەرنادرێ. ناچاری خۆت ببەستیەوە. لێوەکانت بکرۆژی. دەست لە سەر دەست دابنێی و چەند سەخت لێ ئەدا ئەم دڵە! باڵە فرتێیەتی. ناچاری بە ئەسپایی هەناسە بدەی. ڕەنگە ئەگەر بە تەواوی هەناسەت دەربدەی بۆی هەیە قورقوڕاچکەت بتەقێنێ. ئەمە ئیتر هەناسە نییە.

قیژەیەکی پەنگ خواردووە لە سینەدا. دەشتێکی ئەوێ. تۆ لە چنگی زەماندا گیرت خواردووە و مانگیش هەڵنایەت. مانگیش هەڵنایەت. مانگیش هەڵنایەت!

بەڵام ئەم نازکردنە هەتاکوو کەی؟ هەتاکوو کەی؟ تەمەن ئەبڕێتەوە، ئەی شەو چۆن تەواو نابێ؟ نەء، گومان هەڵیگرتووم. شەو لە کونجێک، لە قەفی ڕەوەزێک، لە کەلاوەیەکدا گیری نەکردووە. دوانەکەوتووە. شەو ڕەوانە، بەڕێوەیە. ساتەکان جێ ئەهێڵێ. تاوی وەستانی نییە، شەو. لە سێبەری خۆی ڕائەکات. تۆ شێرۆ، ئەبێ ئەوە بزانی. دڵت ئارام بکە. پەلە مەکە. لە خۆڕا خۆت ڕامەدە. تینووتە. زیاد لە پێویست تینووتە. ئەمە ئازارت ئەدا. لە خۆڕا پەلە مەکە. چەرخ ئەسووڕێ. دەم لەدەست دەم ڕائەکات و تێدا ئەچێ، لە قووڵایی تیاچووندا. مانگ خۆی لە ڕەشایی تۆخ دەرباز ئەکات و بە ماندوێتی لە سەر شانی کێوی دووبراران، دائەنیشێ. لەنگەر ئەگرێ و لێی ڕائەکشێ. خۆی، بۆ خۆدەرخستن لە تۆ بە پەلەترە. بشی بەستیتەوە لە شوێنێکدا ستار ناگرێ. دێت. دێت. ڕابە و خۆت ئامادە بکە. تۆ ئەمشەو لە پێشینەی خۆت دائەبڕێی. ڕابە، ڕابە!

شێرۆ دەنگی دڵی خۆی ئەبیێ. شێرۆ زمانی دڵی خۆی ئەناسێ. شێرۆ گوشاری مناڵبوون هەست پێ ئەکا. شێرۆ ئەزانێ ئەمشەو پێ لە سەر پلەیەکی تازە دائەنێ. شێرۆ بەچاوی ئاوەڵەوە هەنگاو ئەنێ. شێرۆ ئەزانێ گڕی عەشق ڕەنگە بۆ دۆزەخیشی بەرێ. شێرۆ لە پێشڕا ڕەنگی خوێنی خۆی بە خەنجەری براکەیەوە ئەبینێ. شێرۆ شێرانە بڕیاری سەفەری داوە. شێرۆ خوشکی گوڵمحەمەدە. شێرۆ هیچی لە برا کەم نییە. شێرۆ نایەوێ لە براکەی کەمتر بێ:

«خوێنی تۆ لە منیش دایە. سەفەری بێگانەئاسای خۆم دەست پێ ئەکەم. خوا حافیز بێ ژیانی وەرجاوەند، ژیانی ئارام،

ژیانی خۆ بە دەستەوە دان.»

سڵاو، سڵاوی سەرکێشی، سڵاوی خرۆش!

ئارام، وەکوو مارێک کە کراژ ئەخات، لە قاپووڕی خۆی دێتە دەرەوە. خوشیی. تاوێ دانیشت و هەستی ڕاگرت. سووکەناسەی خەو و ڕەشایی شەو، ناو ژوورەکەی ئاخنیبوو. ئەرخایەن، کەس بەئاگا نەبوو. چۆکەکانی کۆکردەوە، بە ئەسپایی هەڵسا و قۆپچەکانی یەخەی داخست. کۆشی کراسەکەی بەرز کردەوە و نەرم وەکوو با بە لای دایکیا تێپەڕی. گیوەکانی لە بەر دەرگا چاوەڕێی بوون. گیوەی دایە بن باڵ و جارێکی دی سەیری خەوتوانی کرد. ئەتوت بە چاوی تۆقاوەوە ماڵاواییان لەگەڵ ئەکات. لە کاتێکا خۆفی ئەوەی یەکیان چاو بتروووکێنێ دڵی ئەلەرزاند. دڵەخورپەیەکی بێهۆ. کاری ڕۆژ ژنەکانی شەکەت کردبوو و ئەم کاتەی کە نیوەی شەو بوو، ژنەکان لە خەوی قووڵدا بوون. لە قووڵایی خامۆشیدا.

شێرۆ پێی نایە دەرەوە و لە لای وشترەکە بۆ ساتێکی کورت گوێی خەواند. دەنگێک ئەگەر بوایەت ئەیویست گوێی لێبێ. بەڵام نەء؛ بێدەنگی مەزن شەوی داگرتبوو. سەیری شەوی کرد، خەنجەری درەوشاوە کون کونیان کردبوو. لەشی شەو، مۆم ئاژنی ئەستێرە. بچووکترینیشیان دیار بوو. دیدەبانی شەو و دەشت. شێرۆ چوو بۆ گەوڕ. چارۆکەکەی لە ژێر پووش و کا دەرهێنا. هاتە دەرەوە و بە ڕاشکاوی سەری داخست و بەرەو دیواری حەوشە چوو. تۆکمە و بڕوابەخۆ. ترسە پەرش و بڵاوەکانی لە ژێر پێدا ئەتلیقانەوە. بە دەوروبەری خۆیدا ڕوانی و ڕابرد. بە نیگایەکیتر ئاوڕی دایەوە. وشترەکەی گوڵمحەمەد سەیری ئەکرد. شێرۆ نیگای خۆی دزییەوە و پێی نایە سەر خۆڵە پوتی کۆڵانەکە و بوخچەی بووکێنی لە سەر سەری ڕێکخست.

پشت دیوارەکە بیابان بوو و شێرۆ ڕووی لە بیابان

کرد. بیابانی گەورە و بەسام. شەو خۆی دابوو بە سەریدا. تێکەڵبوونی تاریکی و زەوی. بە بێ ڕووناکی لە هیچ لایەکەوە. خامۆشی، ترس و گومانی ئەڕژاندە دڵ. تەنهایی خۆی بەچاو ئەبینی و خۆفی دڵی هەست پێ ئەکرد. خۆف لە دەنگی پێی خۆی. هەناسەی ساردی شەو لە سەر پێستی گۆناکانی. تاریکی تەواو. هەر چەند لە گوند دوورتر ئەکەوتەوە شێرۆ، هەستکردن بە تەنهایی لە لای قووڵتر ئەبوویەوە. سەرەڕای ئەمەش دوور لە بیری گەڕانەوە، پاڵی بە خۆیەوە ئەنا. گوشاری ددان لە سەر ددان. شەوی ئەشێلا. دیوار و بانەکانی جێ ئەهێشت و ئەڕۆیشت. بای دەشتی کراوە ئەیدا لە داوێنی کراسەکەی و بنەی باڕێزەی ئەدا بە پووزەکانیدا. بەڵام شێرۆ ڕۆڵەی بیابان بوو. زادەی کێو و کچی دەشت. هاودەمی گورگ و سەگ و پەز و ئەسپ. ئێستەش گەزلکی لە بەر پشتوێن نابوو. هەر چەند ئەشیزانی لەم وەرزەدا پێویستی بە کارد نییە:

نە زستان بوو گورگی لە ورگدا هەبێ و، نە گەرما و گەرمی هاوین بوو ڕێبواری بێکارە و قەلەندەر. کۆتایی هاوین و سەرەتای پایز بوو. سەرمای هەوای نەیشاپووری بەلەش هەست پێ ئەکرد. سەرەڕای ئەمەش نابێ کەمتەرخەم بێ. مرۆڤی تەنها! مەترسی هەمیشە وا لە بۆسەدا. دڵت ئەبێ بە شتێک گەرم بکەی. پشتیوانێک. ئیتر چ باک؟ شەوە، با بێ. تەنهایی، با بێ. چ باک؟ ترس گاڤەکان سست ئەکات. ئازووخەی دڵ خۆ نییە بۆ تۆ، کیژی بیابان، شوورەییە لە شەو ترسان. دڵت قورس بێ. شەو، تەنها شەوە. هەنگاوت تیژ!

لاڕێ بۆ سەر کاریز، ئەبێ بە گردەکەدا تێپەڕێ. شێرۆ بە سینەی گردەکەدا سەرکەوت و لەو بەرەوە شۆڕ بوویەوە. لە پشت کاریز. تارمایی پیاوێک و ئەسپێک. بە دەنگ پێی شێرۆ، ماینەکە ڕووی وەرگێڕا و بۆ پێشەوە گوێی ڕەپ کرد. لەگەڵ ماین کابراش ئاوڕی دایەوە. شێرۆ پێی سست کرد.

دڕدۆنگـی. کابـرا، نـاوی شـێرۆی هێنـا. دەنـگ ئاشـنا. شـێرۆ پێـی هەڵگـرت. ماهدەروێـش هەوسـاری ماینەکـەی بـۆ لای ڕاکێشـا. شـێرۆ گەیشـت. سـینە بـە سـینەی یـەک، ئەمـە دڵـی زەوی بـوو ئایـە لێـی ئـەدا؟

جێـی وەسـتان نەبوو، نـا. ماهدەروێـش بوخچـەی لـە سـەر سـەری شـێرۆ داگـرت و بەسـتی لـە تەرکـی ماینەکـە. شـێرۆ هەوسـاری لـە عـەرز هەڵگرتـەوە. ماهدەروێـش پێـی لـە ئاوزەنگـی نـا و لـە سـەر زیـن دانیشـت و دەسـتی بـۆ شـێرۆ ڕادێـرا... شـێرۆ دەسـتی نایـە نـاو دەسـتی پیـاو، پـێ لـە سـەر پـێ و بەیـەک تەکان قاچـی لـە خاک بڕی و نیشـتە سـەر تەرکـی مایـن. قووڵایـی پەنجـەی لـە دەوری کەمـەری ماهدەروێـش هەڵپێـکا. ماهدەروێـش ئـاوڕی لـێدایـەوە. وشـەیەک بـە شـەوق و ترسـەوە. هەناسـەی گەرمـی پیـاو لـە سـەر ڕوخسـاری شـێرۆ. لـەوە زیاتـر تـاوی نەهێنـا شـێرۆ. سـەری خسـتە سـەر شـانی پیاوەکەی و مەمکە گەیشـتووەکانی گووشـا بـە پشـتیدا:

ــ بمبە؛ بمبە. باژوو. غاردە. بمبە لێرە!

ــ ئارام بگرە. لەسەرخۆ بە.

ــ وتـم لەگـەڵ مانـگ دەرئەکـەوێ. بـەڵام خـۆ هێشـتا مانـگ هەڵنەهاتـووە!

ــ هەڵدێت!

ئەمـەش مانـگ. لـە نێوان دوو شـاخی دووبراراندا. تیکلەیەک ماسـتی خەسـت لـە سـەر کوانوویەکی بەرد.

شـەو، لای شـێرۆ شـکا؛ بوو بە دوو قاش!

# بەشی دووەم

## بەندی یەکەم

شـان بە شـان، پێنج سـوار لـە دەشـتی مارووس غاریان دابوو: خانئاپۆ، سـەبرخان، مەدیار، عەلیئەکبەری حاجی پەسـەند و گوڵمحەمەد. پێنج پیاو لـە تیرەی میشکاڵی. ڕوویان لـە کەلیدەر بوو و لـەم کاتـەی ڕۆژدا بـە ناو تۆزی سـمی ئەسـپەکاندا، داژووتن و ئەرۆیشـتن. خۆر لاری کردبۆوە و سـێبەری ئەسـپ و سـواران، بە خواری کەوتبوویە سـەر عەرزەکـە و لـە پێشـیانەوە ئەڕۆیشـت. دەسـتەی پیاوان، بە خامۆشـی ڕێک و ناڕێکیان جێ ئەهێشـت.

گوڵمحەمەد نـەی ئەویسـت پێشـڕەو باژوێ، بـەڵام خـۆ بـەدەس ئـەو نەبـوو. ئەمـە قەرەئـات بـوو لەغـاوی پچڕاندبـوو، داژووت و دەرەتانـی بـە هیـچ ئەسـپێک نەئـەدا شـان لـە شـانی بـدات. چاڵـی و بـەرزی ڕێـگای تێئەپەڕانـد و بـە سـینەی هـەر او و دەسـت و پێـی چالاکـەوە، غـاری ئەکـرد. گوڵمحەمـەد بـە دژواری ئەیتوانی قەرەئات لە کاتی خۆیدا و بە ویستی خۆی بەڕێدا ببات و خـۆی بـە سـەر زینەکـەوە ڕابگـرێ. بـە گوێـرەی ئـەوەی، کە قەرە و ڕێکردنـی قـەرە، وێرغـە و چوارناڵـەی، هێشـتا بـۆ گوڵمحەمـەد ئاشـنا نەبـوو، نـەی ئەتوانـی لـە هەمـوو کاتێـکدا قـەرە بخاتـە ژێر فەرمانـی خـۆی. بۆیـە هەوڵـی ئـەدا لەگـەڵ قـەرە ڕێبکـەوێ. زۆر لەغـاوی ڕانەکێشـێ، ئازادییەکـەی لـێ نەسـێنێ و تووڕەی نەکات. ئەیویسـت لەگەڵـی بسـازێ. هیـچ حـەزی لـەوە نەبـوو، قەرەئـات

بە بەرچاوی خانئاپۆ، خاڵۆ، پوورزا و سەبرخانی زاوای خانئاپۆوە لە سەر زینەکە هەڵیدات و بیکوتێ بە عەرزا. دڵی پێوە بوو چۆن بە ڕاوەستاوی لە سەر پشتی ئەسپەکە خۆی ڕاگرتووە، بەردەوام بێ. لە ناو دەستەکەدا لە هەموان گەنجتر بوو. بۆیە ئەبوایە ئاگای لە هەڵسوکەوتی خۆی هەبێ. جڵف و جرپن نەنوێنێ و سەری دانەنەوێ. نەئەبوا زۆر سینە بداتە پێش و خۆی دەربخات. نەئەبوا خۆی بدۆڕێنێ و بشەڵەژێ؛ بەڕادەیەک کە نەتوانێ ئەسپێک ـ هەرچەند قەرەش بێ ئەو ئەسپەـ لە ژێر ڕان و ڕکێفیدا ڕابگرێ. ئەبوا بتوانێ هاوپێ و هاوغاری هاوڕێکانی بێ. بۆیەش بوو بە شێوەیەکی نهێنی هەوڵی ئەدا بەڵکوو قەرە بکات بە هاوخووی ئەسپەکانیتر. دژوار! کارێکی زۆر دژوار بوو. ئەوەندە بێ ئوقرە و ڕژد، خۆی داویشت قەرە، کە ئەسپەکانیتر سەرەڕای هەموو گوڕ بەستنەوەیان، نەیان ئەتوانی لە تۆزی شوێن پێی قەرە پێشتر بکەون.

لە هەموان بە پەلەتر مەدیار بوو و، ئەیویست شان بە شانی قەرە ئەسپی باژوێ. ڕەنجی خەسار! بە دەگمەن ئەیتوانی قەپۆزی ئەسپی تا لای خەمی سمتی قەرە بگەیەنێت. ئەسپی مەدیار، بە پێستی شەکەری و خاڵ و پەڵەی کاڵی ئاڵەوە، لەشی کشاو و شووشی، پووز و سمی ناسک و شەنگ، چالاک و تیژڕەو بوو. خۆش و یەکباو غاری ئەکرد. لە ڕێکوپێکی هیچی کەم نەبوو. ئەتوت بووکە. سکوردی درێژ، گوێی کورت و ناسکۆڵە، چاوی وشیار و، سەر و قەپۆزی لەبار. کەم ورگ و تۆزێکیش لەڕ، بەڵام نەک زۆر لاواز. سووک پێ و بەفرکە؛ بە کلکێکی درێژەوە، کە مەدیار دووجار گرێیدابوو و، بە یاڵی بڵێندەوە کە کاتی ئاژووتن بە سەر تەوێڵیا پەرێشان ئەبوو.

مەدیار عاشق و عەیار ـ لەو دەگمەن مرۆڤانەی سەرەڕای هەموو کەموکووڕییەکانیان، ئینسان خۆشیانی ئەوێ ـ سووک و چالاک لە سەر ئەسپە تیژپێکەی خۆی سوار بوو و نیگای لە

پێشی خۆی هەڵنەئەگرت. نەشەی شتێک لە خەیاڵیدا نیگای لە سەر خاڵێک چەقاندبوو. فەرماندەری ئەسپ و لەغاو، لە سەر زینەکە بەند نەئەبوو. وەک باڵندە، تاوی دابوو؛ خۆی بە سەر یاڵی ئەسپەکەدا چەماندبۆوە و شاقەلەکانی سەڵتەی بەری بە دەم باوە ڕۆیشتبوون وەک هەڵۆیەک لە فڕیندا بوون، تیژ و سووکوڵە. گەڕیدەی نێچیر، وەکوو تریشقە. ڕوومەتیشی، گۆنای تیژ، چەناگەی کشاو، سمێڵی ڕەش بە نووکی باریک و تۆزێک هەڵگەڕاوەوە؛ بیلبیلەی ڕەنگی هەنگوین، لە ناو زەرکێکی شەرابی کۆنە کە لەم کاتەدا لە بەر باکە تۆزێک خوار ببوو. برۆکانی کەوانێکی نەرم و سەر بەرەوژوور. تەوێڵی کراوە و لەبار بە یەک دوو هێڵی کەمڕەنگەوە؛ کارتێکردنی ڕابوردنی زەمان. قژ و کاکۆڵی، کازیوە؛ نەرم و پڕ. چەپکەیەکی لە بن کڵاو هاتبوویە دەرەوە و بە دەم باوە سەمای ئەکرد.

مەدیار، نە زۆر بەساڵتر لە خوشکەزاکەی، گوڵمحەمەد بوو. ڕەنگە پێنج یان شەش ساڵێک. هەر وەک وترا، بچووکترین برای بڵقیس بوو. بەڵام بەر و باڵای لە گوڵمحەمەد کشاوتر بوو؛ قۆزتریش و تۆکمەتریش. سەرودڵ خۆشتر و یاخیتریش. دەشتەکیەک بوو لەو بابەتەی ڕاوە باز و کەڵەکێوی پێخۆشتر بوو تا چەلەحانێ لە سەر ئاوایی و لەوەڕگە. کەمتر پێبەندی کڕین و فرۆش و پەزداری و، زۆرتر دڵخۆشی گەشت و گەڕان و بەرەڵڵایی. لەو بابەتەی دنیا بە هەموو هەستیانەوە و لە پێش هەمووانا بە چاویان ئەخۆن. دڵخۆش بەوەی لە سەر قاڵیچەیەکی گرێ وردی ڕەختە، لە لای هاودەم و هاوزمانێک لەسێبەری شۆڕە بیەک، لە سەر ئاوێک، لە ناو باخێک دابنیشێ، شەرابی ماڵی بخواتەوە. خۆش بڵێت و خۆش ببیسێ. گوێ لە چیرۆک و سەربردەی شیرین بگرێت و دڵ بدا بە ئاوازی خۆشی چگوور. میواندار و میواندۆست. سەرمەست و شاد بوو ئەگەر لە وەرزی کەرە و قەیماخدا بیتوانیایەت بە ڕووی خۆش و

دەستی ئاوەڵە بە میوانەکانی ڕابگات. خۆش زمان بوو بە گفت و، دەسڕەنگین بوو بە کردار. پیاوی بەزم و پیاوی ڕەزم. نەرم و نیان و تووڕە و تۆسن. لەکاتی خۆیدا، بێ سەروبەر بەڵام لە هەموو کاتێکدا کەللەڕەق. ئەگەر دەستی لە هەموو کارێک کورت ببوایەت، سەگەکانی ڕانی بەر ئەدایە یەک و ئەکەوتە سەیرکردنیان تا گوێ و گەردنی یەکدی بجوون، تامەزرۆییەک بە ڕەنگی خوێن. هەندێ شەوان دڵی ئەیبرد بۆ تەختایی سەر گردێک و لە ژێر ئەستێرەبارانی شەودا شانی دائەدا و هەموو ئەو بەستە عاشقانەی بە بیریدا بهاتایایەت ئەیخوێند؛ پەرێشان و ئوقرەبڕاو.

دەست و دڵی ئاوەڵە بوو بۆ هەموو کارێک، مەگەر کار! هەر گیز ئامادە نەبوو ئەگەر بۆ تاوێکیش بووە، وەکوو گوڵمحەمەد دەستکاڵە لەدەس بکات و گەنم بدوورێتەوە. دارکاریشت بکردایەت، مەدیار ئامادە نەبوو ئەو کارە بکات. تەنها لە بیری نانی خۆیدا نەبوو. ساڵ ئەگەر تەنگ بوایەت، مەدیار "ڕێگریی" لا پەسەندتر بوو، هەتاکوو وەکوو گەنە بە عەرزەوە لکان. ڕۆژگار ئەگەر تەنگەی بکێشایە، یاخیگەری لا پەسەندتر بوو تا ملکەچی. بێزار بوو لە ملی خوار و دڵی شکاو، بڕوا بەخۆ و شەیدا بوو. لە هەموو هەڵچوون و داچوون و لە هەر پێچ و خەمێکدا ئەم ڕەوشت و خووەی بە ڕێزەوە لە لای خۆی پاراستبوو. خزمی نزیک و ئاشنای دوور، بەو جۆرەی کە هەبوو ئەیانناسی و بڕوایان پێی هەبوو.

سەبارەت بە دارا بوون، مەدیار لە ڕیزی ناونجیشدا جێی نەئەبوویەوە، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی کە بەرزەفڕ بوو لەگەڵ زۆربەی سەرناس و بە ناوبانگەکانی سەبزەوار و نەیشاپوور و قۆچان هاتووچۆی هەبوو. پەروای نەبوو ئەم یاخود ئەو چۆن بیر بکاتەوە. پێشتر، هەندێک وای بۆ چووبوون، مەدیار هەوای هێنانی کچە خانێکی لە سەر دایە، بەڵام زۆری پێنەچوو

ناڕاستی بۆچوونەکەیان لا ئاشکرا بوو. نەء، مەدیار بە هیچ بەهایەک ئامادە نەبوو دڵ لە عەشقی سەوقی، کچەی بێباوانی قەڵاتی چوارگوێشلی هەڵکەنێ. هەر چەند سەوقی خوشکەزای حاجی حسێنی ڕاندار بوو، بەڵام سروشتی مەدیار بۆ هەمووانی ڕوون کردبۆوە، سەوقی ئەگەر دەست لە دەستی مەدیار بنێت، مەدیار لە دارایی حاجی حسێن و میراتی سەوقی چاوی لە تەنها کاژیلەیەکیش نییە. بەڵام ئەمە، ئەو گەڵاڵەیە نەبوو کە حاجی حسێن بۆ سەوقی داڕشتبوو. حاجی حسێن سەوقی بۆ کوڕەکەی خۆی ئەویست:

"نادعەلی".

نادعەلی خوازیاری سەوقی بوو و حاجی حسێن خاڵۆی سەوقی و سەرپەرشتیاری کچە بوو. ئەمە بوو کە ئەیویست سەوقی لە ژێر پەڕ و باڵی خۆیدا بمێنێتەوە و سامان و دارایییەکەشی لە شوێنیتر نەفەوتێنێ. حاجی حسێن بەم هەوایە بوو کە سەوقی بە دووسەد سەر پەزەوە لە نادعەلی مارە ئەبڕێ؛ خودی حاجی حسێنیش سەد سەرێک لە ڕانەکەی دائەبڕێ و تێکەڵی پەزەکانی سەوقی ئەکات. ئەمە بۆ نادعەلی بۆخۆی ڕانێکە و، نادعەلی بۆخۆی ئەبێ بە سەرێک لە ناو سەران. بەڵام ئەوەندەی مەدیار ئاگای لێبوو سەوقی هێشتا نەچووبوویە ژێرباری داخوازییەکەی خاڵۆی. حاجی حسێن لەو دوو ساڵەدا کە کوڕەکەی لە سەربازی بوو داواکەی خۆی لە لای سەوقی باس نەکردبوو، هەتا ئەوەی نادعەلی گەڕابوویەوە و کار و ژیانی ئاسایی خۆی دەسپێکردبوویەوە. ئەم گەڕانەوەی نادعەلی هاندەرێک بوو بۆ مەدیار تا بۆ فڕاندنی سەوقی، پێ لە ئاوزەنگی بنێ.

ئەم غارەش، بەو مەبەستە بوو.

بە دوای مەدیار و گوڵمحەمەددا، سەبرخان و خانئاپۆ داژووتن. ئەسپی چوارهەنگڵ و ئێسک درشتی خانئاپۆ ئارەقەی

کردبوو و فیشـەی ئەهات. ئەتـوت لـە ژێـر قورسـایی قەڵافەتـی سـوارەکەیدا تەنگەتـاو بـووە. بـەڵام خانئاپـۆ، لـە نـاو دەسـتـەدا، نـەی ئەتوانـی گوێـی لـە کەونـە ئەسـپـە کوێتەکـەی خـۆی بـێ. تـا دەسـتـە داژوێ، ئەسـپیش ئەبـێ بـاژوێ. کـەوا بـوو دەسـتـی خانئاپـۆ بـە گوێـرەی ڕاهاتـن، قەمچیەکەی لە سـمتی ئەسـپەکە ڕائەوەشـانـد و ناچـاری ئەکـرد بـە ڕێکانـی و هـەڵـەتدا بـاژوێ. لـە دەسـتـە دوا نەکـەوێ. نەخـوازە ئەگـەر پیـرە ئەسـپـی کوێتـی لـە هـەورازی ئاودڕێـکدا بـدڕێ. پەلکـی لووتـی بـا بدڕێـن: تاوانـی بەرزەوایـی سـوار!

لـە نـاو دەسـتـەدا، خانئاپۆ ـلـە دوای عـەلیئەکبـەری حاجـی پەسـەندـ لـە هەمـوان ئێسـک درشـتتر و بەخۆتـر بـوو. چـوار شـانە، تۆکمـە، تێکسـمڕاو و بـە بڕشـت. ئێسـکی مەچەکـی لـە داری دارەبەنـی وشـتر ئەچـوو. گەردنـی ئەسـتوور، ناوشـانی پـان. ئـەو شـانانەی وا پـێ ئەچـوو بتوانـن لـە ژێـر تاقـی شـکاوی داڵانێـکدا ببـن بـە کۆڵەکـە. سـەرێکی مـەزن، ناوچەوانـی پـان، لووتـی تێکشـکاو، گۆنـای خـڕ و دەرپەڕیـو. هـەر کامەیـان لەتێـک گوێـزی وشـک. دوو گوێـی وەرگـەڕاوە قەوارەیەکـی چوارگۆشـەی ئـەدا بـە ڕوخسـاری. چەناگەیەکـی پـان و تـۆزێ لـە پێـش، دەمێکـی زل کـە کاتـی پێکەنیـن یـان نەڕانـدن هەتـا بناگوێـی ئەکشـان و ئەکرانـەوە. کەفێکـی وشـکەڵاتوو لـە سـووچی لێوەکانـیدا، ڕەنگـی سـپـی ددانەکانـی زیاتریـش ئەنوانـدەوە. ددانـی درشـت و عـاج: ئەمانـە، لەگـەڵ ڕیشـە کـورت و زبـر و مـاش و برنجیەکـەی لـە سـەر چەناگـە و دوو بـەری ڕوومـەتـی، کاتێکـە ورە و سـروشـت و ڕەفتـاری لەگـەڵ تێکـەڵ بکەیـن، سـام و شـێوازی گورگیـان ئەدا بـە خانئاپۆ.

ئـەو، خانئاپـۆ، لـە ڕان و سـامان و دارایـی بەشـێکی ئەوتـۆی نەبـوو. چـەن سـەر پـەز لـە ناو ڕانـی براکـەیدا و کچێـک کـە دابووی بـە سـەبرخان. خانئاپۆ هـەر چەنـد وەکـوو مەدیـار جـەوان نەبـوو

و گورجوگۆڵی مەدیاری نەبوو، بەڵام ڕەوشت و ڕەفتاری لە زۆر ڕووەوە دوور لە مەدیار نەبوو. جیا لە عاشق پیشەیی، کە ئەتوت مەدیار وەک نەخۆشیەک تووشی ببوو، نیشانەکانیتر لە ڕەفتار و کرداریاندا، پێکەوە بێگانە نەبوو. لە سەختی و سستیدا، خانئاپۆ ئارام و ئوقرەی نەبوو و ددانی بۆ ماڵی دگەر، بۆ ماڵی مفت، هەمیشە تیژ بوو. لە دواین پەلاماری ڕفاندنی ڕانەکەی دەراوی پردی هەورێشم، مەدیار لەگەڵ ببوو. بەڵام مەدیار توانیبووی چالاکانە بە مارپێچی بڕوات و خۆی لە گیرەکە دەرباز بکات و بۆی دەربچێ. خانئاپۆ و عەلیئەکبەر حەپسەکەیان کێشابوو و هاتبوونە دەرەوە و، خانمحەمەد ـ برا گەورەی گوڵمحەمەدـ هێشتاش لە زیندان بوو.

ئەمانە، ئەم پۆلی پیاوانەی بیابان، دلێرانی نەداریی بوون و نەیان ئەتوانی چاو لە دارایی بێ ئەندازە بقوچێنن. سەر بکەن بە قاپووری خۆیاندا و ڕۆژگار بە نائومێدی و نەگبەتی ببەنە سەر و شەو و ڕۆژیان بە نزا و نفرین و دڵشکاویی پڕ بکەنەوە. توانای ئەژنۆ، تیژبینی چاوان، ئیشتیای سروشتی لەش و خووی سەخت و دڕی دەشتەکیان لێیان نەئەگەڕا. ئەم خەڵکە هێشتا لە چوار دیواری قوڕینەدا خۆیان حەشار نەدابوو و دڵیان بە زەوی دێم خۆش نەکردبوو و چاویان لە هەوری نەزۆک نەبڕیبوو. نیشتەجێی یەک جێ نەبوون و لەش و گیانیان لە ناو دیواری کورت و نزم و، چاوی تەنگی گوندییە برسیەکاندا حەپس نەکردبوو. ئەم پیاوانە هێشتاش توانای ئاژووتن و خووی پەلاماریان تیا بوو. ئەسپەکانیان هێشتاش وزەی ئەوەیان هەبوو لە کێو و دەشت و بیاباندا غار دەن و سوارەکانیان وەک بای سەرسەڕ بەملا و بەولادا ببەن و کاتیان بۆ کورت بکەنەوە. دڵ و دەروونی بوونی بەردەوام و بزووتنی بێ پایان، کەمتر دەرفەتی ئەوەی پێ ئەدان دابنیشن و دەستەوەسان خەفەت بخۆن.

پیاوانی مە ئەیانتوانی هەر کات، لەهەر کوێ بن و زەمان و

شـوێن لـە بن سـمـی ئەسـپەکانیاندا ناڵکوت بکـەن. بەرد و دەم، دەم و خـاک. نەمانـەوە. لـە یـەک جـێدا نەمانـەوە. ئوقـرە نەگـرتن. لەمانـەوەدا ئەبـوون بـە گـەناو!

شـان بـە شـانی خانئاپـۆ، سـەبرخان ئەسـپی داژووت. ئـەو زاوای خانئاپـۆ بـوو. ڕەشـتاڵە، کـەڵەگـەت و کشـاو، بـە ڕوومـەتێکـی درێـژ، چـاوی وەکـوو کل و سـمێڵی لـە ڕەنگـی چـاو. سـکوری کشـاو، پشـتی ڕاسـت، دەسـت و باسـکی درێـژ، تەوێڵـی کـراوە، بـرۆی گرێـدراو، لووتـی سـاف و تـۆزێ چـەماوە بۆ پێشـەوە: وەکـوو دەنـووک.

سـەبرخان سـواری ئەسـپێکی سـووری قایشـی بـوو، هاوپـێ داژووت و بێدەنـگ بـوو. لـە هەمـووان بێدەنگتـر هـەر ئـەو بـوو. لێـوە مۆرەکـەی لـە سـەرەتای ڕێـوە بـە گوتەیـەک نەتـرازا بـوون. قفـڵ و لێکـنـراو. پـاش ڕۆژ باشـێک بـە گوڵمحـەمـەد، ئـەم لێوانـە داخرابـوون و نەکرابوونـەوە. گفتـی ئـەم و ئـەوی ئەبیسـت، بـەڵام دەربایسـی پـرس و جـۆ نەبـوو. کەسـیش ڕێگـەی ئـەم خامۆشـیەی لـێ نەگـرتبـوو. چونکـە هەمـوو پیـاوەکان هـەر کام بەجۆرێـک خامـۆش بـوون و لـە خـەیاڵێـکـدا. تەنهـا مەگـەر عـەلیئەکبـەری حاجـی پەسـەند کـە لـە دوای هەموویانـەوە ئەهـات، جارجـار بـۆ گاڵتـە قسـەیەکی دەرئەپەڕانـد، نوکتەیەکـی ئـەوت و لـە هـەوڵـی ئـەوەشدا نـەبـوو خـۆی بگـەیەنێتـەوە بەوانـیتـر.

لەگـەڵ ڕۆژدا، دەشـتی ماروسـیش خـەریک بـوو کۆتایـی ئەهـات. لـە ئاسـۆدا، ڕۆژ خـەریکـی تێکـەڵبـوون لەگـەڵ شـەو بـوو؛ ڕەنگـی ئەپـەڕی و جێـی خـۆی ئـەدا بـە تاریکـی شـێوان و پاشـانیش ڕەشـایی شـەو. دەشـتی ماروسـیش لـە دوا بەشـی ڕاسـتاییەکەیدا ئەبـوو بـە هـەوراز و وەکـوو مارێـک سـەری ئەکـرد بـە قۆرتـەکانی کێـوی کـەلیـدەردا و ڕێگـەکـە تێکـەڵ ئەبـوو بـە دۆڵەکـە و دۆڵ بـە ئەندامـی لارولەوێری، سـواری ئـەبرد بـۆ باریکـە ڕێ و هەڵەتـەکان و؛ باریکـە ڕێـش -هـەر کامـەیان- لـە پاش خـەم

و چەمی پێچەڵەپلۆوچیان، سواریان ئەبرد بۆ کوێرە دێیەک.

سوارەکانمان ئەوا لە دۆڵەکە دەرکەوتبوون و باریکە ڕێیەکیان گرتبوویە بەر کە ئەچوو بۆ قەڵاتی چوارگوێشلی و وەکوو لیزگە بە دوای یەکدا بە وێرغە و نەرمەغار ئەڕۆیشتن. نە ڕێ دەرفەتی غارکردنی ئەدا و نە ئەسپەکان -کە سەرانسەری دەشتەکە غاریان دابوو- وزەی ئەوەیان تیامابوو بە کوێرە ڕێیەکی هەورازدا بە غار باژوون و، نە سوارەکان گەوج ببوون بە هەورازی ناوقەدی کێو، لە ڕەوەزدا ئەسپ تاودەن.

لە قۆرتەکانی کەلیدەر، لە یاڵ و ملەی گردەکان، لە قووڵایی دۆڵ و ئاودڕەکان، ڕۆژ ڕۆشنایی خۆی کۆ کردبۆوە. جێ پێی ڕۆژ مابوو. سێبەر، سێبەرێکی فێنک و بلاوێن سروە، دەمەساتی خۆڵەمێشی خۆی بە هەموو لایەکدا، بە سەر هەموو چاڵ و بەرزییەکدا، بە سەر هەموو تەختایی و بەردەڵانێکدا بڵاو کردۆتەوە. تۆختر لە قووڵکەکان و کاڵتر لە هەورازەکاندا. ئەمە خوودی ڕۆژداچوون بوو. نە ڕۆژ نە شەو. ئەوە بوو کە گوندییەکان پێی ئەڵێن: "گا-ون". چونکە لەم کاتە تێپەڕە خێرایەدا، ئاسمان و زەوی ڕەنگیان لێک تێکەڵ ئەبێ. فریوکارانە، بە شێوەیەک کە ڕەنگ لە ڕەنگ جیا ناکرێتەوە. هەموو ڕەنگێکە و هیچ ڕەنگێک نییە. ئەمە کاتی ئاشتکردنەوەی ڕۆژ و شەوە. ڕوخساری شوانێک لە شاڵەوە ئالێنرابێ. شوان، شوانە. بەڵام بە ڕوومەت شوان نییە. ونە. بوومەلێڵە. بەرد وەک سوار خۆیا ئەکا و سوار وەکوو بەرد. هەموو شتێک ڕەنگی خۆی لە دەس ئەدا. پشیلە، سمۆرەیە. هەر بزوێنەرێک سێبەرێکە و هەر سێبەرێک بزوێنەرێک. لە دوو سەد پێ ئەولاتر، گورگ لە ڕێوی ناناسیەوە. گیانەوەرێک ئەبینی بەس. چوارپێیەکی نەرم ئەندام کە لەنجە ئەکا، ئەخزێ، ئەڕەوێ، هەڵئەبەزێ و ڕائەکات و لە پشت سێبەرێکی تردا خۆی ئەشارێتەوە. سێبەر بە سێبەر. شەوپەنایە ئەم کاتە.

تاریکـی لـە زیادبـوون و ڕووناکـی لـە هاڵاتندایـە. هـەر بزوێنـەرێک تارماییەکـە. تارماییەکانـی بیابـان، هینـی کوێسـتان.

سـواران، تارماییـەکان. پیـاوان و ئەسـپان وەکـوو تاپـۆ لـە هەورازێکـی توندـدا بـە ئارامـی ئەڕۆنـە پێـش. لـە ئاسـۆی لێڵـی ئاسـمان و زەویدا، ئەمانـە خۆیـان، دەرکەوتەیەکـی بەرەنگتـرن. شـێمایەکی تۆختـر، چڕتـر. پەڵـەی ڕەش لـە سـەر خۆڵەمێشـی تـۆخ. لێـواری کڵاوەکانیـان، یاڵـی مـل و تیژیـی گـوێ و هێڵـی گـەردن و سـکی ئەسـپەکان لـە درێـژەی ڕان و سـمت و پشـت و شـانی پیاوەکانـدا، قەراخـە دیارەکانـی ئـەم کۆمەڵـە تارماییـەن. تاپـۆی بزوێنـەر، بـەرەو پێـش کـە لـە هـەر هـەنگاوێکـدا، هەنگاوێک لـە تاریکـی و چڕیدا ڕۆ ئەچـوو و شـەو ئـارام ئـارام لـە نـاو خـۆیدا ئەیشـاردنەوە. وەک زەریایـەک دوورگـەیەکـی بچکـۆلانـە بخواتـەوە.

وابـوو. ئێسـتە، شـەو ڕەشـی لەبـەری کەلیـدەر کردبـوو و پیـاوان لـە سـەرەوژێرێکی بـەردەڵان ئەڕۆیشـتن و، چـاو و ڕووی یەکدیـان بـە ڕوونـی نەئەبینـی. کۆتایـی ڕێ. تێپەڕیـن لـەم پێچـە و سـەرکەوتن بـە سـەر یاڵـی دوا بەرزایـی؛ چوارگوێشـلی لـە بەرامبـەریان وەدەرکـەوت. دیـداری چوارگوێشـلی: ماڵـی لێـک نزیـک، خـپ کـردوو و تێکخـزاو، وەکـوو کیسـەڵ لـە نەرمتریـن شـێوەی کۆتایـی گردەکـەدا، کەپەنکـی شـەو لـە سـەر شـانی، وەک کۆترێکـی ڕەبـەن، بـە پرتـەی تیشـکی چرادەسـتی، چرا پڵێتـە و لامپا لـە دەربیجـەی کۆن و گچکەوە. خۆڕادانی کوێرترین تیشـک لە تاریکی شـەودا. پزیسـکەی زەرد پۆشـی تیشـک، لە دەوروبەری چوارگوێشـلیدا پـەرش و بڵاون.

غـەم نەبوو، ئەگـەر وەهـا نەبـوو. ڕەشـایی جـار لـە بارتـرە و، شـەو چەنـدە ڕەشـتر، هەڵسـووکەوتی شـەوگەرد ئاسـانتر. غەمـی سـنوور و پەرژینـی قەڵات نییـە. ئەمـە لـە چـاوی هیچـکام لـە پیاوەکان شـاراوە نەبـوو. ئاشـنان و ناسـراو. ئەویـش کاتێکـە یەکیـان کچێکـی لـە ماڵێـک و ماڵێکـی لە قەڵاتێکـدا دەسنیشـان

کردبێت. پیاوێکی وا بەردەکانی ئەوماڵەش ئەناسێ. بە بوار و ڕەقە بوارەکانی، بە کون و قوژبنەکانی ئاشنایە. هەموو ساتێک ئەتوانێ گەڵاڵەی ماڵەکە، کۆڵان، دیوار و دارەکانی لە یادی خۆیدا نەخش بکات و خۆی لە هەر شوێنێکیدا ببینێ. بیر لە شەڕ و ڕەو بکاتەوە و لە هەزار دیوار لە خەیاڵیدا بازبدات و هەزار بان و کۆڵان لە ژێر پێیدا تێپەڕێنێ.

ئەگەر بتتوانیبا پشت تەوێڵی سافی مەدیار هەڵکۆڵیت و ئەوەی تیا بوو بدۆزیتەوە، ئەتتوانی تیژیی نیگای شوێن بگریت و چەپ و ڕاست و شکست و بەستی دیوارەکان ببڕی؛ پانایی وشکەڵاتووی جۆگەلەی بن دیوارەکە، قووڵکەی پشت کەلاوەکە، قووڵایی ئەو کۆڵانەی بە چەپدا بای ئەدایەوە و لە پەنای بەهاربەندەکەی حاجی حسێندا ون ئەبوو، ببینی. حەوشەی گەورەکراوە لە سەر یاڵی دیوارەکەوە، جەنجەڕی بیرەکە، دەرگای کراوە و نیوە ئاوەڵەی ژوورەکان، کۆڵەکەی ناو هەیوان و هێزمەکانی لای دیوارەکە لە بن نیگاتدا بوون. مەدیار تەنانەت ئەیتوانی کولانەی مریشکەکانی حاجی حسێن کە لە سووچی دیواری ماڵەکەدا بوو بهێنێتە پیش چاو. هەم ئەشی توانی خەیاڵی خۆی پەرە پێبدا و بزانێ لە ناو ماڵی حاجی حسێندا ژیان چۆن تێئەپەڕێ. هەر چەند پێویست بە خەیاڵکردن نەبوو. مەدیار سواری ئەسپ، بە هەمان شێوە کە لە سەر گردەکە وەستابوو، بە چاوی سەر ئەیتوانی ناو ماڵی حاجی حسێن و ڕووناکی پەنجەرەی ئەو ژوورەی دیوارەکەی لای بیابان بوو ببینێ. بەڵام ئایە بە ڕاستی نەی ئەتوانی دڵنیا بێ لە ناو ماڵی حاجی حسێندا چی ڕوو ئەدا؟!

لە ناو ژووری ناوەڕاست کە دەرگاکەی بەرەو هەیوان ئەکرایەوە و بە میوانخانە ئەژمێردرا، حاجی حسێن و کوڕەکەی نادعەلی و دوو چێوار بە دەور یەکەوە دانیشتبوون و قسەیان ئەکرد. شەونشینی گوندییەکان، مەیدانی وتووێژی هەمەسەر

و هەمەلا. هەر کەس، لە هەر کوێ و لە هەر شتێک -ئەگەر نۆرەی بەربکەوتایەت- ئەدوا. تەنها نادعەلی لەم نێوانەدا بێدەنگ بوو. حاجی حسێن مەیداندار بوو و نادعەلی بە خامۆشی دانیشتبوو و ئەگەر دەرفەتی بەربکەوتایەت وشەیەکی دەرئەپەڕاند و کڕ ئەبوو. نادعەلی لە سەر چۆکێک دانیشتبوو، چەناگەی خستبوویە سەر کەشکەی ئەژنۆ و بە قامکە گەورەی پێی یاریی ئەکرد و گوێی لەو چیرۆکانە گرتبوو کە باوکی ئەیوت و پێش سەربازیی زۆر جاران بیستبووی. بەڵام گوێی لە باوکی و هۆشی لە لای سەوقی بوو کە دایکی -دایکی نادعەلی- حەفتەیەک بوو بە گوێیدا ئەخوێند و هێشتاش وەڵامی کۆتایی لێوەرنەگرتبوو.

نادعەلی لە سەربازیی گەڕابوویەوە، لەمپەری گەنجێتی شکاندبوو و وەکوو هەموو لاوێکی گوندی، سروشتی بۆ دامەزراندنی ماڵ و ژیانی سەربەخۆ ڕای ئەکێشا. لەمڕۆ بە دواوە ئەیویست خۆی قۆڵی لێهەڵکا و پێ بخاتە مەیدانی ژیانەوە؛ بەڵام سەوقی وەدوای ئەخست. لەگەڵی نەی ئەکێڵا. ڕوونیش نەبوو لە بەر چی. چێوارەکان بۆ کڕینی پەز لە ماڵیان بوون. حاجی حسێن بۆ زەماوەندی کوڕەکەی دوازدە بەران و شەکی پێیان فرۆشتبوو، بەڵام کارەکە لەو شوێنەدا کە نەئەبوا، گیری کردبوو و نادعەلی لە هۆکەی تێنەئەگەیشت. بیری بۆی نەئەچوو. چونکە سەوقیش هیچ کردار و هەڵسوکەوتێکی وای نەکردبوو کە نیشانەی شتێک بێ. تەنها ئەیوت:

«ئێستە زووە، با ڕاوەستین.»

حاجی حسێن پیاوێکی کورتەباڵای چوارشانە بوو. چاوی خڕ و ڕوومەتی پان. لێوەکانی لوول ئەبوون و پەنجە کورتەکانی بە حەوادا ڕائەوەشاند. ملی کورت و ڕیشی تۆپ و نوێژی نەئەفەوتا. شەوق و زەوقی خەڵکی دارا لە ناو کۆمەڵێک نەداردا، لای ئەویش هەبوو. یەکچاوی شاری کوێران. پیر و گەنجیان شاد و

گەشن. زیاد لە قەبارەی خۆیان حەوا داگیر ئەکەن. هەر چی هەیە، ئەبێ بە دڵی ئەمان بێ. هەر چی هەیە ئەبێ بە حەزی ئەمان بسووڕێ. تا ئەمان قسە ئەکەن، هیچکەس نابێ بدوێ. هەتا ئەمان پێئەکەنن، هیچکەس نابێ پێبکەنێ. تا ئەمان تووڕەن، هیچکەس نابێ فززە بکات. دەم لەپێشن لە هەموو شتێکدا. هەق هەمیشە بەوانە! ئێستەش حاجی حسێن دوازدە پەز و پێنج بزنی پێ فرۆشتبوون و پارەکەی وەرگرتبوو. پارە لە ژێر ئەو قاڵیچەیەدا بوو کە حاجی حسێن، هەر ئێستا لە سەری دانیشتبوو و چۆکی لە سەر ئەو جێگەیەدا دابوو کە پارەکەی لێ دانابوو و ددانەکانی پاک ئەکردەوە. بەڵام زمانی بەرامبەر بە هەر دوو کابرای چێوار هێشتا درێژ بوو و ئەیوت زۆر ئاگای لێیان بووە و پەزی بە هەر زان پێداون!

جامبازەکانیش قسەیان نەبوو. گەنج بوون و خەڵکی وڵاتی کاشمەر. هێور و لەسەرخۆ، بە خووی کاسبکارانەیانەوە. بە هیوای ئەو قازانجە کەمەی دەستیان ئەکەوت، حاجی حسێن هەر چی ئەوت، ئەیان بیست و سەریان ئەلەقاند و چاوەکانیان وای دەرئەخست لە ناخی دڵەوە باوەڕیان پێکردووە. حاجی حسێنیش قسە لە قسەی نەئەبڕایەوە. ئەیوت و ئەیڕست، گەزی ئەکرد و ئەیبڕی. چێوارەکانیش جارجارە سەیرێکی یەکدیان ئەکرد، سەرێکیان ڕائەوەشاند و دیسانەوە، دەربەس گوێ بوون. بەڵام ئەم پرسیارەیان لە خۆیان ئەکرد ئاخۆ حاجی حسێن کەی ئەیبڕێنێتەوە؟ چونکە باسی سەربازیش کە هاتە پێشەوە ئەو لە جێگەی کوڕەکەی قسەی ئەکرد. ئەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ڕەزاشایی و ئەوەی بیستبووی و دیبووی بە ترش و خوێوە ئەیگێڕایەوە.

چییان پێئەکرا؟ دوو چێواری کاشمەری لە سەر فەرش و لە سەر سفرەی حاجی حسێن دانیشتبوون و مامەڵەیش خۆ تەواو ببوو و جێگەی لە سەر ڕۆیشتنیش نەمابوو. کە وا بوو،

قسەکانی حاجی حسێنیان بە پێکەنین و سەرلەقاندن لە کۆڵ ئەکردەوە و خۆیان بە منەتبار پیشان ئەدا. هەوڵیان ئەدا بابەت نوێ بکەنەوە و ڕێی وتووێژ بۆ لایەکیتر و بۆ شتێکیتر ڕابکێشن. تەنها یەک ڕێگە ئاوەڵە بوو. خۆمەڵاس دانی ئەمنیەکان لە ماڵی کوێخا کە ئەوترا بە دوای پۆلە مەڕێکی دزراودا ئەگەڕان. ئەوترا لەو دەوروبەرە بە دوای "سەرەداو"ێکەوەن و ئەیانەوێ شوێن پێیەک بدۆزنەوە. بابەتێکی خەیاڵاوی بوو. هەر کەس ئەیتوانی گومانێک بکات، خەیاڵێک ساز بکات، بیرێک بهۆنێتەوە و دەری ببڕێ. لە لایەکەوە زۆر بێ پەیوەندیش نەبوو. دوو چێواری مەڕدار بەو جۆرەی کە پەزیان ئەکڕی -لەم ساڵەدا کە ماڵ نرخی شکابوو- تا بەیانی ئەیانتوانی زیاتر لە سەد سەر مەڕ و بزن خڕکەنەوە و هەر ساتە مەترسی ئەوە هەبوو چوار تفەنگ بەدەس لە تەلانێکدا ڕێیان پێبگرن، شانیان بە گوریس ببەستن و مەڕەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن. بۆیە لەمبارەیەوە ئەفسانە سازکردن و خەیاڵ تاودان بازاڕی خۆش بوو. بزوێنەری بیرەوەری بوو و هەر کەسە، هەر چی لە دز و دزی -کە کەمیش نەبوو- ئەزانی ئەگێڕایەوە. حاجی حسێنیش تێکەڵ بە گفتوگۆی دزی و پەز بوو؛ بەڵام دیسانەوەش یەکەم کەس ئەو!

لەم کاتەدا، لە پشت دیواری میوانخانە، لە ناو هۆدەکەیتر، دایکی نادعەلی لەگەڵ سەوقی قسەی ئەکرد. بەرامبەر یەک دانیشتبوون. چرا گڕسۆزی عەشقابادی -و ئەم چرایە کەسانێک هەیانبوو دەستیان بە دەمیان ئەگەیشت- لە بەردەمیاندا ئەگڕا. دایکی نادعەلی باسی هەموو شتێکی ئەکرد. ئەیویست تامی دەمی سەوقی بزانێ و قسەی لە ژێر زمان بکێشێتەوە. بەڵام سەوقی خۆی نەئەدا بە دەستەوە. خامۆش و ئاسوودە ئەیوت:

«ئێستە جارێ با ڕاوەستین.»

قیرسـیچـمـە بوونـی سـەوقی بۆ دایکـی نادعـەلـی خوویەکـی ناسـراو بـوو؛ ئـەو ئەیویسـت لـە دڵـی سـەوقی تێبگا و بزانـێ لـە ناخـیدا چـی تێئەپـەڕێ؟ بـەڵام سـەوقی وەکـوو زۆربـەی عاشـقان، لـەوە وشـیارتر بـوو بهێڵـێ کەسـیتر ـ ئەویـش دایکـی داواکار- دزە بکاتـە نـاو دڵـیـەوە. سـەوقی بـە هیـچ نرخێـک نـەی ئەویسـت نـاوی «مـەدیـار» لـە زمانیـەوە بـەر گوێـی کـەس بکەوێـت. جێگـەی مـەدیار تەنهـا لـە نـاو دڵـی ئـەودا بـوو:

«ئێستـە لە کوێیە؟ مـەدیارم لە کوێیە؟»

پێـی لە ئاوزەنگـی نا مـەدیار، لەغاوەکـەی ڕاکێشا و وتـی:

ـ من ئەڕۆم بیهێنم!

ـ تەنها؟

مـەدیار ڕووی کردە خانئاپۆ و لە وەڵامدا وتـی:

ـ ئا بەڵێ، بەتەنها!

مـەدیـار لەغـاوی شـل کـرد؛ بـەڵام پێـش ئـەوەی ئەسـپی مـەدیـار خـۆی هـەڵـدا خانئاپۆ هـەوسـارەکـەی گـرت و ڕوو لـە هاوڕێکانـی وتـی:

ـ ئێوە ئەڵێن چـی؟

پیـاوەکان. هـەر سـێ خامـۆش بـوون. گوڵمحـەمـەد سـەری داخسـتبوو و بیـری ئەکـردەوە. عـەلـیئەکبـەری حاجـی پەسـەند خـۆی بـە لـەغـاوی ئەسـپەکـەیەوە خـەریـک کردبـوو. سـەبرخان هـەر وا ڕاسـت و بێدەنگ لای قەپۆزی ئەسـپەکەیەوە وەسـتابوو و بەچـاوی داخـراوەوە گوێـی ڕاگرتبوو. جارێکـیتر، خانئاپۆ قسـەکـەی پاتـە کـردەوە و یـەک یـەک سـەیری کـردن. عـەلـیئەکبـەری حاجـی پەسـەند، ئەیویسـت شـتێک بڵـێ؛ بـەڵام گوڵمحـەمـەد دەرفەتـی نـەدا، پێـی لـە ئاوزەنگـی نـا و وەک باڵندەیەکـی نەرمبـاڵ خـۆی هاویشـتـە سـەر زینـەکـە و وتـی:

ـ نەء! بە تەنها نا!

قـەرە کلکـی هـەڵسـان و بـە خـۆیدا پێچـا. لـەزی ئازادبـوون و

دەرپەڕین بوو. بەڵام گوڵمحەمەد توند لەغاوەکەی ڕاکێشا. گەردنی قەرە کەوانەی کرد و دەورێک بە دەور خۆیا سووڕا. سەبرخان و پاش ئەویش عەلیئەکبەری حاجی پەسەند سواری ئەسپەکانیان بوون. خۆڤی دڕدۆنگی و درەنگ و خۆ خافڵاندن لە نیگا و ڕەفتاری کوڕی حاجی پەسەنددا خۆیا بوو. خانئاپۆ ویستی سوارەکان ڕادێرێ، هەر کەس و بۆ کارێک و بۆ جێیەک. بەڵام مەدیار خۆی پێنەگیرا، ئاوزەنگی ڕاوەشاند و وتی:

ــ من لە پێشەوە ئەڕۆم؛ ئێوە بە دوامدا وەرن.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ڕێگەشی هەر ئەمەیە خانئاپۆ. ئەبێ ئاگامان لە دەوروبەر هەبێ. یەک دوو کەس لە پێشەوە...

مەدیار ڕۆیشتبوو. بە سەر زینەکەدا نوشتابۆوە و بە نەرمەغار سەرەژێری هەڵەتی گردەکەی تێپەڕ ئەکرد. ئەوەی کە تیژترین نیگای هەبوو لە دوا خاڵی بەرەگەدا مەدیاری بینی لە تاریکایی شەودا بای دایەوە و لەچاو ون بوو.

زانراو و نەزانراو، ئەو جۆرەی کە مەدیار بە بێخەیاڵ ئەڕۆیشت، هەستی ئەکرد تاو بە تاو دەوروبەری بەتاڵ ئەبێ. دوور لە هاوڕێیان لە قەڵاتی چوارگوێشلی نزیکتر ئەبوویەوە. شەوق و پەلەی بۆ ساتێک جێی دا بە بیر و گومان، بەڵام مەدیار پیاوی هزرکردن نەبوو. خۆی لێ ئەدزییەوە و لێشی دزییەوە. دەبا ون بێ چی گومانە! ئاوزەنگی ڕاوەشاند. دوور لە دڵەڕاوکێی جگەرخۆر، زاڵ بە سەر دوودڵیەکاندا، لە سەر زینەکە ڕاست بوویەوە، سینگی دایە پێش و ڕووناکی دەربیجەی ماڵی حاجی حسێنی گرتە بەر چاو.

تا بن دیوارەکە تاوەغارێک زیاتر نەبوو. بەڵام ڕێگەی دزی بە شێوەیەک ئەبێ بپێورێ وەکوو خوشینی مارێک لە ناو کوندا. ئارام و بێ هەرا. نەک بەو جۆرەی پەنجەرەکان پڕ بن لە ترسی چاوەکان. نە بۆ ماڵە پوور ئەچیت و نە بۆ گەمەی ئەسپ

سـواری. کـپ، هێـور و بـێ هـەر ا. پەلـەیـەک ئەگـەر لـە ئارادایە لـە نـاو ڕەگ و دەمـاری تـۆدا لـێئـەدا. ئـەمـە نابـێ نهاوێژرێتـە دەرەوە. پـێ هاویشـتنە نـاو ماڵـی غـەیـر، بـێ حـەز و بـێ ئـاگا. ئـەوەی لای تـۆ نۆشـە، لای ئـەو ئێشـە. سـمی ئەسـپەکە ئەتوانـرا لباد پێـچ بکـرێ. بـەڵام ئێسـتە کـە تـۆ شـیاوی کار بـە پسـپۆڕی نیـت و بات لەسـەردایە، لانیکـەم هـەڵەشـە مەبـە، بـە ئارامـی. ئەسـپەکەت خـاو بکـەرەوە. پەنـا دیـواری ماڵـی دگـەرە ئێـرە. دریژایی جۆگـە، پردە شـکاو. بـەردە ڕەش. پشـت دەرگای مـاڵ. سـەگی حاجـی حسـێن. دەنگـی تێکـەڵ و پێکـەڵ و نـەوازەی چـەنـد پیـاو.

مـەدیار سـەری کێشـا. لای ئاخوڕەکە دەسـتەیەکی بچکۆڵەی مـەڕ و بزنـی لێبـوو. خەوتـوو و لـە سـەر پـێ. لـە خـوار پێسـترکی بەرهـەیوانەکـە سـەگە بەڵەکەکـەی حاجـی حسـێن ڕاکشـابوو و قەپـۆزی خسـتبوویە سـەر دەسـتەکانی. مـەدیار چـەنـد جارێـک نواڵـە هـەویـری بـۆ فڕێدابـوو؛ سـەگ نواڵـەکانـی خواردبـوو، کـەچـی هێشـتا بـۆی ڕام نەببـوو. بـۆیەش بە بینینـی مـەدیار، سـەری هـەڵێنا و کـەوتـە وەڕیـن. مـەدیـار سـەری دزییـەوە و خـۆی دا بـە سـەر یاڵـی ئەسـپەکەدا. حـەپـەی سـەگ خـەوت. مـەدیـار تاوێکیتـر ڕاوەسـتا. چـارە نەبـوو. ئـەبـوا خـۆی بـدا بـە ئـاوا. مـەدیـار دەسکـەوسـارەکـەی لـە کـەڵلـەی زینەکـە ئاڵانـد و تفـەنگـی گـرت بـە دەسـتـەوە و جارێکیتـر ملـی کێشـا و بـە دەنگێکـی کـپ سـەوقی بانـگ کـرد. گـوێـی دڵـدار تیـژە. کپتریـن دەنـگ ئەقۆزێتـەوە. بـوڵام وەڵامێـک بـۆ مـەدیـار نـەهـات. ئـەمجـار سـەری لـە پـەنـای دیوارەکـە هێنـا دەرێ و تونـدتـر سـەوقی بانـگ کـرد. سـەگ لـە سـەر پێکانـی ڕاسـت بوویـەوە و تـا ناوەڕاسـتی حەوشـە هـەڵات. مـەدیـار دیسـانەوە سـەری دزییـەوە. سـەگ لـە وەڕیـن کـەوت. دەنگـی دەرگـا هـات. مـەدیـار ئـەوەنـدەی کـە بتوانـێ ببینـێ، سـەر و ملـی بـەرزکـردەوە. سـەوقی لـە نـاو هـەیـوان بـوو. سـەرگـەردان و تـۆقیـو سـەری بـە هـەمـوو لایـەکـدا ئەگـەڕانـد. مـەلـی هـەسـت کـردوو بـە مـەترسـی.

مەدیار سەری زیاتر هەڵێنا و وتی:

ــ بە دوای چیدا ئەگەڕی کچ؟ من وام لێرە. مەدیار...

سەوقی نیگای بۆ لای ئاشنای وەرگێڕا. بەڵام وەڕینی بێ ئەمانی سەگەکە، خامۆشی لەپری پیاوەکان، سێبەری خاڵۆژن، خورپە و هەژانی دڵ، ئەوی لە سەر جێگەی وشک کردبوو و کچە نەی ئەتوانی پێ ببزێوێ. دڵی خەریک بوو دیواری سینەی هەڵئەدڕی و هەستی ئەکرد تۆپەڵێک خوری ڕێگەی هەناسەدانی لێگرتووە. باوەشی کردبوو بە کۆڵەکەی بەرهەیواندا و بە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ لا ڕوومەتی بە توندی پێوە ڕەقاندبوو. خۆشی نەی ئەزانی چی بووە بە ڕێگری. دەرفەتی ئەوەی نەبوو بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە. ئاگای لە خۆی بڕابوو. دەستەوەسان و ترساو و تۆقاو؛ بە سەر پێوە بەند نەبوو. ترسێکی کوشندە، گێژ و وڕی کردبوو. کەڕ و کوێر. بێ هێزی وا بە ئازاری هەر گیز لە خۆیا نەناسیبوو. نەی ئەتوانی جووڵە بکات.

ــ سەوقی ماڵکاول بۆچی ڕاتگرتووم؟

کامە سەوقی؟ مەگەر ئەیتوانی یان ئەیزانی چی بکات؟ پەککەوتنی بەیەکجاریی. تەنانەت توانای ئەوەی نەبوو ڕقی لەخۆی بێتەوە. بەتاڵ ببوو و کۆڵەی کوترابوو. بێ باوکی و لە ژێر باڵی ئەم و ئەودا گەورەبوون، بێ پشت و پەنایی تا چ ڕادەیەک پووکی کردبوو؟!

بیانوو، بیانوو. ئەمە بیانوویوک زیاتر نەبوو. ئەوەی لەودا وێران ببوو پەیوەندی بەم بیانوانەوە نەبوو. بەو ئاسانیەش نەبوو کە بتوانێ بیناسێ. تەکانێکی لەپڕ و نابەجێ پەکی خستبوو؛ تا ئەو ڕادەی کە نەی ئەتوانی هەنگاوێکیش هەڵگرێ؟ بەڵام ئەم سەگە بێ پیرە مەگەر دەرفەتی ئەدا؟ کردبوویە سەربان و بە هەموو هێزیەوە ئەوەڕی و پەلاماری بۆ مەدیار، کە هەر وا لە پشت دیوارەکە لە سەر زین دانیشتبوو، ئەبرد و؛ سەوقی

چاوەڕێی برووسکەیەکە!

دەرفەتی وەستان نییە. هێزێک لە دەروونی سەوقیدا سەرهەڵئەدا. ئەکەوێتە ڕێ. پەرێشان و دڵ شێواو پێ ئەخاتە سەر پلیکان و ئەچێتە خوارەوە. دەروونی پڕە لە ترس و هەژان. خۆشی نازانێ چۆن خۆی ئەگەیەنێتە پشت دەرگاکە. بەڵام سەگەکە بۆ ساتێکیش لە وەڕینی ئاگادارکردنەوە ڕاناوەستێ. ئاخرەکەی کاری خۆی ئەکا. لە یەک کاتدا دەرگای هەر دوو ژوورەکە ئەکرێتەوە و پێش ئەوەی سەوقی دەست بۆ زنجیری دەرگا ببات، دایکی نادعەلی و یەکێک لە چێوارەکان دێنە ناو هەیوان. کابرای چێوار نیگەرانی پەزەکانیەتی. دایکی نادعەلی فانۆسی بە دەستەوەیە. دڵ بە گومان لە بەرهەیوانەکە وەستاوە و فانۆسەکەی تا لای ڕوومەتی بەرز کردۆتەوە:

ـ لەوێ چی ئەکەی کچێ تۆ؟ ئەم سەگە چی بینیوە وا ئەوەڕێ؟

بشکێ ئەم لاقەی جەربەزەی ڕۆیشتنی هێشتا پەیدا نەکردووە!

خامۆش و وشک بوو و نیوە گیان. سەوقی ئاوڕی لە خالۆژنی دایەوە و وەستا. سێبەرێکی بێدەنگ. دایکی نادعەلی لە پلێکانەکان هاتەخوارەوە و وتی:

ـ تۆ چیتە کچێ؟ جنۆکەت دیوە؟ ئەم سەگە بۆچی لە حەپە ناکەوێ؟

کابرای چێوار هێشتاش لە لای کۆڵەکە داری بەرهەیوانەکە وەستاوە لە بۆسەی مەترسیدا، چاو بۆ هەموو لایەک ئەگێڕێ. سەری بردە ژوورەوە و وتی:

ـ حاجی، وا باش بوو پەزەکانمان بکردایەتە ناو گەوڕەوە. شەوی ئێرە ئەرخایەن نییە.

لە هەمان کاتدا حاجی حسێن و چێوارەکەیتر هاتنە ناو هەیوان. بە بینینی سەوقی و دایکی نادعەلی و سەگەکە کە

کردبوویە سەربان و ئەوەڕی، حاجی حسێن کەوتە گومانەوە و پرسی:

ــ ئێوە ژنان لەوێ چی ئەکەن بەم نیوەشەوە؟

دایکی نادعەلی سەیری سەوقی کرد و وتی:

ــ کردوویەتە دەرەوە. نازانم چییەتی؟

حاجی حسێن بە تەوسەوە وتی:

ــ تۆ لەوێ، لە پشت ئەو دەرگایە چی ئەکەی کچێ؟ داویە لە سەرت؟ وەرە ئەم لاوە!

سەوقی، ئەگەر ئەشی ویست، نەی ئەتوانی جووڵە بکات. هەر وا خامۆش و وشک وەستابوو. هەموو شت لە بێدەنگیەکی دڕدۆنگدا وەکوو دڵ لێی ئەدا. سەگەکەش لە حەوحەو کەوتبوو. هەموو حەپەسابوون. گوێڕایەڵ. نادعەلی گوڵی قایشەکەی داخست و هاتە ناو هەیوان. شەو خامۆش و پیاوان خامۆش. بان و ئاسمان خامۆش. ژنەکان لە ژێر ئاسماندا و پیاوەکان لە ژێر بانی هەیوان. مەڕەکان سەریان بە هەموو لایەکدا چەماندبوو، گوێکانیان بە نیشانەی مەترسی تیژ کردبوو. دزێک لە حەشاردایە!

مەدیار بە بێ ترس هاواری کرد:

ــ مەترسە سەوقی. وەرە دەرەوە. ترسی نییە. جەربەزەت بێ. وەرە دەرەوە.

ئەوەی شاراوە، ئاشکرا بوو. دیسانەوەش مەدیاری میشکاڵی. حاجی حسێن دەنگەکەی ناسیەوە و بە تووڕەیی نەڕاندی:

ــ توخمی زۆڵ، دزی بێغیرەت، لە پشت دیواری ماڵی من چیت گەرەکە؟ پێت وایە نەمناسیویت؟ ئەدەم نافەکت ببڕن!

پیاوی پیر، لە پلیکانەکان بەتاو هاتە خوارەوە. بەڵام نادعەلی -جنسی گەنج باشتر ئەناسێ- مەچەکی دەستی باوکی گرت و ڕایکێشایەوە ژوورەوە و تفەنگی لێ ویست.

حاجی حسێن بیری لەوە نەکردبۆوە. بە قسەی نەکرد. بەڵام نادعەلی تووڕەی ئەو سووکایەتیە مەزنەی پێی ئەکرا، بە دەم لەرزینی شاراوەی بەندبەندی لەشی تەنها یەک وشە ئەهات بە دەمیا:

ــ تفەنگ! تفەنگ!

رقی جەوانی، شێتێتی لەگەڵە. ئەوەی تا ئەم کاتە لە نادعەلی شاراوە بوو، دەرکەوتبوو و دەروونی هێنابوویە جۆش. پیرە پیاو کۆڵی دا و باڵ و بازووی لە چنگی نادعەلی دەربازکرد، بەپەلە خۆی کرد بە پاشخانەدا و پاشی تاوێک لە کاتێکا لوولەی تفەنگەکەی بە بالی کەواکەی ئەسڕییەوە، هاتە دەرەوە و بەدەستی لەرزۆکەوە تفەنگەکەی لە بەردەمی کوڕەکەیدا ڕاگرت. نادعەلی تفەنگ بە سەر دەستەوە هاڵاتە دەرەوە. دایکی دەستی سەوقی گرتبوو و بە زۆر ڕای ئەکێشا بۆ لای هەیوانەکە. نادعەلی خۆی تێکەڵی ئەم کێشەیە نەکرد. لە کولانە مریشکەکە سەرکەوت و لە پشت دیوارە کورتەکەی لێواری بانەکەدا پەنای گرت. چێوارەکان، ئاشنای قڕەی لەو بابەتە، خۆیان داشارد.

حاجی حسێن، داماو و بێدەسەڵات باڵی ڕائەوەشاند و بە هەموو لایەکدا ڕای ئەکرد. نا ئارامیەکەی لە بێدەسەڵاتیەوە بوو. دەنگی مەدیار بە لەرزینێکەوە کە پەیدای کردبوو، هێشتاش لە پەنای دیوارەکەوە ئەهات. نادعەلی شارەزای تفەنگ و تیر، بێ هەر ا و هوریا، بە دوای شوێنێکدا ئەگەڕا سیپەی لێبگرێ. هەر کەس هەر چی ئەکا بیکا؛ با بگەڕێ؛ تیر ئەبێ لە نیشانە بدرێ!

قیژەی سەوقی ڕای شەکاند. کچە بە دەم شیوەنەوە چنگی لە ڕوومەتی دایکی نادعەلی ئەدا و هەوڵی ئەدا خۆی لە دەستی دەرباز بکات. کار گەیشتبوویە قیژە و گریان. کچە بە گلەییەوە ئەینالاند:

ـ نام هێڵن، نام هێڵن. تۆ بڕۆ. خۆت ڕزگار کە. تازە درەنگ بوو.

تووڕە و بە بێ سڵەمینەوە، مەدیار سەری خۆی لە پەنای دیوارەکە هەڵهێنا و سەیری کرد. سەوقی لە ناو دەست و باڵی دایک و باوکی نادعەلیدا پەلەقاژەی بوو. دوو پیاوی چێوار بە دەستی باتاڵ لە پەنای دوو کۆڵەکەدا وەستابوون و سەیری ئەم قرم و قاڵەیەن ئەکرد. سەگ، لەسەربان کەوتبۆوە وەڕین. مەدیار خۆی هاویشتە سەر دیوارەکە و نەڕاندی:

ـ لە کۆڵی ببنەوە گورگینە! لێیگەڕێن ئەگینا کون کونتان ئەکەم!

سیڕەی لێگرتن مەدیار، کچەیان بەردا و پیاو و ژن هەر کامە و بۆ لایەکی تاریک دەرچوون. سەوقی لە ناو خاک و خۆڵەکە هەڵسایەوە. مەدیاری دڵ بە خرۆش، چاوی لە جووڵە و پەلەقاژەی سەوقی بوو. سەگ پەلاماری بۆ برد. ئەم دەنگە ئەبوایە ببڕدرێت. سەوقی بەرەو دەرگا هەڵات. مەدیار بە خێرایی نیگا، لوولەی تفەنگی کردە سەگەکە و پیلکەی ترازان. دوو پەنجە لە سەر دوو پیلکە. نادعەلی پیلکەی چرکاند. قرمە. سەگ و مەدیار لە یەک کاتدا بە حەوادا بەرز بوونەوە. سەگ لە سەر بانی ماڵەکەوە کەوتە حەوشە و مەدیار لە سەر ئەسپەکەوە کەوتە کۆڵان. قرمە لە ناو خوێندا بێدەنگ بوو!

شیوەنی سەوقی، چێوارەکان خزانە ماڵەوە. سەوقی ئەڵقەرێزی دەرگاکەی کردەوە و ڕایکردە کۆڵان. نادعەلی لە بانەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە. فانۆسی وەرگرت و ڕۆیشت تا تەرمەکە بناسێتەوە. حاجی حسێن خۆی هەڵواسی بە باسکی کوڕەکەیدا، بەڵام کوڕە باوکی لادا و لە دەرگا چووە دەرەوە. سەوقی خۆی دابوو بە سەر تەرمەکەدا و سەر و قژی ئەڕنیەوە. نادعەلی چنگی کرد بە پرچی کچەدا و لە تەرمەکەی جیا کردەوە و فڕێی دایە ئەولاوە. کچە ئامبازی

بوو. نادعەلی بە پاژنەی تفەنگەکە کچەی خست و پاڵی پێوەنا، فانۆسی هەڵگرتەوە تا ئەنجامی کارەکەی تەماشا بکات. دەست و نیشان! لە هەمان کاتدا بەڵام گوولـلە بە سەر ڕووناکی فانۆسەکەدا باری. سەوقی بە دەم شیوەنەوە کەوتە ناو جۆگەلەکە. حاجی حسێن لە ناو دەرگاکەدا دەم بە جنێو، بەربوویەوە. فانۆس ورد بوو و نادعەلی خۆی هاویشتە ژوورەوە. ئەبوا سەنگەر بگرێ. تەقە بەردەوام زیادی ئەکرد. ترسی تاڵانکردن. نادعەلی ترس هەڵیگرت. کە وا بوو نەک یەکێک، دەستەیەکن. دایک خزابووە سووچێک، لە جگەرەوە ئەیناڵاند و هاواری لە خەڵک ئەکرد. نادعەلی، یەک کەس و یەک تفەنگ، تیا مابۆوە. بە شوێن دەروویەکدا ئەگەڕا خۆی دەرباز بکات. تەقەی بەجێ و دەرچوونی بەجێ. تەق و ڕەو؛ لێزانی شەڕ.

پیاوانی میشکاڵی، لە پەنای شەودا، شان بە تەقە، لە هەموو لاوە ئەهاتن.

پشت قووڵکەکە.

یەکێک ئەبێ باژوێ و مەدیار بدۆزێتەوە. ئەم کەسە لە پەنای گوولـلەدا ئەبێ بچێتە پێشەوە. گوڵمحەمەد سەری بە سەر یاڵی ئەسپەکەیدا چەماند و لەغاوی شل کرد. مسۆگەر مەدیار لە زین کەوتۆتە خوار. ئەسپە ڕەویوەکەی مەدیار گەڕابوویەوە. لە پەنای دیوارەکەی ماڵی حاجی حسێن، گوڵمحەمەد لە سەر پشتی قەرە دابەزی و بە کۆمەکۆم، چوار دەست و پێ ڕەنگە، گورگ ئاسا بە بن دیوارەکەدا تێی تەقاند. ئەو گوللانەی بە سەر سەریدا فڕکەیان ئەکرد، سپەری بوون و لەپاش ساتێک لەشی کەوتووی مەدیار لە پێش پێیدا بوو.

«ئەمە ئەو بوو! مەدیاری عەیار کە دەنگی کپ ببوو!»

بەڵام لەم گوللە بارانەی شەودا، نە دەرفەتی دڵسووتاندن هەبوو نە جێگەی شینگێڕان. چۆکی لە لای تەرمەکە دادا و

کـوژراوی مـەدیاری دا بـە شـانـیدا، پێـی هـەڵگـرت و مـەیدانێـک بەڕاکـردن چـوو. قەرەئـات -چـەنـدە کـەحـلان- لـەوێ وەسـتابوو. گوڵمحـەمـەد لـەشـی کشـاوی مـەدیـاری دا بـە سـەر زینـەکـەدا و وەکـوو بازێکـی شـەڵەژاو خـۆی هـەڵدایـە سـەر ئەسـپەکـە و ئاوزەنگـی لێـدا. گوڵمحـەمـەد خـۆی دا بـە سـەر مردووەکـەدا و ئـاژووت. بـە دوای خـۆیدا گوڵمحـەمـەد هەسـتی بـە ڕاکـردنـی کەسـێک کـرد، پاشـان هـەناسـە بڕکـێ. وەرگـەڕا و بـە ڕاسـت تفـەنگـی هـەڵێنـا، قۆنـاخـی تفـەنگـی نـا بـە شـانیەوە و پەنجـە لـە سـەر پیلکـە، سـیرەی لێگـرت. دەسـبەجـێ ترسـێکـی ژنانـە زمانـی پژا:

ــ مەمکـوژە. مـن مـەکـوژە، لـەگـەڵ خـۆت بمبـە. منـم سـەوقـی!

نـەی ئەزانـی چـی بـکات، گوڵمحـەمـەد. دەرفـەتـی بیرکـردنـەوە نەبـوو. بۆیـە کچـەی بەجـێ هێشـت و تـاوی دا بـۆ لای هاوڕێکانـی.

ــ سـەری ئەسپەکانتان وەرگێڕن. هێنام!

پاشـگەردیان کـرد و بـە هـەورازی گـردەکـەدا سـەرکەوتن. دەنگـەکان دەنگـی گوللـە لـە قورسـایی شـەودا دامـردەوە. ئەمجـار ئەبـوا بـە غـار بـڕۆن. کاتـی دەرچـوون بـوو. جارجـارە تیرێـک بـەرەو نـاودێ ئەتەقێنـرا. ئەمـە لـە ئەسـتۆی زەبەردەسـتیی خانئاپـۆ بـوو. ئیتـر نـە تەقـە و نـە هێرشـێک. چونکـە لـە گۆشـە و کەنـاری چوارگوێشـلیەوە هەنـدێ تەقـە کرابوو. یاسـای جەنـگ. ئەوەنـدەی پشـتت گیـرا، دوژمـن دەسـت ئەکاتـەوە. فڕکـەی گوللـە و تەقـە. تەنهـا خانئاپـۆ چالاکانـە وەڵامێکـی ئەدایـەوە. هـەر ا و هوریـای خەڵـک، لەنتـەر بەدەسـت، لـە سـەر کـۆڵان و بـان. ئەسـتێرە بارانێکـی ناشـیانە.

ــ بە حەوادا بیتەقێنە خانئاپۆ. ئەوە خەڵکن!

دەنگـی گوللـە لـە هەمـوو پەنایەکـەوە. گومانـی ئـەوەی کـە چەتـە پەلامـاری چوارگوێشـلیان داوە، خەڵکـی هەژاندبوو؛

بەڵام نەک ئەو کاتەی گوللە بە سەر بان و کۆڵاندا ئەباری. خەڵکی هەمیشە بە هاوپشتی بۆ هێرشکردن ئازاترن هەتا بەرگریکردن. بەرگریکردنیان لە هێرشدا واتا پەیدا ئەکات. نەشارەزاکان بە چراوە هاتبوونە دەرەوە.

«بە حەوادا بیتەقێنە.»

گریان و شیوەن. خەڵکی نەشارەزا، هێزیان لە قیژەیاندا بوو. قیژە و هەر ا. شیوەن و نەفرەت. خەوزڕاوان لەمە زیاتر چییان هەبوو؟ گریان و پاڕانەوە و جۆش و خرۆش، تێکەڵ بەیەک. گریان و پاڕانەوەی کچە لەم ناوەدا، بە گوێی زۆربەی خەڵک ئەگەیشت. سەوقی، بە دوای سوارەکاندا هەڵئەهات. ئاژاوە.

ـ ئەوە کێیە وادێ؟

گوڵمحەمەد کە هێشتاش خۆی دابوو بە سەر تەرمەکەدا و کڕی کردبوو، بە توندی ئاوڕی دایەوە و لە وەڵامی خانئاپۆدا وتی:

ـ کچەیە. سەوقی.

خانئاپۆ نەڕاندی:

ـ بگەڕێرەوە کچێ. تازە تۆم بۆ چییە! وەرگەڕێ. ون بە لە بەر چاوم!

بەدەم قسەکردنەوە گوللەیەکی بە سەر سەریدا تەقاند و وتی:

ـ ئەکوژرێی کچێ، بگەڕێرەوە! لە پشتەوە لێت ئەدەن. خۆت داشارە. هەر لەوێ خۆت کڕکە. خۆت داشارە کچی زۆڵ. بخەوە!

سەوقی لە دەسپێکی هەر دوو لادا؛ شتێکە تا ئەم کاتە هیچ بیری لێ نەکردبۆوە. وەکوو کەروێشک نووشتایەوە و خۆی هەڵدایە چاڵێکەوە. پیاوانی چوارگوێشلی ڕژابوونە دەرەوە و بە شوێن سوارەکاندا ئەهاتن. لە بن تەقەی ناو بەناوی

میشکاڵیەکاندا خۆیان ئەدا بە عەرزا و لە کاتی خۆیدا ڕائەبوونەوە. سوار و پیادە. نادعەلی لە پێشیانەوە ئەی نەڕاند:

ــ کوشتیان! باوکمیان کوشت!

بەڵام سوارانی میشکاڵی بە سەر چوارگوێشلیەکاندا زاڵ بوون. شەو بوو و ئەمان بە بەرزاییەوە. ئەو هێرشەی کردبوویان ترسی خستبوویە دڵیانەوە. شەویش خۆی ئەم خۆفەی چەند قات زیاتر کردبوو. ئەم دڕکە لە چاویاندا ئەچزایەوە. سەرەڕای ئەمەش کوژراوەکەیان بەجێ نەهێشتبوو. ئەمە خۆی سەرشۆڕییەکەی کەم ئەکردەوە. بەڵام ئەبوا بە هەر نرخێک بووە تەرمەکە لە مەیدان دەرباز بکەن. ئەم هەر ایە نەئەبوا بەو جۆرە کۆتایی بهاتایەت. مەدیار نە ئەبوا بەو شێوە لە دەست بچێ.

بۆ کوێی بەرم ئەم غەمە، مەدیار؟
کاکۆڵت خوێناوییە.
بێ یار و بێ سوار، ئەسپەکەت ئاوارەیە مەدیار.
ڕەمیو و شەمزاو بەو شەوە، سەرگەردان و بێ ئوقرەیە.
شەیدا و شێواوە ئەسپەکەت.
سەر و یاڵی بە هەموو لایەکدا ئەساوێ.
چاوی بۆ گشت لایەک ئەسووڕێنێ.
سوار! سوارەکەی ئەوێ.
بە دوای سواریدا هەوسار بە سەر خاکدا ڕائەکێشێ.
بەداخ و درەنگەوە یاڵ ڕائەوەشێنێ، تۆقاوە ئەسپەکەت:
«چیت بە سەر هات سوارەکەی من؟
لاکەلەکەم ئەژنۆی تۆیان ئەوێ،
-ئەی ئەژنۆی تۆ ئاشنای لاکەلەکەم-
لەغاوی من دەستەکانی تۆیان ئەوێ.»
دەسکەوساری لە دەست و پێی ئاڵێنراوە. سم بە بەرد و

خاکدا ئەکوتێ. بە ڕقەوە ئەحیلێنێ. یاڵی بە شەڕ ڕائەوەشێنێ. سوارەکەی ئەوێ. بۆ سوارەکەی ئەگەڕێ.

«لە کوێی، پیاوەکەی من؟»

گوڵمحەمەد، ئەسپەکە لە تەک خۆیەوە ئەبینێ. ئەسپ سوارەکەی دۆزیوەتەوە. یاڵی لە یاڵی مەدیار ئەساوێ. کاکۆڵ لە کاکۆڵی. بۆنی قژی ئەکات. بۆنی خوێن؛ کاکۆڵی مەدیار شەلاڵی خوێنە. ئەسپ، فرمێسکی خوێنە.

دەسکەوساری ئەسپەکەی مەدیار، گوڵمحەمەد لە سەر خاک هەڵی ئەگرێتەوە. ئەو دەرفەتی تەقەکردنی نەبوو. مەدیاری ئەبوایە دەرباز بکردایەت، ئەگەر هەتا بەرزایی گردەکە گوللەیەک پشتی نەسمیایەت. ئەوانیتر لە تەق و ڕەودا بوون. سەر بەرەو کلک ئەسپیان داژووت و جارجارە تەقەیان بە تەقە وەڵام ئەدایەوە. بە پەلە و بە ئارەق ڕشتن، بێ دەرفەتی پێ سووککردن، ئەسپەکان سینەی کوێستانیان ئەبڕی.

لە بەرزترین بەرزایی گردەکە، سوارەکان لە زین دابەزین و لە پشت تاوێرەکاندا حەشاریان گرت. ئەمجا بە بێ مەترسی ئەیانتوانی تا دوا فیشەک شەڕ بکەن. بەڵام خانئاپۆ، کارامەترین شیاوی ناویان، دەستیانی لەم کارە گێڕایەوە. بە گوتەیەک بێدەنگی کردن و لە پەناوە سەری ڕاکێشا و گوێی ڕاداشت. خامۆشی. خانئاپۆ وتی:

ـ گەڕانەوە. بزانن مەدیار چۆنە؟

ـ مردووە! دەسبەجێ. مشکی پژاوە!

هەر کەس لە لای خۆیەوە گومانی ئەوەی بردبوو کە مەدیار کوژراوە؛ بەڵام هیچکەس دڵی ئەوەی نەبوو بەو زووانە باوڕ بکات. نیگاکان لە سەر گوڵمحەمەد بوو کە هێشتاش لە ئەسپە ڕەشەکەی سوار بوو و مەدیاری لەبەردەمی خۆیدا ڕاگرتبوو. خانئاپۆ چووە پێشێ، کاکۆڵی مەدیاری لە ناو دەستیدا گرت، سەری بەرز کردەوە و سەیری ڕوخسار کرد.

نیگای لە سەر تەوێڵی گرژبووی مەدیار گرسایەوە، پاشان ڕووی کردە پیاوەکان و وتی:

ـ ئێستە ئەبێ چی بکەین؟

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند پرسی:

ـ لەوانیش کەس کوژراوە؟

سەبرخان لێوی هەڵپچڕی و وتی:

ـ کێ چووزانێ؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ یەکێک. یەک کەس. حاجی حسێن. چاوم لێبوو لە بن دیوارەکە تل بوویەوە.

خانئاپۆ وتی:

ـ مەرج نییە دووەمیش تیا نەچووبێت. تۆ بڵێی گوللەکانی ئێمە تەنها سینەی ئاسمانیان کون کردبێ؟

سەبرخان وتی:

ـ گریمان کەسیتریش کوژرابێ؟

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بە ترسێکی شاراوە لە ئەنجامی کارەکە وتی:

ـ باسەکە لێرەدایە! ئەگەر کەسانێک لەوان کوژرابێ ئێمە ئەبێ بیرێک بۆ خۆمان بکەینەوە!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ شوێنیتر بۆ ڕاوێژکردن دەستناکەوێ؟ لە چوار هەنگاویی دوژمنەکاندا وەستاوین و خەریکین ڕاوێژ و گفتوگۆ ئەکەین؟

لەگەڵ خانئاپۆ، پیاوەکانی تریش پێیان لە ئاوزەنگی نا و ئەسپەکانیان غار دا.

لە ڕێگە، گوڵمحەمەد لە پێشەوە بوو. خانئاپۆ و عەلیئەکبەری حاجی پەسەند تەک بە تەک و سەبرخانیش بە دوایاندا. سەبرخان شوانی ئارامی کەلیدەر، هێشتاش پەرێشان بوو. ترسی پشت سەری بوو و جارجارە بە دەم غارەوە

لای ئەکردەوە و پاش سەری خۆیانی سەیر ئەکرد.
خانئاپۆ بە عەلیئەکبەری حاجی پەسەندی وت:
ـ لە چ بابەتێکەوە ئەڵێی ئەبێ بیرێک بۆ خۆمان بکەینەوە؟
عەلیئەکبەر وتی:
ـ لانیکەم نەهێڵین بمانناسنەوە. نابێ بزانن ئێمە کێ بووین.
ـ چۆناوچۆن؟
ـ مەبەستم ئەوەیە ناو و نیشانمان نەزانن. جگە لەمە نەبێ تووشمان ئەکەن.
ـ ئێستە ئەبێ چی بکەین واتە؟
ـ سەرەتا ئەبێ بزانین ئەوان مەدیاریان ناسیوە یان نا؟
ـ باشە گیرام نەیانناسیبێ؟
ـ ئەگەر نەیانناسیبێ کارمان ئاسانە.
ـ دیسان چۆن؟
عەلیئەکبەر بێدەنگ بوو و لە پاش بیرکردنەوەیەکی خێرا وتی:
ـ سەرەتا بڵێ بزانم، کچە، سەوقی ئەیزانی مەدیار لەگەڵمان بووە؟
خانئاپۆ وتی:
ـ ئەمەیان نازانم.
عەلیئەکبەر نووکی سمێڵی جاوی و وتی:
ـ لە خۆڕا گەڕاندتەوە. ئەبوا بە گوللەیەک ساردی بکەیتەوە.
خانئاپۆ نەڕاندی:
ـ کچەی بێتاوان! تۆش عەجەب شمرێکی، هاااا!
عەلیئەکبەر وتی:
ـ تۆ بیری ئێستا ئەکەیتەوە و من بیری ئەوسا. ئەگەر

یەکێک بناسێت، تەنها ئەوە. ئەگەر ئەو بمردایەت، کەسیتر مەدیاری نەئەناسی. مەدیار مردوو و ئەویش مردوو. مردوو کەی ئەتوانێ شایەتی بدات؟ ئێمەش هەر لەم ناوە لە شوێنێک مەدیارمان ئەناشت، سوێندمان ئەخوارد و ئەڕۆیشتین بە دوای کارماندا. جنۆکەش پێی نەئەزانین. بەڵام ئەگەر سەوقی ئێمەیان پێ بناسێنێ. خەڵکی چوارگوێشلی ڕائەبن و لە سەر کاژیلە کچێک ئەبێ بە هەڵڵا.

خانئاپۆ سەرە گەورەکەی داخست، تۆزێ بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

ــ بیرێکی بێ جێیش نییە. خۆزگە کچەم قوتار کردبا. لە بەر پلم بوو. تۆ پێت وایە ئەگەر بکەوێتە بەرچنگیان، دەم ببزێوێ؟

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند وتی:

ــ مەرج نییە بێدەنگیش بێ.

خانئاپۆ ددانی لە چیڕەوە هێنا و وتی:

ــ هەڵەم کرد. داد و بێداد! ئێستە ئەبێ چی بکەین؟

ــ ئێستەش... سەرەتا ئەبێ تەرمەکە سەرەونگووم بکەین.

ــ واتە هەر لێرە؟ هەر لەم بیابانە؟

ــ ئەی چی. نەکا پێت وایە بیبەین بیدەینە دەست زاڵگەی جەندەرمە؟

ــ خەیاڵی واشم نییە.

ــ ئەی چی؟ ئەتەوی بەم هەل و ڕۆژەوە بیبەینەوە بۆ ناو ڕەوەند؟

ــ نەء. ئەمەش نا. بەڵام ئەوەش نازانم ئەبێ چی لێبکەین؟ هەر واش خۆ نابێ لە بیابان فڕێی دەین و بڕۆین! ئاخر ئێمە خزمین. نا! ئا گوڵمحەمەد... تۆ چیت هەیە بیڵێی؟

گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی سەر وەرگێڕێ پرسی:

ـ دەربارەی چی؟

ـ قسەی عەلیئەکبەر ئەمەیە، هەر لەم ناوە، لە چاڵێکدا بینێژین!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئەو هەقیەتی وا بڵێ. ئەترسێ خوێن ئەستۆی بگرێ. بەڵام من ناتوانم خاڵۆی خۆم لە بیابان فڕێ بدەم و هەڵبێم. ئەبێ بیگەیەنینە ئاوەدانیەک!

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، تووڕەییەکەی خۆی خواردەوە و وتی:

ـ کام ئاوایی پوورزا؟

ـ هەر ئاواییەک بێ.

ـ من تێناگەم ئاوایی بۆ؟

ـ من ئەزانم بۆ. جارێ با تونتر بڕۆین، تا شوێنیان هەڵنەگرتووین ئەبێ زووتر خۆمان بگەیەنینە قەڵاتی بەرەکشایی.

خانئاپۆ سەیری عەلیئەکبەری حاجی پەسەندی کرد، عەلیئەکبەر بە خامۆشی لە گوڵمحەمەد مۆڕ بوویەوە. خانئاپۆ پرسی:

ـ ئەڵێی چی؟

عەلیئەکبەر نەیتوانی خۆی ڕابگرێ، وتی:

ـ لە خۆی گەورەتر قسە ئەکات. من ناتوانم بە دوای ئەودا بڕۆم.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ بگەڕێوە پوورزا گیان! تۆ هەر لە بیری ئەوەدای بۆی دەربچی. لە هەموو شتێک خۆت ئەدزیتەوە. پێ پێش ئەخەی، بەڵام هێشتا کار نەگەیشتۆتە نیوە نەخشەی هەڵاتن ئەکێشی. سەرم لەوە سوور ماوە هەر لە سەرەتاوە بۆچی خۆتی تێ هەڵئەقورتێنی! ڕەنگە لە بەر ئەوەی نان و ئاوێکی

تیا بێ. بەڵام کاتێک دەرئەکەوێ کارەکە سوودی تیا نییە ئەکەویتە هەوڵی ئەوەی هەر جۆر بووە کەرەکەی خۆت لە قوڕ دەرکێشی. ئێستەش هیچ بیر و بۆچوونێکت نییە جگە لەوەی بیانوویەک بدۆزیتەوە و بە شێوەیەک لێمان جیا ببیتەوە و خۆت وەشێری. هاوڕێیەتیەکەت هەمووی نیوە کارەیە.

عەلیئەکبەر ئەمجار بە ڕاستی قوشقی بوو:

ــ تۆ ئەم شتانە لە کوێوە ئەزانی کە خەریکی شیرین زمانی ئەکەی؟ هەتا ئێستە تۆ کەی لەگەڵ من هاوڕێی سەفەر بوویت کە وا ئەڵێی؟

گوڵمحەمەد دای لە بنی کوولەکەکە و وتی:

ــ کاکەم، خانمحەمەد، هەتا ئێستەش بە بۆنەی هاوڕێی وەکوو تۆ وا لە زیندانە! تۆ وەکوو کەو وایت؛ سەرت ئەکەی بە ژێر بەفرەوە و پێت وایە کەس ناتبینێ! مەگەر ئەوە تۆ نەبووی هەموو تاوانەکانت خستە ئەستۆی ئەو؟

عەلیئەکبەر لە وەڵامی پوورزاکەیدا خۆی تووڕە کرد، بەڵام خانئاپۆ دەمی پێ داخست و وتی:

ــ ئێستە کات و جێی ئەم قسانە نییە. شەڕ و قڕە با بوەستێ بۆ دوایی. جارێ ئەبێ ئەمکارە تەواو بکەین. قڕەی پێ ناوێ. غار دە گوڵمحەمەد. تۆیش سەبرخان. پێش کازیوە ئەبێ تەرمەکە بشارینەوە.

سروەی خامۆشی. قەڵاتی بەرەکشایی لەبەردەمیاندا بوو. ڕێگەکە تەخت ببوو و پیاوەکان بە تەختاییدا داژووتن. سەبرخان هەر وا لە دواوە و گوڵمحەمەد پێشڕەو و؛ عەلیئەکبەری حاجی پەسەند و خانئاپۆ شان بە شان. عەلیئەکبەر تووڕە بوو و ئەمەش لە خانئاپۆ شاراوە نەبوو. ڕووی قسەی عەلیئەکبەر، خانئاپۆ بوو:

ــ لێی بپرسە چی ئەوێ بکات؟ ئەوە ئاواییە.

خانئاپۆ تاوی دایە و کەوتە تەک گوڵمحەمەد و پرسی:

ــ بەرنامەت چییە ئێستە؟ ئەمە بەرەکشاییە. خەریکین ئەگەین.
مەیدانێکی تریش گوڵمحەمەد بە خامۆشی ئاژووت. پاشان لارێی گرت، لای گردێکەوە لەغاوی کێشایەوە و ڕاوەستا. خانئاپۆ جارێکیتر پرسی:
ــ دە قسە بکە، ئێستە ئەتەوێ چی بکەی؟
گوڵمحەمەد دابەزی. تەرمەکەی مەدیاری داگرت، لە سەر سینەی گردەکە داینا و ڕوو لە هاوڕێکانی وتی:
ــ یەکێک ئەبێ لەگەڵم بێ بۆ بەرەکشایی. دوو کەسیش لێرە بن.
عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بە نارەزایی وتی:
ــ ئەمە ئیتر بۆ چی؟
گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە وتی:
ــ بڕێکیش خەرج هەڵئەگرێ. هەر کەس ئەبێ بەشی خۆی بدات.
ــ بۆ چی؟
ــ کفن و ناشتن. قەبر و کفن.
عەلیئەکبەری حاجی پەسەند ڕووی وەرگێڕا و کەوتە بۆڵەبۆڵ:
ــ دەی! ئیتر ئەتەوێ چی بکەی؟
گوڵمحەمەد سواری ئەسپەکەی بوو وتی:
ــ خانئاپۆ، تۆ لەگەڵم دێی؟
ــ بڕۆ با بڕۆین.
دوو پیاو ئەسپەکانیان خستە سەر ڕاستەڕێکە. کوڕی حاجی پەسەند ددانی لێک کیڕاند و وتی:
ــ ئەم کەللە کەرە ئاخرەکەی دەستمان ئەکا بە ڕۆنا. ئەگەر نەیکرد تف بکەرە ناوچاوم!
سەبرخان کەم بێژ و کەم بیس، هەر وا بێدەنگ و داگیراو،

باسکی نابوو بە گەردنی ئەسپەکەوە و سەری داخستبوو.

عەلیئەکبەر هەوساری ئەسپەکەی سەبرخانی گرت و وتی:

ـ گیرفانەکانی بگەڕێ!

ـ گیرفانی کێ؟

ـ هی تەرمەکە!

سەبرخان هەر چەند خزم بوو، بەڵام بە پیشە، شوانی میشکاڵیەکان بوو؛ عەلیئەکبەری حاجی پەسەند هەر چەند دووری ڕەوەند، بەڵام خاوەن ڕان و خزمی میشکاڵیەکان بوو. جیاوازییەکە ئاشکرایە. بۆیە سەبرخان ئەبێ گوێ لە قسە بگرێ. ئارام و فەرمانبەر -هەرچەند بە نابەدڵی- چوو بۆ لای تەرمەکە و کەوتە پشکنینی گیرفانەکانی. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بۆ سەرکۆنە وتی:

ـ بڕناوەکەشی ڕەنگە بۆ حاجی حسێن دانابێ! گوڵمحەمەد خانیش بەو هەموو خۆ گیڤ کردنەیەوە، لە ترسی خۆی نەیتوانیوە هەڵیگرێ و بیهێنێ. پێنجسەد تمەن تفەنگ!

سەبرخان ئەبوا بیوتایەت: «هەر ئەوەندە توانیوێتی تەرمەکە لە ناو ئەو گوللە بارانەدا دەرباز بکات خۆی کارێکە!» بەڵام نەیوت. بە گوێی کەڕدا نەوتن چاکترە. لە سەر تەرمەکە هەڵسا و ئەوەی لە گیرفانەکانی مەدیاردا دۆزیبوویەوە، بردی بۆ لای عەلیئەکبەر و کردییە کۆشی. دەسکەوساری ئەسپەکەی لێوەرگرتەوە و وەستا. عەلیئەکبەر کەوتە سەیرکردنی شتەکان: دەسڕی هەورێشم. چەقۆی دەسک شاخ. تۆزێ نانەرەقە. ناسنامە و جزدانێک.

عەلیئەکبەر جزدانەکەی کردەوە و بە وردی ناوەکەی سەیر کرد. چەن ئەسکەناسی کۆنەی لە جزدانەکە دەرهێنا و هەوڵیدا لە تاریکی شەودا بیانناسێتەوە، کە نەیتوانی. ڕەهەندەکانی بە پەنجە ئەندازە گرت و پاشان لە کاتێکا

لە ژێر چاوەوە سەیری سەبرخانی ئەکرد، پارەکانی خستە گیرفانی باخەڵی و وتی:

ــ ئەمجۆرە بنیادەمە بێ دەرپێیانە، کوا پارە لە گیرفانیاندا پەیدا ئەبێ؟ فەرمووا!

جزدانەکەی هەڵدایە بەردەمی سەبرخان. سەبرخان گوێی نەدایە جزدانەکەی بەرپێی. تاوێ مایەوە، پاشان دانەویەوە و جزدانەکەی هەڵگرتەوە و بردی خستیەوە گیرفانی مەدیار. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند چەقۆکەشی خستە گیرفانی خۆی و دەسرە هەورێشمەکەشی بۆ سەبرخان هاویشت:

ــ ئەمەش تۆ هەڵیگرە، بەکارت دێ. هیچیتر خۆ نییە چەناگەی پێ ببەستن.

سەبرخان دسرەکەشی خستەوە گیرفانی مەدیار و گەڕایەوە سەر جێگەی خۆی. قوتوە جگەرەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیراند. پاشان هەوساری ئەسپەکەی خستە سەر دەستی، لە بن گردەکەدا ڕاکشا و پانیەی سەری خستە سەر بەردێک و چاوی بڕییە بریق و باقی ئەستێرەکانی ئاسمانی کەلیدەر.

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند نەی ئەتوانی بزانێ سەبرخان لە بیری چی دایە. بەڵام لە خامۆشیەکەی تۆزێ نیگەران بوو. ڕەشمەی ئەسپەکەی ڕاکێشا وچووە لایەوە دانیشت. ڕووی کردە ئەسپەکەی مەدیار کە بە سەر سەری تەرمەکەوە وەستابوو و بۆنی ئەکرد. عەلیئەکبەر جگەرەکەی لە سەبرخان وەرگرت و بە دوو مژی قووڵ کەوتە کۆکە. سەبرخان جگەرەکەی لێوەرگرتەوە و دیسانەوە چووەوە ناو خەیاڵەکەی خۆی.

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند نیگەران بوو و نەی ئەتوانی لە سەبرخانی بشارێتەوە. لەبری ئەو، سەبرخان توانیبووی تا حەز بکەی ئارام بێت. هەر ئەمە عەلیئەکبەری قوشقی

ئەکرد. خۆی لە بەرامبەر ئەم شوانە وێڵەدا، بەکەم ئەهاتە پێش چاو. نەی ئەزانی چی لەم کابرایە، کە هێشتا گەنج و زۆر لەو نەشارەزاتر بوو، کەمترە؟ چ کێماسیەک لەودا هەبوو کە خۆی هەستی پێ ئەکرد بەڵام تێی نەئەگەیشت؟ ئەمەی نەئەزانی. نەی ئەزانی. بەڵام ئەیزانی لە شتێک ئەترسێ. هەستی ئەکرد شتێک لە دەروونیدا ئەلەرزێ. ئەیزانی شوێنێکی لەنگە. بەڵام نەی ئەزانی کوێیە. ڕەنگیشە ئەیزانی و نەی ئەویست بیخاتە خۆی. نەی ئەویست بیخاتە خۆی کە بێ نرخیەکەی لە نرخی ئەو شتانەوەیە کە هەیەتی: ئەوە ڕان، ئەوە گوند، ئەوە باڵەخانە و چەن پیاوێکیش کە لە ماڵەکەی بە کارەکان ڕائەگەیشتن. نەی ئەویست لەوە تێبگات، ئاسوودەیی سەبرخان لە بەر ئەوەیە کە داراییەکەی هەر ئەو دارەیە بە دەستیەوە. شت بوونی ئەو لەوەدایە کە شتی نییە. حەزی ئەکرد هەڵسێ، سواری ئەسپەکەی ببێت و لێرە، لە لای ئەم تەرم و لەم بێدەنگیە ڕابکات. جەربەزە!

هەڵسا. بەڵام سواری ئەسپەکەی نەبوو. بە شپرزەیی کەوتە پیاسە کردن. وەکوو سێبەر، لە شەودا ئەهات و ئەچوو. سەبرخان، لە نێوان برژانگە نیوە داخراوەکانی خۆیەوە ئەوی ئەبینی. لەپڕ وەستا و گوێی قوت کردەوە. کە گوێ هەڵخستنەکەی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند زۆری پێ چوو، سەبرخانیش هەلسا سەر چۆک، خۆی کۆکردەوە و گوێی ڕاداشت. دەنگی نەوازە و دووری سمی ئەسپ لە سەر عەرزەکە. سەبرخان هەڵسا سەرپێ و ئامادە بوو.

ئاراستەی دەنگەکە، لای ڕێگەی بەرەکشایی بوو. مسۆگەر خۆیی بوون. گوڵمحەمەد و خانئاپۆ. دەنگ نزیک و نزیکتر ئەبوویەوە. لە دڵی شەوەوە، پاش ساتێک تاپۆی دوو سوار دەرکەوت. خۆیان بوون، گوڵمحەمەد و خانئاپۆ. بەڵام نەک دووان. لە پشتی هەر کامیاندا یەکێکی تریش سوار ببوو. کە

گەیشتنە گردەکە، هەر چوار پیاو لە ئەسپەکان دابەزین. پێش هەموو شتێک بوونی دوو بێگانە چاوەکانی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند و سەبرخانیان مۆڵەق کرد. یەکیان ڕیش و کەشیەی هەبوو و عابایەکی بڵێندی لەبەردا بوو. ئەوی تریش کورت و وردیلە و بەساڵ مامناونجی دیار بوو. گوڵمحەمەد دوو پیاوەکەی بردە لای تەرمەکە و وتی:

ــ ئەمەش پارەی گۆڕ و کفنەکەی.

خانئاپۆ لە وەڵامی سەبرخان و عەلیئەکبەری حاجی پەسەند وتی:

ــ یەکیان کوێخایە و یەکیشیان مەلای قەڵاتە.

مەلا و کوێخا سەیری یەکدیان کرد. گوڵمحەمەد وتی:

ــ بیر لە چی ئەکەنەوە؟ ئەمە کەسی مەیە. بەڵام هیچکەس نابێ بزانی چی بە چییە. خۆتان ئەبێ بینێژن. ئەگەر یەکێک پێ بزانێ نێوانمان تێک ئەچێ. بە خواوەندی خوا لێو لە لێو بترازێنن، سەرتان هی خۆتان نابێ!

کوێخا وتی:

ــ ئەی لێرەوە هەتا سەرقەبران چی؟

ــ تا ئەوێ لە ئەستۆی خۆمان. سەبرخان!

سەبرخان هاتە پێشەوە و بە یارمەتی گوڵمحەمەد تەرمەکەیان خستە سەر زینەکە. گوڵمحەمەد خۆیشی سوار بوو وتی:

ــ ئێوەش پشت تەرکە لەگەڵ ئەم و ئەو سوار بن.

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند هەر وا لە دوورەوە وەستابوو. خانئاپۆ دەستی بۆ مەلا گرت و سواری کرد، پاشان خۆشی سوار بوو. کوێخاش لەگەڵ سەبرخان. گوڵمحەمەد وتی:

ــ ڕێگەی سەرقەبرانمان پیشان بدە کوێخا.

ــ لای خواری قەڵاتە.

ڕێ و لاڕێ، زەوی بەیار و مەزرای دووراو، پاشانیش گۆڕستان. تەرمەکەیان داگرت. گوڵمحەمەد دەستی دایە پێمەڕە، سەبرخانیش.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ مەلا تۆ خەریکی کاری خۆت بە.

مەلا لای تەرمەکە دانیشت و کەوتە کردنەوەی قۆپچە و دەرهێنانی جلەکانی مەدیار. پاشان بە تەیەموم وسڵی تەرمەکەی دا و پاشتر پاچە خامێک کە لەگەڵ خۆی هێنابووی لە تەرمی گەنجەکەی ئالاند. لای سەر و پەنجەی پێی بەست و وەستا بۆ نوێژکردن. کوێخاش نوێژی کرد و گوڵمحەمەد خاکەنازەکەی دانا، هەوسارەکەی گرت بە دەستیەوە و سوار بوو:

ـ ئێمە ئیتر ئەڕۆین کوێخا. ئەڕۆین لە گۆشەیەکیتر بۆی بگرین. تۆیش سەبرخان ئەو جلانە هەڵگرە. ئەبێ بیان سووتێنین.

سەبرخان، جل و کلاشەکانی مەدیاری هەڵگرت. خستیە ناو توربێنەکەی و سوار بوو. ئەوانی تریش سوار بوون. پشت لە قەلاتی بەرەکشایی و ڕوو لە بیابان. شەو، لە پیش بوو.

لە پەنای شەو، لەو شوێنەی بەرەکشایی لە ڕەشاییدا ون ئەبوو، جارێکیتر سوارەکان لەغاویان کێشایەوە، کۆبوونەوە تا پەیمانی حاشا ببەستن.

«هیچ نەبووە، هیچ. لە هەموو شوێنێک هەر ئەمە ئەڵێین.»

ـ بەڵام... ئەگەر خزم و کەس لە مەدیاریان پرسی چی؟

ئەمەش عەلیئەکبەری حاجی پەسەند وتی. زۆریش بێجێ نەبوو. بەڕاست ئەگەر خزم و کەس کەوتنە گەڕان بە شوێن مەدیاردا چی؟ ئا، ئەو کاتە چی؟

بۆ ساتێک، هەموو خامۆش و دوودڵ بوون. ئەتوت هەر

کەسـە و ئەیویسـت وەڵامـی ئـەو پرسـیارە لـە خـۆی وەربگـرێ. لـە بەر ئەمەش، چەندین سـاتی درێژ و قورس، هـەر پیاوە و چووبوە نـاو بیـرەوە و بـۆ وەڵامێـک ئەگـەڕا. ئەنجـام خـودی عەلـیئەکبـەر، لـە هەمـوو چارەجۆتـر سـەری هەڵێنا و وتـی:

ــ ئەتوانیـن بڵێـن لێـک دابڕایـن. هـەر کەسـە و بـە لایـەکدا ڕۆیشـتووە. ئێمـە چووزانیـن؟

گوڵمحەمەد وتـی:

ــ ئاخرەکەی چـی؟ ئەبی بیری دوارۆژیش بکرێتەوە!

چاویـان بڕییـە خانئاپـۆ. خانئاپۆیـش بە دەنگێکی گڕ و بریندار و ئـارام وتـی:

ــ نابێ. نەء. ڕێگەکەی ئەمە نییە!

ــ ئەی کامـەیە؟

خانئاپـۆ، لـە عـەرزەکـە مـۆڕ ببـۆوە. گـەڕیـدەی نـاو بیـری خەوتـووی خـۆی وتـی:

ــ ئەوە نییە بیری لـێ ئەکەمەوە.

پاش تاوێـک بـە ماندوێتـی سـەری هەڵێنـا، هەناسـەیەکی قووڵـی هەڵکێشـا و وتـی:

ــ بەڵام بیرم بڕ ناکات. کار ناکات!

گوڵمحەمەد پرسـیاری کـرد:

ــ باشـە مەگـەر ئێـوە لـە سـەر ڕەشـماڵەکانەوە نەکەوتنـە ڕێ؟

ــ بـا.

ــ دیارە ئەتانەوێ بشگـەڕێنەوە بۆ ئەوێ، وایە؟

ــ دەی؟!

ــ مەگـەر لـەوێ لێتـان ناپرسـن مەدیار چی لێهات؟ ئەپرسـن ئیتـر، مەگـەر وانییـە؟ دەی ئەوسـا وەڵامتان چییە؟

وەڵام نەبوو. گوڵمحەمەد درێژەی بە قسەکەی دا:

ــ ئەکرێ درۆ بکرێ، بەڵام هەتا کەی؟ تا چەن وەخت؟

پرسیان:
ــ تۆ ئەڵێی چی بکەین؟
ــ هەر ئەمە! ئەبێ ڕێگەیەک هەبێ. بەڵام خۆ لە لای هەموان ناکرێ حاشا بکەین. لانیکەم مەدیاریان ئەوێتەوە. کوانێ؟ چی لێهات؟ خۆییەکان لانیکەم ئەبێ بزانن مەدیار چی بە سەر هاتووە؟!
عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، بە هەوڵ و ترس لە دەنگیدا وتی:
ــ خۆییەکان بزانن، کێ ئەمێنێ کە نەزانێ؟ قسە لە دەمێک دەرچوو لە هەزار دەروازە تێئەپەڕێ!
خانئاپۆ هەڵۆ ئاسا، لە بن برۆ پڕ و ئەستوورەکانیەوە سەیرێکی عەلیئەکبەری حاجی پەسەندی کرد و وتی:
ــ ئەگەر وابێ، واتە هەر ئێستاش ئەوەندەت نەزانی هەواڵی مەرگی مەدیار لە هەزار دەروازە تێپەڕی. چونکە لێرەش دەم زۆرە!
عەلیئەکبەری حاجی پەسەند وتی:
ــ بۆچی بە ماناوە قسە ئەکەی خانئاپۆ؟
خانئاپۆ وەڵامی دایەوە:
قسەی من بە ماناوە نییە، کوڕی حاجی پەسەند. من خەریکم بێ پەردە قسە ئەکەم و ئەشزانم ئەڵێم چی. من دڵنیا نیم لە چوارگوێشلی کەس نەکوژرابێ. واتە تۆ ئەڵێی ئەو هەموو گوللەیەی لە لوولەی تفەنگەکانی ئێمەوە دەرچوون، هەموویان کەوتنە بیابان؟ تۆ بڵێی تەنها یەک گوللەش بەر سینگی ڕۆژەرەشێک نەکەوتبێ؟ ناکرێ بڵێین نا. مسۆگەر بەر یەکێک هەر کەوتووە. ئا گوڵمحەمەد تۆ ئەڵێی چی؟
گوڵمحەمەد وتی:
ــ بەریش کەوت و خۆیشم بە چاوی خۆم خوێنەکەیم بینی.

خانئاپۆ جارێکیتر وەرگەڕا بۆ لای کوڕی حاجی پەسەند:
باشە گریمان -لانیکەم- یەکێک کوژرابێ، ئەوسا چی؟ دیارە جەندەرمە دوامان ئەکەوێ ئیتر. تاوانمان کردووە ئیتر. کەسێکیش کە تاوانی کردبێ لە خۆی ئەترسێ ئیتر. ئەیەوێ بە شێوەیەک خۆی دەرباز بکات. ئەمەش هەزار ڕێگەی هەیە. ڕێگەیەکیش ئەوەیە کە بیەوێ -بەتەنها- بەڕەی خۆی لە ئاو دەربکێشێ. لەم کاتانەدا ڕێ ئەکەوێ شەیتان بچێتە ناو پێستی مرۆڤەوە و وای لێبکات بۆ ڕزگارکردنی خۆی لاقی ئەم و ئەو بخاتە ناو داوەوە. ڕووی داوە ئیتر. ئەگەر هات و شتێکی وا ڕووی دا، ئەوسا ئەوانیتر ئەبێ چی بکەن؟
عەلیئەکبەری حاجی پەسەند وتی:
ـ ئەم تەشەرانە لە کێ ئەدەی خانئاپۆ؟
ـ دوور لە جەنابت، دوور لە جەنابت، لەگەڵ هەمووماندمە. بە خۆم ئەڵێم. چونکە شەیتان ئەتوانێ بچێتە ناو قاپووڕی منیشەوە. بۆیە هەر لێرە، پێش ئەوەی لە یەکدی جیا ببینەوە ئەبێ پەیمان ببەستین، سوێند بخۆین و مەرجەکانمان دیاریی بکەین.
عەلیئەکبەری حاجی پەسەند وتی:
ـ لەبەر چی؟
ـ لەبەر ئەوەی نەتوانن کوشتارەکەی چوارگوێشلی بخەنە ئەستۆی ئێمە. ئێمە هەر لێرە، هەر لەم شەوە نووتەکەدا...
عەلیئەکبەری حاجی پەسەند خۆی هاویشتە ناو گوتەکەی خانئاپۆ:
ـ ڕاوەستە، ڕاوەستە. من ئەمەوێ شتێک لە گوڵمحەمەد بپرسم. بڵێ بزانم گوڵمحەمەد، کچە مەدیاری ئەناسی. نەی ئەناسی؟
ـ دیارە ئەیناسی. چۆن نەیئەناسی. ئەوان دڵدار و خوازیاری یەک بوون.

ــ باشـە، ئـەی بـۆ گوللەیەکمـان پێـوە نەنا؟ ئەگـەر هـات و ئـەو ڕاسـتیەکەی درکانـد چـی؟

ــ راسـتی چی بدرکێنـێ؟

ــ ئاشـکرایە ئیتـر. ئەیبـەن بـۆ زاڵگـەی جەندەرمـە و قسـەی لـێ دەرئەکێشـن و بۆیـان دەرئەکـەوێ کـێ بـووە هاتووە هەڵیبگرێ. ئەوسـا شـوێن پێکان ئەدۆزنـەوە. ئەزانـن مـەدیار ناوێـک بـووە. کاتێکیـش زانیـان مـەدیار ناوێـک چـووە کچـە بڕفێنـێ، شـوێنی هەڵئەگـرن تـا بزانـن ئـەو مەدیارە کـێ بووە. بـۆ ئـەوەی بۆیـان دەربکـەوێ مـەدیار کـێ بـووە و لـە کام قەورسـانوە هاتـووە. پێـت وایـە چـەندەی پـێ ئـەوێ؟ گریمان سـێ یان چـوار مانگ. کاتێکیش کـە ئەمەیـان زانـی ئەکەونـە شـوێن کەسـوکاری و، کەسـوکاری نزیکیـش کێـن؟ دیارە ئێمەیـن! ئەگـەن بـە ئێمـە! بسـمیللا. تـازە سـەرەتای کارەکـە دەس پـێ ئـەکا! ئەوسـا مەدیاریـان لـە ئێمـە ئـەوێ. مـەدیار لـە کوێیـە؟ لـە ژێـر خاکـە. بۆچـی بـە بـێ ڕەزامەندی حکوومەت ناشـتووتانە؟ دیارە ئیتر. چونکە نەخشـەی گوڵمحەمـەد خـان وابـوو. خـۆ ناتوانیـن حاشـا لەمەیان بکەیـن، ئەتوانیـن؟

گوڵمحەمـەد لـە کـوڕی حاجـی پەسـەند هەڵگەڕایـەوە و وتـی:

ــ بـەو جـۆرەی تـۆ قسـە ئەکـەی ئەڵێـی جەندەرمەیەکـی تـەواوی! باشـە ئەگـەر بـەو ئاسـانیە بوایـەت کە تـۆ ئەیلێـی، دیارە ئێمـە هەڵـە ئەکەیـن ئەگـەر نەچیـن بـۆ زاڵگـەی جەندەرمـە و خۆمـان نەدەیـن بـە دەسـتەوە!

عەلیئەکبەری حاجی پەسـەند وتی:

ــ پێت وایە جگە لەمەیە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بەڵـێ کـە جگـە لەمەیـە و تـۆ تۆقاویـت بۆیـە سـەری دنیـات لـێ هاتۆتـەوە یـەک. بەڕای تـۆ ئـەو کەسـەی گوللـەی نا بە

ناوچەوانی مەدیارەوە نەی ئەزانی کە چی ئەکات؟ دیارە ئەیزانی. ئەیزانی سیرەی لە کویّ گرتووە. باشە پیّت وانییە ئەویش لە لای خۆی حەساب ئەکا یەکی لیّ کوژراوە و یەکی کوشتوە؟ دیارە ئەویش هزر و تیّگەیشتنی هەیە! ئەویش نایەویّ خۆی لە ژیان بیّوەری بکات. کە وا بوو ئەو کەسە خۆی هەوڵ ئەدات هەر ا و هوریاکە بخەویّنیّ.

ـ ئەگەر جەندەرمە بە هەر اکەیان زانیبیّ چی؟

ـ زانیبیّتیان. کاتیّکە خاوەن تەرم نەیەویّ پەیشویّنی بگریّ، جەندەرمە خۆ دایەنی لە دایک دڵسۆزتر نین، هەن؟ پیّت وایە ئەوانیش هەر وا بە خۆڕایی گیانی خۆیان ئەخەنە مەترسیەوە؟ نەء. من کە پیّم وانییە. من لە ناویاندا بووم. سەرباز و سپایی ئەچن بۆ ڕاو، ناچن بۆ ئەوەی ڕاو بکریّن. تۆش لە خۆتەوە ترساوی. ئەو کچەش ئەگەر ناو بدرکیّنیّ کەس ناتوانیّ بیخاتە ئەستۆی ئیّمە. چونکە لەم وڵاتەدا بە ئەندازەی مووەکانی سەری مەدیار، مەدیار هەیە. ئیّمە چووزانین کامە مەدیار بووە؟ ئیّمە ئەوەندەمان سەختە هەتا ڕەو ئەکەین بەرەو گەرمیّن. کاتیّکە ڕەوەندەکان لە کیّو هەڵکەنران، هەزار لیّکۆڵەریش بە دوای مەدیاردا بگەڕیّن، نایدۆزنەوە. بەڵام مەرجەکەشی ئەوەیە هەر کامە لە ئاستی خۆمانەوە دڵمان ئارام بکەین. وابزانین هیچ ڕووی نەداوە. ڕاستەکەشی هیچ ڕووی نەداوە. یەکمان کوژراوە و یەکمان کوشتووە. خویّن بە خویّن. سەر بە سەر.

خانئاپۆ، لەو بیّدەنگیەیدا کە کەوتبۆوە هاتە دەنگ:

ـ سویّند ئەخۆین. بەناوی ئەبولفەزل و بە مەرجی سەرمان.

ئەسپەکان، لە ژیّر ڕانی سوارەکاندا خڕ بوونەوە. گویّ لە بن گویّ.

لەبەر تریفەی لیّڵ و کەمڕەنگی نیوەشەوان، پیاوان لە

سـەر زیـن ڕوویـان کـردە یەکـدی. خانئاپـۆ دەسـتی بـردە پێشـەوە. گوڵمحـەمـەد دەسـتی خسـتە سـەر دەسـتی ئاپۆی. سـەبرخان لـە سـەر دەسـتی گوڵمحـەمەد و عـەلـیئەکبەری حاجـی پەسـەندیش لـە سـەر دەسـتی هـەموویان. خانئاپـۆ جارێکـی تریـش کـەوتە دوو:

ـ ئێمـە، ئـەم چـوار پیـاوە، ئـا لێـرەدا، لـەم شـەوە ئەنگوسـتەچاوەدا، لـە سـەر نـاوی ئەبولفـەزل هـاو سـوێند ئەبیـن و لـە سـەر سـەرمان پەیمـان ئەبەسـتین لـە هیـچ شـوێن و لـە لای هیـچ بێگانەیەک، باسـی ئەوەی ئەمشـەو ڕووی داوە نەکـەین و ئەگـەر بـە قامچیـش ئەشـکەنجە کـراویـن زمـان نەبزوێنیـن. سـوێند بـێ بـە ئەبولفـەزل!

هـەموو بە جارێک وتیان:

ـ «سـوێند بێ بە ئەبولفـەزل!»

خانئاپۆ وتـی:

ـ بە مـەرجـی سـەرمان.

هـەموو بە جارێک وتیان:

ـ «بە مـەرجـی سـەرمان!»

سـەری ئەسـپەکانیان وەرگێـڕا. بڵاوەیان لێکـرد. هـەر سـوارە بـۆ لایـەک. گوڵمحـەمـەد بـۆ دەرزیوەر. عـەلـیئەکبـەری حاجـیپەسـەند بـۆ گونـدی خوێنـاڵ و، خانئاپـۆ و سـەبرخان بـەرەو ڕەوەنـد.

پیاوێک لە پیاوەکانمان کەم بووویەوە: مـەدیار

مانـدوو و هیـلاک و دەردەدار، لـە ئامێـزی ئاوەڵـەی تریفـەی مانـگ، گوڵمحـەمـەد داژووت. داژووت و بـە بـێ ئاگا لـە بـەر خۆیـەوە ئەیخوێنـد. نـەک بـە هـەر ا و بـە دەنگـی بـەرز، بەڵکـوو لـەو شـێوەی شـوانی دەشـتەکی گـۆرانـی ئەڵێـن. بـە ناڵـەی دڵ و بـە ئـازار ئەیخوێنـد، گوڵمحـەمـەد. دەنگێـک بـە قـەد ئـازاری قووڵایـی گیـان و، هاوارێکـی ڕقـاوی لـەو جـۆرەی لـە نـاو تـەنووری

دڵدا ئەگەڕێ. ئیتر دەنگ نییە. لەش و حەوت بەندی لەش خۆی هەر دەنگە. فریادێکی بێدەنگە بە بەرفراوانی شەو و دەشت. هەمبانەیەک هەر ا و هوریای تێکچڕژاو. مۆغەری پشت لە ئازاردا ئەزریکێنێ. غەم!

غەم! مۆغەری پشت لە ئازاردا ئەزریکێنێ.

بۆ کوێی بەرم من ئەم غەمە، مەدیارەکەم؟
بۆ کوێی بەرم من ئەم غەمە؟
لە غەمی تۆدا وا کەلیدەر ڕەشی پۆشیوە،
شەو بە تەمای گەنجێتیتە؛
کاکۆڵت خوێناوییە مەدیارەکەم.

بۆ کوێی بەرم من ئەم غەمە؟
کەڵەکێویم، مەدیارەکەم!
لاوی گەنجم، بەبڕشتم، مەدیارەکەم!
ئەی عەیارە بێباکەکەم، مەدیارەکەم!
وا خوێنەکەت کڵاشی کوڕەکەی بڵقیسی سوور کردووە
خوێنت گەرمە هێشتا، هێشتا گەرمە
پێی من. پێی گوڵمحەمەد گڕی گرتووە؛
بە گەرمای خوێنی کاکۆڵت، مەدیار!
کاکۆڵت خوێناوییە مەدیارەکەم.

بۆ کوێی بەرم من ئەم غەمە؟
شیوەنی خوشکەکانت، ئەی لاوەکەم!
خوشکەکانت، کیژانی دەشت، لە شیوەنتا قژ ئەڕننەوە؛
سینگ دائەدڕن؛
چنگ لە ڕوومەتیان وەرئەدەن.

بە قەراخ چەمی تینوودا، کیژانی کەلیدەر
دڵ پڕ لە غەم بە ماتەمینی ڕێ دەرباز ئەکەن
جـــوانـــەمـــەرگـــەکـــەم!

کاکۆڵت خوێناوییە مەدیارەکەم
بۆ کوێی بەرم من ئەم غەمە؟
مەرگی تۆ مەدیار، داخی سینەی دایکانی ڕەوەند؛
ئاگری ڕەشماڵەکان!
داخەکەم مەدیار!
ئەستێرەکانی کەلیدەر
بە سەر خاکتا ئەسرینی خوێن ئەبارێنن.
خرۆشی نزار و دەوەن بە باوە دێتە بەرگوێم،
بارانی خوێن.
کاکۆڵت خوێناویی مەدیارەکەم.

بۆ کوێی بەرم من ئەم غەمە؟
یارەکانت مەدیار، لە شیوەنتا زەرکی ئازار ئەنۆشن،
بە بێ تۆ، ئەی کاکۆڵ پەرێشانی بەزمی شەوانە،
شەراب ژەهری مار،
حەرام بێ بێ تۆ بەزم و پەیمانە،
چەم و بەهار و لەرەی گەڵای سپینداران!
حەرام بێ بێ تۆ، لانسێی شێوەکانی کەلیدەر،
بەستەی شەوگەڕ و نەرمە غاری ئەسپ؛
خرۆشی سەرخۆشی و سروودی بیابان!
بێ تۆ با بمرێ شەوقی جەوانی؛
نەشە و ژوانی چاوگەش غەزاڵان!
بێ تۆ شەو کوێر بێ لە ئەستێرەی گەش، ئەی هەتاوەکەم!
کاکۆڵ خوێناوی ئەی مەدیارەکەم.

بۆ کوێی بەرم من ئەم غەمە؟
بۆ کوێی بەرم من ئەم غەمە، گوڵمحەمەد؟

ماندوو و هیلاک و دەردەدار، گوڵمحەمەد شەوی بڕانەوە.

کازیوە؛ لە کەنار جۆگەلە ئاوێک، ماراڵ و قەرەئات، گوڵمحەمەد و ماراڵ پێک گەیشتن. قەرەئات لە پێش پێی خاوەنەکەی پێی سست کرد و گوڵمحەمەد، هەر چەند لەشی کوترا بوو، بەڵام چالاکانە خۆی هەڵدایە خوارەوە. ماراڵ و قەرەئات بۆ لای یەک چوون. قەرەئات ناوچەوانی بە شانی ماراڵدا خشاند و ماراڵ پەنجەی کرد بە ناو کاکۆڵی قەرەدا و دەستی هێنا بە یاڵیدا. گوڵمحەمەد دەسکەوساری لە کەللەی زینەکە ئاڵاند. ڕەشمەی ئەسپەکەی مەدیاری گرت بە دەستیەوە و لە قەراخێکەوە کەوتە سەیرکردن. دیداری دوو یار. ماراڵ و قەرە. وا دیار بوو ئەو دوانە پێکەوە وتووێژێکیان هەیە. ئاڵوگۆڕی هەستێکی نادیار. ماراڵ لە بان یاڵی ئەسپەکەوە نیگایەکی خێرا و تیژی هاویشتە گوڵمحەمەد. بەڵام هەر لەم کاتە تێپەڕەدا، گوڵمحەمەد بە چاو، چنگی لە چاوی ماراڵ گیراند. ماراڵ کەوتە ڕێ و گوڵمحەمەدیش. ئارەقەی لەشی قەرە ئەبوا وشکەوە بێ. ئەمەیان ئەویست، هەم ماراڵ و هەم گوڵمحەمەد. بە ئارامی هەنگاویان هەڵئەهێنایەوە و وایان دەرئەخست ئارامن. بەڵام لە سینەی هەر کامیاندا شتێک بە زنجیر بەسترابوو. هەواڵێکی دڵتەزێن و، هەوڵدانێک بۆ شاردنەوەی. شان بە شان و گیرۆدە ئەڕۆیشتن. گوڵمحەمەد کلۆڵی ئەوەی باسی سەفەر چۆن بکاتەوە:

ئەمە ئەسپی کێیە بەوە و، ماراڵیش لە غەمی ئەوەی هەواڵی شێرۆ چۆن بە گوڵمحەمەد بگەیەنێ؟

ماراڵ جێی شێرۆی بە بەتاڵی بینیبوو. جگە لەمە چی ئەتوانی بوتایەت؟ ئەو ئەیزانی شێرۆ ڕۆیشتووە، کەچی سەرەڕای ئەمەش دڕدۆنگی ئازاری ئەدا. ئەبوا بڕوا بە چاوی بکات. جێگە چۆڵەکەی شێرۆ ئەو بڕوایەی پێ سەلماند. لێفە کۆنە لە سووچێکدا کەوتبوو و شێرۆ نەبوو. لەمە ڕوونتر ئیتر چی؟ کەوا بوو شێرۆ ئەبێ، زۆر لێرە دوور کەوتبێتەوە.

بەڵام لە کوێیە؟ لە کوێیە، بۆ کوێ چووە؟

باشتر ئەوەی ماراڵ نەزانێ. چونکە کاتێک چاوت لە سەر شتێک داخرابێت و بزانی کە نایزانی دڵت بە جۆرێک ئەرخایەنە. چاوی بینا زۆر جار مرۆڤ تووشی کێشە ئەکات. سەرەڕای ئەمەش ماراڵ نیگەران بوو. نیگەرانی ئەوەی ئەیزانی. نیگەرانی چاوپێکەوتنەکەی ماهدەروێش. نیگەرانی ئەو پەیامەی کە هێنابووی.

ـ قەرەئات ئەسپێکی گورج و زیتە، خاڵۆزا.

ـ خۆ نەی خستیت؟

ـ هەهە! من لە بەشی سوارەدا سەربازیم کردووە.

تازە کار لە کار ترازابوو.

ماراڵ چی پێ ئەکرا؟ خامۆشی. وای بە باش زانیبوو ڕاوەستێ بۆ ئەوەی بڵقیس و زیوەر لە خەو ڕابن. باشتر وابوو سەرەتا ئەوان جێگە بەتاڵەکەی شێرۆ ببینن. باشتر وابوو ئەوان شین و شەپۆڕ دەست پێبکەن. ماراڵ ئەبوا بەمزوانە خۆی کلا بگرێ. بۆیە خۆی خزاندبوویەوە ناو جێگەکەی و لێفەکەی دابوویەوە بە سەریدا. بەڵام چاوەکانی بە ئاگابوون. پێڵوەکانی ئیتر جووت نەئەبوون. ئەتوت دڕک چووە بە گلێنەی چاوەکانیدا. هیچ کوێی نەئەبینی، بەڵام ئەیتوانی هەموو شت بهێنێتە پێش چاوی. گوێکانی تیژ ببوون. چاوەڕوانی هەر ایەک بوو ئەتوت. چی ئەبێ ئێستە؟ کازیوە نادا ئاخۆ؟

با! کازیوەی دابوو و سات و کاتێک بوو بڵقیس ڕاستەوە

بێ. ئەبوا هەڵسێ. بەڵام جێگەی بەتاڵی شێرۆ. شێرۆ تۆ بڵێی بۆ کوێ چووبێ؟ ڕەنگە چووبێتە دەرەوە. بەڵام ئێستە کەی کاتی دەرەوە چوونە؟ بڵقیس لە کوێ بڕوای ئەکرد؟ هەڵئەسا و ئەکەوتە پەیشوێنی شێرۆ. نەی ئەدۆزییەوە. تۆ بڵێی چووبێ بۆ سەر کارێز؟ مەشکە و گۆزەی سەیر ئەکرد. هەموو لە شوێنی خۆیاندا بوون. پەکەر ئەبوو. ئەی بۆ کوێ چووە شێرۆ؟ بانگی ئەکرد. وەڵام نەبوو. وەڵام نابی هەبێ! ترس هەڵی ئەگرێ. بە پەلە ئەکەوێتە خۆی. بە شین و شەپۆڕ هەموو بانگ ئەکات:

ـ شێرۆ نییە!

خۆی بوو. بڵقیس. دەنگی ئەلەرزا. ترس و دڕدۆنگی. زیوەر با لە سەر جێی خۆی ببزوێ. مارالّ نەبزوا. باوێشکێکی قووڵ. بڵقیس خرۆشا:

ـ کڕ و گێژ بووانە، تاکەی ئەخەون؟

مارالّ سەری لە ژێر لێفەکە دەرهێنابوو و بینیبووی کە بڵقیس لێفە لە سەر زیوەر هەڵئەگرێ. زیوەر دانیشتبوو. مارالّیش قیت ببویەوە. زیوەریش. شێرۆ نەبوو.

ـ ڕۆیشتووە. هەڵاتووە. هەر زانیبووم. ئەمزانی. ئەمزانی. کوێراییم دابێ. وا کاری خۆی کرد. چاوی کاکەی بە دوور بینی. چ قوڕێک بکەم بە سەرما ئێستە؟ وەڵامی گوڵمحەمەد چی بدەمەوە؟ بۆ کوێ چووبێ؟ ها؟ بۆ کوێ ڕۆیشتبێ؟ لەگەڵ کێ کەوتبێ؟ ها؟ ئێوە چی؟ تۆ کچێ، ئاگات لێ نییە؟ ئەم یەک دوو ڕۆژە لەگەڵ تۆدا سرتەسرتی بوو، هیچی لەلا نەوتی؟ ها؟ قسە بکە!

بڵقیس دەرفەتی نەئەدا. نە بە خۆی و نە بەوانیتر. یەکبەند و پەرێشان ئەیوت و تاوێکیتر لە هەموو لایەک نائومێد ئەبوو. چووە سووچێکەوە. سەری خستە ناو دەستیەوە و کەوتە شینگێڕان. سەر و دەست و شانەکانی بە ئاوازی پڕ لە ژانی لالانەوەی ڕائەوەشاند. ئەگریا و ئەکڕووزایەوە. ڕەنگی

لەترس و خەفەتدا شین هەڵگەڕابوو. زیوەر لە ڕەنج و داماویی ژنە غەمگین ببوو و ماراڵیش وەتر. زمان نەئەگەڕا. هەر دووک بە سەر سەری بڵقیسەوە وەستابوون.

گوڵمحەمەد پرسی:

ـ مەنزڵی تازەت چۆن بوو دوێشەو؟

نەیان ئەزانی چ وەڵامێک بە داماویی بڵقیس بدەنەوە. سەیری یەکیان کرد و سەیری بڵقیسیان کرد. وەڵامێکی ئەویست ئەو و ژنان -ئەگەر بە درۆش- بووە ئەبوا هیوایەکی بخەنە بەرپێ.

ـ من ئەڕۆم بۆ لای کارێز، ڕەنگە چووبی بۆ ئەو ناوە پیاسەیەک بکات.

ـ منیش ئەڕۆم چاو ئەگێڕم.

ماراڵ و زیوەر ڕۆیشتبوون. زیوەر بۆ پەنا و پەسێران و ماراڵ بەرەو کارێز.

زیوەر زۆر پەلەی لە گەڕان نەبوو. بەملاولادا ئەخولایەوە و خۆی ئەخلافاند. ئاخرەکەشی لە پەنای قوڵکەیەک دانیشت و کەوتە تەماشای فڕینە کورت و تیژەکانی کەرەواڵەکان و چینەکردنیان. زیوەر شێرۆی ئەناسی. ئەو بەشەو ڕایکردبوو و ئێستە ڕەنگە چەندین فرسەق لە دەرزیوەر دوور کەوتبێتەوە. زیوەر، کەموزۆر بە ڕەمز و ڕازی عاشقانەی شێرۆی ئەزانی. بەڵام بەجێ و بەپێویستی نەئەزانی بۆ گوڵمحەمەد یان بڵقیسی باس بکات. ئەو زۆرتر گیرۆدەی خۆی و گوڵمحەمەد بوو. کەم دوویی و زمان لەنگیەکەشی ڕێگەی پێ نەئەدا هەر قسەیەک بەجێ و بێجێ بدرکێنێ. سەرجەمەکەی زیوەر لەوە زیاتر گرفتاری خۆی بوو، دەرفەتی ئەوەی هەبێ قولەپێی خەڵکی بگرێ. لە لایەکیتریشەوە دڵی ئەوەندە لە بڵقیس خۆش نەبوو. بۆیە، چ باشتر، کە ئەویش تووشی کەسەر و شوورەیی ببێ. دەمێکە بوو ئەو دووانە ئەسپیان لە چەپی

یەکدییەوە بەستبۆوە. زیوەر ڕقی خۆی لە بڵقیس، لەو ژنەی چاوی بینینی ئەوی نەبوو؛ لەم کاتانەدا بە ئاشکرا هەست پێ ئەکرد و ئەناسی. ئەو هیچ دەربایسی ئەوە نەبوو کە ڕووی دابوو. ئێستەش ئەیوت هیچ ڕووی نەداوە:

«با هەموو شت کاول ببێ. تێک بشکێت. پەرێشانی و غەم بۆ هەر بۆ من بێ؟»

ئەکرا بوترێ بە ڕۆیشتنی شێرۆ، زیوەر تۆزێ دڵیشی کرابوویەوە. هیوای ئەوەی بە بێ سەروشوێن بوونی شێرۆ، بەر دەست و پێی ئەو تۆزێ هەر اوتر بێتەوە. بنەماڵە ڕەنگە نیازیان پێی پتر ببێ. نرخ و بایەک. بە هەبووی دابنێن. با هەموو کارەکان بکەوێتە ئەستۆی، بەڵام حەسابی بۆ بکەن. ببینن. هەستی پێبکەن. ڕەنگە نیاز دڵی بڵقیسیش نەرم بکات. ڕەنگە بڵقیس بڕێک لە جێگەی شێرۆ بدا بە ئەو. بەڵام ئەمەش نەئەگونجا. چونکە پێش ونبوونی شێرۆ یەکێکیتر لە شوێنی ئەو سەوز ببوو: ماراڵ!

نەفرەت! ئەم ناوە دیسانەوە هۆشی زیوەری دزیبوو. دڵی ڕەش بوو. دووکەڵی ڕق. قینێکی بێ ئەڤان. ئەم کچەتیوە لە هەر ڕێگە و جێگەیەک ڕێگر بوو لێی. زیوەر دوژمنایەتی لەگەڵ ئەوی بە خۆی سەلماندبوو. بۆیە بە بێ هۆیەکی دیار لە ماراڵ بێزار بوو. تووڕە و بێزار. کە بیری لێ ئەکردەوە شتێک لە دەروونیدا ئەهەژا. سێبەرەکەشی دوژمن بوو!

ماراڵ وتی:

ــ بە شەو لەم ناوە ئەستێرەکان دوورترن.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بە شەو لە کەلیدەر ئەستێرەکان نزیکترن.

ماراڵ بە خۆی وت:

«ئەبوا دڵخۆشی پوورە بڵقیسم بدایەتەوە. بۆچی بە درۆ خۆم دوور خستەوە؟ من خۆ ئەزانم ئەو ڕەدوو کەوتووە!»

ئاسـووده نەبـوو. لـەو ڕووداوەدا کـە ڕووی دابـوو خـۆی بـە هاودەسـت ئـەزانـی. هـەڵاتنـی شـێرۆ تاوانـی ئـەو نەبـوو. بـەڵام ئەمـە خـەیاڵـی ماراڵـی بـە خۆیـەوە خـەریک کردبـوو. ئازاری دڵـەڕاوکـێ و دڕدۆنگـی. جـێ و هـەڵویستـی ئـەو لەمنـاوەدا لـە کـوێ بـوو؟ بـە هاتنـی ئـەو شـێرۆ ڕۆیشـتبوو. بـۆچ نـە پێـش ئـەو و نـە ماوەیـەک لـە پاش ئـەو؟ ئەیانتوانـی بیخـەنـە ئەسـتۆی و بڵێـن پێوقـەدەمـی ڕەشـە. ئەمـە ئەیتوانـی دڵـی بنەماڵـەکـەی لـێ ڕەش بـکات. ئەیتوانـی هـەزار بیـری ڕەوا و نـاڕەوا لـە ناویـان‌دا بەدی بهێنـێ. ببێتـە مایـەی بێزاریـی. چـی ڕوو ئـەدا؟ چـی لـە پێـش بـوو؟

مـاراڵ و گوڵمحـەمـەد کاتێـک گـەیشـتنەوە ماڵـەوە، بڵقیـس لای دەرگاکـە دانیشـتبوو و ئەتـوت مـات بردوویەتیـەوە. بـە بینینـی گوڵمحـەمـەد، ڕابـوو. دەسـتەکانی کـردەوە، چـوو بـۆ لای کوڕەکـەی و بـە بـێ یـەک و دوو وتـی:

ــ ڕۆیشـت! ئەڕۆیشـت! شـێرۆ هـەڵات و ڕۆیشـت!

مانـدوو و بێهێـز، بڵقیـس قسـەی ئەکـرد. ئەتوت هـەناسـەی بـە زۆر دێتـە دەرێ. چاوەکانـی لـە کالانـەدا وشـکەڵاتبوون و بیبیلـەکانـی ئەتـوت حـەپەسـاون. سـەرگـەردان و وڕ. گوڵمحـەمـەد بـە بـێ ئەڤـان ڕووی لـە دایکـی وەرگێـڕا و ڕوانیـە مـاراڵ. تەوێڵ و گۆنـای مـاراڵ ڕەنگیـان پەڕیبـوو و لـە بەرامبـەر نیگـای پرسـێنەری کابـرادا خـۆی پـێ نەگیـرا و سـەری داخسـت.

گوڵمحـەمـەد، نـەک لـە یەکێـک، پرسیاری کـرد:

ــ کـەی؟!

ــ دوێشـەو. ئێمـە مانـدووی کار بووین؛ خـەومـان لێکـەوتبـوو و ئـەویـش ڕۆیشـتووە.

کـە وا بـوو ڕۆیشـتووە. شـێرۆ ڕەدوان کـەوتـووە. چـەتـوون. هـەر چـی چـۆن بـێ کـەلـمیشـییە. جسـنی خـۆم باش ئەناسـم. با بـڕوات. منیـش وەکـوو ئـەوم. گیـری ئـەهێنـم. ئـای... کچـەی چارە ڕەش. سـەرتاشـراوی سـۆزانی، بـۆ کـوێ دەرئـەچـی؟ لـە بـن خـاکـدا

خۆت ئەشاریتەوە؟ ناتوانی خۆ! بای؟ خۆ با نیت.ماینی دوو پێ. مەگەر بچیت بۆ ئاسمان!

لەبن لێوەوە، پچڕپچڕ، گوڵمحەمەد وشەکانی فڕێ ئەدا. لۆک بە بینینی خاوەنەکەی ملی وەرگێڕابوو. گوڵمحەمەد چوو بۆ لای لۆک. دارەبەنی خستە سەرپشتی، تەنگەی کێشا و بەستی. چۆکبەندەکەی کردەوە و تێرەکەی خستە سەر دارەبەنەکە. ڕەشمەی ڕاوەشاند؛ لۆک هەڵسایە سەر دەست و پێ. زیوەر لەو کاتەدا گەیشت. ئەتوت موویان هەڵچزاندووە. گوڵمحەمەد تفەنگەکەی دایە دەستی و وتی:

ــ دارەدەستەکەم بۆ بێنە. ئەمەش بشارەوە!

زیوەر تفەنگەکەی برد و دارەکەی هێنا. گوڵمحەمەد پەتی دارەکەی کردە مەچەکی، ژنانی بانگ کرد و وتی:

ــ هەمووتان ئەچن بۆ درەو. وابزانن هیچ ڕووی نەداوە. منیش شەوی دی لە ماڵی خۆم خەوتووم. تێگەیشتن؟

رووی دەمی زیاتر لە زیوەر بوو. زیوەر بە نیگا و سەرلەقاندن دەری خست تێگەیشتووە. گوڵمحەمەد دووپاتی کردەوە:

ــ من دوێشەو بۆ هیچ جەهەنەمێک نەچووبووم؛ تێگەیشتن؟ بۆ ڕۆژی مەبادا پێتان ئەڵێم.

لەوە زیاتر نەوەستا. خۆی بە ملی لۆکدا هەڵواسی و خۆی هەڵدایە سەر دارەبەنەکە. زیوەر لە چاوترووکانێکدا، چارۆکەیەک نانی بۆ پیاوەکەی هێنا و خستیە ناو تێرەکە. گوڵمحەمەد دارەکەی لە شان و ملی وشترەکە ڕاژەند. لۆک پێی هەڵگرت و غاری دا. ژنەکان چوونە سەربان. گوڵمحەمەد، بە سواری لۆک دوور ئەکەوتەوە. دوور و دوورتر. تاوێکیتر ون ئەبوو. ژنەکان لە سەر بان هاتنە خوارەوە. ئەسپی مەدیار، ڕەشمەی بە سەر عەرزدا ئەکێشا. بڵقیس چوو بۆ لای ئەسپی براکەی و، ماراڵ و زیوەر دەستیان دایە دەستکاڵەکان.

درەو؛ گوڵمحەمەد وای ویستبوو.

**بەندی دووەم**

کەڵەشێر خوێن. ئەبێ پێی یەکەم بێ. خانئاپۆ، نیو نیگایەکی هاویشتە سەبرخان و بزەیەکی نەرم کەوتە سەر گۆشەی لێوەکانی. خەو سەبرخانی داگرتبوو. باڵابەرز و سست لە سەر زینەکە لەقەی ئەهات. هەوسارەکە بە دەستیەوە شل ببوو و ملە درێژەکەی بە لایەکدا لارەوە ببوو. خانئاپۆ سوخورمەیەکی لە زاواکەیەوە ژەند:

ــ پ ـ خ خ خ...

سەبرخان داچڵەکا و ـبە شەرمەوەـ دەسکەوسارەکەی بە دەستیەوە توند کرد و خۆی قیت کردەوە.

ــ لە کوێ بووی پیاو؟!

ــ گەیشتین؟!

ــ خێر بێ!

گەیشتبوون. ڕەوەند. ڕەشماڵەکان لە بەر سرووەی کازیوەدا هێشتا نووستبوون. سەبرخان بە پێکەنینەوە وتی:

ــ لە ژیانمدا ئەوەندە ماندوو نەبووم.

خانئاپۆ ئیتر هیچی نەوت. دوو پیاو لە سەر پشتی ئەسپی ماندوو، وەک دوو سێبەر، دوو ئەفسانە، ئارام و لەسەرخۆ بە تەنیشت پەت و سنگی ڕەشماڵەکاندا تێ ئەپەڕین و ئەچوون بۆ خێوەتەکانی خۆیان. لەوێ، لە سەر سینەی گردەکە، تۆزێک

دوورتر لە خێوەتی سەفدەرخان، سێ ڕەشماڵ هەڵدرابوو. سێ خێوەتی چڵەبەنان. یەکیان هی سەبرخان و ژنەکەی، یەکیان هی کەلمیشی و کوڕەکەی بەگمحەمەد، بچووکترینیان -لەنێوانی ئەم و ئەودا- شوێن حەسانەوەی خانئاپۆ بوو. تەنهای تەنها. گورگە پیری ناو لێڕەوار.

بە دەنگی پێی ئەسپەکان، کەلمیشی، برا گەورەی خانئاپۆ، سەرە خڕ و قورسەکەی لە درزی خێوەتەکەوە هێنایە دەرەوە و زەنگی دەنگی، بێدەنگیەکەی زڕاند:

ــ ئا، هاتنەوە؟!

خانئاپۆ لە سەر ئەسپەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە و، سەبرخانیش بە ئەسپەکەدا خزایە خوارەوە و خۆی هەڵپەسارد بە شانی ئەسپەکەوە. کەلمیشی نیگەرانی بەرەنجامی کاری کەسەکانی، چاوەڕوانی گەپ و دوو بوو. بەڵام برا دەرفەتی نەدا؛ دەسکەوساری ئەسپەکەی دایە دەستی، سەبرخانی پاڵ پێوەنا بۆ ژوورەوە کە لە هەمان کاتدا تەپەی بەربوونەوەی بیسرا. خانئاپۆ ڕووی لە براکەی وەرگێڕا و وتی:

ــ جارێ برێ کاوجۆ بکەرە تورەکەی ئەسپەکان هەتاکوو ڕۆژ ئەبێتەوە.

پاشان خۆشی وەکوو بەران شانی چەماندەوە و خزایە ناو ڕەشماڵەکە.

بێدەنگی و خەو. باوەشی خەو، کالای پڕ بە بالای ماندوان. نەرمەناسەی سەبرخان و پرخەی خانئاپۆ ژووری داگرت.

ژنی سەبرخان و کەلمیشی لە داچوونی خۆردا، لە بەردەمی ڕەشماڵەکەدا دانیشتبوون. کەلمیشی خەریکی پینەکردنی کلاشەکانی بوو. ژنی سەبرخان پشووی درێژی مامی خۆی نەبوو. دەستیشی بە هیچەوە بەند نەبوو. هەڵسە و دانیشەی ئاوێتە بوو بە دڵەڕاوکێ:

«خەوی ئێوارە مرۆڤ قورس ئەکات.»
ـ رابن ئێوەش ئیتر!
خانئاپۆ سەری هەڵێنا و چاوی کردەوە. نیگای لێڵی خۆی لە پەنجەی سستی برژانگەکانیەوە دایە دەس ڕووناکی ڕەنگ پەڕیوی دوا کاتی ڕۆژ. بە کێشانەوەی دەست و شانی ماندوێتی لە لەشی دوورکردەوە. ڕاستەوە بوو و تاوێکیتر سەری هێنایە دەرەوە. سەر ڕووت، بە قژی ماش و برنجی درێژ و شووش، تێکشکاوی نەداریی. بە دوا باوێشک لەشە بە باهۆکەی کێشایەوە، دەنگی باوێشکەکەی لە گەروویا شکاند و بە کچەکەی، ژنی سەبرخانی وت مەسینەیەک ئاوی بۆ بهێنێ. هەیڤۆ ئاوی هێنا، کردی بەدەستی باوکیا و مەسینەکەی لە لایەکەوە دانا. لەم ناوەدا کەلمیشیش لە پینەکردن بووبوەوە، هات بۆ لای براکەی. ئەیویست شتێک بپرسێ. پرسیارێک کە لە بەرەبەیانەوە پێی بوو و ئەبوا بە جۆرێک بیپرسێ. ئاگای لە دەرکەوتنی برا و زاوای برا و مەدیار هەبوو. ئەم دەرکەوتنە کتوپڕە! ئەوەشی ئەزانی کە ئەوان بە بێ گوڵمحەمەد ناکەونە ڕێ. دیبووشی کە مەدیار، لەگەڵ خانئاپۆ و سەبرخان نەگەڕاوەتەوە بۆ ناو ڕەوەند. هەر وەها شتێکی زیاتری لە ماندوێتی ڕێ بە ناوچەوانی براکەی و پشوودرێژی ئەوەوە بینیبوو؛ بە بێ دەرفەتی پرسیارکردن. بۆیە هەموو شتێک لە لای ئاڵۆز و تێکچڕژاو بوو. دڵی نیگەران و پەلەی وتووێژ. بەڵام ئارام و خامۆش، وەک وشترێک سەرە گەورەکەی داخستبوو و چاوەڕوان بوو.
هەیڤۆ چەن پیاڵە و کترییەک چای هێنا و لە بەردەمی باوکی و مامی، کەلمیشیدا دانا. خانئاپۆ بە پەنجە ئەستوورەکانی دەسکی کترییەکەی گرت و پیاڵەکانی پڕکرد. یەک بۆ خۆی و یەکیشی نایە بەردەمی براکەی و بە بێ ئەوەی سەیری ناوچەوانی کەلمیشی بکات، پرسی:

ـ سەفدەرخان لێرەیە؟

کەلمیشی وتی:

ـ پێم وابێ. ئەوت بۆ چییە؟

ـ سەربردەیەک هەیە ئەبێ بۆی بگێڕمەوە. ئەو ئەبێ بزانێ.

ـ تەنها ئەو ئەبێ بزانێ؟ من بزانم گوناحە؟

خانئاپۆ بە نیگایەک براکەی خۆی هەڵسەنگاند و بە کورنشەوە پێکەنی:

ـ پاشی ئەوەی کە تۆ زانیت!

کەلمیشی زمان نەرمی براکەی وەرنەگرت و بە دڵێشاوییەوە، هەر وەک پێشتر، وتی:

ـ دەی بیگێڕەوە بزانم چی بووە؟ کارێکتان پێ کرا یان نا؟

خانئاپۆ چاکەی خواردەوە و وتی:

ـ حەز ناکەم هەواڵەکەت پێ بڵێم، بەڵام ناتوانم درۆشت لەگەڵ بکەم.

کەلمیشی لە ناوچاوی براکەی مۆڕ بوویەوە و وتی:

ـ بۆ قسەکە ئەجوویەوە؟ زمان هەڵبڕە بزانم ئەڵێی چی؟

لەم کاتەدا سەبراو بە چاوی هەڵتۆقیوەوە لە خێوەتەکە هاتەدەر. خانئاپۆ و کەلمیشی ڕوویان بۆ لای وەرگێڕا. کەلمیشی لە تێکگیرانی نیگای براکەی و سەبراو ورد بوویەوە. وەک بڵێی ئەیویست نیگاکانیان بخوێنێتەوە. واتایەک شارابوویەوە. سەبرخان سەری داخست و لە بەردەم ڕەشماڵەکە دانیشت. کەلمیشی چاوی لە دەمی براکەی بڕی. خانئاپۆ، لە کاتێکا خێسەی لە خاکەکە ئەکرد وتی:

ـ کوژرا و تەواو! بە گوللەی بڕناوی کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلی.

کەس سەیری کەلمیشی نەکرد. نە خانئاپۆ و نە سەبرخان. هەر دووک چاویان بڕبوویە عەرزەکە. کەلمیشی

تاوێک تاس بردییەوە، پاشان لەپڕ دەست و ئەژنۆی کرد بە کۆڵەکە و سەری بردە بەر ڕوومەتی براکەی و بە شێوەیەکی تۆقیو وتی:

ــ کێت مەبەستە؟ گوڵمحەمەد؟

ــ زمانم ببڕێ. گوڵمحەمەد بۆ؟ مەدیار ئێژم.

غەم و خەفەت ڕەنگی گۆڕا.

چاوت نا، دەستت بە بڕین چووە. مەدیار مردووە. باشە. باشە. کە وا بوو پشتت هێشتاش نەشکاوە. گوڵمحەمەد ماوە. غەم نییە. کۆسپێکی زۆر گەورە نییە. برای بلقیس مردووە، نەک گوڵمحەمەدی من. ئیتر، ئیتر چی؟

ــ یەکێک لەوانیش کەوت. پێموابێ حاجی حسێنی چوارگوێشلی بوو.

ــ گوڵمحەمەد، ئەو چی؟

ــ ڕۆیشتەوە بۆ دەرزیوەر. زۆر سڵاوی هەبوو و وتی پێت بڵێم بچی بۆ ئەوێ و ئەو دوو مەنە گەنمەی ژنەکان کۆیان کردۆتەوە، بکوتی. ئەیوت تاقەتی لە دێمەکاریی چووە.

کەلمیشی هێشتاش لە غەمی ئەو خوێنەدا بوو کە ڕژابوو. لە بێدەنگی خۆیدا وتی:

ــ سەری سەرەڕۆ! ئاخرەکەی لە شەڕ و شۆر کەوتی! ئەوەندە هەڵبەزیتەوە تا باڵیان سووتاندی.

خانئاپۆ وتی:

ــ شتێکیتر. بێگانە نابێ بزانێ. قسەکە هەر لێرە ئەخەینە بن خاک. تەنها بە سەفدەرخان ئەڵێم. ئەو سەرۆکی خێڵە، ئەبێ بزانێ.

کەلمیشی، خامۆش ڕابوو. پاژنەی کڵاشەکانی هەڵکێشا. چووە ژوورەوە، دار و توربێنەکەی هەڵگرت و هاتەوە دەرەوە. تاوێک وەستا، چاوی بڕییە خۆرداچوون و وتی:

ــ من ئەڕۆم بۆ سەر ڕان. جارێ ئەبێ سەرێک لە

بەگمحەمەد بدەم.

خانئاپۆ هیچی نەوت. کەلمیشی چووە تەنیشت خێوەتەکە، هێسرەکەی زین کرد. سوار بوو و بە هەورازی گردەکەدا سەرکەوت. خانئاپۆ هەڵسا و دوورکەوتنەوەی براکەی سەیر کرد و هاواری لە کچەکەی کرد:

ــ کڵاو و قایشەکەی من بهێنە.

سەبرخان پرسی:

ــ خۆ پێویست ناکا من بێم بۆ لای سەفدەر خان؟

ــ ناتەوێ مەیە.

سەبرخان چووە ژوورەوە. خانئاپۆ کڵاو و قایشەکەی لە کچەکەی وەرگرت. خۆی دەق کرد و بەرەو ڕەشماڵی سەفدەر خان چوو. هەیڤۆ نیگای لە ڕۆیشتنی باوکی وەرگێڕا و چووە ناو ڕەشماڵەکە و لە لای شووەکەیەوە وەستا. سەبراو لە درزی خێوەتەکەوە سەیری دوورکەوتنەوەی کەلمیشی کرد. بۆنی ژن گێڕایەوە.

□

لە دوورەدەستی کەلیدەردا، خۆر دائەچوو و سێبەری کەلمیشی و هێسرەکەی بە دوایاندا لەرەی ئەکرد. لە کوێرە ڕێی سینەی گردەکەوە، هێسرە کارامە و پیرەکەی، بە ئەسپایی لەشی خۆی و سوارەکەی سەرئەخست. ڕوخساری کەلمیشی داگیراو و پەرێشان بوو. گنجەکانی هەنیە و نێوان دوو بڕۆی زیاتریش بە قووڵدا چووبوون و چاوە خڕەکانی لەگەڵ ئەوەی ڕوویان لە بیابان بوو، ڕوانگەیەکی تریان بەدی ئەکرد. ڕەشمەی هێسرەکەی لە مەچەکە ئەستوور و تووکنەکەی ئاڵاندبوو و بە شێنەیی لێی ئەخووڕی. لێوەکانی لێک جووت ببوون، بە جۆرێک کە درزی دەمی لە بن سمێڵیدا ون ببوو. پێستی ڕوومەتی پیرەمێرد کە زیاتر لە نیو سەدە بەفر و با و هەتاوی هەڵمژیبوو، بە دالانی سەرما و گەرما و سەختیدا تێپەڕیبوو،

لـەم كاتـەدا -درۆم نەكردبـێ- وەكـوو چـەرمـی لێهاتبـوو. زبـر و چیـڕ و پتـەو. بـە گوێـرەی ئەمـە، پێسـتی وەهـا ئەیتوانـی، كۆڵێک پەرێشـانی لـە درزەكانـیدا ڕابگرێـت و پێـوەی دیار نەبـێ و ئـارام خۆیا بكات. ئـەوەی ڕووی دابـوو تەنهـا درزە ڕاسـت و كورتەكانـی نێـوان بـرۆ و ناوچـەوانـی تۆزقاڵێـک قووڵتـر ئەكـرد. پیرەمێـرد، ملـە كورتەكـەی بردبوویـە نـاو شـانە پانەكانیـەوە و خامـۆش بـوو. نەک هـەر ئێسـتە، هەمیشـە بێزیان و كەمـدوو بـوو. هەندێجـار، تەنهـا هەنـدێ جـار وشـەیەكی دەرئەبـڕی. نـە بـۆ هۆیـەک و مەبەسـتێک. نـەء. وشـەكەی بـە حـەوادا هەڵئـەدا. ئەیفـڕانـد، لـە خـۆی دووری ئەكـردەوە. وەكـوو بڵێـی لـە گیانـی سـەرڕێژی كردبـێ. زیاد لـە قەبارەی و ئەمـە زۆر جـاران وشـە نەبوو، تەنهـا دەنـگ بـوو. دەنگێكـی نـەواز. دەنگێـک كـە بـەس خـودی پیرەمێـرد ئەیتوانـی بزانـێ چییـە. بـەڵام كـەی گـرنـگ بـوو. وشـە، دەنـگ، یان هـەر شـتێكیتر، لـە لای پیرەمێـرد هیـچ كاریگـەرییەكـی نەبـوو. پارچەیەكـی زیادی بـوو كـە پیرەمێـرد لـە گیانـی خـۆی ئەكـردەوە و فڕێـی ئـەدا. وەک جووڵاندنـی لەپڕی دەسـتێک، بزواندنـی سـەر یان شـان ڕاوەشـاندنێک. بـۆ خـۆ لادان بـوو لـە هەڵچوون. خۆ پاراسـتن لـە تەقینـەوە. ئـای بـۆ مامـە خەمەیـەک!

هەتـاوی مانـدووی ئێـوارە، ڕەنگـی شـەرابی دابـوو لـە گۆنـا و تەوێـڵ و بەرزاییەكانـی ناوچـەوانـی كەلمیشـی. ئەشـتوانم بڵێـم بـە ڕەنگـی گۆزەیـەک، بـۆ جـاری دووەم لـە نـاو كـوورەدا سـوور كرابێتـەوە. ڕەنگـی مسـی سـوور. پیرەمێـرد چاوەكانـی هێنابوویـە یـەک، چینـی سـیلەی چاوەكانـی تەنگتـر ببـوون و بـرۆ بۆرەكانـی داهاتبوونـەوە بـە سـەر پێڵوەكانـیدا. بێدەنـگ چـاڵ و بەرزییەكانـی ئەبـڕی و ئەڕۆیشـت و هێسـر، سـوارە لـە مێژینەكـەی خـۆی، بـە ڕێ و لاڕێ، هـەوراز و نشـێو، قـەراخ چـەم و یاڵـی گـردا لـە سـەر پشـتی هەڵگرتبـوو و ئەیبـرد. هێسـر ڕێگەكـەی ئەناسـی و پیرەمێـرد ئەوەنـدە دەربایسـی دەور و پشـتی نەبـوو.

سـێبەری درێـژ، نەرمـە نەرمـە هەتـاوی گەسـک ئـەدا و ئەیرژانـدە نـاو دۆڵـە لێڵەکانـی ئەوبـەری کەلیـدەرەوە. کەلمیشـی لەپـڕ هەسـتی بـە داچوونـی خـۆر کـرد. هـەم هەسـتی بـەوەش کـرد بـە سـواری هێسـرەکەیەوە لـە تەختایـی بیابانـدا بەتـاق کەوتـووە. بڵاوبوونـەوەی سـێبەر بـە سـەر بیابانـدا و -ئـەوەی کـە سـێبەر ناوبەنـاو ئەبـێ بـە سـێبەرتر، لێڵتـر و قورسـتر ئەبـێ و؛ گەردیلەکانـی هـەوا زیاتـر تـاڵ ئەبێـت و تـۆخ ئەبێـت و شـەو بـە هەمـوو تارمایـی و ترسـە شـاراوەکانی خۆیـەوە ڕۆینـە ئـەکا و تەنـوورە ئەکێشـێ. پیـاو هـەر چەنـدە کۆنـەکار و دنیادیـدەش، دیسـانەوە -ئەگـەر بـۆ سـاتێکیش بووبـێ- هەسـت بـە تەنهایـی ئـەکات.

شـەو و بیابـان و پیـاو. پیـاو و بیابـان و شـەو. نزیکتریـن دەنگ لـە شـەودا، دەنگـی هەناسـەی چوارپێیـە لـە ژێـر ڕانـی پیـاودا. بۆیـە لـە بێدەنگـی و تاریکـیدا لەگـەڵ ولْسـاتەکەی ئەبـێ بـە هـاوڕێ. بەرزیـی و نزمیـی ڕێ تێپـەڕ ئـەکات و هیوابـڕاو نیـگای -بەهیـوای دۆزینـەوەی ئاشـنایەک- بـە دژواریـی بـە نـاو تاریکایـی شـەوەزەنگدا ئەگەڕێنـێ و گوێـی -بـە نائومێـدی- بـە ئومێـدی بیسـتنی دەنگـی ئاشـنا بـە شـەودا هەڵئەواسـێ و؛ دڵـی خـۆی بـە هیـوای بینینـی ئاشـنا ئەداتـەوە. بەڵکـوو نیشـانەیەک لـە دوورەوە، لـە نادیارتریـن دوورەکانـەوە بـەرز بێتـەوە و ڕایچڵەکێنـێ. ئـەم نیشـانەیە ڕەنگـە زەنگۆڵـەی ملـی تەگەیـەک بـێ. زەنگۆڵـەی ملـی گازڵـی گوڵمحەمـەد.

پێشـڕەوە زەنگەگازڵ؟

ڕانەکـە ڕەنگـە لـە پەنـای ئـەم گـردەدا پـەرش و بڵاوە و هـەر مـەڕە و -مرواریيەک- بـە سـەر سـینەی گردەکەدا نەخش کراوە. بەگمحەمـەد، مانـدووی بیابانگەردیـی، ڕەنگـە لـە پەنایەکـدا پاڵـی داوەتـەوە و ئانیشـکی داداوە و دار و توربێنەکـەی لـە لایـەوە دانـاوە و کاکۆڵـی لـە ژێر کڵاوەکەیەوە بەرداوەتەوە و سـەری داوەتە دەس

با. ڕەنگیشە ڕان وەحەساوە و بەگمحەمەد دەرفەتی ئەوەی دەسکەوتووە، چگوورەکەی بخاتە سەما و دەنگ هەڵبڕێ. هاودەمی بەگمحەمەد چگوورەکەی بوو، جۆگەلەی ڕژاندنی دڵتەنگیەکانی؛ هاواری هەمان.

نەوات خۆش بێ، بەگمحەمەد!

لە ناو کوڕەکانی کەلمیشیدا بەگمحەمەد چکۆلەترین و خانمحەمەد گەورەیان بوو. گوڵمحەمەد ناونجی بوو و کچەکەشی، ئەم شێرۆیەی -هەواڵی مەرگی بهێنن-بنکۆڵیان بوو. کەلمیشی بەدەستی ئەم مێیینەوە هاواری بوو. نەک ئەوەی کچە بەگوێی باوکی نەکات. نەء. هێشتا لەوە کەمتر بوو کە بتوانێ سەرکێشی بکات. بەڵام باوک بوو و لە ڕەنگاڵەی نیگاکانی کچەکەیەوە ئەیتوانی ئەوە بزانێ کە کچەکەی یەکڕوو نییە، نائارام و ڕەمۆکە. ڕواڵەتێکە و سەد ناواخن. ئەیتوانی تێبگات ڕازێک لە کار و کرداریدا هەیە. پێچێکی تیایە. قاڵنگەیەکی ئاڵۆسکاو و سەر نادیارە. بۆ ئەمە بوو، ئەگەر میهری باوکانەی کەلمیشی بەرامبەر بە شێرۆ بە تاڵی و دڕدۆنگیەوە ئاوێتە ببوو. بەس بە پێی خووی باوکانە خۆشی ئەویست، بەڵام شانازیی بە بوونیەوە نەئەکرد. بە شانازییەوە نەی ئەتوانی تێی بڕوانێ. چەند شکۆدارە پیاو بتوانێ لە هەموو هەڵسوکەوتێکی ڕۆڵەکەی شایی بە خۆیدا بێتەوە. ئەمە ئارەزووی کەلمیشی بوو. بەڵام شێرۆ، بە ڕەفتار و بە کرداری، بتەوێ و نەتەوێ پیرەمێردی لەو دڵخۆشیە بێبەش کردبوو. نەک بە ئەنقەست، بەڵکوو بە خووی سروشتی خۆی وای کردبوو. بەڵام لە تەنیشت شێرۆوە، بەگمحەمەد، دڵخوازی کەلمیشی بوو. دلاوەرێک بوو ئەو بۆخۆی. ئارام و بەکاکڵ. ڕەنجدەر و میهرەبان. شارەزای کار و عاشقی ڕان. بەجێ تووڕە و بەکات ڕووخۆش. خۆشی ئەچڕی و خۆش چگووری ئەژەند. دڵڕفێن و هەست بزوێن. کەمتر لایەنگری ڕقەبەری و زۆرتر

دۆستی خواز. سادەدڵ و بێ پێچ و پەنا. نیگەران بوو نەکا دڵی کەس لە خۆی بڕەنجێنێ و بیڕەوێنێ. بەردەوام چاولەبەر بوو نەکا ڕانەکەی باریکەیەک لە دێمەزاری جووتیارێک بڕنێتەوە.

لە سەرووی بەگمحەمەدەوە، گوڵمحەمەد بوو. کەمدوو و کەم بیس. ناوچاو داخراو، وشیار، تیژبڕ و دێرجۆش؛ وەکوو پڵینگ. پیاوێک لەو جۆرەی ئەو شتەی بیویستایەت بەدەستی ئەهێنا. دەرفەتی بەوە نەئەدا نێوان بیرکردنەوە و کرداری ماوەیەکی درێژ بخایەنێ. خۆڕاگر و گیان سەخت. کەلمیشی بە ئاشکرا ئەیبینی کە جەنگ، نیگای کوڕەکەی ئاوەژوو کردووە. شتێکی تازەی لەگەڵ کەوتبوو. شتێک بە ناخیەوە لکابوو؛ کە بۆ کەسوکاری نەوازە بوو. چ جایە گوڵمحەمەد خۆشی نەی ئەناسی. بەڵام کەلمیشی لانیکەم ئەیتوانی لەوە تێبگات کە شتێک لە گیانی کوڕەکەیدا جووڵاوە. چاوەکانی گوڵمحەمەد -بەو جۆرەی کەلمیشی ئەیبینی- دۆخێکی لەدەس دابوو و ڕواڵەتێکی تازەی پەیدا کردبوو. ئەم نیگایە، ئیتر ئەو نیگایەی سێ ساڵ لەمەوبەر نەبوو. کارامە و پێگەیشتوو بوو. پسپۆڕ و چالاک. پیرەمێرد ئەیتوانی وا بیر بکاتەوە گوڵمحەمەد، لە خولی دوور کەوتنەوەی لە ڕان و خێڵ و خێوەت، بە هەندێ بۆچوونی نوێ گەیشتووە. بەڵام ئەو بیر و بۆچوونانە چی بوون، بە چ ئاراستەیەکدا ئەڕۆیشتن، بۆ پیرەمێرد لێڵ و ون بوو.

مەزنترین نێرینەی کەلمیشی، خانمحەمەد بوو. پیاوێکی سی و پێنج ساڵان. باڵابەرز و دژخوو. پارچەیەک ئاگر. تیژ و تاڵ و بەدجۆش. بە بچووکترین نارەوا وەکوو فیشەک ئەچوو بە حەوادا. کەلمیشی ئەم هەڵچوونەی خانمحەمەدی بە میراتی دایکی ئەزانی. جارێک ژنی هێنابوو و بەری دابوو. هەر چی هەبوو و نەبوو لەبری مارەیی دابووی بە ژنەکەی و دەری کردبوو بە بێ ئەوەی تەڵاقی دابێت. ئەوە چەند ساڵێک ئەبوو بە تەنها ئەژیا و هاوپێی خاڵۆی، مەدیار بوو. ئەوان

لە نزیکایەتی خاڵۆ و خوشکەزا لێک نزیکتر بوون. دوو هاوڕێ بوون. کورتانی هەر دووکیشیان خوار بوو. کرداریان لە چاوی هەر کەس شاراوە بوایەت، لە کەلمیشی ئاشکرا بوو. ئەم دووانە، خاڵۆ و خوشکەزا، دەستیان بۆ سامانی بێگانە ئاواڵە بوو. بێپەی و بێباک بوون. تا ئەو ڕادەیە ئەچوونە پێشەوە، کاتی نیاز، لە تالانکردنی ئاژەڵی ئەم و ئەو -بەدوور لە بنە و ڕەوەندی خۆیان هەڵبەت- درێخییان نەئەکرد. خانمحەمەد بە تاوانی یەکێک لەم تالانانە لە حەپسدا بوو. ئەو ئەگەر وەکوو ئەوانیتر، خووی بدایەتە کار و ژیانی ئاسایی، بە دوور لە هەڵچوونە بەناوبانگەکەی، ئێستە ئەبوا کوڕێکی گەورەی هەبوایە بچوایەتە بەر ڕان. نەک مناڵێکی بێبار، وەکوو تەموور! پاش تەمەنێک، لە سامان و لە خێزان، نە سنگی خێوەتێکی هەبوو و نە تۆپەڵە قوڕێک مەلێکی لە سەر بنێشێتەوە. خۆی بوو و چۆخەی بەری.

کەلمیشی بە ڕوونی نەی ئەزانی چ هەستێکی بەرامبەر بەم کوڕەی هەیە و چۆن بیرئەکاتەوە دەربارەی! داوەرییەکەی لە سەر خانمحەمەد لێڵ و ئاڵۆز بوو. نە زۆر بەدڵ خۆشی ئەویست، نە لێی بێزار بوو و نە دڵی پێی خۆش بوو. بەڵام لە قووڵایی هەموو ئەم ناڕوونیە پارە پارەیەدا، هەستێکی مەزن شاردرابوویەوە. شتێک کە مایەی شانازیی پیرەمێردی خێڵاتی بوو: سەری نەترس و دڵی بێباکی خانمحەمەد! گورگ گەر هەبوو، خوودی ئەو بوو! هەر وەها ترسەنۆک و نینۆک وشک و بەرچاو تەنگ نەبوو. دەستی بۆ ماڵی هەژار و هەتیو نەئەچوو. ڕەوشتی کرێتی نەبوو. ڕەنگیشە کەلمیشی حەزی نەئەکرد نزمیی لەو بابەتە لە کوڕەکەیدا ببینێ. ڕیخۆڵەی ڕاست لە ورگی هیچکەسدا نییە. ئەوەی هەیە، ئەوە نییە هەموو کەس ئەی بینێ. خانمحەمەد و مەدیار هاوڕێ و هاوتەمەنی یەکدی بوون. ڕۆژگار وای ویستبوو بچووکترین برا و گەورەترین کوڕی

بڵقیس هاوپێی یەک لەدایک ببن. بۆیەش بوو کەلمیشی لای خۆی بیری ئەکردەوە کە غەمی خوێنی مەدیار لە هەموان زیاتر لە سەر دڵی خانمحەمەد ئەنیشێ. چونکە ئەو نەک مەدیار، بەڵکوو هاوڕێ و هاوپشتی خۆی لەدەس دابوو.

خەیاڵ کەوشەنی بۆ نییە. ئەویش کاتێکە مایەی خەیاڵی باوک، مناڵەکانی بێ. سەرەڕای ئەمەش دەنگی زەنگی گازڵی گوڵمحەمەد ڕشتەی بیری پیرەمێردی پچڕاند. کەلمیشی لە بان گردەکەوە چاوی بڕییە ڕانەکە و پەیکەری بەگمحەمەدی بینی خەریکی خڕکردنەوەی پەزەکان بوو. بەگمحەمەد ڕانەکەی ڕێکخستبوو و ئەیویست لە باریکەی نێوان دوو مەزرای دێمەکاڵەوە تێیان بپەڕێنێ. بەگمحەمەد هەوڵێکی زۆری ئەدا و بە قیژە و هەر ا تێ ئەکۆشا پەزەکان بپەڕێنەوە بە بێ ئەوەی گەنمەکان بشێلن. کار، دەرفەتی بۆ چاک و خۆشی و وتووێژ نەئەهێشتەوە. پیرەمێرد لە هێسرەکەی هاتە خوارەوە، هەوسارەکەی خستە ملی مینەگەکە و دار لە سەر دەست چوو بۆ یارمەتی بەگمحەمەد. بەگمحەمەد بە بێ ئەوەی سەیری باوکی بکات، یان ئێوارەباشی لێبکات، لە دوورەوە هاواری کرد:

ـ پاشیان بگرە، بابە. ئاگات لە تەگەکەی خانئاپۆ بێ. چاو بنێیت بە یەکا پۆلێک بزن بە دوای خۆیا ئەبا بۆ ناو دێمەکە. جسنی خراپە بیژوو!

کاتێکە ڕان لوول ئەبێ و «لەوەڕان»ی ئاسایی و قورس، جێگەی خۆی ئەدا بە سم کوتانی توند و خێرا، لبادێک لە خۆڵ ئەچێ بە حەوادا و ڕانەکە وەها لە تۆزدا ون ئەبێ کە لە دوورەوە هیچ دیار نییە مەگەر گەردەلوولێکی تۆز و خۆڵ. پەیکەری شوانەکەش تەنانەت لەم گێژەڵووکەیەدا ون ئەبێ. تۆز و خۆڵ، زەنگی ڕانەکە گەڕ ئەکا و پەز مل لە ملی یەک ئەکوتن و یەکپارچە خۆی پیا ئەدەن.

ران دەستە بوو و خەریک بوو لوول ئەبوو.

قیلە و قولە، باوک و کوڕ ڕانەکەیان لە دەرووەکە دەرباز کرد و لە درێژایی بەستێنی چەمەکەدا مۆڵیان دان. پاشان پێکەوە چوونە بن دارێک و دانیشتن. کەلمیشی نانەکەی بەگمحەمەد و نواڵەکەی "بەبراو"، سەگی ڕانی لە توربێن دەرهێنا و لە بەردەمیانا دانا. بەگمحەمەد نواڵەکەی هەڵگرت و پارچە پارچە هاویشتیە بەردەمی سەگەکە کە لە سەر قاچەکانی دانیشتبوو و کلکی ئەدا بە عەرزا. پاشان تیکلەکەی لە توورەکەکە دەرهێنا و لە باوکی پرسی:

ــ خۆ نان ئەخۆی؟

بۆچی نەخوات؟ بەگمحەمەد لە سەر ئەژنۆی سووڕا و لنگی یەکەم بزنی ڕاکێشا و تیکلەکەی لە ژێر گوانی بزنەکەدا ڕاگرت و دەستی کرد بە دۆشین. پیرەمێرد هەر وا لە بنەوە سەیری کوڕەکەی ئەکرد و نەی ئەزانی چۆن سەری قسە بکاتەوە. چڵە باڕێزەیەکی لە ناو پەنجە پان و ئەستوورەکانی گرتبوو و ورد وردی ئەکرد. وردەکانی باڕێزەکەی بە نووکی پەنجەکانی ئەگووشا، نەرمی ئەکرد و ئەیوەراندە سەر عەرزەکە. پاش تۆزێک بەگمحەمەد بە کیتەڵەی شیرەوە گەڕایەوە. بەرامبەر بە باوکی دانیشت و لە کاتێکا مەشکەی خەستەکەی لە بنی توربێنەکە دەرئەهێنا وتی:

ــ مەڕەکان خەریکن وشک ئەکەن، بابە.

کەلمیشی وتی:

ــ وەرزیش خەریکە کۆتایی پێدێ کوڕم.

بەگمحەمەد سەرێکی ڕاوەشاند و سووچێکی دەمی مەشکەکەی دایە دەست باوکی. سووچێکیشی بە دەستی چەپی خۆی گرت. کیتەڵەی شیرەکەی کردە ناو مەشکەکە. کیتەڵەکەی دانا. ملی مەشکەکەی توند بەست و وەکوو مناڵێکی مەلۆتکەکراو گرتی بە دەستیەوە و کەوتە ژەندنی.

شـیرەکە ئەبوا لـە ماسـتە خەسـتەکە وەربـدرێ و تـام وەربگـرێ. کەلـمیشـی چارۆکـەی نانەکـەی کـردەوە. نانەکـەی لـەت کـرد و پارچەکانـی کـردە نـاو باییەکـە. بەگمحـەمـەد دەرگـای مەشـکـەی کـردەوە و شـیرەکەی کـرد بـە سـەر نانەکـەدا؛ بـەڵام پێـش ئـەوەی تۆپەڵـەی خەسـتەکە بکەوێتـە خوارەوە، پەتەکـەی تێ‌پێچایەوە و خسـتیەوە توربێنەکە. چۆکـی دادا و بە سـەر قاپەکەدا دانەویەوە و پەنجـە ڕەشـەکانی تێخسـت بۆ تێکەڵکـردن. کەلـمیشـی پیـش ئـەو دەسـتی پێکردبـوو.

کاتێکـە دوو پیـاو تێگوشـینی شـیر و تـۆراخ ئەخـۆن پێکـەوە، بۆ هیچکامیان کارێکـی لـەوە پێویسـتتری نییە کە وەڵامـی پارووی خەنیـم بـە پارووەیەکـی زلـتـر بداتـەوە. کـە وا بـوو هـەر دووک تا دوا تیکـە تێگوشـینیان خـوارد بـە بـێ ئـەوەی وتووێژیان لـە چەند وشـە تێپـەڕ بکـات. دوا پـاروو کەلـمیشـی هەڵیگـرت، بنـی قاپەکـەی پـێ لسـتەوە. تەڵـە پووشـێکی لێکـردەوە و کـردی بەبـن ددانەکانیـا. قاچـی لـە ژێـر ڕانـی‌دا مێرووڵـەی کردبـوو. کەلـمیشـی قاچـی لە ژێر ڕانـی دەرهێنـا و لـە سـەر عـەرزەکـە ڕایکێشـا. ڕوخسـاری کابـرا بە گـزگـزی قاچـی تێکچـرژا و دەنگێـک لـە بـن گـەروویـەوە دەرپـەڕی. بەگمحـەمـەد لـە بنـەوە پێکـەنـی و کڵۆیەکـی گرتـە تەگەکـەی خانئاپـۆ و بـە هـای و هـوو وتـی:

ــ کەی دائەکەوێ ئەم بەرازە؟!

ڕوخسـاری زبـری پیرەمێـرد لـەو گـزگـزەی لـە دەمارەکانـی‌دا پەیـدا ببـوو، هاتبـۆوە یـەک و پێسـتـی گووشـرابوو. بەگمحـەمـەد نەیتوانـی لـە بینینـی خێـچ و خوارکـردن و دەموچـاو تێکنانـی پیرەمێـرد پێـش بـە پێکـەنینەکـەی بگـرێ. دای لـە پرمـەی پێکـەنین. پێکـەنینەکـەی ئـەو پیرەمێردیشـی خسـتە کـەنین. هـەر دووک پێکـەوە پێکـەنین. قاقـا! بەگمحـەمـەد بـە گاڵتـە، قاچـی لە قاچـی باوکـی نزیـک کـردەوە، پیرەمێـرد لـە ترسـانا پێـی کێشـایەوە و بـە سـەر عـەرزەکەدا تلایەوە و خـۆی لـە بەگمحـەمـەد دوور خسـتەوە.

بەگمحەمەد هەر وا پچڕ پچڕ پێئەکەنی و داردەستەکەی وەکوو مار بۆ لای قاچە خەوەتووەکەی باوکی ئەخزاند. پیرەمێرد لەپەسا پێئەکەنی و ئەتلایەوە و لەسەریەک ئەیوت:

ـ مەکە، مەکە، کوڕە مەکە. بێپیر مەکە، مەکە...

بەڵام چەندە پیرەمێرد زیاتر لە پێکەنیندا خەریک بوو غەشی ئەکرد، ئەتریقایەوە و خۆی ئەسووڕاند؛ بەگمحەمەدی جەوان یاخیتر ئەبوو و سەری دارەکەی زیاتر ئەهێنا بە ژێر پێی باوکیدا. کەلمیشی ئەوەندە پێکەنیبوو ئاو بە چاویا ئەهاتە خوارەوە. پیرەمێرد چارەی بۆ نەما جگە لەوەی سەری دارەکەی بەگمحەمەد بگرێ. سەری دارەکەی بە هەر دوو دەست گرت و ئەژنۆی ڕاستی، کۆڵەکەی لەشی، کوتا بە عەرزا و پێچاندی تا دارەکەی لەدەستی جەوانەکەی دەرهێنا. پسپۆڕ؛ بە پێچ و خولێکی توند، لەشی بەگمحەمەدی لوول کرد و دارەکەی لە ناو دەستەکانی دەرهێنا و خستیە ژێر پێی. بەگمحەمەد کە لە زۆرانەکەدا بۆ لایەک تل ببوویەوە، خۆی کۆکردەوە و پاشماوەی پێکەنینەکەی بە شەرمەوە لە ڕوخساری کاڵ بوویەوە. سەرەڕای ئەمەش بۆ ئەوەی خۆی لە شەرتوشۆ نەخستبێ، وتی:

ـ دیسانیش ئەو فرەت لێدام! ئاخرەکەی ئەبێ فێری ببم.

کەلمیشی دارەدەستی کوڕەکەی بۆ حەوا دا و بە هەناسەبڕکێ وتی:

ـ خۆم فێرت ئەکەم، بەڵام نەک ئێستە، بەڵکوو ئەوکاتەی کە خۆم ئیتر نەتوانم بەکاری بهێنم!

بەگمحەمەد وتی:

ـ میراتم ناوێ، خۆشیەکەی لەوەدایە لێتی بدزم.

کەلمیشی گەنجەکەی شەمزاندبوو و هەستی کرد خۆی ڕەنجاندووە. حەزی ئەکرد نەی توانیبا دارەکە لە دەستی بەگمحەمەد دەربهێنێ. بەڵام دەری هێنابوو. ڕێی گەڕانەوە

نەبوو. ئەگەریش هەبوو، کێ چووزانێ پیرەمێرد دیسانەوەش لە خۆی ئەبورد؟

بەگمحەمەد بە بیانووی هەڵگرتنی کیتەڵە و قاپ پشت بە باوکی دانیشت و خۆی بە توورەکە و کیتەڵەوە خەریک کرد. دوو پیاو: باوک و فرزەن لێک دوور کەوتبوون. هەوڵێکی ئەویست بیانخاتەوە یەک. کەلمیشی بەسەبرتر لە گەنجەکەی زیاتر لە بەر بێدەنگی تاوی ئەهێنا. سەری داخست و ئانیشکی دادا. بەگمحەمەد، ئەبوا شتێک بڵێ، ئەگینا دڵی ئەتەقی. بێئاگا و بە بێ ئەوەی ویستبێتی دەنگی هەڵێنا:

ــ ئەی سەبراو کوا؟ ئەمە کەی شێوەی هاوڕێیەتیە؟ ئەوە دوو شەوە نەهاتۆتە سەر ڕان! کەس نازانێ کوڕی حاجی پەسەند بۆ کام دۆزەخی برد؟

کەلمیشی وتی:

ــ ڕەنگە ئەمشەو بێت.

بەگمحەمەد بە ڕووی باوکیا هەڵگەڕایەوە:

ــ مەگەر تۆ لای ڕەشماڵەکانەوە نایەی؟ ئەگەر بیویستایەت بێ، لەگەڵ تۆ ئەهات!

کەلمیشی وتی:

ــ ماندووی ڕێگەی شەو بوو.

بەگمحەمەد پرسی:

ــ کوڕی حاجی پەسەند بۆ کوێی بردبوو؟ هات بۆ ئێرە، چرپاندی بە گوێیدا و لەگەڵ خۆی بردی! ڕەنگە تا ئێستەش لە تالان نەگەڕاونەتەوە؟

ــ بۆ تالان نەبووە. لە بەر دڵی خالۆ مەدیارت بووە.

ــ کە چی ببێ؟

ــ ڕۆیشتوون کچەکە لە چوارگوێشلی بهێنن. مەدیار ویستبووی ئەو کارە بکات.

ــ دەی، پاشان؟

ــ براکەی تۆ، گوڵمحەمەدیش بەشدار بووە.
ــ باشە، پاشان؟ ئەنجام؟
کەلمیشی تۆزێک ڕاما، پاشان سەری هەڵێنا و چاوی بڕییە چاوەکانی کوڕەکەی. مانگەشەوی لێڵ دابووی لە ڕوخساری بەگمحەمەد و چاوە جوانەکانی وەکوو دوو چاڵی ڕەش سەیری پیرەمێردیان ئەکرد. وەڵامیان ئەویست. کەلمیشی چشی لێکرد و لێوی بزواند:
ــ ئەنجامی دڵتەزێن!
بەگمحەمەد بە پەلە قسەکەی باوکی بڕی و وت:
ــ کاکەم هیچی بە سەر هاتووە؟
ــ نەء!
ــ ئەی؟
کەلمیشی وا بە جەختەوە وتی «نەء» وەکوو بڵێی بە خۆشی ئەڵێ. دڵی بەگمحەمەد ئارام بوو. کەلمیشی لەوە پاش بە هێوری و بە قورسی زمانی هەڵبڕی و ئەوەی بیستبووی بۆ کوڕەکەی گێڕایەوە و لە کۆتاییشدا داوای لێکرد کە ئەو ڕازە -ئەبێ- نەچێتە دەرەوە:
ــ هەمان شەو ناشتوویانە. یەکێک لەوانەی چوارگوێشلیش کوژراوە.
بەگمحەمەد وەک ئاگرێک کە دائەمرکێتەوە، بلێسەی لە چەم و چینی نیوسووتەکاندا شاردەوە و لە بەر چاو ون بوو. خۆڵەمێش. چڵە نیوسووتە وشک و قرچاوەکان تێکشکان و هەڵوەرین و لە ناو خۆڵەمێشدا شاردرانەوە. هەموو شت ئارام بوو. بەو جۆرەی ئەتوت ئەم ئاگردانە قەت نەگڕاوە. سەری خنبوویە ناو شانیەوە و چاوی لە خاکی شەوی نووتەک بوو. لێک گرێدراو و خامۆش. دیار نەبوو چی لە ناخیدا تێئەپەڕێ. باوک سەیری ئەکرد. ئەتوت سەیری سندانێک ئەکا. نەی ئەزانی ئەبێ بڵێ چی؟ جەربەزەی لێو بزواندن. ئەویش سەرەڕای

ئـەو هـەمـوو دەسـتـەنگیـەی لـە ئاخـاوتـنـدا. بـە باشـتـری زانـی هـەر وا بێدەنـگ بـێ و لێبگـەڕێ ئـەو کوانـە خـۆی دەم بکاتـەوە. نـەکـا قسـەی پیرەمێرد ببێتە نەشـتـەرێک و خوێن لـە دڵـی بەگمحـەمـەد فیشـقـە بـکـات. بۆیـە بێدەنـگ بـوو.

پۆپەشـمینەی شـەو لـە پەیکـەری پیاوەکان ئاڵابـوو و ئـەو دووانـە تەنهـا تارماییەکـی یەکدیـان ئەبینـی. دوو پیـاو لـە لای یەکـەوە لـە سـەر عـەرزەکـە دانیشـتبوون. دوو بـەرد لـە تەنیشـت یەکـەوە لـە سـەر عـەرزەکـە دانیشـتبوون. بـەرد، بـەڵام تـاوی ئەهێنا. خـۆی لەبەرامبـەر باڕێـزەی ئاسـمان و تیشـکی هەتـاو و سـەرمای نیوەشـەواندا ڕائەرگـرت. بـەرد لـە سـەر جێـی خـۆی نووسـتبوو. نەجـووڵان سـروشـتیەتی. ئەتوانـێ تـا کۆتایـی دنیـا بێدەنـگ دانیشـێ. بـەڵام مـرۆڤ؟ لێـدان و جـووڵان بـۆ تاوێکیـش لێـی ناگـەڕێ. شـتێک، شـتێکی ناسـراو و نەناسـراو هـەمیشـە لـە دەروونـیدا هـەڵئەقوڵـێ. هـەڵچوونەکـەی ناتوانـێ بۆ هـەمیشـە بشـارێتەوە. تاوهێنـان و بەردەوامبوونـی کـەش و سـنووریکـی نییـە. کۆتاییەکـەی سـەرڕێژ ئەبـێ و فیشـقـە ئـەکا. وەکـوو کانـی هـەڵئەقوڵـێ. یا خـود ئـەوەی ئـارام، ئارامتـر، دڵـۆپ دڵـۆپ، مایـەی دڵـی هـەڵئەڕژێنـێ. بـە ئەسـرینێک، بـە وشـەیەک، بـە هـاوارێـک. بـە تیژایـی خەنجـەرێک، بـە تیرێـک یان بـە تەقەیـەک.

کـەلمیشـی لـەم کاتـەدا چاوەڕوانـی کاردانەوەیـەک بـوو لـە لایـەن لاوەکـەیـەوە. تۆ بلێـی چـی بڵـێ؟ چـی بـکا؟ بەگمحـەمـەد، نەرمـە تەکانێکـی دا. موچڕکـە. لـەو بابەتـەی پێسـتی عـەرز لـە کاتـی ڕوانـی گیـادا لـەش ئەبزوێنـێ. بەگمحـەمـەد سـەروملی لـە نـاو شـانەکانیەوە هەڵێنـا و ڕووی کـردە باوکـی. پێسـتی بـۆر و زبـری داگیرسـابوو، تێکنرابـوو و تـووڕە بـوو. نوێنـەرەوەی گـڕی دەروون. هـۆشـی زیاتـر لـە لای خـۆی بـوو. تـا ڕادەیـەک کـە ئەگـەر پیرەمێـرد لـە بەرامبەریـەوە نەهاتبـا، پێـی نەئەزانـی. کـەلمیشـی لـەکاتێکا مـەڕەکانـی لـە سـەر ڕێـی خـۆی لائـەدا، هاتـە پێشـەوە و

لای بەگمحەمەدەوە وەستا و وتی:
ــ لە بیرم چوو پێت بڵێم گوڵمحەمەد پەیامی بۆ ناردووم ئەبێ بچم بۆ دەرزیوەر. ئەڵێی لە درەوی دێم ماندوو بووە. ڕەنگە ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕەشماڵەکان، بۆ لای ڕانەکە. ئەترسم قسەی شەوی دی لە شوێنێک باس کرابێ. لە سەرێشەکەی ئەترسم.
بەگمحەمەد قورسایی خۆی لە سەر دارەکە هەڵگرت، ئەو هەناسەی لە سینگیدا حەپسی کردبوو دایە دەرەوە و وتی:
ــ ئەی بۆ وەستاوی؟ دە بڕۆ ئیتر!
ــ وتم... وتم چوارپێکە... پشوویەک بدات.
بەگمحەمەد سەرنجی دایە ئەو سوارەی بە داوێنی گردەکەدا سەر بەرەوژێر بۆ لایان ئەهات. سوار و ئەسپ لە بەر تریفەی مانگدا وەک تارمایی ئەهاتنە پێش. ڕەگەیەکی تۆخ و ڕەوان. بە ئارامی ئەهات و لەپەسا لێیان نزیک ئەبوویەوە. کەلمیشییش چاوی لێی بوو:
ــ سەبراو!
ــ ئەبێ خۆی بێ. ئەگەر ئەتەوێ بڕۆی، ڕێکەوە ئیتر. بۆ وەستاوی؟
کەلمیشی، شتێکی ئەویست بڵێ، قوتی دایەوە و دەسکەوساری هێسرەکەی ڕاکێشا. لە ڕانەکە چووە دەرەوە و لە لای بەردێکەوە ڕایگرت و سوار بوو. هێسرەکە کەوتە ڕێ، کەلمیشی ئاوڕی لە بەگمحەمەد دایەوە و هاواری کرد:
ــ پەیامێکیت نییە؟
بەگمحەمەد دارەکەی هەڵسووڕاند بە دەور سەریدا و وتی:
ــ بە دایکم بڵێ دەرفەت بکەم دێم بۆ سڵاو کردن.
پیرەمێرد لە ڕانەکە دوور کەوتەوە و لە شەودا ون بوو.
ناوقەدبڕ ئەچوو بۆ "عەولا گیو"، لە سەر ڕێی قۆچان.

لـه عـەوڵاگـیـو بـۆ سـولّتاناوا. سـێ ڕێیانـی سـەبزەوار - قۆچـان - نەیشـاپوور. لـە سـێ ڕێیانـی سـولّتاناوا ئەبوا بچـێ بـەرەو نەیشـاپوور. پێـش ئـەوەی بـگا بـە هیمەمەتئـاوا، دەرزیـوەر لـە ژێـر خـۆردا کـەوتبـوو. بێگانـە و نـادار.

کـەلمیشـی، هێسـرەکـەی بەردابوو. هێسـر بـە چاڵ و بـەرزی ڕێگـەکـە، لـە باریکـە ڕێیەکـەوە ئـارام ئـارام، بـە تۆراویـی پێـی هەڵئەگـرت و ئەچوویـەوە بـۆ ماڵـەوە. ئاشـنا و خووگرتـە، هێسـر ئەڕۆیشـت و کـەلمیشـی ئەگـەر بشـخـەوتایەت، هێسـر یەکراسـت تـا بـن دیـواری ماڵـەوە لـە دەرزیـوەر ئەیبـرد و لـەوێ دای ئەنا.

کـەلمیشـی دەسکەوسـارەکەی لـە مەچەکـی ئاڵاندبـوو و پێـی کـردبـوو بـە ئاوزەنگیەکـەدا کـە خـۆی بـە گوریـس دروسـتی کـردبـوو. هەنیـەی نابـووە سـەردەسـتی و دەسـتەکانی لـە سـەر کـەلەگـی کـورتانەکـە دانابـوو، چاوی لێـک نابـوو و خـەوی لێکەوتبـوو. پیرەمێـرد سـەرانسـەری دەشـتەکەی پەڵـە پەڵـە لـە خـەودا تێپـەڕ کـردبـوو. کازیـوەی زیوینـی نەیشـاپوور. ڕەنگدانـەوەی بـە سـەر دەشـتـی ماروووسدا ئەپژانـد. زەلاڵیـی بەیانـی وەکوو ئـاوی سـازگاری کانیـەکان لـە قەراخـی ڕۆژهەلاتـەوە هەڵئەقوڵێـت و ڕووناکـی شـینباوی خـۆی بـە سـەر عـەرزدا ئەبارێنـێ. خەڵکـی دەشـتەکـی بـەو هەوایـە ئەڵێـن «تاریـک و ڕوون». ڕوونـە، بـەلام تەمـاوی و لێڵـە. تاڵـە، بـەلام ڕووکـراوە و دڵرفێنـە. زیوینێکـە دەم بـە دەم ڕەنـگ ئەگـۆڕێ و ئەبـێ بـە شـیری. کاتێکـە شـەو لـە پانتایـی بەیانـیدا ون ئەبـێ و لێـک هەڵئەبـڕێ. بڵێسـەی زیوینـی خـۆر، ئارام ئـارام لـە پەنـای کێـوی دووبرارانـەوە سـەر دەرئەهێنـێ. بەیانی تیرێژی بەوەجی لـە گیانی تاریکی ئەگرێ و بە گوشـارێکی بەتـەوژم قاپـووڕی ئەترەکێنـێ و بەهەوڵدانێکـی بـەردەوام، پاش ئـەوەی شـەو تێپەڕئـەکات، لەدایک ئەبـێ کـۆرپـەی بەیـان. لـە سـەر دەسـتی بەیانـی، پەلـەوەر کەوتوونەتـە باڵەفـڕە. کەرەواڵـە

و چۆلەکـە، پێکـەوە سـروودی بەیانـی ئەخوێنـن. کۆمـەڵ کۆمـەڵ.
جوانتر لە بەیانیی دەشتی نەیشاپوورمان... ئایە دیوە؟!
کەلمیشـی سـەری هەڵێنـا، چـاوی لـە دەوروبـەری کـرد و پاش ئـەوەی شـوێنەکانی ناسـیەوە، هاتـەوە بـە خۆیا، لەشـی ئازاد کـرد و قیـت بوویـەوە. کڵاوەکـەی ڕێـک کـرد و بە باوێشـکێک داگیراویی زرەخـەوی ڕەوانـدەوە. دەشـتی نەیشـاپوور تـا دوورتریـن بەرەگـەی ڕوانیـن، لـە ژێـر نیـگای دابـوو. ئەمـلا و ئـەولا، دوور و نزیـک، جارجـارە پیاوێـک، کڵۆیەکـی بـزۆز، بـە سـەر عـەزردا ئەخـزا و پـێ بـە پێـی کەرەکـەی ئەڕۆیشـت. هەنـدێ جـار کۆمەڵێـک پیـاو و ژن و منـاڵ و چوارپێکـەیان. بەجـێ و بێجـێ، تاقـە پیاوێـک لکابـوو بـە پارچـە زەوییەکـەوە، چەمابوویـەوە و کـاری ئەکـرد. خەڵکـی پەڕاگەنـدەی گوندەکانـی دەشـت، پارشـێو لەخـەو ڕاببـوون و ڕوو لـە زەوی، ڕوویـان لەخـاک کردبـوو.
درەو، کازیـوە ئەبـێ دەسـت پێـێ بـکا. ئەمـە نەریتێکـی کۆنـە. کاری درەو تاکـوو چاشـت بـەردەوام ئەبـێ. پاش ئـەوەش پـەنا بـۆ سـێبەرێک و گـۆزە ئاوێک و کـترییە چا و جگـەرەیەک. ئەی کەسـانی کەلمیشـی چـۆن بـوو هێشـتاش لـە مـاڵ نەهاتبوونـە دەر؟ دێمـە کارەکـەیان نیـوەکارە بـوو و کـەلمیشـی حـەزی ئەکـرد کاتێکـە بـە لای مـەزراکـەیدا تـێ ئەپـەڕێ، ژن و منـاڵ و بووکەکـەی ببینـێ کار ئەکـەن. لـە بـەر ئەمـەش ڕێـی بـەرەو کێڵگەکە لارکردبـۆوە. بەڵام ئـەوا لـە سـەر زەوییەکـە بـوو و هیچکەسـی لـەوێ نەئەبینـی. تاوێـک مایـەوە و هـەی کـرد لـە هێسـرەکە. تیرێـژی هـەتاو لـە نێـوان دووبرارانـەوە ڕووابـوو و کـەلمیشـی سـێبەرە درێژەکـەی خۆی لەبەردەمـیدا بینـی. واتـە خـۆر هەڵاتبـوو. بـە نەرمـە هـەورازی گردەکـەدا سـەرکەوت و تـل بوویـەوە: دەرزیـوەر.
هەتـاو دابـووی لـە بانـەکان و کڵاوڕۆژنـەی بانەکانـی ڕەنـگ کردبـوو. دوو سـێ ژن لـە سـەرچاوەی کارێزەکـە لـە هەڵسـە و دانیشـەدا بـوون. کەلمیشـی پێـی وابـوو ئەبـێ یەکێکیـان شـێرۆ

بێ. زیوەریش ڕەنگە لەوێ بێ. سەرەڕای ئەمانەش پیرەمێرد ڕێی خۆی بڕی. چووە ناو ئاوایی، لەپشت دیواری ماڵەکەیدا لە هێسرکە دابەزی. دەسکەوسارەکەی گرت بە دەستیەوە و چووە حەوشە. "بادی"، لۆکی گوڵمحەمەد لە سەر سفرەکەی چۆکی دادابوو و لە خەڵکی ماڵ کەس دیار نەبوو. کەلمیشی تاوێک وەستا، هیچ دەنگ نەبوو. ئەتووت هەمووان ماڵەکەیان بەجێ هێشتبوو و ڕۆیشتبوون. کەلمیشی ڕەشمەکەی خستە ملی هێسرەکە و چووە ژوورەوە. غەوارەیەک لەوێ بوو: ماراڵ. نیگای پیرەمێرد کەوتە سەر ڕوخساری کیژەکە. بلْقیس لە لایەکەوە دانیشتبوو، پانیەی سەری نابوو بەدیوارەکەوە و، پەنجەکانی لکاندبوو بە ناوچەوانیەوە، چاو و ڕووی داشاردبوو و -ماتەمین- بە ئارامی خۆی ڕائەژەند. بێڕەنگ و پرسەدار و خامۆش، ڕەنگی ڕەنجی لێ نیشتبوو، پاشماوەی قیژە و خرۆش و هاوارکردن. شوێنەواری جێنینۆک بە گۆنا ڕەش هەڵگەڕاوە داتەکاوەکانی بلْقیسەوە هێشتاش دیار بوو. ئەگەر ئارام بوو و دەنگی دەر نەدەهات لە بەر ئەوە بووکە هێزی لە بەر بڕابوو و بهڕاستی دەنگی دەرنەئەهات. شیوەن و خۆ کووشتن قووتار ببوو. قژ ڕنینەوە و سینگ کوتانیش، ناڵە و نەفرین شیوەنیش!

«بۆ کوێ ڕۆیشتی، براکەم؟»

ئەوا بێدەنگی دەهری بوون لەگەڵی کەوتبوو. شتێک وەکوو نیشتنەوەی هەڵچوون. ئارام گرتنی ئازار. بەزیوی کۆست کەوتوو. ئارامی نیشتنەوەی گێژاوی چەم. جێ پێی ئەشکنجە بە ڕوخسارییەوە. پەردەیەک غەمی مەزن.

«برایەکەم تیاچووە.»

چاوەکانی نەئەبینرا. دەستی لە سەر چاوەکانی لا نەئەبرد، چاڵە تاریکەکانی گیان بانەدا بەچاودا.

پیرەمێرد کە ماندوێتی ڕێ بە سەر غەمیدا زاڵ ببوو، وتی:

ــ ماتەمینت بۆ گرتووە؟

بڵقیس دەستی لە سەر ڕوومەتی هەڵگرت و لە پیاوەکەی مۆڕ بوویەوە. چاوەکانی بەگریان سوور هەڵگەڕابوون. دوو چاڵی خوێن. برژانگەکانی -دڕکی بیابان- لێک گیرابوون. بێخەوی و ئازار، قووڵکەی بن چاوەکانی، قووڵتر کردبووە. ئەمە خوودی بڵقیس بوو؟ بۆ نا؟ خۆی بوو. تەلاری عەشق و ڕەنج. کەلمیشی دانیشت و پاڵی دا بە قاڵیچە لوولە کراوەکەی لای دیوارەکەوە. کلاوی داگرت و دەستی هێنا بە کاکۆڵە زیوین و تێکچڕژاوەکەیدا و وتی:

ــ رابە ئیتر، شیوەن کردن بەسە. مەرگ بۆ پیاوە.

کەلمیشی لە ڕێی دوورەوە هاتبوو. شەوی نائاسوودەی تێپەڕاندبوو و لەشی کوترابوو. پێویست بە وتن نەبوو، ئەبوا خواردنێکی بۆ دابین بکرێ. ژنی خێڵەکی ئەمانەی لەبەرە و ئەیزانی. بڵقیس بە بێهێزی دەستی نایە سەر عەرز و ویستی هەڵسێ. بەڵام ماراڵ لەپێش ئەو هەڵسابوو و چاوەڕێی بڵقیسی ئەکرد. بڵقیس پێی وت سفرەکە بهێنێ و کترییەکە بخاتە سەر. ماراڵ وایکرد.

بڵقیس هەر وا لە ناو خۆیدا بوو، بەڵام ئیتر دەستی نەکرد بەچەتری چاوی. وەک خۆی مایەوە و نیگای وەکوو پەڵە سێبەرێک بڕییە چاوەکانی کەلمیشی. تاوێک ڕاوەستا، پیاوەکەی سەیرکرد و پاشان لێوە وشکەڵاتوو و هەڵزریاوەکانی بە ئارامی لێکهەڵبڕی و وتی:

بەگمحەمەد چی؟ ئەویش ئاگادار کرا؟

کەلمیشی سەری داخست و وتی:

ــ خۆم پێم وت.

بڵقیس نەیپرسی ئەو چیکرد. کەلمیشی لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

ــ سندانە ئەو. غەمی ئەوت نەبێ.

ــ هەڵنەچوو؟

ـ نەء. ئەتویست دابنیشێ و شیوەن بکات؟ نەء. فرمێسکی پیاو نرخی لەمانە زیاترە. تۆ هێشتاش خوو و ڕەوشتی کورەکانی خۆت نازانی!

ـ قسەیەک، گفتێک؟

ـ هیچ. خامۆشی خامۆش.

بڵقیس ترساو و دڵ بەزووخاو وتی:

ـ لەوەی ئەترسم. ئەمەیە کە من نامەوێ. من لە قینی بێزمان ئەترسم. لەخوێن. نامەوێ خێڵ تێوە بگلێ. نامەوێ خوێن خوێن بهێنێ. سێ کوڕم هەیە. وەتەی گوڵمحەدیش گەڕاوەتەوە سەری چەقاندۆتە ڕەقەڵەی سینگی، بێدەنگ بووە و لێو نابزێوێ! ئەترسم. من ئەترسم کابراکە. خانمحەمەد. ئەویش لە بیستنی ئەو هەواڵە گڕی تێبەرئەبێ! ئاگر لە دڵی بەرئەدا مەدیار. ئای مەدیار، بۆ وا خۆت بەکوشتن دا، براشیرینەکەم؟ بۆ خوێنی خۆت ڕژاند براکەم؟ بۆ خوشکەکەت زەلیل کرد براکەم؟ بۆچی دڵت ونجڕ ونجڕ کردم برارەکەم؟ بۆچی، بۆچی برارەکەم؟

کەلمیشی سەیری هاوسەر و هاوسەرینەکەی ئەکرد؛ بەڵام، بۆغز گەرووی ئەگووشی. نەی ئەتوانێ قسە بکات. لاڵی لاڵ. گوتەکەی بڵقیس نەوای ماتەمین بوو. سەر و شانەکانی وەک کەژاوە بەملاولادا ڕائەژەنران. فرمێسک لە دەنگی، لە چاوەکانی هەڵئەقولان و گۆنا نەجیبەکانی ئەشۆردەوە و تاو تاو هەنسکێک لە دڵیەوە ئەهات. ژنە هەوڵی ئەدا ڕێگا لە غەمناڵەکانی خۆی بگرێ، بەڵام خۆ بەدەست خۆی نەبوو. دڵ ئەجۆشا؛ بڵێسەی ژان.

گەرووی پیرەمێرد وشک ببوو و پاروەکەی لێ نەئەچووە خوارەوە. ئەتووت کڵۆیەک لە گەرووی‌دا گیری کردوە. شەویلکەکانی لە کار کەوتبوون. غەمی ڕەش، ئیشتیای کوێر کردبوویەوە. ڕەنجی بڵقیس، هاوڕازی ساڵانی دوور و درێژ،

گیانی ئەخواردەوە و لە هەموو کووشندەتر ئەوە بوو کە پیرەمێرد هیچ کارێکی لەدەست نەئەهات و هیچ گرێیەکی پێ نەئەکرایەوە. مەرگ دەردی بێ دەرمانە. پارووەکەی لە دەمی دەرهێنایەوە، لای سفرەکەوە داینا و، ڕووی لە ژنەکەی وەرگێڕا. سەیرکردنی ڕوخساری ژان، ئاسان نییە. ئەویش کاتێکە ئەو ژانە، ڕوخساری هاوسەری ساڵانی دوور و درێژت بێ. ڕۆژگار ژن و پیاو لە کۆتاییدا ئەکا بەیەک. ئەوە نە بڵقیس، ئەوە ڕوخساری خودی کەلمیشی بوو لە ژێر گوشاری ئازاردا ئەتکایە سەر عەرز.

بڵقیس ڕوومەتی سڕییەوە. شێوەنەکەی بوو بە نووزە. نووزەی بوو بە کڕووزانەوە و کرووزانەوەی بە نیوناڵە. ژانی دڵی پیاوەکەی خۆی هەست پێکردبوو و وای پێشان ئەدا کە لەوە زیاتر شین ناگێڕێ. هاتنی ماراڵ بەکترییەوە، هەواکەی شکاند. هاتە پێشەوە، کتریەکەی لەبەردەم کەلمیشیدا دانا و چوو کیسەی کشمیشەکە بهێنێ. بڵقیس بۆ ئەوەی پەردەی غەمی لادابێت وتی:

ـ کچی عەبدۆسە. بەختی یارە مەدیاری مامی لە جارێک زیاتر نەبینیوە. ئەگەر ئەو ببیسێ ئەبێ چیبکات؟ عەبدۆسەکەم؟ داد و بێداد، جەوانەکەم بۆ چی واتکرد؟ بۆچی داخت نا بەدڵمەوە، مەدیارەکەم!

لە زۆری ژان و پەژارە دڵی کابرا تاوی نەهێنا و تووڕە بوو:

ـ بۆ وا ئەکەی؟ بۆ پێت وایە ئەبێ لەبری هەمووان غەم بخۆی؟ بۆ ناهێڵی پیاڵەیەک چا لە گەرووم بچێتە خوارەوە؟

بڵقیس وتی:

ـ باشە، چیدی ناڵێم. لاڵ ئەبم. هیچ ناڵێم، هیچ!

دەستی نا بە دەمیەوە، قوڕوقەپ! هەڵسا و چووە دەرەوە تاشلێپێک ئاو بدا بە دەموچاویا. ماراڵ پیاڵە و کیسەی کشمیشەکەی نایە بەردەمی کەلمیشی. چایەکی بۆ تێکرد و

لـه کاتێـکا سـەری داخسـتبوو، وتـی:
ــ لەشـەوەوە هەتا بەیانـی چاوی نەناوەتـە سـەریەک.
سـەرانسـەری شـەو کاری گـریان بـوو.
کەلمیشـی لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:
ــ چارە چییـە؟ خۆ زینـدوو نابێتـەوە. نابێتـەوە ئیتـر! کارە و ڕووی داوە. بـەڵام ناکـرێ بڵێـی ژانیشـی نییـە. برایـە ئیتـر. مەرگـی بـرا پشـتی پیـاو ئەشـکێنێ. چ جایـە ژن! ئەتوانـم چـی پـێ بڵێـم؟ بەڵام ئەویش خۆی سـەرەڕۆ بوو؛ مەدیار ئەڵێم. یەکێکیشـی لـێ ڕاسـت بوویـەوە و بـای سـەری بەتـاڵ کـردەوە. دنیـا لـە سـەرەتاوە هـەر وا بـووە. ئـەوەی پەنجـە ئەخاتـە نـاو پەنجـەی خەنیـم ئەبـێ چاوەڕێـی ئـەوەش بکات ڕەنگـە پشـتی لـە عـەرز بدەن. ڕاوی مـرواری، ددانـی نەهەنگیشـی لەگەڵـە. هەمیشـەی خـوا بـا هـەر لـە لایەکـەوە نایـەت. هەمـوو هەورازێـک نشـێوێکیشـی بـە دواوەیـە، مـرۆڤ ئەمەیـە ئیتـر! پەزیـش شـەش مانـگ لـەڕە و شـەش مانـگ قەڵـەو. مامـت سـاڵانی سـاڵ لـەم دەشـت و دەرەدا خـۆی ڕاوەشـاند، ئەشـبوایە هـەر وای بـە سـەر بێـت! ئێسـتەش نەبوایـە، شـەش مانگیتـر هـەر وای لـێ بـە سـەر ئەهـات. وەکـو ڕۆژ لام ڕوون بـوو مـەدیار تەمەنـی درێـژ ناکاتـەوە. چارەنـوس وابـوو ئـەم زەنگۆڵەیـە کـوڕی چوارگوێشـلی بیکاتـە مـل پشـیلەکە... بـەڵام لـە هـەق لا نەدەیـن سـەرەڕای هەمـوو سـەرەڕۆییەکانی مرۆڤێکـی لـە بـەر دڵان بـوو. خـۆش سـەر و زمـان و عـەوداڵ بـوو. قۆشـمە بـوو، بـەڵام قەشـمەر و ناجوامێـر نەبـوو.
بڵقیـس هاتـەوە ژوورەوە. بێدەنـگ بـوو، بـەڵام ڕوومەتـی هێشـتا قرچاو بـوو. کەلمیشـی براندیـەوە. هـەر چەنـدە ئەگـەر بڵقیسـیش نەهاتایـەت، قسـەیەکی وای نەمابـوو بیـکات. بڵقیـس لەگەڵ خۆیدا تارمایـیەکی قورسـی هێنایە ژوورەوە. ئەم قورسـاییە ڕێگـەی هەمـوو قسـەیەکی گـرت. بڵقیـس لـە لای پیاوەکەیـەوە دانیشـت و دەسـتی دایـە پیاڵەکـە، بـۆ ئـەوەی بـۆی پڕبکاتـەوە.

ئامادەی دابین کردنی ئەو شتە بوو پیاوەکەی ئەیویست. ئەتوت وای بە باش زانیوە، گریانەکانی هەڵگرێ بۆ خۆی و بەجێ و بەکات، لە تەنهایی دڵیدا هەڵیانرژێنێ. لە ژێر پەردەی ئەو غەمەی بە سەر ژوورەکەدا زاڵ ببوو، بڵقیس هەستی کردبوو قسەکانی دڵی تەنانەت بۆ مێردەکەشی بێگانەیە، بۆیە لەوە زیاتر نەیویست باسی بکات. بیری کردبوویەوە، ئارام بگرێ زۆرباشترە. نابێ بە شینگێڕانی خۆی بارێکی قورستر بخاتە سەر دڵی پیاوەکەی. قبووڵی کردبوو وا باشترە بە تەنها و لە تەنهاییدا قوڕی غەم بکات بە سەریدا. غەمی دڵی ئەبوا لە ناو بوخچەیەکدا بپێچێتەوە و بیخاتە لایەکەوە. ئەم ژانە نابێ بڕژێنێتە گیانی کەسیترەوە. ئێستەش نۆرەی ئەو بوو بۆ کەلمیشی ئەوشتانە لەمەڕ گوڵمحەمەد بگێڕێتەوە، کە پیاوەکەی نەی ئەزانی:

ـ خەوتووە مانووی ڕێیە هێشتاش.

کەلمیشی وتی:

ـ شێرۆ بۆ نایەت تۆزێ گژوگیا بکاتە بەرهێسرەکە. لە دووێنێ شەوەوە یەک پێ ڕێی کوتاوە ئەو ڕەبەنە. ئەی ئەویکە، زیوەر لە کوێیە؟

زیوەر مەنجەڵە ئاوەکەی دانا و سەری بردە ژوورەوە و سڵاوی کرد. سڵاو بە سڵاو. زیوەر خۆی لە ناو دەرگاکە کشاندەوە و مارالّ تێگەیشت. ژنە چوو تا گوڵمحەمەد بەئاگا بێنێ و بیهێنێ. دڵەکان کەوتبوە ترپە، لەو کاتەوە کە وتووێژ ڕووی لە مەدیار وەرگێڕا و ڕووی لەملا کرد بڵقیس هەستی کرد هەناسەی سوار بووە. هەستکردن بەتاوانێکی گەورە. کەلمیشی، ئایە لە پاش بیستنی هەواڵی شێرۆ چی ئەکات؟ بڵقیس نەی ئەزانی. هەر وەها نەشی ئەزانی چۆن سەری قسەکە بکاتەوە، یارمەتیەکی ئەویست. یارێک لەم تەنگانەیەدا. کەسێک کە دەستی بگرێ. گوڵمحەمەد؟ ئەمەش ئەو! بە کاکۆڵی ئاڵۆزکاو

و ڕوومەتی نەشۆراو و چاوانی پەرێشانەوە، چوار چێوەی دەرگاکەی پڕکردەوە و هاتە ژوورەوە. ڕۆژباشێک و پاشان هەر لەوێ لە بەر ڕووناکی دەرگاکەدا، لە سەر عەرزەکە دانیشت:

ـ خێرە! بەم بەیانیە زووە؟

کەلمیشی وتی:

ـ بۆچی هەتا ئێستە هەڵنەساوی؟

ـ ماندوو بووم. بەگمحەمەد چی ئەکا؟

ـ بێ ئوقرە نییە. بەڵام ئێوە کەی دەرفەت بە مرۆڤ ئەدەن بەدڵی ئارام خەریکی کاری خۆی بێ؟

گوڵمحەمەد سەری خوراند و وتی:

ـ هەرچی بووە، بووە، گێڕانەوەی سوودی چییە؟

کەلمیشی وتی:

ـ تۆ ئەڵێی تەواو بووە. ئەوان ئەڵێن چی؟ ئەوانیش ئەڵێن تەواو بووە؟

گووڵمحەمەد وەڵامی دایەوە:

ـ من خۆ لە لای ئەوان نیم؛ چی ئەڵێن بابیلێن.

کەلمیشی بە بێ ئاگا دەنگی هەڵهێنا:

ـ تۆ بۆچی خۆت ئەخەیتە ناو هەموو کارێکەوە؟ تۆ چیت لێداوە؟ یەکێکی تر ئەیەوێ کچە بگێت، تۆ ناوچاوت ئەدیتە بەر گوللە؟ ئەمە هزری کوێیە؟ ها؟

گوڵمحەمەد لێوی خوارەوەی گەست و لەشەرمان سەری داخست. پێستی سیلەی چاوەکانی کۆبوونەوە و نەرمەی گوێی گریان تێبەر بوو. حەزی نەئەکرد ئەو جۆرە قسانە لە کەلمیشی ئەویش لە بەر چاوی مارالدا ببیسێ. وەڵامی باوکی نەئەزانی. هەڵچێ؟ خراپە. بێدەنگ بێ؟ خۆی پێ ڕاناگیرێ. دەم بکاتەوە؟ بڵێ چی؟ هیچ. بەس ئەبێ لەسەرخۆ بێ. ئەگینا ئەوەندەت نەئەزانی، قیژەی کەلمیشی ئەچوە ئاسمان، بۆیە وتی:

ــ شوکری خوا هیچ نەبووە و لە خۆتەوە توورە بوویت. هەر وەها براکەی خۆشت لەگەڵ بوو. خانئاپۆم ئەڵێم. جگە لەمانە کاتێکە چوار پێنج پیاوی خێزانەکە بەرەو لایەک ئەڕۆن، پێیخزمایەتیش لە ئارایدایە، لە لایەن خاڵمەوە ڕووم لێئەخەن. من ئەتوانم سەرهەڵخەم و بڵێم نایەم؟ ئەمە ویژدانە؟ چ ناوێکم لێ ئەنێن ئەوسا؟ پێم ئەڵێن کوڕی کێ؟ جگە لەوەیە ئەوسا ئەڵێن کوڕەکەی کەلمیشی ناهاوڕێیە؟ گوڵمحەمەد بە ناوی کێوە بانگ ئەکەن؟ بەناوی نەدیو و نەباسیاوەوە خۆ بانگی ناکەن. بەناوی باوکیەوە بانگی ئەکەن. بەناوی تۆوە. بیری دوارۆژ ناکەیتەوە؟ ئێمە خۆ ناتوانین کارمان بە سەریەوە نەبێ؟ ئەتوانین؟ بەیانی ڕۆژ ئەگەر هات و من درام بە عەرزدا چی؟ نابێ چوارکەس هەبن دەستم بگرن؟ دڵنیام تۆ ئەوەت ناوێ.

پیرەمێرد ئارام وتی:

ــ نەء، من ئەوەم ناوێ.

ــ منیش ئەزانم تۆ ئەوەت ناوێ.

کەلمیشی سوور لە سەر بۆ چوونەکەی خۆی وتی:

ــ بەڵام کوڕم، پیاو خۆ کەما نییە بۆ هەر شتێکی بێبایەخ خۆی بخاتە مەترسیەوە. تا تۆم گەیاندۆتە ئەم تەمەنە، تەمەنی خۆم تەواو بووە. قژی سەرم سپی بووە. مرۆڤ خۆ هەر وا لە خۆیەوە ناگا بەو قەد و باڵایە! گیانی من و ئەم ژنە پێخۆرتان بووە تا گەیشتن، بەو باڵا و باهۆیە. سۆمای چاو و هێزی ئەژنۆم خەسارکردن تا تۆ پێگەیشتی. بۆیەشە ناتوانم ببینم ڕۆڵەکەم ببێ بە فیدای هیچ و پووچ، بۆچی؟ بۆ مێیینەیەک؟ خوای ئەکرد تۆویان لە سەر عەرز هەڵئەگیرا. مارەتۆ پیوانە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئێستە خۆ من هیچم لێ نەهاتووە!

ـ چەند خۆش ئەبوو تۆش شتێکت لێ بهاتایەت! نێرینەیەکم لە حەپس، یەکیش... بەخوا جوان ئەبوو! ئەم قسانە من نابێ بە تۆی بڵێم. ئەم قسانە ئەبێ بکووتم بە تەپڵی سەری ئەو مامە بێ مێشکەتدا کە بە ئەندازەی کەڵەشێرێکیش مێشک لە سەریدا نییە. ئەڵێی کوڕەکانی من سەربازی سپان. هەر کاتێک بیەوێ بیانخاتە شوێن قنی خۆی و بۆ هەر جێەکیان بەرێ. دیارە ئێستە کە ڕیشم سپی بووە، کەڵکم بڕاوە و ئیتر باوکتان نییم. وادیارە! نا؟!

جێی وتوویێژ نەبوو. گوڵمحەمەد ئەبوایە جۆرێک خۆی لە قڕەکە بدزێتەوە.

لەپڕ هەڵسا و وتی:

ـ هێشتا دەموچاوم نەشۆردووە.

لەدەرگاکە پێینایە ئەودیو و بە ڕاماویی وەستا. بادی، وشترەکەی گوڵمحەمەد سەری بۆ لای خاوەنەکەی وەرگێڕا و دیسانەوە دەمی بردەوە بۆ سفرەکە. گوڵمحەمەد نیگەرانی شتێک بوو. ئاڵۆسکاو. هەندێ شت هێرشیان بۆ ئەهێنا. گیانی خەریک بوو دەئاوسا. شتێک بەدی ئەهات. پاکڵەی گەردەلوولێک لە بیاباندا. گەردەلوول سووڕ ئەدا، قۆرت قۆرت ئەبێ، لوول ئەبێ، بابۆڵە ئەبێ، هەڵئەکشێ و تەنوورەیەک تۆزوخۆڵ سەرئەکەوێ و لە سەر پێیەک دێتە پێشەوە. لە سەر بیابانی دڵی گوڵمحەمەد لوورەی گەردەلوول ئەبیسرێ:

«ئای شێرۆ، ئایینت بسوتی شێرۆ. ئاخ کچەی سۆزانی خۆزگە لە سەر عەرز هەڵئەگیرای!»

ـ ئەم کچە، شێرۆ لە کوێیە وا خۆی دەرناخات؟

دەنگی تۆکمە و بەگوڕی کەلمیشی گوڵمحەمەدی هێنایەوە بە خۆیدا. پیرەمێرد لەچەقی بەردەرگا لە ناو چێوارچێوەکە وەستابوو. شانی دابوو بەدیوارەکەوە و دەستی نابوویە سەر ئەژنۆی و سەیری دەوروبەری ئەکرد. لەپڕ قەرەئاتی بینی. چاوی

لـە سـەری چەقـی. گوڵمحـەمـەد تێگـەیشـت، لـە باوکـی نزیـک بوویـەوە و وتـی:

ــ وڵسـاتێکی نازەنینـە. وەک قـەل ئەفـڕێ، نـەرم، نـەرم. مـاراڵ لەگـەڵ خـۆی هێناوێتـی.

کەلمیشـی وەک بڵێـی جـادوو کرابـێ. بـە بـێ ئـەوەی گوڵمحـەمـەد ڕابگـرێ، بـەرەو ئەسـپەکە ڕۆیشـت و چـەن هەنگاوێ بمینـێ کەوتـە تەماشـای. چوارپـێ بـە بینینـی غـەوارە گوێـی تیژ کرد، سـمتی سـووڕاند و کلکی ڕاوەشـاند. کەلمیشـی ئەسـپ نـاس بـوو. وتـی:

ــ یەکەناسـە، ها؟

ــ بوو، بەڵام خستمە ژێر ڕانم!

ئەوەتا باوک و کوڕ شان بە شان وەستابوون و بە نیگایەکی ئامێتـە بەستایشـەوە سـەیریان ئەکرد. کەلمیشـی نیونیگایەکی گوڵمحـەمـەدی کـرد و بزەیەکـی ڕەزامـەندانـە سـووچـی چـاڵ بـووی لێوەکانـی پڕکـردەوە. گوڵمحـەمەد وتـی:

ــ بەڵام تۆزێکـی مابوو بەتەوقـی سـەرەوە بمکوتـێ بەعـەرزا.

کەلمیشـی نەی بیسـت و وتـی:

ــ ڕەخشـێکە ماشـەڵڵا! پەکوو! هـی عـەبدۆس خۆیەتی؟

ــ نازانـم، ماراڵ چاکتـر ئەزانـێ.

مـاراڵ لای دەرگاکـەوە وەسـتابوو و سـەیری ئەکـردن. گوڵمحـەمـەد سـەیری کـرد و بـە سـەر تێـیگـەیانـد بچـێ بـۆ لایـان. ماراڵ هات. لە لای کەلمیشیـەوە وەسـتا و باسـی ئەسـپ و دلاوەر و عـەبدۆسـی بـۆ کـرد. کەلمیشـی هێشـتا بـاش نەیڕوانبوویـە مـاراڵ. ئێسـتەش بـە باشـی نەئەزانـی بیداتـە بـەر سـەرنج. بۆیـە هـەر وا کـە وەسـتابوو لـە سـیلەی لای شـانیەوە چاوێکـی لێکـرد. گوێـی لـە قسـەکانـی گـرت و پاشـان پرسـی:

ــ ناوی چییـە؟

ــ قەرەئات.

ـ ئا... پشـووی چۆنە؟

ماراڵ سـەیری گوڵمحـەمـەدی کـرد و گـوڵمحـەمـەد وتـی:

ـ پشـوودرێژ. بین‌درێـژ. بەقـەد وشـتـرێـک. بـە یـەک پشـوو لـە دەشـت ئەپەڕێتـەوە.

ـ بە نەرمەش ئەروا، وانییە؟

ـ خۆ پێم وتی وەکوو هەور. چاوی بینینی هیچ ئەسپێکیشی نییە بکەوێتە پێشیەوە.

ـ بەمە چووی بۆ چوارگوێشلی؟

ـ ئا...

ـ لە ناو شەڕ و قڕەدا چی؟ خۆ ڕەمۆک نییە؟

ـ هەتا ئێرە سڵی لە هیچ نەکردۆتەوە.

کـەلـمیشـی وەرگـەڕا. زیـوەری بیـنـی خـەریکـە تێڕەکـە لـە سـەر پشـتی هێسـرەکـە دائـەگـرێ. زیـوەر تێڕەکـەی لـە بـن دیوارەکـەدا دانـا و هـەوسـاری لـە سـەری هێسـرەکـە داگـرت. کـەلـمیشـی وتـی:

ـ پێویسـت نـاکا ڕوتـی بکـەیتـەوە. هێشـتاش ئارەقـەی هـەیە. وتـم بـەو کچـە بڵێـن چـەپکـەیـەک گیا بخاتـە بـەری.

وەڵامـی کـەلـمیشـی کـەس نـەیدایـەوە. ئـەویـش لـە سـەر قسـەکـەی نـەڕۆیشـت. کـەوتـە ڕێ و وتـی:

ـ چاکـە جـا، هـەر چـی بـوو تـەواو بـوو. ئیتـر ئـەبـێ بکـەوینـە ڕێ بـۆ لای دێمـەکـە. بەیانـی بـە لایدا تێپـەڕیـم. پێـت وایـە چـەنـد ڕۆژیتـر کـار ئـەبات تـا ئـەو چـوار چڵـە کۆکـەینـەوە؟

گوڵمحـەمـەد بە گومانەوە وتـی:

ـ چووزانـم. ئەوەخـۆ بەرهـەم نییـە! نـە بـەر داس ئـەکـەوێت و نـە بـە دەسـتکاڵەوە دێت. ئـەگـەر لـە مـن ئـەپرسـی ئـەڵێـم لێـی بگـەڕیـن و ڕانـەکـەی تـێبەردەیـن. ئـەمـە باشـترە تـا خـۆمـان بکـەیـن بـە گاڵتـەجـاڕ. گـەنـم بـە بەرییـەوە نییـە. نـە دەنکـی هـەیە و نـە کا. بـەس تـەمـەنـی خـۆمـان بـە دیاریـەوە خـەسـار ئـەکـەیـن. مـن لـەوە زیاتـر ناتوانـم وەکـو پڕوپیرێـژن لـە سـەر چـۆک بتلێمـەوە و

بە قن عەرزەکە گەسک بدەم! درۆینە خۆ وا نییە. دەرو کاری پیاوە. بەڵام ئەمە گەسکدانە. بۆ ئەمەش بوو پەیامم نارد خۆت بێیتەوە. من ئیتر تاقەتیم نەماوە. ئەگەر تۆ ڕات لێبێ ئەمەوێ بەجێی بهێڵم و بچم بۆ سەر ڕەشماڵەکان. ئەڕۆم بە دوای ڕانەکەدا. لەگەڵ بەگمحەمەد و سەبراو. لەو شوێنەی کە لێی بووم.

گوڵمحەمەد قسەکەی تەواو کرد، بەڵام پیرەمێرد هەر وا بێدەنگ بوو. ئەتوت گوڵمحەمەد ئەوی -قووڵتر لەوەی کەخۆی بیری لێ ئەکردەوە- خستبوویە ناو بیرەوە. پیرەمێرد تاوێکیتر ئارام بوو. پاشان لە بن دیوارەکەدا وەستا و وتی:

ــ واتە تۆ ئەڵێی بەقەد ئەو تۆوەش کەچاندوومانە کۆ نەکەینەوە؟

ــ کوا تۆو تا کۆی بکەینەوە؟

ــ هەرچی هەیە. با دەمەن بێ!

ــ خڕی کەوە. بەڵام من ئیتر لەمکارانە ناکەم! حەزناکەم بە نیو مەن ڕیش و سمێڵەوە قن بە سەر عەرزدا بخشێنم و دڵم خۆش بێ خەریکم درەو ئەکەم. لەمەودواش من ئیتر تاقە دەنکێک ناچێنم. ئێمە، ئەبێ بەردەممان بزن بێت و پشت سەرمان سەگ. شوانم من، نە دێمەکار. دڵ و دەماخی ئەم جۆرە کارانەم نییە. ئەمجۆرە کارانە بۆ ڕەشایی و جووتیار باشە. ئەوانەی کە ئەڵێی دەست و پێیان بەستوون و ئەڵێی بەسنگ هەوسارەکەیان لە عەرز توونەد کردوون! بەیانی زوو وەکو مێروولە لە کونەکانیان دێنە دەرەوە و ڕوو ئەکەنە دەشت و هەتا ئێوارە لە سەر عەرزەکە هەڵسە و دانیشەیانە و ئێوارەش بە هەمان شێوە وەکوو مێروولە ئەگەڕێنەوە بۆ کونەکانیان. شەویش پارووەنانێک ئەخۆن و سەریان ئەکەن بەبن لێفە شڕەکەیاندا و ئەکەونە دروستکردنی یەکێکی وەکوو خۆیان. من وا بارنەهاتووم. ئەوەندەی ئەوان دەست و پێ

بەستراون، من بەرم ئاواڵەیە. نەء. من لە ناو ئەم پیاڵەیەدا جێم نابێتەوە. بە من ناکرێ، ئەڕۆم!

کەلمیشی سەرە زلەکەی هەڵێنا و پسپۆڕانە وتی:

ــ خاوی. هێشتا خاوی. بای جەوانی وا لە سەرتدا. پێت وایە تا کۆتایی دنیا ئەتوانین بیابانگەردی بکەین؟ بتەوێ و نەتەوێ ئەبێ نیشتەجێ ببین. ئەبێ لە شوێنێک ئوقرە بگرین. ناتوانین ساڵ لە دوای ساڵ گەنم بە دوو بەرامبەری نرخەکەی بکڕین. ئەتوانین؟ دەرەقەت نایەین. لە کوێ بهێنین؟ چەندە بە بیاباندا بگەڕێین و پەیدای بکەین، ئەبێ بە جارێک بیکەینە گیرفانی عەلافەکان. ئێمە ئەبێ بتوانین نانی خۆمان لە سەر عەرز کۆ بکەینەوە. زەوی. بەروبووم. خۆ نابێ هەموو شتێک بە پارە دەست بخەین! لە کوێوە بزانین چوار ڕۆژیتر ئەم بیابانەش تاپۆ ناکەن؟ بەرودواکەی ئێمە ئەبێ ماڵ و سامانێکمان هەبێ یان نا؟

ــ بەڵێ ئەبێ هەمانبێ. بەڵام نەک بەم جۆرەی ئێستە هەمانە. گاڵتەیە مەگەر؟ چوار تۆپەڵە قوڕمان خستۆتە سەریەک و ناومان ناوە ماڵ! قەڵات! چوار دنکە تۆومان ڕژاندووە بە سەر عەرزی بەیار و شۆردا و ناومان ناوە کشتوکاڵ! دێمەکاڵ! ئەو کەسەی کە لە شوێنێک نیشتەجێ ئەبێ، سەرەتا نیوەرۆژێک ئاوی گوندێک ئەکرێ بۆ ئەوەی بتوانێ کشتوکاڵی پێ بکا. دوو گا ئەنێ پێکەوە، نەک وەکوو ئێمە کە بەم وشترە زەوی ئەکێڵین. تۆو بە دوو بایی ئەکڕین و وەکو دان دای ئەکەین بۆ چۆلەکە و ڕیشۆڵی. پاشانیش چاومان ئەبڕینە تەختی ئاسمان و بە ئەفسووس و تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی دوو دڵۆپ باران ئەکەین. جا دانیشە و چاوەڕوان بە تا هەورەکان بێن و بڕۆن. بێن و بڕۆن! بەرهەم ئا ئەوا کۆ ئەکرێتەوە؟ ئەوە گەنمە یان ڕیشی بزن؟ زۆرجوانە، لە هونەری لباد کوتان، تەنها ئاو پیاپرژانەکەی فێربووین! لە کوێ ئێمەش گوندمان ئاوەدان

کردوەتـەوە؟ تـۆو لـە سـەر چـی ئەچێنین؟ ئـەی لـەو بەروبوومەش هەڵـی ئەگرین. نەشـمانکەن بەچاوەوە باشـە!

ــ ئـەو زەوی و ئـاو و گایـەی تـۆ نـاوی ئەبـەی ئەزانـی چەنـد کـروور پارەی ئـەوێ؟ ئێمـە خـۆ نیمانـە. کـە وا بـوو ناچارین و لـە شـوێنی لەمـە باشـتریش جێمـان نابێتـەوە.

ــ بـۆ ناچارین؟ لـە بـەر ئـەوەی نـاوی ئێمـەش بـە سـەر چـوار تۆپەڵـە قـوڕەوە بـێ؟ گیـرام نەبـێ. تـۆ ئەگـەر ئەتـەوێ لێـرە بمێنیـەوە خـۆت ئەزانـی، بـەڵام مـن ئەگـەڕێمـەوە بـۆ نـاو ڕان، کاری مـن ئەوەیـە، نـەک ئەمـە!

ــ باشـە، کامـە ڕان؟ مەگـەر ئێمـە چـەن سـەد سـەر پەزمان هەیـە کـە تـۆ ئەوەنـدە نـازی پێـوە ئەکـەی؟ ئەوەنـدەی ئێمـە هەمانـە بەگمحەمـەد بـە تەنها خۆشـی لیان زیادە. خـۆت ئەبینی بەگمحەمـەد، مـزی شـوانکارەیی خـۆی لـەم و لـەو وەرئەگـرێ. واتـە کامـە ڕان! کـوڕە شـیرینەکەم، ئێمـە ژمارەمـان لـە داهـات و داراییمـان زیاتـرە. جـا تـۆ ئەگـەر حـەزت لـە ڕەشـماڵە و دڵت بـەوێ خۆشـە، فەرمـوو بچـۆ بـۆ ئـەوێ.

گوڵمحەمـەد وتـی:

ــ ڕۆیشـتن کـە ئەرۆم. بـەس حـەزم کـرد وتبێتـم.

کەلمیشـی وتـی:

ــ منیـش ئـەوە بیسـتم. بـەڵام وادیارە لەوەتـی لـە بێـگاری گەڕاویتەتـەوە، هـەوا هەڵیگرتـووی. ئیتـر خـۆت ناگەیەنیتـە کاری وردە.

گوڵمحەمـەد نەیزانـی چـی بڵـێ.

کەلمیشـی هەوسـاری لـە هێسـرەکەی بەسـت و چوارپێکەی لەگـەڵ خـۆی ڕاکێـش کـرد بـۆ بـەر دەریزانـی ماڵـەوە و وتـی:

ــ بڵقیـس، هەڵسـە وەرە دەرەوە. بەسـیەتی ئیتـر، چەنـدە لـە بـن دیـواری ژوورەوە دابنیشـی دڵـت ڕەشـتر ئەبـێ. ڕێکـەوە با بڕۆیـن. لـە دەشـت لانیکـەم دیـوار پێـش چـاوی نەگرتـووی.

پیرەمێرد نەما. ڕۆیشت. کە گەیشتە پشت دیوارەکە، ڕووی وەرگێڕا و وتی:

بەو کچەش بڵێ نان و ئاو بێنێ با دوانەکەوێ.

بڵقیس کە پێی نابوویە ئەو دیو دەرگاکە، لەجێی خۆیدا چەقی و چاو لە چاوی کابرا مایەوە. دامابوو و یارمەتی ئەویست. گوڵمحەمەد بە دایکی وت:

ــ یەکسەرەی بکەرەوە. بڵێ چوون بۆ لای مەلا و مارەیان بڕاوە. تێی بگەیەنە کە کار لە کار ترازاوە. ئەمەی پێ بڵێ. تۆزێک ڕیشی ئەڕنێتەوە و پاشان هێور ئەبێتەوە. بڕۆ. منیش خۆم کۆ ئەکەمەوە و لەگەڵ زیوەر ئەچم بۆ لای کەلیدەر، خواتان لەگەڵ.

ــ خوات لەگەڵ کووڕم.

بڵقیس بە دوای پیاوەکەیدا چوو. گوڵمحەمەد سەری کرد بە ماڵەکەی خۆیدا و بە زیوەری وت چیپێویستە بینێتە یەک. ماراڵ هێشتا نەبزوابوو. ساوە ساوی بوو و بە دەوری خۆیا ئەسووڕا. بەهەڵەدا نەچووبێتم نیگەرانی ڕۆیشتن و نەڕۆیشتنی گوڵمحەمەد بوو. زیوەر لە کاتێکا پشتی لە ماراڵ بوو، وتی:

ــ بابە گوتی نان و ئاو هەڵگریت و بیبەی بۆیان.

ماراڵیش و زیوەریش ئەیانزانی مەبەستی کەلمیشی شێرۆ بوو. بەڵام هەر دووکیان، هەر کامە و بە شێوەیەک قبووڵیان کردبوو لەبری شێرۆ ئەبێ ماراڵ بچێت. ماراڵ شەمزاوی ئەو دڕکەی لە گوتە و نیگای زیوەردا بوو دەستی دایە جەوەنە بەتاڵەکە و دای بە سەر شانیدا و هاتە دەرەوە. بۆ ئەوەی بچێ بۆ سەرکارێز، بە بەردەم دەرگای ماڵی گوڵمحەمەددا تێپەڕی و بە دزە سەیرێکی تاریکایی ناو هۆدەکەی کرد و لە بەر خۆیەوە جنێوێکی فڕێدا:

ــ سۆزانی! چ گەڵ و گوانێک ڕائەوەشێنێ!

ماراڵ بە قەراخ دیوارەکەدا تێپەڕی و چوو بۆسەر کارێزکە و لە سەر جۆگە مەشکەی پڕکرد و دای بە شانی‌دا. ئەیتوانی سفرەی نانەکەشی لەگەڵ خۆی هێنابا و بە بێ نیازی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لە سەرچاوەوە ناوقەدبڕی بکا بۆ مەزرا. بەڵام ماراڵ بەئەنقەست وای نەکردبوو. نەزۆریش بە وشیاری و بە ملۆزمی، بەڵکوو بەپێی غەریزە وای کردبوو. کێشەرێکی نهێنی بەرەو ئەو دیاردە نەناسراوەی لە دەروونی‌دا ئەجوڵا پەلکێشی ئەکرد. لەگەڵ سەری هەڵێنا، کەلمیشی دی بە سەری ڕووتەوە بەرەو ماڵەوە دێ. پیرەمێرد هێسرەکەی لە نیوەی ڕێگەدا بەرەڵا کردبوو و بۆ خۆی بەپێ و بە پڕتاو بۆ لای گوڵمحەمەد ئەهات. ماراڵ هاندرا پێ هەڵگرێ. تیژی کرد. سەرەڕای ئەمەش نەیتوانی بەوەخت بگات. کە گەیشتە بن دیوارەکە ناڵەی پیرەمێرد گەشتبوویە ئاسمان. ئەتوت خستوویانەتە سەر ئاگر. کەفی ئەچەراند. مشتی بە حەوادا ڕائەوەشاند و ئەی نەڕاند:

ــ دیت؟ دیت؟ ئەچی کچی خەڵکی بدزی، کەچی خوشکەکەت لێ ئەدزن. من بە هیوای تۆ ماڵ بەجێ ئەهێڵم و ئەڕۆم، تۆش ئا ئەوا ئەمانەتداریی ئەکەی؟ ها، بەم جۆرە؟ چیت بۆ ئەمێنێتەوە؟ ها؟ خوشکەکەی گوڵمحەمەدیان برد! کێ بردی؟ کێ بردی؟ کچەکەی کەلمیشی کێ بردی؟ کێ کچی میشکاڵیەکانی هەڵگرت؟ ها؟ لەبری هەمووتان من ئەبێ سەربنێمە ژێر خاک؟ چیم بۆ ماوەتەوە؟ چی؟

باوک شێت ببوو؛ ئاوەزی ون کردبوو. بیری لەوە نەئەکردەوە دەنگی ئەبیسن. هەر چەند زۆری پێ‌نەچوو هەموو بە کارەکەیان ئەزانی. سەرەڕای ئەمەش گوڵمحەمەد حەزی نەئەکرد ڕسواییەکە لەوەی کە هەیە گەورەتر بکرێتەوە. شانەکانی باوکی گرتە ئامێز دەستی نا بەدەمیا و بردییە ژوورەوە. ماراڵ چووە پشت دەرگاکە. دەنگی پیرەمێرد لە پشت دەرگاکەوە

ئەهات:

ـ نەنگ! نەنگ! نەنگ و ئابڕوو چوون! ها... ئەم نەنگە چۆن لە داوێنی خۆم بسڕمەوە؟

دڵدانەوە و بە سەرداهاتنی گوڵمحەمەد بێ سوود بوو. ئەیوت شوێنی هەڵگرتوون و چووە بە دوایاندا، بەڵام نەیدۆزیونەتەوە. بەڵێنی ئەدا ئەیان دۆزێتەوە. سوێندی ئەخوارد، بەڵام سوودی نەبوو. ماراڵ قووڕە قووڕی گریانی پیرەمێردی بەرگوێ کەوت و بە پەلە خۆی خزاندە سووچێکەوە. لەم کاتەدا بڵقیس گەیشت. داماو و دڵ پەرێشان، هێسرەکەی بەرەڵا کرد و بە بێ مەبەست وەستا. وا دیار بوو دەسەڵاتی هیچ کارێکی نییە. ئاوێتەی دەرد و کەسەر، تاوانبار. بڵقیس ئەوەی باش ئەزانی، ئەوە لە ئەستۆی دایکانە کچەتیوە سەرەڕۆکانیان بخەنە ژێرچاودێری. بەڵام چی بکات؟ ماندوێتی کار پەکی خستبوو. ئەمەراستە، بەڵام چۆنی لە پیرەمێرد تێبگەیەنێ؟ بۆ چی ئەبێ قبووڵی بکات؟ گرنگی ئەوەی ڕووی دابوو هەزار جار قورسترە لەم بیانووانە. هەر چەند هەموان ئەوە ئەزانین کە ئەوە بیانوو نییە. بەراستی وابوو و ئەوە ماندوێتی بوو ئاوا بڵقیسی بەچۆکا هێنابوو. بەڵام نەک هەر ئەمە نەرمی وپێسووکی شێرۆشی ئەبێ لێ زیاد بکرێ. بەڵام ئەو وەها خۆشیبوو، ئەتوت مارە خاکیش دەنگی پێی نەبیستبوو. جا چ سوود؟ ئەمانە مەگەر گرفتێک چارەسەر ئەکات؟ دەرمانی کامە دەرد بوو؟ پیرەمێرد کۆڵەی کوترابوو.

زیوەر، ماراڵ و بڵقیس هەر کامیان لە سووچێکدا هەڵترووشکا بوون. دەرگاکە، بەئارامی کرایەوە و گوڵمحەمەد، ماندوو و گرفتار هاتەدەرەوە. بڵقیس چوو بەرەوپیری کوڕەکەی. گوڵمحەمەد سەیری دایکی نەکرد. شەرم لە شەرمی ئەو، وتی:

ـ من ئەڕۆم، دەستی ژنەکەم ئەگرم و ئەڕۆم. ئاگات

لێـی بـێ نـەدا لەسـەری. بەجۆرێـک دڵـیخۆشـکە. بڵـێ کچەکـەی ئەگەڕێنینـەوە، هێـوری بکـەوە.

بڵقیـس ترسـاو و تۆقـاو چـووە ژوورەوە و گوڵمحەمـەد کەوتە تەنگەکێشـانی وشـترەکە. زیـوەر لـە خـوای ویسـتبوو، تێرەکـەی ئامـادە کردبـوو. گوڵمحەمـەد چۆکبەندەکـەی لـە ئەژنـۆی بـادی کـردەوە. زیـوەر تێرەکـەی هێنـا. گوڵمحەمـەد خسـتیە سـەر پشـتی وشـترەکە و چـوو بـۆ لای ئەسـپەکەی مەدیـار. ئەسـپی زیـن کـرد و هـاواری لـە زیـوەر کـرد سـواری وشـترەکە ببـێ. قـەرە وەرگەڕابـوو و سـەیری گوڵمحەمـەدی ئەکـرد کـە هەوسـاری ئەسـپە شـەکەرییەکەی بـە دەسـتەوە گرتبـوو. گوڵمحەمـەد پێـی لـە ئاوزەنگـی نـا و سـوار بـوو. زیوەریـش سـواری وشـترەکە بـوو و لـە عـەرزی هەڵسـاند. پیـاو و ژن ئامـادەی ڕۆشـتن بـوون. مـاراڵ هـەر وا وەسـتابوو لـە سـووچێکا و سـەیری ئەکـردن.

ڕۆیشـتن.

مـاراڵ لـە سـەر عـەرزەکـە دانیشـت و مەشـکەی ئاوەکـەی نایـە بـن دیوارەکـە.

پـاش تاوێـک بڵقیـس پیاوەکـەی هێنایـە دەرێ و هـەر سـێک: مـاراڵ، بڵقیـس و کەلمیشـی -بەناچـار- چـوون بـۆ لای دێمەکاڵەکە.

کار.

ڕۆژانـی کار، قـورس و چەقیـو، خامـۆش و بێدەنـگ تـێئەپەڕی. هەموو ڕۆژێـک وەکو هەموو ڕۆژێک. کەلمیشـی بێدەنگ بووایە، هەمـو بێدەنـگ بـوون. پیرەمێـرد لـە گیـروگازی ژان و شـورەیـیدا خـۆی کـز کردبـوو. نـەی ئەهێنا بەرووی خـۆیدا، بەڵام مەگەر کوێر بوایەتـی تـا نەتوانـی ئـەوەی بـە سـەری دێ، لـە تەختـی تەوێڵـیدا ببینـی. پڵنگـی برینـدار. پیاوێکـی خێڵاتـی تاکـەی ئەتوانـێ خـۆی لـە بـەر ئـەو ئـازارەدا ڕابگـرێ؟

درەنـگان بـوو لـە مـەزرا گەڕانـەوە. کەلمیشـی و بڵقیـس لـە

پێش هێسرەکەوە ئەڕۆیشتن. مارالٚ دەسکەوساری هێسرەکەی دابوو بە شانیدا و بە دوایاندا بەنازەوە پێی هەڵئەگرت. ئەتوت خۆڵەمێشیان هەڵداوە بەئاسماندا. ئێوارە ئاخنراوی دوومان و تۆز و لێڵی بوو. هەر ئەمە ڕوخسارەکانی زیاتر تێک ئەنا و لێڵ و ماندووتری ئەکردن. لە بەر دەرگای ماڵەوە، کەلمیشی و بڵقیس چارشێوی گرێدراوی گەنمەکەیان داگرت. کەلمیشی بارەکەی ڕاکێشا بۆ بن دیوارەکە و پشتی ڕاست کردەوە. کاری بەردەوام و بێ بەهرەی ڕۆژانە ماندووی کردبوو. پیاوێک و دوو ژن لە کازیوەی ڕەبەقەوە تا ڕۆژئاوا بە دەستکاڵەکانیان زەوییەکەیان کڕاندبوو و تەنها چارشێوێک پووش و پەلاشیان کۆ کردبۆوە. شانەکانیان کوترا بوو، ڕەگ و ماسۆلکەکانیان هاتبوویە ژان، بەلام کە سەیری بەرهەمی کاری ڕۆژانەیان ئەکرد، جگە لە ماندوێتی، ڕەنگی شەرمەزاریش بە ڕوخساریانەوە بوو. سەرەڕای ئەمەش کەلمیشی نەی ئەویست بیخاتە خۆی. ناوچاوانی تێک چرژاندبوو و دەرفەتی قسەکردنی بەکەس نەئەدا. هەر چەندە مارالٚ و بڵقیس زمانی درێژیان نەبوو. ئەمە خودی کەلمیشی بوو نارەزاییەکەی ئەشاردەوە و لە دڵی خۆی داخنی. گوڵمحەمەد لە خۆوە نەیوتبوو دڵی ئەوەی نییە بۆ کۆکردنەوەی گەنمی بستەبالا چۆک لە عەرز بخشێنێ. باشە. بەلام کەلمیشی‌یش پیاوێک نەبوو قسەی خۆی بخاتە ژێر پێ. ئەیویست هەر چۆنێک بووە، تەنانەت ئەگەر دەنکە دەنکەش بووە، ئەو گەنمە لە سەر خاک هەڵگرێتەوە. هەر نەبێ ئەو تۆوەی کە چاندبوویان بۆیان بگەڕێتەوە. لەم وەرزەدا کارێکی لەوە پێوویستتریش لە ئارادا نەبوو. کە وا بوو ئەبێ شان دادەن و ئەم پووش و پەلاشە هێز لەبەربڕاوە ببڕنەوە.

مارالٚ، دەسکەوساری هێسرەکەی گرتبوو و ئەیبرد بۆسەر ئاخووڕەکە. کەلمیشی کشایەوە، لەبندیوارەکە دانیشت و سەرنجی بە دوای مارالٚدا چوو. مارالٚ ئەڕۆیشت و داوێنی

کراسەکەی ڕائەوەشا. سێ گۆشەی لەچکەکەی کەوتبوویە سەرتەختی پشتی، نشێوی شانەکانی بە هێڵێکی نەرم ئەڕژایە ماسوولکەی بازووەکانی و ون ئەبوو. کەلمیشی وایزانی:

«ژنێکە! چەندە ئارام! خووی مەڕێکی هەیە دوو سێ سکی کردبێ. جرت و فرتی تێدا نییە. دەی، هەر چی چۆن بێ، پێی ناوەتە ئەم ماڵە و ئەم ڕەوەندە. باریشی بە سەر کۆڵی ئێمەوەیە. ئێمە ئەبێ خڕی کەینەوە و ئەبێ ئاگامان لێی بێ. بەڵام ئەو مل بە کام پیاو ئەدا؟ ژنە ئیتر! هەر ئەمەی کە ئاوا لە بەر چاوی مندا لەنجە ئەکا و چاوەکانی جگە لە بێزمانی و غەوارەیی هیچیان تێدانییە؛ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەتوانێ ببێ بە جوانوویەکی سرک و چەتوون. سروشتی ژن. ئەمەیە خووی ژن ئیتر. هەر کامەیان ئەتوانن لە چاو تررووکانێکدا ڕەنگ بگۆڕن. لە ئاوی دەریا و بای بیابان ئەچن. بێ ئۆقرەن. بێ ئارامن و ئەگەر نایخەنە خۆیان بۆ ئەوەیە لە شارەزایەکی دەروونی بەهرەمەندن. ئاخ... کەس نازانێ لە پشتی ئەم شووشە دەروشاوانەدا چی نووستووە!»

چا، چی لە چا چاتر! بڵقیس دەستی دابویێ. هەوا ئارام و هێور بوو. ئەکرا هەر لەوێ، لە دەرەوەی دەرگاکە دابنیشن و پیاڵە لە سەر پیاڵە چا هەڵقوڕێنن. ماراڵ پەلاسێکی لە بن دیوارەکە ڕاخست و کەلمیشی خۆی خزاندە سەری. کڵاشەکانی داکەند و کڵاوەکەی هەڵدا و کاکۆڵە خۆڵەمێشیەکەی خوراند و پاڵیدا بەدیوارەکەوە. ماندوو، چاوەکانی لێکنا و پانیەی سەری نا بە چوارچێوەی دەرگاکەوە. بیخەوی شەو و ماندوێتی ڕۆژ خەیاڵی لە سەری ڕەماندبوو و پیرەمێرد ئەتوت لە ناو هەوردا بەرهەڵدا کراوە. جۆرە سستیەکی دڵخواز و خۆش، لەو جۆرەی کە هەموو تان و پۆکانی لەش شل ئەبنەوە ئەڵێی بوون بە لۆکە. سووکەڵە، پەڕی ڕەها. گیان ئاسوودە و ئارام لە ناو لەشدا ئەگەڕێ. هیچ کۆسپ و لەمپەرێک لە ڕێدا نییە. ئاوێکی

زەڵاڵـە لـە قرچـەی گـەرمـاوەزدا. بـە بـێ تـۆزێ بـا بـە گۆنایـەوە. بـە بـێ درِک و داڵ کـە بیرِووشـێنێ. بـە بـێ سـمی گایـەک لـە قـورِی وەردابـێ. بـە بـێ ئاونگێکـی خێـرا رِای بژەنـێ. بـە بـێ رِێبوارێـک -چ جایـە دەروێشـێک- لـە لایـەوە دابنیشـێ و گـەردی رِوخسـاری بشـوات. بـەڵام ئـەم کاتـە خۆشـە، زۆری نەخایانـد. ئەوەنـدە چاوی گـەرم ببـێ چـا دەمـی کێشـابوو. دەسـتی بڵقیـس لە سـەر ئەژنۆی کابـرا. کەلمیشـی بـە لاوازی خـۆی رِاسـت کـردەوە و پیاڵـە چاکەی رِاکێشـا بـۆ لای خـۆی.

مـارال، ئـەوا خـەریکـی ئەسـپەکەی خـۆی بـوو. زینـی لە سـەر پشـتی داگـرت، لای دیوارەکـە داینـا و کەڵلـەی لەغاوەکـەی لـە سـەر زینەکەدانا. لە لای یاڵـە درێژەکەی قەرە وەسـتا، بە سـەری پەنجـە و نینـۆک پشـتی بریقـەداری ئەسـپەکەی خوراند. پـووش و پەیکوڵێـک ئەگـەر بەبـن کلـک و سـکیەوە لکابـوو لێیکـردەوە و بەئارامـی بـەری دەسـتی بـە پشـت و سـمتی یەکسـمەکەدا هێنـا. بـەم نازکێشـانە، لەشـی کشـاوی قـەرە کەوانێکـی نەرمـی تێکـەوت و پەرِەکانـی لووتـی لـەرزیـن. دۆخێکـی خـۆش. ئەسـپ مل و گوێـی لـە بـازووی مـاراڵ سـاوی و مـاراڵیـش بنـی ملـی خورانـد و ئـەو گیایـەی لـە قـەراخ جۆگـەکـە بـۆی رِنیبـۆوە خسـتیە بـەری و کەوتـە سـەیرکردنی، تاکـوو قـەرە دەم بـۆ سـەوزەگیا ببـات.

**۹۹**نـەء، بـەڵام ئەمـە ئـەو گیایـە نەبـوو قـەرەی پـێ تێـر ببـێ. گیـای بێئـاو، بێگیـان. رِەنجێـک لـە نیگـای مـاراڵدا. ئەیزانـی ئـەو پێخۆرِە بۆ قەرە بەس نییە، نەء! رِۆژ و شـەو ئەگـەر وا تێپـەرِیایەت و دەرگـا ئەگـەر لـە سـەر ئـەم گرێجەنەیـە بسـوورِایەت، ئەونـدەی پـێ نەئەچـوو ئەسـپە بـە شـان و باهۆکـەی پاشـەڵی ئەتـکا. گۆشـتی سـمتەکانی ئـەوەری و ئێسـکەکانی دەرئەپەرِیـن. گـوژمـی ملـی ئەچـوو بـە چـاڵا و لاقەکانـی ئەبوون بەداری تەشـی. ئـەم بیرە دڵـی مارالـی ئەخسـتە گریـان، هیچیشـیـی لەدەسـت نەئەهـات. هەڵکەنـراو لـە دەشـت و کێـو، لـە لێـواری بیابـان گیـر کەوتبـوو.

زەوی وەکوو چاوی هەتیو تامەزرۆ بوو. پان و بەرین، بێکۆتایی و ڕووت و هەژار. وەڵامی هەموو نیازێک ئەو بایە بوو سینەی لە سینگی بیابان ئەساوی. دڕک و داڵ و قنەلاشکی گەسک ئەدا و لەگەڵ خۆیدا بۆ گشت لایەکی ئەبرد. ئەم ماڵەی کە ئەو ڕووی تێکردبوو، لەهەموو زیاتر نەداریی بوو بە ڕوخساری هەمووانەوە خۆی ئەنواند و تووڕەیی بوو لە ژێر ددانەکاندا ئەجاورایەوە و ودمی خراپ بوو لە دەر و دەشتەوە بە سەریدا ئەباری. بۆیەش بوو ماراڵ دوارۆژی ماڵەکەی بە ڕەش ئەبینی، ئاسمان بۆچی بەو جۆرە ئێقی کردبوویەوە؟

قەفی پشتت ڕاست کەرەوە ئەی ژن! چی لەم جیهانە تاسەر ئەمێنیێ؟

ــ جارێ وەرە پیاڵەیەک چا بخۆرەوە. تاکەی لەوێ خەریکی ڕاز و نیاز ئەبی؟

بڵقیس بوو. ماراڵ ڕووی تێکرد و پێکەنینێکی سووتاو بن ڕوخساری ڕوون کردەوە. چاوەکانی بە شەرمەوە داخست. چوو بۆ لای دەنگەکە و لە لای دەستی پووره بڵقیسیەوە دانیشت. بڵقیس چای بۆ تێکرد و پیرەمێرد لە بن برۆ زبر و تیژەکانیەوە کچەی سەیرکرد.

ماراڵ بەڕواڵەت ئارام بوو. بەڵام بە تۆزێک وردبوونەوە دەرئەکەوت شەپۆلی هەڵچوون لە ژێر پێستیدا لە هەژاندایە. تەنهایی ئەتوت لە هەموو لایەکەوە گوشاری بۆ هێنابوو؛ جا هەر واش بوو. ماراڵ بە هەر لایەکدا ئەیڕوانی جگە لە تارمایی و سێبەری خۆی هیچی نەئەبینی. دەوروبەری بەتاڵ بوو. هیچ نەبوو ئەو، پەنجەی تێ بگیرێنێ. ئەمڕۆش لە هەموو ڕۆژێک زیاتر ئەو هەستە چنگی لە دڵی وەردابوو. شوێنی بەتاڵی گوڵمحەمەد و زیوەر -بەو کێشمەکێشە دڵفرێنە دەروونیەوە- کەلمیشی پڕی کردبۆوە. پیرەمێرد خۆبەخۆ نامیهرەبان نەبوو. بەڵام بوونی، هاندەرێک بوو تا زۆرترین

کاتی بڵقیس بەکار و ڕاگەیشتن بەو پڕ ببێتەوە. ماراڵ لەم کردارەی پووریدا مەبەستێکیشی ئەبینیێ؛ ئەوەی کە بڵقیس بە ئەنقەست خۆشەویستی خۆی لەو ئەشاردەوە. ئەتوت لە مێردەکەی ڕانابینیێ کە برازاکەی لە بەر چاوی ئەودا خۆش بوێ. ئەو سروشتە، وا دیارە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە و هەموو ژنێکیش بەشێکی بەرکەوتووە. ژن نایەوێ پیاوەکەی -ئەو پیاوەی تەمەنێک هی ئەو بووە- ئەوە ببینیێ کە ژنەکەی خەریکە بەشێک لەو خۆشەویستیەی هی ئەو بووە، ئەدا بە یەکێکیتر، یان ئەوەی کە ئەبێ هینی ئەو بێ لەگەڵ یەکیدی دابەش بکات. مەگەر ئەوەی کە ژنە مەبەستێکی تایبەتی هەبێ. هەر وەها پیاو، پیاوێکی وەکو کەلمیشی، پێی وایە هەموو شتێکی ژنەکەی، تەنانەت نهێنیترین سۆز و هەستی کڕیوە. بەتەواوەتی بە هی خۆی ئەزانیێ و ئەبێ لە بن دەسەڵاتیدا بێ. چاو و دەست و زمانی ژن جگە لە ڕاگەیشتن بە پیاو و بەدیهێنانی ئارەزووکانی نابێ بەهیچ کارێکی دی ڕابگات.

ماراڵ، ئەمەی باش هەست پێئەکرد و، سەرمای بەرەنجامی ئەو پەیوەندییە کاتێک لەشی ئەتەزاند کە گەرمای نیگای نهێنی، گوڵمحەمەد و ڕەفتاری گوڵمحەمەد، جێگەی لە تەنیشتەوە چۆڵ کردبوو. لێکگیرانی نهێنی نیگاکان و زیندوێتی وتووێژە جارجارەکان، ئەگەر ئاساییش، بەڵام شۆر و ئاژاوەیەکی لە دەروونی ماراڵدا سازکردبوو کە هەر چەندە دڵازار، بەڵام بێ شەوقیش نەبوو. غەم و شەڵەژان و حەز و ڕق و قین و دەربازبوونی لەگەڵدا بوو. بە هەموو ناکۆکیەکانیەوە دڵفڕێن بوو و دڵی ئەوی بە خۆیەوە خەریک ئەکرد. ژیانی ئەدایە. یاو ئەگەر لەش لاواز ئەکات، بەڵام گەرمایەکی جیاوازی پێ ئەبەخشێ. قڕە هەر چەندە خوێنی پێوەیە، بەڵام گیان ئاگر ئەدات و ئەیگرێنیێ. ڕای ئەژەنیێ. سستی لێ ئەرەوێنیێ. ژێرە و

ژووری ئـەکات. سـەرەوبنی ئـەکات. هـەر  لـەم جۆرە کاتانەدایـە کـە مـرۆڤ دەمێکـی خـۆی چنگ ئەکـەوێ. خـۆی ئەفرێنـێ، ڕای ئەکێشـێ، گیانێکـی تـازە ئەکـرێ بەبـەریدا و هۆیـەک بـۆ بوونـی خـۆی بەدەسـت ئەهێنـێ. عەشـق هـەر چەنـد ئەسـووتێنێ. بـەڵام گەشـێنەرەوەی گیانیشـە. سـاتەکان ئەڕەنگێنـێ. سـوورەخوێن ئەکوڵێنـێ. هەتـاوە. هەڵچـوون و داچوونـی گیانـە. گوڵسـتانێکی ئەفسـانەییە. ڕاسـتی بـۆ هەڵدێـڕ، هەڵدێـڕ بـۆ ڕاسـتی. دۆزینـەوەیەکـی تـازەی خـود لـە خـۆدا. ڕیشـەی تـازە لـە نـاو دڵدا ئەبزوێـن و ئەڕوێـن و بـاڵا ئەکـەن. لـە نـاو تەمـی کەڵەکەبـووی دەرووندا شـەپۆلێکـی نوێ سـەر هەڵئەدا. جا کـەی شـوێن بۆ خـۆی بکاتـەوە و بـڕوێ و جـێ خـۆش بـکات، ئەوەیـان شـتێکە زۆر دیـار نییـە. مەگـەر ئـەوەی خـۆی لـە ونبـووی خـۆیدا بدۆزێتـەوە، بـەڵام ئـەی عـەشـق چـۆن سـەر هەڵئـەدا؟ جـا مـن چووزانـم؟ مەگـەر کـەس سـروەی بـای دیـوە؟ کـێ تریشـقـەی هـەوری پێش لـە ناڵینـی بیسـتووە؟ چـاوی کـام سـەر، توانیویەتـی تاودانـەوەی برووسـکە ببینـێ؟ لـە کـوێ ئـەڕوێ؟ لـە کـوێ گیـان ئـەکـرێ بـە بـەریدا؟ بەکامـەڕێدا ڕێ ئـەکات؟ ڕووی لـە کام لایـە؟ مـن چووزانم؟ دێوانە مـەگـەر کـەس ئەزانـێ بـۆ کـوێ ئەچـێ؟ دەبا جیهـان بشـڵەژێ!

«مـاراڵ... کچـێ! خۆزگـە پێـت نەنایەتە ئەم جیهانە. خۆزگە لـەدایک نەبوایەتـی، ماراڵ.»

ئەمە بوو ئەوەی کچی عەبدۆس ئەیتوانێ بە خۆی بڵێ.

چۆناوچۆنـە ڕواڵـەتـی ماڵـە قوڕینەیـەک کـە بوومەلـەرزە جماندوویەتـی! قەڵـەش بەدیـواری ڕووخـاوەوە. بوومـی قەڵەشـاو. کاولـە شـار. بوومەلـەرزە چییـە؟ هێزێکـی لەغـاو پچـڕاو. شـتێکی بەهێـز، لەبەنـدی خـاک دەربـاز بـوو. مـاراڵ شـەپۆلێکی ئـەم بوومەلـەرزەیـە بـوو. دەربـاز بـوو، بـە ڕەو، بەفڕکـە. پچـڕاو، بـەوزە. نـاڕەزا و هـەم سـەرپڕ، بـێ ئـارام و کـاولکـەر. ئازارکێشـی هێـز و وزەی خـۆی. چێـژی بەچێـژی ڕزگاربوونـی هێـش نەچەشـتبوو.

ژەهری گوشاری هەست پێ ئەکرد. هێشتاش هێزی بەند پچڕێنێ نەخستبوویە ژێر ڕکێفی. هێشتا نەیتوانیبوو ڕامێ بکات و بەڕێدا ببات. دێوانەئاسا، سەر لێشێواو و شەڕانی. زەریا. بە بێ وەستان. بە بێ نووستن. شەپۆل بە دوای شەپۆل بە بێ ئاقار. هاودەمی ئاسمانی سارد و یاوی هەتاو.

ئای... مارالْ، تۆ کێی؟ تۆ چی؟ هی کوێی؟ بۆ پێت نایە سەر ئەم عەرزە؟ ئەمە چییە لەناختدا هەڵئەقوڵێ و ئەخرۆشێ؟ ئەمە کێیە لە تۆدا؟ خودی خۆتە؟ ئەگەر وایە ئەی کێشەت لە چییە؟ «خود» خۆ بەندی دلاوەر بوو؟ واتە ئەوەی کە هەیە، شتێکە جیا لە «خود» ڕەنگە پارچەیەک لە خودی تۆیە. ڕەنگیشە خودێکیترە و لە ناختەوە سەری هەڵێناوە؟ ڕەنگە. ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە وابووە کە ژن لە بەرامبەر هەر پیاوێکدا، ژنێتیەکیتر پەیدا ئەکا. ئەگەر ئەمە نییە، ئەی چییە؟ دڵت هەوای ڕووی گوڵمحەمەدی هەیە و لە هەمان کاتدا دلاوەری لە قوژبنێکی تریدا شاردۆتەوە. ئەوت خۆش ئەوێ، بەڵام ناتوانی دڵ لە پوورزاکەشت هەڵکەنی و تاو و سات بیری ئەکەی؟ ڕوخسارێکی بە خۆر سووتاو، چاوانی ڕەش و گەش و ناوچەوانی گرژ. نیگای خەنجەر و غەمخەندەی لای دەم. دڵی بۆ لێهەڵناکەنی مارالْ. بە دڵتەوە نیشت ئەو چاوانەی ڕوتیەتیتیان خواردەوە. شایگەشەکەبوونی ئەو کاتەی کە ملت، مەمکت، سکت، سمتت، کەمەرت ئەونیگا تیژانە نۆشیان کرد؟ کوێت ئەشەلێ مارالْ؟ ئەم ئاژاوە چییە لە دەروونتدا؟

نازانێ، نازانێ. گێژ و وێژ، دڵڕەش و لێلْ. ئاتاجی تەنهایی. دوور لە نیگای ئەم و ئەو. لە گۆمێکی تاریکیدا مەلە ئەکا. ئەبێ بخرێتە ناو خۆی. لە دەوروبەر دوور بکەوێتەوە. داببڕێ و بەتەنهایی سەرهەڵبگرێ.

مارالْ، پاش خواردن و خەوتنی بلقیس و پیاوەکەی، لە ژێر

تاقی ئاسمان‌دا مایەوە بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات. هیچی بە دەوروبەری خۆیەوە نەئەبینی. سەری نابووە سەر ئەژنۆی و پەنجەی لە پووزی هەڵپێکا بوو و لە ناو گۆمی تەماوی خەیاڵدا مەلەی ئەکرد، بە بێ ئەوەی بتوانێ هیچ شتێک، هیچ ڕشتەیەک پەی بگرێ. زیوەر لە کوێ بوو. گوڵمحەمەد چی ئەکرد؟ دلاوەر ئایە خەوتبوو؟ عەبدۆس چی؟ دووکەڵی سیگاری بۆ لای ئەستێرە نەئەنارد؟ قەرە، شەو. ماراڵ زۆرتر لە لای کێ بوو؟ خەیاڵیش یاری ماراڵ نەبوو. تاشەو بگەڕێ، تاشەو گەڕا، ماراڵ سەر لە سەر چۆک لای دیوارەکە دانیشتبوو و تەونی خەیاڵی ئەچنی. بە بێ وەڵامێکی ڕوون، بێ دەرمانێک بۆ دڵی ماندوو و غوربەتیەکەی. کۆتاییەکەی سەری لە سەر چۆک هەڵێنا و سەیری ئەسپەکەی کرد. تەنها تەنێک زمانی دڵی ئەوی ئەناسی: قەرە. بە بێ ئیرادە هەڵسا و چوو بۆ لای ئەسپەکە. لە لای یالیەوە وەستا و شانی‌دا لەشانی. قەرەئات سەیری خاوەنەکەی کرد. داوایەک لە نیگای‌دا بوو. ماراڵ سەیری ئاخوڕەکەی کرد، بەتاڵ بوو. بەتاڵی بەتاڵ. دڵی بۆ ئەسپەکە گریا. نەی ئەزانی ئەبێ چی بکا. چوو بۆ لای ئاخوڕی هێسرەکەی کەلمیشی. ئاخوڕی هێسرەکەش بەتاڵ بوو. بیرێکی لەپڕ، دەروشانەوەی خەنجەرێک لە هەتاودا، مێشکی ڕوونکردەوە:

«گوناحە با ببێ!»

بەرەو ماڵەوە بوویەوە. گەنمە دروێنەکراوەکان لە سووچی هۆدەکەدا ڕژا بوون. بڵقیس و کەلمیشی بەتەک یەکەوە لە لای پووشەکەوە نووستبوون. مایەیەکی بوێری و جەربەزە. ماراڵ پێی نایە ژوورەوە. داوێنی کراسەکەی هەڵدایەوە و بەنەرمی بە لای ژن و پیاوەکەدا تێپەڕی. کۆشی پڕکرد لە کا و گەنم و خەوشوخاڵ و سووکەڵە، وەکوو مار خوشایە دەرەوە و چوو بۆ لای ئەسپەکە. خواردنەکەی کردە ناو ئاخوڕەکە و لە لایەکەوە

وەستا و کەوتە سەیرکردنی لەبەردڵانی قەرە و کرماندنی گەنم و کا. ئاسان نەبوو، ئەیدی و ئەیزانی ئەوەی قەرە ئەیکرمێنێ بەشێکە لە پاشەکەوتی زستانەی بنەماڵەیەک. بنەماڵەیەک کە خۆشی پارەیەکی بوو. بەڵام ماراڵ بەو ڕادەیە دڵبەندی خێزان نەبوو کە ئەسپەکەی خۆی خۆش ئەویست. بۆیە هەر لەوێ بە حەزێکی ئاوێتە بە ترسەوە، لە سەر عەرزەکە دانیشت و نیگای عاشقی خۆی بڕییە سەر و یاڵی قەرە؛ هەتا پاشتر چی ڕوویدات.

ــ تۆ هێشتاش وشیاری کچێ؟ بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

ماراڵ سەری هەڵێنا و بڵقیسی بە سەر سەری خۆیەوە بینی. لەجێدا مرد و زیندوو بوویەوە! شەرم و گوناح. ئەمە نمەک بە حەرامییە. لەگەرروودا گریا. گورج و تۆقاو ڕابوو و لە لای دەستی پووریەوە وەستا و بەشەرمەوە سەری داخست. بڵقیس ئەبێ زانیبێتی چی کردووە و بیر لە چی ئەکاتەوە. خۆزگە بڵقیس نەئەچوو بۆ لای ئاخوڕی ئەسپەکە. نەشچوو. ماراڵی برد بۆ لای دەرگای ژوورەکە و لە ڕێگەدا دەستی خستە سەرشانی کچە و ئەتوت تێیئەگەیەنێ: دڵگیر مەبە. خۆت ڕابگرە! بەڵام هەر ئەمە زیاتر دڵی ماراڵی ڕائەشەکاند. لەم جۆرە کاتانەدا میهرەبانی وەک زیخێک بیخەیتە ناو مەنداوێکەوە، ئەیشڵەقێنێ. دڵی ماراڵ ئەو مەنداوە بوو و پەنجەکانی بڵقیس ئەو زیخە. ماراڵ پەرێشان بوو. پەرێشانتر. شەپۆلی لەرزینێکی نەرم لە سەر پێستی. ڕەشە بایەک ڕێی لە دەروو بەستووە. هەناسە بە ئاستەم ئەگەڕا و ئەو بە وشەی لەرزۆک و شکاو پاڕایەوە:

ــ پووریێ گیان، من ئەزانم جاجم و قاڵیچەش بچنم. مەهێڵە سەرگەردان بم. بەرێم کە بۆ لای ڕەوەند!

بڵقیس کچەی برد بۆ ماڵی گوڵمحەمەد، لە بەر ڕووناکی فانۆسەکەدا داینا و وتی:

ــ نەکا دڵت لەم ماڵ و ڕۆژگارەی ئێمەگیراوە کچم؟ ئەرێ؟
ــ بۆ ئەبێ بگیرێ؟ مەگەر من لە سەر قاڵی هەورێشم گەورە بووم؟
ــ ئەی بۆ نارەحتی دایکەکەم؟ لەوەی کەوا بەتاق کەوتوویتەتەوە؟ بۆ ئەوەی شێرۆی ماڵوێران بەو جۆرە قوڕی کرد بە سەر هەمووماندا و هەڵات؟ ئەرێ؟
ــ نازانم. نازانم. ئەوەندە ئەزانم من لەگەڵ مەڕ و ڕەشماڵ ڕاهاتووم. لێرە دوو جاران زیاتر هەست بە غەوارەیی ئەکەم.
بڵقیس، ڕەنگە ئەیویست بە زۆر قسەیتر دڵی ماراڵ بداتەوە، بەڵام کەلمیشی دەرفەتی نەدا و ژنەی بانگکرد:
ــ لە کوێی؟! بڵقیس! وەرە زەرکێک ئاوم بەرێ. گەرووم وەکوو دڕک وشک بووە. چیم خواردووە مەگەر؟
بڵقیس پەنجەکانی ماراڵی لە ناو دەستەکانیدا گووشی، هەڵسا و چووە دەرەوە.
ماراڵ وەک پەیکەری سیابەختی، لە تاریک و ڕوونی تیشکی خوماری فانۆسەکەدا بە تەنهایی بەجێ هێڵرا. بە بێ ئەوەی جووڵەبکات، وەک ئەفسوون کرابێ، نیگای چەقیە پەیشوێنی ڕۆیشتووی بڵقیس و شانەکانی لەگەڵ هەناسەی نەرمی بەرز و نەوی ئەبوویەوە. چاوەڕوان بێ تا بڵقیس بگەڕێتەوە؟ ئایە دێتەوە؟ بخەوێ؟ هەڵسێ و دەرگا لە خۆی داخات؟ پڵێتەی فانۆسەکە داکێشێ و جێ بۆخۆی ڕاخات؟ یان هەر لەوێ لە سەر بەڕەکە بخەوێ! چی بکات؟ نەیئەزانی. بێگانە. بێگانە لەگەڵ هەموو شتێک. لەگەڵ هەر چی هەبوو. تەنانەت نەیئەویست سەیریان بکات. ئەتوت لە هەموویان ئەترسا. ترسی ئەوەی نەکا پێوەی بلکێن! بیری ئەوەی هەموو ئەو شتانەی دەوروبەری چاویان هەیە و چاوی لێئەکەن. هەموو شتێک لە پشت چاوەکانی زیوەرەوە، وەک لێپرسەر، سەیریان

ئەکـرد:

«تۆلێره، لـە سـەر بەرەی من چـی ئەکـەی؟»

مـاراڵ نـەی ئەتوانـی وەڵام بداتـەوە. لاڵ ببـوو! بـە دژواری لـەجـێ ڕابـوو و بـە بـێ خـۆف چـووە دەرەوە. بەخشـکـەیی چـوو بۆ لای ئەسـپـەکـەی و هـەر لـەوێ لـە بـن دیوارەکـە قنچکانیـکـرد و پشـتـیدا بەزینـی ئەسـپـەکـەوە وچـاوی بڕییـە ناوچـاوی شـەو. مانـدوو، بـەڵام سـەرکـەش!

## بەندی سێیەم

هەتا مەدیار لەژیان دا بوو، بەگمحەمەد، مانگەومانگیش نەیئەبینی. بەڵام ئێستەکە نەبوو، بەگمحەمەد تاو بە تاو جێگەی بەتاڵی ئەوی لەتەنیشت خۆیەوە هەست پێئەکرد. نەبوونی مەدیار بۆ بەگمحەمەد ببوو بە ئازارێک. تاوی نەئەهێنا. شپرزە و پەرێشان بوو. وەکوو سەگ شەوی هەتا ئێرە گەیاندبوو. خەوزڕاو و شێواو. چاوەڕوانی بەیانی شەڕی لەگەڵ سات و کات ئەکرد. سەیری شەوی کرد. شەوی کەلیدەر ئارام بوو. ئارام و بە سینگە خشکێ، مانگ، پانتایی پەڵە هەورەکانی ئەبڕی و ئەڕۆیشت. ئەستێرەکان لەپەنا و پەسێرەوە چاوێکیان دائەگرت و دیسان خۆیان ئەشاردەوە. زەوی هێوەر و خاک ئارام بوو. شەو شکابوو و نیگا بە دیوارە لێڵەکانی شەودا ئەپەڕینەوە. لە سەر سینەی گردەکە، کۆ و لە دەور یەک، ڕان مۆڵ درابوو. بزن و مەڕ و تەگە و بەران و قۆچ و شەک. بزنە نێر و قسر، هەموو لەتەک یەکەوە، سەر لە بن سەر، جێجێ و پەڵەپەڵە ڕاکشا بوون و بەئارامی هەناسەیان ئەدا؛ زەنگۆڵەی ملی تەگەی خانئاپۆش تەنانەت دەنگی بڕابوو. بەس جارجار زەنگی ملی شەکەکەی بڵقیس بوو خامۆشی ئەزڕاند. سەبرخان، ئەژنۆکانی بەسکیەوە لکاندبوو و دارەکەی لە ناو دەست و ڕانیا ڕاگرتبوو، سەری خستبوویە

سـەر تۆربێنەکـە و خـەوی لێکـەوتبـوو. سـەگ بـە دەوروبـەردا ئەخولایـەوە. بەگمحـەمـەد، بێخـەو، دانیشـتبوو و دەسـتەکانی بـە دەور ئەژنۆیـەوە هـەڵپێکابـوو و چاوی لـەبیابان بوو. بەنیشـانەی ئەسـتێرە و شـێوەی مانـگ، شـەو لـە نیـوە تێپـەڕ ببـوو و بـەرەو لای ڕۆژ شـۆڕ ببۆوە. بەگمحـەمـەد، بێـواز و کوتـراو، هـەڵسـاو بەنووکـی پـاوزار، لـە سـەبرخانی ڕاژانـد. سـەبرخان بۆلانـدی و سـەری لـە سـەر توورەکـەکـە بـەرز کـردەوە، بەگمحـەمـەد وتـی:

ــ ڕابە ئیتر! قنی خەوت دڕاند، چەند ئەخەوی!...

سـەبرخان ڕاسـتەوە بوو و چاوەکانی هـەڵگلۆفی:

ــ لـەبری تۆش خـەوتم... ها...؟

بەگمحـەمـەد وتـی:

ــ کاتـی «لـەوەڕە»، کازیوەیـە. مـن ئەمـەوێ بچـم بـۆ نـاو ڕەوەنـد.

ــ ئێسـتە؟

ــ ئەسپەکە ئەبەم، کارێک، پەیامکت هـەیە؟

سـەبرخان هـەڵسـا، دۆخێـن و شـەرواڵەکەی سـاف کـرد و بەخامۆشـی، چـاوی بڕییـە بەگمحـەمـەد. بەگمحـەمـەد چـی بـە سـەر هاتـووە؟

ــ ئـەوە بـۆ وەکـوو کـەرێکـە سـەیری ناڵبـەندەکـەی ئـەکا، لێـم ئەڕوانی؟...

سـەبراو سـەری داخسـت و بەگمحـەمـەد چگوورەکـەی لـە تێـڕی کـەرەکـە هێنایـە دەرێ و چـوو تـا تەنگـەی ئەسـپەکە بکێشـێتەوە. سـەبراو جارێکـیتـر هاتـەوە قسـە:

ــ باشـە چی بووە؟ بۆ لـەپڕ داوییە لە سـەرت؟

بەگمحـەمـەد پێـی لـەئاوزەنگی نا و پرسـی:

ــ سـەیزوشـەو جێ ژوان کوێ بێ؟

سـەبراو وتـی:

ــ لای دەرەوەزان.

بەگمحەمەد سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا و ئاژووت بە ناو ڕانەکەدا و تاوێکیتر لە ئاسۆی زیوینەدا ون بوو. لەم شەو و ڕۆژەدا، ئەسپەکەی سەبراو حەسابوویەوە و شەکەتی لە لەش دەرکردبوو و خۆش داژووت. دەمێک بوو بەگمحەمەدیش بەم حەز و لەزەوە، ئەسپی ناژووتبوو. خۆشی نەی ئەزانی چیەتی. بەڵام هەستی بەوە ئەکرد هێزێک تیایدا ئەجۆشێ. پێی وا بوو هەندێ شت هەیە ئەبێ سەریان لێ دەربکات. ئەوەی سەبراویش بۆی گێڕابوویەوە پێی کەم بوو. بەگمحەمەد بە دڵدانەوەی سەبراو ئارامی نەگرتبوو. ئەبوا گوڵمحەمەد ببینێ. تا براکەی نەبینیایەت دڵی ئارام نەئەبوو. بیری کردەوە ئەگەر تەنانەت گوڵمحەمەدیش نەهاتبێت بۆ ناو ڕەشماڵ، سەری ئەسپەکەی وەرگێڕێ و یەکسەر غاریدا بۆ دەرزیوەر.

بەڵام گوڵمحەمەد هاتبوو.

بادی لە لای بنە ئەلەوەڕی و کاتێکە بەگمحەمەد لای سنگی ڕەشماڵەکە دابەزی، گوڵمحەمەد سەری لەرەشماڵەکە هێنایە دەرەوە و «ماندوو نەبی» لە براکەی کرد و سەری بردەوە ژوورەوە. بەگمحەمەد دەسکەوسارەکەی لە کەللەی زینەکە ئالاند و ڕۆیشتە ژوورەوە. تەختی پشتی ئارەقەی کردبوو. کڵاوەکەی داگرت، دەستی هێنا بە دەورمل و تەوێڵیدا و پاشان سەیری گوڵمحەمەدی کرد. لە واتای نیگای براکەی، گوڵمحەمەد تێگەشت. بەڵام لەخۆی ڕانە ئەبینی چیرۆکی ئەو شەوڕەوەی ببوو بە شەڕ و کوشتار جارێکی تریش بگێڕێتەوە. بۆ ئەمەش بوو، کاتێکە بەگمحەمەد هەواڵەکەی لێپرسی، گوڵمحەمەد وتی:

ـ «هەر ئەوەی کە بیستووتە.»

لەگەڵیدا بە زیوەری وت بەرچاییان بۆ بهێنێ.

بەگمحەمەدیش لەوە زیاتر لە سەری نەڕۆشت. خامۆش و کڕبوو. بە شێوەیەکی ناڕوون هەستی بەوە کرد گرفتێکی

تـازە لـە كاری براكـەی‌دا پەیدابـووە. سـەیری زیـوەری كـرد. زیـوەر لێـوی گەسـت و كترییەكـەی لـە بەردەمـی هێوەرەكـەی‌دا دانـا. بەگمحەمـەد كترییەكـەی بەتـاڵ كـرد. نـان و تۆراخەكـەی خـوارد و پاڵـی دایـەوە. گوڵمحەمـەد لـە ڕانەكـەی پرسـی.

بەگمحەمـەد لە وەڵامدا وتی:

ــ پـەز تێـر نابـێ، عـەرز بـێ گیاییـە. باڕێـزەش وشـك بـووە و بـووە بـە خـۆڵ. مـەڕ هەڵـدێ. دەم لەعـەرز ئەسـاوێ. بـەڵام تێـر نابـێ. شـیر خەریكـە وشـك ئەبـێ. دانكـە نەكەوێتـە گیانـی ئاژەڵـەكان باشـە. لـە لای ئاوەكـە شـوانێكم بینـی ئەیـوت لـە دەوروبـەری كێـوی شـاجیهان ئافەتـە داكـەوتووە.

ــ ئەی پەزی مە چی؟

ـ جارێ نا، ئیشـەڵا نا. من جارێ هیچـم نەدیوە.

گوڵمحەمـەد وتـی:

ــ دوێشـەو ویسـتم بێـم بـۆ نـاو ڕان، بـەڵام نەمتوانـی زۆر مانـدوو بووم.

بەگمحەمەد وتـی:

ــ منیـش دڵـم هەڵكەنرابـوو، كازیـوەی نەدابـوو ڕابـووم و كەوتمـەڕێ.

ــ چاكت كـرد. دڵـی منیش گیرابوو. سـەبراو چۆنە؟

ــ ئەتویسـت چـۆن بـێ؟ وەكـوو دەلـی لێهاتـووە، یـا خەوتـووە یـان قـوڕ و قـەپ. جـار جارەش بـە نـاو ڕانەكـەدا ئەگـەڕێ و گۆڕانـی ئەچـڕێ. تـۆ كۆتایـی كارەكان چـۆن ئەبینـی؟ بـاش بـوو توانیت خۆت لەیاریكردنـی نـاو زەوییـە وشـك و بەتاڵـەكان ڕزگاربكـەی. باوكـم خـۆ هـات بـۆ دەرزیوەر؟

گوڵمحەمـەد وتـی:

ــ پیرەمێـرد، سـەری پیـری خەریكـە شـێت ئەبـێ. داوییـە لـە سـەری خـۆی نیشـتەجێ بـكات. خەیاڵێكـی خراپیـش نییـە، بـەڵام حسـابەكانی بـە هەڵـە دەرئەچـێ. پێـی وایە ئەمەنـدەی كە مرۆڤ

پێی لە ڕەشماڵ کشاندەوە و لە ژێر بنمیچی قوڕینەدا دانیشت، ئیتر ئەبێ بە لادێیی. چەندەش پێی بڵێی گوێ ڕاناگرێ!

بەگمحەمەد وتی:

ـ باشتر وابوو سەر نەخەیتە سەری و قرقرە نەکەی!

ـ قرەقرم لەگەڵ نەکرد. پێموت ئەمەش مەزراکەت! خۆت چۆکی لێدابە و پووش و پەلاشەکەت کۆ کەرەوە. من ژنی میراو نیم وەکوو کوللە بلکێم بەعەرزەوە!

ـ دایە چی؟ بلقیس؟

ـ دایکی ڕەبەن بڵێ چی؟ فەرمان ئەبات. مایەوە تا ئەو پووش و پەلاشەی کۆی ئەکەنەوە، بیکوتن و شەنی بکەن. ڕەنگە چوار دەنکیان بۆ بمێنێتەوە. بەلام کەی بۆ ئەوە ئەبێ دڵی پێخۆش بکەی؟ چەن ڕۆژ لەمەوبەر چووم بۆ دەربەند، بۆ قەلاچیمەن. لای بابقولی بوندار گەنمم بەقەرز کرێ. لێمکرد و هێنام لە سووچی ماڵەکە دامنا. سک نانی ئەوێ. بە قسە خۆ تێر نابێ. لە بری نان خۆ ناکرێ فشەی بۆ بکەی؟!

بەگمحەمەد وتی:

ـ قەرزمان لای باقولی بۆندار خەریکە زۆر ئەکات.

ـ ئەویش بەو نرخەی ئەو شمەک ئەفرۆشێ! ماڵی زوڵم کاول بێ. سەگباب بە شێوەیەک چورتی بۆ ئەخات و حەسابی ئەکات واقت وڕ ئەمێنێ. وەکوو جادووگەر چاوی مرۆڤ ئەبەستێ. من خۆم لە حەنای لاڵ ئەبم و چی بڵێ هەر سەری بۆ ئەلەقێنم. تۆوی ببڕێ! بەلام چارەشمان نییە ئەبێ لەگەڵی ڕێ بکەوین. پارە و گەنم هەمیشە لە لای دەست ئەکەوێ و هەر ئەمەشە ڕیشمانی داوە بەدەستیەوە.

بەگمحەمەد وتی:

ـ ئەویش لە قەحبەکانی ئەم ولاتەیە. چی دەروێش و دز و گەدا هەیە لە ناو دوکانەکەی ئەودا سەریان ئەچێ بە یەکا. دز و گەدا پێشتر دانەوێڵەکەیان پێ فرۆشتووە و پارەکەیان

خـەرج کـردووە.
گوڵمحـەمـەد بە سـەر بۆی سـەلماند و وتی:
ــ چیمـان پـێ ئەکـرێ؟ خەڵکـی خێڵاتـی هەمیشـە ئەبـێ یـەک دووانێـک لـەو بابەتـەی بـۆ کاتـی تەنگانـە هەبـێ. بـە هـەر نرخێکیـش بـووە ئەبـێ ڕایـان بگریـن. ڕۆژگار خـۆ پێشـتر هـەواڵ نانێـرێ! بـاران هـات و نەهاتـە، بـاش حەسـابی بـۆ ناکـرێ. بێـدەر و دەروازە دێـت و ئـەڕوات. نەخۆشـیش هـەر وا. ئەوەنـدەت نەزانـی لێـیدا و کەوتەگیانـی ئاژەڵـەکان. چـی لـێ ئەکـەی؟ ئەبێ یەکیکت هەبـێ پەنـای بـۆ ببـەی؟ لـەو بابەتـەش زۆرکـەم دەس ئەکـەوێ. مەگـەر ئـەوەی دانـی بـۆ دابکـەی. دانـی ئێمـەش چییـە؟ ئـەو دوو قـەران، پێنـج قەرانـە زیادەی پێـی ئەدەین. زۆر قسـەم کرد. چاکەت سـارد بـۆوە، بیخـۆرەوە.
بەگمحـەمەد پیاڵەی چاکەی هـەڵگرت و وتـی:
ــ ئـەی کچەکـەمـان؟ شـێرۆشـیان بـە بۆنـەی ئـەو چـوار بنـە گەنمـەوە یەخسـیر کـردووە؟ بـۆ نایـەت بـۆ ئێـرە چـوار قـوم شـیر لـە گوانـی ئـەو مەڕانـە بدۆشـێ؟ خـۆ کاری ژنەکانیشـم پێناکـرێ! هـەم بیلەوەڕێنـم و هەمیـش بیاندۆشـم؟ هەیڤـۆش لـەکاری خۆیـان زیاتـری پـێناکـرێ!
دەماری نێوچەوانی گوڵمحـەمەد زریکاندی:
ــ نـاوی لـە نێـو نـاوان هـەڵبگیـرێ. شـوێنەواری نەمایـەت باشـتر بـوو!
ــ بۆ؟ دیسانەوە چ پەنگێکی داوە؟
گوڵمحـەمـەد وەڵامـی براکـەی نەدایـەوە؛ هـەڵسـا و لـە ڕەشـماڵەکە چـووە دەرەوە. بەگمحەمـەد واقـی وڕمـا. چاکـەی دانایـەوە و وا پـێ ئەچـوو بەرچـاوی تاریـک بـوو. بـەڵام خەیاڵـی بەتاڵـی وەڵامـی پـێ نەئەدایـەوە. سـەری هەڵهێنـا و چاوەکانـی وەکـوو دوو دانـە گوڵمێـخ چەقانـدە ناوچـاوی زیـوەر. ژنـە، کـە خـۆی سـووڕاند بـوو بەفڕکـەیەکـی نهێنـی لـە ڕەشـماڵەکە

بچێتەدەرەوە، لە شوێنی خۆیدا وشک بوو و سەری داخست. نیگای بەگمحەمەد دڕ بوو. چاوەکانی ئەتوت بە خێرایی هەناسە ئەدەن. ڕەنگە واش نەبووبێ، بەڵام زیوەر وای هەست ئەکرد. هەستی ئەکرد کالانەی چاوی هێوەرەکەی هەڵمی لێ هەڵئەسێ. بۆچ گوڵمحەمەد ئەوی لە لای برایەک بەو خووەوە بەجێ هێشت؟ زۆر سەیر نەبوو. گوڵمحەمەد توانای ئەوەی نەبوو زەق بڕوانێتە ناوچاوانی برا بچووکەکەی و پێی بڵێ:

«شێرۆ هەڵات، بەشەو ڕەدووی ماهدەرویش کەوت و هەڵات.»

بۆیە ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی زیوەر و لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە. ئەو ژەهرە ئەبوا زیوەر بیکاتە گیانی بەگمحەمەد.

ـ ئا؟ بۆ بێدەنگی؟ دەمتیان داووریوە؟ چی ڕووی داوە؟ کەوتۆتە ناو بیر؟

ـ نەء!

ـ ئەی چی؟ بۆ لە منی ئەشارنەوە؟

زیوەر نیگای داگرت و وتی:

ـ ڕۆیشت... هەڵات، ڕۆیشت!

ـ لەگەڵ کێ؟

ـ ماهدەرویش، پێم وابێ.

ـ هەمان ناسەیدەکە؟

ـ وا ئەڵێن.

بەگمحەمەد دامرکایەوە. پاش ساتێک پرسی:

ـ کەس پەیشوێنی نەگرت؟

ـ گوڵمحەمەد چوو. بەڵام کاتێکە گەیشتە نەیشاپوور ئەوان لێک مارە بڕابوون و لەوێش ڕۆیشتبوون.

وس و بێ قسە، بەگمحەمەد چەمایەوە و دانیشت. کەوتنی ئارام و قورسی سپینداریك. ئانیشکی نایە سەر کەشکەی ئەژنۆ و لە بەین ددانەکانیەوە مڕاندی:

ــ لەگەڵ ئەو سواڵکەرەی سەرخەرمان؟!

و لەپڕ نەڕاندی:

ــ ئا ئەوا ناومان ئەزڕێنن!

زیوەر بە سەر پێوە لەرزی و گوڵمحەمەد پێی نایەوە ژوورەوە وتی:

ــ مەنەڕێنە، لەسەرخۆ بە. نابێ بهێڵین کەس بزانێ. ئەبێ وای دەربخەین شەرعی و خودایی بووە. کچەکەمان بە دڵخوازی خۆمان داوە بە شوو.

بەگمحەمەد لە براکەی مۆڕ بوویەوە و وتی:

ــ کڵاو ئەکەینە سەر کێ کاکە گیان؟ سەر خۆمان؟! کچەکەمان بە کێ داوە بە شوو؟! بە گەدایەکی پاپەتی؟ بێ دەرپێ؟ بێ شیربایی و بێ داوا کردن؟ کێ لێمان وەرئەگرێ؟ کورد بە کەر ئەزانی؟

گوڵمحەمەد، لە بەردەمی براکەیدا دانیشت. پیرانە دانیشت و بە لێزانی وتی:

ــ چارە چییە؟ دەهۆڵ و سووڕنا بانگ بکەین و جاڕ بدەین بە هەموو لایەکدا کە خوشکەکەمانیان دزیوە؟!

ــ پێت وایە ئەگەر جاڕ نەدەین کەس نازانێ؟

ــ ئەزانن. ئەزانن. تۆ ئەڵێی چی بکەین؟

جێی وەڵام نەبوو. بەگمحەمەد هەڵسا، شانی نەوی کرد و لە کۆنەکە چووە دەرەوە و شێتانە چوو بۆ لای ئەسپەکە. گوڵمحەمەد و زیوەر بە دوایدا دەرپەڕین و لەم بگرە و بەردەیەدا خانئاپۆش لە ڕەشماڵەکەی هاتەدەرەوە. بە سەری ڕووت و تاقە کراسێکەوە چوو بۆ لای برازاکانی. بەگمحەمەد نیگای لە ڕوخساری مامی وەرگێڕا، پێی خستە ئاوزەنگی و لەغاوی ڕاکێشا. گوڵمحەمەد باوەشی کرد بە ملی ئەسپەکەدا و ئەوەی کە ئەیویست بیڵێ، بە پەلە خستیە سەریەک:

ــ ئەو خۆ شوێنی لە خۆی بەجێ نەهێڵاوە. تۆ ئێستە بۆ

کوێ ئەچی؟ ژنی شەرعی و قانوونیشیەتی. ئەتوانی چی پێ بڵێی؟ ها؟ چی؟

بەگمحەمەد وتی:

ـ شوێن؟ ژنی شەرعی؟ تۆ ئیتر بۆ وەکو پیرەمێردەکان قسە ئەکەی؟ ئەتەوێ داخی ئەم دەردە لە سەر دڵمان بمێنێ؟ شیربایی سەر ئەسپ!

گوڵمحەمەد ئەگەریش یاڵی ئەسپەکەی بەر نەدایەت، بەگمحەمەد سەری ئەسپەکەی ئەگەڕاند، براکەی لا ئەدا و ئەیدایە غار. گوڵمحەمەد ئەوەی لە چاوەکانی براکەیدا خوێندبوویەوە، بۆیە کشایەوە و چاوی بڕییە بازی ئەسپ و هێڵی ئەو تۆز و خۆڵەی بە دوایدا ئەکشا و هەتاوی زوڵاڵی دەمەو بەیانی لە ناو خۆیدا لوول ئەدا:

ـ بۆ کوێ ئەچێ؟ بیاندۆزێتەوە چییان لێ ئەکات؟

بەگمحەمەد بیری لەوە کردبوویەوە لەگەڵ ماهدەرویش چی بکات. بەڵام بۆ کام لا بڕوات ئەوەی نەئەزانی. نیشانەی دز لە کێ ئەپرسن؟ لە دارۆغە. ئەمە تەنها بەگمحەمەد ئەیزانی. لەم ناوەدا کێ دارۆغە بوو؟ بابقولی بۆندار. هەمان کەس کە گەنمی گەدایی، شڕەی دزراو و پەزی غەوارەی بە نیوەی نیو نرخ لەم و لەو ئەکڕێ. بەم دەست ئەیهێنا و لە هەماری ئەکرد و بەو دەست بە دوو بەرامبەر ئەیفرۆشتەوە.

بەگمحەمەد کاتێک لە بنە دەرکەوت، سێبەرەکەی وەکوو ڕمێکی درێژ کەوتبوویە سەر عەرزەکە و، کاتێک گەیشتە نزیکی قەڵاچیمەن سێبەر ئیتر لە هیچ لایەکیەوە دیار نەبوو، مەگەر لە بن ورگی ئەسپەکەیدا. خۆر بە سەر سەرییەوە وەستابوو و بیابان پڕ بوو لە تاو. پەڵە پەڵەی خاک لە بەرەگەی ڕوانیندا زەردی زێڕین وەکوو پەڵەی گەنم. بەگمحەمەد ئەسپەکەی خاو کردەوە و خۆی شلکرد. تا ئەم ساتە ڕەگ و دەماری وەکوو قایش کشابوو و ئێستە هەستی ئەکرد توانای ئەوەی پەیدا

کردووە بە سەر کێشەی ڕەگ و دەمارىدا زاڵ ببێ، هێمن و لەسەرخۆ نیگای بە دەوروبەردا بسووڕێنێ؛ بڕوا بەخۆ و بە کارەکەی. ئەیویست ماهدەرویش بدۆزێتەوە و ئەشی زانی ئەیدۆزێتەوە. ئێستەکانێ ئەگەر ماهدەرویش لە بەردەمی‌دا سەری لە خاک دەربهێنایەت، بەگمحەمەد تەنانەت لێوی خۆشی نەئەگەست. بە بێ سەرسووڕمان. چونکە سوور لێی ڕوون بوو کە ماهدەرویش لە هەر ێمی خوراسان نەچووەتە دەرەوە و لەم سنوورەش‌دا مەگەر بچێتە ژێرِ خاک ئەگینا نەی ئەتوانی لە چنگی بەگمحەمەد دەرباز ببێ.

لە قەراخ یەکەم دێمەکاڵ، بەگمحەمەد لەغاوی ڕاکێشا. پیاوێکی وردیلە و چەماوە لەگەڵ کچەکەی خەریکی ڕنینەوەی تەڵە لاوازەکانی گەنم بوون. بەگمحەمەد ماندوو نەبینی لێکرد و پیرەمێرد بە ڕێزی سوارەکەوە پشتی ڕاست کردەوە و سڵاوی کرد. بەگمحەمەد لە ماهدەرویشی پرسی کابرا وتی:

ـ ئەو سەیدە بەم لایانەدا نایەت خان. ئەم بەرهەمە باری لە کوێ بوو بەشی ئەوە بکات باوەشێکیش بکەمە تێرکەی دەروێشەوە؟! ماهدەرویشیش بەم خەوشوخاڵە ڕازی نابێ! ئەو زیاتر بە دەوروبەری بەراوەکان‌دا خوولەی دێ، نەک لەم ناوە. دەوروبەری دەشتی خانەکان. دەمەو بەیانی بینیم بەملایەدا ئەڕۆیشت. دەستێکی بۆمەش ڕاوەشاند و تێپەڕی.

بەگمحەمەد سپاسی کابرای کرد و کەوتەوە ڕێ. مەیدانێک و، لای شوانێکی مێرمنداڵ کە پۆلە بزنێکی ڕیقنی لە قەراخ جۆگەکەدا ئەلەوەڕاند، لەغاوی کێشایەوە؛ ماندو نەبینی لێکرد و نیشانەی ماهدەرویشی لێپرسی. شوانە دەستی کرد بە چەتری چاوی، سەیرێکی قەد و باڵای بەگمحەمەدی کرد و لە ژێر لێوەوە وتی:

ـ سەید ئەڵێی؟ ها! ئەو سەری بە عەشق و عاشقیەوە گەرمە، خان. کچەی فریوداوە، هێناویەتی لە پاشخان

دایشاردەوە و لەگەڵی ڕائەبوێرێ. ئەی سەیدی نادەروێش!

بەگمحەمەد خۆی ڕاگرت و بە یەک برگە و وشە پرسی:

ــ لە کام قەڵات براگیان؟

ــ قەڵاچیمەن. قەرزت لایەتی؟

پرسیاری شوانە وەڵامی نەدرایەوە و کە ئاوڕی دایەوە جگە لەو تۆزەی لە ژێر سمی ئەسپەکەوە ئەچوو بە حەوادا هیچی کەی نەدی. بەگمحەمەد یەکسەر غاریدا بۆ قەڵاچیمەن. تاوێک پاشتر، سوار لە کۆڵانەکانی قەڵاچیمەن بوو. دوو ژن لە قەراخ جۆگەکە خەریکی شیوکردن بوون. بەگمحەمەد ڕووی تێکردن و بە دەنگی بەرز لێیپرسین:

ــ ماڵی ئەم ماهدەروێشە لە کویە خوشکێ؟

ــ لە بەری خوارەوە لەو لاوە، لە ماڵی مەلا باقری کەلاتەیی دائەنیشێ. گەڕەکی خواروو.

بەگمحەمەد بە خێرایی بە بەر دووکانی بابقولی بونداردا تێپەڕی. باشتر وابوو ئەو لەم سەربردەیە ئاگادار نەبێ. بەگمحەمەد نەی ئەویست کەس بکەوێتە نێوانەوە و ناوبژی بکات. ئەبوا بە بێ ڕێگر وەکوو گوێزان بیبڕێت و تێپەڕێ. لای ماڵی مەلا باقرەوە دابەزی، دەسکەوساری ئەسپەکەی بە داربزماری لای دەرگاکەوە گرێدا و ئەڵقەڕێزی دەرگاکەی کوتا. پیرێژنە گولەکەی ژنی مەلا هاتە پشت دەرگاکە. بەگمحەمەد ماهدەروێشی ویست. پیرێژن وتی:

ــ خۆی نیە لە ماڵەوە، چووە بۆ دەشت.

ــ بە ژنەکەی بڵێ با بێت پەیامێکی بۆ مێردەکەی بدەمێ و بڕۆم. کارم زۆرە و بە پەلەم...

پیرێژن ڕۆیشت و پاش تۆزێک شێرۆ لەتی دەرگاکەی کردەوە و لە بەردەمی براکەیدا وشک بوو. ڕوومەتی گەشاوەی لەپڕ ڕەنگی پێوە نەما. خاکی دیوار. لەرزین لە ناخەوە. پێی هێزی ئەوەیان نەبوو ڕای بگرن. دەستی گرت بە چوارچێوەی

دەرگاکەوە. ئیتر نەیتوانی ببزوێ. تەنانەت نەیتوانی نیگای لە نیگای بەگمحەمەد بدزێتەوە. خەریک بوو وشک ئەبوو. باڵندەیەکی ئەفسوونکراوی مارێکی کەون. بەگمحەمەد لەوە زیاتر ڕانەوەستا. ئەم هەلەی هەڵکەوتبوو، نە ئەبوا بە دەمکردنەوەی شێرۆ بشکێ. بەگمحەمەد پێی نایە پێشەوە. شێرۆ پاشە و پاش ڕۆیشت. بەگمحەمەد پێی نایە ناو دالانەکە، دەرگاکەی لە پشت سەریەوە داخست و نیگا لە نیگا، شێرۆی ڕامالی. ترس شێرۆی پاڵپێوە ئەنا. تەتەری مەرگ! لە ناو دالانەوە بۆ حەوشە، لای چاڵەکە و لەوێوە بۆ ژوورەوە. لە ژورەوە شێرۆ لای دیوارەکە وەستا. لە خۆی بوویەوە. وەک کۆڵەکەیەکی سەهۆڵ لکابوو بە دیوارەکەوە و چاوەکانی بەستبوو. بەگمحەمەد دانەوییەوە، کێردی لە بنی پووزبەندەکەی دەرکێشا و بەرەو خوشکەکەی چوو. شێرۆ لەم کاتەدا چاوی کردەوە، خوایە گیان! لێوە بارگرتووەکانی بە دژواری لێک هەڵبڕان:

ـ ئەتەوێ بمکوژی؟

ـ وەڵام نەبوو. برا ئارام چوو بۆ لای. شێرۆ کشایەوە، بەڵام سووچی دیوارەکە لەوە زیاتر ڕێی نەئەدا. چارە چیە؟ کچە، ئاسکی بەرپل، خۆی هێنایە یەک، گووشای و لکاندی بە دیوارەکەوە. کێرد بەدەستی ڕاستەوە، بەگمحەمەد دەستی بردە پێشەوە و ئەگریجەی کەزیەی خوشکی گرت و بای دا بە دەور دەستیدا و دەمی کێردەکەی نایە سەرملی و داوای لێکرد نووزە نەکات. پاشان وەک برووسکە، لەچاو پێکا نانێکادا ئەگریجەی چەپی کەزیەی بڕی، خستیە باخەڵی، شێرۆی کوتا بەعەرزدا و بە سەر سەرییەوە وەستا. کێردەکەی خستەوە ناو پووز بەندەکەی:

ـ پێت وابوو هەڵاتوویت، ها؟

ـ نەت کوشتم؟ نامکوژی برای شیرینم؟... دەبا پێکانت

ماچ بکەم... کاکە گیان... با دەستەکانت ماچ بکەم!

بەگمحەمەد نەی ئەبیست. شێرۆ بە ڕوودا کەوتبوو، سەر و چاوی بە قاچەکانی براکەیدا ئەساوی و قوورە قوور ئەگریا. ئەتوت جەربەزەی گریانی پەیدا کردبوو. بەگمحەمەد بەنووکی پێی دای بەسنگی خوشکیدا، فڕێی دایە دواوە و لەپڕ قەمچی لە بەر پشتێنی دەرهێنا و ڕایوەشاند. شێرۆ وەک مار پۆپکەی کرد و قیژاندی. پیرێژنەی گولەکە لە بەر دەرگا پەیدای بوو. بە بینینی شێرۆ لە ژێر بارانی تووڕەیی قەمچیدا، قریشکاندی و هەڵات بۆ دەرەوە. بەڵام بەگمحەمەد بە بێ گوێدانە شیوەنی پیرێژن، داخی دڵی بە زەبری بەردەوامی قەمچی بە سەر سەر و بەچکی شێرۆدا داباراند. لەشی شەق کراوی خوشکەکەی کە نووزەیەکی لێوە ئەبیسرا لە ناو هۆدەکەدا بەجێ هێشت و هاتە دەرەوە. لە بەر دەرگاکەدا شانی ڕاست کردەوە و ئارەقەی تەوێڵی سڕیەوە. لەم کاتەدا، خەڵک ڕژابوونە حەوشە و بە سەر سووڕمانەوە سەیریان ئەکرد. ژنان و زۆرتر مناڵان. دیار بوو پیاوەکان لە دەشتن. بەگمحەمەد قەمچیەکەی بە دەور دەستیدا ئاڵاند، بە ناو نیگای حەشاماتەکەدا بەرەو دەرەوە ڕۆیشت و ئەوەندەی ئەو پێی نایە ناو کۆڵان؛ ژنەکان خۆیان کرد بە ژووردا بۆ لای شێرۆ و کوڕەکان بە دوای بەگمحەمەددا هاتنە دەرەوە.

لە کۆلان، بەگمحەمەد دەسکەوسارەکەی کردەوە، دای بە شانیدا و ئارام و بەوەج بەرەو دووکانی بابقولی بوندار چوو. هێشتا لەپێچی کۆڵانەکە بای نەدابوویەوە بابقولی بۆندار بەکراسێکەوە پەیدا بوو. بەرەو ڕووی ئەهات و کە گەیشتە نزیک کوڕی کەلمیشی هێواشی کردەوە، هاتە پێشترەوە هەوساری ئەسپەکەی گرت و لە سەر باڵی ئەسپەکەوە تەشەریدا لە بەگمحەمەد:

ـ چ هەر ایەکت سازکردووە، میشکاڵی؟ گوندەکەت داوە

بەیەکا! ها؟ چیتە ئەوە؟

بەگمحەمەد وتی:

ــ بۆ پەنات بەو ناسەیدە داوە؟ ئەو هەمووە لەگەڵ میشکاڵیەکان نان و نمەکت خواردووە، ئەوسا...

بابقولی، درێژ و لۆق، بە قژی تەنک و ڕیشی نەتراشراوەوە، سپێنەی چاوەکانی هەر واتر کرد وتی:

ــ گریمان وابێ! کەی ئەوە ڕاستە خۆت بکەی بە ماڵی خەڵکدا و دەس لە ژنەکەی بەرز بکەیتەوە؟ ئەو کچە ژنی شەرعی و قانونی ماهدەروێشە.

ــ ئەوخوشکی منیشە، بابقولی! با لەوە بێتامتر نەبێ. کوێخاییش بۆمن مەکە. نەکا پێت وایە غەریبم و ئەتەوێ زەبری دەستم پی پیشان دەی! ها؟

بابقولی، زیرەک و کاتناس، هەوسارەکەی بەردا و وتی:

ــ هیچ شتێ وانییە، خان! من لەگەڵ میشکاڵیەکان مامەڵەم هەیە. ئەگەر ئەڵێم باش نییە بۆخۆتان ئەڵێم. منیش هەر چی چۆن بێ لێرە، ئەرک و ڕاسپاردەیەکم هەیە. خۆ هەر وا نابێ هەر کەس پەلاماری قەلاچیمەن بدا، هەر کارێکی پێخۆش بێ بیکا و پاشانیش ڕاستەوراست ڕێگەی خۆی بگرێ و بڕوا! من لێرە بەرپرسم. هەم لە لایەن دەوڵەت و هەم لە لایەن ئەرباب **ئالاجاقی**یەوە. گوندییەکانیش مووچە ئەدن بە من کوێخایەتیان بۆ بکەم.

بەگمحەمەد وتی:

ــ ئەگەر بەرپرسی، شوێنی ماهدەروێشم پیشان بدە. ئەگەریش ناتەوێ پیشانم بدەی لە سەر ڕێم لاچۆ، تا خۆم بیدۆزمەوە.

بابقولی بوندار لە ژێر خەنجەری چاوەکانی بەگمحەمەددا، کشایەوە. بەگمحەمەد هەر وا هەڵچوو، بەڵام ئارام، بە بێ ئەوەی وتوویژ لەگەڵ بابقولی کار بکاتە سەری، پێی لە

ئاوزەنگی نا و سواری ئەسپەکە بوو و وتی:

ــ بابقولی بوندار! ئێمە پێکەوە مامەڵەمان هەیە، سەیری دەستەنگیی ئەمساڵمان مەکە. بە قازانجت نییە میشکاڵیەکان لەگەڵ گەدایەک بگۆڕیتەوە. تیرەی میشکاڵی، هەر نەبێ ساڵی سەد هەزار تمەن کڕین و فرۆشی لەگەڵ تۆ هەیە!

وەڵامی نە ئەویست. لەغاوی ڕاوەشاند و هەڵقەی جەماوەری بینەری شکاند و ڕۆیشت. بەڕێکەوت، بەگمحەمەد هێشتا لە خەیاڵی بابقولی دەربازی نەببوو کە لەدوورەوە، دوورتر لەو ژنانەی لە سەر جۆگەکە جلیان ئەشۆرد، بۆ یەک سات شێوەی ماهدەروێشی بینی. ماهدەروێش دوو باخە گەنمی لە ماینەکە بەستبوو و خۆی لە نێوان دوو باخەکە، لە سەر زین دانیشتبوو و هەر دوو لاقی بە لایەکدا شۆڕەوە کردبوو. بەڵام دەروێش لە دوورەوە کوڕی کەلمیشیی ناسیەوە و بە دوودڵیەوە لەغاوەکەی کێشایەوە و ئەسپەکەی هەڵوەستەی کرد. ئەتوت نازانێ چی بکات. خەڵکەکە ورد و درشت بە دوای بەگمحەمەددا ئەهاتن. دیاربوو شتێك ڕووئەدا.

ماهدەروێش لەوە زیاتر لێی نەوەستا، سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا و لەغاوی ڕاوەشاند. بەگمحەمەد پێشبینی ئەمەشی کردبوو. غاریدا بە دوایدا. کۆڵانی تەنگەبەر و پڕ لە چاڵ و چۆڵ زۆر بە دژواری شوێنی سوارە بەپەلەکانی تیا ئەبوویەوە. پێچی توند و خافڵگیر. سەرسم دانی ئەسپەکان، هەڵسانەوە و غاردانەوە. قەڵاچیمەن، ئەمجارەیان بە ڕاستی شێوا. دەنگی سمی ئەسپەکان و قیژەوقاژی بێکار و مناڵی چەتوون، کە قەت شۆر و شینی لەمە خۆشتریان نەبینیبوو، خەڵکەکەی -هەرچەند هەبوون- لە ماڵەکان هێنایە دەرەوە و بە تامەزرۆییەوە کەوتنە سەیرکردن. باری گەنمەکەی ماهدەروێش لەم غاردانە پڕ لە ترس و خۆفەدا لێک هەڵبڕا و بڵاو بوویەوە

و ئەمـە دەرفەتێـک بـوو بـۆ منـاڵانـی وشـیار و ژنانی ئاتـاج، بکـەونە کۆکردنـەوەی گـەنمـەکان. بـەڵام زۆربـەی پـێشـێل بـوو.

جارێکـیتـر، ئەسـپەکـەی ماهدەروێـش سـەرسـمـیدا و سـەید لـە شـیوی کـۆڵانەکـەدا تلبوویـەوە. ماهدەروێـش بـە دوا هێـزی خـۆی هـەڵسـایەوە و خـۆی کـرد بـە داڵانـە کۆنـەی هـەماراوەکـەدا و لـە سـەر پلیکانـە خـزەکان پێـی خـزا و تـل بوویـەوە بۆ خـوارەوە. بەگـمحـەمـەد، ڕاوچـی شـارەزایش وەهـای کـرد. لـە ئەسـپ دابەزی و بـە دوای ماهدەروێشدا ڕۆیشـت. خـۆی کـرد بـە نـاو داڵانەکـەدا. داڵانـی درێـژ، ڕەش بـوو وەکـوو شـەو و لـە قووڵاییەکـەیدا، بیبیلـەی چاوەکانـی ماهدەروێـش، وەکـوو دوو ئەسـتێرەی ترسـاو، پرتەیان ئەکـرد. سـەید گیـر کەوتبـوو و بـە ترس و شـەڵەژاوییەوە هەناسـەی ئەکێشـا. بەگـمحـەمـەد شـانی دانەواندەوە، کێردی لە بـن پووزبەندەکـەی دەرهێنـا و ئـارام ئـارام چـەنـد پلیکانێکـیکـەش چـووە خـوارەوە. ماهدەروێـش لکابـوو بـە سـووچـی دیوارەکـەوە و مشـتێ خـاک و خـۆڵ و کـای لـە نـاو دەسـتیدا ئەگووشـی. ئەمـە کۆتایـی ڕێگـەکـە بـوو. خاڵـی بەرئەنجامـی گوڵەسـتێرە لـە بـەر تریفـەی مانگەشـەودا.

ــ لـە کوێ نێژران غـەمزەی چاوبازیی؟!

بەگمحـەمەد نووکـی کێردەکـەی برد بۆ لای چاوی وتـی:

ــ وەرە سـەرەوە!

ــ ئەتەوێ بمکوژی؟

ــ سـەگـی وەکوو تۆ کـەی بۆ کوشـتن ئەبێ؟ وەرە سـەرەوە!

ئەمـە خـۆی ڕووناکیـەک بـوو. ماهدەروێـش گیانـی هاتـەوە بـە بـەردا. چـوار دەسـت و پـێ چـەنـد پلیکانـە هاتـە سـەر و لەپڕ چـی خـۆڵ و خـاک لـە نـاو مشـتیدا بـوو کـردی بـە چڕوچـاوی بەگمحـەمـەددا. بەگمحـەمـەد چـاوی نووقانـد، بـەڵام پێش ئەوەی ماهدەروێش بتوانـێ بـە لایدا تێپـەڕێ، پێـی خسـتە بـەر پێـی و سـەید بـە سـەر شـێوی پلیکانـە سـواوەکان بـە دەمدا کـەوت.

بەگمحەمەد لە بن ملی سەیدا، یەخەی سەڵتەکەی گرت و لە لێواری دالانی هەماراوەکە هێنایە دەرێ، بەدەمدا خەواندی و پێی نایە سەر بۆقەتەی ملی.

چاوەکانی کوڕی کەلمیشی بە تۆزوخۆڵ سوور هەڵگەڕابوو. ڕووی لەو خەڵکە کرد کە تازە گەیشتبوون. نیشتە سەر گوردی ماهدەروێش و کێردەکەی بۆ جەماوەرەکە ڕاوەشاند. دەمی کێردەکە بەخەڵکی ئەوت نەیەنە پێشەوە. پاشان دەستی برد، نافەکی شەرواڵەکەی سەیدی گرت و دەمی کێردەکەی لێنزیک کردەوە. ماهدەروێشیش ئارام نەبوو. لە ژێر قەلافەتی قورسی بەگمحەمەد دا پەلەقاژەی ئەکرد، ئەینالاند و ئەپاڕایەوە:

ـ مەکە. مەکە! تۆ و ئابڕووی جەددم، بێئابڕووم مەکە. من زاواتم!

بەڵام ڕق و خوێن، کەللەی کوڕی کەلمیشیی کوڵاندبوو. گوێی لە پاڕانەوەی ماهدەروێش نەبوو. ئەبوا کارەکە تەواو بکات. چاوی بینەر بۆ شایەتی ڕیسواکردنی ماهدەروێش بەس بوون. چاوێک ببینێ هەزار چاو دیویەتی. زمانێک بیڵێ هەزار زمان وتوویەتی. بەگمحەمەد پارچەیەک لە نافەکی شەرواڵەکەی ماهدەروێشی بەکێرد بڕی و لە سەر پشتی هەڵسا. کار تەواو. ئەسپە سووری سەبراو چاوەڕێ بوو. چوو بۆ لای ئەسپەکە، ڕەشمەی لە سەر عەرزەکە هەڵگرتەوە و سوار بوو. چاوی بینەران لەو بوو و چاوی ئەو لە ماهدەروێش. هەر وا لە سەر جێی خۆی ڕاکشابوو و تەپیبوو. ئەتوت توانای هەڵسانەوەی نییە. خزا. وەکوو فەردەیەکی کووتراو خۆی ڕاکێش کرد بۆ بن دیوارەکە، ڕووی بە دیوارەکە شاردەوە و وشک بوو.

بەگمحەمەد ئەسپەکەی ئاژووت و بە ئارامی لە ئاپۆرەی بینەران دوور کەوتەوە. کێیە ئەو کەسەی قەلافەتی بە دفرەی سەرکەوتن قنج ڕاناگرێ؟ تەماشایی بوو، دوورکەوتنەوەی

بەگمحەمەد. بیری کردەوە شەو ئەبێ لە دەرزیوەر، لای باوکی خۆی بێ. ئەسپەکەی خستە سەر ڕێگە. بلا بە هەر جۆرێک پێیخۆشە، باژوێ. سەما بکات. بەگمحەمەد سەری هێنابوو! مەستانە داژووت. سەرخۆشی ئەوەی کارێکی ڕاپەڕاندبوو. بە تاقی تەنها هێرشی کردبوویە سەر قەڵاچیمەن، نێچیری خۆی گرتبوو و داخ نیشانەی خۆی نابوو بە لای ڕانیەوە و بەسەلامەتیش گەڕابوویەوە. کاری کارستان. بەڵام ئەم سەرخۆشیە لە نیوەی ڕێ ئەوسا کە ئاوەز، لە پاش ئارامبوونەوە نیشانەی لێ ویست، بوو بە دڕدۆنگی. ئەمکارەی ئەو کردبووی لە لایەک باش بوو و لە لایەک دزێو.

زەبری دەستی پیشان دابوو و دلێری خۆی بە هەموان سەلماندبوو، کەوا بوو سەرخۆش بوو.

خوشکێکی بەو شێوەیە ڕیسواکردبوو و پیاوێکی بە بەرچاوی سەدانەوە بێ ئابڕوو کردبوو، کەوا بوو زۆر ناڕەحەت بوو...

دڵی ببوو بە دوان، ڕەزا و ناڕەزا. کێشەی دەروون. شەڕ لەگەڵ خۆی و لە ناو خۆیدا. ئەو دیاردە وەرجاوەندەی جارەجارە خۆی دەرئەخات.

قەڵافەتی زەلیل و داماوی ماهدەرویش بۆ تاوێکیش لە بەر چاوی بەگمحەمەد دوور نەئەکەوتەوە. هەمووکەس وەکوو یەک نین چاوی بینینی زەلیلبوونی خەڵکیتریان هەبێ. سەرەڕای ئەمەش بەگمحەمەد نەی ئەتوانی ڕێگە بە دڵناسکی خۆی بدات. ئەوەی لەم کاتەدا پێویستی بوو گیانسەختی و دڵڕەقی بوو. ژێوان بوونەوە، بەو مانایە بوو لە نیوەی ڕێ گەڕابێتەوە. پەژیوانی بەکاری نەئەهات. ئەبوا ئەو سۆزە نابەجێیە لە دڵ ڕادا و لە بری غروور دابنێتەوە. سنووری نێوان سۆز و دفرە تاڵەمووییەکە؛ ئەم هەڵچوون و داچوونەش لە دەروونی بەگمحەمەددا بەم هۆیەوە شەپۆلی ئەدا.

کۆتاییەکەی دڵسووتان نا، دفرەی سەقامگیر.

ئێوارەکات، لەپشت دیواریماڵەوە پێی لەئاوزەنگی دەرهێنا، دابەزی و ئەسپەکەی سەبراوی بەرەڵا کرد. تەنوور دووکەڵی ئەکرد و دوو ژن لە سەر تەنوورەکە نانیان ئەکرد. مارالی نەناسی. بلقیس هات بە پیری کوڕەکەیەوە. شانە پانەکانی لە ئامێز گرت و ڕوخساری ماچ کرد. چاوەکانی و تەویلیشی. سەری جەوان لە کوێ هەست بە سۆزی دڵی پیرەدایک ئەکات؟ بەگمحەمەد خۆی لە دەستی دایکی ڕزگار کرد. دەسکەوساری ئەسپەکەی دا بە دەستیەوە و چوو بۆ لای باوکی.

کەلمیشی هێشتاش خەریکی کاری ڕۆژانە بوو. ئەو گەنم و کایەی لە سەر عەرزەکە کۆیان کردبۆوە، هەڵیرژاندبوو پانی کردبۆوە و هێسرەکەی بە سەر گەنمەکاندا ئەگێڕا. پیرەمێرد خۆی لە ناوەڕاستدا وەستابوو و هێسرەکەی بە دەوری خۆیدا ئەگەڕان. دەسکەوسار بە دەستی چەپ و قامچی بەدەستی ڕاستەوە. بەگمحەمەدی دیبوو، سەیری ئەکرد بەڵام هیچی نەئەوت: ئەو ئیتر چی ئەوێ کە ڕانەکەی بە هیوای سەبراو بەرەڵڵا کردووە و هاتووە بۆ ئێرە؟ ئەم کوڕانەی من چییان بە سەر هاتووە؟

بەگمحەمەد سڵاوی کرد و ماندو نەبینی لە باوکی کرد. کەلمیشی لە ژێر ددانەوە وەڵامی دایەوە و بە بێ ئەوەی دەس لەکار هەڵبگرێ وتی:

ــ بۆ کوێ ئیشەڵڵا؟ ئۆغر بەخێر!

بەگمحەمەد شانی نا بە دیوارەکەوە و وتی:

ــ لە دەربەندەوە دێم، لە قەڵاچیمەنەوە!

ــ دەربەند؟ ئەوێ بۆ؟ براکەت تۆزێ پێش ئێستە چوو بوو بۆ دەربەند و گەنمی لە بابقولی بۆندار کڕیبوو! تۆ ئیتر بۆ چووی؟

بەگمحەمەد وتی:
ــ من کاریترم هەبوو.
ــ ئا، تۆ چ کارێکت هەبوو؟
ــ ئەم کارە!

بەگمحەمەد لە دیوارەکە دوور کەوتەوە. دەستیکرد بە باخەڵی کەواکەیدا، چەپکە قژی شێرۆی لەگەڵ نافەکی شەرواڵەکەی ماهدەرویشی دەرهێنا و لە بەردەم باوکیدا ڕایگرت. بڵقیس پرچی بڕاوی کچەکەی ناسیەوە. هەزاران جار بۆی کردبوو بە پەلکە. هەڵاتە پێشەوە و لە سەر دەستی بەگمحەمەد هەڵیگرت، لە ناو دەستەکانیدا شاردییەوە و بەدزیەوە بۆنی کرد و نای بەسینگیەوە:

«ئاخ شێڕۆکەم، قژت بەبڕین چوو؟!»

ڕاست بوو؟ ئەمە ڕاست بوو؟ بەگمحەمەد پرچی شێرۆی یاخی بڕیبوو و لەگەڵ خۆی هێنابووی؟ نەء، جێگەی بڕوا پێکردن نەبوو! بەڵام بۆچی باوەڕی پێ نەکرێ. کەلمیشی بڕوای پێی بوو. کار بێ کار، بە قەبری بابی کارەوە. پیرەمێرد دەسکەوساری هێسرەکەی هەڵدا و لە ناو پووشەکە هاتە دەرەوە. لۆی هەڵکراوی سەڵتەی کوڕەکەی گرت و چاوی بڕییە ناو چاو و ڕوومەتی کوڕەکەی و لەپڕ سەروسینەی بە قاقایەکی شێتانە کرایەوە. هەموو لەشی ئەلەرییەوە. چنارێکی پیر لە باهۆزێکی سەمەرەدا. فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە. قۆڵی کرد بە قۆڵی کوڕەکەیدا و بردییە ژوورەوە. بەزمانێکی پەسنئامێز وتی:

ــ چاکت کرد کوڕم. بەجێ! شیرت حەڵاڵ. تەمەنت بەردەوام. تەمەنی منت پێ دامەوە. خوایە، خوای بانی سەر، ژیان لە من وەرگرە و بە بەگمحەمەدی ببەخشە. پشتم ڕاست بوویەوە. سەرم بەرز بوویەوە. سەرفرازت کردم بەگمحەمەد. بەختت یار بێ برارەکەم. ڕێگەتکراوە، چارەنووست ڕوون. لەشت ڕاوەستاو، ڕۆژگارت شیرین!... ئای... پیرێژن، قژی ئەو

ڕەمۆکـە پیشـانی مارالێـش بـدە. با بزانـێ لـە ناو کـێدا ئەژی! چای بـۆ سـازکە. بـۆ کوڕەکـەت چـا بێنـە. چگوورەکـەش بهێنـە. بەزم و نـەوام ئـەوێ ئەمشـەو، لـەم کوختـەدا شـادی و هـەر ایـە، ماڵیاوا!

# بەشی سێیەم

**بەندی یەکەم**

کەلمیشیەکان لێک کۆوە ببوون.

بڵقیس، گوڵمحەمەد، بەگمحەمەد، کەلمیشی، خانئاپۆ، سەبراو، هەیقۆ، زیوەر و ماراڵ. بڵقیس و شوەکەی بەیارمەتی ماراڵ دێمەکاڵەکەیان درەوو کردبوو، خەرمانیان کوتابوو، شەن و کەویان کردبوو، هەموو شتێکیان لە شوێنی خۆی پاشەکەوت کردبوو، دەست و بەردەستیان خڕکردبۆوە، دەرگای ماڵەکانیان داخستبوو، ڕوویان لە هەوار کردبوو و دامرکابوونەوە. بەگمحەمەد و سەبراو لە سەر کاری خۆیان بەردەوام بوون و ڕانەکەیان ئەلەوەڕان. هەیقۆ جاجمی ئەچنی. زیوەر بە ڕەشماڵەکاندا ئەگەڕا و کاری چێشت لێنان و دوورین بوو. بڵقیس خواردنی بۆ پیاوەکان ئامادە ئەکرد. کەلمیشی خوری ئەڕست، سووچی ئەم و ئەو کاری ئەگرت و ئەگەر پێش بهاتایە و پێویست بووایە هاتووچۆی شاری ئەکرد. خانئاپۆ، گورگئاسا، لەڕەشماڵەکەی خۆیدا ئەژیا؛ نانساجی ئەپچڕاند و کتری لە دوای کتری چای ئەخواردەوە.

خانئاپۆ کارێکی دیاریکراوی نەبوو، هێشتاش چاوی لەو چەن سەر مەڕ و بزنە بوو کە پێداویستیی ساڵانەی دابین بکەن. کاری سەرەکی ئەو ئەمە بوو ساڵی یەکجار خوری مەڕەکان ببڕێتەوە. ئەگەر بەقازانجی بزانیایە چەن دانەیانی پەروار

بكردایەت، بۆ ئەوەی دەمەو زستان بیانفرۆشێ بەچێوارەکان. یان ئەگەر ڕێکەوت لە قەراخ گوندێك، وشترێک بدا بەعەرزا، سەری ببڕێ و گۆشتەکەی وردە وردە بفرۆشێ: پارەی چا و تووتن و پێلاو. یان ئەگەر چوارپێیەکی بێ ناونیشانی چنگ بکەوتایە، بە نرخی هەر زان لەمی بکڕێ و بە کڕیارێکی وەکوو بابقولی بونداری بفرۆشێ.

گوڵمحەمەد خەریکی چنینی جاجم و پەت و گوریسی زستان بوو. چەندین کاژێر لە لای ڕەشماڵەکەوە دائەنیشت و ئەیچنی. ئەگەر لە چنین تاقەتی بچوایەت ئەکەوتە خوری ڕستن. دەزوو بۆ شاڵ و پشتوێن و چۆخە، کورتانی وشتر و گوریس. هەندێ جار ئەیدا بە دەشتدا. ئەچوو بۆ سەر ڕان و ڕۆژ و شەوی لە ناو پەزەکان و لەگەڵ بەگمحەمەد و سەبراو تێپەڕ ئەکرد. لەوەڕگەی بۆ ڕانەکە ئەدۆزییەوە و لەم ڕووەوە هەندێ ڕۆژان لەگەڵ خان و بەگ و گزیرەکانیان لە سەر ئاو و زەوی و لەوەڕ دەمەقاڵەی بوو. کارەکەی بەجۆرێک ڕێخۆشکردن بوو بۆ ڕەوەند. بە تەنها و، هەندێ جاریش لەگەڵ خانئاپۆ، لەپێش ڕانەکەوە ئەڕۆیشت و لەوەڕگە و سەراوی بۆ دیاری ئەکردن. دڵ ئاسوودە و ئارام نا، بەڵام ئازاد و دەست ئاوەڵە بوو. ئاسمانی سەرسەری دەم بە دەم ڕەنگیان ئەگۆڕێ و زەوی ژێرپێی بە هەموو هەوراز و هەڵدێڕ، چاڵی و بەرزییەکانییەوە ئەوی بە سەر شانی خۆیەوە ئەگواستەوە. نان ساجی ئەخوارد، ئاوی کانی ئەخواردەوە و هەوڵی ئەدا بە دوور لە خەمی ڕۆژگار دڵی خۆش ڕابگرێ. سەرەڕای ئەمەش دڵ لە مشت بوو. گرێیەک لەکاریدا بوو. قفڵێکی نەکراوە. هەوڵدانێک بۆ ئەوەی ڕازەکەی لە بەر چاوان ئاشکرا نەبێ. نەوەکوو پزیسکەی نیگاکانی، غەمی تاو تاوەی سەردڵی، هەڵچوونە کتوپڕییەکەی، شتێک بۆ کەسێک ڕوون بکاتەوە. زمانی دووپێیەکی فرەوێژ و لێکۆڵەر نەکا ڕێی تێببا و ڕازی دەروونی بڕفێنێ. کەس نابێ بزانێ کە

ئـەو، گوڵمحەمـەد ئاگرێک کەوتۆتـە گیانـی، بـا نـەبێ، بـا نـەزانێ.

مـاراڵ کاروبارێکـی دیاری نـەبوو. لـەوەتـەی پێـی نابوویـە نـاو ڕەشـماڵ، هـەسـتـی ئەکـرد چـاوی زیاتـر سـەیری ئەکـەن. هـەسـتـی ئەکـرد بێگانەتـرە. بێپشـتـر و بـێ هاوڕێتـرە. درێـغ لـەو ڕۆژانـەی بـە بێحـەز و بـێ دڵخۆشـی تێپـەڕ ئەبـن. درێـغ لـە بێگانـە بـوون. بـەڵام مـرۆڤ مـەگـەر، بـۆی ئەکـرێ لـە هـەر کـەس و لـە هـەر شـت دابـبـڕێ؟ ڕەنگـە بۆتاوێـک؛ یـان ڕۆژ و مانگێـک بـە ئـیـرادە وابـکـات. بـەڵام سـروشـتـی مـرۆڤ وانییـە. پەیوەنـد ئـەگـرێ و پەیوەنـد وەرئـەگـرێ. ڕائەکێشـرێ. شـەوقـی یـەکـبـوون. خـۆی لـەویـکـە موتوربـە ئـەکـا. خـۆی ئەسـپێرێ بەویـکـە. خـۆی بـۆ ئـەو، ئـەوی بۆخـۆی ئـەوێ. ئەیـەوێ، کـەوابـوو خوازیـاری هـەیـە. خوازیاری هەیـە، کـە وا بـوو ئەیـەوێ. هـەیـە، بۆیـە وایـە. ئەبـێ نـەبـێ بـۆ ئـەوەی موتوربـە نـەبـێ. مـەگـەر بـمـرێ.

بـەڵام مـاراڵ لـە ناخـەوە، بڵێـی خـۆی بـەکـێ بەخشـیبێ؟ دلاوەر؟ ئـیـتـر کـێ؟ شـۆڕەسـواری بنەماڵـەی کـەلـمیشـی بەگمحەمـەد؟ نـەء. دڵـی نـەیگرتـووە. پرچـیبـڕاوی شـێرۆی کـە لـە نـاو دەسـتـەکانـیدا بینـی، ئـیتـر نـەیتوانـی بـە حـەزی دڵ چـاوی لـێبکا. بیـر لێکردنەوەشـی ماراڵـی ئەشـەمزاند. ئـەی کامـیتـر؟ زمانـم لاڵ، گوڵمحەمـەد؟ ئـا، ئـەویـان! بـەڵام ئـەمـکارە هـەزار گرفتـی هـەیـە! بڵـێ بـا بیبـێ! کـوا چـاوی بینـای مـاراڵ تابتوانـێ ببینـێ! چـاوی بینـا لـە خـەرمانـەی ئـەو ئاگـر و دووکەڵـەی لـەدڵ بـەرز ئەبێتـەو، ون ئەبـێ. چـاو ئـەو کاتـە مـەودای بینینـی هـەیـە کـە ئاگر و دووکەڵ دامرکابێتەوە؛ ئەوسـا کـە شـێتیـەتـی نیشـتـبێتـەوە و ئارامـی باڵـی بـە سـەر گـۆڕە سـووتاوەکاندا کێشـابێ. چـاوی بینـا لـە نـاو دوومانـی ڕەشدا کوێـرە. دەبـا پێڵـوەکان بەسـتـراو بـن. بـا ئـەم سـروشـتـە ئاگراوییـە بخرۆشـێ، تەنـوورە بکێشـێ، بهـەژێ تاکـوو بەڵکـو لەگـەڵ عـەشـقدا دیـدار بـکـات. تەنانـەت ئەگـەر چاڵاوێکیـش لـە بـەر دەمیـا دەمـی کردبێتـەوە. کام تیاچـوون لەمـە

بەشکۆتر؟ چاوی بینا بۆ نابینا جێ بهێڵە!

ماراڵ دارەتی وابوو. مەستانە و غەمگین. بەڵام ئەم بارە نابێ لەوە زیاتر ڕێگا و دەرفەتی پێبدرێ. دەریای بێبن، لەشی مرۆڤ، وەکوو دورگەیەکی بچکۆلانە قووت ئەدات. تیا ئەبات. بۆیە بۆ مانەوە ئەبێ دژی بوەستێ. ئەبێ شوورەیەک بە دەور خۆیدا دروست بکا، ئەبێ خۆی ڕابگرێ، خۆی بۆ ئەو ڕابگرێ. هەر بەم مەبەستەش بوو، ماراڵ، خامۆش و ئارام، لە لای هەیڤۆوە خۆی بە جاجم چنینەوە خەریک کردبوو. هەموو بەیانیەک ئەچوو بۆ ڕەشماڵەکەی هەیڤۆ و لەگەڵ ئەودا کاری ئەکرد، هەیڤۆش ئێرەیی و بەخێڵی لە کاریدا نەبوو یان ـ لانیکەم ـ لەگەڵ ماراڵ وەها نەبوو. خووی پێگرتبوو، خراپیەکانی لە چاوی هەیڤۆدا کەم و چاکەی زۆرتر بوو. لە بەختی بەرز، ماراڵ لە جوانی ئەوەندەی بەرکەوتبوو کە لەچاوی ئەم و ئەودا خوێنشیرین بێ و دڵ بیگرێ. کەم کەس هەبوو لێی بێزار بێ، یان ڕقی لێی بێ. لەمناوەدا، وەکوو پێشتر، تەنها کەسێک کە ماراڵی بە مێمڵ ئەزانی و قورسایی ئەوی بە سەر ژیانی خۆیدا هەست پێئەکرد، زیوەر بوو. هەر ئەو بوو. هەر ئەو بوو لە هەموو شەنگی و لەباریی ماراڵ بێزار بوو. بەڵام لەم دەمانەدا ڕقەکەی ئەویش لە پەردەیەکی میهردا ڕووی داشاردبوو. وا دیار بوو هەر گیز مەرگ و تیاچوونی ماراڵی بەئاوات نەخواستبوو.

زیوەر ـ هەر لەم کاتەدا کە ماراڵ و هەیڤۆ شان بە شانی یەک لە بەر دەزگای تەوەنەکەدا دانیشتبوون و پەنجەکانیان خەریکی ڕەنگ و بەن بوو ـ ئارام، وەک مارێکی بێزەر خزایە ژوورەوە، لە لایانەوە چیچکانی کرد و چاوە ڕەش و بە قووڵاچووەکانی بڕیە پەنجەکانی هەر دوو ژنەکە. ماراڵ و هەیڤۆ، نیگایەکی خێرایان کرد. هەیڤۆ پێی وت:

ـ بەخێرهاتی!

زیوەر وتی:

ــ لەکارم نەکردبێتن؟
هەیڤۆ وتی:
ــ گوێ و زمانمان خۆ ناچنێ، بڵێ چ باسە!
زیوەر وتی:
ــ دوو جەندەرمەم بینی بە ناو ڕەوەنددا ئەسووڕانەوە.
مارالْ و هەیڤۆ بە بێ ئەوەی سەیری یەکتری بکەن، دڵیان لەرزی؛ بەڵام هیچکام نەیان خستە خۆیان، ئەتوت هیچکامیان نەی ئەویست تاودانەوەی قسەکەی زیوەر لە ڕوخساریدا دەربکەوێ. لە بەر ئەمەش هەر دووک، هەر کامە و بەشێوەی خۆی زیاتر خۆی بەکارەوە خەریک کرد و هەوڵی دا ئەوەی لە دەروونیدا تێئەپەڕێ دەری نەخات. لەجێی خۆیدا زیوەریش نیگەران بوو و ئەیویست ئەو نیگەرانیەی بشارێتەوە. بەڵام نەیتوانیبوو، بۆئەمەش بوو بۆ هاوزمانێک ئەگەڕا هەواڵی جەندەرمەکانی لەگەڵ بەش بکا. لەگەڵ بڵقیس نەئەکرا. جەربەزەی ئەوەی نەبوو. بۆی هەبوو بڵقیس وەکوو پڵنگ پەلاماری بدا و قسەکە بکوتێتەوە بە ناو دەمیا. زیوەر خەسووی خۆی ئەناسێ. دایکی کەلمیشیەکان ڕەفتاری ترسنۆکانە و بەزیوانەی لە چاو و زمانی کەسەکانی قبووڵ نەئەکرد. لەوەی ڕووی دابوو و ڕابردبوو، هەر ژنە و بەجۆرێک دەروونی هەژابوو. بەڵام هیچکەس لەخۆی ڕانەئەبینی ئەوەی لە ناخیدایە بۆ ئەویتری بگێڕێتەوە. چونکە ئەو قسەیە، ئەگەر بە پەرێشانیشەوە دەرببڕدرێ، جێگەی گوومان ناهێڵێتەوە کە بوێژەکەی ترسنۆکە. بەڵام هەر چی چۆن بێ زیوەر خۆی پێ ڕانەگیرابوو. خزابووە ناو ڕەشماڵەکە و قسەکەی گێڕابوویەوە. زمانی بۆ ئەوە ئەبوو ببڕدرێ؟! بۆچی نابێ نیگەرانی شووەکەی بێت و ئەگەر هاوزمانێکی دۆزییەوە باسی نیگەرانیەکەی خۆی بکات؟ ئێستەش کە وتبووی ئیتر چ پێویستی بە پارێز و پەلەقاژە هەبوو؟ کە وا بوو باشتر وایە پەیشوێنی قسەکەی

خـۆی بگـرێ:

ــ پێـم وابـێ بـە دوای مـەدیـاردا ئـەگـەڕێـن. سـەر لـە هـەمـوو ڕەشـمـاڵـێـک ئـەدەن و پـرسـیـار ئـەکـەن بزانـن مـاڵـەکان پـیـاوی بریندارییان هـەیـە یان نا؟ تاوێکـی‌کـەش دیارە ئـەگـەنـە ئێرە. ویسـتـم بزانـم ئـەگـەر بـە تـەنـهـا گـیریـان لـێ‌هـێـنـایـن و لـێـیـان پـێـچـایـنـەوە چـی بـڵـێـین؟

مـاراڵ و هـەیـڤـۆ دەسـتـیان لـە کار هـەڵـگـرت. زیـوەر سـەیری کـردن. ئەوانیـش گـێـژ و وڕ چاویـان تێبـڕی. نەیـان ئـەزانـی چـی بـە یـەکـتـر بڵـێـن. مـاراڵ هـەڵـسـا و لـە ڕەشـمـاڵـەکە چـووە دەرەوە و تـۆزێـکـی‌تـر لـەگـەڵ بڵقیـس گـەڕایـەوە. بڵقیـس گـوێـی لـە زیـوەر گـرت و پـاش وچـانـێـکـی کـورت وتـی:

ــ ئێمـە پـیـاوی ونبـوو یـان برینـدارمـان نییـە، بـۆ لـە خـۆتـانـەوە تـۆقـاون؟ خـەریـکـی کارەکـەتـان بـن!

ژنـە، بـە بـێ ئـەوەی چاوەڕێـی وشـە و وەڵامـێـک بـکات، داوێـنـی کراسـەکـەی گـرت بـەدەسـتـیـەوە و لـە خێوەتـەکـە چـووە دەرەوە. بـەڵام بڵقیـس هێشـتـا لـە درزی ڕەشـمـاڵـەکـە دوور نـەکـەوتـبـوویـەوە بینییـان وەسـتـا. بـۆ تاوێـک، بێدەنگیـەکـی ئـاوێـتـە بـە تـرس دایـگـرتـن. هـەر لـەم کاتـەدا دەنـگـی تێکـەڵـی سـمـی دوو ئـەسـپ کـە ئـارام ئـارام نـزیـک ئـەبـوونـەوە، بیسـرا. پاشـتـر سـێـبـەرەکانیان کـەوتـە بـەر ڕەشـمـاڵـەکـە و پـاشـان خـۆشـیان گـەیشـتـن و وەسـتـان. دوو جـەنـدەرمـەی ئـەسـپ سـوار. یەکـیـان ڕوخـسـارێـکـی پـڕ و ڕەقـی هـەبـوو. قـژی لاجـانـگـی بـۆر بوو. سـمـێـڵـی ڕەش و پـێسـتـی ڕوومـەتـی سـەوزەی بـە خـۆر سـووتـاو. ئـارەقـەی بـنـگـوێـی ئـەبـریـقـایـەوە. ئـەوی دی گـەنـج و ڕوخـسـاری سـاکار و خـڕ و زۆرتـر چـاوی لـە بانـدەسـتـەکـەی بوو. بڵقیـس لـە بـەر سـیـنـەی ئـەسـپـەکانـدا وەسـتـا و بـە پـرسـیـارێـک لـە چاوەکانـی‌دا ڕوویـکـردە جـەنـدەرمـەکان.

جـەنـدەرمـەی بـە تـەمـەن، بـە بـێ گـوێدانـە بڵقیـس بـە سـەر زینـەکـەدا چـەمـایـەوە و بـە چـاوە تـیـژەکانـی نـاو ڕەشـمـاڵـەکـەی

پشکنی. بڵقیس دەستی بەرز و نەوی کرد و لۆی دەرگای خێوەتەکە کەوتە خوارەوە. جەندرمە چاوی لە سەر دەرگاکە هەڵگرت، خۆی ڕاستکردەوە و لە ڕوخسارە چرچە بە ساڵاچووەکەی بڵقیس مۆر بوویەوە:

ــ پیاوەکانتان لە کوێن؟

ــ وان لە دەشت! ئەتویست لە کوێ بن؟

ــ هەموویان؟

ــ ئەوە نیە خۆت ئەبینی! بەڵێ هەموویان؟

ــ هەموویان بە جاری؟

ــ ئەی چی؟ خۆ کیژۆڵە نین لە ناو خێوەت خۆیان حەشار دەن. دیارە هەموویان.

جەندەرمە ئاوزەنگی بەتاڵ کرد و دابەزی، پاڵیدا بە شانی ئەسپە خەنەییەکەیەوە کە تفەنگێکی پیا هەڵواسرابوو و وتی:

ــ زەرکێک ئاومان پێ ئەدەی بیخۆینەوە؟

ــ بۆ پێتان نادەم؟ خۆ کافر نیم. وەرن لە بەر سێبەرەکە دابنیشن با چاتان بۆساز بکەم.

ــ ئاو بێنە.

بڵقیس چووە ژوورەوە و دەسبەجێ بە زەرکێک ئاوەوە هاتە دەرەوە و دای بە دەستی کابراوە. سوارێک لە دوورەوە بە تاو ئەهات. خوا بکات خۆیی نەبێ. بڵقیس نەی ئەویست پیاوی بنەماڵە لەپڕ تووشی ببێ بە تووشی جەندەرمەوە. کابرا وتی:

ــ ئەوە لەگەڵ مەیە!

پاشان یەکبین ئاوەکەی خواردەوە و زەرکە بەتاڵەکەی دایەوە دەست بڵقیس. سوار گەیشت، لەغاوی ڕاکێشا و لە لای سەردەستەکەوە وەستا. بڵقیس سەیری کرد. گەنج بوو، بە سەری تازە تاشراو و ڕوخسارێکەوە دیار بوو هێشتا ڕەنگی هەتاوی لێنەنیشتووە. نادعەلی. سەردەستە بە ئەمازەی

دەست گەنجەکەی پیشانی بڵقیس دا و وتی:
ــ کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلیە. بە دوای خوێنی باوکیدا ئەگەڕێ.
بڵقیس بەدڵی لەرزۆک و بە زمانی بوێر وتی:
ــ باشە بۆچی لێرە؟
سەردەستە وتی:
ــ شوێنەکەی تائێرە هێناوە. تا ئەم ڕەوەندە.
ــ زۆر چاکە، فەرموون بگەڕێن، بپشکنن. هەر کارێکتان پێخۆشە بیکەن.
سەردەستە خۆی ڕاکێش کرد بۆ بەر سێبەرەکە و لە لای ئەستووندکی ڕەشماڵەکە، لە سەر عەرز دانیشت و پاکەتی جگەرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، جگەرەیەکی داگیراند و پاشان، بە ئارامی پرسیاری کرد:
ــ ئێوە لەم ڕەشماڵانەدا چەند پیاوتان هەیە؟
بڵقیس لە نزیک جەندرمەکەوە دانیشت و وتی:
ــ پێنج شەشێک.
ــ هەموویان ساخ و لە سەر پێن؟
ــ هەموویان، شوکر بۆ خوا.
ــ کێن؟
- کوڕەکانم، مێردەکەم، هێوەرەکەم، زاواکەی...
ــ هەموویان هەر لێرە، لەم ڕەوەندەن؟
ــ خۆ پێم وتی! هەر هەموویان وان لە دەشت.
ــ کە وا بوو لێرەن؟
ــ بەڵێ لێرەن. بەس براکەم و یەکێک لە کوڕەکانم وان لە حەپس. یەکیان لە مەشهەد و یەکیش لە سەبزەوار.
ــ ئەوانەی حەپسن ناویان چییە؟
ــ براکەم عەبدۆس، کوڕەکەم خانمحەمەد. براکەم لە سەر قڕەی لەوەڕگە زیندانی کراوە و کوڕەکەشم لە سەر

ئاڵوویری پەز تۆمەتیان داوەتە پاڵی و ناوی دزیان لە سەر داناوە.

ــ لەم مانگ و ڕۆژەدا هیچ هەواڵێکی خراپتان پێ نەگەشتووە؟ هیچ ڕووداوێکی ناخۆش نەهاتوەتە پێشتان؟

بڵقیس سەری نا بەگوێی جەندەرمەکەوە و چیرۆکی شێرۆی بە دوو وشە بە گوێیدا چرپاند.

پاشان داوای لێکرد ئەو ڕازە لە لای خۆی بپارێزێ:

ــ خۆت ئەزانی ئێمەش ئابڕوومان هەیە برام، کچمان سەرەڕۆ و کابراش بەرەڵڵا.

سەردەستە پرسی:

ــ لە کوڕ و براکانت کەسیان ئەوینداری کچێک نەبووە و شەوێک بۆ دزینی کچە چووبێ؟

ــ نەء. نەء براگیان. ئەو کچە کێ و لە کوێ بووە؟

ــ لە کوێوە بزانم لە ژێر زمانتدا شتێکیتر نییە؟

بڵقیس وتی:

ــ لە ناو ئێمەدا ئەمکارە شوورەیی نییە براگیان. ئەگەر هەبوایە ترسم نەبوو و یەکسەر پێم ئەوتن. عاشقەکە ناوی چی بووە؟

سەردەستە وتی:

ــ ئا ئەمەیان! ئێمەش ئەمانەوێ بیزانین.

بڵقیس لە دڵەوە بوو بە شێر و شوێن قسەکەی گرت:

ــ خۆ کچە ئەبێ عاشقەکەی خۆی بناسێ! پێت وانییە؟

سەردەستە سەیری نادعەلی کرد وتی:

ــ کچە قسە ناکا، قسە ناکا و لێو نابزێوێ.

کوڕی حاجی حسێن سەری داخست و ڕووی وەرگێڕا. شەرمی ئەکرد، هەم لە ڕەفتاری خۆی لە بەرامبەر سەوقیدا و هەم لە داماویی خۆی لە بەرامبەر سەوقیدا. نەرمەی گوێی خوێنیان تێزا. ئەمە تۆزێ بڵقیسی ئارام کرد. کە وابێ سەوقی

کۆڵـی نەدابوو. میهـری سـەوقی -هـەر کـەس هـەبوو- لـە دڵـی بڵقیـس نیشـت. کاری پـرس و جـۆ لای ئـەو تـەواو بوو. گـریّ هـەر وا کوێـرە. سـەردەسـتە لەجـێ ڕابـوو و پانتۆڵەکـەی تەکانـد. قنچکـە جگەرەکـەی فـڕێدا. دەسکەوسـار بەدەسـتیەوە و دەسـتی لـە سـەر کەللـەی زیـن، پـێ لـە ئاوزەنگـی لـە سـەر زینەکـە دانیشـت. کڵاوەکـەی ڕێـک کـرد، ڕووی لـە نادعەلـی کـرد وتـی:

ــ کلیلـی ئەمـکارە لای خۆتـە. لە ماڵی خۆت. لای کچەکەیە. ئێمـەش لـە خـۆڕا لـە ژێـر ئەم خۆرەتاوە لـەم بیابانـە ئەخولینەوە. تـا تـۆ نـاوی خەنیـم لـە زاری کچـە دەرنەهێنـی، ئێمـە هیـچ بەڵگەیەکمـان بـە دەسـتەوە نییـە و ناتوانیـن شـوێنی هەڵگریـن.

سـەردەسـتە ڕووی ئەسـپەکەی وەرگێـڕا و درێـژەی بـە قسـەکەی دا:

ــ تۆش پـوورە بێمـزەڕەت! جارێکـی دی کـە ئێمـەت دی دەری خێوەتەکـە مەگـرە، خـۆ ئێمـە مرۆڤخـۆر نیـن!

لێـی نەوەسـتا. ئاوزەنگـی ڕاوەشـاند و پشـت بـە ڕەشـماڵ لێیخـوڕی. هاوڕێکانـی، جەندەرمـەی گەنج و نادعەلیـش بـە دوایدا ڕۆشـتن. بڵقیس تا نیشـتنەوەی تۆزوخۆڵی پاش سـوارەکان و ونبوونیـان لـە پشـت گردەکـە، سـەیری کـردن و پاشـان چـووە نـاو ڕەشـماڵەکە و وەکـوو داماوی گیـری ئـەو مەنگەنـەی تـا ئـەم کاتـە ئـەوی گوشـیبوو، لـە لایەکـەوە دانیشـت. چـاوی لێکـنا و ناڵەیەکـی مانـدوو لـە گـەرووی‌دا شـکا:

ــ ئاگـر لـە قەبـرت ببـارێ حاجـی حسـێنی چوارگوێشـلی! ئاگر بـە گـۆڕت. ببـی بـە هاوکاسـەی شـەیتانی دۆزەخ. ئـەو پارانـەی لـە بـری ئـاو و لـەوەڕە لـە ئێمـەت وەرگـرت ئیشـەڵڵا ئەبێ بـە خوێن و لـە سـەر پەنجەکانتـەوە دڵـۆپ دڵـۆپ ئەتکێتـە خـوارەوە. جەرگـت سـووتانم، ئەتەوێ گیانیشـم بکێشـی!

زیـوەر باڵـی خێوەتەکـەی لادا. تیشـک هاتـە ژوورەوە. هەناسـەیەکی بـە ئاسـوودەیی هەڵکێشـا و لای ئەسـتوندەکی

ڕەشـمالّەکە دانیشـت. مارالّ و هـەیڤۆ دەسـتیان کردەوە بە چنین و بلّقیـس پاشـماوەی ئـاوی زەرکـەکـەی هـەلّدایـە بـەر خێوەتەکـە. ملـی مـەشـکـەکـەی گـرت بـۆ ئـەوەی ئـاو بـۆ خـۆی تـێبکات. بتـەوێ و نەتـەوێ گـەرووی وشـک ببـوو و غـەم و دڵـەتەپـێ لـە دەروونـیدا ئەجۆشـا و ئـاو شـەفا بـوو: زەرکـەکـەی نـا بـە سـەرەوە.

لـە دەرەوەی بنە، لە سـەر هێڵی بیابان، شـەلاڵی تۆزی ڕێگە و ئارەقـەی لـەش ئەسـپی داژووت. غـەم و تووڕەیـی ئەیهەژانـد. مڕومـۆچ و ناوچـاو ترشـاو، چـاوە تیژەکانـی بڕبوویـە بەردەمـی و لەپەسـا لێـوی بنـەوەی بـە ددان ئەکرۆشـت و ڕیشـی بن لێـوی هەڵئەکەنـد و تفـی ئەکـردەوە. بـە دەسـتێکی هەوسـارەکە و بـە دەسـتەکەی دی تووکـی کورتـی ئـەو مـەڕەی گرتبـوو لـە پێـش زینەکـە داینابـوو. مـەڕی سـپی، لـە پێـش ڕانـە ئەسـتوورەکانی خانئاپـۆ، بـەڕووا درابـوو بـە سـەر زینەکـەدا، ئـەی فیشـاند و زمانـی دەرکشـابوو. ئەسـپەکەی خانئاپـۆ بەتـاو ئـەڕۆیشـت و هەوڵـی ئـەدا مـەڕەکـە بگەیەنێتـە بـەر ڕەشـماڵەکان پێـش ئەوەی سـەقەت ببـێ. کابـرا، سـەرەڕای لێزانیەکـەی خـۆی قیـت ڕاگرتبـوو دەربایسـی بینـی ئەسـپەکەی نەبـوو، داژووت و ئەهـات.

زیـوەر، لـە دوورەوە، لـە نـاو ئـەو تۆزوخۆڵەی لە بن سـمەکانی ئەسـپەکەوە ئەچوو بە حەوادا، سـوارەکەی خسـتە بن چاودێری؛ دەرپـەڕی و بـە شـپرزەیی سـەری کـرد بە نـاو خێوەتەکەدا:

ــ یەکێک لەوانەی خۆمان دێ. وابزانم شـتێک بووە!

بلّقیـس و بـە دوایدا مـارالّ و هـەیڤـۆ دەسـتیان لـە چنیـن هەڵگـرت و هەلاّتنـە دەرەوە و هـەر چواریـان چاوەڕێیـان کـرد. هەیڤـۆ باوکـی ناسـیەوە و بـە بێئیـرادە بەرەوپیـری چـوو. بلّقیـس هـەر وا چـاو لـەڕێ بـوو و مـارالّ بیـری لـەم کێشـەیە ئەکـردەوە وا بەڕێوەبـوو. زیوەریـش ددانەکانـی لـە چیـڕەوە ئەهێنـا و لـە ناخـەوە خـۆی ئەخـواردەوە.

خانئاپـۆ هێواشـی کـردەوە، لـە بـەردەم ژنـەکانـدا لـەغـاوی

ڕاکێشا و خۆی لە سەر ئەسپەکەوە هەڵدایە خوارەوە، مەڕەکەی داگرت و دەسبەجێ، بە بێ ئەوەی سەیری کەس بکات، قۆڵی هەڵکرد و کێردی لە بەر پشتێنەکەی دەرهێنا و نەڕاندی:

ـ زەرکێ ئاو! با حەڵاڵی بکەم. ئاو!

هەیڤۆ مەسینەکەی هێنا و خانئاپۆ ددانە قفڵ بووەکانی مەڕەکەی بە زۆر هەڵپچڕی و وتی:

ـ پیاکە!

هەیڤۆ لوولەی مەسینەکەی خستە ناو دەمی مەڕەکە و بە قومێک ئاو زمانی مەڕەکەی تەڕ کرد. کابرا دەستی کچەکەی دایە دواوە، پێی خستە سەر مەڕەکە و دەم و لمۆزی گرت، کێردەکەی نایە سەر قورقوڕاچکەی و بەیەک تەکان بڕی. شمر! خوێنی تۆخ، خوێنی نەخۆش، لە دەمی کێردەکەوە فیشقەی کرد و ڕژایە سەر عەرزەکە. خانئاپۆ چنگیکرد بەقژی مەڕەکەدا، سەریبرد بۆ پشتەوە و ئەویتریشی بڕی. سەری لە لەشی مەڕەکە جیاکردوە و هەڵیدایە بەر ڕەشماڵەکە. پاشان پشتی ڕاست کردەوە و لە لایەکەوە وەستا. دەمی کێردەکە خوێنی لێ ئەتکا. چاوەکانی مەڕەکە مردبوون. تینی نیگای ئاژەڵ پێش ئەوەی کێردەکەی پێبگا، نیشتبۆوە و دامرکابوو. خانئاپۆ غەمخۆر و تووڕە، سەیری مەڕەکەی ئەکرد کە هێشتاش گیانی تیامابوو و بە لاوازیی دەست و پێی ڕائەشەکاند. خوێنی خەست و تۆخ تەوژمی زۆر نەبوو. نەرم نەرم، وەکوو زاروو بە سەر عەرزەکەدا ئەجما. خانئاپۆ غەمی تووڕدا، بە ڕقەوە چۆکی دادا و کێردەکەی تابن چەڵەمەی سینگی مەڕەکە چاقاند و بۆ خوارەوە دایدڕاند. پاشان کێردەکەی لە ورگی ئاژەڵەکە دەرهێنا و تا ئانیشکی دەستی کرد بە ناو سکی مەڕەکەدا و بەیەک تەکان دڵ و جگەری هێنایە دەرێ. لە بەر ڕووناکی خۆر ڕایگرت. دڵ و جگەرەکەی بڕی و خستیەوە ناو وورگی ئاژەڵەکە

و سییەکانی بە دەستیەوە ڕاگرت.

تا ئەم کاتە ژنەکان لای ئەستوندەکی خێوەتەکە، لەتەک یەکەوە بە حەپەساوی سەیری کرداره سەمەرەکەی خانئاپۆیان ئەکرد. کابرا چی بە سەر هاتووە؟ خانئاپۆ سەری هەڵێنا و سەیری کردن. زیاتر لەوانیتر بڵقیس لەگەڵی هاو نیگابوو. زمانی کرداری خانئاپۆ ئەو باشتر ئەیزانی. خانئاپۆ ئەژنۆی ڕاست کردەوە، جگەرە سپیەکەی لە بەر چاوی بڵقیس ڕاگرت وتی:

ـ ڕەش لە سەرکە بڵقیس. ئاژەڵ کرم داویە لە جگەریان، فەرموو سەیریکە!

ئەمەی وت و سییەکەی خستە ناو پەنجە درێژ و بۆرەکانی بڵقیس. خۆی چووە لایەکەوە و لە سێبەری ڕەشماڵەکەدا دانیشت. سەری داخست و ئانیشکەکانی نایە سەر چۆکی بۆ ئەوەی خوێن لە پەنجەکان و دەمی کێردەکەی بتکێ. هەیڤۆ چووە ژوورەوە. مەسینەی پڕکرد، هاتە دەرەوە و بە ترسەوە لە باوکی نزیک کەوتەوە. دانەوییەوە کە ئاو بکات بە دەستە خوێناوییەکانیدا. خانئاپۆ خێسەیەکی لە کچەکەی کرد و مەسینەکەی دایە دواوەوە. کێردەکەی لە عەرز چەقاند و سەیری بڵقیسی کرد.

بڵقیس هات و دانیشت:

ـ ئێستە چی؟ ئەبێ چی بکەین؟

خانئاپۆ وتی:

ـ گۆشتەکەی بۆ خواردن نابێ. ئەبێ بیخەینە بەر سەگەکان! داد. داد لەم بێ ئاوییە! هەموویان کرم لە جەرگیان نەدات باشە. بەڵام بۆ تووش نەبن؟ باراناوی گەنیوو، ئاوی پیسی بنڕێ، ڕووت و قوتی بیابان، بێ لەوەڕی! هەمووشت ئامادەیە بۆ ئەوەی ئاژەڵ بمرێ. سەیر ئەکەی جەرگی مەڕەکە چۆن کوون کوون بووە؟ بێژنگ! چاو بنێی بەیەکدا ڕانەکە هەموو

تیاچووە.

پەنجە کشاوەکانی بڵقیس لەجگەرە سپیەکە چەقیبوو، ئەتوت لە ناو کەفاودایە. غەم و ڕقی ژنە خەریک بوو لە دەروونەوە قوڵپی ئەدا. بەڵا لە سەر بەڵا و غەم لە سەر غەم. ئەگەر ئەم چوار سەرە مەڕ و بزنەش لنگیان بچێ بە حەوادا ئەوسا چی؟ لەم ناوەدا شتێکی وا نەبوو بڵقیس نەیزانێ و لە خانئاپۆ بپرسێ. هەر چی بوو ڕوون و ئاشکرا بوو. لە بەر چاو بوو. وەک هێڵی ناو دەست. سەیری کەلاکی مەڕەکەی کرد. تەرمەکە بێدەنگ لە سەر خاک کەوتبوو، ئەتوت داوای گۆڕ ئەکا.

خانئاپۆ، لەپڕ هەڵسا. ئاخێزی کرد و لای کەلاکی مەڕەکە چۆکی دادا و کەوتە کەوڵکردنی ئاژەڵەکە. بڵقیس وتی:

ـ با سێپایە بهێنم، هەڵیواسە.

خانئاپۆ بە دەم کارکردنەوە، پچڕ پچڕ وتی:

ـ نرخی هەڵواسینی نییە، هەر وا شوانی کەوڵی ئەکەم.

بڵقیس ئیتر هیچی نەوت. هەر وا بێدەنگ وەستا و کەوتە سەیرکردنی بزووتنی نەرم و مارئاسای دەستەکانی هێوەرەکەی و گوێی لە خرتەخرتی کێردەکە لە سەر پێستی مەڕەکە گرت. سەگە ڕەش و یەک چاوەکەی ڕەوەند بۆنی لاشەی کردبوو. لە خێوەتەکە نزیک ببویەوە و خەریکی مووشە مووش بوو. خانئاپۆ چغەی لە سەگەکە کرد. سەگ کشایەوە و تۆزێک دوورتر بە تاقە چاوەکەیەوە کەوتە سەیرکردن. خانئاپۆ لە بەر خۆیەوە مراندی:

ـ بۆن ئەکا توخمی زۆڵ، پێی وایە کەلاکم هەڵداوەتە بەری!

بڵقیس سییەکەی بۆ سەگە هەڵدا، سەگ خۆی هەڵدایە سەر گۆشتەکە. بە کەڵپەکانی گرتی و بەچنگ هەڵیدڕی. خانئاپۆ کە لەپڕ سییەکەی لە بن کەڵپەکانی سەگەکەدا

دی، پەلاماریدا و پێش ئەوەی سەگەکە هەڵێت، پارچەیەکی سییەکەی لە بن چنگ و کەڵبەی سەگەکە دەرکێشا، دای بەدەستی بڵقیسەوە وتی:

ـ بۆ ئەیخەیتە بەرسەگ؟! ئەمە بۆ خواردن ئەشێ. بیخەرە ناو تاوە با بزانم چۆنە؟

بڵقیس سییەکەی بردە ژوورەوە و خانئاپۆ کێردەکەی خستەوە کار و کەوتە کەوڵکردن و تا لا بکەیتەوە پێستی مەڕەکەی داماڵی و هاواری کرد:

ـ تەشتێک بێنن بۆ گۆشتەکە!

بڵقیس تەشتی هێنا و لای دەستی خانئاپۆوە داینا. خانئاپۆ دەست و لنگی مەڕەکەی گرت، لە سەر سفرەکە هەڵیگرت وخستیە ناو تەشتەکە و وتی:

ـ سەیر ئەکەی؟ نەخۆشی ئێسکەکانی پووکاندۆتەوە! نیومەن گۆشت بە هەموو لەشیەوە نییە! ئێسکی پووک. ئێسکی پووک و بەتاڵ!

بڵقیس پەرۆیەکیدا بە سەر گۆشتەدا و وتی:

ـ ئێستە چی لێ بکەین؟ خۆ بۆ دیاری ڕای ناگرین؟ ئەم گۆشتە ناخووری، بۆ ڕای بگرین؟

خانئاپۆ ڕیخۆڵەکانی خڕ کردەوە. لۆکانی پێستەکەی دایەوە بە سەریا. هەڵسا و لە کاتێکا بەرەو خێوەتەکە ئەچوو وتی:

ـ خۆ نەم وتووە ئەبێ هەر بیخۆین! با ئەوانی تریش بێن، سەرمان کە بوو بەیەک، کارێکی لەگەڵ ئەکەین.

پێست و ڕیخۆڵەکەی لە قەراخ خێوەتەکە دانا و لە بەر دەرگا گورگئاسا دانیشت. دەستەکانی هێشتا خوێناوی بوون و پەڵەی خوێنی تۆخ بە مەچەکی دەستیەوە وشکەڵاتبوون:

ـ ئێستە ئاو بێنە کچێ!

هەیڤۆ ئاوی هێنا و پیاوەکە دەست و مەچەک و کێردەکەی لە بەر لوولەی مەسینەکە گرت و شۆردی. هەڵسا، چووە

ژوورەوە و بڵقیسی بانگکرد. بڵقیس کە تەشتی گۆشتەکەی بردبوویە ژوورەوە هات. خانئاپۆ بە نیگایەک لە بن برۆ ئەستوورەکانیەوە، هەیقۆی کردە دەرەوە، پاشان جگەرەیەکی سەر سووتاوی لە قووتوە جگەرەکەی دەرهێنا. دایگرساند و بە چەند مژێکی قووڵ دووکەڵەکەی دایە دەرەوە و پاشان بەنیگەرانیەوە وتی:

ــ ئەو هەتیوە لەگەڵ جەندرمەکان خەریک بوون لێرەوە ئەڕۆیشتن؟

بڵقیس سەری ڕاوەشاند. خانئاپۆ پرسی:

ــ قسەیان چی بوو؟ چییان ئەویست؟

بڵقیس وتی:

ــ هەندێ شتیان وت و هەندێکیشیان بیست.

ــ دواییەکەی چی؟ خۆ شوێنیان هەڵنەگرتووە؟

ــ هەتا ئێستە نەء. بەو جۆرەی کە دیارە، کچە هێشتاش سەرسەختی ئەکا. ناوی مەدیاری نەهێناوە.

ــ ئافەرین کچ، تۆزێکی مابوو سینگی کون کون بکەم! شوکر. نازانی، وەکو ئاسک بە دوامانداا ئەهات.

ــ پێم وابێ شێرە کچێکە بۆ خۆی. پێم وابێ نرخی ئەوەی هەبووە مەدیار خۆی بۆ بەخت بکات.

خانئاپۆ وتی:

ــ ترسم لەوەیە خۆی پێ ڕانەگیرێ. ئەو کوڕەی چوارگوێشلی کە من دیومە سەرێکی لەخۆ بایی هەیە. ئەترسم هەر جۆر بووە، زمانی کچەکە هەڵپچڕێت.

دەنگی کەلمیشی هات:

ــ لە کوێ خۆت شاردۆتەوە بڵقیس؟

هێسری پیرەمێرد لێوی لە عەرزەکە ئەخشاند و دەسکەوسارەکەی بە سەر عەرزەکەدا ئەخشا و کەلمیشی دیار نەبوو. ماراڵ لە بڵقیس نزیک بوویەوە و لە بن گوێیدا

وتـی:

ــ خاڵـۆ کـەلمیشـی توورەیـە! پێسـتی بزنێـک بەدەسـتیەوە بـوو. ئـەوا لـە نـاو ڕەشـماڵەکەیە.

لـە بـەر دەرگای خێوەتەکـە، بڵقیـس سـینگی تەقا بـە سـینگی زیـوەرەوە کـە خـەریک بـوو ئەهاتـە دەرەوە. بڵقیـس لێـوی گەسـت و چـووە ژوورەوە. کابـرا غـەم لـە چاویـا، پشـتی دابـوو بـە لێفـە و جاجمەکانـەوە و مـۆر ببـۆوە لـە بەردەمـی خـۆی. لـە بەردەمـیدا پێسـتی ڕەش و کوڵکنـی بزنێـک، وەکـوو پشـیلەیەکی بێگیـان کەوتبـوو. بڵقیـس بـە مشـتی نووقـاوەوە هاتەپێشـەوە و چـاوی بڕییـە پێسـتی بزنەکـە و ڕووبـەڕووی پیاوەکـەی وەسـتا. ویسـتی شـتێک بڵـێ، بـەڵام زمانـی نەئەگـەڕا، قسـەش نەبـوو، چـی بووتایـەت؟ بۆیـە خامـۆش و وشـک چـووە لایەکـەوە، تـا کـەلمیشـی لێـو ببزێـوێ. تاوێکیتـر، کـەلمیشـی سـەری هەڵێنـا و سـەیری ژنەکـەی کـرد و وتـی:

ــ سـەر و ماڵمـان خـەریکە تیـا ئەچـێ! خـەریک بووم ئەمهێنـا بـۆ ئێـرە، لـە نـاو ڕێـگا کـەوتـە لاقـە فرتـێ و خـەریک بـوو گیانـی دەرچـێ. منیـش لەهێسـرەکە دابەزیـم و حەڵاڵـم کـرد. سـییەکانی وەکـو بێژنـگ کونکـون ببـوو!

بڵقیس پرسـی:

ــ ئەی گۆشـتەکەی کوا؟

ــ کام گۆشـت؟ چوار پارچـە ئێسـقان لـە نـاو پێسـتەکەیدا مابـوو، ئەویشـم لـە سـەر ڕێـگا فـڕێدا. سـەگێک، گورگێـک، سیسـارکێک قەپاڵـی لێـدا. ئـەو گۆشـتە مـرۆڤ ناتوانـێ بیخـوا!

بڵقیس لە سـەر عەرزەکە دانیشـت و وتـی:

ــ پێش تۆش خانئاپۆ یەکێکی هێنایەوە و هەر لێرە سـەری بڕی. مەڕێک. خوێنە ڕژاوەکەی هێشـتا نەمەییوە.

کەلمیشی وتی:

ــ خـۆم هەڵمدایـە سـەر ئەسـپەکەی. پێمـان وابـوو ئەمێنـێ

تا بگاتە شار. زۆریش پەکی نەکەوتبوو!

بڵقیس وتی:

ــ کە گەیشتە ئێرە دەمی داچاقابوو، چاوەکانی وەرگەڕابوو و زمانی دەرکشابوو. فیشکەی ئەکرد. بە تەمەنی خۆم کەم مەڕم دیوە بەو جۆرە فیشکە بکات. سەگی تینوو لە گەرمای هاویندا.

کەلمیشی وتی:

ــ کۆتایی تەمووز ئاخرەکەی لە دوای خستین! وتم ئەمساڵیش دەرباز بووین، بەڵام نەیهێشت بەدکردار! ئەگەر پێمان بنایەتە پایز ئەم دەردەمان تێپەڕاندبوو. بەڵام ئەوەتا لە دواوە قاپوولەی گرتووین و بەمزووانەش بەرمان نادات. تافرمێسک لە چاومان دانەبارێنێ، بەرۆکمان بەرنادات. ئەمساڵ ساڵی نەگبەتیە! ساڵی ستەمە.

خانئاپۆ، برای کەلمیشی، شانی دانەواند و هاتە ژوورەوە؛ لە پێستی بزنەکە نزیک بوویەوە. چنگی لێدا، بەرزی کردەوە و کوتای بەعەرزا:

ــ چەند کارەکەی خۆی خۆش ئەویست، هەزارە! کاتی شیردانی کاژیلەکەی وەکوو ژن ئەگریا و بە دوای کارەکەیدا ئەگەڕا. ڕاست وەکوو مرۆڤ ئەم لا و ئەو لای بۆ ئەگەڕا. چ چاوێکی هەبوو! ئەتوت چاوی مرۆڤە. داخەکەم نەیتوانی ئەمساڵ بباتە سەر! تەمەنی بەشی نەکرد. لە کوێ سەرت بڕی؟

کەلمیشی لەوەڵامی براکەیدا وتی:

ــ لە هەوارزەکەی لای دەرەوەزان. نەخۆشینی بەدکردار وەها تینی بۆ هێنابوو، هەر نەمزانی چۆن کێردم نایە سەر ملی. ڕەبەنە بە چاوەکانی ئەپاڕایەوە زووتر بیکوژم. تەنگی پێ هەڵچنرابوو. جاڕس ببوو. منیش دامگرت و بەیەک چەقۆ قوڕقوڕاچکەیم بڕی و ئەمەش سییەکەیەتی. وتم ڕەنگە

پێویست بکا بیبەین بۆ شار پیشانی بدەین. ئەتەوێ سەیری بکە. وەکوو جگەری زلێخا، پارچە پارچە بووە. لە بەر خۆردا ڕای بگری تیشک لە کونەکانیەوە دەرئەچێ!

خانئاپۆ سییەکەی لە نێوان پێستی بزنەکە دەرهێنا، بردیە دەرەوە، سەیری کرد و گەڕایەوە. خستیەوە سەرجێگای خۆی وتی:

ـ نەخۆشین لە ڕۆژیش ڕوونترە. بۆ چارەسەر، مەگەر بچین بۆ شار ئەگینا بۆ ناسین ئەوا خۆمان ناسیومانە، ئێستە ئەبێ چی بکەین؟

کەلمیشی وتی:

ـ با گوڵمحەمەد دەرکەوێ. بە یەکەوە بیرێکی لێ ئەکەینەوە و ڕێگایەک ئەدۆزینەوە.

زیوەر بەکتری چا و پیاڵەی شۆراوەوە هاتە ژوورەوە. لای دەستی بڵقیسەوە داینا و خۆی ڕۆیشتە دەرەوە. براکان لە ناو بیردا بوون. بڵقیس هیچی لە دەست نەئەهات. چاکەی خزاندە بەردەمی خانئاپۆ، خۆی هەڵسا و بەئارامی چووە دەرەوە.

ژنانی میشکالی، لە بەر ڕەشماڵەکەی خانئاپۆدا خڕببونەوە. ئەژنۆ بە ئەژنۆ دانیشتبوون و لە سەر شتێک مشتومڕیان بوو. بڵقیسیش لە لایان دانیشتبوو و ئەژنۆی گرتبوو بە باوەشیەوە و بەغەمگینی چەناگەی نابووە سەر ئەژنۆ و سەیری بەردەمی خۆی ئەکرد. قسەیەکی نەواز لە قوڵایی چاوەکانیدا سەرگەردان بوو. شتێک کە نەئەوترا. گرییەکیش لە گیانیدا. ڕوخسارێکی پڕ ئەندێشە. ئەو ئەندێشانەی شکۆمەندییان لەوەدایە کە ناگوترێن. بیر و هزری سەرانسەر ژان لە ناخەوە و لە ناو جەغزی شکۆیەکی جەخاراوی. بە شێوەیەک کە لە لای ئەوی دی هەستی سپاس بەدی دێنێ و بێدەنگی ئەکات. مەگەر ئەوەی نەزانێکی هەڵەوەڕ بیهەژێنێ.

بڵقیس هەر چەند نە هەموو جیهان، بەڵام سەرانسەری

دەڤەر و دەوربەری خۆی دیبوو و تامی ڕۆژگاری چێشتبوو. ئەو و ڕەنج دەستەخوشک بوون. لەگەڵ هەموو لایەن و شێوازەکانی سروشت و ژیانی خێڵاتی و مەڕداریی ئاشنا بوو. لەگەڵ میهرەبانی و تووڕەیی، ڕژدی و دەست ئاوەڵەیی و هەندێ جار فرەمەندییەکانی. هەم لەگەڵ تەنگسالّی و گوشارەکانی. سەرەڕای ئەوانەش، سەبارەت بەوەی تازە ڕووی دابوو نەی ئەتوانی ئارامیی خۆی بپارێزێ. بزەباقە. بۆ ژنی خێڵاتی، بەلاّ چ بەر بێتە گیانی پەز و چ بکەوێتە گیانی خۆی، جیاوازییەکەی ئەوەندە نییە. کە وا بوو سەیر کردنی جەرگی کونکونی مەڕ جەرگی ئەسوتێنێ و نیگای حەپەساوی پیاوەکان زیاتریش ڕەنج ئەڕژێنێتە چاوانیەوە.

بلّقیس نایەوێ ودمیخراپ لێبدات. بەلاّم ناتوانێ لە خەیاڵە ڕەش و گوماناویەکەشی خۆی دەرباز بکات. بەلاّ بە دوای بەلاّدا دێت. ئەو ئەمە ئەبینێ، وەک زریزەی زنجیر. هەڵقەی پەیوەستی ئازار و پێی بەد. نەخۆشی و بێبەختی. مەرگ و نەگبەت. ئەنجامەکەی بە کوێ ئەگات؟ بلّقیس گوێی بە مەترسی ئەزرنگێتەوە. هەستی پێئەکا. مایینی وشیار، شەپۆلی بوومەلەرزە پێش ڕوودانی هەست پێ ئەکا. ڕەشەبا خەریکە هەڵ ئەکا!

بلّقیس زیوەری دایە بەر ڕێژنەی تەشەر:

ــ تۆ بۆ وەکوو مریشک کڕ کەوتووی؟!

زیوەر دەستی لە ژێر چەنەی هەڵگرت و وتی:

ــ چیبکەم؟ هەڵسم سەما بکەم؟

ــ نامەوێ سەما بکەی! بەلاّم بۆچی ماتەمنیت گرتووە؟ نان و ئاوت بڕاوە؟

زیوەر وەلاّمی نەدایەوە. سەری داخست و بێدەنگ بوو. ئەتوت باش تێگەشتبوو کە بلّقیس ئەیویست بە هەڵڕژاندنی ئەو قسانە خۆی ڕابگرێ. ئەیویست خۆی لە ڕووخان بپارێزێ.

لـە ڕاسـتـیدا ئـەو قسـانـە ئـەبـوا بـە خـۆی بـڵـێ نـەک بـە زیـوەر. واتـە خـۆی لـە زیـوەردا گـیـرخسـتـووە و چـنـگ لـەو وەر ئـەدا، زلـلـەی لـێئـەدا، لـێـی تـووڕە ئـەبـێ، تـا لـە سـەر پـێ ڕای بگـرێ. ئـەوەی نایـەوێ لـە خـۆیدا بـاوەڕی پـێبـکـا، بـە زیـوەریـەوە ئـەبـەسـتـێ؛ لـەودا بـاوەڕی پـێ ئـەکـا، خـۆی لـە نـاو ئـەودا فـەلاقـە ئـەکـات.

زیـوەر هـەڵـسـا و خـۆی لـە چـاوی بڵـقـیـس ونـکـرد. لـە پشـت ڕەشـمـاڵـەکـە لـە سـەر خـۆڵـە پـووتـەکـە دانـیشـت؛ چـاوەڕوانـی هـاتـنـی شـەو.

خـۆر ڕۆیشـتـبـوو و زەردەی خـوێـنـاوی خـۆی لـەدەم ئـاسـۆ جـێهـێـڵابـوو. پـەڵـە هـەوری پـۆ، لـە ڕەنـگـبـازیـی ئـێـوارەدا ڕەنـگ ئـەکـران و بـەری بـەرۆژ تـاوتـاو ڕەنـگـی ئـەگـۆڕا. تـاریـکـایـی تـانـی ئـاسـمـان بـە هـەمـوو لادا پـان ئـەبـووەوە و کـەنـارە ڕوونـەکـانـی هـەڵـئـەمـژی. پـاشـەرۆکـی ڕووناکـیـش لـە باریکـەی بـن ئـاسـمـان هـەڵـئـەگـیـرا و تـیـا ئـەچـوو. شـێـوان ئـەیخـواردەوە، ئـەیخـواردەوە. دوایـیـن وزە.

شـەو، ئـارام و بـەپـێـز بـە هـەمـوو ئـاسـمـانـدا بـڵاو بوویـەوە و ئـەسـتـێـرە، تـاک وتـەرا، پـەڕاگـەنـدە و دوور لـە یـەکـتـر. پـارەی خـەنـجـەر، سـەریـان لـە پـەردە دەرهـێـنـا. لـەوەدوا، ڕەشـمـاڵـەکـان، لـە ژێـر پـێـسـتـی شـەودا، وەکـوو گـشـت شـەو، وەک هـێـلانـەی ڕەشـیـان لـێـهـات. هـێـلانـەی ڕەش و بـچـووک و تـرسـێـنـەر.

لـەگـەڵ شـەودا، گـوڵـمـحـەمـەد هـات. بـالابـەرز، ڕەشـی دێـوئـاسـا -لـەگـەڵ بـادی ببـوو بـە یـەک- تـێـکـەڵ بـە شـەو، لـە سـەر مـلـی هـەورازەکـە دەرکـەوت. زیـوەر چـوو بـە پـیـرییـەوە:

ــ مـانـدوو نـەبـی!

ــ بـێـوەی بـی!

لـە سـەر وشـتـرەکـە، گـوڵـمـحـەمـەد یـەکـبـەر دانـیشـتـبـوو. دارەکـەی لـە بـن دارەبـەنـەکـەدا دانـابـوو و کـڵاوەکـەی تـا سـەر بـرۆی داکـێـشـابـوو. بـادی، خـۆی بـۆ لای ڕەشـمـاڵـەکـان ڕاکـێـش ئـەکـرد و کـابـرا لـە سـەر پـشـتـی وشـتـرەکـە وەک کـەژاوە ئـەلـەرییـەوە. زیـوەر لـە

تەنیشت وشترەکەوە ئەڕۆیشت و قۆڵی لە پووزی گوڵمحەمەد ئەخشا. گوڵمحەمەد لە سەر وەشترەکەوە، تەپڵی سەر و لەچکەکەی زیوەری ئەبینی و تەنها کاتێکە زیوەر بۆ قسەکردن سەری هەڵئەبڕی گوڵمحەمەد ئەیتوانی ڕوخساری داتکاوی ئەو لە بوولێڵی شەودا سەیر بکات و پزیسکەی چاوەکانی ببینێ. لای ڕەشماڵەکان، گوڵمحەمەد خۆی لە بادی هەڵدایە خوار و ڕەشمەکەی دایە دەست زیوەر. زیوەر وشتری برد بۆ مەیدانەکە، بۆ ئەوەی بیخەوێنێ و سفرەی بۆ ڕاخات. گوڵمحەمەد سەروملی بردە ناو ڕەشماڵەکە و پێش سڵاو کردن، وتی:

ــ ئەوە بۆ خۆتان تەپاندۆتەوە ئەم بنە، هەوای بەم خۆشیە؟ گوڵ ئارەق ئەکات!

باوکی کە سەری نابوو بەچۆکیەوە و خۆی لە باوەش گرتبوو، سەری هەڵێنا و چاوە خرەکانی تێبڕی و سەری داخستەوە. خانئاپۆ بە لای شاندا لە گوڵمحەمەد وەرگەڕاو وتی:

ــ بۆ وا درنگ کەوتی؟!

گوڵمحەمەد پێی شکاندەوە و هاتە ژوورەوە:

ــ چی بووە؟ دیسان شتێک قەوماوە؟

خانئاپۆ سەیری براکەی کرد. کەلمیشی هیچی نەوت. خانئاپۆ پێستەی بزنەکەی هەڵگرت و هەڵیدایە پێش پێی گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد چۆکی دادا، پێستەکەی کردەوە وسییەکەی هەڵگرت، لە بەر ڕووناکی چراکە سەیری کرد، خستیەوە سەرجێی و بێدەنگ بوو. پاش تاوێک پرسی:

ــ لەکەیەوە؟

ــ لە ئەمڕۆوە.

ــ چەند سەر؟

ــ تا ئێمە لە ناو ڕان بووین دوان. مەڕی مرینۆسەکەش خۆم سەرم بڕی.

کەلمیشی ڕووی کردە گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئێستاکانێ تۆ ئەڵێی چی؟ سەری گەنج و قاچی برەوت هەیە. چی ئەبێ بکەین؟

گوڵمحەمەد پرسی:

ـ پەتاکە بەس داویەتی لە ڕانەکەی ئێمە یان هینیتریش؟

ـ هەر کەس ئاگای لە خۆیەتی. ئێمە چووزانین. ڕەنگە خەڵکێک هەبن زستانی پێشوو زۆر دەستەنگ نەبوون. هەیانبووە خواردنیان داوە بە ئاژەڵەکەیان. ئەمە زگورتێتیە پەز ئەکوژێ. نەخۆشی لە ناو ئاژەڵی لەڕ و ولاوازدا جێخۆش ئەکات.

گوڵمحەمەد، سەری داخراو و ژاکاوی هیوابڕان وتی:

ـ ئومێدم وابوو ئەمساڵ تێپەڕ بکەین!

باوک وتی:

ـ ئێمەش هیوادار بووین، بەڵام خافەڵگیری کردین!

خانئاپۆ لە گوڵمحەمەدی پرسی:

ـ تۆ ڕێگەیەکت پێ شکدێ؟

ـ دیارە پێم شکدێ. هەر گرفتێک چارەسەری خۆی هەیە. بەڵام... ئەبێ... چۆنی بڵێم؟ ئەگەر نەمانەوێ مەڕەکان یەکە یەکە لە بەر چاومان بکەون و مردار ببنەوە، ئەبێ سەرانە پارە کۆبکەینەوە، بیخەینە سەریەک و بچین لە شار دکتۆر بهێنین. سەرانە؛ هەر کەسە و بەقەد مەڕەکانی خۆی.

کەلمیشی وتی:

ـ چارەی تریش نییە. نەخۆشی درمی و تەشەنە ئەکا. ئەبێ دەسوبرد بکەین.

خانئاپۆ لە پڕ مۆڕ بوویەوە و وتی:

ـ باشە بەکام پارە؟ لە کوێ؟ تۆ خۆت چەند لە بن جزدانەکەتدا هەیە؟

کەلمیشی وتی:

ـ ئەیفرۆشم. هەر چیم هەیە ئەیفرۆشم. من ئەبێ

بتوانم پێش بە مردنی پەزەکانم بگرم!

ــ چی ئەفرۆشی؟ پەزی نەخۆش کێ ئەیکڕێ؟ ئەوەنییە بیابانەکەش پڕە لە گژوگیا!

کەلمیشی وتی:

ــ هێشتا دوو قالیچەم لە بن دیوارەکەدا هەیە. قالیچەکان ئەفرۆشم. بەشی دکتۆر خۆ ئەکات! هەر سبەینێ قالیچەکان ئەبەم بۆ شار و ئەیانفرۆشم. هەوڵی خۆم ئەدەم. تۆ ئەڵێی چی گوڵمحەمەد؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ڕێگای ترێش مەگەر هەیە؟ ئەبێ وا بکرێ. جگە لەوە پارەی تریشمان پێویستە. من لە دوێنێوە سەردانی "چلقەڵام" کردووە و ئەوەندەی بۆم کرا، هەوڵم داوە جارێ گیر بخەم و بەکرێی بگرم. ئێمە هێشتا مانگێک مانگ و نیوێکیتر ئەبێ بتوانین مەڕەکان لەم ناوە ڕابگرین. پەز لەوەڕی ئەوێ. چل پەنجا جووت زەوی خانەکان هەتا بەیانی نیوەڕۆ درەویان تەواو ئەبێ. ئێمە سبەی ئێوارە ئەتوانین ڕانەکە بکەینە ناو جارە گەنمەکان. پێشەکیشم پێداون. ئەمشەو ئەبێ ڕانەکە ڕادەین بۆ ئەو لایە. یەکمان ئەبێ بچێ بۆ ناو پەز و سەبراو ئاگادار بکاتەوە و بیانخاتە ڕێ. ئەگینا ڕانەکە تا سبەی ئێوارە ناگاتە جێ، جارەکە وا لە نزیکی "جوین".

خانئاپۆ وتی:

ــ من ئەچم بۆ بردنی ڕانەکە، بەڵام ئەگەر ڕێیان نەداین چی؟ تۆ خۆت ئەبێ لەوێ بی، وانییە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئێستەجارێ وای لێهاتووە. منئیتر ناتوانم لەگەڵ ڕانەکە بێم، ئەبێ بچم بۆ شار. بە گزیرەکە، کە ناوێکی خۆشیشی هەبوو، ڕامسپاردووە و نیشانەکانم پێداوە کە ئەگەر خۆیشم لەگەڵ ڕانەکە نەبووم، ئەو بزانێ کێ و کێی لەگەڵە و چی و

چین. کاغەزیشم هەیە. گوندەکە هی حاجیئاغەی جوغتاییە. لە سەر ڕێی قۆچان. لای سەرووی عەوڵاگیو. چەند فرسەقی ئەمێنێ بۆ ئەسفەراین. گوندەکە ناوی قەڵاتە ڕەشە. جاڕەکەش وا لەبەری خوارەوەی گوندەکە، بەری ڕۆژئاوا. ئاوەکەشم لە سەر جاڕەکە وەرگرتووە. هاتەوەبیرم سەرکارەکە ناوی حەمەیە، حەمە وشتر! ئەو خۆشی لە هەمان قەڵات ئەژی، نیشانەکانی پێبڵێن و ڕانەکە بکەنە ناو جاڕەکە.

خانئاپۆ پرسی:

ـ تۆچی؟ ئەتەوێ چی بکەی؟

ـ من بەیانی زوو ڕێ ئەکەوم بەرەو سەبزەوار. باوکیشم لە ناو ڕەوەند ئەبێ. ئەبێ بۆمان دەرکەوێ بۆ چ ماوەیەک ئەتوانین ڕانەکە لە قەڵاتەڕەش بلەوەڕێنین. ڕەنگە ڕەشماڵەکان ببەین بۆ ئەوێ. قالیچەکانیش خۆم ئەیانبەم بۆ شار و بە نرخی خۆی ئەیانفرۆشم. بازاڕی کڕین و فرۆشی سەبزەوار لە بازاڕی نەیشاپوور بە ڕەواجترە.

خانئاپۆ وتی:

ـ ئێمە دامانابوو مەڕەکان بشۆرین، مەلەیان دەین. ئەمە چی لێدێ؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ هەر لەوێ ئەوکارەش ئەکەین. کارێزەکەی کەم ئاو نییە. ئەستێڵێکیشی هەیە. من پسپۆڕێک لەگەڵ خۆم سوارئەکەم و یەکسەر ئەیهێنم بۆ ئەوێ. هۆی... زیوەر، وەرە ئەم کتری چایە گەرم بکەرەوە.

زیوەر هاتە ژوورەوە و کتریەکەی برد. گوڵمحەمەد بە دوایدا وتی:

ـ هەر لەوێ، لە دەرەوە بەڕەیەک ڕاخە دێم بۆ ئەوێ.

زیوەر وتی:

ـ رام خستووە.

گوڵمحەمەد خۆی ڕاستەوە کرد و چووە دەرەوە و لە ژێر ئاسمان وەستا.

چ بارێک لە سەر ئەستۆی کابرا بوو؟ دەستەکانی نایە بەر پشتێنە و سینگ و شانی خست بە دوادا، قرتەی لە ناو پشتی هێنا و ماندوویێتیەکەی شکاند. پاشان لە بن تاقە سپینداری ئەو ناوە، لە سەر بەڕەکە دانیشت. پشتی‌نا بە قەدی وشکەڵاتووی دارەکەوە. قاچی خست بە سەر قاچی‌دا، کڵاوەکەی هێنایە سەر بڕۆی و لە بەر خۆیەوە کەوتە گۆرانی وتن بە کوردی. ئەم ماندوێتیە هاتووە بابێ. هەر وەها ئەمکارە، هەر وەها ئەم گیروگرفتانەی بە دوای یەکدا، بلا بابێن. بلا بابێن. مەگەر ئەتوانرێ بە باران بوترێ: مەبارە؟ پیاوە و کارە، ئەستۆی پیاوە و بار. ودمی چاکە بێ ئەم ڕەنج و هەوڵدانە. مرۆڤ ئەبێ دڵی بەهێز بێ!

لە بن لێواری کڵاوەکەیەوە، لە تاریکی نەرمی شەودا، گوڵمحەمەد ژنەکانی ئەبینی لە بەر ڕەشماڵەکەی سەبراودا دانیشتبوون و چپەچپیان بوو. لە بێدەنگی بەربڵاوی شەودا، دەنگی ددانەکانی بادی ئەبیست خەریکی کاوێژ بوو. جارجارەش گوڵمحەمەد قسەکانی باوکی و خان‌ئاپۆی بەر گوێ ئەکەوت و بیری لەوە ئەکردەوە باسیان ئەکرد. پچڕ پچڕ بوو. گێڕانەوەی ئەوەی رووی دابوو زۆر قسەی نەئەویست. هەر چەن دوو براش فرە وێژییان نەئەکرد. بۆیە گوڵمحەمەد خەریک بوو لە مێشکی خۆیدا پلانی بۆ بەیانی دائەنا، بۆ کوێ بچێ و چی بکات؟

ــ ئەم شێوە هەر ساز نەبوو؟

کەلمیشی بوو لە خێوەتەکە هاتبوویە دەرەوە و پرسیاری ئەکرد، بلْقیس وەڵامی دایەوە.

ــ شێوی چی؟ بڕۆ لەوێ دانیشە با سفرەکە بهێنم.

کەلمیشی وتی:

ــ خۆت زەحمەت ئەدەی سفرەی نانی وشک ئەهێنی؟ گەدا بازیت دەستی پێکردەوە؟ لانیکەم دۆکولێویێکی سەر بە ڕۆنمان

بۆ بهێنە کوڵ، نانی وشک خۆ لە گەروو ناچێتە خوارەوە!

بڵقیس دەرەقەتی ئیشتیای کراوەی مێردەکەی نەئەهات. بۆیە بەباشی زانی نەیخاتە خۆی. بەڵام خانئاپۆ بۆچوونێکیتری هەبوو، پێی لە خێوەتەکە نایە دەرەوە و کچەی بانگکرد:

ــ دا وەرە هەیڤۆ، وەرە ئاگر سازکە. هەر ئێستە بۆنی کەباب ئەنێرم بەرەو ئاسمان!

ــ چی؟ کەباب؟

ــ کەبابی مەڕە گیانەکەم. من ناهێڵم گۆشتەکەی بەر سیسارک بکەوێ. هەر چی نەبێ بەشی ئەمشەومان ئەکات. بجوڵێ کچێ!

هەیڤۆ هەڵسابوو و ئامادە بوو، بەڵام نەئەجووڵا. ئەیویست بزانێ ئەوانیتر چی ئەڵێن؟ خانئاپۆ تەشەری تێگرت:

ــ بۆچی حەپەساوی؟ خەریکی ددانەکانی من ئەژمێری؟

هەیڤۆ سەیری بڵقیسی کرد. بڵقیس سفرەی نانەکەی دا بە کچە و ئاوڕی لە خانئاپۆ دایەوە:

ــ کامە مەڕ؟ ئەو گۆشتە خۆ ناخورێ!

ــ ناخورێ؟ ئەم قسانە لە خۆتەوە دەرئەهێنی. گۆشتی بەو جوانییە چییەتی؟! ها؟

بڵقیس وتی:

ــ پڕە لە نەخۆشی! مرۆڤ ناتوانێ بیخوا!

خانئاپۆ وتی:

ــ من ئەیخۆم بۆ ئەوەی بزانی چۆن ئەخورێ!

خانئاپۆ لەوە زیاتر مشتومڕی نەکرد، خۆی کرد بە خێوەتەکەدا. بڵقیس لە بەر نیگای نیگەرانی ژنەکاندا، لێوی خۆی گەست و چاوەڕێی کرد تا خانئاپۆ بێتەدەرەوە. کابرا، وەک هەمبانەیەکی تووڕەیی و نیگەرانی هاتە دەرەوە و هەر لەوێ، لە بەر دەرگای خێوەتەکە وەستا و نەڕاندی:

ــ کوانێ؟ مەڕەکەم کوا؟

هەموو تاوێک بە بێدەنگی سەیریان کرد. ئەمە زیاتر خانئاپۆی تووڕەکرد. نەڕاندی و هێرشی برد بۆ هەیڤۆ. هەیڤۆ هەڵات و خۆی لە پشتی کەلمیشیەوە شاردەوە. خانئاپۆ لە ناو ژن و پیاوە سەرگەردانەکەدا ڕاوەستا و بە سکی برسی کەوتە سەیر کردنیان:

ـ مەڕەکەتان چیلێکردم، ها؟! چیتان لێکرد؟

بڵقیس لە هەموانبوێرتر، خۆگرتر و بڕوا بە ڕێز و نرخی خۆی، هاتە پێشەوە و بە نەرمی وتی:

ـ ئەو گۆشتە بۆ خواردن نە ئەبوو، نەخۆشی ڕزاندبووی، منیش خستمە بەر سەگ!

ـ سەگ؟! چی؟ سەگ؟!

تووڕەیی لە ددانەکانی کابرا ئەڕژایە دەرەوە، لێوەکانی بەستبوو و مشتەکانی نووقاندبوو، چاوی لە چاوی بڵقیس هەڵنەئەگرت. هاواری کرد:

ـ ئاخر بۆچی وات کرد بڵقیس؟ من چی بە تۆ بڵێم؟ ئەو مەڕە هینی من بوو، ئاخر... ئاخر... ئەو گۆڵە یەکچاوە لە کوێیە ورگی هەڵدڕم!

ئێسک لە ژێر کەڵبەی سەگەکەدا... خرمەی ئەهات. خرم خرم.

خانئاپۆ، داری لە بن دارەبەنی وشترەکە دەرهێنا و هەڵات بۆ ناو تاریکیەکە. سەگەڕەشی یەکچاو تەنها نەبوو، هەڤاڵێشی پەیداکردبوو. قرووسکەی سەگەکان بەرز بوویەوە. دار لە سەری ئەم و قەپۆزی ئەو. هەڵاتن. پاش تاوێک خانئاپۆ بە لاشەی لەتوکوت و کوونکوونەوە هاتەوە بەر ڕووناکیەکە. دارەکەی حەوادا و بە بێ ئەوەی سەیری کەس بکات، دەم بەجنێو، چوو بۆ لای کوانووە بەردەکە، شەمچەی نا بە پووشەوە و ئاگری داگیرساند.

**بەندی دووەم**

ڤێتەرنەر پیاوێکی باش بوو. خۆشبین و دەم بەخەندە، زۆریش خەڵک خۆشەویست. پزیشکی کوشتارگەی شاری سەبزەوار بوو. بە ڕووی خۆشەوە گوڵمحەمەدی وەرگرت و بە جیبێکی کرێ، لە جیبە جەنگیەکان کەوتبوویە ڕێ. گوڵمحەمەد بە سواری ئەسپ و دکتۆر بە سواری جیب، گەیشتبوون.

دکتۆری ئاژەڵ یەک دوو سەر مەڕ و بزنی پشکنی بوو و ئەوا لە سەر باریکە جۆگەکە دەستی ئەشۆرد و ئەیویست بگەڕێتەوە. جەخار لە ڕوخساری دوور نەئەکەوتەوە. دەنگیشی نیشانەی هاودەردی پێوە دیاربوو. غەمی بۆ ئەخواردن کە نەیتوانیوە دەشتەکیە ناچارەکان یاریدە بدات. لە هەموو سەردەمێکدا مرۆڤیچاک پەیدا ئەبێ. بەڵام لەو ساڵانەدا، ئەو ڕۆژگارەی سەربردەکەی ئێمە ڕوو ئەدا، لەو خەڵکە باشە زیاتریش پەیدا ئەبوو. چاوی چاودێر دەرفەتی چاکە کردنی خەڵکی لەگەڵ خۆی هێشتا لێوەرنەگرتبوون. هەر وەها چاکەش تاوان نەبوو. کرداری نیک، جەربەزەی ئەوێ. ئەو سەردەمە هێشتا ئەم بوێرییە پیرۆزە تێک نەشکابوو؛ هەر چەندە زۆر پابەرجایش نەبوو. کە وا بوو پزیشکەکەی ئێمەش ئەیتوانی بە ئەندازەی توانا و زانایی خۆی لەگەڵ خەڵکیدا

قسەبکا و یارمەتیان بدات.

توانای ئەو پیاوە دڵسۆزە کە بەهەموو دڵیەوە ئەژیا، لەمەدابوو، مەڕەکان بپشکنێ و مزی کارەکەی لە کابرای نەدار وەرنەگرێ. زانایەکەشی لەوەدا بوو درۆی لەگەڵ نەکا. وریای بکاتەوە لە بەرامبەر نسکۆکەدا خۆی ڕابگرێ و بەپێی توانا ڕێگە و شوێنی پیشان بدات. دەستی شۆرد و لە سەر جۆگەکە هەڵسا. کەمەری پانتۆڵە هەر اوەکەی کە زۆرجار دائەکەوت، هەڵکێشا، قژە نەرم و خزەکەی لە ناوچاوی لادا و وتی:

ـ برام، قسەی سەرەتا و کۆتایی ئەمەیە کە پەزەکانی ئێوە ئەبێ دەرزییان لێبدرێ. هەر هەموویان، سەرجەم. ساخ و نەخۆش. هەندێ لە مەڕەکان تۆزێ باشترن. درەنگتر تیا ئەچن. بەڵام هەر چی چۆن بێ نەخۆشی ئەوانیش بەچۆکا ئەهێنێ. نەخۆشیەکە زۆر دڕە. زۆر بە هێزە. بە زووترین کات ئەبێ دەست پێ بکەن. کارێک لەدەس من بێ ئەوەیە کە پێتان بڵێم، چارەی ئەمەیە. کارێکیترم لەدەس نایەت. من یەک کەسم و ئەزانم پەزەکان دەردیانچییە. بەڵام هیچ کارێک کە پەزەکەتان چاک بکاتەوە لە دەس من نایەت. دەرزی و دەرزی وەشێنی ئەوێ. ئێوە ئەبێ داوای یارمەتی لە حکوومەت بکەن. ئەبێ زووتر بچن بە دوای ئەمکارەدا. درەنگ ئەبێ ها! ڕەنگە پێویست بکات بچن بۆ مەشهەد. چونکە سەبزەوار و نەیشاپوور و ئەسفەراین، لە ڕوانگەی دەرمان و پزیشکەوە وەکوو یەکن. کێماسیان هەیە. چەندە زووتر، چەندە زووتر باشتر. ئەگینا سەر و ماڵتان تیائەچێ! چارەکەی ئەمەیە و من ئەڕۆم!

ئەمەی وت و جانتا گەورە کۆنەکەی لە سەبراو وەرگرت. جارێکیتر قژەکەی لە ناوچاوی لادا و چوو بۆ لای جیبەکە. کەلمیشیەکان ئەتوت هێشتا باوەڕیان نەکردووە. بە حەپەساوی چاویان بڕبوویە دوکتۆرەکە و بە بێ ئەڤان بە دوایدا ئەڕۆیشتن. گوڵمحەمەد، لەپێش ئەوانیترەوە و شان

بە شانی دوکتۆر ئەڕۆیشت. گەیشتنە لای ترۆمبێلەکە. دوکتۆر دەرگاکەی کردەوە و پێش ئەوەی سوار ببێ، جانتاکەی لە پشت کووشنەکە دانا و گەڕایەوە بۆ مالاوایی دەستی بۆ درێژکردن. گوڵمحەمەد دەستی دوکتۆری لە ناو هەر دوو دەستیدا گرت، توونند گوشای و سەر و شانی تۆزێ چەماندەوە بە سەر دەستیدا. پەنجەی ئاماژەی برد بۆ لای لێو و بڕۆی و کشایەوە بۆ ئەوەی جیبەکە بکەوێتەڕێ. ماشین نەڕاندی و گوڵمحەمەد جارێکیتریش کلاوەکەی بۆ دوکتۆر ڕاوەشاند و لە ناو تۆزی پاش ترۆمبێلەکەدا بەتەنها مایەوە. ترۆمبێل دوور کەوتەوە و گوڵمحەمەد گەڕایەوە بەرەو لای پیاوەکان کە هێشتا لە سەر بەرزاییەکە ڕاوەستابوون. بە ئارامی و سەری داخراوەوە چوو بۆ لایان.

روخساری پیاوانی میشکاڵی پەرێشان بوو. گرێیەکی کوێر بە ناوچاوی هەر کامیانەوە. شەقاری لۆچەکان قوڵتر ببوو و چاوەکانیان ترسێکی مەزنی تێخزابوو. کەمتر سەیری یەکدیان ئەکرد. ئەوەی ئەبوا لەوی ترەوە تێیبگەن، لە خۆیاندا ئەبینی، لەخۆیاندا تێیئەگەیشتن. ئاڵۆزییەکی یەکگر لە کاریان کەوتبوو. بارانی بەلا. گوڵمحەمەد گەیشتە لایان. بێدەنگی هەموویانی داگرتبوو. هیچکەس هیچی نەبوو بیڵێ. دەردەکەت کە زانی، قسە ئیتر بەکاری چیت دێ؟ کار بەکارە. ڕێگە ڕوونە و ڕۆیشتنی ئەوێ. باشتر وایە دەم نەیەتە دوو. ئارام. بەلام لە دەمی ئەم گازە چۆن خۆیان دەرباز بکەن؟ گیانی خۆیان لەم بەندە ئەبێ ڕزگار بکەن. ئاڵۆز بوو. ونبوونێکی ئاڵۆسکاو. هەر کامە بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی، ڕووداوەکە و خۆیان و ئەنجامەکەی هەڵئەسەنگاند و؛ هەر کامە و بەجۆرێک پەرێشانی و پەشێوی و هەوڵی لە خۆیدا ئەبینی.

سەبراو، بالا بەرز و کشاو، ئارام و بێدەنگ، لە لایەکەوە وەستابوو و خۆی دابوو بە سەر داردەستەکەیدا و سەیری خاکی

ماندووی نیوەڕۆی ئەکرد. کەمتر لەوانیدی پرێشانبوو. ڕەنگە -نەء، بە دڵنیاییەوە- لە بەر ئەوەی کە لە هەموان نادارتر بوو. چەند سەر بزن و مەڕ و دارێکی شوانی. سەیری لاقەکانی خۆی کە ئەکرد وای لێک ئەدایەوە هێشتاش هێزێکی بەردەوامیان تێدایە و ئەتوانن چاڵ و چەوێڵی ئەو عەرزە تێپەڕێنن. سەیری دەمی خۆی و ژنەکەی ئەکرد و بیری ئەکردەوە ڕۆژی چوار پاروو نانیان بەسە. بیری لە داراییەکەی کە ئەکردەوە، کۆڵێک زیاتر نەبوو و هەتا مردن ئەیتوانی بە کۆڵیەوە بێ و بیگێڕێ. ئەوەی کە بانی نەبێ، بەفریش لە بانی نانیشێ. بەڵام ئەوەش هەیە کە ڕووخانی ماڵی دراوسێ هێلانەی تۆش ئەلەرزێنێ. بۆیە تۆش هەر پەرێشانی. بەڵام نەک بەو ئەندازەیەی لە بن خشت وخۆڵی ماڵەکەتدا، لە ژێر دار و پەردووی ڕووخاودا لە تەنگانە کەوتبێتی. تۆ بانت نییە سەبراو، ترسیشت نەبێ.

خانئاپۆ، وەک کۆتەدار، لە سەر عەرزەکە دانیشتبوو و ڕەگی گیایەکی لە بن ددانە تۆکمە و سپیەکانیدا ئەجاوی. ئەیجاوی و تفی ئەکردەوە. چاوەکانی دوو جامی خوێن. چی ئەبێ؟ چی ڕوو ئەدا؟ هەر چی بێ و هەر چی بوایەت، خانئاپۆ باوەڕی بە خۆی هەبوو کە بەرگەی مایەپووچبون ناگرێ. لاوازیی ئەبوا هەزار جار لە بەر پێدا کرنۆش بەرێ. بێ توانایی لەوە بێ بایەختر بوو بتوانێ چنگ لە گیانی بەردینیخانئاپۆ وەردا: بڵێ با ون بێ ئەم دڵشکاوییە! جێی تۆ نییە گیانی من، ئەی ناڵینی ژنانە. دوور بە لە من! دوور لە من ڕاوەستە. خەنجەرێکت ئەگەر پێیە لە چاومی دە؛ بەڵام ئەگەر سێبەرێکی ژاکاوی ون بە و بچۆ بۆ گۆڕستان. خانەی دڵی خانئاپۆ مەیدانی تاودانی خوێنە. کوفارە ئەکا هاوار لەناخمەوە. دەبا خاک ژێرە و ژوور بێ. باهۆز با هەڵسێ. لە هەر چاوێکمدا خەنجەرێکم هەیە، ئاخ... دنیام گاوە!

توورەیی، گیانی کابرای قەپچڕ ئەکرد. ددانی لە چیرەوە

ئەهێنا و ئەی نەڕاند. ئەم توولە مارەی سەر خاکی سووتاو. برووسکەی خەنجەرێک بیری ئەهەژاند لە جۆرابی، کێرد لە بەر پشتێنی دەرکێشی و بکەوێتە گیانی پەزەکان -جەلـلاد، جەلـلاد!- هەموو ئەو مەڕ و بزنانەی داخی خانئاپۆیان بە گوێوەیە، بکوتێ بە عەرزا، سەریان ببڕێ و کەوڵیان بکات. خوێن! جۆگەلەی خوێن بخاتە ڕێ. کوفارەی خوێن لە چاوی هەتاودا. دەشت با یەکسەر خوێن هەڵیگرێ. دەرووی کەلیدەر خوێنی لێ ئەتکێ.

چاوەکانی پیاو تەڕ ببوون. دووکەڵی غەمی پەنگخواردووی دەروون. نیگای پەزەکان. نیگای خامۆشی پەزەکان. نیگای بێتاوان:

«شیرم پێدای.»

ــ شیرت پێدام.

«خوری و بەرگم پێدای.»

ــ خوری و بەرگت پێ دام.

«نان و کەرەم پێ دای.»

ــ نان و کەرەت پێدام. پێت دام. پێت دام. بۆچی وا سەیرم ئەکەی گوڵەکەم؟ ئەتەوێ بم سووتێنی؟ ئاخ... زمان بەستراو چیت بۆ بکەم؟

«مەمکوژە، باوکم. مەمکوژە!»

ــ ناتکوژم سۆمای چاوم، نات کوژم. بەس نیگام مەکە. نیگام مەکە، گریان ئەمگرێ. گریان ئەمگرێ. سەیرم مەکە!

«هەموو ڕۆیشتن، ڕابە!»

هەموو ڕۆیشتبوون. ڕابوو. برژانگە تەڕەکانی بە لەپی دەس وەکو پارچە گوونیەیەکی کۆن، سڕی. ڕۆیشتبوون. پیاوەکانی میشکاڵی چوو بوون بۆ لای ئەو کوتە خێوەتەی هەڵیاندابوو.

دوور لە یەک و هاموتا ڕۆیشتبوون. دەنگیان بڵیند بوو. باوکی ئەیوت:

ــ ئەمەش پەز، کاکە گوڵمحەمەد! دیسانیش کەللە

ڕەقی بکە و ئەو قسەی بە پێی ئەزموون و ئاوەز بۆتی ئەکەم لە گوێی مەگرە و لە وەڵامدا شان هەڵتەکێنە. بڵێ ناتوانم وەکوو پێرێژن قن بە سەر عەرزا بخشێنم و قژی سەری کەچەڵ بڕنمەوە. وەرە! سەیرکە، ئەمەش ماڵی با! بەستراوە بە بایەکەوە. ئەگەر نەخۆشی هەموویانی هەڵگرت و بردنی، خۆت بە چییەوە بەند ئەکەی؟ بە بای بیابانەوە؟! ها، کوێت هەیە لە سەری بوەستی؟ هەوا؟ لە سەر هەوا ئەوەستی؟ چی ئەخۆی؟ خۆڵ؟

لە سێبەری ڕەشماڵەکەدا، کەلمیشی لە سەر عەرز دانیشتبوو. سەبراو لە لایەکەوە وەستابوو و سێبەرە درێژەکەی کەوتبوویە سەر عەرز. بەگمحەمەد دەستی برد بۆ کوننەی ئاوەکە و گوڵمحەمەد لای باوکیەوە ماوە. بێ زمان بوو. خامۆش و لە ناو خۆیدا. ئەیتوانی تێبگات کە کەلمیشی، پیاوی پسپۆڕی شاخ و بیابان، گەنجینەی تاقیکردنەوەی پەز و شوانی، چی ئەڵێت و ئاخی لە کوێوە بەرز ئەبێتەوە. کۆتەرەی سووتاوە ئەم دووکەڵەی بەرزەوە بووە و هەر وشەیەکی سەمەندەرێکە لە سەر ئاگری دڵی خۆی. پارچەیەکی جەرگیەتی هەر وشەیەکی. داراییە بێ باییەکەی، مەڕەکان، یەکە یەکە لە بەر چاویا تیا ئەچوون و پیرەمێرد بەس ئەیتوانی سەیریان بکا و ددانەکانی لە کێڕەوە بهێنێ و فرمێسکەکانی لە پەنای چاویەوە بە سەر دڵیا ببارێنێ، با بۆ دەرەوە ڕێ دەرنەکەن.

گوڵمحەمەد ئەوەی ئەزانی، کاتێکە ئاگر ئەکەوێتە ڕەشماڵێکەوە، هەر چەند وردەکان زیاتر شین وگریان ئەکەن، بەڵام خودانی ڕەشماڵەکە، ئەو کەسەی کە تەمەن و گیانی لە تان و پۆی ڕەشماڵەکەدا چنراوە، هەر چەندە خامۆش و بێ خرۆشە، بەڵام دەرد و ژانی بێسنوورە. وردیلەکان ئارام ئەگرن. بەڵام خودانی ڕەشماڵ، ئازارەکەی بە گیانی چەشتوە، بردوویەتە ناخیەوە و لە کونجی دڵیا داڵدەی داوە؛ کێچووزانێ،

بەڵکوو ڕۆژێک، ڕۆژگارێک بە نەڕڕەیەک، بە فرمێسکێک، بە خرۆشێکی شادی ئامێز، لە ناو دڵی دەری بکات. گوڵمحەمەد بار و ڕۆژی باوکی ئەزانی. کەلمیشی پیاوێک بوو ئارام ئارام، خەریک بوو لە خۆڵەمێشی خۆی ئەنیشت و لێی ڕۆئەچوو. ئەبێ بە نەرمی لەگەڵی بدوێ. بە میهرەبانی لە لایەوە دابنیشێ و چاوەکانی -ئەگەر بکرێ- دابخات و بۆ کردنەوەی گرێی ئەو گرفتە، پەنجەکانی بخاتە کار. بۆ دڵی سووتاوی، ئەبێ مەڵهەم بێ نەکوو نەشتەر. دژوارترین پیاوەکانیش لە سۆز و میهرەبانی بێنیاز نین. بۆیەشە کە زۆر جاران نابێ شاخ لە شاخیان بگیرێنێ. ئەم گا بریندارانە، پێویستیان بە پەنجەی نەرم و نیان هەیە ناوچەوانیان بخورێنێ و؛ لێوی ئەوێ نەوایەکی نەرم بەبن گوێیاندا بخوێنێ. گوڵمحەمەد لە لای باوکیەوە دانیشت و گوێی لێگرت و پاشان بە ئاشتی وتی:

ــ کێ ئەڵێ قسەکانی تۆ بێ جێیە بابە گیان؟! ئێمەش ئەگەر قسەیەک ئەکەین، هەر ئەوانەیە کە لە تۆمان بیستووە. یان لەو کارانەوە فێربووین کە تۆ کردووتە. کارەکانی ئێمە و قسەکانمان خۆ «خۆ بە خۆ» نین. لە خۆشمان خۆ نەکەوتووین بە ڕەقدا! تۆ ئەڵێی کشتوکاڵ، دەی خۆ ئەمە شتێکی خراپ نییە. بەڵام چۆناوچۆن؟ مەگەر من ڕقم لێیە تۆوێک بچێنم و حەفتا هەڵگرمەوە؟ بەڵام لە کوێ؟ لە کامە زەویی؟ بە کامە ئاو؟ بەڵام پیاوی ژێر خۆ گەنمی -بەرەکەتی خودا- فڕێ ناداتە سەر هەر عەرزێک و پاشانیش وەکوو کوندەبەبوو لە سەر کەلاوەی ماڵەکەی بەکزی دابنیشێ و چاو ببڕێتە هەورە وشک و بەتاڵەکان. ئەوەتانێ خۆت ئەیبینی، ئەو ئاسمانە پەنگی پێ داوین. ئەگەر دوو ساڵان بە دوای یەکدا وشکەساڵی نەبوایە، خۆ ئێمە ئەو مشتومڕەمان پێکەوە نەبوو! ئاسمان ئەگەر ڕژدی نەنواندایە، دەشت و بیابان خۆ بە مجۆرە وشک و بەتاڵ نەئەبوو! دیارە ڕاست بۆ چەپی لەوەڕ و گیا ئەبوو و گوانی

مەڕەکانی ئێمەش پڕ لە شیر ئەبوو و هەر کامەشیان بەقەد بێژەنگێک دونگ بە قنیانەوە شەکەی ئەهات. نەک نەخۆشی بکەوێتە ناویان و یەکەیەکە لە بەر چاوماندا گیانیان دەربچێ! باشە، گیرام لە بری مەڕدار، دێمەکار بوایەتین؛ ئەوسا چی؟ خوا لە ئاسمانەوە گەنمی بۆ دائەباراندین؟ یەکیمان بینی! دە پازدە ڕۆژ لە سەر ئەوخاکە داخە خزاین، کۆتاییەکەی چەن مەن گەنممان دەسکەوت؟ یان ئەو هەمووە دێمەکارانەیتر! مەگەر نایان بینی؟ دەرپێ لە پێی هیچیاندا نییە. هەموویان لە ئێمە قن ڕووتترن. زستانی ئەمساڵ ئەبێ کڵۆ قوڕی خانوەکانیان بخۆن. یان ـئەگەر دەستیان بکەوێـ وێنجە بجاون! بۆ ئێمە لانیکەم هیوای ئەوە هەیە چوار بزنە شەلمان بۆ بمێنێتەوە کە سەریان ببڕین، ئێسکەکانیان بخۆین و خۆمان لە زستان دەرباز بکەین و بگەیەنینە نەورۆز، بەڵام ئەوان چی؟ ئاغەکانیان ئەگەر جۆیان بە دوو بایی پێ نەفرۆشن، یان ئەبێ سەربنێنەوە و بمرن یان... چووزانم؟ بیستم لە ناو شاری سەبزەوار، ئاغایەک بە هەللاجێک، کە دە مناڵی هەیە، وتوویەتی ئەمساڵ لەو ساڵانەیە، لە زستاندا ئەبێ یەکە یەکە مناڵەکانی سەرببڕێ و بیدا بەوانیتر بیخۆن. سەیر ئەکەی؟ کاروباری کاسبکارانیش لە ئێمە باشتر نییە. دێمەکارانیش هەر وەها. وای لێهاتووە ئیتر. جا کەوایە ئەبێ چی بکەین؟ نابێ خۆ پرسەخانە بکەینەوە و چۆکی غەم بگرینە باوەش! پێت وایە ئەبێ دیق بە خۆمان بکەین؟ ئەویش پێش لە پەزەکەمان؟ خۆ هەموو ڕێگاکانمان لێ دانەخراوە! تۆ ئەڵێی خۆڵیان کردۆتە کانی ڕسقمانەوە؟ هەر چۆن بووە دەروویەک بۆ خۆمان هەر ئەکەینەوە! ئەگەر هات و ڕێگەش هەر نەبوو، وشکە دڕک و گەون ئەخۆین، بەڵام غەمی لێ‌ناخۆین!

کەلمیشی ئارام ببوو. بەڵام وشەی لە بەستێنی پەژارەدا ئەلەزرا. زیخ و چەوی بنی ڕووبار. نەرم و بە گلەیی:

ــ کامە دەروو کوڕم؟ قسەی حەکیمەکەت خۆ گوێ لێبوو؟ ئێمە لە کوێ زۆرمان پێ ئەشکێ بچین پیاوی دەوڵەت ڕاکێش کەین بۆ ئەم بیابانە، دەرزی لە مەڕەکانمان بدەن؟ بێکارن مەگەر یان دڵیان بۆ ئێمە مانان سووتاوە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بۆچی بە زۆر؟ هەموو کارێک خۆ بە زۆر نابێ! تکا و داوا ئەکەین. ئێمەش هەر چی بێ بەشێکین لەم خاکە. تا ئەو کاتەی کە نەڕۆیشتووین و تکامان لێ نەکردوون، بۆچی وای دابنێین کە ئەوان نایەن؟ من گەنجێتی خۆم خۆ بە خۆڕایی لە سەربازیدا تێپەڕ نەکردووە. سینەم دایە بەر گوللە و لە سەرمای گورگ کوژی ئازەربایجان بە سینگە خشکە ئەڕۆیشتم، بۆ ئەم ڕۆژانە بوو. بۆ گیانی من گەلاچۆنەر بووە، فڕێی دەمە سەر ڕێ؟ هەزار گوللە بەبن گوێمدا ویزەی کردووە و ئەگەر تاقە یەکێکیان بیدایە لە ناوچاوم کێ ئەیزانی ئێسکەکانم لە کام قووڵکە فڕێ درابوو؟ لە ژێر بەفرەکانی ئەوپەڕی وڵاتدا! کێ قەرانێک خوێنبایی منی ئەدا بە تۆ؟ هیچکەس. پێویستیش نەبوو! چونکە هی ئەم وڵاتە بووم و خوێنیشم لەم وڵاتە ڕژابوو. ئێستەش کە زیندووم مافی خۆمە بچم بۆ بەردەمی بەڕێوەبەری فلانە فەرمانگە، سینگم دەرپەڕێنم و بڵێم: «ئەزبەنی، ئەو ڕۆژانە من بووم سینەم نا بە سینەی گوللەوە و ئێستەش هەر منم سینەم ناوە بە سینەی تۆوە و داوای مافی خۆم ئەکەم. پەزەکەمان خەریکە لە دەستمان دەرئەچێ، لە ناو ئەچێ. ئێستەش نۆرەی ئێوەیە -بەڕێزان- دەستمان بگرن. ئێمە سەرمان لە ڕێی ئێوەدا داناوە.» تۆ پێت وایە چ وەڵامێکم ئەدەنەوە؟ «من بۆ ئەوەی ئێوە بتوانن بە ئاسوودەیی بخەون، پۆل پۆل مرۆڤم کوشتوە. نیشانە پێکی نمرە یەک بووم. عەدەد ڕەشاشتان بووم. لەو کێوانە، لە ناو بەفر و سەهۆڵ، گۆشتی هێسترم خواردووە و

ئێستەش ئێوە ئەڵێن: نا؟»

پیرەمێرد بێدەنگ بوو و بەگوێ بوو. نەی ئەویست خەیاڵی هومێدەوار و خرۆشاوی جگەرگۆشەکەی تێک بڕێژێ. ئەوانیکەش هەر وا بوون. خانئاپۆ، لەسەرعەرزەکە دانیشتبوو و بە ستایشەوە چاوی لە دەمی برازاکەی بڕیبوو. ئەتوت گوڵ لە لێوی ئەوەرێ. بەگمحەمەد و سەبراویش هەر وا سەیری گوڵمحەمەدیان ئەکرد، هەموو بە ستایشەوە. بوێری و جەنگ. ئەمەیە لووتکەی بەرز بوونەوەی پیاو، لە چاوی پیاودا. پیاوەکانمان ویژدانێکی شەڕاژۆیان هەبوو و باوی دڵیان: دلاوەریی لە جەنگدا. بۆ ئەبێ ستایشی گوڵمحەمەد نەکەن؟

کەلمیشی درێژەی بە قسەکانی کوڕەکەیدا:

ــ نەک تۆ. ئێمەش ئەمکارەمان کردووە. باوباپیریشمان ئەو کارەیان کردووە. هەر کەس لە جێیخۆی و بەپێی توانای. تۆ پێت وایە ئێمە بۆ چی لەم ناوە ئەژین؟ تەرەیان کردووین و بۆ شەڕ لە دژی ئەوغان و تورکمان و تەتەر ناردوومانیانە بۆ ئەمسەری وڵات. ئێمە هەمیشە شمشێر و سپەری ئەم سەرزەمینە بووین. سینگمان ئاشنای گوللە بووە، بەڵام تا ئەوکاتەی، کە بە کاریان هاتووین و ئامادە بووین گیانمان بدەین و خوێنمان بکەین بە فیدایان. پاشانیش کە حکومەت سوار بووە، ئێمەیان لە بیر چۆتەوە و گەڕاوینەتەوە بۆ شەڕ لەگەڵ خۆمان و گیر و گرفتەکانمان. کاری ئەمڕۆ و دوێنێ نییە. ئێمە لەگەڵ نادرشا جەنگمان کردووە، هاوپێی ئەو تا هیند ئەسپمان ئاژووتووە. چووزانم، چەند سەد ساڵ لەمەوبەر کە شا عەباس ئێمەی ئاوارە کرد و هێنامانی بۆ ئێرە یەکیشی بۆ ئەوە بوو بە سینەی پیاوانی مە لە بەردەم تەتەرەکان دیوار بکێشێ. ئێمەی لە بەر گوللە تۆپی عوسمانیەکان هەڵگرت و لێرە لە بەر نووکی شمشێری تەتەرەکان دامانی نا. فیدایی بووین ئێمە هەمیشە. شمشێری هێرش یەکەمجار سینەی ئێمەی شەقار کردووە.

بەڵام باریش کە ئەبوو بە بار، هەر کەسە لە سەر تەختی خۆی دائەنیشت و ئێمە ئەماینەوە بەم چوار بزن و بیابانە وشک و برینگانەوە. هەوری بۆش و ئەو خانانەی هەر کامەیان وەک ئەژدیها خۆی داوە بە سەر زەوییە دزراوەکاندا و بە نرخی خوێنی باوکیان پارەی ئاو و لەوەڕگەمان لێ وەربگرن. بەڵام تۆ هێشتا گەنجی و خاوی و ناتەوێ گوێ بگری کە ئێمە هەمیشە بار بووین بە سەر ورگی ئەم وڵاتەوە. ئازووقە! خوراوین ئێمە. وەک ئەو قۆزاخەی زستانان ئەیکەنە بەر پەز بۆ ئەوەی لە وشکەساڵی دەربازی بکەن. قۆزاخە! هەر کات و ساڵەی تەنگ بووە، ئێمەیان ڕژاندوەتە ئاخوڕەکان. پاشان بووین بە چی؟ خەوش و خاڵ! بۆیە ئەڵێم ئەبێ خۆمان بدەین بە سەر عەرزدا و ڕیشە لە خاک بچەقێنین و بەهێزببین. نرخی گەنم و جۆ ساڵ بە ساڵ ئەچێتە سەرەوە. ئێمە ئەبێ کارێک بکەین ئازووقەی خۆمان و ڕانەکەمان لە دڵی زەوی دەربکێشین. ئەگەر جگە لەمە بێ سەرانسەری ساڵ ئەبێ هەڵێن، بەروبووم کۆ کەینەوە و کۆتایی ساڵ دوودەستی بیدەین بە بازرگان یان چەرچی و سووخۆر، وەکوو ئەم بابقولییەی لەمەڕ خۆمان.

پیرەمێرد ئەتوت لە ڕقا بەو جۆرە قسەکەی کۆتایی پێ هێنا :

ـ لەمڕۆشەوە من خۆم نە بە بەشدار و نە بە کاردار ئەزانم. وەکوو یەکێک لە ئێوە، بەس کار ئەکەم. کارێکم بۆ دیاری بکەن با بیکەم. برای گەورەت وا لە زیندان، کە وا بوو کارەکان بە تۆ ئەسپێرم. خۆت ئەزانی چۆنی ئەکەی!

گوڵمحەمەد هەڵسا، شەرواڵەکەی تەکاند و وتی:

ـ منیش هەر چیم هەیە خەرجی ئەکەم بەڵکوو پەزەکان بگەیەنمە نەورۆز. ئەگەر پێویست بکا گیانیشم بخەمە سەری درێخی ناکەم.

کەلمیشی جارێکیتر وتی:

ــ ئەوەیان ئیتر خۆت ئەیزانی!
خانئاپۆ هەر وا دانیشتبوو. گوڵمحەمەد چوو بۆ لای براکەی و هەر دووکیان کەوتنەڕێ. حەزی ئەکرد لە سووچێکا دابنیشێ و خوری بڕێسێ. خەریکە ترسنۆکی لێ دەرئەچێ.
گوڵمحەمەد، بەجۆرێک کە لە بەر براکەی گران نەبێ پێی وت:
ــ قوربانت بم نەکاقسەی وابکەی تووڕە ببێ، ئاگات لە خۆت بێ لە پڕ سەر نەخەیتە سەری! ئەم بنەماڵەیە بەوەوە ڕەشماڵی ڕاوەستاوە. ئەو هەقی خۆیەتی دڵی بۆیان بسووتێ. ئەو دڵی بۆ هەموومان ئەسووتێنێ. ئەو پەژارەی هەموانیەتی، تێگەیشتی؟
بەگمحەمەد وتی:
ــ جا من چیم لێداوە؟ هەر ئەوەندە ئەزانم پەز نەخۆشیش ئەکەوێ. بەڵام هەر هەمووی تیاناچێ. جا خۆ ئەگەر وابێ هەموو پەزەکانی خوراسان ئەمساڵ ئەبێ تیا بچن. ئەم نەخۆشینە خۆ تازە نییە! لە سەرەتای دنیاوە لەگەڵ پەز بووە، ئێستەش هەیە و پاشانیش هەر ئەبێ. وەک بای چلە دێت و ئەڕوا و سەد پەزیش لەگەڵ خۆی ئەبا. دێویش بێ ناتوانێ هەموویان تەخت بکات. ئەگەر وا بوایە مەڕ و بزن ئەبوا تۆویان ببڕدرایەت. نەء. نەء. بە مێشکی بچکۆلانەی مندا ناچێت چی پەز هەیە لە ناوبچێت. ئەمە خەیاڵە و ئەگەر ئەترسین لە بەر ئەوەیە خۆمان ترسنۆکمان لێدەرچووە.
مەڕێک، لە قەراخ سەرچاوەی کارێزەکە لارەوە ببوو و پەلەقاژەی ئەکرد. شەکی خانئاپۆ. داخ نیشانی ئەو بە گوێیەوە بوو. گوڵمحەمەد لە لای شەکەکە وەستاو وتی:
ــ حەڵاڵی کە.
بەگمحەمەد براکەی سەیرکرد. گوڵمحەمەد وتی:
ــ مەهێڵە ئاژەڵی بێ زمان ئازار بچێژێ، حەڵاڵی کە!

بەگمحەمەد وتی:

ــ با خۆی چەقۆی لێ بنێ. دەستم تێی ناچێ. های... سەبراو؛ بە خانئاپۆ بڵێ بێتە سەر شەکەکەی. بڵێ زۆر پەرێشانە.

سەبراو هەڵات بۆ لای خانئاپۆ و دەسبەجێ هەر دووک بە هەڵاتن و بە پڕتاو گەیشتنە سەر سەری مەڕەکە. کەلمیشیش بە دوایاندا هات. ئەوا هەر پێنجیان، وەک پێنج نێزە، جەغزیان بەستبوو و سەیری ئەو شەکەیان ئەکرد لە بەر چاویاندا خەریک بوو گیانی ئەدا. ئاژەڵ بە ئارامی دەست و قاچی ڕائەوەشاند، سەری ئەدا بەعەرزدا و بە لووشەلووش، کەفی لە لووت و سووچی لێوەکانیەوە ئەچەڕاند. چاوەکانی ببوون بە شووشە و بە سمەکانی عەرزەکەی هەڵئەکۆڵی.

کەلمیشی سەیری پیاوەکانی کرد. هەموو دۆش دامابوون، پیرەمێرد نەڕاندی:

ــ بۆ ڕاوەستاون؟ یەکێکتان سەری ببڕێ. مەگەر نابینن خەریکە تیا ئەچێ؟!

پیاوەکان سەریان هەڵێنا و سەیری یەکدیان کرد. نیگاکان بێ دەوام بوو. شەکەکە هی خانئاپۆ بوو. ڕوویان لەوکرد. خانئاپۆ خۆی پێ ڕانەگیرا، ڕووی وەرگێڕا و پشت لە پیاوەکان و شەکەکە دوور کەوتەوە... کەلمیشی وڕ و گێژ دوورکەوتنەوەی براکەی سەیر کرد. چی ڕووی دابوو؟ پاشان ڕووی کردە کوڕەکانی و سەبراو؛ ئەتوت وەڵامی ئەم ڕازەی لەوان ئەوێ. گەنجەکانیش بێدەنگ و کپ بوون. پیرەمێرد بە دردۆنگیەوە لێی پرسین:

ــ چی بووە مەگەر؟ ڕۆژگار هەڵگەڕاوەتەوە؟ بەراوەژوو؟ ها؟ بۆچی سەری مەڕەکەی خۆی نەبڕی؟ یانی ناتوانێ؟ ئەو برای من بێ جەللادێکە بۆ خۆی کەچی ناتوانێ شەکێک سەر ببڕێ؟ باشە! باشە! بەڵام... ئەی ئێوە؟ وەستاون و سەیرئەکەن، حەپەساون؟ ها؟

بەگمحەمەدیش ڕووی وەرگێڕا و چوو بۆ لای مامی. کەلمیشی زیز و دەنگ شکاو وتی:

ـ خوایە! چی ڕووی داوە؟ پیاوانی میشکاڵی خەریکە لە بەڵا ئەترسن! چیان بە سەر هاتووە؟ زەلیل بوون، داد و بێداد! ئەو کێردەم بەنێ! بمدەنێ ئەو کێردە! بابێ وتم!

کێردەکە گوڵمحەمەد لە کالانی دەرهێنا و خستیە دەستی باوکیەوە. پیرەمێرد ئەلەرزی و دەم و لێوی ئەجولایەوە. نە ئەگریا، بەڵام لە سووچی چاوەکانی‌دا دڵۆپی ساردی فرمێسک قەتیسمابوو. قۆڵی هەڵکرد و چۆکی لە سەر عەرز دادا. قورقوراچکەی مەڕەکەی گرت و سەری لە خاک هەڵهێنا. لەم کاتەدا، جەستەی مەڕەکە کە جووڵەی لێبڕابوو مووچرکەیەکی پیاهات و گیانی دەر چوو. کەلمیشی شارەزای کار، ئەمەی هەست پێکرد، سەری بەرزەوە کرد. گوڵمحەمەد وەستابوو و چاوی بڕبوویە باوکی. لەولاتر سەبراو لە سەر تەپۆڵکە خۆڵێک دانیشتبوو و چاوی لە شەکە مردووەکە بوو. کەلمیشی ئەیدی و ئەرخایەن بوو کوڕەکەی و سەبراو زانیویانە کە شەکەکە گیانی دەرچووە. سەرەڕای ئەمەش خۆ نابێ پێست و ڕیخۆڵەکەی تیا بچێ. بۆیە کێردی خستە سەر ملی شەکەکە و سەری بڕی. خوێنێکی ماندوو و بێهێز لە گەرووی مەڕەکەوە ڕژایە سەر عەرز. کەلمیشی هەڵسا. دەمی کێردەکەی بە لەپی دەستی سڕی و بەرەو سەرچاوەی کارێزەکە کەوتە ڕێ. لە سەر ئاوەکە دەستەکانی شۆرد و لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

ـ خۆزگە قومێک ئاوم بکردایەت بەگەروی ئەو ئاژەڵەدا، لانیکەم!

**بەندی سێیەم**

لـە گونـدی عـەولاگیـو، لـە دەم کۆلانـی زاڵگـە، نادعـەلـی خواحافیـزی لـەو دوو جەندەرمەیـە کـرد کـە دوو ڕۆژ و دوو شـەو لەگەڵیـان گەڕابـوو و بـەرەو چوارگوێشـلـی کـەوتـە ڕێ. شـەو و دەشـت و گـرد و تـەپـە، دەسـتکـەند و بڵینـدی، هـەمـوو تێکـەڵ بەیـەک ببـوون. چاوچـرای شـەو بـەس ئەسـتێرەکان بـوون. شـەوەزەنگ. بـەڵام ئـەوەی کـە دەشـت و کێـو و ڕێگـە و لاڕێـی وەکـوو کۆلانـی خۆیـان ئەناسـێ، باکـی لـە تاریکـی شـەو نییـە. بـە چـاوی بەسـتراویشـەوە ڕێگـەی ماڵـی خـۆی ئەدۆزێتـەوە. ئەگـەر ئـەوەی بـە سـەری هاتـووە گێـژ و حۆلـی کردبـێ و ئەگـەر وڕ بـێ؛ دیسـانەوەش چ غـەم نییـە؛ چوارپێـی ژێـر ڕان، خاوەنـی خـۆی تابـن ئاخوڕەکـە ئەباتـەوە. نادعـەلـی بـەڵام، نـە ووڕ بـوو و نـە گێژوحۆل. هەڵچووبـوو. گـڕی ڕق بـوو. تـووڕە و مانـدوو و ئەتککـراو. بێتاقەت و خوێـن لەچـاو بـوو. سـەرتاپێـی ئەتـوت لـە هاڵاوێکـی داخـراوە هەڵژەنـراوە. هـاڵاوی تەنـووری بـە گـڕ. ملـۆزم و دڵگیـر و بـێ بەزەیـی. خـۆی پـێڕانەئەگیـرا. لـە جلەکانیـا جێگـەی نەئەبوویەوە. ئەسـپەندەری سـەر ئاگـر بـوو. نـاو بـە نـاو پزیسـکەیەک لـە دەروونیـەوە ئەهـات و ئـەوە زیاتـر تـووڕەی ئەکـرد. بیـری لـە هـەر کـەس و هـەر شـت ئەکـردوە؛ بـەس نەفـرەت و ڕق و بێـزاری بـوو. هـەمـوو کـەس دوژمنـی بـوو! هـەمـوو شـت دڕکـی چـاوی. دڕکـی بن

پێی. دڕکی دڵی.

قامچی ئەدا لە هەموو ئەو شتانەی لە خەیاڵیدا ئەڕوێن. مارئاگری بە دەستەوە، بەرگێکی سوور، قۆڵی هەڵکردووە، ئەسووڕێتەوە و ئەخرۆشێ و ڕائەوەشێنێ. قەمچییەک لە مار. لە مارئاگر. جەللادێک لە کوشتارگە. خوێن لە نووکی قەمچییەوە، لە نووکی پەنجەکانییەوە، لە نووکی مژۆڵەکانیەوە ئەتکێ و ئەتکێ، خوێنێکی گەش. پێستی جەستە، پێستی ڕوومەت، پێستی پۆستاڵەکانی سوورن. سووری سوور؛ گوڵی پۆپەکەڵەشێر. هەڵمێکی خەست، بە ڕەنگ و بۆنی گۆگرد لە دەمییەوە ئەهاتەدەرەوە. گڕکانێک لە سەر لووتکەی شاخێکی زەبەلاح. ددانەکانی سەربە سەر خوێناوییە و تاڵە گۆشتی کاڵ و جیڕ لە بەینیدا گیری کردووە. ئەوەتانێ هەر ئێستاکە لە خواردنی گۆشتی مرۆڤ ئاسوودە بووە، چێژی گۆشتی کاڵ هێشتاش لە سەر زمان و بن ددانیدا ماوە. ئەمە چ تامێکە؟ کێ نادعەلی خواردووە؟ نادعەلی کێی خواردووە؟

نەی ئەزانی، خۆشی هێشتا نەی ئەزانی؟ دەستەکانی هێشتا وشک و شین بوون؟ تۆزیک شینتر لە پێستی شان و قۆڵی. چ کراسێکی لە بەر نەبوو؛ چۆخەش هەر وا، چی بوون ئەو خەیاڵانەی بە تەنهایی گیریان لێهێنابوو و دەوریان گرتبوو؟ ئەم خەون و مۆتەکەیە چی بوو؟ ئەو هێشتا هیچی لێ بە سەر نەهاتووە. نابێ هیچیشی لێ هاتبێ؟ تووڕە بوو. بەس تووڕە. قەڵسی و خەفەت. بەڵام نەکا شتێکی لێهاتبێ؟ ترسێکی کپ لە دەروونیدا سەری هەڵهێنابوو. بۆچی ترس؟ ترس لە کێ؟ پەرێشان بوو. هەستی بە داماویی ئەکرد، بۆچی؟ بۆچی نەی ئەتوانی قیت و قنج لە سەر ئەسپەکەی دابنیشێ؟ ئەم ناڕەواییە بۆچی شان و پشتێنی لەق کردبوو؟ تەنانەت نەی ئەتوانی لەغاوی ئەسپەکە بە باشی بگرێ بەدەستیەوە؛ دەسکەوسار لە دەستی نادعەلی بەرەڵا ببوو و لە کەللەی

زینەکە گیری کردبوو و ئەسپی تەمەڵ و بێزار شڵپ شڵپ پێی هەڵئەگرت و جەستەی سواری وەکوو جەنگاوەرێکی بریندار لە کۆڵ نابوو. نادعەلی بە سستی خۆی چەماندەوە. تەوێڵی نایە سەرکەللەی زینەکە. پێڵوەکانی نایە سەر یەک و لە دەریایەکی تاریکی دەرووندا نوقم بوو. هەنگاوی تەپی ئەسپەکە، لەشە نووشتاوەکەی نادعەلی وەکوو تێری دانەوێڵە ڕائەشەکاند و نادعەلی هەستی ئەکرد لە لانکە یان کەژاوەیەکدا نووستووە و بەرەو شوێنێک ئەچێ، خۆشی نازانێ. ئایە یاوی کردبوو؟ بە ئێسکی عارەقاویەوە، خۆ هەڵژەندن لە ئاوی زەمهەریری کوێستان؛ ئەمە ئایە تووشی تای نەکردبوو؟!

ئەسپەکەی نادعەلی ڕێگەی بڕی. بەرز و نەوی تێپەڕاند. بە لێژاییەکەدا شۆڕ بوویەوە. لە بەر سکی قەڵای چوارگوێشلی، لە لای جۆگەلە بێ ئاوەکە لە سەر پردە ڕووخاو، لە پشت دەرگای ماڵەوە وەستا و بە قەپۆزی زنجیری دەرگاکەی ڕاوەشاند. زنجیر زرایەوە و نادعەلی دەنگی بەمی زنجیرەکەی بیست و توانی هەست بەوە بکا گەیشتوەتە ماڵەوە. بەڵام جەوان وزەی ئەوەی نەبوو سەر لە سەر زینەکە بەرزکاتەوە و خۆی ڕاستەوەکا.

دایە! دەنگی تەپەی پێی دایکی ئەهات. لە پشت دەرگاکەدا وەستا و پرسی کێیە و چی ئەوێ؟ نادعەلی ناڵاندی و شتێکی وت. ئەسپەش لووشاندی. لەتی دەرگاکە کرایەوە. ئەسپ سەری کرد بە ناو دەرگاکەدا بچێتە ژوورەوە. دایکی نادعەلی دەسبەجێ قەپۆزی ئەسپەکەی لە باوەشگرت، پاڵی پێوە نا بۆ پاشەوە. دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخست و بە پەشۆکاوی چوو بۆ لای کوڕەکەی کە هێشتاش بە سەر زینەکەدا نووشتابۆوە. یەک تۆز خافڵ بوایە ئەسپەکە ئەچووە ژوورەوە و ناوچەوانی نادعەلی ئەیدا بە لای سەرەوەی چوارچێوەی دەرگاکەدا و ئەدرا بە سەر بەردچنی حەوشەکەدا و کێ چووزانێ دەست یان شانی

نەشکایەت. بە دڗواری کوڕەکەی داگرت. ئەسپەکەش بە سەر دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورەوە. دایکی نادعەلی کوڕەکەی لە سەر سەکۆی لای دەرگاکە دانا، ئارەقەی نێوچەوانی بە لۆی لەچکەکەی سڕیەوە و لە بەر پێیدا دانیشت.

دایک نیگەرانی ئەوە بوو برین یان زەبرێک کوڕەکەی پەکخستبێ. بەڵام وانەبوو. نادعەلی دەستی گرت بە دیوارەکەوە، خۆی ڕاست کردەوە و چووە ناو حەوشە. بە تۆزێک لەرزین و خزین، خۆی گەیاندە بن بانیجەی پێش خانووەکە و لەوێ پاڵیدا بە کۆڵەکەی هەیوانەکەوە، ئانیشکی نایە سەر ئەژنۆی و داوای ئاوی کرد. دایکی بە کراسی ڕەشی ماتەمینیەوە ئاوی بۆ هێنا.

نادعەلی زەرکی ئاوەکەی نا بە سەرەوە و لە وڵامی پرسیارە بەردەوامەکانی دایکیدا وتی:

ـ هیچم پێ نەکرا. دوو ڕۆژ و دوو شەوە لە ئەسپ دانەبەزیوم. لەرز و تامە. وابزانم گرانەتام تووش بووە. لە ناوەوە لەرزم لێهاتووە. ئیسقانەکانم ئەزریکێنن. سەرم گڕی گرتووە، هەموو جەستەم سستە، چاوەکانم ئێشێ. کوتراوم. دارەتی سەگم هەیە. گیانم بە تەواوەتی خاو بۆتەوە. جێگەم بۆ ڕاخە تا سەری مەرگم بنێمەوە. چ ساڵێکی کرێت بوو ئەمساڵ! ئەم جەندەرمانەش... هەه... حەی... حەی... دڵی کێ بۆ مرۆڤ ئەسووتێ؟ هەموو چاویان لە دەستە کەی ئەچێ بە گیرفانتدا!

دایک، جێی بۆ نادعەلی ڕاخست. نادعەلی بە بێ ئەوەی خۆی ڕووت بکاتەوە، خزایە بن لێفەکە و لە کاتێکا ددانەکانی وردە وردە ئەدرا لەیک، وتی:

ـ ئەم گەڕانەی دوێنێ کۆڵەی کوتام! شەڵالی ئارەقە بووم و خۆم هاوێشتە ئاوە ساردەکەی ئەو بەندەنە. سەرما چەقییە ئێسقانەکانم، ڕەگ و ڕیشەم لەپڕ ڕچا.

دایکی نادعەلی ئەیدی کوڕەکەی وەکوو شەقشەقە ئەلەرزێ و ئەیتوانی تێبگا چی بە سەر هاتووە. لێفەکەی دا بە سەریدا و چوو بۆ پاشخان بەڵکو داودەرمانێکی بۆ پێک بێنێ. پاش تاوێک بە کترییەک گیای کوڵێنراو و پیاڵەیەک و چەند پارچە نەباتەوە هاتەوە و لای سەری نادعەلیەوە دانیشت. ئارەقەی بن گوێچکە و ملی کوڕەکەی سڕییەوە و چرپاندی بە گوێیدا:

ـ ئەم خوێنەی ڕژا بەسمانە کوڕم. جگە لە تۆ کەس شک نابەم. باوکیشت تەنها تۆی بۆ بەجێ هێشتم و ڕۆیشت. زمانم لاڵ، حەوت قورئان لە بەینا بێ، ئەگەر شەوێک، نیوەشەوێک گوللەیەک لە تاریکیەوە بێت و بچزێ بە سینەتدا و ئەسپەکەت بە بێ تۆ بگەڕێتەوە، من چ قوڕێک بکەم بە سەرمدا؟ ماڵمان کاول و منیش ڕۆژە ڕەش ئەبم. ئیتر هیچکەس و هیچ شتێکم بۆ نامێنێتەوە. ئەبێ دار و نەدارم بەخۆڕایی بفرۆشم و ڕەش لە بەر بکەم. لە سەر گۆڕەکەت ئەژنۆم بشکێت و هەتا ماوم ئەسرین بڕێژم. بەزەیت بە مندا بێتەوە نادعەلی! ئەوەی باوکتی کوشت، خۆشی لەم دنیایە خۆشی نابینێ. جوانەمەرگ ئەبێ. ڕۆژێک بە سزای خۆی ئەگات. من و تۆ کەسمان نیە. خاڵت بابقولیش لە خۆی زیاتر فریای کەس ناکەوێ. کەی توانیویەتی لە ئێمە بپرسێ! لەگەڵ باوکت کێرد و پەنیر بوون. ئەوەتا تۆ ماویت و من. تۆ ئەبێ بیر لە کشتوکاڵ و کار بکەیتەوە. وەرزی چاندن ئەوەتا دوو ڕۆژی ماوە. ئەبێ زەوی بکێڵی. ئەبێ لە بیری تۆو دابیت. ئەمانە کاریان ئەوێ. پەز. ئەبێ لە بیری پەزەکاندا بی. باوکت تەمەنێکی لە پێناویاندا براندەوە. خۆ هەمووی بە میراتی پێی نەبڕابوو! ئەڵێن نەخۆشی کەوتوەتە ناو پەزەکان. گیا نەماوە و کەوتوونەتە وشکەخواردن. نەخۆشینیش بەهێز بووە. ئەبێ بیرێکی لێ بکەیتەوە. ئەبێ خۆت بچی بۆ ڕان. ئەبێ ئاگات لە کارەکانت بێ. ناتوانی بەس پشت بە شوان ببستی!

هەموو ساڵێک ئەم کاتانە ئازووخەی پەزەکان لە هەمار بوو. سەمی ئاژەڵ خاوێن بوو؛ بەڵام ئەمساڵ تۆ کارەکانت جێ هێشتووە و بە ڕێگەیەکدا ئەڕۆیت، ئەنجامەکەی لەوەی هەیە خراپتر ئەبێ. بۆچی تاوێک لای خۆت بیر ناکەیتەوە؟ کوڕەکەم، نادعەلی گیانم مەگەر ئاوەزت لە دەس داوە؟... هەڵسە... هەڵسە ئەم پیاڵە گیا کوڵیوە بخۆرەوە بەڵکوو ئێسکەکانت ئارام بگرن. تامی چای هەیە، هەڵسە!

نادعەلی تۆزێ بەرز بوویەوە. ئانیشکی نایە سەر بالیفەکە و پیاڵە دەرمانەکەی هەڵقووڕاند. ڕوخساری تێک چوو، چاوەکانی تەنگ بوونەوە و مووچرکەیک بە لەشیدا هات؛ شانی ڕاوەشاند و پاشماوەی ناخۆشی دەرمانەکەی تفکردەوە، تەڕایی سووچی چاوەکانی بە سەردەستی کراسەکەی سڕییەوە. ئانیشکی هەڵگرت و درا بە سەر بالیفەکەدا و وتی:

ـ ئەم بێگارییە خوو و ڕەوشتی منی گۆڕیوە: بووم بە ناسکۆڵە خاتوون؛ ئەگینا پێشتر کەی بە مەلە کردن لە ئاوی سارددا وام لێ بە سەر ئەهات؟ ڕەوشتی خۆمم لە بیر چووەتەوە. نازانم چۆن بژیم؟ تەنها شتێکە سەربازی فێری کردم، نەک فێرم بکات شارەزاتری کردم تیایدا، هەر ئەم تەقە کردنە بوو. بەڵام دەستم بشکێ کە نەمتوانی چواریان لە سەر ئەسپەوە هەڵدەمە خوارەوە. یەکم خست، ئەویش نیوە ناتەواو. شەو بوو. هەوا تاریک بوو. بەڵام منی کوێربوو ئەبوا بمتوانیبا بە دەنگی سمی ئەسپەکاندا شوێنیان دیاری بکەم و نیشانەیان لێبگرم. ئەم دەستانەم بشکایەت باشتر بوو! کوێر بوونایە ئەم چاوانەم!

ئەم قسانە، نادعەلی بە سرتە، پەرێشان و یاوکردوو قڵپی ئەکردەوە؛ دایکی بە سۆز و ئازارەوە ئەی بیست و لە پشت چاوەکانیدا فرمێسکی ئەڕشت. تازە ئەیزانی ئەوەی بە گوێی کوڕەکەیدا داوە، نادعەلی نەی بیستووە. یان ئەگەر

بیستووشیەتی دڵی پێنەداوە. ژنە، تازە بۆی دەرکەوت کە هەر کەسە و چەمێکە خۆی ئەدا بە دار و بەرد دا و بە ڕێی خۆیدا ئەڕوات؛ هەر ا و هۆریا و دەنگی چەمەکانیتر ناتوانن لە ڕێ هەڵیگەڕێنەوە. بەڵکوو تەنها تۆزێ ڕۆیشتنەکەی تووندتر یان خاوتر ئەکەنەوە. خەریک بوو تێ ئەگەیشت هەر چەند ئەو و کوڕەکەی لە سەر خاکێک و لە ژێر بنمیچێکدا ئەژین. ژیاون. بەڵام هەر کامە و لە دەروونی خۆیدا دنیایەکی جیاوازیان بۆ خۆیان هەیە. ویستی هەر کامیان، ڕێگەی هەر کامیان پێکەوە، لە یەکەوە و هەر وەها دوور لە یەکدیشن. بەر و دوایە، کەنار بە کەنارە، ئەمبەر و ئەوبەرە و هەندێ جار دژ بەیەک و ڕوو بە ڕووشە. هەندێ جار تەنانەت ڕقەبەرانەشە. دوژمنکارانەیە. بنبڕکردنی یەکتریە. هەر چی چۆن بێ خەریک بوو بۆی ئەسەلما هەر مرۆڤە و چەمێکی خۆڕەوە و بەو لایەدا ئەڕوا کە ووزە و ویستی ڕای ئەکێشێ؛ کە هەر مرۆڤە ڕووبارێکە، جیهانێکە. ئەوەنییە هەر مرۆڤە و گیانێک لە جەستەیدا ئەجۆشێ؟ گیان چییە لە جەستەدا؟ تاودانەوەی هاوارێک لە دالانێکی هەزار پێچدا. ون. دوور. نالان. خرۆشان. لێڵ. پێوار. نەناسراو. خامۆش. قووڵ. بەراوەژوو. بەقەڵبەزە و بێبەزەیی. لە کێشە و چەم و خەمێکی وەرجاوەنددا. ئاخنراوی شڵەژان و هەژان.

ژنە، بێدەنگ بوو، تا گەنجەکەی خەوی لێ بکەوێ. ئارام بگرێ و بەڵکوو شەکەتی ڕێگە و لەرزوتاکەی لە لەش دەرکا. حەزی ئەکرد نەخۆشی و ماندوێتی وەکوو هەڵمی مەنجەڵێکی لە سەر ئاگر، لە جەستەی کوڕەکەی بەرزبێتەوە و بچێ بە حەوادا. ساخ و تەندروست:

ــ خوایە گیان، بیپارێزە بۆم!

ــ ئەو لە کوێیە؟

ــ کێ؟

ــ سـەوقی.

ئاخ لـەو و لـە گیانـی. ئاخ لـەم ناکـەسـی جەڵەبـە! ئـەم دڵۆپـە ژەهـرەی ژیانـی بنەماڵـەیەکـی تـاڵ کـردووە. وێرانـی کـردووە و ئەیویسـت بیـدا بـە بادا. دایک چ وەڵامێکـی بۆ نادعـەلـی هەبـوو؟ ئایـە پێـی بڵـێ سـەوقی لـەم دوو شـەو و ڕۆژەدا دەرگـای لـە خـۆی داخسـتووە و لێـوی لـە خـواردن و خـۆراک نـەداوە؟ ئایـە بڵـێ گیانی بـە دەسـت سـەوقییەوە دەرچـووە؟ نـەء. ئـەم قسـانە، بێگومـان نادعـەلـی ئەهەژێنـێ. پەرێشـانتر. ئێزنگـی وشـک نابـێ بنـێ بـەم ئاگـرەوە. دایـک، ئەمـەی نەئەویسـت، بۆیـە وتـی:

ــ خـەوتـووە. خـەوی لێکـەوتـووە. تۆیـش بـۆ خـۆت بخـەوە. بخـەوە لـە دەورت گـەڕێـم. بخـەوە دایکـت بـە قوربانـی سـەرت بـێ. بخـەوە کـوڕم.

نادعـەلـی بێدەنـگ بـوو. دایکـی لێفـەکـەی دا بـە سـەریدا، بەڵکـوو گـەرمـا بچێتـە جەسـتەی. ئارەقـە بکـات و ڕەگ و کۆڵنجـەکانـی نـەرم ببـێ. هەڵسـا. چـوو بـۆ لای ئەسـپەکـەی نادعـەلـی. زیـن و سـەرجلی لـێداگـرت. کا و جـۆی کـردە ئاخـوڕەکـەی و هاتـە ژێربانـی بـەر هەیوانەکـە. پڵیتـەی فانۆسـەکـەی داکێشـا و لای سـەری کـوڕەکـەیەوە لـە سـەر جێگاکـەی ڕاکشـا و چاوە داماو و نیگـەرانەکـەی بڕییـە جێگـەیـەک لـە دڵـی شـەوی کەلیـدەردا.

شـەو خامـۆش و ئاسـمان تەمـاوی بـوو. ئەسـتێرەکان، دەمـی ڕووت و بـە بریسـکـەی خـەنجـەرانـی هەڵواسـراوی شـەو، بـە سـەرەڕۆیی ئەدرەوشـانەوە. پاک و بـە ورشـە و بلووریـن، بـەڵام ترسـێنـەر.

دڵ عاشـق ئەگـەر بوایەتـی، ئەتتوانـی لـە سـەر گومـەزی بانێـک بوەسـتیت و هـەر کامیانت کـە ئـەویّ، وەک گوڵـە پەمـووی دەشـتی لۆکـە لێـی بکـەیتـەوە. ئەسـتێرەی ناودەسـت. لـەم جـۆرە شـەوانەدا بێهـوودە نییـە ئەگـەر پڵنگان بچنـە سـەر یاڵـی بەرزتریـن لووتکـە و بـە دفرەوە چنـگ لـە ئاسـمان وەردەن،

بۆ ئەوەی گەورەترین ئەستێرە لە دڵی ئاسمان داگرنە خوارەوە. دوور نییە لەم شاڵاو بردنەدا لە لووتکەوە هەڵدێرێن و وەک تەلەبەرد بەرببنەوە و بکەونە قووڵایی ناو دۆڵەکە. بشکێن و بمرن بە لوورانەوەی وەک شیوەنی پیرەژنان. بێهوودە نییە ڕازی خۆبادانی ئەم کیژۆڵە سپی ڕووانە؛ شەنگ و شۆخی سەرسووڕهێنەری شەوی پڕ ئەستێرە.

بەڵام ئەمەش سەیرنییە چاوە پەرێشانەکانی ژنەی مێرد مردوو، گیرۆدەی ئازاری ڕۆڵەکەی، بەو غەمە مەزنەیەوە لە ڕازی شەنگ و شۆخی شەو تێنەگات. شەوی ئەویندارانە ئەمە و پەنای دلێران؛ نەک شەوی مەهسوڵتان. مەهسوڵتان لە هەموو شتێکدا مەرگی شووەکەی و ژیانی خۆی ئەبینێ. پەیوەندەکانی خۆی و ماڵ و خێزانی ئەبینێ. هەر بۆیەشە لە چاوی هەر ئەستێرەیەکەوە دڵۆپە فرمێسکێک دائەبارێ بە سەر گۆنایدا، شەو بۆی ئەگری و سێبەرەکانی خۆف لە دڵیدا ئەچێنن. سەرگەردانە و گوزەری ناکەوێتە کۆڵانی خەو، هەر چەند برژانگەکانی تینووی تۆزێ خەو، بوون بە دڕک، دڕکی وشک و دڕ. ئەو دڕکانەی تەنوور گڕ ئەدەن. دڕکی چاو. بۆیە نیگای مەهسوڵتان هەر وا نائارام و پڕە لەخۆف و نیگەرانی. تاو بە تاو سەری لە سەر سەرین هەڵئەگرێ و سەیری جەستەی خەوتووی نادعەلی ئەکا و بێ پسانەوە و ترساو گوێ لە شەو ئەگرێ و پێڕۆکەی کاتە کپەکانی شەو ئەژمێرێ. لە دڵیدا ترسێکی قورس جێی کردۆتەوە و ئەم نائارامیە ئەڵێی خەیاڵی نییە لە کۆڵی ببێتەوە.

مەهسوڵتان، لە دڵەخورپە نهێنیەکەیدا ئەسووتا کە لە سەر پێستی لێفەکەی نادعەلی بزووتنێکی بینی. لێفەکە وەکوو لەشی گایەک لەرییەوە و پاش تۆزێک نادعەلی لێفەکەی لادا و دانیشت. زەرکی ئاوەکەی لای دەستیەوە هەڵگرت. قومێکی خواردەوە و داینایەوە. خۆشی نەی ئەزانی چیەتی!

سەرتاپێی بە ئارەقەیەکی لینج خووسابوو. کەللەی هەڵمی لێ هەڵئەسا. چاوەکانی ئەیانویست لە کالانە بێنەدەرەوە. هەستی ئەکرد چاوەکانی هەر کامە و بەقەد هێلکەیەکی لێهاتووە. سەری ژانی ئەکرد و ئێسکەکانی ئەکشان. ئەتوت بە جلشۆری دە ژن کوتراوە. بە هۆی ئازاری ڕەگ و ماسۆلکەکانیەوە ئەینالاند. گەرم و دەردەدار، لە ناو هەڵمی مەنجەڵی شێلمدا، هەستیتوانەوە، ڕۆنی مۆخی ئێسکەکانی ئەتوت دڵۆپ دڵۆپ لە کونەکانی پێستیەوە دێنەدەرەوە.

دایکی هات بە یارمەتیەوە. نادعەلی ئەبێ کارێکی پێویستی هەبێ. ڕەنگە بچێتە ئاودەس. بەڵام نادعەلی دەستەکانی دایکی لە شان و قۆڵی خۆی لادا و لە خۆی نەوی. هەڵسا و هەوڵیدا خۆی بە سەر پێوە ڕابگرێ. دژوار، دژوار بوو. سەری ئەسووڕایەوە و چاوەکانی لە ڕەشەوە ئەهات. هەستی ئەکرد شەو بە دەوری سەریدا ئەسووڕێ. ئەستێرەکان ئەسووڕێنەوە و ئەکشێن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش نادعەلی، بە هەوڵێکی زۆر هەر دوو قاچی وەکوو دوو گوڵمێخ لە عەرز چەقاند و لەشی خۆی ڕاست ڕاگرت. دژواربوو، دژوار. نەی ئەتوانی. قاچەکانی لە ناوەوە ئەلەرزین و پەیکەری سست و لەق بوو. هەستی ئەکرد کەواکەی قورسە لەبەریدا. دایکەند و هەڵیدایە لایەکەوە. کراسە سپیە ئەفغانیەکەی، خووساوی ئارەقە، لکابوو بە تەختی ناوشانیەوە، ڕاشەکاند و باڵەکانی ڕاوەشاند تاکوو سروەیەک پێستی فێنک بکاتەوە. شەرواڵەکەی هەڵکێشا و دەستی گرت بە کۆڵەکەی هەیوانەکەوە خۆی پێوە بەندکرد و شانی پێوەنا. هەستی ئەکرد خوێنێکی داخ لە چاوەکانیەوە ئەتکێ. لووتی دەنگی سەمەرەی وەکوو پرخەی لێوە ئەهات و بەینی پەنجەکانی و بەری دەستی ئارەقەیەکی لینجی لێنیشتبوو.

مەهسوڵتان لە پشت سەری کوڕەکەیەوە وەستابوو.

نەی ئەزانی ئەبێ چی بکات؟ بڕست و دڵی هیچ کارێکی لە خۆیدا نەئەبینی. چاوەڕێی ئەوە بوو بزانێ نادعەلی چی ئەکات! جەوان لەپڕ لە کۆڵەکەکە دوور کەوتەوە و لە پلیکانەکان هەڵاتە خوارەوە و چوو بۆ لای بیرەکە. دۆڵچەکە پڕ بوو لە ئاو. نادعەلی قۆپچەکانی کراسەکەی کردەوە، لای دۆڵچەکەوە چۆکیدادا و سەر و ملی تا بن شانی کرد بە ناو ئاوەکەدا. نەجارێک، چەندجار. پاشان لە لایەکەوە دانیشت و دەستی هێنا بە قژی کورت و پێستی سەریدا. قژە کورت و زبرەکەی بەری دەستیان خوراند.

نادعەلی ڕانەوەستا ئاوەکە لە سەر و ڕووی بتکێ. هەڵسا و هەڵات بۆ لای زینی ئەسپەکە. قەمچی لە پەڕی زینەکە دەرکێشا و لەکاتێکدا ئاو بە نەرمەی گوێ و نووکی لووت و سووچی برۆکانیدا ئەتکایە سەر شان و یەخەی کراسە سپیەکەی، بە سەرسەم دان چوو بەرەو پلیکانەکان. دەستی بە کۆڵەکەکەوە گرت و خۆی کشاندە بن هەیوانەکە و لەوێش بە هەنگاوی لارولەوێر -بەو شێوەی کە قاچ فەرمان نابات- خۆی گەیاندە بەردەرگای ژوورەکە و دەستی گرت بەدیوارەکەوە. لە پشت دەرگاکە تاوێک وەستا. ئەڵقەڕێزی دەرگاکەی گرت و ڕایکێشا. دەرگاکە لە ژوورەوە داخرابوو. نادعەلی بە هێز و گەرمای یاو لە لەشیدا، دەرگاکەی ڕاشەکاند؛ بەڵام بۆی نەکرایەوە. چۆکیدادا و شانی نا بە دەرگاکەوە و لەتێکی دەرگاکەی لە گرێجەنە دەرهێنا. پاڵی پێوەنا بە لایەکدا و پێی نایە ناو هۆدەکە. قەڵافەتی سپی کراس، ڕەشایی ناو دەرگاکەی پڕکردەوە. دیوە درێژ و تاریکەکە بە تیشکی کزی لامپایەک ڕوون ئەبوویەوە.

لە سووچی هۆدەکە، سەوقی کڕ ببوو و سەری خستبوویە ناو کۆشیەوە. چاوەکانی لە تاریک و ڕوونی ژوورەکەدا بەخێرایی بریسکایەوە. کچە، نادعەلی لە ناودەرگاکەدا بینی و -هەروا-

بە خێسەوە لێی ڕوانی. خامۆش و گرمۆڵە. ئەتوت پێشەکی هەموو شتێکی بینیوە. بۆیە چاوەڕوانی ئەوە بوو کە ئەیبینی. قەڵافەتی تێکشکاوی نادعەلی هەموو نیگای داگرتبوو. لە پشت نادعەلییەوە، دایکی ئەو سەرتاپێ ڕەش -مارێک لە ناو دەرگاکەدا- وەستابوو و لۆی لەچکەکەی بە ددان ئەگەست. نادعەلی چوو بۆ لای کچە. سەوقی هەر وا سەیری ئەکرد. سینە و شانەکانی کابرا بە کراسە سپیەکەیەوە وەکوو سپەرێک ئەهاتە پێشەوە و سەوقی هەستی ئەکرد لە ژێر هەیبەتی ئەودا تاو لەگەڵ تاو زیاتر کۆ ئەبێتەوە و ئەچێتە یەک. ئەیبینی دەست و قاچی زیاتر گرمۆڵە ئەبن. کەشکەی ئەژنۆی زیاتر ئەچەقێتە سینگی و نینۆکەکانی زیاتر لە گۆشتی قۆڵی ڕۆ ئەچێ. لێوەکانی ئەلەرزین و ددانەکانی ئەدران بەیەکدا. دەنگی ددانەکانی خۆی ئەبیست، سەوقی.

نادعەلی بە هەنگاوی هەر او و شانی چەماوە -لەکاتێکا هێشتاش جارەجارە دڵۆپە ئاوێک لە لووت و چەناگەی ئەتکا- چاو داچەقاو و تووڕە، وەکوو شێت، بە سەر سەری سەوقییەوە وەستا و نیگای -نێزەی ژەهراوی- تێبڕی. نەء، ئەمە ئەو نادعەلییە نەبوو؛ بە ئاشکرا دیار بوو. سەرەڕای ئەوەش نەی ئەویست ببزوێ و چاوەڕێی کرد تا بزانێ نادعەلی چی ئەکا و چی ئەڵێ. لەم کاتەدا بوو کە جەستەی نادعەلی تێکشکا، بە دەم خۆ ڕاوەشاندن و تلدانەوە، قەمچیەکی تاریکی شەق کرد و دای بە سەر و پشتی کچەدا. قیژەیەک لە ناخی سەوقیەوە هات و وەکوو کۆترێک باڵی ڕاوەشاند و تلیدا و چەن قەمچیتریشی وەرگرت. قیژەکانی لە ناو ژوورەکەدا دەنگی دایەوە و نووکەی بڕا.

مەهسوڵتان نەی ئەوێرا لە نادعەلی نزیک ببێتەوە و دەستی بگرێ. بەڵام بۆ ئەوەی شیوەنی کچە نەچێتە دەرەوە، تای دەرگاکەی خستەوە سەر گرێجەنە و کەوتە زمان بادان

بەڵکوو تووڕەیی کوڕەکەی دامرکێتەوە. بەڵام نادعەلی گوێی لە قسەی دایکی نەبوو. بیری لێکردبۆوە کە چی ئەکات و بەرئەنجامی کردارەکەی خۆی پێشتر هەڵسەنگاندبوو. ئەیویست ئەمشەو کاری خۆی لەگەڵ کچە یەکلایی بکاتەوە. بۆیە، جەستە ناسازەکەی نا بە دیوارەکەوە، بە پشتی دەست ئارەقەی ناوچەوانی سڕی. تەڕیی چاوەکانی بە تروووکاندنی پێڵوو و برژانگ لادا و بە دەم هەناسەبڕکێ و لەرینەوەی شانەکانیەوە، دەستیکرد بە جنێودان:

ـ چ خەیاڵێکت هەیە، سۆزانی؟ ئەتەوێ ماڵم کاول بکەی؟ ئەتەوێ دار و نەدارم بسووتێنی و بەربادم بکەی. تۆی سپڵە بە نانی سفرەی باوکی من گەورە بوویت. بەند بە بەندی ئێسکەکانت لەنان و ڕۆنی حاجی حسێنی چوارگوێشلی هێزیان وەرگرتووە و ئێستە کە پێگەیشتوویت ئەتەوێ بڕۆیت لە ژێر لنگی بێگانەدا بخەوی؟! پێت وایە ئەهێڵم گۆشت بە لەشتەوە بمێنێ تا بەدیاریی بیبەی بۆ سەر جێگەی خەڵکی؟ ئەترەتێنم، هەڵت ئەپڕووکێنم و گیانت دەرئەکەم. تۆ، ژیانی مەت تێکدا! ئاگرت بەردایە سەر و ماڵمان. باوکمت بەکوشتندا. دایکمت ڕەشپۆش کرد. منت شێت کردوە. شەو و ڕۆژی خۆم نازانم، لە خواردن و خۆراک کەوتووم. کار و ژیانی خۆم بەجێ هێشتووە و وەکوو کەری بەرەڵا بە دوای بکوژی باوکمدا کەوتوومەتە ڕێ و بەبیاباندا وێڵ ئەگەڕێم. گێژت کردووم. لە بیرت بردوومەتەوە هیچ کەس بکوژی باوکی من وەکوو تۆ ناناسێ! مەگەر بکوژی باوکم عاشقەکەی تۆ نییە؟ کابرای جەندەرمە ئەمەی پێ وتم. جا ئەگەر گیانی خۆت ئەوێ، ڕاستم پێ بڵێ. ئەو گوللەی جەرگی باوکمی کون کرد، لە تفەنگی کێوە دەرچوو؟ کێ باوکمیکوشت؟ هی کام گوندە؟ هی کام خێڵ و کام ڕەوەندە؟

سەوقی بەکزی وتی:

ـ هەر کەس بوو و هی هەر کوێ بوو، ئێستە ئیتر

نییە. تۆ لە خۆتەوە گەنجێتی خۆت خەسار ئەکەی! ئەو ئیتر نەماوە، تۆ کوشتت!

ـ من نەمکوشت! من بەس برینم کرد؛ دەستم بشکێ، من بەس برینم کرد. ئەگەر بمکوشتایەت دڵم ئارام ئەبوو. بەڵام دڵنیام ئەو هێشتا زیندووە. ئەگەر بمردایەت هاوڕێکانی گیانی خۆیان لە بەر تەرمەکەی نەئەخستە مەترسیەوە. ئەزانم، ئەزانم ئەو تەنها برینم بوو. ڕەنگە برینەکەی کاریگەر بووبێ، بەڵام نەمرد. من ئەزانم!

ــ ئەو مرد، من خۆم بینیم کە ئەو مرد. گوللەی تفەنگەکەی تۆ ناوچەوانی هەڵگرت. کەللەی سەری پەرێشان بوو. دەست و تفەنگی تۆ باشە. تۆ ئەوت کوشت!

ــ کەوایە پێم بڵێ! کێ بوو؟ لە کام تیرە بوو؟

ــ نازانم.

ــ نازانی؟

ــ نەخێر، نازانم.

ــ تۆ نازانی ئەتویست بڕۆی لە ژێر کێدا بخەوی؟

فرمێسک نا، کانیەک بڵێ لە ناخی کێوێکەوە ڕێی دەرباز کردبێ.

سەوقی گریا. ئارام و دەردەدار گریا. کڕووزانەوە، نەک لە بەر ئازاری قەمچی؛ بیرکەوتنەوەی ناوچەوانی پەرێشان و خوێناوی مەدیار جەرگی سووتاند. ئەو لە دڵەوە ئەگریا.

نادعەلی بە تەشەرەوە درێژەی بە قسەکانیدا:

ــ پێم بڵێ بێ ئابڕوو! ئەو کێ بوو؟ ئەمەوێ بیناسم، پێم بڵێ؟

ــ چ سوودێکی بۆ تۆ هەیە؟ ئەو خۆ ئیتر لەم دنیایەدا نەماوە!

ــ خزم و کەسی کێن؟ ئەمەوێ بیانناسم، ئەمەوێ ناویان بزانم، خۆیم بینی. بەڵام ئەمەوێ بیانناسم. کێن و لە کوێن؟

دەم بکەرەوە!

ــ ناتوانم، نەء. ناتوانم ناوی بهێنم. زمانم ناگەڕێ، ناتوانم.

ــ ناتوانی؟ ئێستە کارێک ئەکەم کە بتوانی.

نادعەلی بە سەر کچەدا نووشتایەوە و قەمچیەکەی لەدەوری ملی ئالاند. ڕاست بوویەوە و بەقەمچیەکە سەروملی سەوقی ڕاکێشا و دایە بەر شەپازللە. سەوقی دیسانەوە وەڵامی نەدایەوە. شیوەنی ئەکرد، تەشەری لێ ئەدرا و ئەیناڵاند. بەڵام ئەوەی نادعەلی ئەیویست پێی نەئەگووت.

ئەم سەرەڕۆیە، نادعەلی تووشی تووڕەییەکی شێتانە کردبوو. بە دەم پرسیار کردنەوە وەکوو سەگ ئەلوورایەوە و هەندێ جاریش لە ناچاریدا ئەپاڕایەوە. بەڵام سەوقی دیسانەوەش وەڵامی نەئەدایەوە. هیچی نەئەوت.

نادعەلی ڕەق ئەستوورتر کوتای بە عەرزدا. تێڕێکی لە سووچی دیوارەکە هێنا و کچەی تەپاندە ناو تێڕەکە. دەرگاکەی بە چارۆکەیەک بەست و گوریس پێچیکرد. بۆ هەیوان و پاشان بۆ حەوشەی ڕاکێش کرد. بەس سەروملی سەوقی لە تێڕەکە بەدەرەوە بوو. لەشی بە گووریس شەتەک درابوو. بەجۆرێک کە نەی ئەتوانی جووڵە بکات. چی ترس هەبوو لە چاوەکانیا کۆ ببونەوە و چاوەکانی داچەقابوون. بیری لە هەموو شتێک کردبوویەوە جگە لەم ڕەفتارە. قوڵکەیەکی تاریک لە بەردەمیا. نەی ئەزانی چی لێ ئەکەن.

نادعەلی دایکی بانگکرد بۆ یارمەتی. مەهسوڵتان ڕازی و ناڕازیی هات و لە کردنەوەی قولاپی گوریسی جەنجەڕی بیرەکەدا یارمەتی کوڕەکەی دا. نادعەلی قولاپەکەی لە دەستی دایکی وەرگرت. قفڵی کرد لە گوریسی تێڕەکە. پاشان چووە پشت جەنجەڕەکە و لە سەر سەکۆکە وەستا. پێی لە پەڕەی چەرخەکە دانا و پاڵی پێوەنا. دەنگێکی وشک لە

جەنجەڕەکەوە هات و سەوقی لە عەرز بڕا وەکوو بوخچەیەک بە سەر کونی بیرەکەوە وەستا. ئیتر هیچی نەئەدی و هیچی نەئەبیست. چاوەکانی لە ڕەشەوە هاتن و هەستی کرد کەوتۆتە ناو گەرووی مەرگەوە.

نادعەلی ئاگای لە خۆی نەبوو. نەی ئەزانی چی ئەکات. دەست و پێ ڕاوەشاندنی دایکیشی سوودی نەبوو. نادعەلی جارێکیتر گەرم ببوو. یاو و ئارەقە. دلۆپی زل و لینجی ئارەقە لە ناوچەوانیەوە ئەتکایە سەرپێڵوەکانی. ئەچووە چاوی و هێڵی ئارەقە لە چەناگەیەوە ئەخزایە ژێر یەخەی کراسەکەی. لێو و ددانی ئەلەرزین و سەر و گیانی هەڵمی لێهەڵئەسا. ڕق و دڵەلەرزێ، ترس و بێزاریی و سۆز، بە جارێک هێرشی بۆ هێنابوو. بە دڕدۆنکی هەڵوەستەیەکیکرد. بەڵام لە هەموان بە هێزتر، تووڕەیی بوو. بۆیە لەپڕ قاچی لە سەر شەوژەنی جەنجەڕەکە هەڵگرت و ئارام و بەترسەوە تێرەکەی ناردە خوارەوە. جارێکیتر پێی هەڵگرت و پلیکانێکیتر، دیسان پێی هەڵگرت و تۆزێکیتر. نادعەلی چەندە زیاتر تێرەکەی ئەناردە خوارەوە، جەربەزە ودڵەخورپەی تێکەڵاو زیاتر و زیاتر لە ناخیدا بڵێسەی ئەکێشا. کۆتاییەکەی تۆزێکی بمێنێ بۆ بنی بیرەکە، پەتەکەی لە کۆڵەکەی جەنجەڕەکە ئاڵاند و سەوقی بەحەواوە هەڵواسرا. سووڕێکیتر تێرەکە لە ناو بیرەکەدا بوو. نادعەلی وای نەئەویست، ئەو ئەیویست کچە بەحەواوە بێ.

ئەشکەنجەی ئەوە زیاتر بوو. کیلۆنی جەنجەڕەکەی سوارکردەوە. لە سەکۆکە دابەزی و سەری بردە ناو بیرەکە و وتی:

ــ ئێستاش هەر نازانی؟ هەر نازانی، ها؟!

ڕەنگە نادعەلی شتیتریش هەبوو ئەیویست بیڵێ، بەڵام دەنگی زنجیری دەرگاکە هات و دایچڵکاند. مەهسوڵتان واق و بێدەنگ، وەک کوندەببوو وەستابوو و سەیری کوڕەکەی ئەکرد.

بە شڵەژاویی لای دۆڵچەکەوە دانیشت و جارێکیتر سەری کرد بە ناو ئاوەکەدا و هێنایە دەرەوە:

ــ کێیە بەم شەوە؟

دەنگێکی وشک و گڕ لە پشت دەرگاکەوە وتی:

ــ بیکەرەوە کوڕی حاجی، من لە بەرەکشاییەوە دێم. هەواڵێکم بۆت هێناوە.

نادعەلی بەدایکی وت:

ــ دەرگاکەی لێ بکەرەوە بزانم کێیە! پاشان یەکسەر بیبە ژوورەکە.

مەهسوڵتان دەرگایکردەوە، کابرایک هاتە ناو حەوشە. نادعەلی هەر وا لای دۆڵچەکە، لە سەر چۆکێک دانیشتبوو و سەیری غەریبەکەی ئەکرد. کابرا، دارێکی لارولەوێر و تۆڕبینێکی پێبوو و پشتی تۆزێ کۆم بوو. سەڵتەیەکی درێژ و ڕێڕێ، لەوانەی کە زیاتر جوینیەکان لەبەری ئەکەن، لەبەریدا بوو و مێزەرێکی سپی و کۆنەی بە سەرەوە بوو. ڕوخساری لە تاریکی شەودا هێشتا ون نەببوو. نادعەلی نەی ئەتوانی لە دوورەوە بە جوانی بیبینێ. ڕواڵەتی کابرا وای دەرئەخست دەروێشێک بێ. نادعەلی بە نابەدڵی هەڵسا و چوو بۆ لای. چاک و خۆشیەکی سەرزارەکی و کابرای لە تەنیشت نادعەلییەوە چوو بەرەو هەیوان و پێش ئەوەی بگاتە کۆڵەکەکە دانیشت. قاچێکی ڕاکێشا و پاڵیدا بە دیوارەکەوە و بە شەکەتی هەناسەیەکی هەڵکێشا، نادعەلی وتی:

ـ بچینە سەر فەرشەکە، ئێرە باش نییە.

کابرا بە بێ خەیاڵ داردەستەکەی دانا و وتی:

ــ هەر ئێرە باشە کوڕی حاجیحسێن. هەر ئێرە باشە. هەموو جێیەک زەوی خوایە. ئێمەش لە خاکین و بۆ خاکین. من گۆڕهەڵکەنم. هەمیشە لە ناو خۆڵدا ئەتلێمەوە. خوا سەبرتان بداتێ دایکە. دنیا هەر وایە ئیتر! خوا ڕێز و بەرەکەت

بدا بە گەنجەکەت. لە خوا ئەپاڕێمەوە چەندە خاکی ئەو خوالێخۆشبووەیە، تەمەنی ئێوە بێ.

نادعەلی هێشتاش لە دەروونەوە ئەلەرزی. مەهسوڵتان کەوای بۆ کوڕەکەی هێنا، دای بە شانیا و لە لایەکەوە وەستا. دایک نیگەران بوو و نەی ئەتوانی تێبگا، کابرای هێور و فرەوێژ بۆ چ کارێک دەرگای تەقاندوون؟ نادعەلی پرسی:

ـ وتت هەواڵێکت بۆ هێناوم، چییە ئەو هەواڵە؟

کابرا بە نەرمی ڕێویەک دەوروبەری خۆی سەیرکرد، ڕیشی خوراند و وتی:

ـ پێش هەموو شتێک، ڕاستەکەی ئەوەیە کە من بە نیازەوە هاتوومەتە بەر دەرگاکەت. پاشانیش هەواڵێکم هەیە کە بۆتی ئەگێڕمەوە. سەرەتا با بڵێم کە حەوت مناڵم هەیە، هەشتەمیش ئەم مانگە لەدایک بوو. نیازەکەشم لە بەر ئەمەیە دایکی مناڵەکان پەکی کەوتووە و هێز لە لەشیدا نەماوە. بە زۆر هەناسەی سەروخوار ئەکات. چاوەکانی چووە بە قوڵا و بیبیلەکانی لە بن کالانەی چاویدا ون بووە. وای لیهاتووە ناناسرێتەوە. گاڵتە نییە هەشت مناڵ. تائێستە باش بوو، بەدۆینە و دۆکولیوێک سکی خۆی تێر ئەکرد. بەڵام ئەمساڵ بۆی نەلوا، ژنی زەیسان بەڕۆنی زەرد لە ناو جێگە هەڵئەسێتەوە. ئەگەر نەتوانم ڕۆنی بۆ دەسبخەم و بیکەم بە گەروویدا، ئەبێ قاچی ڕوو بە قیبلە جووت بکەم و چاوەڕێ بم، بزانم کەی سارد ئەبێتەوە! مردنی مسۆگەرە. ئەوسا من چۆن هەشت هەتیو بەخێو بکەم؟ چۆن ئاو و نانیان بۆ پەیدا بکەم؟ ئەوسا ناچارم خشتێک بکوتم بە تەوقی سەری خۆمدا و خۆم لە دەستی ئەم دنیایە ڕزگار بکەم، یان سەر بنێم بە بیابانەوە و خۆم لە گەشت کەس بشارمەوە. بەڵام تۆ پێت وایە خوا پێی خۆشە بنەماڵەیەک پەرش و بڵاو ببێ؟ تۆ کوڕی حاجیحسێن؛ ماشەڵای ناوی خوا، مەڕداری، ماڵداری، دەستت

بە دەمت ئەگات، باوکت ئەوەندەی بۆ بەجێ هێشتووی سکت تێر بکات. تۆ، تێرێک گەنم و نیو مەن ڕۆنی زەرد بدە بە من، تا منیش دەستی ئەم جەندەرمانە لە سەرت کورت بکەمەوە! ئەگەر جگە ئەمە نەکەی پڕووزەت با ئەیبا. ئەم و ئەو دیواری ماڵەکەت ئەجوون و بەرەڵات ئەکەن. بەڵام دیسانەوەش سەبارەت بە کوژرانی خوالێخۆشبوو حاجی‌حسێن ـخوا گۆڕەکەی پڕ لە نووربکاتـ ڕێ بۆ هیچ شوێنێک دەرناکەی. بەڵام ئەگەر لە ڕێی خودا، دیسانیش لە ڕێی خودا، نەک لە بەر چاوی خەڵکی خودا، یارمەتیەک بە من بکەیت و منداڵەکانم لەم زستانەی لە بەرمانە ڕزگار بکەی، ڕەنگە منیش لە بەر ئەوە دەستت بگرم و ڕێگەیەکت پیشان بدەم کە لە سەرگەردانی ڕزگار ببێت. وتت چی؟ هیممەت بکەی، بۆ تۆ هیچی تێناچێ. لەگا ـپەرژینی قایم بێـ موویەک کەمتر. بەڵام بە زۆر نییە. خوا بەرەکەت بخاتە ناو ماڵ و منداڵت. خوا ئاو و خاکت بۆ بپارێزێ. تۆ تازە سەرەتای گەنجێتیتە. هەم خێرێکت کردووە و هەم چارەسەرێکت دۆزیوەتەوە. لەمەو دوا ئیتر کڵافەی ئاڵۆسکاو نیت!

ئارەقە بە لەشی نادعەلییەوە ڕچابوو. هەستی کرد سەرمایەتی. ددانەکانی تەقەیان ئەهات. بە قۆڵی کەواکەی ئارەقەی ساردی ناوچەوان و دەوری ملی وشک کردەوە وتی:

ــ باشە بیڵێ، بەڵام بەم ساڵ و مانگەی کە ئەیبینی، تێرێک گەنم زۆرە، کیسەیەک گەنم و نیو مەنیش ڕۆن.

کابرای گۆڕهەڵکەن وتی:

ــ خۆت خۆباشتر ئەزانی، ژن و منداڵم وەکوو جووچکەی چۆلەکە دەمیان داچەقاوە بەڵکو دانێکیان بۆ ببەم. هەر چۆن بووە، ئەمشەو ئەبێ نانێکیان پێبگەیەنم، ئەزانی خۆ؟

ئەزانم پیاو! تۆ بۆ ئەوەندە قیرسیچمەی؟ ئەوا ئەڵێم هەر ئێستە دەبەکەت بۆ پڕبکا لە ڕۆن.

کابرای گۆڕهەڵکەن لە ناو تۆربینەکەی دەبەیەکی دەرهێنا، دای بە دایکی نادعەلی و وتی:

ــ خۆم جێگەم هێناوە دایەگیان، پێویست بەزەحمەتی ئێوە ناکا. فەرموو دایەگیان، خوا بەرەکەت بدا بەماڵت.

دەستی مەهسوڵتان بۆ وەرگرتنی دەبەکە نەئەچووە پێشەوە. نادعەلی دەبەکەی لە کابرا وەرگرت، دای بەدایکی وتی:

ــ ڕۆنی بۆ تێکە و بۆی بێنە، پەلە بکە.

مەهسوڵتان، ڕازیونارازی چوو بۆ پاشخان تا ڕۆن بهێنێ.

نادعەلی و گۆڕهەڵکەنیش لە بەر هەیوان مانەوە، نادعەلی وتی:

ــ باشە، دەمت ئەکەیتەوە مرواریەکانت هەڵڕێژی یان ناء؟

ــ بۆچی نا، کوڕی حاجی گیان؟ بۆچی نا؟ تۆ تازە خەریکە من ئەناسی، بەڵام من تەمەنێکە تۆ و خێڵ و تیرەت ئەناسم. بڕوام بە بەڵێنت هەیە. سەدجار زیاتر لە سەر سفرەی باوکی تۆ سمێڵم چەور کردووە، قسەی ڕاست چۆن بە تۆ ناڵێم، من خەڵکی بەرکیشاییم. ڕەشاییم و دەستەنگم، نە ناو و زەویم هەیە و نە مەڕ و ماڵات، تاهێز لە ئەژنۆمدا هەبوو لە سەر زەوی ئەم و ئەو کرێکاریم کرد، پێمەڕەم وەشاند، دروێنەم کرد، بە دوای بزن و مەڕی ئەم و ئەودا هەڵاتم، دارمکێشا؛ بەڵام کە هێزم لە بەر بڕا و فێرە تریاک بووم ئیتر نەمتوانی کاری قورس بکەم. ئەوە بوو تووشم بوو بە تووشی مردووەکانەوە. گۆڕستان! بووم بە مردوو شۆر و گۆڕهەڵکەن. ئێستەش هەموو شەو و ڕۆژم لەگەڵ مردوو تێ ئەپەڕێ، قەبر هەڵئەکەنم. بەردی ئەلحەد دائەنێم و بەسایەی سەری مردووەکانەوە ئەژیم. ڕۆژگار ئەمەیە ئیتر! بەڵام نانێک کە لە قەبر و لە ناو کفن بێتە دەرەوە کەی بەدڵەوە ئەنووسێ؟

ئەگەریش نووسا، کوانێ مردوو؟ خەڵکی خۆ لەپەسا نامرن. جاروبارێک، خۆ ساڵی وەبا نییە. هەر چی چۆن بێ... ئەمانەم بۆیە وت تابزانی من لە نزیکی هەمان گۆڕستانی بەرەکشایی کولانەیەکم هەیە، چوار خشتم ناوەتە سەر یەک و لەگەڵ مناڵەکان سەرمان خستۆتە بنی. گەورە کۆنێک. پەلەمەکە، ئەگەینە سەر باسەکەش. ئەمەوێ باسی ئەو شەوەت بۆ بکەم. ئەو شەوەی بە کاری تۆ دێت، ئەو شەوە دایکی مناڵەکان ژان گرتبووی، خەریک بوو پێسووک بکات؛ ئاخرەکەی خوا کچێکی پێدایەن. نزیکی بانگی بەیانی بوو مناڵەکە لەدایک بوو. بەڵام چ جۆرە کچێک؟ ئەڵێی مێردەزمەیە. لووتی بگری گیانی دەرئەچێ. کارم بەمەی نییە، خوا داوێتی. ڕۆژییەکەشی ئیشەڵا خۆی ئەینێرێ. خەریک بوو ئەمەم ئەوت کەمن تاوی ئازار کێشانی ژنەم نەبوو، نەمئەتوانی قیژەکانی ببیستم. بۆیە دەرگاکەم داخست و چووم لە گوێسوانەی بانەکە دانیشتم و سەبیلەم ئەکێشا و لە بەر خۆمەوە دۆعای تۆبەم ئەخوێند. لەم کەین و بەینەدا بوو کە دوو سوارم بینی بە غار چوون بۆ ناو دێ و پاش نیوکاژێر هەر کامە و یەکێکی لە پشتیەوە سوار کردبوو و لە دەمی دەرکەوتن، مەلام بە مێزەرەکەی‌دا ناسیەوە، بەڵام ئەوی ترم بۆ نەناسرایەوە. بە خۆمم وت ئەم چیرۆکانە بە من چی؟ بەڵام نیوکاژێر زیاتری پێ نەچوو بینیم سوارەکان بوون بەچوار پێنجێک و تەپتەپ گەیشتن. ئەمجار نەچوون بۆ ناو دێ، یەکسەر هاتن بۆ گۆڕستان و کۆمەڵ بوون و کەوتنە قەبر هەڵکەندن. من واقم وڕ مابوو و بیرم ئەکردەوە خوایە گیان ئەبێ چ ڕازێک لە ئارادا هەبێ کە منیان بانگ نەکردووە بۆ ئەوەی بچم و کارەکەی خۆم بکەم! کەوتمە گومانەوە، بەڵام ڕاستت ئەوێ نەموێرا لەسەربان دابەزم و بچم بۆ لایان. هەر لەوێوە سەیرم کردن، قەبرێکیان هەڵکەند. یەکێکیان لە قەبرەکەدا خەواند، خاکیان کرد بە سەری‌دا و بەغار ڕۆیشتن.

مـن ئیتـر ئاگـام لـه هیـچ نەما، چونکـه قیـژه و هـەر ای ژنـه نەیئەهێشـت لـه شـوێنێک ئوقـره بگـرم، بـەڵام بەیانیەکـەی، ڕۆژ بوویـەوه کـەوتمـەڕێ و چوومـه سـەر قەبرەکـه. زۆریـان هـەوڵ دابـوو کـه خاکـه تازەکـه بڵاوبکەنـەوه و کۆنـی بکـەن؛ بـەڵام خـاک سروشـتێکی هەیـه کـه بەئاسـانی ڕەنـگ ناگـۆڕێ. خـۆر ئەبـێ لێیبـدات تـا کـۆن ببـێ. واتـه ڕۆژ ئەبـێ تێبپـەڕێ. ڕێـک وەکـوو ئینسـان وایـه. ئەبـێ لەقـەی بەرکـەوێ، لـه ئـاو و ئاگـردا بسـووتێ بۆئەوەی ڕەنگ و ڕووی پسـپۆڕی لـێ بنیشـێ. جارێ ئەمەت هەبێ تابەیانـی. هەواڵـی شـەڕه تفەنگەکەی چوارگوێشـلی بەیانیەکەی گەیشـته بەرەکشـایی و دەسـبەجێ بۆنـم کـرد و وتـم ئـەی دڵـی خافـڵ، پێـت وانییـه بازییەکـەی ئـەم شـەوی گۆڕسـتان بەجۆرێک پەیوەنـدی بـه تەقـه تفەنگەکـەی چوارگوێشـلییەوه هەیـه؟ گوێـم قـوڵاخ کـرد وتیـان حاجیحسـێن لـه شـەڕەکەدا کـوژراوه و یەکـی ئەوانیـش برینـدار بـووه. ئـەوه بـوو بۆم دەرکـەوت ئەوەی کـه گوللـەی بەرکەوتبـوو لـه نـاو ڕێ گیانـی دەرچـووه و هاوڕێکانیشـی بۆ شـوێنه گومکـێ تەرمەکەیـان هـەر بـەو شـەوه هێنـاوه بۆ گۆڕسـتانی بەرەکشـایی و شـاردوویانەتەوه. بـەڵام خـوای بانـی سـەر ئاگـای لێیـه ئـەم قسـەیەم هەتـا ئێسـته بەکـەس نەوتـووه جگـه لـه خـۆت. ئەمـه یەکـەم جـاره لێـو هەڵئەبـڕم. ئەویـش لـه بـەر ئـەوەی کـه بەئەنـدازەی هـەر دوو چـاوم بـڕوام بـه تـۆی کـوڕی حاجـی حسـێن و دایکـت هەیـه. ئـەم قسـانه بابمێنـێ. هـەر وا گوێڕایـەڵ بـووم. هـەواڵ گەیشـت کـه کـوڕی حاجـی حسـێن بـه دوای بکـوژی باوکـیدا ئەگـەڕێ، بـەڵام چەنـده زیاتـر هـەوڵ ئـەدا کەمتـری دەسـت ئەکـەوێ. مەردانەگـی یەخـەی گرتـم. وتـم مـن خزمەتێکـم پێئەکـرێ ئەبـێ بیکـەم. هـەر چـی بـێ مـن لـه سـەر ئـەم سـفرەیه نـان و نمەکـم خـواردووه. وتـم ئێسـتەش کاتـی خزمەتکردنـی منـه. ئـەوه بـوو ئەمـڕۆ ئێـواره لەپـڕ هەسـتامه سـەرپێ، تۆربێنەکـەم بەسـته پشـتم و وتـم بـه هیـوای خـوا

ئەچم بۆ ماڵی نادعەلی خان و ئەوەی ئەیزانم موو بە موو بۆی ئەگێڕمەوە و نیازی خۆشمی لێ ئەسێنم. هەر چەند ئەگەر ئەم ڕووداوە ڕووی نەدایەت دیسانەوەش ڕووم نەبوو بچمە بەر ماڵی غەیر و غەوارە. من نەدارم بێبار و بێپاشەکەوتم، بەڵام کوڕی حاجی حسێن بە خاکی حاجی سوێند بێ بێئابڕوو نیم. ساڵ چاوچنۆکە و دەستم بە دەمم ناگات. ئەگەر ڕێز و ئابڕووی خۆم ئەڕژێنمە بەر پێت لە بەر ئەمەیە. من لەم زستانەی لە پێشمانە پشتم ئەلەرزێ. ئەترسم مناڵەکانم یەکدی بخۆن! ئەم دە مەنە بارە پەکی تۆ ناخات، بەڵام یارمەتیەکە بۆ من. ئەزانی خەریکە بڕوام بە هەقانیەتی خوداوەند ئەدۆڕێنم. ئەم هەشت ـ نۆ سەر خێزانە، من چیان لێبکەم؟ ناشتوانم ددان بە خۆمدا بگرم و قسە نەکەم. خەریکم سەرت ئەهێنمە ئێش. بەڵام چی بکەم؟ هەموو کەس خۆ گویێ لە دەردە دڵی مرۆڤ ناگرێ. دەستت نەڕزێ. ئەو گوللەیەی ئەوی خستووە لە تفەنگەکەی تۆ دەرچووە. دەست خۆش. بەڵام بە خواوەندی خوا ئەگەر ئەم قسەیەم لە شوێنی تر کردبێ. سینەی من قاسەی نهێنیەکانی خەڵکە، نادعەلی خان.

نادعەلی، هەڕەشەی شاراوەی ناو قسەکانی حەمە جومعەی بیست بەڵام گوێی نەدایێ و وتی:

ـ باشە گریمان تەرمێک لە ناو سەرقەبرانەکەی تۆدا شارابێتەوە، چیمان دەستگیر ئەبێ؟ لە کوێوە بزانین کێیە و کێ بووە؟

حەمە جومعە قسەکەی لەدەمی نادعەلی فڕاند و وتی:

ـ وایە، ئەمەش قسەیەکە. بەڵام من بیرم لەمەش کردۆتەوە. تۆ مەگەر ناتەوێ شوێنی هەڵگری. مەگەر ناتەوێ بزانی لەکام خێڵ و گوند و خێزان بووە؟ ئەمە وەکوو ئاو خواردنەوەیە. کاتێکە بیبینی ئەمە ئەزانی ئیتر!

ـ کێ

ـ ئەو کەسەی وا لەوێ نێژراوە.
ـ مەبەستت قەبرەکە هەڵدەینەوە؟
حەمەجومعە وەکوو مشک بۆنی دەوروبەری خۆی کرد. دەنگی دابەزاند و بە کپی وتی:
ـ ئەگەر لە لای خۆت بمێنێ! من ئەزانم، ئەمکارە گوناحە؛ بەڵام گوناحتر ئەمەیە ئەو بێدینانە کردوویانە! پێغەمبەری خوا لە کوێی قورئاندا بڕیاری داوە تەرم بە بێ نوێژ و وسڵ و کفن بەدزیەوە بنێژن؟ تۆ بیستووتە؟ جگە لە مانەش، پێی ئابڕووی ئێوە لە ئارادایە. گوناحەکەی بە ئەستۆی من. خۆم وەکوو ئاوی ڕەوان ئەمکارەت بۆ ئەکەم.
ـ مەبەستت ئەوەیە مردووەکە لە قەبر دەرئەهێنێ؟ گریمان...
ـ تۆ چیت لەمەی داوە؟ من ڕوخساری تەرمەکەت پیشان ئەدەم. کاتێکە ناسیتەوە لە سەر جێی خۆی ئەیخەوێنمەوە. کێ چووزانێ بە قانوونی شەرع ناشتبێتیان! تازە من خۆم بە گوێرەی شەرع لە ناو گۆڕەکەدا ئەیخەوێنمەوە.
ـ بۆ ساتێک بینیم و نەمناسی؛ کێ ئەڵێ ئێستە ئەیناسمەوە؟
ـ ئومێدی هەیە. هەر کەس بووە، خۆ لەو سەری دنیاوە بە هیوای مەتیەزاکەی تۆ نەهاتووە! هەر نەبێ ڕەنگە جارێکیش بووە ئەوت دیبێ. لە دەشت، لەکێو، یان لە سێ شەممەبازاڕی نەیشاپوور. ڕەنگیشە بازوبەندێک لە قوڵیا بێت ناو و نیشانی تیا نووسرابێ. کێ چووزانێ بە ڕەخت و بەرگەوە نەیان ناشتبێ؟ پلارێکە بۆ تاریکی! ئەگەر نەشی‌ناسی لانیکەم شوێنی گوللەکە بە لەشیەوە ئەبینی و دڵت ئارام ئەگرێ. ئیتر خۆت ئەزانی!
نادعەلی وتی:
ـ ئەڕۆین هەر ئێستە ئەڕۆین، تۆ خۆ چوارپێت پێنییە؟

ـ من به پیاده هاتووم.

ـ باشه، تۆ بکەوە ڕێ و لە دەرەوەی گوند، لە سەر ڕێگا چاوەڕێم بکە. یان تۆ وردە وردە بڕۆ من خۆم ئەگەیەنم. ئەبێ ئەسپەکەم زین بکەم.

حەمە جومعە هەڵسا، دەبەی ڕۆنەکەی لە دایکی نادعەلی وەرگرت، خستیە ناو تۆربینەکەی، دۆعای‌کرد و بەرو دەرگای حەوشە ڕۆیشت. نادعەلی ئەسپەکەی زین‌کرد، کێلۆنی دەرگاکەی دادایەوە و هەڵات بۆ لای‌بیرەکە. چووە سەر سەکۆکە و بە هەموو هێزی خۆی پێی لە سەر پەڕەکانی جەنجەڕەکە داناو تێڕەکەی کە سەوقی تیابوو، هەڵی‌کێشایە سەر. مەهسوڵتان هات بەدەمیەوە و تێڕەکەی لەدەمی بیرەکە ڕاکێشایە ئەم لایەوە، لای کچەکەوە چۆکی دادا و بەترس و لەرزەوە دەسرەکەی لە دەمی کردەوە. نادعەلی چوست و چالاک گوریسی دەوری تێڕەکەی کردەوە و جەستەی نیوەگیانی کیژەکەی هێنایە دەرەوە. مەچەکی دەستی گرت و وەکوو لاشەی مەڕێک ڕایکێشا بۆ ژوورەوە و فڕێی دایە لایەکەوە. کەواکەی لەبەرکرد و بە دایکی وت:

ـ توزێ ئاو بکە بە چڕوچاویا تا ئەگەڕێمەوە.

بە بێ ئەوەی گوێ لە لالانەوەی دایکی بگرێ، نادعەلی دەسکەوساری ئەسپەکەی گرت و چووە کۆڵان، پێی لە ئاوەزنگی‌نا و پاژنەی لە بن سکی ئەسپەکە کووتا. حەمە جومعە هێشتا لە دواکۆڵان تێنەپەڕیبوو کە نادعەلی پێی‌گەیشتەوە. سواری پشت تەرکەکەی خۆی‌کرد و غاری‌دا. حەمە جومعە لە ناو ڕێدا نەی ئەوێرا فرەوێژیی بکات. پەنجە درێژو و شکەڵاتووەکانی توند لە قایشەکەی پشتی نادعەلی گیراندبوو و سینەی لکاندبوو بە تەختی پشتیەوە. نادعەلی هێشتا یاو و تای مابوو، بەڵام نەی ئەخستە خۆی و بەرەو بەرەکشایی ئەسپی داژووت. حەمە جومعە چاوی نووقاندبوو

و چەناگەی لکاندبوو بە ئێسقانی شانی نادعەلییەوە و هەوڵی ئەدا ترسی گەرمە غارەکەی نادعەلی لەخۆی دوور بکاتەوە. نادعەلی بە بێ پارێز ئەسپەکەی داژووت و ترسی لە دەستەکەند و ئاودڕ وجۆگە نەبوو. لەگەڵ قووقەی کەڵەشێر گەیشتنە بەرەکشایی. لای گۆڕستان حەمە جومعە دابەزی و لە کاتێکا پەتی تۆربێنەکەی بە شانیەوە توونده‌ئەکرد، کەوتە پێش سوارەکەوە و بە ناو قەبرەکاندا ڕۆیشت. نادعەلی ئەسپەکەی هێوەر کردبۆوە و بەئاستەم خۆی بە سەر زینەکەوە ڕاگیرکردبوو. لە تەختی ناوشانیەوە ئارەقە داچۆڕابوو و بنباخەڵی تەڕ ببوو. دەور ملی ئارەقە بوو و برۆکانی لە خۆوە ئەفڕین. حەمە جومعە کە بە پشتە کۆمەکەیەوە لە پێشەوە ئەڕۆیشت، لە پڕ گەڕایەوە و وتی:

ـ ئێرەیە خۆت بخە خوارەوە، تا کازیوەی نەداوە ئەبێ کارەکە تەواو بکەین. من بە غار ئەچم قوڵنگ و پێمەڕە ئەهێنم. تۆ دەسکەوساری ئەسپەکە ببەستە بەو دارەوە. من ئەوا دێمەوە.

نادعەلی کابرای بینی وەکوو چەقەڵ بە ناو قەبرەکاندا هەڵات بۆ لای ماڵەکەی. حەمەجومعە لە گۆڕستان دەرچوو و لە سێبەری تۆخی دیوارەکەدا ونبوو. نادعەلی ئەسپەکەی بردە بن دارەکە، ڕەشمەکەی بە لقە وشکەڵاتووەکەوە گرێدا، دەستی هێنا بە سەر سینە و بنباخەڵیدا و ماسوولکەکانی شان و ڕانی هەڵگلۆفی. لەشی ئەسپەکە ئارەقاوی بوو، بەڵام نادعەلی لە خۆی ڕانەئەبینی ئەسپەکە بە ناو قەبرەکاندا بگێڕێ بۆ ئەوەی ئارەقەکەی وردە وردە وشک ببێتەوە. دەرفەتی ئەو کارەی نەبوو و نەشی ئەوێرا. سام و هەوای ناو گۆڕستان تۆزێ دڵی لەرزاندبوو و ئەگەر خۆی بە ئەسپەکەوە خەریک ئەکرد لە بەر ئەوە بوو خۆی لە خەیاڵی پەرێشان دوور بکاتەوە. جۆرێک خۆفی نهێنی، لەو دۆخانەی هەمیشە لەگەڵ مرۆڤ

هەیە بەڵام خۆیا ناکات، لە نادعەلیدا پەیدا ببوو:

«ئەمە چ کارێکە؟ مرۆڤ تاکوێ ڕائەکێشرێ؟ بۆچی؟ چی لە ناخی گیانی ئینسان‌دا هەیە کە بۆ هەموو لایەکی ئەبات؟ کەی ڕازیی ئەبێ ئەم ئەژدەهایە؟ ئاخر ئەمە چ کارێکە؟! سەرقەبران! شەو! قەبرهەڵکەن! من خەریکم چی ئەکەم؟ تۆ بڵێی شێت بووبێتم؟»

چ جایە ئەگەر حەمە جومعە تۆزقاڵێک درەنگتر بگەڕایەتەوە، نادعەلی ڕەشمەی لە دارەکە ئەکردەوە، خۆی هەڵدایە سەر زینەکە و لە سەرقەبران هەڵئەهات. بەڵام جومعە گەیشت. پیمەڕە و قوڵینگ و فانۆسێکی دانەگیراوی پێ بوو. بە هەڵاتن هات بۆ لای. کە گەیشتە نادعەلی پێمەڕەکەی دایە دەستی، فانۆسکەی دانا، تفی کردە بەری دەستی، دەسکی قوڵینگەکەی گرت و وتی:

ـ ڕامەوەستە، خۆڵەکان لادە، بەهیوای خوا نیوکاژێر زیاتری پێناچێ. گورج بە، هەوڵبدە خاکەکەی بکەینە دەرەوە. پڕکردنەوەی لە ئەستۆی من.

جومعەش جەختی لێنەکردایەت، نادعەلی کۆششی خۆیهەر ئەکرد. یاو و ترس وەها پڕی پیاکردبوو، بە هەموو هێزی خۆیەوە پێمەڕەی لە خۆڵ ئەچەقاند و ئەیکردە دەرەوە، بە بێ پشوو کاریئەکرد. بە بێ ساتێک وەستان، ئارەقاوی و گڕگرتوو. بەس سەرباز ئەتوانن بەو خێراییەی ئەو، سەنگەر هەڵکەنن. نادعەلی، سەربازی دوێنێ قەبر هەڵئەکەنێ و بە هەناسەبڕکێ خۆڵی دەرئەدا. لە هەموو ئەو ساتە گرێدراوانەدا، تەنها یەک جار پشتی ڕاست کردەوە و باری دەسکی پێمەڕەکەی دەستاودەست کرد. تیژیی دەمی پێمەڕەکە دای لە بەردی ئەلحەد. حەمە جومعە خۆی هەڵدایە ناو قەبرەکە. نادعەلی ناردە سەرەوە و داوای فانۆسەکەی لێکرد. نادعەلی فانۆسەکەی دایێ و کابرا لە ناو گۆڕەکەدا چۆکیدادا و فانۆسەکەی داگیراند.

کونێکی بۆ درووست کرد و داینا. پاشان خەریکی خشتی ئەلحەد بوو. بەئارامی بەرزی کردەوە و بە نادعەلی وت:

ـ وەرە خوارەوە!

نادعەلی، نەرم خزایە خوارەوە و چاو وگوێی لە جومعە بوو کە چی ئەڵێت. گۆڕهەڵکەن وتی:

ـ فانۆسەکە هەڵگرە، بەڵام بیخە بن باڵت و لۆی کەواکەت بدە بە سەریدا، با ڕووناکی نەچێتە دەرەوە.

نادعەلی وایکرد، گۆڕهەڵکەن وتی:

ئێستە دانیشە! من خشتەکە لائەبەم، تۆ فانۆسەکە هەر لە ژێر باڵتدا بگرە و بیهێنە خوارەوە و لە بەر ڕووناکی سەیری تەرمەکە بکە، بەڵام سەرەتا سێجار بڵێ بیسمیلا و فووبکە بە دەوری خۆتدا. پاشانیش کە چوویتەوە ئەبێ ووسڵی مردوو دەربکەی. وەرە دانیشە! نادعەلی لە لای کابرای گۆڕهەڵکەنەوە دانیشت و فانۆسەکەی داگرت، بەجۆرێک کە ئەیتوانی دەستە شین و خۆڵاوییەکانی گۆڕهەڵکەنەکە ببینێ. کابرا بیسمیلای کرد و بەردی ئەلحەدی بەرز کردەوە و لە لایەکەوە داینا. نادعەلی کە جگە لە بیسمیلا، بیسمیلا بە زاریدا نەئەهات فانۆسەکەی بردەپێشەوە بۆ ئەوەی مردووەکە ببینێ. بینی و دڵی قڵپ بوویەوە. گوللەکە هەر وەکوو ئەو شەوە دیبووی، دابووی لە ناوچەوانی و تەوێڵی بردبوو. چاوەکانی پڕبوون لە خۆڵ و قژی هێشتا بە خوێن شێدار بوو. گۆڕهەڵکەن بە بینینی ڕاشەکا و کشایەوە. نادعەلی چووە پێشەوە. لەو سەیرە! مارێک لە قژ وملی مەدیار ئاڵا بوو و سەری کردبوو بە کاسەی سەریدا! ترس و مووچرکەی نەگبەتی. بێزار لە ژیان، لە دڵەوە نەڕاندی و خۆی لە قەبرەکە هەڵدایە دەرەوە و فانۆسەکەی کوتا بە سەری گۆڕهەڵکەندا و لە ناو ئاگری گریان و نەڕاندندا، ڕەشمەی ئەسپەکەی لە لقی وشکی دارەکە کردەوە و هەژاو و ماندوو پێی لە ئاوزەنگی نا:

ـ خوا لەوە سووکترت بکا پیاو وا گەنجێتیت لیّتالّ کردم!

ئەمە تەنها سەرەتای کلّۆلّ بوونی نادعەلی بوو. پێش ئەوە سەری ئەسپەکە وەرگێڕێ، نەڕەیەک لە بن قەبرەکەوە هات:

ـ سووتام! ئاخ سووتام! ڕەشیکردمەوە! کوڕی حاجی حسێن گەنمی منالّەکانم... خوا جوانە مەرگت نەکات!

نادعەلی نەوەستا. ئەسپەکەی وەکوو با ئاژووت. قەبر و گۆڕستانی جیّهێشت و خۆی لە تاریکی شەودا ونکرد. دلّنیا بوو گۆڕکەنەکە، بۆ هەمیشە، لە ناو قەبرەکەدا ئەمینێتەوە.

مار گەستبووی.

# بەشی چوارەم

**بەندی یەکەم**

سـەوقی بـە هـەر هەناسـەیەک، هەنگاوێک لـە قووڵایـی تـرس ڕۆ ئەچـوو. خۆفێکـی خەفـە و ڕازاوی. شـەوەزەنگ و خورپەی دڵ. بـەڵام ئـەو ترسـی تـووڕ دابـوو، سـینەی بیابانـی ئـەدڕی و ئەڕۆیشـت، لـە نـاو گێژەنـی پەرێشـانی و شـپرزەیی‌دا پێـی هەڵئەگـرت. داخ لـەدڵ، ئاڵـۆز و شـێتانە؛ دەسـتەکانی بـە گورجـی ڕائەوەشـاند و ئەڕۆیشـت. پیاوانـە ڕێـی ئەکـرد؛ بـە بـێ ترسـی تاپـۆ و تارمایـی کێـو و بـەرد و بیابانـی شـەوی نووتـەک. بـە بـێ هەسـتکردن بەماندوێتـی؛ بـێ خۆفـی شـەکەت بوونـی جەسـتە، بـە تـووڕەیـی هەنـگاوی ئەنـا. خوێـن لـە چاو و کـەف بەدەم، چەم و خەمـی ڕێگـە و ناڕێـی تـێ ئەپەڕانـد، دڕک و داڵـی بیابانـی ئەشـێلا و فڕکـەی ئەکـرد.

سـەمای داوێنی کراس و لفکەی لەچک بە دەم باوە.

پرسـان پرسـان هەتـا ئێـرە هاتبـوو و، بەقسـەی کابـرای، کـە ژنـە نەخۆشـەکەی بە سـواری کـەر ئەبرد بۆ عـەوڵاگیو، تا ڕەوەنـدی میشـکاڵیەکان زۆری نەمابوو. سـەوقی پێش کازیوە ئەبوایە خۆی بگەیەنێتـە بنـەی کەلمیشـی. ئەمشـەو، دوو شـەو بـوو سـەوقی دەرکەوتبـوو. شـەوی پێشـوو، تاوێـک پاش ڕۆیشـتنی نادعەلـی و گۆڕهەڵکـەن بـەرەو گۆڕسـتانی بەرەکشـایی، سـەوقی‌ش لـە مـاڵ دەرکەوتبـوو و دڵـی شـەوی شـەق کردبـوو. مەهسـوڵتان ڕێـی

لێگرتبوو، بەڵام سەوقی ئەوەندە بریندار و وەڕەز بوو کە پیرێژن لە سەر ڕێیدا، زۆر خۆی پێ نەگیرابوو. بەوری مێینە بە نینۆک ڕوومەتی ژنەی ڕووشاندبوو. پاڵی پێوە نابوو و دەرگاکەی لە سەری داخستبوو و دەرپەڕیبوویە دەرەوە. شەو تا ڕۆژ و ڕۆژ هەتا شەو، ڕێی بڕیبوو. خۆی ڕاکێش کردبوو تا پێش ئەوەی پشوو لە سینەی دابڕێ و قفڵ ببێ، خۆی بگەیەنێتە بن ڕەشماڵی کەلمیشی.

بۆ دەشتی کەڵاتەڕەش ئیتر زۆری نەمابوو.

ژنانی میشکاڵی بە دەور فانۆسەکەوە دانیشتبوون کە سێبەرێکی لارولەوێر سەرنجی ڕاکێشان. سەریان بۆ لای کچێکی بە داوێنی خۆڵاوی و لەچکی گرمۆڵە بووەوە ئەهات بۆ لایان، وەرگەڕا و چاویان تێبڕی. سەوقی هاتە پێشەوە، ڕووبەڕوویان وەستا و مات و حەپەساو سەیری کردن. هەر هەموویان بۆ ساتێک دۆش دامان، میوانەکە، شڵەژاو، ئالۆسکاو و لە ڕادەبەدەر ماندوو خۆیای ئەکرد. تۆزوخۆڵ لە سەروقژی نیشتبوو. پێڵوەکانی ئاوسابوون و گلێنەی چاوەکانی خوێناوی بوون. لێوی قەتماغەی بەستبوو و ڕیشکەکانی لەچکەکەی لێک ئالابوون و ڕوومەتی لەوە ئەچوو کشابێ. سەوقی لەوە زیاتر خۆی لە ژێر سەرنجی ژنەکاندا پێ ڕانەگیرا. لێو و چەناگەی لەرزی، سیلەی چاوەکانی تەڕ بوون و وتی:

ـ هیچکامتان پێم ناڵێ دابنیشە؟!

ماراڵ سەیری زیوەری کرد. زیوەر چاوی بڕیبوویە خەسووی. بڵقیس هەر وا بە حەپەساوییەوە، نیوقەد هەڵسا، لە چاوەکانی کچە ورد بوویەوە و وەک بڵێی سەیری ئاشنایەکی لە مێژینە بکات وتی:

ـ تۆ ئیتر کێی دایکەکەم؟ بەم شەوە، لەم بیابانە! خۆیی نیت و دڵنیام غەوارەی! دانیشە. وەرە، وەرە پێشەوە. وەرە بۆ ئێرە. لە بەر ڕووناکیەکە با باشتر بتبینم. تۆکێی ئیتر؟

سەوقی، دەستی بە دەستی بڵقیسەوە، هێنرا بۆ لای فانۆسەکە و دانیشێنرا. خۆشی لایەوە دانیشت و چەپکە قژێک کە لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبووە دەرەوە و ڕژابوە سەر چاوی، لایدا. پاشان بە دەنگێکی پڕ لە دڵنەوایی وتی:

ـ دەی کچی خۆم، بڵێ بزانم چۆن ڕێت کەوتۆتە ئەم ناوە؟ ئەویش بەم شەوە! ڕێت ون کردووە یان بە دوای ونبوویەکدا ئەگەڕێی؟ هەوای زیارەت داویە لە سەرت یان لە ماڵە مێرد ئاوارە بوویت؟ لەکاروان بەجێ ماوی یان...

ـ هیچکامیان. نە ئەم و نە ئەو و نە ئەویتریش. جارێ پێم بڵێن بە هەڵە نەهاتووم؟ ئێرە ڕەوەندی کەلمیشیە؟

ـ ئێرەیە کچم.

ـ ئەی پیاوەکانتان کوان؟

ـ لای ڕانن. کارت بە کامیانە؟ باشتر وایە سەرەتا بڵێی لە کوێوە دێی؟ کارت چییە؟ مەبەست و مرازت چییە؟ ناوت چییە؟ پەیامی شوێنێک، کەسێک یان...

سەوقی نەی هێشت ژنەکان لەوە زیاتر چاوەڕێی بن وتی:

ـ دڵنیام پێشتر ناوتان بیستووم؟ من ناوم سەوقییە. من...

پێویستی بە زۆر گوتن نەبوو. شەو بە یادی مەدیارەوە ڕووشا، ژنەکان چوون بە خۆیاندا و بێدەنگ بوون. ئەوا سەوقی، ئەو کیژەی کە لە بوونی مەدیاردا هەر کەسە و بە ڕواڵەتێک نەخشاندبووی، لە بەردەمیان دانیشتبوو. نیلوپەڕێکی سووتاو، غەمبار، پەرێشان و شێواو. پاشماوەی ئەوینێکی بێ فەرجام. دیداری، یادی مەدیاری سەرزیندووی زیندوو ئەکردەوە. هەر بۆیەش بوو، کچە هەم ئازیز و هەم دڵچزێن بوو. ئارامی گیان و ژەهریش بوو. وروژێنەر و سۆزئەنگێز بوو. بڵقیس ئەوی ئەویست. باشتر بڵێم ئەوەی ویستبوو. زۆرجاران حەزیکرد بوو بیبینێ.

ئاخۆ کێ بۆ ئەو کچەی دڵی مەدیاری فڕاندووە؟ هەزار جار ویستبووی ئەمە بزانێ. بەڵام ئێستە کە ئەیبینی غەمێکی ڕەشی لە سەر دڵی هەست پێ ئەکرد. یادی برا! یادی برا وای لێ ئەکرد هەستێکی سەرکەش خەیاڵی ڕاژەنێ و لەو خەیاڵەدا، ئێسک و پرووسکی کچە لە بن ددانیدا بوو و ئەیجوو و دایئەکرماند. چۆلەکەیەکی بێ پەنا لە بن ددانی کەوەماردا!

ژنەکانی تریش ڕوویان خۆش نەبوو. لای ئەوانیش ئەوە ئەوبوو مەدیاری نابوو بە گوللەوە. سەرەڕای ئەمەش، دوور لەم پەیوەندە، دڵیان بۆ سەوقی ئەسووتا، ئەتوت پەیوەندیی نێوان خۆیان و ئەو هەست پێئەکەن. جۆرێک یەکبوونی ئازار. چونکە هەر کامیان خۆیان بخستایەتە جێگای ئەو نەیان ئەتوانی خراپی بڵێن. ئەو ئازیزێکی ویستبوو و لە زۆریی ویستن لە دەستی دابوو. دۆڕاندبووی و ئێستەکانەش، بە بێگومان غەمی هیچکەس بۆ مەدیار نەئەگەیشتە ڕادەی پەژارەی دڵی سەوقی. ئەوەی لەو هەڵکەنرابوو، هیچ کەسی بە ئەندازەی ئەو ئازار نەدابوو. دڵی سەوقی تەنوور بوو و ئەوانیتر بە دەوری گڕەکەیدا ئاڵقەیان بەستبووبوو و دەستێکیان بۆ گەرماکەی ڕاداشتبوو. ئەگەریش ئیرەییان پێئەبرد، بێهوودە بوو، بێمایە. بەرچاوتەنگی ودڵکوێری بوو. نەئەبوا وابێ. سەوقی کەوتەوە قسە:

ــ هاتووم ئاگادارتان بکەم لانیکەم مەهێڵن مردووەکە لە ناو قەوردا ڕاچڵەکێنن. نادعەلی ورکی گرتووە هەر چۆن بووە، بکوژی باوکی بدۆزێتەوە. هەزار بەڵای بە سەرم هێنا بەڵکوو ناوی مەدیار لە ژێر زمانم دەربکێشێ. بەڵام من بە هەر جۆرێک بووە خۆم ڕاگرتووە و زمانم هەڵنەپچڕیوە. لە ناو بیرەکەدا هەڵیواسیم، جنێوی پێدام، بەقامچی شین و مۆری کردمەوە، ناو و ناونێتکەی لێنام، وتی ئەمخنکێنێ، بەڵام من

دیسانەوەش تاوم هێنا و قسەم نەکرد. پیرێ ئێوارە دایان لە دەرگا، گۆڕهەڵکەنەکەی گۆڕستانی بەرەکشایی بوو. هات و وتی شوێنی بکوژەکەی هەڵگرتووە. نادعەلی لەگەڵ خۆی برد بۆ گۆڕستان بۆ ئەوەی قەبرەکە هەڵدەنەوە و تەرمەکە لە خاک دەر بهێنن و پیشانی نادعەلی بدات. پاشانیش نازانم چی ڕووی داوە؟ ئێستەش خۆتان ئەزانن و مردووەکەتان. گۆڕهەڵکەن کابرایەکی برسی و بێدین بوو. کرێی پێ، گەنم و ڕۆنی ئەویست. کاتێ لە ناو بیرەکەدا هەڵواسرابووم ئەمانەم بیست. لەوەی ئەیوت و لە سەری ئەڕۆیشت، لە دەستی ئەهات هەر کارێک بکات. وا سەیرم مەکەن، ئەگەر نەهاتایەتم بۆ ئێرە و ئەم ئازارەم لە سینەمدا حەپس بکردایەت، دڵم ئەتۆقی. ئەخنکام. بەخوا من تاوانم نییە. وتم بێم و پێتان بڵێم، ئەزانم ئێوەش ئەژڵەژێنم، بەڵام چ بکەم؟ نەمتوانی خۆم، ڕاگرم نەمتوانی.

ـ واتە گۆڕهەڵکەنی بەرەکشایی ئەو جەوانەی هەڵگرت و بردی بۆ سەر تەرمەکە؟!

بڵقیس بوو کە سەری سووڕما بوو، لە حەپەسانێکی ئاوێتەی ژان ئەمەی ئەپرسی و ئەتوت وشەکان لە ناخی دڵی هەڵئەکەنرێت. سەوقی وەڵامی دایەوە:

ـ هەر ئەوەی کە وتم، گفتوگۆکەیانم بە گوێی خۆم بیست. چاوم لێبوو کە ڕۆیشتن. واتە نادعەلی سەرەتا گۆڕهەڵکەنەکەی ڕەوانەکرد، پاشان منی لە ناو بیرەکە هێنایە دەرێ، لە ژوورەوە حەپسیکردم، خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و بە دوایدا ڕۆیشت. ئێستەش لێتان ئەپاڕێمەوە. لانیکەم کارێک بکەن تا ڕۆحیانەتی مردووەکە لە ناو گۆڕەکەیدا ئەشکنجە نەکێشێ. من... من تاقەتی ئەو هەموو سووکایەتیەم نییە. قەبری مەدیار زیارەتگای منە!

بڵقیس وتی:

ـ باشە کچەکەم! بەڵام تۆ بەهاتنت بۆ ئێرە کارەکانت

خراپتر کردوه خۆ! به هاتنی تۆ بۆ ئێره، بۆیان دەرئەکەوێ هەر چی هەیە لە ڕەشماڵی میشکاڵیەکانەوە سەر چاوە ئەگرێ! تۆ بیر لە ژانە سەری پاشتری ناکەیتەوە؟ ئەویش لەمساڵە تەنگ و نەگبەتەدا. ئەوەی بە سەرمان هاتووە، لێشمان زیادە. ئەگەر بێت و شوێنی تۆ هەڵبگرن و بێنە ئێرە، یەخەی ئێمە ئەگرن. ئەوسا ئێمە چارمان چی ئەبێ؟!

سەوقی وتی:

ـ ئەی من چیبکەم؟ هێشتا نەبوومەتە بیست ساڵان زەلیل بووم! کوڕی خاڵم وەکوو یەخسیر لەگەڵم ئەجووڵێتەوە. خۆزگە ڕێزی کەنیزێکم هەبوایە. هەموو ئەمانە بۆ ئەکێشم؟ بۆ کێ؟ بۆ دڵیخۆم و بۆ مەدیار. نۆشی گیانم بێ، منەتم بەکەس نییە. خۆم ویستوومە، چاوم دەرئەهات، تاو ئەهێنم. بەڵام لانیکەم ئەبێ هەقی ئەوەم هەبێ بۆ ئازیزەکەم شین بگێڕم. وایە یان نا؟! کاتێکە ئەبینم دوو دڕندە ئەچن بۆ سەر گۆڕەکەی و ئەیانەوێ گۆڕەکەی هەڵدەنەوە، جەرگم ئاگر ئەگرێ. چی بکەم؟ شایی بکەم؟ یان هەر وا دانیشم و سەیریان بکەم؟ ناتوانم! ئەتوانم؟ ئێوە بوونایە چیتان ئەکرد؟

وەڵام نەبوو و کەس هیچی بۆ وتن پێ نەبوو. خامۆش، هەر کەس خەریکی کاری خۆی بوو. ماراڵ کە لە ڕووناکیەکە نزیکتر بوو، گۆرەوی ئەچنی. پەنجەکانی خستەوە کار و چاوی بڕییە سنگ و بەنەکە. هەیڤۆ هەڵسا، چووە ناو ڕەشماڵەکە و؛ زیوەر هەر وا کە دەستی هەڵپێکا بوو و چەناگەی نابوویە سەری، ئاخێکی کورتی هەڵکێشا، کشایەوە و چاوی بڕییە تاریکیەکە. ئەتوت غەمی دنیا ڕژاوەتە ناو دڵی؛ غەمێک کە ئەوسەری ناپەیدا بوو. هاتنی سەوقی، قسەکانی و حاڵی شڕی وای لێکردبوو. جووڵانی زمانی درێژ و تفتی ماران، سووتێنەر و پڕووکێنەر. هەڵسا کە دووربکەوێتەوە و خۆی لە تاریکیدا ون بکات، بڵقیسیش هیچی نەوت و لێیگەڕا بڕوات. زیوەر

ڕۆیشت و لە بەرەگەدا نەما.

بڵقیس سەرنجی لە سەر کچە لادا،ناڵەیەکی کورت لە نێوان ددان و لووتیەوە هات، هەڵسا و چووە ژوورەوە. پارچە نانێک و تۆزێ ماستی خەستەی هێنا، لەبەردەم کچەدا داینا و وتی:

ــ بخۆ، دیارە هیچت نەخواردووە. بخۆ!

ــ ئاو. تۆزێک ئاوم پێبدە، تینوومە. زمانم لە وشکیدا شەقی بردووە.

ماراڵ، پێش ئەوەی بڵقیس بجووڵێ، هەڵسا و زەرکێک ئاوی بۆ کچە هێنا. سەوقی بە یەک پشوو نای بە سەرەوە، زەرگەکەی دانا و وتی:

ــ یەک پشوو هاتووم. نازانم چۆن لە ناوڕێ لەسەرخۆم نەچووم! برسێتیم لە بیر بردبۆوە. ئێستە...

ــ ئێستە بۆ تاوێک ئەم شتانە لە بیر بەرەوە. ئارام بگرە و نانەکەت بخۆ. بخۆ... ئەوا چایشت بۆ ساز ئەکەم.

بڵقیس پارچەی نان و پیاڵەی ماستەکەی زیاتر خزاندە بەردەمی و هەڵسا چوو بۆ لای کترییەکە. ئاگری داگیراند و هەر لەوێ لای کوانووەکە دەستی خستە ژێر چەناگەی و چاوی بڕییە دووکەڵی کوانووەکە و نازانم بیری لە کام یەک لە گیر و گرفتەکانی خۆی ئەکردەوە؟

لەم کاتەدا، سەوقی و ماراڵ بەتاق کەوتن. ماراڵ لە کاتێکا کە خەریکی کاری خۆی بوو، لە ژێر چاوەوە سەیری کچەی‌ئەکرد، دیار بوو نانە ڕەقە بە دژوواریی لە گەرووی ئەچێتە خوارەوە، چونکە لەگەڵ هەر پاروویەک قومقوم ئاوی ئەخواردەوە. ماراڵ سەری داخست نەکا کچە پێی وابێ پاروەکانی ئەژمێرێ. ئەگەر بۆچوونێکی وەها پەیدا ببێ، بۆ میوان هۆی زیزبوون و بۆ سفرەدار شوورەییە؛ هەر چەندە جگە لە پارچەیەک نانی ڕەقیش لە سەر سفرەکەی نەبێ.

بۆیەش بوو کە مارالْ زیاتر خۆی بە کارەکەیەوە خەریک کرد. سەوقی، کە جووڵانی شەویلکەکانی خاوببوویەوە، لە پڕ بە شێوەیەکی نەخۆشانە و تروساو چاوی بڕییە مارالْ و بۆ تاوێک هەر وا مایەوە. وەکوو گورگێک کە چاو ئەبڕێتە بەرخێک و ئێستە نا ئێستە پەلاماری دا. نیگای هار و مۆڵەقی سەوقی وای دەر ئەخست؛ بەڵام لە سینەیدا وشەیەکیتر هەبوو. ئەو بەهەمان دڵەڕاوکە ترساوییەی لە چاویدا بوو پرسیاری کرد:

«جێی کەسم خۆ تەنگ نەکردووە؟»

ـ ها؟ چیبکەم؟ پێم بڵێ، خراپم کردووە هاتووم بۆ ڕەشماڵی ئێوە؟

مارالْ ئەیتوانی چی پێ بڵێ؟ چ وەڵامێکی بداتەوە؟ ڕەشماڵی ئێوە؟

ـ خوشکم ئێرەی ڕەشماڵیمە... ڕەشماڵیمە... چیت پێ بڵێم؟ ئێرە ڕەشماڵی کەلمیشیەکانە. منیش وەکوو تۆ غەریبم. لێرە میوانم. نازانم چۆنت بۆ باس بکەم؟ من برازای بڵقیسم یانی منیش لە ناچارییدا هاتووم بۆ ئێرە؟ تۆ نازانم. ناتوانم بڵێم باشت کردووە هاتوویت یان خراپ. نازانم. هاتوویت ئیتر. واتە نەتتوانیوە نەیەیت. هەوەڵ و ئاخر... چیبڵێم؟ خۆت خۆ وتت خۆت پێ نەگیراوە و هاتوویت. ئێستەش خۆ هیچ نەبووە! هاتوویت ئیتر. من لە دەردی تۆ تێئەگەم. پووریشم ژنێکی نەگونجاو نییە. ئەم قسانەش لە ترسی گیانی کوڕەکانی ئەکا. خۆت خۆ ئەزانی. خەڵکی ئەم وڵاتە ئەمساڵ تووشی شوومی و نەهامەتی هاتوون. مەڕەکان پۆلپۆل سەر ئەنێنەوە و ئەمرن. ئەم پێیشهاتەش هەمووانی تووشی ماتەمینی کردووە. هەموو شتێک تێک چڕژاوە. منیش... چووزانم! ڕەنگە باربم لە سەر شانیان! قسەیەکی دژوار ئەگەر ئەکا لە بەر ئەمەیە. ئێستەش...

ـ ئەزانم ئەڵێی چی. ئەزانم. بەڵام پێم خۆش بوو پوورزات

گوڵمحەمەد ببینم. مەدیار هەندێ باسی ئەوی بۆ کردبووم. حەزم ئەکرد ئەم قسانە بەو بڵێم. تۆ ئەڵێی ئەمشەو دێتەوە؟

ــ چی بڵێم پێت؟ ڕەنگە بێتەوە، ڕەنگیشە نەیەتەوە. ئەویش لەگەڵ پیاوەکانی تردا لە لای ڕانە. تازە پەزمان هێناوە بۆ ناو جاڕەکان. ڕەنگە بگەڕێتەوە، چووزانم؟ لە سەر سەفەر بوو بەڵام!

سەوقی دەستی لە خواردن هەڵگرت، شوکرانەی بژارد، ئەژنۆی گرتە باوەش و چەناگەی نایە سەر کەشکەی ئەژنۆی. ماراڵ نەی ئەزانی ئیتر چی پێ بڵێ؟ حەزی ئەکرد بتوانێ دڵنەوایی بداتەوە، بەڵام بە چ زمانێک؟ نەی ئەزانی.

وادیار بوو بە سانایی نەی ئەتوانی بارێک لە سەر دڵی کچە هەڵگرێت. ئەو ئارام نییە. تاوتاو ئەلەرزێ، جەستەی ڕائەچڵەکێ و بە بێ ئەڤان سەری بەم لاو ئەولادا ئەسوڕێنێ. لێوی ئەگەسێ. پەنجە لێک هەڵپێکراوەکانی ئەگووشێ. دەستی ئەتەقێنێ و تەوێڵی ئەکوتێ بە سەر ئەژنۆیدا. لە سەر جێی خۆی ئەجووڵێ. چۆکاوچۆک ئەکات. هەناسەی پچڕپچڕ لە سینەی ئەداتە دەرەوە و دیسانەوە خۆی گرمۆڵە ئەکات. نائارامە. وەک ئەو مارەی جووتەکەیان کوشتووە. وادیارە لە دەروونیا ئاژاوەیە. کە سەری هەڵئەهێنا و چاوی ئەبڕێتە جێیەک یان شتێک، مووی لەشی ماراڵ ڕاست ئەبوونەوە. وەکوو ئەوە ژەهر بە دەمارەکانیا بگەڕێ. ماراڵ ئەگەر شتێکی دێتەوە بە بیردا کە پێی بڵێ، ناتوانێ. کچە ڕێ بە وتووێژ نادات. زۆر شڵەژاوە. دیاردەکانی نەخۆشیەکی نەناسراو. ئەڵێی لە دیارێکی ترەوە و بە ڕۆژ و هەوایەکی‌ترەوە هاتووە.

پێشتر وا نەبوو! لەپڕ!

ــ ئەڵێن ماڵی دێوەکان لە بنی بیرە، ها؟ تۆ ئەمەت بیستووە؟ چی ئەکەن لە بنی بیردا دێوەکان؟ ها؟

ــ من... جا من چووزانم... خۆ من تا ئێستە دێوم نەدیوە.

ــ مـن... مـن پێـم وابـێ بینیانـم. لـه بنـی بیرەکـەی خۆمـان. ئەو شـەوە. دەنگیشـیانم بیسـت. لە چوارگوێشـلیش کە هاتمە دەرەوە تارمایەکانیـان بـە شـوێنمەوە بـوو. پـێ بـە پێـم ئەهاتـن. نـاو بـە نـاو بانگیـان ئەکـردم. دەنگیـان لـە زەنگۆڵـەی وشـتر ئەچوو کاتێـک لـە دوورەوە ئەهـات. مـن نەگـەڕامـەوە، بـەڵام بینیانـم. پشـتم تێکـردن و هـەڵاتـم. پێیـان ووتـم وەرە ببە بـە بووکـی ئێمـە. مـن هـەڵاتـم. پشـتم تێکـردن و هـەڵاتـم. هەڵاتـم و لـە دەرەوەی چـەمـە وشـکەکە سـەرکەوتم و خـۆم گـەیانـدە سـەر ڕێگـەکـە و وتـم بیسـمیلا. خـۆ هیچـم لـێ نەهاتـووە؟ شـتێکم لـێ هاتـووە؟ پێـت وایـە ئازارێکیـان پـێگـەیانـدووم؟ نەگـەیانـدووم؟ ئێسـتاکانێ خـۆ نەخـۆش نیـم، هـەم؟ هـا؟ مـن شـتێکمە؟ پێمـەوە دیـارە؟ هـا؟

مـاراڵ ترسـا، وەک بڵێـی زمانـی گیرابـێ. حـەزی ئەکـرد هەڵسـێ. هـەڵێـت و بقیژێنـێ. دەنگـی کچـە ئاوازێکـی تـر و نیـگای ڕەنگێکـیتری وەرگرتبـوو. نـەک کتوپـڕ، بەڵکـوو ئـارام ئـارام خۆفێکـی نەناسـراو خزایـە گیانـی مـاراڵـەوە، ئەتـوت لـە دەمـی مقاشـێکـدا گیـریکـردووە. نـەی ئەزانـی چ هـەڵوێسـتێکـی هـەبـێ. دۆش دامابـوو نـەی ئەزانـی چ دارەتێکـی هـەیـە؟ دەسـت و پێـی خـۆی ونکـردبـوو. ئەیویسـت هـەڵسـێ، بـەڵام ئەتـوت دادووراوە بـە عـەرزەکـەدا. ئەیویسـت ڕوو بکاتـە بلقیـس، بـەڵام ئەتـوت لـە چوارچێوەیەکـی تەنـگدا بەسـتوویانەتەوە. ئەیویسـت قسـەیەک بـکات، بـەڵام ئەتـوت ڕێـی گـەروویـان بەسـتووە. بۆیـە هـەر وا کاس، شـەڵەژاو، گێـژ و وڕ و تۆقـاو، لەسـەرجـێ وشـکببوو و لەچـاوە دەرپـەڕیوەکانـی سـەوقـی ئەڕوانـی. باشـتر وایەبوتـرێ لـە بەنـدی نیـگای کچـەدا گیریکردبـوو هەسـتی ئەکـرد ئەگـەر بێـت و جووڵـە بـکات، چنگـی سـەوقـی گـەرووی ئەگـرێ. بـە ڕاسـتی خـۆف هەڵیگرتبـوو. نەیئەتوانـی بـڕوا بـکات ئەمـە هـەمـان ئـەو کچـەیـە تاوێـک پێشـتر لـە ناو تاریکیـەوە قـوت بوویـەوە و، لایانـەوە هـەڵتـرووشـکا! چـۆن بـە جـارێ ئـاوا گـۆڕا؟

ـ تۆ ئەڵێی دیسانەوەش دێنەوە؟ ها؟ تۆ ئەڵێی چی؟ ها؟ من... من چ وەڵامێکیان بدەمەوە؟ پێت وایە ئەگەر لێیان توورە ببم ئەچنە گیانی مەدیار و ئازاری ئەدەن؟ ئەوسا... ئەوسا لە لای خوا من تاوانبارم، ئەریٚ؟ تۆ... تۆ فێرم بکە چی بکەم. چیم لەدەس دیٚ؟ ها؟ نەکا لە لای خۆت وابزانی تێکچووم، ها؟ نەء، بەخوای بانی سەر، هۆش و ئاوەزم لە جێی خۆیەتی! بە خوا! بەڵام من سێبەرەکانیانم بینی. وەکوو دایکی نادعەلی وابوون. ڕەشپۆش. من... من ئەترسم نەکا شتێکم بە سەر هاتبیٚ! بگرە، دەستم بگرە نەکا تام لیٚهاتبیٚ؟ هانیٚ، بزانە!

کچە دەستی خۆی بۆ ماراڵ ڕادێرا بوو و لەبەردەمی ڕایگرتبوو؛ بەڵام ماراڵ تەنانەت نەی ئەتوانی چاو بترووکێنیٚ. وشک و مات بوو، ئەتوت گوشار بۆ خۆی ئەهێنیٚ بەڵکوو بتوانیٚ دەستی سەوقی بگریٚ. بەڵام بۆی نەئەکرا. ئەتوت دەستەکانی لە بنەوە گۆچ بوون، یان کەسێک توووند گرتوونی. لێوی خۆی گەست، هەناسەیەکی قوڵی کێشا، خۆی شلکرد و جووڵەی ئەندامەکانی خستە بن ئیرادەی خۆی و بە دژواریی توانی پێڵووەکانی بخاتە سەر یەک و بیکاتەوە ونیگای خۆی ئاسایی بکاتەوە. هەر وەها توانی ڕوخساری کچە بەو جۆرەی هەبوو، ببینیٚ.

ـ پارێز ئەکەیت و لێم ئەکشێیتەوە؟ ئەترسی دەستم بگری؟ ئەترسی بۆنی ئەوان کار بکاتە سەرتۆش؟!

دیار بوو سەوقی بەتەواوەتی ڕەنجاوە. ماراڵ دەستی بردە پێشەوە تاکو دەستی بگریٚ، بەڵام کچە لە پڕ و بە دڵێشاوی دەستی خۆی کشاندەوە، لە بن باخەڵی شاردییەوە، سەری نووشتاندەوە بە سەر سینگ و بازوویدا و وەک کۆترێکی نەخۆش کە سەر ئەکا بە بنباڵیدا، وسکوت و بێدەنگ بوو. ماراڵ بە دوای قسەیەکدا ئەگەڕا بەڵکوو دڵنەوایی بداتەوە و ئەو دارەتی بیانوو گرتنەی لە بیر بەرێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی

گوتەیەکی لەبار بدۆزێتەوە، پوورە بڵقیس بە چاییەوە هات، دانیشت و چای تێکرد. نایە بەر دەستی کچەو وتی:

ــ بیخۆرەوە کچەکەم، بیخۆرەوە کچە بەخت ڕەشەکەم، بیخۆرەوە با ماندوویێتی لە لەشت دەربچێ... ئا! چی بووە؟

تازە بڵقیس تێئەگەیشت لە نەبوونی ئەودا شتێک ڕووی داوە. بەوەدا زانی کە کچە هێشتاش سەری نابووە سەر ئەژنۆی و وادیاربوو قسەکانی ئەو نابیسێ. بڵقیس ڕووی کردە ماراڵ، مارال سەریداخست و بە سۆزەوە سەری ڕاوەشاند. بڵقیس واق و وڕ بوو و نیگای بە سەرگەردانی لە نێوان سەوقی و مارالدا ئەگەڕا. چی ڕووی دابوو.

ــ ها؟ چی ڕووی داووە؟

سەوقی سەری بەرز کردەوە، نیگای ئارامی بڕییە ناوچاوی ژنە و بە تێڕادیویەکی سەمەرە وتی:

ــ من لێرە ناڕۆم. مەدیار لێرە شوێنێکی هەبووە من لێرە ناڕۆم.

ــ لێرە؟

بڵقیس سەیری مارالی کرد. وەڵامێک لە چاوی مارالدا نەبوو. کچەی سەیر کرد. ئەو دیسانەوە ڕووی خۆی لە ناو قۆڵ و بەرۆکیدا شاردبۆوە و بێدەنگ ببوو. بڵقیس دیسانەوەش بە بێ ئەڤان سەیری مارالی کرد. ئەتوت بە هەر جۆر بووە ئەیەوێ بیخاتە قسە. مارال، تا ئەو جێگەی بۆیکرا بارودۆخی سەوقی، بە ڕەمز و ئەماژە بۆ بڵقیس باسکرد و تێ گەیاند کە کچە نەخۆشە. پاشان بڵقیس هێوەر بوویەوە، لە کچە نزیک بوویەوە، دەستی نایە سەرقۆلی، بە ئارامی و دایکانە ڕایوەشاند و بە دڵسۆزییەوە وتی:

ــ هەر چۆن پێت خۆشە، دایکەکەم. هەر لێرە بە. بمێنەرەوە. کەس چ نالێ. ئێستە چاکەت بخۆرەوە. بیخۆرەوە. بۆت باشە. ئەوا جێگەشت بۆ ڕائەخەم کە بخەوی. ئەبێ

بخـەوی. ڕێـت دژوار بـووە، زەبـری لـێـداوی. چاکـەت بخـۆرەوە دایکەکـەم، بیخـۆرەوە تـا مـن...

سـەوقی جارێکیتـر، وەکـوو مارێکـی سـڕ سـەری لـە پۆپکـە هەڵێنـا، نیـگای ئـارام و ترسـێنەری خـۆی خسـتە سـەر بڵقیـس و وتـی:

ـ مـن ئەبـێ ئـەم قسـانە بـە گوڵمحـەمـەدیش بڵێـم، ئـەو لـە کوێیـە؟

ـ وا لـە دەشـت. جارێ چاکـەت بخـۆرەوە بۆ ماندوویێتـی باشـە و ئەتحـەسـێنێتەوە. منیـش ئـەوا جێگـەت بۆ ڕائەخـەم.

بڵقیـس هەڵسـا و چـووە نـاو ڕەشـماڵەکە تاکـوو جێگەیـەک بـۆ کچـە داخـات. سـەوقی پیاڵـەی چاکـەی هەڵگـرت و بـردی بـۆ لێوی. ماراڵ خۆی کۆکردەوە و چاوەڕێ بوو کچە دیسـانەوە گفتـی ناسـاز دەرببـڕێ. بـەڵام سـەوقی هیـچ کردارێکـی نائاسـایی نەبـوو. چاکەی خواردەوە و بەر لەوەی بڵقیس بانگی بکات هەڵسـا، چـوو بـۆ لای ڕەشـماڵەکە، لـە تاریکـیدا ون بـوو و ماراڵـی لـە تەنهایـی و خـەیاڵدا بەجـێ هێشـت. تاوێکـیتـر بڵقیـس لـە ڕەشـماڵەکە هاتـەدەرەوە و لای ماراڵـەوە دانیشـت. هەناسـەیەکی هەڵکێشـا، چایەکـی بـۆ خـۆی تێکـرد و لـە بـەر خۆیـەوە وتـی:

ـ لە کوێوە پەیدا بوو ئەمە؟!

ماراڵ بۆی وت:

ـ نەخۆشـە! ترسـاوە. خەیاڵات هەڵیگرتـووە. ئەبـێ نووشـتەیەکی بـۆ بنووسـرێ. منـی بـە قسـەکانی تۆقانـد. وادیـارە لـە نـاو بیرەکـەدا تۆقـاوە! خـۆی پـێ ڕانـەگیراوە. ئیمام ڕەزا دەسـتی پێـوە بگـرێ. جـەوانـە.

بڵقیس بە خۆی وت:

ـ زەینەبـی بەڵاکێشـم مـن، زەینەبـی بەڵاکێش! چـی لـە تەوێڵـم نووسـراوە؟ چـی؟!

ماراڵ پرسـی:

ـ خەواندت؟

ـ چووە ژێر جێ. شەکەت و ماندووە. خەوی لێ ئەکەوێ. لە کوێن ئەمانە؟

هەیڤۆ لە ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە، پارچە نانێک و تۆزێ ڕۆنی بە دەستەوە بوو. هات و دانیشت و ڕۆنەکەی بە سەر پەنجەیەوە بوو ساویی بە نانە کەدا، ڕایگرت بۆ ماراڵ و بلّقیس. وتیان نۆش؛ هەیڤۆ نان و ڕۆنەکەی قرتاند. بلّقیس چاکەی خواردەوە و وتی:

ـ خۆزگە ئێمەش پارووی‌ەکمان هەڵئەدا و ئەنووستین. بانگی بکە بزانە بۆ کوێ چوو ئەم زیوەرەش؟ های... لە کوێی کچێ؟ وەرە نان و ئاوەکەت بخۆ.

زیوەر وەکوو سێبەر لە ناو تاریکیەکەوە دەرکەوت، بە ناز و ئارام هات بۆ لایان، سەیری جێگاکەی سەوقی کرد و لەپڕ پرسی:

ـ ڕۆیشت؟

ـ نەء، لێرەیە. تۆ لە کوێ خۆت ون کردبوو؟

ـ چووبووم چارەواکان بهێنمەوە. زۆر دوور کەوتبوونەوە. ئەوەندەت نەزانی ڕێبوارێکی خوا نەناس ڕایدان و بردیانی. بلّقیس هیچی نەوت، هەڵسا و چوو سفرەکە بێنێ، لە ڕێدا وتی:

ـ یەکێکتان دەستی بشوا و کلّۆیەک ماست لەو خیە دەربهێنێ با بە نانەوە بیخۆین.

ماراڵ هەڵسا و پاش تۆزێک سفرە داخرا و ژنەکان لە دەوری دانیشتن. هەموویان بە زمان خامۆش بوون، بەڵام ئەوەی کە خەیاڵی هەموویانی بە خۆوە خەریک کردبوو، هاتنی کتووپڕی سەوقی بوو و نەهاتنەوەی پیاوەکان بۆ ناو ڕەوەند. لە پەنای ئەم بیانوانەدا، خەیاڵێکی‌تر لە مێشکەکاندا هەڵئەقولا: مەرگی پەزەکان، ئەو خەیاڵەی کەس نەی ئەوێرا باسی بکات.

خامۆشی و بێدەنگی تەنها دەرمانی دڵەکان بوو. هەیڤۆ بە ئاسپایی ـ وەک بڵێی لەگەڵ خۆی ـ وتی:

ــ زۆر نیگەرانم. ژنەکانی شادقولی‌یش ئەیانوت کرم داویە لە ڕیخۆڵەی پەزەکانیان.

گوێکانی بڵقیس تیژبوون و پرسی:

ــ نەیانوت چ چارەیەکیان بۆ دۆزیونەتەوە؟

ــ ئەیانوت پیاوەکانیان کۆ بوونەتەوە بزانن چییان پێ ئەکرێ. وتیشیان سەمسام خان دوکتۆری لە مەشهەدەوە هێناوە و دەرزی داوە لە ڕانەکانی خۆی.

بڵقیس بەزمانێکی بوغزاوی وتی:

ــ سەمسام‌خان ئەتوانێ. ئەو خێڵخانە. بۆ بهێڵێ مەڕەکانی تیابچن؟ دیارە ئەمکارە ئەکات. ئەو لەگەڵ خەڵکی شار و قەڵەو و دەسڕۆیشتوو بێنە و بەرەی هەیە، لەگەڵ ئەوانەی کە هەموو بەهارێک بە دەهۆڵ و زووڕناوە دێن بۆ کەلیدەر و بەرخی سوورەوەکراو بە شەرابەوە ئەخۆن. ئەبێ دوکتۆر و دەرمانیش بۆ پەزەکانی بنێرن. هەر دانێک وەرگرتنەوەشی هەیە! ئەگەر مەڕەکانی سەمسام‌خان لە نیوەی ساڵدا چۆک دابدەن و سەقەت ببن، کێ قاڵیچە و کەوڵپۆسی ئەنتیکە بۆ جەنابانیان بە دیاری ئەبات؟ کێ لەبەردەم سەرۆکی جەندەرمەکان‌دا قۆچ قوربانی ئەکات؟ کێ مەشکە کەرە و ماست و قەیماخ، ئەنێرێ بۆ بەردەرگای ماڵەکانیان؟ ئەگەر پەزەکانی سەمسام‌خان لە ناو بچن ئەوان لە سەر سفرەی کێ ئەو بەرخانە بخۆن کە ناوسکیان بە ناوکە بادەم و پستە و بەڕوو و کشمیش و بەهارات پڕ کرابێ؟ ئۆف... ئاخ... ئـــۆف!

کەس لە سەر قسەکانی بڵقیس‌دا قسەی نەکرد. وا دیار بوو هەموویان هەموو گوتەکانی بڵقیسیان سەلماند بوو. نان خواردن کە تەواو بوو بڵقیس وتی:

ــ ڕابن، ڕابن، سەر بخەنە بن باڵنج و بخەون، بزانین بەیانی چی ڕوو ئەدات!

ژنەکان سفرەیان خڕکردەوە و هەر یەکە و چوو بۆ لای ڕەشماڵی خۆی. بلْقیس کە وەستابوو و سفرەکەی بە دەستەوە گرتبوو، دەنگی بەرز کردەوە و وتی:

ــ تۆ زیوەر، بڕۆ لە خێوەتی هەیڤۆولای ئەو بخەوە. تۆیش ماراڵ بڕۆ لای ئەو کچە و لەوێ جێ بۆ خۆت ڕاخە. منیش لێرە لەدەرەوە سەرم ئەنێمەوە و چاوم داناخەم، بەڵکوو یەکێک لە پیاوەکان بێتەوە. مسۆگەرە یەکێکیان هەر دێتەوە، ئێوە بڕۆن و ئاسوودە بن. من بەخەبەرم. بڕۆن. چاوەڕانی چین کچێ؟

بلْقیس لەگەڵ ماراڵی بوو. هەیڤۆ و زیوەر چووبوونە ژوورەوە؛ بەڵام ماراڵ هەر وا لای ئەستوندەکی ڕەشماڵەکە وەستابوو و سەری داخستبوو. بلْقیس لێی نزیک بوویەوە و وتی:

ــ ئا؟ بۆچی ئیستیخارە ئەکەی؟ ئەترسی لە ڕەشماڵێکدا لەگەڵی بخەوی؟

ماراڵ دڵ بەگومان، ترساو وئارام سەری هەڵێنا و بە نیو نیگایەک سەیری پووری کرد و ئەیویست بە نیشانەی ئەرێ، سەری ڕاوەشێنێ. بەڵام پێی شەرم بوو و هەستی کرد ئەگەر وا بڵێ لە بەر چاوی بلْقیس ئەشکێ. چ باک؟ مەگەر ئەیویست بچێتە ناو بێشەی پڵینگ یان قەفەسی شێر؟ ئەم کچە خۆ لە کچێک زیاتر نەبوو! هەر پەنجەی ببوایەت بە خەنجەرێک هێشتاش بە ماراڵ نەئەوستا. بەڵام بۆچی؟ بە چ دوژمنیەک؟ مەگەر چی لەو کردبوو؟ هیچ . ئەی چی؟ لە بەر ئەوەی کچە شەڵەژا بوو؟ دەیجا با ببێ! ماراڵ خزایە ژوورەوە و بلْقیس لە بن دارەکە، جاجمێکی لە خۆی ئالاند و هەر لەوێ خۆی کزکرد و چاوەکانی وەکوو کوند بڕییە شەو. نیگەران، بە خۆف و دڵ لە مشت. وای ئەزانی پەلەوەری شووم بە دەور سەریدا

ئەفڕن و بە نالەباریی ئەقیژێنن. تووشی جۆرە وڕییەک ببوو. دڵ هەڵکەنراو، ئەتوت بە تەمایە هەواڵێکی شووم ببیسێ. بەیانیەکی ڕەش، ئەتوت چاوەڕێی ئەکات. ترسی بەیانی خۆی و کەسانی هەبوو. ترسێکی نهێنی. ئەوەی تا ئێستە ڕووی دابوو و ڕووی ئەدا، هەموو نالەبار، غەمئەنگێز و تۆقێنەر بوون. گیان و دڵی ئەهەژا و پاشان ئەژاکا.

ڕێڕەوی ژیان تێک چووبوو. شەپۆل لە دووی شەپۆل ئەهاتن، ئەدران بە سەر یەکدا و وەکوو کێوێک بە یاڵی یەکدیدا سەرئەکەوتن و لەپڕ دائەڕمان. دڵەراوکێ! دڵەڕاوکێ! نەکا لە خوا بێخەبەرێک نەفرینی کردبێتن؟ نەکا دۆعاکەی گیرا بووبێ. ژیان، نەکا ئەیەوێ لێک هەڵوەشێ؟ داڕووخان؟ هەر ەس؟ ڕۆژی مەرگ ئایە نزیکە؟ بۆکێ دەس درێژ بکەن؟ پەنا بۆ کێ ببەن؟ دادی خۆیان بە گوێی کێدا بچرپێنن؟ چنگی تیژیان لە یەخەی کامە زاڵم گیرکەن؟ ددانیان لە گەرووی کامە خوێنخۆر بچەقێنن؟ درێخ سەرلێشێواوی، درێخ کوێری. نابوتی. لەگەڵ مردنی هەر مەڕیکدا مردن. گیاندان لەگەڵ مەرگی بزن و شەک و تەگە و بەران. چار کامەیە، کوا دادڕەسێ؟ داد، ئەی بێداد! بڵقیس، بڵقیس کێ بیر لە تۆ ئەکاتەوە لەم دەشتە پانەی کەلیدەردا؟ لەم هەموو ئەسێرە و ڕەشاییەدا؟ کێ غەمی تۆ بۆ ماڵی خۆی ڕێگە ئەدات؟ کوا نیگایەک ڕووی لە تۆ بێ؟ کوانێ گوێیەک ناڵەکانت ببیسێ؟ تۆ دیار نیت، دایە. شیوەن ئەکەی، لە خەڵوەتی خۆتدا ئەگری، دەردی گیانت زۆر بەسۆیە، غەمی قورسی ڕەوەندی کەلمیشی باری سەردڵی تۆیە؛ سەرەڕای ئەمەش تۆ ونی دایە. تەنها و شاراوە. ڕوانگەت ئەستێرەی تەنهان.

ئەستێرەکانی ئاسمانی کەلیدەر، ئەمشەو چەند بە زریوەن؟ چاوی گورگان، چەند زەلاڵن. شەوێکی سۆلانە. خوا چراخانی کردووە؛ لە کوێی ئەتۆ، ئەندێشەی داد؟ بڵێی تۆ

بتوانی بڵقیس، ئەم گرێی غەمە، کە لە تەنهایی قووڵی خۆیدا پۆپکەی داوە ببینی؟ کە لە بن قەدی و شکەڵاتووی دارتوودا هەڵنیشتووە، ببینی؟ بڵقیس بە تەنهایی، غەمی هەزاران ساڵی ژنانی دەشتەکی مەیە. گرێی غەمە، بنەی ڕەنجە، دەستی کارە، مەمکی مناڵە؛ دایکە بڵقیس. بڵقیس ئەو کەسەی ژن بوو و بووە بە بەردەبیرۆ.

بەردێک لە ناخی ئاسمان هەڵکەنرا ـخەنجەرێکـ هێڵێکی بە سەر سینەی ڕەشی شەودا کێشا و لەشوێنێک، ڕەنگە لە گۆڕستانێکی کۆنە کەوتە خوارەوە. پێستی شەو بە خەنجەری شکاوی ئەستێرە ڕووشا. بڵقیس ڕووی لە ئاسمان وەرگێڕا و سەری خستە ناو ئەستۆی خۆی. ئەتوت ئەیەوێ دەنگی دڵی خۆی ببیسێ. بەڵام دڵی چی پێئەوت؟ هیچ! خامۆش بوو ئەم دڵە. کوانوویەک بڵێسەکانی دامرکابێ و بووبێ بەخۆڵەمێش. دڵی خۆڵەمێشی بوو. تاڵ و مۆر. پزیسکەیەکیش ئەگەر هەبوو، لە بن خۆڵی خۆڵەمێشدا شاراوە بوو. لە چاو ون بوو. تووەوەیەک بوو. ئەمە خۆی شایەتی کۆمایەک خۆڵەپووت بوو لە قووڵایی گیانی دایکدا. کانیەکی هەڵقوڵاو لە تینوێتی ئاگر کە لە ژێر زۆریی خۆڵەمێشدا کوێر کرابوو و ئێستەش ڕەنگە بۆ دەروویەک ئەگەڕا تا هەڵقوڵێ و خۆی دەرباز بکا.

بەڵام کەی؟

ئەوەیان نازانم. بەڵام لەرز و تایەک دەروونی بڵقیس ڕائەژەنێ. ئەستوندەکی خیوەتەکان لە بەر چاویدا سست ئەبوون. خۆڕاگرییان لە دەست ئەدا. جۆرێک لێک هەڵپچڕان لە هەموو پەیوەندییەکانی بنەماڵەدا سەری هەڵدابوو. شتێک خەریک بوو لە دەس ئەچوو. خەرمانێک خەریک بوو ئەدرا بە بادا و؛ دەروونی دایک ئاڵۆز بوو. بەیانی ئەگەر هەڵدێرێکی زۆر قووڵ نەبوو، بەڵام سەرزەمینێکی تەماوی و پڕ دوومان بوو. بەیانی خۆی زۆر بەیانیتری بە دواوە بوو. زەمانە لە بەردەمیاندا بوو.

بۆ پیاوەکان ئەمە ـ ڕەنگەـ زۆر ترسناک نەبوو. ئەوان ناوچاویان گرژ ئەکرد، تفیان لە خاک ئەکرد و بە شەو ئەچوون بە پیری مەترسییەوە. بۆ هەر لایەک لە جووڵە و جەنگدا بوون و بە دوای ناندا بۆ سەمەرقەندیش ئەچوون. بەڵام ئەوەی بە ژنەکان ئەگەیشت، ترس بوو و دڵەلەرزێ بوو و غەم بوو و دڵەڕاوکێ و، لە ناو ژنەکانیشدا بڵقیس مەیدانی کارەسات بوو. بۆیە پێشەکی شینی ئەگێڕا. ماتەمینی خامۆش. ماتەمینی ناخ. لەگەڵ خۆیا خەڵوەتی کردبوو و بیری لە هەمووان ئەکردەوە. زەمینەکانی بیرکردنەوەی چەند بە بار بوون؟ بیر لە کامیان بکاتەوە؟ بۆ دڵی خۆی باسی عەبدۆس بکات یان وشکساڵی؟ هی خانمحەمەد یان دێمەکان؟ هی مەدیار یان ئاسمان؟ ترس بۆ گوڵمحەمەد بگێڕێتەوە یان جەرگ سووتاندن بۆ ڕانەکە؟ لە دەستی ڕۆژگار بناڵێنێ یان بۆ کچەی نەساز، ئەو ئاسکەی لە دەس ڕاوچی هەڵهاتبوو، لە بن باڵی ئەو لێی خەوتبوو؟ باسی چی بکا و بیر لە کامیان بکاتەوە؟ بەقەد ئەستێرەی ئاسمان چیرۆک و سەربردە لە سینەیدا کۆوە ببوون. کامەیان لێی نزیکتر بوون؟

دایک سەری نا بە قەدی دارەکەوە و هەوڵیدا لە لەرزینی لێوەکانی کەم بکاتەوە. بۆ ئەمەش لێوی بە ددان گەست و بەلۆی لەچکەکەی ڕووی خۆی داپۆشا. ئەتوت یەکێک سەیری ئەکا و ئەویش نایەوێ هیچکەس، جگە لە چاوانی دەروونی خۆی ڕوخساری کزی ببینێ. ڕوو داپۆشان کاتی ڕق و فرمێسک، خووی ژنانی مەیە. بڵقیس خۆی شاردەوە، لە شەو و لە بیابان. چونکە بێگومان هیچکام لە کچەکان بە ئاگا نەبوو تا لە درزی ڕەشماڵەکە بە دزیەوە سەیری بکات. بڵقیس پێی وابوو هەموو خەوتوون. ئەو پێی وابوو، بەڵام وابوو؟

لە ناو ڕەشماڵەکەی سەبراو، زیوەر و هەیقۆ لای یەکترەوە ڕاکشابوون و بەئاگا بوون. چاوە وشکەڵاتووەکانی زیوەر لە

ڕەشایی خواری ناو ڕەشماڵەکەی ئەڕوانی و بیری لە بچووکترین ڕووداو و ساتەکان ئەکردەوە. خەیاڵی ئەخستە سەر خەیاڵ و ئەندێشەی ئەکرد. بەڵام گوڵ و نەخشی بیرکردنەوەی شووەکەی بوو. گوڵمحەمەد. دنیا تیا بچێ، بەڵام شووەکەی بۆ ئەو ڕاوەستاو بێ. بەڵام ئەمە چ گومان و مەترسیەک بوو لە ناو بیر و هۆشیدا پەیدا ببوو؟ سەبارەت بە گوڵمحەمەد چی ئەگۆڕدرا کە زیوەر نەی ئەتوانی بە ڕۆشنی بیبینێ؟ نەی ئەبینین بەڵام تارماییەکانی لە دوورەوە لە ناو شەوێکی ڕەشدا هەست پێ ئەکرد. لەم چەند مانگەدا زیوەر بۆچی جگە لە گوڵمحەمەد بیری لە هیچیتر نەکردبۆوە؟ بۆچی لە هەر کوێ و هەر شتێکەوە دەستی پێئەکرد؛ کۆتاییەکەی ئەهاتەوە سەر گوڵمحەمەد؟ ماینێکی دەستەمۆ کراو کە لە هەر شوێنێک بەرەڵای بکەی، ئەگەڕێتەوە بۆ لەوەڕگەی بنە! چی ڕووی دابوو؟ کوێ جما بوو؟

ـ تۆ لە ماراڵ ئەترسی، وانییە؟!

ـ چی؟!

پرسیارە بوێرانەکەی هەیڤۆ ڕای شەکاند و وەک هەڵۆیەکی ڕەمیوو کەوتە دڵەڕاوکێ و شەڵەژا، ناخودئاگا و پچڕپچڕ وتی:

ـ نانا، بۆچی؟ بۆ چی لەو؟ مەگەر... بۆچی لەو؟ ها؟ تۆ بۆ وا بیر ئەکەیتەوە؟ بۆچی؟ لە بەر چی؟ لە کوێوە؟

ـ لەوێوە کە تا ئێستە بینیومە. لە وەتەی ئەو هاتۆتە ناو ڕەوەند، گرێی هەنیەی تۆ نەکراوەتەوە! دڵ و دەماخی وتووێژت نییە. کاری شۆردن و خاوێن کردنەوەکەش بە زۆر و ناڕەزایی ئەکەی! چاوت پێیدا هەڵنایەت. پارێزی لێ ئەکەی. پیاوەکان، ڕەنگە پێ نەزانن بەڵام من لە جۆری خۆتم. ئەم شتانە زوو تێئەگەم. هەر ژنێک تێئەگا. تۆ پێت وایە بلقیس هەستی پێ نەکردووە؟ ئەویش زانیویەتی. بەڵام نایخاتە خۆی. لە بەر ئەوەی ئەو زیاد لە پێویست سەرئێشە و گرفتاری هەیە، خودی

مارالّیش ئەزانێ و نایخاتە خۆی!

ــ چۆن؟ ئەو چۆن؟

ــ بینیت چۆن گوێت تیژ بوو؟ مرۆڤ خۆ تا قیامەت ناتوانێ شتێک لە چاوی کەسانی خۆی بشارێتەوە! ڕۆژێک ئەو دەمامکە هەر لا ئەچێ. دەرئەکەوێ. من خۆم هەمان سێ چوار ڕۆژی سەرەتا زانیم چی بە چییە! ئێستە تۆ...

زیوەر بێ پەردە وتی:

ــ ئا؟! ئەو چی وت؟ چی ئەڵێ؟ خەیاڵی چییە؟ چی لەسەردایە، ها؟ بە مووی سەبراو سوێندت ئەدەم ڕاسم پێ بڵێ. ئەمەوێ بزانم.

ــ هیچ ناڵێ ئەویش. من لە هەڵسوکەوتی وا تێئەگەم. لە نیگاکردنی. چاوەکانی مارالّ لەو جۆرەن کە هەمووشت ئێژن. وەکوو ئاوێنە. ئەتوانی هەموو شتێکی تیا ببینێ. بەدخوازی تۆ نییە، بەڵام...

ــ بەڵام چی؟ خەیاڵێکی لە سەردایە؟ نەء! نا، پێم وانییە. تۆ هیچ ئەزانی دەزگیرانەکەی لە حەپسە؟ ئەمە ئەزانی؟

ــ چۆن نازانم.

ــ دەی، دیسانەوەش؟!

ــ ئەمەیان نازانم.

ــ من ئەمەوێ بزانم. تۆ ڕاست و درۆکەیم بۆ دەرخە. توو گیانی سەبراو، توو کاکۆڵی عەلیئەکبەری حسێن ئەمکارەم بۆ بکە. هەمیشە لە لەرزین و دڵەڕاوکێ دام. هیچ شەوێک خەوم نییە. وام لێهاتووە خوار سەیری هەموو شتێک بکەم. ئەترسم نەخۆش بکەوم. خوشکێکی باش بە هەیقۆ، گەورەیی بکە! هەتا ماوم کەنیزیت ئەکەم. پێڵاوت بۆ جووت ئەکەم. منەتت هەڵئەگرم. هەیقۆ بەکێ سوێندت بدەم؟

ــ باشە ئیتر! بیستم. ئەوەندە دەنگت بەرز مەکەرەوە؛ هەموو کەس تێ مەگەیەنە. باشە، من قسەی لەگەڵ

ئەکەم. ڕەنگە بتوانم هەندێ شت لە ژێر زمانی بکێشمەوە. ڕەنگە لە تامی دەمی تێبگەم. ئەبم بە لێکۆڵەر بۆت! لەو کارانەی هەتا ئێستە نەمکردووە. هەه! ژێر پێی ئەدەمەوە، ڕەنگە سەری دڵی بخزێتە خوارەوە. بەڵام ئەگەر هات و وابوو کە تۆ بیرت لێکردۆتەوە، ئەوساچی؟

ــ نەء. وانییە. نابێ. ئەزانم و جارێکیان خۆشی پێیوتم کە نایەوێ شووەکەم لە دەس دەربهێنێ. بە خۆمی وت... بەڵام نازانم بۆ چی دیسانەوەش دڵم ئارامی نەگرت. بۆ چی دڵم ئوقرە ناگرێ؟ خەیاڵ هەڵیگرتووم! خەیاڵاویی بووم! نازانم، نازانم.

ــ ئێستە جارێ ئارام بگرە. پێڵووەکانت بنێرە سەریەک بەڵکوو بخەوی!

ــ ناتوانم. ناتوانم.

ــ باشە بۆچی هەڵساویت ئیتر؟ ڕاکشێ ئەڵێم. جارێ ڕاکشێ.

ــ ناتوانم. ناتوانم. خۆزگە زەرکێک ئاو ئەبوو و ئەمنا بە سەرمەوە.

ــ هەر لەوێ جەڕەیەک وا لە بن بەردەکە. دەست بەرە هەڵیگرە.

زیوەر جەڕەی ئاوەکەی لە بن بەردەکە هەڵگرت، نای بە سەریەوە و لە سەر جێی خۆی دانیشتەوە. خەوی نەئەهات. لە شتێک ئەترسا. ئەو ترسەی پەیوەندی بە ماراڵەوە هەبوو لەو یەکمجارەوە کە پێی نایە ناو دەرزیوەر؛ ئەوا ماراڵ خەریک بوو لە ناو بنەماڵەی کەلمیشیدا جێگەی خۆی ئەکردەوە. ماراڵ وەکوو کاڵەکێک لە ناو سەبەتەی میوەدا، جێی خۆی کردبۆوە. ئیستە چی لەگەڵ ئەکرا؟ چ کارێک؟ تا مانگێکیتر ڕەنگە شوێن خەوەکەشی لە زیوەر داگیر ئەکرد! ڕەنگە لێشی داگیرکرد بوو، ئەگەر گوڵمحەمەد گرفتاری دژواریی کاری ڕۆژانە

نەبوایەت! بۆ؟ بەس لە بەر ئەوەی نەزۆکە؟ نەء. نابێ بەس لە بەر ئەوە بێ!

ــ ئەرێ؟ بەس لە بەر ئەمە؟

هەیقۆ وتی:

ــ نازانم. خۆت ئەبێ باشتر بزانی.

ــ من چووزانم؟ گوڵمحەمەد خۆ لەم ڕووەوە هیچی بە من نەوتووە! ناڵێ! ڕەنگە لە بەر ئەمەیە ئیتر؟ ها؟

هەیقۆ زیرەکانە وتی:

ــ ڕەنگە تەنها لە بەر ئەمە نەبێ! ڕەنگە بۆ شتی تریش بێ. ئاخر مارالْ شتی تریش...

ــ چی هەیە کە من نیم؟ چی بۆ وێنە؟ ئەتەوێ بڵێ ئەو چوار مەمکی هەیە و من دوو دانە؟

ــ نەء، ئەویش لە دووان زیاتری نییە. بەڵام هێشتا دەستیان لێ نەدراوە. تازە بەی! تورت و تۆکمە! بچووک و وشکەڵاتوو نین. پڕ بەدەستن! بزوێنەرن. سەیری نیگات نەکردووە؟ غەزاڵی مەستە. شیرینە. دڵی پیاو ئەلەرزێنێ. لێوی، ڕووی، بڕۆی، کەزیەی! کامیان نالەبارە؟ ڕوخساری ئەلێی نیگارە. خوا هەموو شتێکی لەودا تەواو کردووە، بەڵام تۆ چی؟ من چی؟ تۆش ڕەنگە ڕۆژێک ژێر پێت خوێنی تیابووە. بەڵام ئێستە خۆ نییە! لە بەر غەم و پەژارە بووی بە قاڵۆرە. سەیری خۆت ناکەی؟ وشکەڵاتوویت. پێستی ڕوومەتت گرنج بووە، پیر بووە. چاوەکانت کەوتوونەتە ناو قووڵکە و بەس چزوو بۆ مرۆڤ ئەهاون! لووتت کشاوە. ناو شانت بەس دوو پارچە ئێسکە. لێوت لە بەر وشکی ترەکاوە. تاڵی سپی لە ناو قژتا پەیدا بووە. بەهارت تێپەڕیوە. خۆت تەواوت کردووە. بەردەوام خەفەت ئەخۆی. بووی بە جگەر خۆری خۆت. بەردەوام خۆت ئەشکنجە ئەدەی. خواردن و خۆراک دەسناکەوێ؛ ئەگەر هەشبێ پێت ناکەوێ. پێستێک و ئێسقانەکەت ماوەتەوە. منیش هەر

وا. بەڵام حەسابی شووی من لەگەڵ گوڵمحەمەد جیاوازە. گوڵمحەمەد هێشتا دەستوبردی گەنجێتی خۆی لە دەس نە داوە. دڵی خەفە نییە. بەردەوام لە هاتوچۆ دایە. پایتەخت گەڕاوە، خزمەتی دەوڵەتی تەواو کردووە، لە شەڕدابووە، دنیای دیوە. ئەو لە گەڵ سەبرخان جیاوازە. یەکێش ئەوەی کە تۆ لە خۆیان نیت. میشکاڵی نیت. واتە لە ئێمە نیت. بەڵام ماراڵ لە خۆیانە، لە خۆمانە. ڕووی لێرە کردووە، لێرەش ئەبێ داڵدەی بدەن و ئاگایان لێیبێ.

زیوەر لەوە زیاتر تاوی تانە و تەشەری شاراوەی ناو قسەکانی کچی خانئاپۆی نەهێنا. نەشی ئەویست بێدەنگ بێت و چزووی گوتەکانی لەشی بچزێنێ. چزە و گوتەی ڕەق. ژن باش ئەزانن سەروبنی یەکدی تێبگەن و پشت و بەری نیگای یەکتر هەست پێ بکەن و بێدەنگ بن یان نەیخەنە خۆ. مێشکی ژن لە هەندێ بابەتدا نەرمەتاوە وەک چزووی مار. بە هەر لایەکدا ئەچەمێتەوە، ئەخزێ و ڕەهۆڵ لێئەدا. بیری زیوەر بۆ ڕیشەی قسە و تەشەرەکانی هەیقۆ ئەگەڕا. ئەوندە بێباک، تۆزێک قیناوی؛ هەیقۆ بۆچی ڕەنجاندبووی؟ دژوێنی پێچراوە. ئایە لە بەر ئەمە نەبوو کە هەێقۆ ویستبووی خۆی ببێ بە ژنی ئامۆزا؟ کێ چووزانێ هەر ئەم ویستە نهێنیە، زمانی ئەوێ لە قسەکردن لەگەڵ زیوەردا ژەهراوی نەکردبێ؟ ئەوەی کە شاراوەتەوە، خۆ نەمردووە. بۆیە شاراوەتەوە ڕۆژێک دەرکەوێ. ئایە هەر ئێستە، ئیستە کە هەیقۆ هەستی بە لاوازیی زیوەر کردبوو، ئەو یادە کۆنە نهێنیەی ئاشکرا نەئەکرد؟ هەر ئەمەبوو و جگە لەمە نەبوو. ئەگینا بۆچی ئەبێ ئەو هەمووە سەرکوتانەوە و تفت و تاڵییە لە گوتەکانیدا هەبێ؟! هەر ئێستە ئەبێ دەمکوت بکرێتەوە. نابێ لە مەیدان دەربچێ. نەء، هێشتاش نووزەیەکی تیاماوە. زیوەر بە بێ ئەوەی هەژانی دەروونی بشارێتەوە، وتی:

ـ قسـەی خـۆت لـە زمانـی یەکێکـی تـرەوە ئەکـەی؟! داڵـدەی بـدەن؟! دەیجـا فەرمـوون داڵـدەی بـدەن! بـەڵام لـە کـوێ؟ لـە سـەر جێگـەی مـن؟ لـە ژێـر لێفـەی مـن؟ دوو ئامۆزای تریش هەیە و هەر کامێکیـان فیلـە تەنێکـن. بابـێ بـە ژنـی بەگمحەمـەد. با چاوەڕێ بـکات تـا خانمحەمـەد لـە حەپـس دەرئەچـێ، لەگەڵـی بچێتـە ژێر خێوتێـک. ئەبـێ هـەر مێردەکـەی مـن لـە باخـەڵـم دەربکێشـن؟ کـێ ئەمـەی وتووە؟

هەیقـۆ، گـورج و بوێـر ڕووی کـردە زیـوەر و لـە بـن گـەرووەوە، بـە کپـی وتـی:

ـ بـەم قسـە جوانانـەت ئەتـەوێ هەمـوو دنیـا تـێ بگەیەنـی و ڕایانکێشـی بـۆ ئێـرە؟ ئـارام بـە ئیتـر! نازانـم ئـەم قسـانە بـە مـن چـی! خـۆ تـۆ ڕووی حەسـابت لەگـەڵ مـن نییـە! بـۆ خەریکـە لەگـەڵ مـن تەشـەر و تشـوور ئەکـەی؟ مەگـەر مـن زامنـی ژیانـی تـۆم؟ چ پەیوەنـدی بـە منـەوە هەیـە؟ هیـچ ئاگات لـە خـۆت هەیە؟

زیـوەر بیدەنـگ بـوو، ئارامـی گـرت و سـەری نایـەوە سـەر ئەژنـۆی. بـەڵام کچـی خانئاپـۆ بینـی کـە شـانەکانی ژنـە ئەلـەرزن. زانـی زیـوەر خەریکـە ئەگـری. بۆیـە هەیقـۆ لـە سـەر جێگـەی خـۆی ئارامـی گـرت و بـۆ دڵنەوایـی وتـی:

ـ باشـە ئیتـر! پێویسـت نـاکا خـۆت بهەژێنی. مـن خـۆ هیچـی خراپـم پـێ نەوتوویت. مـن ڕاسـتیەکەیم پێوتـی. ئەگـەر بمزانیبا وا لـە خـۆت دەرئەچـی ئەمەشـم نەئـەوت. مـن خـۆ دوژمنایەتیـم لەگـەڵ تـۆ نییە!

تاوێـک هـەر دووکیـان بێدەنـگ بـوون. پاشـان، زیـوەر سـەری خـۆی بـەرز کـردەوە، لـە نـاو تاریکیەکـەوە هەیقـۆی سـەیر کـرد و بەکـزی وتـی:

ـ مـن نەخـۆش کەوتـووم هەیقـۆ. ئاگـام لـە خـۆم نییـە. لـە خـۆڕا لـە تـۆ تـووڕە بـووم. مەبەسـتێکی خراپـم نەبـوو. دڵـم گیـراوە. واهەسـت ئەکـەم خەریکـم ئەتوێمـەوە. خەریکـم

وەکوو مۆم ئەتوێمەوە. هیواش هێواش. ئەترسم تەمەنم گەیشتبێتە کۆتایی. دڵم تەنگە هەیڤۆ. تۆ ئیتر نابێ لایەنی من بەردەی. من چەند ساڵ تەمەنی ئازیزی خۆمم لە ناو ئەم بنەماڵەدا بردۆتە سەر. ئێستە نابێ دەربکرێم. نابێ لە سەر ئەو تاوانەی نەمکردووە سزا بدرێم. لە ڕۆژی یەکەمەوە سەر لەڕێی شووەکەم بووم. من شووەکەم خۆش ئەوێ هەیڤۆ. غەمم هەیە، ئەوینیم هەیە. دڵم لایەتی. بەڵام چی بکەم؟ ئەوا ئەبینم ڕۆژم ڕەش ئەبێ؟ خۆ ناتوانم شەڕی خوا بکەم! ئەی ئەبێ چیبکەم؟ چۆنی پێخۆشە، باوا بکات. پیاو، ئەوە. من ژنم. بەڵام تۆ ئیتر نەشتەر لە دڵم مەدە هەیڤۆ. من بە ئەندازەی خۆم داخ لە سەر دڵم هەیە. گوڵمحەمەد لێم سارد بۆتەوە. لە نێوان دڵماندا دیواری کێشاوە. تەنها ئەم خەفەتەم بەسە. تۆ ئیتر خوێ بە برینمدا مەکە. من خراپەی کەسم نەویستووە.

دڵی هەیڤۆش شکا. لەگەڵ لەرزەیەک کە کەوتبوویە دەنگیەوە وتی:

ـ سوێند بە مووی سەبراو هیچ مەبەستێکم نەبوو. من خووی دووپشکم نییە. هەم تۆ، هەم ئەو چ ڕازێکتان لە لای من درکاندووە؟ چ جیاوازییەکی هەیە بۆ من؟ وەڵڵاهی هیچ ! ڕەنگە خاتری تۆم زیاتر بوێت هەتاکوو ئەو. خۆ پێشم وتی. ڕەنگە بتوانم لە ژێر زمانی دەربکێشم خەیاڵی چی هەیە. بەڵکوو سازی بکەم بۆ بەگمحەمەد. تۆش لە خۆتەوە ئەوەندە ژەهر مەڕێژە. خۆت تیا ئەچی. مرۆڤ مەگەر چییە؟ ئەڵێن لە بەرد سەختترە و لە گوڵیش ناسکترە. تۆ خۆت تیابردووە! بووی بە بڕبەنی تەمەنی خۆت. بۆچی؟ گریمان گوڵمحەمەد ئەویشی هێنا، خۆ تۆ ئاوارەی بیابان ناکات!

ـ مەڵێ. مەڵێ هەیڤۆ. ئەگەر ئەو کاری وا بکات من خۆم شێت ئەبم و ئەدەم بە بیاباندا!

ـ لەبەر چی؟ مەگەر نموونەیت کەم بینیوە؟ یەکەمجارە؟ نەء. لە خۆشتەوە خۆت مەڕەنجێنە. وەرە بخەوە؛ خەیاڵ لە مێشکت بکەرە دەرەوە.

زیوەر هەڵسا. بەڵام نەک بچێ بخەوێ. چووە لای هەیڤۆوە، وەک منالێک سەری خستە سەر ئەژنۆی و بە ئارامی گریا.

لە کوێ بوو گوڵمحەمەد؟ چیئەکرد و بیری بەچییەوە خەریک بوو؟ ماراڵ چی؟ چی ئەکات و لە خەیاڵی ئەودا چی تێئەپەڕێ؟ بەئاگایە یان خەوتووە؟ ئەگەر بەئاگایە، بیری لای کێیە؟ ئەگەر خەوتووە، خەو بە چ کەسێکەوە ئەبینێ؟ کام پیاوی؟ دلاوەر یان گوڵمحەمەد؟

لە ناو کۆنەکەی بڵقیس، ماراڵ لە لای کچە نەخۆشەکەی چارگویشلیەوە لە سەر جێگەکەی دانیشتبوو. چۆکی لە باوەش گرتبوو، چەناگەی خستبوویە سەر ئاوێنەی ئەژنۆ و لە ناو ئەو تاریکیە، چاوی لە سەوقی بڕیبوو. ئەو، سەوقیش بە ئاسوودەیی ڕانەکشابوو. لێفەکەی لە خۆی ئالاندبوو و لە سووچێکدا قنچکانی کردبوو. وەکوو شتێک گرێ درابێ. ماراڵ نەی ئەتوانی باوەڕ بکات ئەو خەوتبێ. دڵی ئارامی نەئەگرت. بێهوودە ئەترسا و خەو لە چاوی نەئەچوو. حاڵی باش نەبوو. لە خەوتن خۆی ئەپاراست. نەی ئەزانی بۆچی سەوقی ئەو ئەترسێنێ. چ خۆفێک دایگرتبوو؟ نەی ئەزانی. بەس ئەمەی ئەزانی سینگی، دڵی تاریک بووە و تاوێکیتر ئەگەر لە ناو خێوەتەکەدا بمێنێتەوە لەوانەیە خەفە ببێ. لەوە ئەترسا نەکا بە دەم قیژەیەکی کتوپڕەوە خۆی لە ڕەشماڵەکە هەڵداتە دەرەوە و ببێتە هۆی ڕسوایی. بۆیە تا هێزی لە بەردا مابوو هەڵسا، سەری لە درزی خێوەتەکە بردە دەرەوە. پوورە بڵقیسی سەیر کرد. دڵنیا بوو پیرێژن لە بن دارەکەدا ئارامی گرتووە و خەوی لێکەوتووە. لێفەکەی گرت بەدەستیەوە. بەنووکی پێی

چووە دەرەوە. خزایە پەنای ڕەشماڵەکە و لەوێ، خاکەکەی بە ئەندازەی جێخەوێک ڕێککرد. قنچکانیکرد و چاوەڕێی کرد خەو بیباتەوە.

هەموو شوێنێکی شەو، ئەوا خامۆش بوو. جموجۆڵی ژنانی کەلمیشی دامرکابوویەوە. ئەستێرەکانی کەلیدەر بریقە و باقی خۆیان هەبوو. لە دووری خێوەتەکان، ڕەنگە لە بنەی سەفدەرخانەوە، دەنگی حەپە و لوورەی سەگەکان ئەهات؛ لێرە لە ڕەوەندی کەلمیشیەکان سەگە یەک چاوەکە لە سووچێکدا نووستبوو و قەپۆزی نابوویە سەر دەستە تووکنەکانی و بە تاقە چاوە کراوە و نیگا تیژەکەی تێکڕای تاریکیەکەی سەیر ئەکرد و بە بچووکترین جووڵە لە هەر لایەکەوە سەری هەڵئەهێنا و ئەیڕوانیە فەراگەردی خیوەتەکان. جار جار هەڵئەسا، سووڕێک، گەشتێکی بە دەور ڕەوەندەکەدا لێئەدا و پاشان لە سەر پاشەڵی دائەنیشت. دەستەکانی ئەکرد بە ستوونی سینە و سەری، قەپۆزی ئەبرد بەحەوادا، لوورەیەکی ئەکێشا و دیسانەوە ئارام ئەبوو و چاوەڕوانی تێپەڕینی سات و کات؛ شەو بۆ سپێدپەهنا، خۆی مەڵاس ئەدا.

بە دوا لوورەی سەگەکە، بڵقیس هاتەوە بە خۆیدا. وەنەوزی شکا و پێڵووەکانی لێک هەڵپچڕان. باوێشکێکی کورت و سەری بەملاولادا سووڕاند و گوێی لە بێدەنگی شەو ڕاگرت. هەڵسا، چوو بۆ لای کوننەی ئاوەکە و جامی پڕکرد. تینوێتی دەم و زمانی شکاند. جامەکەی نایەوە بن مەشکەکە و گەڕایەوە سەر جێگاکەی. هێشتا دانەنیشتبوو کە هەستی بە هاتنی تارماییەک کرد. ترس و خەیاڵ هەڵیگرت؛ هێشتا نەنووشتابوویەوە، پشتی ڕاست کردەوە و نیگا کەم بڕشتەکەی بە دژواریی هاوێشتە ئەو بەری ڕەشماڵەکان. تارماییەکی زەبەلاح ئەهات. هێواش و بە لەرەلەر. زەبەلاح ڕەش و شەو ڕەش. بەس جووڵانەوەکەی لە شەو جیای ئەکردەوە. بڵقیس

بێئەڤان کشا بۆ لای ئەوەی بەرەو لایان ئەهات. سەگ بەر لە ئەو چووبوو بۆ پێشوازیی ڕەشاییەکە. بڵقیسیش ناسیەوە. گوڵمحەمەد بوو. بە سواری وشتر، بە شەو ئەهات. کە گەیشتە مەیدانگەی ڕەوەند خۆی لە سەر ملی بادییەوە هەڵدایە خوارەوە و یەکسەر چوو بۆ لای دارتووە وشکەکە و داوای ئاوی کرد. بڵقیس وشترەکەی بەچۆکا هێنا، جەوەننە و زەرکی ئاو خواردنەوەکەی دا بە دەست کوڕەکەیەوە:

ـ ترساندمت کوڕم. کاتێک کە ناکات دێیتەوە، لانیکەم گۆرانیەک شتێک بڵێ. بلا پێش ئەوەی خۆت دەرکەوی دەنگت ببیسین. سەرەتا وام ئەزانی دێو هێرشی بۆ هێناوین!

گوڵمحەمەد تێراو، دەمی لە جەوننەکە هەڵگرت، دانیایەوە و وتی:

ـ مەگەر دڵ و دەماخی گۆرانی خوێندنم بۆ ماوە؟ وەکوو ئەسپەکانی وشکەساڵیەکە پەکم کەوتووە. ددانەکانم پێکا لکاون و ئەڵێی قفڵ کراون. ئەو لێوانەی بە خەفەت وشکەڵاتبێتن، کەی هەوای گۆرانی وتنیان هەیە؟ بەیانی تا ئێستە زیاتر لە ژمارەی پەنجەکانم مەڕ لە بەر چاومدا گیانیان دەرچووە. بە دوای یەکدا ئەمرن! وەکوو گەڵای پایز، دائەوەرن و ئەمرن. ئاژەڵی نەگبەت لە بەردەمتدا ئاو ئەخواتەوە، ئاو ئەخواتەوە، ئەوەندە ئاو ئەخواتەوە هەتا با ئەکا. ورگی ئەبێ بە تەپڵی ئەسکەندەر، پاشان دێتە ئەملاترەوە. بە دەور خۆیدا ئەخولێتەوە. ئەخولێتەوە، حۆل ئەبێ، ئەدرێ بە عەرزا، لنگە فرتێ ئەکا، خۆڵ فڕێ ئەدا و پاش تاوێک هەناسەی ئەبڕڕێ و چاوەکانی ئەبن بە شووشە. لە بەیانیەوە زیاتر لە بیست دانەمان کەوڵ کردووە. وا لە ناو تێڕەکەدا. بیبەم بۆ شار، ڕەنگە کڕییان. پەککەوتە. هەمووومان پەکمان کەوتووە. خانئاپۆ کە بە هیچ کلۆجێ دەس بۆ کێرد نابا. گاڵتە نییە! مرۆڤ بە چاوی خۆی ئەبینێ خەریکە تیائەچێ و ناتوانێ هیچ بکات. نازانم

کۆتاییەکەی بە کوێ ئەگا، نازانم!
بڵقیس کە ئەتوت دەنگەکە لە گەرووی‌دا وشک بووە، وتی:
ــ واتە هیچ کارێک؟ هیچ کارێکمان پێ ناکرێ؟
ــ نازانم، نازانم. ڕەنگە توانیشمان؟ بەیانی ئەکەومە ڕێ ئەچم بۆ مەشهەد. ڕەنگە بتوانم لە لایەکەوە یارمەتیک بهێنم. نازانم.
گوڵمحەمەد دیسانەوەش دەستی برد بۆ ملی جەوەننەکە، هەڵیگرت و نایەوە بە سەریەوە. بڵقیس مەشکەی لە دەمی کوڕەکەی کردەوە و وتی:
ــ ئارەقەت کردووە، هەر وا ئاو ئەکەیتە ناو سکت! مەگەر چیت خواردووە؟
ــ هیچ ، هیچم نەخواردووە.
ــ کە وا بوو با جارێ پارووپەک نانت بۆ بهێنم.
ــ نەء، ئیشتیام نابات.
ــ نەکا تۆش نەخۆش کەوتبێتی؟
ــ نا، هیچم نییە. تۆ بڕۆ بخەوە. من لە جێکەی تۆ ئەنووم.
بڵقیس تاوێک ئەم دەست و ئەو دەستی کرد، خۆی خافڵاند و لە ئەنجامدا بە دوودڵیەوە وتی:
ــ شتێکی تریش هەیە. ئەتەوێ ئێستە بۆتی بڵێم یان داینێم بۆ بەیانی؟
ــ ئیتر چی بووە؟ خێر بێ... ئەی بۆ وەستاویت و ئیستیخارە ئەکەی؟ دە بیڵێ ئیتر؟
ــ زۆر شەڕ نییە. بەڵام... سەری شەو، ئەو کچە، ناوی چییە؟ سەوقی، هاتووە بۆ ئێرە...
ــ دەی؟!
ــ وتی گۆڕهەڵکەنەکەی گوندی بەرەکشایی هاتووە

نادعەلی کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلی بردووە بۆ سەر گۆڕی خالۆت بۆ ئەوەی تەرمەکەی پیشان بدات:

ــ یانی گۆڕەکەی هەڵدەنەوە؟ ئەی بزن مارانە! ئەو سەگبابە ئیتر لە کوێوە بەوەی زانیوە؟! تف لە شەرەفتان! دەی، ئیتر؟

ــ ئیتر ئەوەی کە کچە بەدەست نادعەلییەوە وەزاڵە هاتووە. ئەڵێ لە ناو بیرەکەدا هەڵیواسیوە و بە قەمچی فەلاقەی کردووە. پاشانیش ئەڵێ: من هەر لێرە ئەمێنمەوە و بۆ هیچکوێ ناچم!

ــ چی؟ لیرە؟ ئەیەوێ هەموو کەسمان لێ تێبگەیەنێ؟ مەگەر ئێمە تووشمان بە تووشی چەند شێتەوە بووە؟ نا، نا ئەو ناتوانێ لێرە بمێنێتەوە! ئێمە ناتوانین لە لای خۆمان ڕایگرین. ئەگەر ئەو لێرە بمێنێتەوە، هەموو ئەزانن چی بە چی بووە. ئەم کچە خۆ خزم و کەسی ئێمە نییە! تا ئێستە خۆمان کردووە بە کونی هەزار دەرزیدا تا توانیومانە ئەو شەوە شوومە بشارینەوە! ئینجا ئەو ئەیەوێ لێرە بمێنێتەوە؟! نا، نا، لە کوێیە ئێستە؟ لە کام ڕەشماڵە؟

ــ ڕەشماڵی من!

گوڵمحەمەد کلاشەکانی داکەند، خستیە لایەکەوە و وتی:

ــ نەء. نابێ. ئەمە نابێ. هەر چۆن بووە ئەبێ بیخەیتە ڕێ بڕوات. پێش ڕۆژ بوونەوە. تێی بگەیەنە ئێستە کاتی نییە؛ با دەنگوباسەکە تۆزێ کۆن ببێ ئەیهێنین بۆ لای خۆمان. ڕەنگیشە هێنامان، بەلام ئێستە نا. تێی بگەیەنە ئەگەر ئێمەی ئەوێ ئەبێ لێرە بڕوات. ئێمە تا ئێستە شوێنی خۆمان ونکردووە. بەلام ئێستە... تۆ هەڵسە بڕۆ. بەلام... نا، ڕاوەستە. پێویست ناکات بەو شەوە ئاوارەی بکەی. دایبنێ بۆ بەیانی. پێی بڵێ خۆم پەیام بۆ کوڕی حاجی‌حسێن ئەنێرم دەستی لە کۆڵ بکاتەوە!

بڵێ خۆم لە دوورەوە ئاگام لێی ئەبێ. بەڵام ئەمساڵ ئەبێ بتوانێ هەر لەوێ، لە چوارگوێشلی خۆی ڕابگرێ. بڕۆ. بڕۆ بخەوە. سەرینێکیش بۆ من بهێنە.

دایک، باڵنجێکی بۆ گوڵمحەمەد هێنا. گوڵمحەمەد باڵنجەکەی خستە بن سەری، ڕاکشا و وتی:

ــ پێستەکان لە تێرەکە دەربهێنە با هەوا لێیان بدات. بەیانی ئەکەومە ڕێ بۆ مەشهەد. دوو نانم بۆ بخەرە ناو دەسڕێک و لە بەر دەستدا داینێ.

ــ بۆت ئەپێچمەوە، ئاسوودە بە.

بڵقیس ئەمەی وت و خزایە ناو ڕەشماڵەکەی. گوڵمحەمەد قایشەکەی کردەوە و لای دەستیەوە داینا؛ کێردی لە بنی پووزبەندەکەی دەرهێنا و خستیە ژێر باڵنجەکە و خۆی بەردایەوە. خەوی ماندوێتی پێشاوپێش هاتبوو.

بڵقیس‌یش هەر چەند هەزار خەیاڵ هورووژمی بۆ هێنابوو، بەڵام خەواڵوو ببوو ئەوەندەی پێ نەچوو خەوی لێکەوت. لە ڕەشماڵەکەی زیوەر و هەیڤۆشەوە هیچ دەنگێک نەئەهات. هەر وەها لەو خێوەتەشەوە کچەی چوارگوێشلی تیا خەوتبوو. تەنها -پێ‌ئەچوو- ماراڵ بە ئاگا بێت و لە پەنای خێوەتەکەوە، هاتن و گوتن و دانیشتن و خەوتنی گوڵمحەمەدی سەیر کردبێ و ئێستەش ئەوا ئەندامە کشاو و ئارامەکەی ئەوی کە لە تاریکی شەودا ون ئەبوو، سەیر ئەکرد و نەی ئەزانی چ ترس و خۆشیەکی لە دڵدایە و چی ڕێگەی خەوتنی لێگرتووە؟ حەزی ئەکرد توانیبای «ماندوو نەبی»یەکی وتبا و لە زمانی گوڵمحەمەد «بێوەی بی»یەکی بیستبا؛ کە ئەمە ڕووی نە دابوو و تازەودواش ڕووی نەئەدا. بەڵام بەیانی، پێش کازیوە ئەبێ هەڵسێ و پێش ئەوەی گوڵمحەمەد دوور بکەوێتەوە، ڕووی ببینێ. چاوەکانی سەیر بکات و لە پەنایەک خۆی ون بکات. بۆیە ئەگەر تا بەیانیش بەئاگا بی، تەنها دیقت کردۆتە

دڵـی خـۆت. بـەڵام مەگـەر خـەو بـە هـەر زانـی ئـەگات؟ نـەء. خـەو نەئەهـات بـۆ لای مـاراڵ. داوایەکـی هەڵـە، کێشـە، لـە هـەر لاوە گرێیـەک ئەکشـا. چ سـوودێک لـەم کێشـەیە؟ چ سـوودێک؟

سـەوقی هەڵسـا. لێفەکەی لادا و لـە ڕەشـماڵەکە دەرکەوت. نـەء، ئێـرەش نـا. تـا ئـەم دەسـتە ـکام دەسـت؟ـ بـۆ کویـێ بـەرێ؟ شـەو لەپێـش بـوو. سـەوقی پێـی نایـە دەروونـی شـەو. مـاراڵ هەسـتیکرد سـەوقی بەئـاگا بـووە و قسـەکانی گوڵمحەمـەدی سـەبارەت بـە خـۆی بیسـتووە. هـەر واش بـوو. بیسـتبووی. مـاراڵ بیسـتی کـە سـەوقی بـە خـۆی وت:

ـ «بیسـتم. قسـەکانتم بیسـت گوڵمحەمـەد!»

پاشـان بینـی کچـە چـوو بـۆ لای گوڵمحەمەد؛ تاوێک وەسـتا، چـاوی لێکـرد کـە خەوتبـوو و ئینجـا ڕابـرد. دوور کەوتـەوە؛ شـەو قوتـیدا و مـاراڵ سـەری نایـەوە.

**بەندی دووەم**

نادعەلی گیانی ئەلەرزا. لەرزێکی نهێنی لە تۆڕی دەمارەکانیدا. هێشتاش ئارام نەببوو. نەیتوانیبوو ئارام بگرێ. غاری دابوویەوە بەرەو چوارگوێشلی. ئەسپی لە سەر ئاخوڕ بەستبۆوە و خزابوویە ژێر پێخەفەکەی. پەنای بۆ بردبوو. هێشتاش وەڵامی دایکی نەداوەتەوە. دوو ڕۆژ و دوو شەو. ڕەنگە زیاتریش. زمانی ون کردبوو. خامۆش و بێ هۆش. گۆڕستان لە ناخی نادعەلیدا قووڵکەیەکی هەڵکەندووە. مەدیار، ئیتر نە لە گۆڕدا بەڵکوو لە ڕۆحی ئەودا نووستووە. مەدیار و قەبر و قەبرهەڵکەن، بە جارێک لە دەروونی ئەودا نێژراون. یەکەمین کوشتن. ئەزموونی کوشتاری زۆر کردبوو. بەڵام خودی کوشتن؟ ئەمە یەکەمین بوو و بە گوومانم دوایەمینیش بێ. سەر خەریکە شەق ئەبا، پەرێشان ئەبێ. چاو لە کالانە جێی نابێتەوە. دەستەکان ئەلەرزن. گفتوگۆ لەگەڵ خۆی کۆتایی نایەت. هەر وشەیەکی بێدەنگ نەشتەرێکە و لە دڵی ئەچەقێ. مۆتەکە:

«خوایە گیان! خوایە، پیاوێکم کوشتووە. گەنجێکم کوشتووە. ئەو ئیتر نییە. زیندوو نییە، ئەمە؟! بۆ؟ من کوشتوومە. من قەبرکەنەکەشم کوشت، ئەو ڕۆژەڕەشە من کوشتم.»

«نا، نا، گۆڕهەڵکەنەکە من نەمکوشتووە. گۆڕهەڵکەن خۆی خۆی کوشت. خۆی، خۆی.»

«ئەویش من کوشتم.»

«من نەمکوشتووە. مناڵەکانی کوشتیان، ژنەکەی، دەستکوورتی ئەوی کوشت.»

«وانییە. وانییە. من ئەگەر بە ڕەوام نەزانیبا، نەئەڕۆیشتم. خۆپەرستی من ئەوی کوشت. دڵی من، دفرەی من، خۆپەسەندی من ئەوی کوشت.»

«خۆی ئەگەر بۆ مزگێنی وەرگرتن نەهاتبا، نەشئەکوژرا.»

«بەڵام ئەوە منبووم مزگێنیم دایێ. ئەمتوانی ڕووی نەدەمێ. بیکەمە دەرەوە. دەری بکەم. ئەمتوانی بەشوێنی ئەم یاریەوە نەچم. ئەمتوانی ڕووی بسووتێنم.»

«نەمئەتوانی. نەمئەتوانی. چۆن ئەمتوانی؟ ئەو منی هەڵخڕاند، منی تووشی تاوان کرد. تاوان کرا!»

«نا، نا! ناتوانم تاوانەکە بخەمە ئەستۆی ئەو. من بوومە هۆی مردنی. من کوشتم.»

«پێم وایە!»

«نەء! زۆریش ڕاستە.»

«هەمووی هەر ئەوەندە؟»

«هەر ئەمە و بەس؟»

«باشە.، باشە، هەر ئەمە. بەڵام ئەمە زمانی منە، دڵم وا ناڵێت.»

«چەند ساڵ؟»

«ناگاتە ساڵ، بە مانگ، بە حەفتەش ناگات. پێرێ شەو بوو. پێش پێرێ شەوو.»

«نەء، پێرێ شەوو.»

«پێرێ شەو نا، دوێشەو بوو.»

«دوێشەویش نەبوو، هەر ئێستە بووە.»

«هەر ئێستەیە.»
«ئێستەکانێ.»
«فانۆسەکە ئەبینم.»
«گۆڕەکە ئەبینم»
«مار! مارەکە ئەبینم.»
«ناوچەوانی.»
«پرچی.»
«ئەستێرەکان!»
«دەبەی ڕۆن، ڕۆن!»
«زەیستان!»
«ڕانێک زارۆک!»
«شەو! هەر ئێستە، شەو.»
«شەو، گۆڕ، مار، ئەمانە، هەر ئەمانە، ئەسپەکە ئەبینم.»
«خۆف! خۆف!»
«چ باس نییە؟»
«هێشتاش چ باس نییە؟»
«تەرمەکان هێشتا دانەڕزاون!»
«خەڵکی بەرەکشایی، ئاگادار نەبوون؟»
«ئەبێ بووبێتن!»
«ئای... ئای... کە وێرانم.»
«بەسکە ئیتر. بەسکە. بەس! دڵم خەریکە هەڵئەکەندرێ. سینەم خەریکە ئەتەقێ. بەسە!»
دایک، چایی بۆ هێنا. چایی و شیری گەرم، لەگەڵ لەتێک نانی برژاو. نادعەلی پیاڵەی شیرەکەی هەڵگرت و هەر بە پێوە نای بە سەریەوە. نان و چاکەی دایە دواوەوە. مەهسوڵتان، سینیەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە ژوورەوە. نادعەلی جارێکیتر لە ژێر تاقی هەیوانەکەدا کەوتە پیاسە. هەنگاوی بڵیند و بێ

ئوقره. له تیریژی خۆرەوە هەتا ئێستاکە پەلاسی خۆر بە سەر هەموو لایەکدا کشابوو، نادعەلی پیاسەی ئەکرد. نەخۆشی جەستە و گیان، لە شەڕی خۆیدا، لەمسەری هەیوانەوە بۆ ئەوسەری ئەهات و ئەچوو. تاوێک، هەڵوەستەیەک، لای کۆڵەکەکەوە ئەوەستا، بێئاگا بە دەور خۆیدا ئەسووڕا و ئەکەوتەوە ڕێ. کلافەی ئالۆسکاو. گیانی ڕچابوو. ددانەکانی چیرەیان ئەهات. نیگای مۆڕەوە بووی بۆ گیانی و ئەوەی لە دەروونیدا تێئەپەڕی. گیان مەڵێ، زستانێک بە با شەکێنراو. ئێسکەکانی بۆ ئەزریکێنن؟

مەهسوڵتان، هیوا بڕاو لە وەلام وەرگرتن، لە کوڕەکەی گەڕابوو. کاری بە سەریەوە نەبوو. هەر ئەو شەوەی گەڕایەوە، مەهسوڵتان هەواڵی هەلاتنەکەی سەوقی پێ ڕاگەیاندبوو. بەلام نادعەلی -زۆر سەیر بوو- هیچی نەوتبوو. یەک شتیشی نەوتبوو. بەس خزابوویە ژێر جێگە و لێفەکەی کێشابوو بە سەریدا. ئەمە زیاتر مەهسوڵتانی تۆقاندبوو. ژنەی کۆست کەوتوو، بە دوای ئەم هەواڵەدا، چاوەڕوانی تووڕە بوونی نادعەلی کردبوو. بەلام نەء! نادعەلی هیچی نەوتبوو. جەوانەکەی. جوانەکەی بەراوەژوو ببوو. چی ڕووی دابوو؟ چی ڕووی دابوو کە مەهسوڵتان نەی ئەتوانی تێیبگات؟ دایک ڕێی دەر نەئەکرد. تەنها ڕۆچنەی بەردەمی دایک، لەوە ئەچوو داخرا بێ. نادعەلی ببوو بە بەرد. دیوار دەنگی لێوە ئەهات، ئەو نا. وەها چووبوویە ناو خۆیەوە ئەتوت ئاگای لە دەرەوە نەماوە. مەهسوڵتان، تەنها کارێک کە ئەیتوانی بیکات ئەوە بوو سەر نەخاتە سەر کوڕەکەی و بە نهێنی ئاگای لێی بێ. ئێستەش ئەوا لە پەنجەرەکەوە چاوی لێی بوو. چاوی لێی بوو و هەوڵی ئەدا لە ڕووی هەڵسوکەوتیەوە شتێک تێبگا. بەلام ئەوەی کە نادعەلی هەتا ئێستە دەری خستبوو جگە لە گرێ کوێرەیەک نەبوو. ئەمەش نەک هەر دایکی، بەڵکو هەر بینەرێکی تریش

ئەیتوانی بە ئاسانی تێیبگات. لە بەر نیگای شاراوەی دایکدا، نادعەلی هیلاک و ماندوو. پەنای بردە بەر سووچی هەیوانەکە، دانیشت و چۆخەکەی دا بە سەریا. ئیتر هیچی لێدیار نەبوو. نە چاو نە ڕوخساری، نە ڕێ ڕۆیشتن و شان ڕاوەشاندنە لەپڕەکانی کە ئەتوت بە هەر کامیان -لەرزاندنی شان، سەر، لێوەکانی- شەڕێک لە خۆی دوور ئەکاتەوە. خامۆش. بەردی بن چەم. مەهسوڵتان هات بۆ هەیوان، خامۆش و بێدەنگ. وەکوو سێبەر، وەستا. تاوێک بە سەر چوو. دایان لە دەرگا. دایک سەیری چۆخەکەی کرد بە سەر نادعەلییەوە، جووڵەی لێوە نەئەهات. دایک چووە پشت دەرگاکە، شوانەکەیان بوو. تەتۆ. مەهسوڵتان دەرگاکەی کردەوە و تەتۆی سەر داخستوو، ڕەشمەی کەرەکەی ڕاکێشا و لەگەڵ خۆی هێنایە حەوشە. ماکەرەکەی تەتۆ باری پێبوو و بە چارشێوەیکی کۆنە، بارەکەی داپۆشرابوو. تەتۆ. بالا بەرز و ڕەقەڵە، بە چاوە بەچالا چووەکانیەوە، ڕەشمەی کەرەکەی بە دەستەوە بوو و سەیری هەموو لایەکی ئەکرد. دیار بوو بۆ نادعەلی ئەگەڕێ. کۆتایی، بە دژواریی لێوەکانی خستەکار:

ـ لـ . . ـە لـ . . ـە کـکـک و یە خ خ خان؟

مەهسوڵتان چوو بۆ بەرهەیوان و چۆخەکەی لە سەر نادعەلی لادا. نادعەلی خۆی گرمۆڵە کردبوو. تەتۆ چوو بۆ لای خودانەکەی و لای کۆڵەکەکە وەستا. نادعەلی چاوی تێبڕی. تەتۆ نەیتوانی زیاتر بچێتە پێشەوە. دەستی گرت بە کۆڵەکەکەوە و بە لاڵەپەتی سلاوی کرد. نادعەلی هەر وا بێدەنگ بوو. تەتۆ وتی:

ـ هـ هـ هـ ێنام، خـ خـ خـ ـا ا ان.

نادعەلی نیگای لە شوانە وەرگێڕا و سەری داخست. تەتۆ سەرە زلەکەی وەرگێڕا بۆ لای مەهسوڵتان. مەهسوڵتان دەستی کوتا بە سەر دەستیدا و ددانەکانی لە چیرەوە هێنا.

ژنـە، لـەم چەنـد ڕۆژەدا ئەوەنـدە تێکشـکابوو. ئێسـکی گۆناکانـی دەرپەڕیبـوون. لـە وەڵامـی تەتـۆدا هیچـی نـەوت. چ سـوود لـە قسـە؟ تەتـۆ نـەی ئەزانـی ئەبـێ چـی بـکات؟ لـە ئەنجـامدا وتـی:

ــ بـ بـ بـ ز ز زە باقە خـ خـ خـ ا ا ان!

خامۆشـیەکەی نادعەلـی لـەوە قورسـتربوو بـەو ئاسـانیانە تێـک بشـکێت. تەتـۆ وتـی:

ــ کـ کـ کـ چـ چـ ـە کـ کـ کـ ـەیشـم د د دۆزیەوە!

نادعەلـی سـەیری تەتـۆی کـرد. بـەڵام نـەک بـەو تامـەزرۆییەوە کـە دایکـی چـاوەڕێ بـوو. تەتـۆ هـەڵات بـۆ لای کـەرەکـەی کـە سـەری کردبـوو بـە ئاخـوڕەکـەدا. ملـی کـەرەکـەی خسـتە بـن باخـەڵـی، هێنـای بـۆ لای هـەیوانەکـە و چارشـێوی لـە سـەر بارەکە هەڵگـرت. سـەوقی دەسـت و پـێ بەسـتراو بـە سـکەوە درابـوو بـە سـەر کـەرەکـەدا. پێـی لـە گیرفانێکـی تێـڕەکـە و دەسـتەکانیشـی لـە گیرفانەکـەی ئەوبـەری. تەتـۆ، بـۆ قایمـەکاری دەسـڕێکیشـی بەسـتبوو بـە دەمـی کچـەوە. مەهسـوڵتان چـوو بـۆ یارمـەتیکردنـی تەتـۆ و، کچەکـەیـان داگـرت. کچـە لـەوە ئەچـوو بچووکتـر بۆتەوە. نـەک هـەر بـە ئەنـدام، ئەتـوت بـە ئاوەزیـش.

تەتۆ دەسـڕەکەی لە سـەر دەمـی لابرد و لێیگەڕا. چاوەکانی سـەوقی پەرێشـانتر خولیـای ئەکـرد. لێـوی وشـک و قـژی دڕکـی بیابـان. لەچکەکـەی لـە دەور ملـی ئالابـوو. لـە بـری گشـت شـت خۆفـی پـێبـوو. بـەس سـەیری ئەکـرد. بـە خامۆشـی سـەیری ئەکـرد. ئەتـوت هیـچ گلەییەکـی نییـە. نادعەلـی وتـی بیکەنـەوە. تەتـۆ دەسـت و پێـی کچـەی کـردەوە. سـەوقی نەجـووڵا و لـە دارەتـی خـۆیدا مایـەوە. دانیشـتوو. مەهسـوڵتان بـن باڵـی گـرت و هەڵیسـاند. سـەوقی دەسـتی گـرت بـە کۆڵەکەکـەوە و خـۆی بـە پێـوە ڕاگـرت. تەتـۆ وتـی:

ــ لـ لـ لـ ـە نـاو چـ چـ چـ الێـک د د دۆزیمـەوە خـ خـ خـ ـا ا ان. نـ نـ نەی ئە و و ویسـت بـ بـ بـ ـێ! بـ بـ بـ بە سـ تمەوە و هـێـ

هـێ هـێـنام.

نادعـەلـی هیچـی نـەوت. سـەیری سـەوقی ئـەکـرد. سـەوقی دەسـتی لـە کۆڵـەکـە دارەکـە بـەردا. خـۆی حـەوا دا و یـەکسـەر ڕاسـت بـەرەو نادعـەلـی چـوو و سـەری خسـت بـە سـەر پێـیدا. نادعـەلـی هـەڵسـا. سـەوقی قاچـەکانـی کـوڕی خاڵـۆی بـەرنـەدا و قووڕەقـووڕ کـەوتـە گـریان. گـریانـی پـەنـگ خـواردوو. شـانـەکانی هـەڵئـەتـەکا. دایکـی و تـەتـۆ، سـەیری نادعـەلـیـیان ئـەکـرد. سـەوقی زەلـیـل و دامـاو پاڕایـەوە:

ــ ئـازادم بکـە خاڵـۆزا گـیان! ئـازادم بکـە ببـم بـە قوربانـت. ئـازادم بکـە! سـوێـندت ئـەدەم بـە جـەوانـیت، ئـازادم بکـە. لێـرەش ئـەگـەر ڕامبگـری خـۆم دەرمانخـوارد ئـەکـەم.

نادعـەلـی هـەر وا بێـدەنـگ بـوو. نیـگای دایکـی و تـەتـۆ نیشـتبوویە سـەری. سـەرەنجام نادعـەلـی سـەیری دایکـی کـرد و بـە شـێوەیـەکـی پـچـڕپـچـڕ وتـی:

ــ شـتێکـی بخـە تـەک و لێیگـەڕێ با بـڕوات. خـەرجـی ڕێگـەش ببـەسـتـە بـە لـۆی لـەچـکـەکـەیـەوە و لێیگـەڕێ با بـڕوات! ئـەمـەی وت و چـووە نـاو ژوورەکـە. سـەوقی هـەر وا ڕامابـوو. ئـازادی! ئـازاد بـوو! بـەڵام ئایـە دیسـانـەوەش ئـەیویسـت ئـازاد بـێ؟ ئـەوە ئـارەزووی ئـەو بـوو، بـەڵام ئێسـتـەکانێ کـە ئـەمـەی پێدرابـوو، دیسـانـەوەش ئـەیویسـت؟

مسـۆگـەر ئـەیویسـت. بـەڵام ئـەوەی ئـەو ئـەیویسـت هـەر لێـرە بـوو، لێـرە! شـوێن ئـەیتوانـی چ پـەیوەندییـەکـی بـەم ویسـتـە بـەدەسـت هاتـووەوە هـەبـێ؟ ئیـتـر چـی؟ کاتێکـە بزانی ئـازادی، ئایە دیسـانـەوەش لـەو ویسـتـە دووری؟ ئازادیـی مـەگـەر شـمـەکـە کـە هـەتا دەسـتی لـێ نـەدەی ناتوانـی باوەڕی پێ بکـەی؟ چـەنـدە سـاکار و چـەنـدەش دژوار!

وتـرا بـوو: ئـازادی بکـە. ئـەگـەر وابـوو، ڕۆیشـتـن ئیـتـر بۆ؟ ئازاد بـوون مـەگـەر واتـای ئـەوە نییـە کـە ئینسـان، کـە سـەوقی، ئـەگـەر

حەز بکا بتوانێ نەڕوات؟ بڕوات یان نەڕوات! ئازادە ئیتر. ئەی بۆ ئەبێ بڕوات لە کاتێکا ئەتوانێ نەشڕوات؟ ئایە سەوقی ئەوەندە هۆشی لە سەر خۆی بوو کە بتوانێ بیر بکاتەوە؟ یان، ئەگەر بیری لێکردبۆوە، ئایە بیری لە هەموو لایەنە نهێنیەکانی داواکەی خۆی کردبۆوە؟ بۆچی نا. پێ ئەچوو بیری لێ نەکردبێتەوە. بۆیەش بوو لە یەک ساتدا ئەژنۆکانی سست بوون. لێکەوتن. تاوێک لە بۆشایی خەیاڵی خۆیدا سەرگەردان بوو. بۆشایی!

لە شەڕی دوو بەراندا، ئەگەر یەکیان جێ خاڵی بکات، ئەوی هێرشکەر پڕ بەپڕی هەموو هێزی بە بۆشاییدا ئەڕوات. سەوقی لە بۆشاییدا ئەڕۆیشت. نادعەلی جێخاڵی پێدابوو. سەوقی چۆکی شکابوو، بەچۆکا هاتبوو. ئەمە بوو کە ئازادیی بۆ ئەو، لەم بێنە و بەرەیەدا، جگە لە ڕۆیشتن واتایەکی دیکەی نەبوو. ڕۆیشتن. لەو سەروبەندەدا، مانەوە، بە مانای خۆ بە دەستەوەدان بوو، ئەبوا بڕوات. بۆ سەر و شاخی خۆی دیوارێکی کەی ئەبوا دروست بکردایەت. سەر دانەواندن لە بەرامبەر کۆڵداندا، خۆی جۆرێک کۆڵدان بوو. لە قەلایەکیتر ئەبوایە بگەڕایەت. ئەبوا دیوارێکی هەبێ تا بتوانێ شاخی تێبکوتێ. شاخ لە وێرانیەکەی. ئەوەتا ژیان ئەوە بوو. قەلا بە قەلا. ئەم ڕێیە ئەبێ بباتە مەنزڵ! نان و قەیماخ ئامادە. پارەی ڕێگەش. دەرگا کراوە و ڕێگە درێژ. سەوقی ئەبوا هەڵسێ. هەڵسا. مەهسوڵتان دەرگای بە دوادا داخست و گەڕایەوە. نادعەلی لە پشت پەنجەرەکە وەستابوو سەیری ئەکرد. دیاربوو سەیری ڕۆیشتنەکەی سەوقی کردبوو. مەهسوڵتان چووە ناو هۆدەکە. تەتۆ لای نادعەلی وەستابوو. جەرگی مەڕێک لە ناو دەستیدا بوو و ئەپاڕایەوە. نادعەلی وەڵامی شوانەکەی نەئەدایەوە. تەتۆ ڕووی لە مەهسوڵتان کرد:

ـ بی بی ... بی بی ... ئـ ئـ ئـ ـەم جـ جـ جـ جـەرگە بای کـ

ک کـردووه... سـ سـ سـ سـەیرکە پ پ پەزەکان خـ خـ خـ خـەریکن تـ تـ تــیا ئەچـن ئەبـێ بـ ب ب بیرێک ب بـ ب کیەنەوە.

نادعـەلـی چۆخـەی لـە بـەر کـرد و لـە ژوورەکـە چـووە دەرەوە. تەتـۆش بـە دوایدا دەرکـەوت. جەرگـە ئاوسـاو و پەڵـە لێداروەکـە هـەر وا لـە نـاو دەسـتیا بـوو. نادعـەلـی لـە پلیکانـەکان چـووە خـوارەوە. شـوان و مـەهسـوڵتانیش بـە دوایدا. نادعـەلـی چـوو بـەرەو دەرگای حـەوشـە. شـوانەکە بـەری پـێگـرت و پاڕایـەوە. نادعـەلـی دانەوییـەوە پاژنـەی گیوەکانـی هـەڵبکێشـێ. شـوانە، تێـڕەی لـە سـەر کـەرەکـە خسـتە خـوارەوە و دوو مـەڕی لـە گیرفانەکانـی کێشـایە دەرەوە. مـەڕە مـردووەکان سـەریان پێـوە بـوو، بـەڵام ورگیـان هـەڵدڕابـوو، تەتـۆ ورگـی دڕیبـوون بـۆ ئـەوەی جگـەرەکان دەربکێشـێ. نادعـەلـی گـرت و جارێکـیتـر لێـیپاڕایـەوە:

ــ خـ خـ خـ خـان! مـ مـ مـەڕەکان ئـ ئـ ئەمـرن! کـ کـ کـ اارێـک بـ بـ بـکـە!...

نادعـەلـی شـاقەلی چۆخەکـەی لـە دەسـتی شـوانە دەرکێشـا و لـە دەرگاکـە چـووە دەرەوە. مـەهسـوڵتان بەدیـار مـەڕی مردووەوە واق مابـوو. بـەڵام تەتـۆ بـە پاڕانـەوە بـە دوای نادعـەلـیدا ڕۆیشـت. نادعـەلـی لـە پردەڕووخـاو پەڕیـەوە و بـەرەو بیابـان بوویـەوە. هـەر کـەس نەزانـێ وای بـۆ ئەچـێ بـە دوای سـەوقـیدا ڕۆیشـت. بـەڵام وا نەبـوو. نادعـەلـی ئەڕۆیشـت بـە بـێ ئـەوەی خۆشـی بزانـێ بـۆ کـوێ ئەچـێ.

دەمێکـی دی، تەتـۆ گـەڕایـەوە ماڵـەوە. لـە لێـواری بەرهـەیوانەکـە دانیشـت و خامـۆش بـوو. جێگـەی قسـە نەبـوو. مـەهسـوڵتان، لە سـەر سـەری مـەڕەکان چۆکـی دادابـوو. ماتەمین!

**بەندی سێیەم**

ئەمـەش بـوو بـە کار، ماهدەروێـش؟ ئەمـەش بـوو بـە ڕۆژگار؟ بزانە بووی بە چی، پیاو! بزانە بووی بە چی؟ چ زوو ماهدەروێش، چ زوو؟ پێشـتریش هیچـی وا نەبووی؛ بەڵام واش نەبووی! بێمایە بـووی، بـەڵام بێئابـڕوو نەبـووی. لـەو بـێ مایەییـەدا، ئابڕوویەکـت هـەر هەبـوو. ڕێـز و ئابڕوویـەک کـە شـاڵە سـەوزەکەت لـە لای جووتیـار و شـوانی دەشـتەکی پێکـی هێنابـوو. ئەمـە سـەرەتای کارە هێشـتا. ڕاوەسـتە و ببینـە بەیانـی چیـت بـە سـەر دێ!

چـۆن بـوو بـەو جـۆرە تـووش بـووی ماهدەروێـش؟ هیـچ بیـرت لێکردۆتـەوە؟ گەدایـی! لـەو کەوشـەنە بـێ سـنوورەی ئازادی دابڕایـت و سـەرت نایـە ڕێـی کـێ و کامەکـەس، دەروێـش! بـە سـەوزی و ڕسـکاو لـە خـۆتدا بوویت. دەشـتەکانت بێسـنوور بـوون. ماینەکـەت لـە چـاوی جووتیـاردا بەرەکەتـی پێوەبـوو. دەسـت و بـازووی دروێنـەوان بـە ودمـی گـەرمـت بەهێـز ئەبـوو. لـە سـەر هەمـوو سـفرەیەک شـوێنێکت هەبـوو. بەشـی تـۆ لـە هـەر کیلەیەکـی کەمـوون و گەنمدا -جووتیارێـک و مشـتێک- پارێـزراو بـوو. دەسـمایەت ئـەو یاهـوو یاهەقـە بـوو لـە دڵـەوە هەڵـت ئەکێشـا. ئـەو دەنگـە گەرمـە، ئـەو پیاهەڵـدان و سـتایشـەی ئەتخوێنـد. نیـگاری پێنـج تـەن کـە ئەتگـەڕان. نیـگارێک بـە سـینگتەوە، بـە بەرگێکـی تـۆڕی سـەوزەوە. دەنگـت گـەرم و

سەرورووت خۆش بوو. میهرت لە دڵی ئەم و ئەودا بوو. لە زینی ماینەکەت، لە بن هەر دیوارێک، لە بەر دەرگای هەرماڵێک دابەزیایەتی، لە سەر هەر سفرەیەک دابنیشتایەتی؛ ئەوێ گوندی تۆ بوو؛ ماڵ ماڵت بوو و سفرە سفرەی تۆ بوو دەروێش! جگە لە سی ساڵ تەمەن، ئیتر چیت هەبوو؟ ئازادی و هەژاری. ئێستەش لە ناو ددانەکانی تەڵەیەکی ئاسنیندا گیرت کردووە، ئەی مەلی زیرەک! ئەم داوەت چۆن بۆ نرایەوە؟ نەداریت بەرچاو و ڕزگاریت دۆڕاوە. فڕیو. کۆترێک، هومایەک کە تۆ نرخت نەزانی، وا هەڵاتووە. لە شەقەی باڵی داوە و ڕۆیشتووە. نرخی ئازاد بوونت نەبوو، دەروێش. بەهای لۆمەی مشەخۆریت، هەمان ئازادییەکەت بوو بە دەستەوە.

لەم جیهانە هێڵ و هەراوەدا، کەم کەس هەیە ئازاد بێ. ڕزگار بێ. کەس و ناکەس گرفتار دەرگرفتارن. خەڵکی ئەڵێی لە تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەی بێ کۆتاییدا وەگیر کەوتوون. هەر تەن بەندی تەنێکیتر. شانەکانیان بەستراوە. دەستەکانیان بەستراوە. مێشکیان، زمانیان بەستراوە. وەک سەد ساڵەکان، لە ناو ئەو چواردیوارەی کە پێیان ناوەتە سەر خشتی، سەر لە سەر خشتی ئەکەن، بەندەی خشتی دیوارن. چما ئەوانەش کە هەموو تەمەنیان لە هەڵگەڕان بە دیواری دەوروبەریاندا، ڕۆژگار تێ ئەپەڕێنن؛ یەخسیری دیواری بڵێندترن. چما ئەو کەسانەی تۆ ئەیانناسی لە سەر قاسەی زێڕەکانیان، وەک ئەژدیها پۆپکەیان داوە؛ یەخسیرانی خوێنی ناچارانن. چما گرفتارن. گیرۆدەترن. یەک لە کولانەی خۆی، یەک لە کەنووی خۆی. یەک لە دەشت و یەک لە کێڵگە. یەک لە ڕان و یەک بە دارەدەستی لای ڕانەوە. خانەکان بە تاڵانکردن و ئەوانی دیش بە تاڵانچوون. جووتیار بە خاکەکۆنی ئەم خاکە، نانی شەو و قەرز و دەسکی پێمەڕەکەیەوە بەستراوە. شوان بە شەوی درێژ و ئەستێرەوە. چێوار بە پێست و خورییەوە. وردەواڵەفرۆش

بە هەمووانەوە. بە هەر لایەک. بە هەزار لاوە. هەموو بە هەموانەوە. وەکوو دڕک و دەوەن و دار و گوڵ و قارچک بە عەرز و هەتاو و هەواوە بەستراون.

تۆڕێکی چنراوی تێکچڕژاوە ئەم ژیانە، دەروێش!

بەڵام تۆ بەچی و بە کێوە بەستراوی؟ دیلی چی بووی جگە لە ڕزگاریی خۆت، جگە لە ماینەکەت کە ڕێ نوێنت بوو بۆ ئازادیی فراوانتر؟ دەسمایەت چیبوو، دەروێش؟ ڕزگارییەکەت! بە تالان چوو ئەو دەسمایە و جێگەی خۆی دا بە یەخسیری. دیلی بێ ناو و بێ نیشانی تۆ. قەراخ ئاو و ڕەشمەی ماین بە لقەوە، زۆرێک نابا لە بیرت بچێتەوە! بوویت بە نۆکەر، ماهدەروێش. نۆکەری بێ مز. ڕێزت نەماوە. ڕێزت لە قومارێکی ناپیرۆزدا دۆڕاندووە. هەوسارت لە ملە. لای ئاوەکە هەڵوەستە بکە و تێی بڕوانە. بزنێکی کەڵەوە لە مل. سەیری خۆت بکە ماهدەروێش. یاڵت چەماوەتەوە. چەند زوو! چاوەکانت تەمی لێ نیشتووە. دەستت ئیتر ئازاد نین. بەڵام تۆ ئەترسی پیاو! لەم ڕواڵەتەی خۆت ئەترسی. لە بەری هەڵدێی. لە خۆت هەڵدێی. سەرشۆڕی و شکست. ئەمەیە «تۆ»، سەرجەمی تۆ. تێک شکاوە!

«وایە، وایە. نافەکیان لە بەرچاوی ئەم خەڵکەدا بڕی!»

باوانیی شێرۆ! لەگەڵ خۆی ئەمەی بۆ هێنای. ماندوو. ماندووی دەروێش. جاڕسی. پێشێلکراوی. تۆ لە تۆ وەرگیراوە. تۆ قاپووڕی خۆتی. ڤالای بێ مایە. بۆیەشە قاچەکانت، بە بێ ویستی تۆ بۆ تاریکخانەکەی "سەنەما"ت ئەبات. تاڵیی دەمت، ئەفسونی گیانت بەرەو ئەو تاریکخانە پڕ لە دووکەڵ و گەپ و دووە ڕات ئەکشێ. تۆ دۆڕاوی ماهدەروێش. بەڵام لەم ناوەدا کێ براوەیە؟ تۆ نازانی. خەنیمیخۆت ناناسی. ئەبێ نەشی ناسی. خۆ تۆ لە ناو تان و پۆی ژیاندا نەبوویت! خەنیمت لە کوێ بوو، گەدای بیابانگەڕ؟ لە تۆ دا سەرەڕای هەموو کەموکووڕییەکان

بەهرەیک بە ئەمانەت دانرابوو و تۆ لێی خافڵ بووی. نەتناسی و هەڵات. فیز و دەعیەت تێدا نەبوو. بەرچاو تەنگی و بەخیلیت کەم بوو. قینت ڕووی لە گورگی بیابان بوو. گەدای نان بووی بەڵام دیلی نان نەبوویت. لە دەروونتدا بڕوات بە شتێک هەبوو. ناڵەی یاهووت ئەکێشا. بەڵام دەروێش، مەل هەڵفڕی و تۆ گیرۆدەی کەین و بەینی پەیوندییە خاکیەکان. نرخی قەلەندەریی خۆت ئەزانی، ئەی ماهدەروێش؟ گیرۆدەی داوی خاکی. بەڵام تۆ خاکی نیت ماهدەروێش. نانی خۆتت بە یاریدەی ئاسمان لە زەمینیەکان وەرئەگرت و تێ ئەپەڕێت.

ئاگات لە چەم و خەمی کێڵان و چاندن و گەنم و ئاش و تەنوور نەبوو. نانی تۆ، نانی هەمووان بوو. ئیتر لە قەراخی ژیاندا ڕەوان نیت. درێغ! لە بەرزایی گردەکان، لە بەرایی ئێوارانی سروە خۆشی نەیشاپووردا بە سواری ماینی لە مێژینەت ڕۆینە ناکەیت. ڕێت ناکەوێتە ڕێڕەوی ژیان. بزانی یان نەزانی؛ باوەڕبکەی و باوەڕنەکەی، تۆ کەوتوویتەتە ناو قووڵایی بەند و پەیوەندەکانەوە. ئێستەش ئەگەر دەست و پێت نەشکاون، ئەم دەست و پێیە یاریدەت ئەگەر ئەدەن، خۆت کۆکەرەوە و ڕابە. لە عەرز دراوی تۆ، هەڵسە سەر پێ! ئەم بەند بەندە تەون لە تەونی ژیانە. چاوەکانی خۆت هەڵبڕە.

ــ پەرێشانی دەروێش!؟ لە سەر سفرەیان دەریانکردوویت؟

بەبیستنی دەنگ، ماهدەروێش وەستا و سەری هەڵێنا. قەدیر بوو. لای دیوارەکە وەستابوو و ددانە سپی و ڕێکەکانی لە ڕەشاییدا ئەبریسکانەوە. ماهدەروێش خۆی کرد بە کەڕ و نەبیس و بە بێ وەڵام ڕێگەی خۆی گرت. قەدیر نەی خستەخۆی. پشتی لە دیوارەکە کردەوە و کەوتە دوای:

ــ تاجعەلیم بینی بەدار و چراوە لە ماڵ هاتە دەرەوە و بەرە و دەشت چوو. بەرەو خەرمان! چی بووە مەگەر؟

ماهدەروێش ئاوڕی لە قەدیر دایەوە و وتی:

ـ لە کۆڵم بەرەوە مەشەدی قەدیر. لێمگەڕێ. بۆ ئەوەندە سەر ئەخەیتە سەرم؟

قەدیر وتی:

ـ چەندە خۆت دۆڕاندووە سەید؟ ئەترسی یەک دوو سیخوڕ لە ژێر کڵاوەکەم خۆیان داشاردبێ و هەواڵەکە ببن بۆ ئاغەت کە تۆ خەریکی لەگەڵ من قسە ئەکەی؟

ـ مەسەلەی سیخوڕ نییە، مەشەدی قەدیر. خۆم تاقەتی گفت و گەپم نییە.

ـ دەم خۆش برام. منیش وەکوو تۆم. ئێستە کە دەرکەوتوویت، خەیاڵی کوێت هەیە؟ شێرۆت خۆ ناردەوە بۆ ماڵەوە! خۆشت دیارە ئەچی بۆ ماڵی «سەنەما»؟

ـ نە برام، حەزیم نییە. ئەمەوێ بچمەوە بۆ ماڵی خۆم و بخەوم.

ـ ئەزانم ناخی دڵت حەزی لێیە و بۆ ماڵی سەنەمات ڕائەکێشێ، دەروێش. ئیتر بۆچی لە منی ئەشارێتەوە.

ـ نەء، مەشەدی قەدیر، حەز ناکەم بێم. خەڵکی زۆر لێیە، هەست بە غەریبی ئەکەم.

ـ غەریبی ناکەی زیرەک! خۆت لە چاوان ئەشارییەوە. خۆت پێت وایە تاوانت کردووە، کە بوویت بە گەدەی بەردەرگای بابقولی بوندار. بەڵام سووچی تۆ چییە؟ هەر چی چۆن بێ ڕسق و ڕۆزی هەر کەسە و بە شوێنێکەوە بەندە. تۆیش بڕیارە لە سفرەکەی بابقولی بوندار پاروویەکت بەرکەوێ. ئەمە چ عەیبێکی تێدایە؟

ماهدەروێش وتی:

ـ ئەی ئیتر ئەڵێی چی؟ خۆت خۆ زمان نەزان نیت! وادیارە ڕسقی ئێمە وا لە دەرگانەی ئەودا.

ـ بەڵام خەڵکی حەزیان لە بابقولی بوندار نییە، ئەزانی خۆ؟ دڵیان لێی خۆش نییە. هەر چەند بە ڕای من کابرایەکی

خێرخوازیشـە!

ــ خـەریکی مـەتەڵۆک ئـەڵێی، مـەشـەدی قـەدیر؟

ــ نـە بـە جـەدت! مـەگـەر تـۆ خـۆت پێت وانییـە؟ ئەگـەر خێرخـواز نـەبوایـە خـۆ پـەنـای بـە تۆ نـەئەدا؟ تۆش و ژنەکەشـتی بە جارێک نـەئەخسـتە سـەر کار! واتـە کاتێکـە تـۆش و ژنـەکـەشـتی خسـتۆتە ژێـر باڵـی خۆیـەوە دیارە خێـری خـەڵـکـی ئـەوێ.

ماهدەروێش وتی:

ــ ڕاسـتی مـەشـەدی قـەدیر پاش ئـەوەی وشـترەکانت فرۆشـتن، چۆنە هێشـتاش لـە قـەڵاچیمـەن ماویتـەوە؟

لــە تاریکــی شــەودا، قـەدیــر زیرەکانــە لــە نیوڕوخــی ماهدەروێشــی ڕوانــی و وتــی:

ــ ئـەی زرەنـگ! دیـت خـەریکـی سـیخوڕی بـۆ بابقولـی بۆنـدار ئەکـەی! بووی بـە سـەگێکی بـە وەفـا بـۆی!

ــ نـا، بـە جـەددم. نـەء. مـن بـۆ دڵـی خـۆم پرسـیم. بـە جـەددم قەسـەم بە ڕاسـتمە.

قەدیر تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

ــ مـن وشـترەکانم نـەفرۆشـتووە سـەیدگیان. باوکـم ئـەوانـەی فرۆشـتووە. ڕاسـتــت ئـەوێ وشـترەکانیان بـە دەم و زمـان لـە دەسـتمان دەرهێـنا. خۆشـت یەکێـک لـە دەڵاڵـەکانـی بووی. بـەڵام مـن هێشـتاش وشـترەکانم نـەفرۆشـتووە باوکـم فرۆشـتوونی و ئـەویـش ئـاوەزی لـە سـەر جێـی خـۆی نییـە. ئەزانـی خـۆ، دێوانـەیەکـی بـێ ئـازارە. ئێسـتـەش هـەمـوو بیـر و هۆشـی بـە ڕاگـرتنـی ئـەو چـەنـد قـەرانـەوە خـەریکـە کـە چوزانم لـە حـەوت کون شـاردوویەتەوە! براکـەم، عـەباسـجانیـش کـە بـار و ڕۆژی ڕوونـە. بـە دوای کـەری مـردوودا ئـەگـەڕێ ناڵـی بـکات. مشـتێک پـارەی پـێ بـگا، جـا لـە هـەر کوێـوە بـێ. بـەس لـە بیـری خۆیدایەتـی، پارەکـە هـەڵبگـرێ و بچـێ بـۆ مـەشـهـەد. بـە چـوار ڕۆژ بیـدات بـە عـارەق و فایتـوون سـواری و خانمبـازی. لـە هـەمـوو لایـەکیـش

قاوی داخستووه له مەشهەد ژنی هەیه. بەڵام ژنی له کوێ بوو؟ من ئەزانم له کۆتایی کار و ناسالارییەکەیدا، کاتێکه هێشتا وشترەکان له برەو نه کەوتبوون، عەباسجان کچی داڵاندارەکەی کاروانسەرای بڕبن کرد و پاشانیش ناچاربوو ناوی خۆی له سەر دابنێ. ئێستەش بە بیانووی ئەو کچەوە تاو نه تاو فڕکه ئەکا و ئەچێ بۆ مەشهەد. منیش باسی چی بۆ تۆ ئەکەم؟! نازانم چۆن بوو! دەی ماهدەروێش، تۆ بڵێ. بیستوومه بابقولی بوندار ئەیەوێ کچی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بۆ کوڕە گەورەکەی، ئەسڵان بخوازێ؟ ئەرێ، ئەمە ڕاستە؟

ماهدەروێش وتی:

ـ منیش بیستوومه. بەڵام هێشتا دیار نییه. خوا ئەیزانێ. من به تەواوی ئاگام لێی نییه.

ـ باشه ئیتر! ئەیەوێ ببێ به خاوەنی قەڵاتی خوێناڵێیش، ئەرێ؟ قەڵاچیمەنی پێ کەمه! ئەوەندەی خۆی ئاو و زەوی هەیه، ئەوا هەیەتی. مەزرا و ئاوی خانیشی دەسبه سەرا گرتووه و ئەوا هەموو قەڵاچیمەن وەکوو ئەنگوستیله له ئەنگوستیدا ئەسوڕێ. کێ ئەتوانێ قسه له بان قسەی بکات؟ ئەوەتا بووه به کوێخاش. لەوە باشتر هەر نابێ. پشتی داوه به کێوەوە. ئەرباب ئاڵاجاقی له مل ئەستوورەکانی سەبزەواره. کەسێکه پشتیوانیکی وەهای هەبێ ئەتوانێ خوێنی هەمووکەس بکاته شووشەوە. سەیر ئەکەی سەید؟ هەموو شتێک چۆن به پەتێک بەستراوه به یەکەوە. تۆیش ئێستاکه له سەرێکی ئەم پەته گرێ دراوی. تۆش پشتت کێوە و خۆت ئاگات لێ نییه چۆن بەستراوی به کلکی ئەم پەتەوە! ئەوەندەت نەزانی بووی به گزیری بابقولی بۆندار! دنیات چۆن دیوه؟ بەو جۆرەی ئەو خشتەکانی یەکەمی داناوه تا پێنج ساڵیتر ئاو و زەوییەکانی ئاڵاجاقیش له چنگی دەرئەهێنێ و ئەبێ به ئاغای هەمووان. ئەم سێ چوار وردەمالیکەش خۆی لەبەردا ڕاناگرن. کاریکی نییه.

چوارجار کارێزەکە دۆڵەساو ناکا. کە وا بوو ئاو ناگاتە زەویوزاری وردەمالیکەکان و دان ئەسووتێ. چوار جار وابکات وردەمالیک ناچار ئەبێ ئەو چۆرە ئاوە بەو نرخەی ئەو ئەیقرسێنێ، بفرۆشێت و ئاوارە ببێ. ئەمەیە کرۆکی باسەکە سەید گیان. ئاغەکەی تۆ خۆی لە بزماری ماڵی خەڵکیش مات داوە. باشە، تا چی ڕوو بدات. ئەگەر لەم دنیایەدا نەشلەوەڕین، لانیکەم با سەیری بکەین. دەروێشەکانی ئێوە پەندێکیان هەیە: «دنیا بینین لە دنیا خواردن چاکترە.» ڕەنگە خۆشت هەزار جار ئەمەت وتبێت و بیستبێت، وانییە؟

ئەوا هەر دووک -ماهدەروێش و قەدیر- لە سەر ئاوەکە دانیشتبوون. قەدیر مشت مشت ئاوی ئەپژاند بە ڕووی خۆیدا و ماهدەروێشیش سەیری ئەکرد:

ـ چ بایەکە! دەی بڵێ دەروێش لە چ خەیاڵی؟

ماهدەروێش وتی:

ـ قسەی ڕێکوپێک ئەکەی قەدیرخان، بەڵام پێ ئەچێ دڵت زۆر پڕ بێ. نازانم بەم هەلومەرجەی بۆت ڕووی داوە چۆن لەگەڵ خۆت ڕێ ئەکەوێ؟ لە من ئەبیسی پارەیەک دەسبخە و ڕێ بکەوە بەرەو شار. تۆ کابرایەکی دەستوپێ سپیلکە نیت. ئەتوانی نانی خۆت دەسبخەی.

ـ شار!؟ چەندە سادەی سەید گیان! حەیف ناکەی؟ ئەم ئاوە ڕەوانە، ئەم شەوە ڤالایە، ئەم دیوارانە، ئەم سەگە بەرەڵانە، ئەم وشترانە، من لە ناو ئەم شتانەدا گەورە بووم. نزیکەی سی ساڵە! ئێرە بنە و بارگەی منە، گوندی باوباپیرانمە. جا بێم نیوەکارە هەموو ئەمانە جێ بهێڵم و بچم بۆ شار؟ تاق و تەنها لە شار چۆن هەڵبکەم؟ چی بکەم؟ مرۆڤ خۆ تەنها بە نان ناژی. جگە لەمانەش، باوکم چی لێ بکەم؟ ئەوەتا خانەنشین بووە. پەکی کەوتووە. من ئەگەر نەبم کێ پێی ڕابگات؟ پیرەمێردی زمان بەسراو دیق ئەکات. نۆرەی ئەوەیە

نفرینیشم بکات. تۆ بیت باوکی خۆت بەو نەخۆشیە بەجێ ئەهێڵی و بۆ خۆت بچی بۆ شار؟

ماهەدەروێش بە بزەیەکی تەوساوییەوە وتی:

ـ من لەم قسانەی تۆ هیچ تێناگەم. قەت باوکی خۆشم نەدیووە. باوک واتە چی؟ بەس ناوی ئەزانم. هەڵبەت دایکیشم نەبووە. بەڵام شتێکی زۆر کەمی ئەوم لە بیرە. پیرەژنێکی فێدار بوو و بۆ ئەم ماڵ و ئەو ماڵ نانی ئەکرد. جارێکیش گوایە لە سەر تەنوورەکە فێی لێدێ و ئەکەوێتە ناو تەنووری گەرم. پاش چەند ڕۆژێکیش ئەمرێ. من زۆر کەم ئەوم لە بیرە. بێچارە وەکوو تۆپەلێک گۆشتی سوورەوەکراو لە سووچی دیوارەکەدا کەوتبوو و وەکوو مێشێک ووزە ووزی ئەکرد. هەتا شەوێک، کاتێکە من لە خەوی حەوتەمدا بووم، گیانی دەرچوو. ئەمە بەیانی دراوسێکەمان وتی. ئەگینا من نەمزانیبوو ئەو مردووە. چونکە مردوو و زیندووی وەکوو یەک بوو. پاشانیش چیرۆکەکەی درێژە. بەس ئەوەندە بڵێم کە شانسی ئەوەم هەبوو، بە یاریی جەددم ئیمامی هەشتەم، خوای گەورە تۆزە دەنگێکی پێدابووم. ئەمەیە کە ئەڵێم نازانم دایک و باوک چ جۆرە شتێکن و لە بەر ئەمەش خۆم ئەخەمە جێی تۆ و ئەڵێم ڕوو بکەرە شار. چونکە شار هەر چی بێ قەرەباڵخە، پاش مانگ و ساڵێک مرۆڤ لەگەڵ ئەم و ئەو ئاشنا ئەبێ؛ دەستی لە ناو عەرەب و عەجەمدا ئەکرێتەوە و ئەوندەت نەزانی بەختت یار بوو دەستت لە کارێک گیربوو.

قەدیر وتی:

ـ ودمت هەقە دەروێش گیان. بەڵام پێی من لێرە گیرە. لە مریشکێک ئەچم پەتیان بە قاچیەوە بەستبێ. بۆیەشە بەردەوام بە دەوری خۆمدا ئەگەڕم، بە دەوری ئەم کۆڵان و ئەو کەلاوەدا ئەگەڕێم. بووم بە جووتی کوندەکان. ڕەنگیشە بووم بە خۆیان. کوندەبەبوو.

ـ نەکا عاشق بوویێتی، ها؟

قەدیر نەی ئەویست خافڵگیر کرابێ. هەڵسا و وتی:

ـ چی ئەڵێی سەید! من خۆ ئیتر هەژدە بیست ساڵان نیم، دەورەی من تێپەڕیوە. هەڵسە ئەگەر حەزت لێبێ بچین بۆ ماڵی سەنەما خۆت نەشە بکە و پاشانیش بڕۆڕەوە. هەڵسە!

ماهدەرویێش هەڵسا، ئاوی دەستی داتەکاند بە سەر عەرزدا و پرسی:

ـ تۆ چی؟

ـ ڕەنگە منیش بەستێکم کێشا. بەڵام من زیاتر بە هەوای قومار دێم. تۆ خۆ حەزت لێ نییە، وایە؟

ـ نە برام گیان، خوا ئەم تاقە کارەم پێ ڕەوا نەبینێ.

ـ هەروایە کە ئەیڵێی. تا بۆت ئەکرێ قەرەی مەکەوە. ئەگەر دەستی بە دامێنت بگا، بەتەمای سەرت مەبە. هەر چەند ئەم شەوانە کەس لە ماڵی سەنەما بەند نابێ. چونکە زۆربەیان لە دەشت، لە ناو کێڵگە و لە سەر خەرمان ئەخەون. بەڵام ڕەنگە یەک دوانێکی لێبێ. ئێستەش ئەچین تا بزانین چۆن ئەبێ.

ماڵی سەنەما لە قووڵاییدا بوو. دوو پلیکان هەتا حەوشە و دوو پلیکانیش لە حەوشەوە تا ژوورەوە. قومار لە ژوورەکەی ئەو دیوو و، دەرگایەکی نزم، دوو ژوورەکەی ئەبەستەوە بەیەکەوە. چرای شیرە لە ژووری یەکەمدا بەرپا کرابوو. میمکە سەنەما بە ڕوومەتی درێژ و وشکەڵاتوو، قژی نەرم و لە خەنەگیراو بەر تەوێڵی، لاشەویلکەی دەرپەڕیو و چاوی قەڵەوەوە، لای چراکە دانیشتبوو و یەکبەند بەستی شیرەی ئەلکاند.

بە گوتەی خەڵکی قەڵاچیمەن، میمکە سەنەما «ژنی پاک و خاوێنی ڕۆژگار» بوو. سەرەڕای ئەوەی کە ماڵە بچووکەکەی هەمیشە پڕ بوو لە مشتەری جۆراوجۆر، بەڵام لە سەر بەڕەکەی تەنها شوێن پێیەکی خۆڵاویش نەئەبینرا. شیرەییەکان

بۆ ڕاکشان لە لای چرای شیرەوە، ئەبوایە گیوەکانیان دابکەنن و قومار بازەکان بۆ ڕۆیشتن بۆ ژوورەکەی پشتەوە ئەبوایە بە قەراخ دیوارەکە، ئەو شوێنەی بەڕەکە نەیگرتبۆوە، تێپەڕن. سەر و شانیان دانەوێنن و لە کونەکەوە خۆیان بکەن بەو دیودا و بچنە تاریک و ڕوونی ژوورەکەیترەوە.

قومارخانە، براکەی میمکە سەنەما ئەیبرد بەڕێوە. عەبدولە ڕەش. پیاوێک بە ڕیشی زبر و بروّی خەنجەری، چاوی قاوەییەکی تەماویی، لێوی ئەستوور و شین، تەوێڵی کورت و قژی پڕ. کەمدوو و کەمبیس و بە بڕوبیانوو و ـ هەرکاتەش حەزی لێ بوایەت ـ قسە خۆش و نوکتەزان و نوکتەبێژ. هەمیشە لە ناو خۆیدا بوو. سەری داخستبوو و سەد بەیەک وەڵامی گفت و گەپە بێ کۆتاییەکەی شەوانەی ئەدایەوە. جگە لەمەش نەئەکرا. چونکە عەبدولە ڕەش ئەگەر بیویستایەت خۆی لە هەر بابەتێک هەڵقورتێنێ، ئەبوایە بەردەوام وەڵامی ئەم و ئەو بداتەوە و شتێکیش ببیسێت. ئەوسا ئەبوو بە حەوزێکی بێ ئاو کە هەموو دەمدرێژێک سەری پیا بکا و دەنگێکی تێ بخات و عەبدولە ڕەشیش وەڵامی دەنگەکە تاوبداتەوە. عەبدولە ڕەش بە سەر قومارەکەوە ئەوستا، سەیری دەست و کارتەکانی ئەکرد و هەموو خولێک لووتیشی ئەسڕی. کاتی بێکاریش لای دیوارەکەوە، بە خواری شانێکی ئەنا بە دیوارەکەوە و چۆلەکە دەستەمۆکەی ئەخستە سەر پەنجەی و یاریی لەگەڵ ئەکرد.

ئێستەش لەو دارەتەدا بوو. چۆلەکە تریاکیەکەی خستبوویە سەر پشتی دەستی و مووچ مووچی بۆ ئەکرد. چۆلەکەکە دەمی ئەکردەوە و عەبدولە ڕەش نەرمە قەندێکی تەڕکراوی ئەخستە نێوان دەنووکی چۆلەکەکە و پێئەکەنی و چاوەکانی لە خۆشیان ئەبریقانەوە.

لەتە بچووکەکانی دەرگای حەوشە پێکا درا. عەبدول سەری هەڵهێنا و لە درزی دەرگاکەوە سەیری ڕەشایی ناو

حەوشـەی کـرد. ماهدەروێـش و قـەدیـر هاتـن و پێیـان نایـە نـاو دەریزانـە و هاتنـە ژوورەوە. ماهدەروێـش سـڵاوی کـرد. بـەڵام قـەدیـر هەڵوەسـتەیەکی کـرد و کشـایەوە. عەبـدول تێگەیشـت قـەدیـر بۆچـی کشـایەوە. خاڵـی قـەدیـر لـە بن چراکـەدا ڕاکشـابوو و ئەوەی لـە نێـوان خاڵـۆژن و قـەدیـردا ڕووی دابـوو، عەبدولـە ڕەش باشـتـر ئەیزانـی؛ مـوو بـە مـوو. ئـەو ڕووداوە هـەر لێـرەوە، لـەم ماڵـەوە سـەری هەڵدابوو، نـەک ئێسـتـە، سـێ یـان چـوار سـاڵ پێـش.

خاڵـی قەدیـر لـە لای چراکـە هەڵسـا و ماهدەروێـش لـە سـەر جێگەکـەی ڕاکشـا. خاڵـۆ لای دیوارەکـە دانیشـت، پاڵـی دایـەوە و نیـوە جگەرەیەکـی داگیرانـد. پێڵوەکانـی بـە نەشـەی شـیرە قـوورس ببـوون. نیـگای بـۆ خـوارەوە بـوو. ئەمـە، ئیتـر بـۆی ببـوو بـە خـوو. نیـگای هەمیشـە بـۆ خـوارەوە بـوو. بـە یـەک واتا سـەری شـۆڕ ببـوو. جـار جـارە فوویەکـی لـە ئاگـری جگـرەکـەی ئەکـرد کـە لار داگیرابـوو و دیسـانەوە پێڵوەکانـی ئەخسـتەوە سـەر یـەک.

عەبدولـە ڕەش سـەیری پاڵـەوان بەڵخـی کـرد، پاشـان لـە بنـەوە سـەیری خاڵـۆی کـرد و چاوێکـی لـە پاڵـەوان بەڵخـی داگرت. بەڵخـی لای دیوارەکـە، نیوکێـش ڕاکشـابوو و تەسـبیحە دەنـک درشـتـە کارەبایەکـەی ئەگەڕانـد. شـانی چـەپ و پانیـەی سـەری نابـوو بـە دیوارەکـەوە، ئانیشـکی کردبـوو بـە کۆڵەکـەی بن سـەری و ئەژنـۆی ڕاسـتـی هەڵێنابـوو. تەقیلـە دەزووەکـەی تـا ناوچـاوی هاتبـوویـە خـوارەوە و لـە پشـت بـرۆ بڵنـد و ڕوونەکـەی وەسـتـا بـوو. بزەیەکـی تەوسـاوی بـە سـەر لێویـەوە بـوو. بەڵخـی هێشـتـا گرفتـاری شـیرەی تریـاک نەببـوو، هـەر چەنـد گیرۆدەی شـیرەخانە بـوو. بێکارییەکانـی ئەهێنـا بـۆ ماڵـی سـەنەما. لـەوێ ڕائەکشـا، ناسـی ئەخسـتـە ژێـر زمانـی، جـار جـارە چایەکـی ئەخـواردەوە و دەربـارەی ئـەوەی لـە قەڵاچیمـەن و دەوروبـەری ڕووی دابـوو قسـەی ئەکـرد. زمانـی هـەر چەنـد شـیرین و دڵنشـین بـوو، بـەڵام بـە بـێ تـەوس و تەشـەر نەبـوو. مایەیەکـی سـاتیر و تەوسـی تاڵ بـە

بەردەوامی چاشنی گووتەکانی بوو. چزووی زمانی جەستەی یەک یەکی خەڵکی قەڵاچیمەنی گەستبوو. ئەمە بەدەستی ئەو یان بەدەستی خەڵکی تر نەبوو. سروشتی بەڵخی وابوو. ئەو لە ڕیزی ئەو پیاوانە بوو هەمووو تەمەنیان لە گوند و دەشت ئەژین و هەر گیز پێمەڕەی جووتیاری نانێن بە شانەوە. یان ڕاستتر وایە بگوترێ، خانی واش پەیدا نابێ کار بە پیاوی وەکوو بەڵخی بدات. چونکە کارا بوون و مل بەکوێنی، بێ زمانی و بێوەی بوون، ئەو ڕەوشتانەن هەمووو خاوەن کارێک بەدڵیەتی و بەڵخی ـهەڵبەتـ لەو ڕەوشتە باشانە بێبەهرە بوو! لەم کابرایەدا کە لە بەرزەفڕیش بێ بەهرە نەبوو، دفرەیەکی شیاو شاردرابوویەوە. دفرەێکی ئاوێتەی خودپەسەندیی. ئەوەی کە خەڵکیتری زیز ئەکرد زۆرتر، ئەم تایبەتمەندییەی ئەو بوو.

بەڵخی تاڵ و نەگونجاو بوو. چونکە لەو دوو-سێ چوارچێوەیەی بۆ مرۆڤی قەڵاچیمەن دیاریی کرابوو، جیاواز بوو. باندەستەکان حەزیان لێ نەبوو، چونکە ڕەفتاری لەگەڵ ئەوان ناپەسند بوو. سەری ڕاست و نیگای تیژی ئازاردەر بوو. بندەستەکان ـهەڵبەت نە لە ڕیزی بەڵخیداـ دووره پەرێزییان لێ ئەکرد، چونکە بەڵخی بەسووک چاوی لێ ئەکردن. قەشمەریی بە ملبەکوێنی و بێزمانی و بێوەی بوونەکەیان ئەکرد. گاڵتەی بە جووتێر بوون و جووتێر خوویەکەیان ئەکرد. دڵی پێیان نەئەسووتا و زمانی ڕێنموونی کردنی نەبوو. بەس سووکایەتی پێ ئەکردن. بە نیگا، بە تەوس و تەشەر و بە کردار و ڕەفتار. بۆیە بندەستەکانیش خۆیان لێ ئەپاراست. تەنها دەستەیەک لەگەڵ بەڵخی نێوانیان هەبوو و لەگەڵی ئەگونجان، ئەوانیش لە تیپی خۆی بوون. هەر چەند نە بەڕەوشت و خوو، بەڵام بە هۆیترەوە. ئەوانەی کە لەیەک شتدا، چوون یەک بوون: نەبوونی و نەداریی. ئەوانەی کە دەستیان لە کشتوکاڵ کورت بوو. کە پێمەڕەی وەرزێرییان بە

شـانەوە نەبـوو. کـە بەهیـچ شـێوەیەک بـەکاری ڕاسـتەوخۆوە، گـرێ نەدرابـوون. ئـەو حەشـاماتەی نێوانـی ماڵـی خـان و زەویوزار پڕ ئەکەنـەوە، بـە بـێ ئـەوەی پەیوەسـت و پەیوەندییـەک لـە نێـوان خۆیـان و ئـەو دوو بـەرەدا هەسـت پـێبکـەن. پاڵـە و گرێگرتـەی ڕۆژکار.

بـەڵام بەڵخـی ئێمـە، نەچووبوویـە ژێـر بـاری ئـەم وردە کارییـەش. نەشـی ئەویسـت بیـکات. لـە وەرزی دەسـکەنەدا کـە ڕەشـایی و کرێکار کاریـان ئەدرێتـێ، کـەس نـەی دیبـوو بەڵخـی لـە مووچـەی سـالارێک نافەکـی لـە عـەرز بخشـێنێ. بـەس دروێنـەی ئەکـرد. دروێنـەش ڕۆژمـز بـوو. بـەڵام بەڵخـی دروێنەی بـەکاری پیاو ئەزانـی و خـۆی لـە باشـترین دروێنەوانەکانـی قەڵاچیمـەن بـوو. جگـە لـە کاری کاتـی درەوو، تێکـەڵ بـە کاری کڕیـن و فرۆشـی قاچاخیـش ببـوو. هـەر چەنـد کاری قاچاخگەرییەکـەی بەنهێنـی ئەکـرد، بـەڵام هـەر ئاشـکرا ببـوو و ببـوو بـە ڕۆژی ڕوون. بۆیـە بابقولـی بونـدار هەوسـاری کارەکـەی لـە دەس دەرهێنابـوو و بۆماوەیـەک خسـتبوویە زیندانـەوە و بەڵخـی ئـەوا بـە کۆڵانەکانـی قەڵاچیمـەن‌دا ئەگـەڕا و لـە بـەر خۆیـەوە ئـەی بۆڵانـد و بـە دوای کارێـک، پیشـەیەکی تـرەوە بـوو. لـەم ڕۆژانـەی دوایـی‌دا، بـە بیـری‌دا ڕابردبـوو بچـێ بـۆ ماڵـی کەلایـی خـواداد و داوای لـێ بـکات وشـترەکانی بـە شـەریکی پـەروەردە بـکات و دەمـەو زسـتان سـەریان ببڕێ. ڕۆیشـتبووش. بەڵام لە کەلایی خوادادی بیسـتبوو بابقولـی بونـدار دەسـپێشـخەری کـردووە و وشـترەکانی کڕیـوە و نانەکـەی لـەدەس دەرهێنـا وە. ئەویـش لـە سـووچێک دانیشـتبوو و لێـوی خـۆی کرۆشـتبوو.

عـەبدولـە ڕەش سـەیری بەڵخـی کـرد و بـە دەم چاوداگرتنـەوە ئـەمـاژەی بـۆ دەرەوە کـرد:

ــ چۆن بوو قەدیر نەهات؟

بەڵخی نیونیگایەکی هاوێشتە خاڵۆ و وتی:

ـ چووزانم! ها، ماهدەروێش، قەدیری ئاشنات چوو بۆ کوێ وا نەگەڕایەوە؟
ماهدەروێش تۆزێ لە بەری هەڵسا و وتی:
ـ چی بڵێم قوربان؟ لێرەکانێ بوو. پێکەوە بووین.
بەڵخی هەڵسا، دەستی برد بۆ چوارچێوەی دەرگاکە، سەری بردە دەرەوە و وتی:
ـ لە کوێ خۆت شاردۆتەوە فلانی؟! ناتەوێ لەوێ بێیتە دەرەوە؟
دەنگی قەدیر هات:
ـ هاتم باوە ئێوەش خۆ قەرزتان بە لامەوە نییە! قەرزارتانم؟
بەڵخی سەری کێشاوە ژوورەوە و وتی:
ـ دەستم وشک بووە لە ئێوارەوە! وەرە لانیکەم پاسوورێک بکەین با بتوانین بچین بخەوین! ئەو شەوەی کە مرۆڤ هیچ ناکات خەویشی لێ ناکەوێ.
عەبدولە ڕەش وتی:
ـ ئەمساڵ لە سەر دۆڕانە هەژارە! لە سەرەتای ساڵەوە نەمدیوە یەکجاریش بردبێتیەوە. شانسی وا لە برجی جیقنە.
ماهدەروێش، حەزی لەوە بوو خۆی تێکەڵ بکات، وتی:
ـ ئەگەر کەسێکیش لە قوماردا پاشکەوت، زۆر دژوارە بگاتەوە و پێش بکەوێتەوە. قومار وەکوو کاروانی وشترە، ئەگەر توانیت هەمیشە لە پێش کاروانەوە بڕۆیت، ئەوا ڕۆیشتوویت و لەپێشی؛ بەڵام ئەگەر یەک دوو بنە دواکەوتی، تا بە کاروانەکە بگەیتەوە، ئەبێ دە وچان بە تەنها بڕۆیت.
ـ ئافەرین لە ئاغا سەید؛ ئاغا سەیدیش لەم کارانەدا سەر ڕشتەی باشی هەیە. وایە؟
ئەمە پاڵەوان بەڵخی وتی و بەنەرمی پێکەنی. عەبدولە ڕەش بە ڕاوەشاندنی سەر بۆی سەندەوە و میمکە سەنەما بە دەنگێکی وەکوو جووکە جووکی چۆلەکە وتی:

ـ بۆ سەرڕشتەی نەبێ؟ مەگەر ئەو مرۆڤ نییە! یان لە ناو مرۆڤدا نەژیاوە کە سەرڕشتەی نەبێ؟

بەڵخی وتی:

ـ هەر ئەمە ئەڵێم منیش! ئەگەر وانەبوایە خۆ خۆی لەبەری بەری کاروانەوە هەڵنە ئەهات! خۆتان مەگەر چاوتان نییە ببینن چۆن وەکوو تانجی ڕۆژی چل جار جووتەی ئەخست و ئەچوو بۆ ماڵی کەلایی خواداد بۆ ئەوەی مامەڵەکە جۆر بکات؟! ئەم سەیدە لە خودی بابقولی بوندار زیاتر هەوڵی ئەدا تا وشترەکان لە دەس ئەو دێوانەی خوا دەربهێنێ! پێی وا بوو بابقولی بوندار کێری یەکێک لە وشترەکان ئەدا بەدەستی ئەوەوە بیبڕێ... لائیلاهە ئیلەڵڵا!

میمکە سەنەما وتی:

ـ تۆ دیسانەوە لەغاوت لە دەمت دەرهێنا بەڵخی؟ ئەم سەیدی ئالی ڕەسووڵە چ تاوانێکی کردووە؟ ئەم بەندەی خواش وەکوو هەموو بەندەیەکی‌تر بە دوای ڕسقی خۆیدا ئەگەڕێ! ئەگەر تۆ وشترەکانی کەلایی خودادات بکڕیایەت چوار دانە پێنج قەرانیت ئەخستە ناو مشتی کە خورشتێک ساز بکات و لەگەڵ ژنەکەی بیخوا؟ نەت ئەخست ئیتر! ئەی بۆچی ئەوەندە تەوس و تەشەری لێ ئەدەی ئەو بێچارەیە؟

بەڵخی وتی:

ـ من لە ئێوە ئەپرسم. بۆچی بابقولی بوندار لەم قەڵاتە، ئەم هەمووە خەڵکەی نەدیوە و چووە کابرایەکی غەوارەی هێناوە و کردوویەتی بە پاکاری خۆی؟ مەگەر لەم قەڵاتە پیاو قات بووە؟ بۆچی؟ لە بەر ئەوەی سەر لە کارەکانی ئەو و خەڵکی قەڵاچیمەن دەرنەهێنێ. سەیرکە کێی بە دەوروبەری خۆیەوە ڕاگرتووە! یەکیان ماهدەروێش، یەکیان ژنەکەی ماهدەروێش، یەک قوربان بەلووچ، یەکیش مووسای تەونکەر کە ئەویش خەڵکی ئێرە نییە. یەکیش ژنەکەی خۆی کە ئەویش نازانم لە

دووڕەگەکانی کوێیە، بە دوو کوڕەکەیەوە. کوڕە گەورەکەی کە لەو زیرەک و زۆڵەکانەی ڕۆژگارە، شەیداش خۆ...

ـ لێرە لە ماڵی من بە خەڵکدا هەڵمەڵێ گۆدەرز خان!

سەنەما بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی باش لە گۆدەرزی بەڵخی بگەیەنێ، سەرە وشک و بێتووک و بچووکەکەی لە سەر باڵنجەکە بەرزکردەوە، چاوی بڕییە ناوچاوی بەڵخی و لێوی خوارەوەی بەددان گەست. بەڵام بەڵخی گوێی نەدایە و وتی:

ـ من خۆ ترسم لە کەس نییە. هەر کەس ئەیەوێ هەواڵەکەی ببات بۆ بابقولی بوندار، با زووتر بیبات. تۆیش میمکە سەنەما چاو و بڕۆی بابقولی بوندارت خۆش ناوێ. من ئەزانم. لە بەر کڕین و فرۆشی ئەو تریاکەی لەگەڵ بوندار هەتە، ئەتەوێ ئاگات لە خۆت بێ. بەڵام لەخۆوە ئەترسی. چونکە ئەو بە هیوای کەسانی وەکوو تۆ خۆی خستۆتە ناو کاری قاچاخەوە. پێویستی پێتانە. سەیری سەر و قەپۆزی مەکە. ئەگەر ئێوە مانان نەبن ئەو تریاکەکەی بەکێ بفرۆشێ؟!

سەنەما وتی:

ـ تۆش براگیان دڵت بۆ خۆت بووە بە کەباب!

ـ ئەی ئەتەوێ بۆ کێ ببێ بە کەباب؟ بۆ بوندار؟

میمکە سەنەما هیچی نەوت. عەبدولە ڕەش سەر و سینەی بەرز کردەوە وتی:

ـ بیبڕنەوە بابە ئێوەش. بیبڕنەوە!

قەدیر هات. دانەوییەوە، پێی نایە ژوورەوە و بە بێ ئەوەی سەیری خاڵۆی بکات، سڵاوی کرد و یەکڕاست چوو بۆ ژوورەکەیتر. بەڵخی ناجسنانە پێکەنی و لە ژێر چاوەوە سەیرێکی خاڵۆی کرد. خاڵۆ سیگارەکەی کوژاندەوە و خۆی کۆ کردەوە و هەڵسا. عەبدولە ڕەش وتی:

ـ ئەمشەو کەسی لێ نییە، قەدیر.

ناچار، قەدیر سەری لە کۆنەکەوە دەرهێنا و ویستی بڕوات. بەڵام خاڵۆ، بەر لەو هەڵسابوو و کەوتبوویە ڕێ. قەدیر مایەوە و خاڵۆ پێی نایە دەرەوە و بە دەم ڕۆیشتنەوە وتی:

ــ ئاخرەکەی ئەو سێ وشترەشتان تیابرد! تیاتان برد و بەگونتانەوە! چش، با وابێ. ئەمەش مارەیی خوشکەکەی من!

لە ژوورە قووڵەکەدا، قەدیر بێدەنگ مایەوە. خاڵۆ پێی نایە کۆڵان و دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخست و دەنگی پێی لە کۆڵانەوە هات. بەڵخی وتی:

ــ ئێستە وەرە ئاسوودە دابنیشە، قەدیر. وەرە دانیشە.

ماهدەروێش سەری لە سەر سەرینەکە بەرزکردەوە، دووکەڵی ناو سینەی دایە دەرەوە و لە لایەکەوە دانیشت. دەستێکی هێنا بە دەم و لەوسیدا وتی:

ــ من میوانی ئێوەم جەنابی بەڵخی! میوانی ئەم گوندەم. لە ڕەوشتی دەروێشاندا، میوان خۆشەویستی خوایە. تەوس بۆ میوان ناهاوێژین. من خۆ دستێکم نییە درێژی بکەم. زمانێکم نییە ژەهرتان بۆ بڕێژم. من پەنام بۆ ئێرە هێناوە. جگە لەوەش کەسی وا نەبوو، یان توانای ئەوەی نەبوو من بباتە سەر سفرەکەی؛ بوندار کردی ئیتر. ئەو منی وەکوو کۆیلە کڕی. وەکوو عەزیزی میسر کە یووسفی لە بازاڕ کڕی. منیش چارم ناچار بوو. ئاتاجی شوێنێک بووم سەری لێ بنێمەوە. ئەویش پەنای دام. من خۆ نەهاتووم دوژمنی لەگەڵ خەڵکەکە بکەم خۆ! حەزیشم لە نۆکەری نییە، بە جەددم فاتمەی زەهرای پاکیزە. ئەگەر ئێوەش بە دوژمنم دابنێن ئەوە ئیتر خۆتان ئەزانن. بەڵام من، بە هەموو ئیمامەکان سوێند بێ دوژمنی کەس نیم. من فەرمانبەرێکم و بەس. لە خوام ئەوێ خۆی دیسانەوە ئازادم بکا، بۆ خاتری جەددم عەلی.

بەڵخی بە تانەوە وتی:

ــ مەگەر خودی عەلی بتپارێزێ. خوا کە خراپ تووشی

کردوویت. بەڵام ئەگەر لە من ئەبیسی زۆر خۆش خزمەتی مەکە. خەڵکی ئاوایی پێیان خۆش نییە. بۆ خۆشت بە گران تەواو ئەبێ... ئەی تۆ چی قەدیرخان، پاسوورێکمان لەگەڵ ئەکەی؟ نایکەی ها؟

قەدیر وتی:

ــ لەگەڵ تۆ نەبێ لەگەڵ کێ بیکەم؟

ــ لەگەڵ کوڕەکانی بابقولی بوندار! تۆ ئیتر هاوشانی ئەوانی. هاوشانی ئەوانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ ئەکەی. ڕاستی قەدیرخان چی ئەبوو ئەگەر ئێمەشتان بکردایەت بە شەریک؟ ها؟ وشترەکانمان قەڵەو ئەکرد، زستان کێردمان لە ملیان ئەنا و گۆشتەکەمان ئەفرۆشتن. هەم لێرە و هەم لە گوندەکانی دەوروبەر ئەمانفرۆشت و پارووە نانێکمان پەیدا ئەکرد. ها؟ من خۆ نەم ئەویست بە خۆڕایی وشترەکانتان لە دەس دەربهێنم؟ ڕەنگە لەوەی بابقولی بونداریش بە زیاتر لێم بکڕیبایەتن.

قەدیر وتی:

ــ خانی بەڵخ! تۆ ڕاهاتوویت بۆ خۆت هەر قسە بکەیت و مەتەڵ هەڵبێنی. سەیری بەر و دوای قسەکانیشت ناکەی. عاشقی گوتەکانی خۆتی. حەزت لە شیرینزمانی خۆتە. ئەگینا تا ئێستە ئەوەت زانیبوو کە من وشترم نەفرۆشتووە. وشتر بە دەست من نەبووە. ئەگەر بوایەت زەنگۆڵەیانم بەدەس کەسەوە نەئەدا. ئەمویست ئەمساڵ داربکێشم. ئەچووم بۆ لێڕی شۆراو، هێزمم، بار ئەکرد و ئەمبرد بۆ سەبزەوار، ئەمفرۆشت بە نانەواکان. من ناتوانم ئەو ڕۆژە ببینم کەس چەقۆ بدا لە سینەی وشترەکانم. باوکم ئەوکارەی کرد. ئەویش خۆی مێشکی نییە. ئاوەزی با بردوویەتی. ئەگەر تۆش قسەیەکت هەیە بچۆ بەوی بڵێ. بەو بە عەباسجانەی کە بۆ دەسڕێک، قەیسەریەک ئاگر ئەدا! ئەو گەڕی لە پیرەمێرد

ئالان، تا وشترەکان لە بەر بێ ئازووقەیی تیا نەچوون، لە کۆڵیان بکاتەوە. ئێستەش بە چەن گەلای پشت سوورەوە کە بە زۆر لە چنگی پیرەمێردی دەرهێنا، لە بن شەقامی مەشهەددا خەریکی خانم بازییە و لای زابۆلیەکان شیرە ئەکێشێ.

قەدیر وەلامەکەی بەڵخی تەواو کرد و بە ماهدەروێشی وت:

ــ دەی سەید، ئەمێنی یان ئەڕۆین؟

سەید پارەی شیرەکەی خستە بن چراکەی سەنەما، هەڵسا و وتی:

ــ ئەڕۆین، کات درەنگە.

قەدیر ئامادە بوو بۆ ڕۆیشتن. پاڵەوان بەڵخی پێی وت:

ــ پاسوورێکمان نەکرد؟

ــ نە بە خوا. پێی تری لێ نییە و قوماری دوو کەسەش خۆش نییە.

بەڵخی وتی:

ــ گشتی سووچی ئەم خاڵۆیە. کارەکان بە پێچەوانەیە. ئەگەر ئەو لێرە نەبوایەت، تۆ تێک نەئەچوویت. بابە ئەو ڕووداوە کۆنبوو و بە سەر چوو. قەبری باوکی "لالا" بۆچی هەموو جارێک خۆڵی ئەو شەوە هەڵئەدەنەوە و تازەی ئەکەنەوە؟ جگە لەمەش، لالا خۆ ئیتر ژنی ئەو نییە!

قەدیر تەوسەکەی بەڵخی گرت، بەلام هەڵنەچوو. لە دەرگاکە چووە دەرەوە و وتی:

ــ چەند پێت خۆشە شەکر بخۆ!

لە کۆلان، ماهدەروێش لە قەدیر جیا بوویەوە و بەرەو ماڵەوە بوویەوە. بەلام قەدیر هەر وا لە کۆلان بوو. هیچ شەوێک نەی ئەتوانی وەکوو ئەوانیتر بچێتەوە بۆ ماڵەوە. ئەم لە خەو و خەو لەم پێ بەڕەو بوون. بایدایەوە بۆ کۆلانی خوارەوە بۆ ئەوەی بە لای ماڵی لالادا تێپەڕێت. لالا! ناوی لالا،

بۆنی لالا، هێشتاش قەدیری ڕائەکێشا. چی بە سەر قەدیر هێنابوو ئەم ژنە؟

ـ لەمناوە هەر خوولەت دێ، ها؟!

شەیدا بوو. هەر دووک -قەدیر و شەیدا- لای دیواری ماڵی لالا، سینەیان تەقی بە سینەی یەکەوە. خامۆش. هیچکامیان هیچی بۆ ئەویتر پێ نەبوو. خەدەنگ و مار! بە لای شانی یەکا تێئەپەڕین. شەو خەریک بوو ئەگەیشتە نیوە.

# بەشی پێنجەم

**بەندی یەکەم**

ــ بڕۆ دەرەوە کابرای دەشتەکی! بۆ ئێمە بووی بە مرۆڤ؟

لە پاش چەندین ڕۆژ سەرگەردانی لە کاروانسەراکان، کۆڵان و شەقامەکانی مەشهەددا، گوڵمحەمەد ڕێگای بیابانی گرتبوویە بەر و لەو بایەدا کە سینەی خاکی هەڵئەدایەوە، ئەهات. سەری لە ئەستۆی خنیبوو و لە "بادی" گەڕا بوو بۆ خۆی بڕوات.

بە پێچەوانەی بۆچوونی گوڵمحەمەد کەس حەسابی بۆ نەکردبوو. سەری بە هەر شوێنێکدا کردبوو، دەستیان نابوو لە ڕوویەوە. ئێستە خۆی بەناچار ئەزانی گومان لە پێشداوەرییەکانی خۆی بکات. دردۆنگیش ببوو. ئەوەی ئەو لە مێشکی خۆیدا ڕستبووی و جێجێش چنیبووی، لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕۆژەڤدا، ببوویەوە بە خوری. گوڵمحەمەد پێشتر خۆی لەوە بە بەرجەستەتر ئەزانی کە نەبینرێ. هێشتاش باوەڕی نەئەکرد ئەوەندە ون و بێ بایەخ خۆیا بکات، ئەوەندە ون و بێ بایەخ کە خۆیای کردبوو!

ــ بڕۆ دەرەوە کابرای دەشتەکی! بۆ ئێمە بووی بە مرۆڤ؟

ئەی ئاکام! ئەمە دواین وشە بوو لە گوێی گوڵمحەمەد دا مابوو. دڵنشینترین گوتەش بوو. نەک بۆ شیرینی، بەڵکوو بۆ تاڵی. تەنها گوتەیەک لە گیانی گوڵمحەمەد چەقیبوو.

شـیلەی هەمـوو قسـەکان. ئەمـە ڕاسـت مـاک و کاکڵـی هەمـوو هاتوچـۆکان، گفتوگـۆکان، هەوڵدانـەکان، هەڵسـە و دانیشـەکان بـوو. بەرەنجامـی هەمـوو وازییـەکان، سـەرگەردانیەکان. لـە کۆتایـیدا چووبـوو بـۆ سـەردانی براکـەی لـە زینـدان. خانمحەمـەد. ئـەو وتبـووی بچـۆ بـۆ لای عەلـیئەکبەری حاجی پەسـەند و ئەماژە بـەو مەڕانـە بکـە لـە ڕانەکـەی عەلـیئەکبـەری حاجـی پەسـەند زیـاد ببـوو. ئەمـاژە بـەو ڕۆژانـەی خانمحەمـەد لـە پێنـاوی ڕفاندنـی ئـەو مەڕانـەدا تێـی پەڕاندبـوو و هێشـتاش بـەردەوام بـوو:

ـ ناهـاوڕێ و نامـەردە ئـەو. مـن لـە عەلـیئەکبـەری حاجـی پەسـەند خـۆش نابـم. ڕۆژێـک دێـت بەردەکانمـان پێکـەوە هاوسـەنگ بکـەیـن. پوورزایـن، بابیـن. ئێسـتەش، تـۆ هـەر بچـۆ بـۆ قەڵاتـی خۆنیـاڵ، ڕەنگـە تـۆزێ شـەرم و شـوورەیی بـەر چـاوی بگـرێ. بـڕۆ!

کـە وا بـوو گوڵمحەمـەد تیشـکێکی هیـوای بـەدی کردبـوو و بەرەو قەڵات وشـتری تاو دابوو. قەڵاتـی خۆنیاڵ، ئەوا لـە بەردەمـی بـوو. لـە پشـت تـۆزی بـاوە، باڵـەخانەکـەی عەلـیئەکبـەری حاجـی پەسـەند دیـار بـوو. لـە بـن دیـواری باڵـەخانـە، ڕانەکـەی کـوڕی حاجـی پەسـەند مـۆڵ درابـوو. ئاوگـە، قـەراخ جۆگـە و ئەسـتێر. پـاش ئـاو خواردنـەوە، پـەز قـورس ئەبـێ و حـەزی لـە نووسـتنە. ڕان خەوتبـوو و کـوڕی گوڵخانـم، شـوانەکەی عەلـیئەکبـەری حاجـی پەسـەندیش، لـە سـەر بەرزایـی قـەراخ جۆگەکـە ڕاکشـابوو. گوڵمحەمـەد بـە لای ڕانەکـەدا تێپـەڕی و لـە ژێـر هەیوانـی باڵـەخانـە، لەپشـت دەرگاکـە وەسـتا. لـە سـەر یاڵـی بـادی خـۆی هەڵدایـە خـوارەوە و ئەڵقـەریـزی دەرگاکـەی ڕاوەشـاند. کـوڕی گوڵخانـم، پیاوێکـی وردیلـەی تەمەن چلسـاڵە تیـژ و چالاک ڕابوو و هـات بـۆ لای گوڵمحەمـەد:

ـ مانـدوو نەبـی، خان!

گوڵمحەمەد وتـی:

ـ کوڕە پوورم ئەویٚ، عەلیئەکبەر خان.

کوڕی گوڵ خانم وتی:

ـ خان خەوتووە. ماستی نیوەڕۆ قورسی کردووە و خەوتووە.

ـ هەڵیسێنە!

ـ ئاخر، خەوتووە خان! چۆن خەبەری بکەمەوە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ مرۆڤ چۆن لە خەو خەبەر ئەکەنەوە؟

کوڕی گوڵخانم نقەنقێکی کرد و وتی:

ـ ئاخر... ئاخر... عەلیئەکبەر خان خووی دێوی هەیە. کاتی بگات خۆی هەڵئەسیٚ. تۆش ئەگەر برسیتە وەرە با تۆزیٚ شیرت بۆ بدۆشم. گوانی هەندیٚ لە پەزەکان هێشتاش شیری تیا ماوە. هەر لێرە تۆراخێکت بۆ دروست ئەکەم، دائەنیشین و پێکەوە دوو قسە ئەکەین تا خان لە خەو هەڵئەسیٚ.

گوڵمحەمەد، بەر لەوەی وەڵامی شوانەکەی عەلیئەکبەر بداتەوە، زنجیرەی دەرگاکەی جارێکیتریش کوتا و داخوڕی بە سەر کوڕی گوڵخانمدا.

ـ گاڵتە بە مناڵ ئەکەی مەیموون؟ من برسی نیم و تۆش بڕۆ ون بە لە بەر چاوم چونکە تاقەتی تۆم نییە. ون بە ئیتر، ئەوەندە کلکەسووتیٚ مەکە! ون بە وتم!

لەم مشتوومڕە خێرایەدا، پووری گوڵمحەمەد، گوڵئەندام خۆی گەیاندبووە پشت دەرگاکە. گوڵئەندام، گەورەترین خوشکی مەدیار و عەبدۆس و بڵقیس. وردە وردە خەریک بوو بینایی خۆی لە دەس ئەدا و، لەوەش زیاتر چەمابۆوە و سیس هەڵاتبوو. سەرەڕای ئەمانەش، کەللەڕەقی خۆی پاراستبوو. سەرڕەقیەکی پەسەندیدە لە ڕەفتاریدا بوو. ئەگەر وا نەبوایەت، ئەبوایە ساڵەها لەمەوبەر مردبایەت. لە ڕوخساریدا کە تاودەرەوەی زمانی چاوەکانیشی بوو، سەرڕەقیەکی نەمرچ خۆیای ئەکرد. ئەتوت ئەم ژنە هەموو تەمەنی خۆی سەری

کوتاوە بە بەردا. ئەو نە لەو ژنە گوندییانە بوو کە جێ پێی خۆبە دەستەوەدان و مل کەچکردن بۆ چارەنووس ـ بەتایبەت لە کۆتایی تەمەنیاندا ـ لە هەموو هەڵسوکەوتیاندا ئەبینرێ.

گوڵئەندام، گوندی نەبوو، دەشتەکی بوو، پەروەردەی سروشتی دژ و تووش بوو. هەموو تەمەنی سەری نەنابوویە سەر بەرماڵ. قژی کازیوەی بەیان. ڕوخساری چەرمی بەرهەتاو. دەستەکانی نیووسوتی وشک. لێوەکانی قەراخی چەمی شۆڕاو؛ وا پێ ئەچوو جگە بۆ جنێودان نەکراونەتەوە. دەرگاکەی کردەوە و چەند جار برژانگی لێکدان. ئاخرەکەی خوشکەزا بە شان و باهۆکەی ناسیەوە. زیز و ڕەنجاو هێنایە ژوورەوە.

گوڵئەندام لەوانە نەبوو بە مەرایی کردنەوە خۆی ماندوو بکات. دڵگیر بوو لە هەموو کەلمیشیەکان، بە تایبەت لە بڵقیس و باکی لەوەش نەبوو ئەو دڵگیرییە ئاشکرا بکات. بە هەمان ساردی کە گوڵمحەمەدی ڕێگە دابوو، دەرگاکەشی داخست. ئەم ڕەفتارە لە گوڵمحەمەد گران هات؛ بەڵام ڕێگەی ئەوەی لێ نەگرت چاوێکی کڕیارانە لە مەیدانی ناو گوند و ماڵەکانی دەوراندەور، ئاخوڕ و پەزی داشتی سەر لە ناو ئاخوڕ بکات. هەم نەشی ئەتوانی لە ناخیدا هەست بە درێخ و ئەفسوس نەکات. گوڵئەندام خوشکەزاکەی بە پلیکانە تەنگەبەرەکەدا بردە سەر. لە دالانێکی باریکەوە تێپەڕین و فەرمووی لێکرد بۆ ژوورەوە.

لە پەنجەرەی باڵەخانەکەوە، گوڵمحەمەد ئەیتوانی ڕانە مۆڵدراوەکەی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، کوڕی گوڵخانم، جۆگەی ئاو و سۆنەی مێلاو لە ناو ئەستێرەکەدا ببینێ. هەر وەها سەر و بەچکی شۆڕە بیەکە و ئاڵقەی سپیندارەکانی دەور گولاوەکە، کە بەهۆی باوە ڕائەشەکان و شانیان لە شانی یەکدی ئەدا، تەماشا بکات. ئەم هەمووە، هەر چەند بە دەم باوە لێڵ و شێواو خۆیان ئەکرد؛ بەڵام لە جوانیەکەیان کەم

نەئەبوویەوە.

با خولیدا و لەتی دەرگاکەی کوتا بە دیوارەکەدا. گوڵئەندام چووە دەرەوە و گوڵمحەمەدی بەجێ هێشت. لە ڕۆژ ڕوونتر بوو کە پیرێژن تاقەتی لێپرسین و گفتوگۆی نییە. گوڵمحەمەد داردەستەکەی نا بە دیوارەوە و دانیشت. ددان لە سەر جگەر. لەم ماوەیەدا زۆر بێ ڕێزی بە گوڵمحەمەد کرابوو. ئەمەش یەکیدی. هەموو کەس با قسەی قۆڕی خۆی بکات. نیازە ئیتر. پیاو ئەبێ دەست باڵا نەگرێ.

پاش تاوێک، کچەکەی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، تەنها منالی پوورزا، سفرەی هێنا. جوورەیەک بوو، شەرمن، کاڵ و تازە پێگەشتوو. خۆ پارێزی گشت چاوێک. نە شووخواز، بەڵام ئەوەندەش هەبوو وەڵامی پیاوێکی پێ بدرێتەوە. بە بێ ئەوەی سەری هەڵێنێ، سفرەکەی لە بەردەمی گوڵمحەمەددا دانا و چووە دەرەوە. بە ڕۆیشتنی ئەو گوڵئەندام بە قەندان و سینی و پیاڵەوە هاتە ژوورەوە. سینیەکەی بە پارێزەوە لە بن دیوارەکە دانا و خۆی، لە سەر پێ، گورکانە دانیشت و کەوتە گلەیی کردن:

ــ چۆن بوو ڕێت کەوتەوە ئەم لایە؟ بە دوای چیدا ئەگەڕی؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ هەروا، هاتووم هەواڵێک بپرسم.

گوڵئەندام، تینووی تەوس و پلار، بێ سڵەمنیەوە وتی:

ــ هیچکەس لە خۆوە بەو جۆرە پێ ناخاتە ماڵی کەس. دڵم ئەڵێ شتێک بووە!

ــ نا هیچ نەبووە، ئەمویست پوورزا ببینم.

گوڵئەندام، بە بێ ئەوەی دەرفەتی ئەوە بە گوڵمحەمەد بدات کە بیری خۆی کۆبکاتەوە، وتی:

ــ پوورزام! پوورزام؟! لە کەیەوە ئێوە کوڕی حاجی پەسەند بە پوورزای خۆتان ئەزانن؟!

ــ پوورزای ئێمەیە و هەمیشەش بووە. خزمایەتی خۆ ون نابێ پوورە گیان!

ــ زمانتان زۆر نەرم بووە! نەء، نەبووە پوورێ گیان. ئەگەر عەلیئەکبەر پوورزای ئێوە بوایە بڵقیس ئەیکرد بە زاوای خۆی! شێرۆش زۆر لە کوڕەکەی من سەرنەبوو کە بەو جۆرە قن بە عەرزدا بکوتێ و دایکیشت دڵ بدا بە دڵی. هەر کەس نەزانێ، پێی وا ئەبێ چل گەنجی یەکە یەکە، هەر کامە و بە هەزار پەزەوە بوون بە داواکاری! ئاخرەکەشمان بینی!

دڵ هەڵدانەوەی ژنانە! ئەو شتەی نەک هەر گوڵمحەمەد، بەڵکوو زۆربەی پیاوەکان جاڕس ئەکا. گوڵمحەمەد لە کاتێکا هەوڵی ئەدا نەرم بێ، وتی:

ــ من بخەرە لاوە پوورە گوڵئەندام. من لەم گفتووگۆیانە دوورم.

بەڵام گوڵئەندام دەستی هەڵنەئەگرت. ئەتوت بە ساڵ و مانگ بە دوای ئەو دەرفەتەدا گەڕاوە و چاوەڕێ بووە یەکێک لە کلمیشیەکان ببینێ و ئەوەی لە دڵیدا کەڵەکە بووە، هەمووی هەڵڕێژێ. پەیامەکەی بۆ داواکاریی شێرۆ، بڵقیس ناردبوویەوە و ئەو هەر گیز نەیتوانیبوو ئەوە لە بیر بباتەوە. هەستی ئەکرد بێڕێزی پێکراوە. برینداربووە. ڕقی پیریی دەرمانی نییە. بۆیە گوڵئەندام ڕووتتر گلەیی زمانی کرد بە دڕک و بە ئازارتر لە پێش، نینۆکی لە گیانی گوڵمحەمەد وەردا و وتی:

ــ شێرۆ؟ شێرۆی بالانشین، ئاخرەکەشی چ نیشانێکی لەباری نا بە ناوچاوی کەلمیشیەکانەوە. ناوبانگی دەرهێنا! هەر ئەمەی ئەویست بڵقیس. شیاوی ئەوەش بوو. دڵی سەرشۆڕیی ئەویست. پێی حەیف بوو کچەکەی لەماڵی پیاوێکی بەئابڕوودا نان بخوا! مسۆگەر ئەبوایە ئابڕووڕێژی درووست بکات. چ شاکارێک؟! بیستوومە لەگەڵ گەدایەکی سەرخەرمان هەڵاتووە؟! ڕاستە، وانییە؟ ئەڵێن هەر

دووکیشیان بوون بە گەدە لە ماڵی بابقولی بوندار... خوشکت وەکوو شتێک کارەکەریانە و جل و بەرگیان بۆ ئەشوا و مەڕ و مانگایان بۆ ئەدۆشیێ! بابقولیش دوو کوڕی نێرەکەری لە ماڵدا هەیە کە زۆریش بە شەرم و شۆ نین! لەم ناوە ئەڵێن لەو دووانە چاوحیزتر کەسی لێ نییە؟! ها... ئەم قسانە ڕاستە؟ ئەرێ؟ هیچ ناڵێیت؟ ئەو شتانە شوانەکەمان لە قەڵاچیمەن بینیوێتی. ڕەنگە ئەتەوێ بڵێی ئاگات لێ نییە، ها؟ چۆن ئەبێ برا ئاگای لە خوشکی خۆی نەبێ؟! گەنجتر بووی گوێت تیژتر بوو! سەرت سڵامەت بێ!

گوڵمحەمەد ئاڵۆز و تێکچڕژاو، لەو بابەتەی کە پیاو بە دژواریی خۆی لە بەر زەبری شمشێردا پێ ڕائەگیرێ، ددانی لێک گیراند و وتی:

ــ پووریێ گیان من بۆ کارێکیتر هاتووم. ئەمەوێ پوورزا ببینم. کەی من کارم بەم کارانە هەبووە؟!

گوڵئەندام چزووەکەی زیاتر تێچەقاند و بە بزەیەکی تەوساوییەوە وتی:

ــ یانی چی؟ ئەتەوێ بڵێی تەواو بێغیرەت بوویت؟ لە ناوچاوتا وام نەبینیبوو!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بە خۆییشم نەزانی، من میوانم. هەتا ئێستەش لە ناو کورددا ڕەسم نەبووە بەم جۆرە تەوس و تەشەر لە میوان بگرن! بۆ کوێت ئەبات ئەم قسانە؟ ئەوەتا لەپەسا جنێو بە من ئەدەی! بۆچی تۆزێ زمانت ڕاناگری؟ ئاخر شەرم و...

گوڵئەندام بەوەی بۆی ئەگەڕا، گەیشتبوو. گوڵمحەمەدی شەڵەژاندبوو. وەکوو مناڵێکی چەتوون، چیلکەی لە هێلانەی زەرگەتە ژەندبوو. با پێوە دەن. نابێ لەوە زیاتر لە بەر هێلانەی زەردەواڵەدا بوەستێ. چیلکەکە ئەبێ فڕێ بدا و تێیتەقێنێ. گوڵئەندام هەڵساو وتی:

ـ ئەوەی هەق بە هەقە، گلەییشی نییە پووریٚ گیان! منیش تاڵە موویەکی کوڕەزاکەم پیشانی برات نادەم. بەگمحەمەدی برات ئەگەر پشت گوێیٚ خۆی بینی، ڕووی کچی ئێمەش ئەبینیٚ! با بڵقیس بۆ خۆی بسووتیٚ. خۆی ئەزانیٚ ئەم کچە لە سەر چەندە ماڵ دانیشتووە. ئەیتوانی میشکاڵیەکان بەدارییەکەی ئاوەدان بکاتەوە. جا با خوشکەکەم گڕ بگریٚ. ئەچم دۆ کولێرەت بۆ دروست ئەکەم. برسیتە پێم وابیٚ.

با بڕوات! ئەو ئەبوا ئەم قسانە بکات ئەگینا دڵی گڕی ئەگرت. باشە، باوابیٚ. ڕەنگە ڕۆژگار هەر واش نەمێنیٚ.

خەجۆ، سەماوەری هێنا. لای دیوارەکە داینا و ڕۆیشت. سەماوەری برنجی. کاری عەشقاباد. شتێکی بە بەها بوو. ئەم شتانە لەو سالانەدا لە ماڵی هەر کەسدا نەئەبینرا. زۆر چاکە، عەلیئەکبەری حاجی پەسەند نیشتەجیٚ ببوو و خەریک بوو بۆ خۆی جیٚ پێی پتەو ئەکرد و، وردە وردە خەریک بوو ئەبوو بە ئاغە! مسۆگەر زەوییەکانی دەوروبەری گوندیش هینی ئەو بوو. ئەوە نەبوو گوندەکەی کڕیبوو؟ دیار بوو بە ئاوی ئەم گوندەش زەوییەکان ئاودێری ئەکران. خانووەکانی دەوروبەری گوند خانووی ڕەشایی و جووتیار و شوان بوو. بە دزیکەوە دامو دەزگایەکی بۆ خۆی پێکەوە نابوو. خەوی پاش نیوەڕۆش خوویەکی تازە بوو و پەیوەندی بەم شتانەوە هەبوو. سەماوەر قوڵتەقوڵت ئەکولا و ڕاستەکەی هەڵمێکی ژیکەڵە لە کونی شانەکانیەوە بەرز ئەبوویەوە. سینی ژێر سەماوەرەکەش برنجی بوو.

خەجۆ قۆری چینی هێنا و لە بن شێری سەماوەرەکە، لای سینیەکە داینا و ئاوی بەردایەوە ناو قۆرییەکە و چووە دەرەوە. مانای ئەوە بوو کاتێکە قۆرییەکە پڕ بوو، گوڵمحەمەد ئەبیٚ شێرەکە بگرێتەوە. چارە چییە؟ گوڵمحەمەد شێری سەماوەرەکەی بەست، سەری قۆرییەکەی نایەوە و بە پارێزەوە

نایە سەر سەماوەرەکە.

گوڵمحەمەد سەرگەرمی کاری سەماوەر بوو کە عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بە کۆکەیەک لە ناو دەرگاکەدا دەرکەوت، پان و پۆڕ و تێکچڕژاو. پشتێن لە پشتیدا و چۆخەیەکی دابوو بە شانیدا. کڵاوی لە سەر نەبوو و کاکۆڵی پەرێشان بوون. ژێر چاوی تۆزێ هەڵماسابوو. شوێنەواری خەو. ڕووی کراوە نەبوو. دانیشت و گوڵمحەمەد بۆئەڤان بزوا و تۆزێ لە بەری هەڵسا. چاک و خۆشیەکی ڕەمەکی. کورت و پچڕ پچڕ. گوڵمحەمەد وەک ئەسپەندەری سەر ئاگر، بەڵام خامۆش بوو. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند لە کاتێکا پشتی بە جیوبانەکەوە بوو، خۆی هەڵکێشا، سەر و شانی لە پەنجەرەی باڵە خانەکەوە بردە دەرەوە و هاواری لە کوڕی گوڵخانم کرد:

ـ هۆی مەڕەزا! ئەوا ئێوارەیە و تۆ هێشتاش قنت لکاندووە بە خاکەوە؟! خەوت لێکەوتووە؟ ڕابە ئیتر! ناتەوێ پەزەکان ببەی چوار چڵ گیا بخۆن؟

عەلیئەکبەر ڕووی وەرگێڕا، لە سەر دۆشکڵە هەورێشمەکە جێی خۆش کرد و پاش تۆزێک زڕەی زەنگی زەنگۆڵەی ڕان گەیشتە باڵەخانە. گوڵمحەمەد هەر وا لە لای سەماوەرەکەوە دانیشتبوو و دەستی لە سەر ئەژنۆی نابوویە سەریەک. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، بە جۆرێک کە نێوانی خۆی و پوورزاکەی پاراستبێ، گەرووی پاک کردەوە وتی:

ـ هەواڵێک هەیە؟

شەوی چوارگوێشلی، هێشتاش یەکەم یادێک بوو کە بە بینینی گوڵمحەمەد تێیدا ژیابۆوە. گوڵمحەمەد وتی:

ـ نا، نا، شتێکی وانییە! هێشتاش شوێنیان هەڵنەگرتووە. بەڵام زۆریش بێ هەواڵ نین.

ـ لە چ بابەتێکەوە؟

ـ لەو بابەتەوە کە نادعەلی بە دوای بکوژی باوکیدا خۆی ئەکا بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا. شوێنەکەی تا گۆڕستانی بەرەکشاییش هەڵگرتووە.

ـ دەی؟ پاشان؟

ـ پاشان ئاگام لێنییە. پاشان من چووم بۆ مەشهەد و لە گەڕانەوەدا هێشتا نەچوومەتەوە لای ڕەوەند. لە سەر ڕێ هاتم بۆ ئێرە.

مەشهەد، خانمحەمەدی خستەوە بیری عەلیئەکبەری حاجی پەسەند. پاشان دەسبەجێ پرسی:

ـ بۆ سەردانی خانمحەمەد چووبووی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ بۆ سەردانی ئەویش چووم.

ـ دەی؟ چۆن بوو؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ بەس بۆ سەردانی ئەو نەچووبووم!

ـ ئەی بۆ چ کارێک؟

گوڵمحەمەد لێوی گەست و لە پاش بێدەنگیەکی ئاڵۆز، وتی:

ـ نەخۆشی نەکەوتووەتە ناو مەڕەکانی ئێوە؟

عەلیئەکبەر وتی:

ـ بیستوومە لە کێوی شاجیهان نەخۆشی کەوتۆتە ناو ئاژەڵ. بەڵام مەڕەکانی ئێمە هێشتا نا. چونکە من هاوینیش ژەمێک خواردنی وشکەم ئەدا بە ئاژەڵ و پاتاڵەکانم.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئەمەیە ئیتر، بزەباقە بەهۆی وشکە بەهارەوە سەرهەڵئەدا. لە بەر ئەوەی کە مەڕ لە بری گیا دان لە عەرز وەرئەدا! پەزی ئێمە تووش بووە و زۆر خراپیش تووش بووە. بۆ ئەمە چووبووم بۆ مەشهەد.

ــ کەچی ببێ.

ــ بەڵکوو یارمەتیەک لە لایەکەوە وەربگرم. ئەڵێن دەرزی هەیە ئەگەر بدرێ لە پەز، نەخۆشیەکەی لە کۆڵ ئەکاتەوە. منیش بۆ ئەمە چوو بووم.

ــ دەی؟ چیت کرد؟

ــ هیچ. هیچ. لەم لا بۆ ئەو لا. لە ولا بۆ ئەم لا. سێ چوار رۆژ سەرگەردانیان کردم و پاشانیش هیچ. ئەوا گەڕاومەتەوە، دەست لە پێ درێژ تر. یەکێک لە قاڵیچەکانم فرۆشت. کردم بەخەرجی خۆم و وشترەکەم و گەڕامەوە. کێ لە قسەی مرۆڤ تێ ئەگا؟ گوێیەکیان دەرگایە و یەکیان دەروازە. چی بڵێی لەم گوێوە ئەڕوات و لەو گوێیانەوە ئەچێتە دەرەوە. ئێستە کە بیری لێ ئەکەمەوە بۆ خۆم ئەڵێم ڕەنگە من نەمتوانیوە قسەکانم لەو کەرمێشکانە تێبگەیەنم. بەڵام قسەی حەسابی ئەبێ چۆن بگوترێ؟ پەزەکانم خەریکن ئەمرن و منیش چووم بۆ ناوەندی پارێزگای خۆراسان و داوای یارمەتیم لێکردوون. نیشان بەو نیشانەی سەرم بە هەموو فەرمانگەیەکدا کرد. هەموو کون و کەلەبەرێک هیوای لێ ئەکرا، سەرم پیاکرد. بۆ لای جەندەرمە، سەربازخانە، پارێزگاریش چووم. تووشی قڕە و دەمەقاڵەش بووم. وای لێهات دەریانکردمە دەرەوە. چوار قسەی نابەجێشیان پێوتم و فڕێیان دامە دەرەوە. لەوێوە یەکڕاست چووم بۆ زیندان، بۆ لای خانمحەمەد. ئەو وتی بێم بۆ ئێرە. منیش چووم بۆ کاروانسەرا، وشترەکەم هەڵگرت و ڕووم لێرە کرد. پێش کازیوە کەوتمە ڕێ و یەکبەند هاتووم. خوا بادیم بۆ بپارێزێ!

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، نووکی سمێڵی جاوی، تۆزی بێدەنگ بوو و پاشان پرسی:

ــ پەیامێک، قسەیەکت لە لایەن خانمحەمەدەوە پێیە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ سڵاوی لێ ئەکردی و پاشانیش وتی ئەتوانم داوای یارمەتی لە تۆ بکەم.

ــ کە چی؟

ــ وتی برێ حەسابتان پێکەوە هەیە.

ــ کامە حەساب؟! نەء. نەء. هیچ حەسابێک...

ــ ئێستە ئەوە لە جێی خۆی. ئەگەر لەوەش بگەڕێین ئێمە خزم و کەسین. من و تۆ میشکاڵین. ساڵ تەنگە. من پێویستیم پەیدا کردووە. مەڕەکانمان خەریکە لە دەستمان دەرئەچێ. بە هەر شێوەیەک کە ئەتەوێ یارمەتیم بدە بەڵکوو بگەینە نەورۆز. گەیشتینە بەهار کارم ڕەوا و قەرزم لەجێ. ملم لە موو باریکتر، قەرزەکەم ئەدەمەوە.

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند وتی:

ــ ئەگەر ئەتەوێ لەمە شەرمەندەتر نەبم قسەش مەکە. تۆ خۆت ئاژەڵداری. دەمەو زستان کێ ئەتوانێ داوای قەرز لە پەزدار بکات؟ چیم هەبوو و نەبوو داومە بە ئازووقە و پاشە کەوتم کردووە بۆ زستانی پەزەکان. بەو ئیمام ڕەزایە دەستم بەتاڵە.

خەجۆ نێرگەلەی تەماکۆی هێنا و لە بەردەمی باوکیا داینا. عەلیئەکبەر بە دەستە پانەکەی ملی قلیانەکەی گرت و مژی لێدا. گوڵئەندام قاپی دۆ کوڵێوەکەی هێنا و لە بەر دەستی گوڵمحەمەد داینا و باڵەکانی سفرەکەی کردەوە. گوڵمحەمەد ئەژنۆی ڕاستکردەوە، هەڵسا وتی:

ـ قەیناکا باوابێ. هیچ قەیناکا!

دەرکەوت، کڵاشی لە پێ کرد.

ــ چا و نانەکت نەخوارد!

ــ گریمان خواردم!

## بەندی دووەم

یەکێک، وەکوو سێبەرێکی درێژ، لە بەر دەرگای دوکانەکەی بابقولیدا وەستا. پاش تاوێک، سەری دانەواند و بە جەستەیەکی داهێزراو و، سڵاوێکی بێدەنگ پێی نایە ناو دووکانەکە. بابقولی وەڵامی دایەوە. قەدیر بوو، لای سەکۆکە دانیشت و دەستی برد بۆ گیرفانی، جگەرەیەکی دەرهێنا و دایگیراند. گرتی بە لێوە باریک و شینەکەیەوە و پاش تۆزێک سەری کرد بە دووکەڵی زۆر و خەستی جگەرەدا. بابقولی بە سەرنجی پرسێنەرەوە چاوەڕێ بوو، بەڵام قەدیر گوێی لەو نەبوو. نیو ڕۆخی قەدیر لە نیگای بابقولیدا بوو و چاوەکانی لە کەنوە بچوکەکە بوو کە گەنمە بەردەستەکانی تێئەکرا. پێڵوەکانی قەدیر نیشتبوون و نیگا خامۆشەکەی بەشتێک و جێیەکەوە پەیوەند درابوو. ئەگەر بابقولی وشیارانە تێی بڕوانیایەت، دژوار نەبوو بۆی دەرکەوێ ئەو نیگا ئارام و ئەو سەرنجە وردە، لە پەنای کۆمەڵێک ئاڵۆسکاوی دەروونیەوە سەرچاوە ئەگرێ. مۆڕ، وڕ و لە ترسێکی خامۆشدا. وەکوو مارێک لە ترسی ئەو بێڵەی نیوەی کلکی لێ دزیوە، سەر لە کونی دەربهێنێ. بە پەرێزەوە. چاوەڕوانی زەبرێکی‌تر.

لەم بێدەنگیە کە قورساییەکەی گیانی وەڕەز ئەکرد، بابقولی وەزاڵە هاتبوو. ئەیویست قەدیر دەم بکاتەوە. بەڵام ئەو

ئەوەندە داگیراو، داخراو و کپ بوو. بابقولی دەروویەکی بۆ چوونە ژوورەوە نەئەبینی. قەدیر، مژی لە سیگارەکەی ئەدا و چاوی لە شوێنێک بڕیبوو. ترسی ئەوەی قسە بە حەوادا بڵاو ببێتەوە و بە بەر خێسەی خواری قەدیردا بکەوێتە خوارەوە، ڕێگەی بە بابقولی نەئەدا دەم بکاتەوە. کوانێک بوو قەدیر و بابقولی لەوە زیرەکتر بوو پەنجە بخاتە سەر دمەڵی نەگەیشتوو و گووشاری بدات. بابقولی ئەیبینی قەدیر لە ناوەوە هەڵماساوە، بەڵام نەی ئەویست ئەو مشت لەو دەهۆڵە بدات. ئەیزانی ڕۆژێک ئەم کوانە ئەگا و خۆی ئەتەقێ. هەر گا وایە بۆچی چڵک و کێمەکەی بچێتە چاوی ئەو؟ ئازار نابێ پەرەی پێ بدرێ.

بە ئارامی لە دەربیجەکەوە خۆی کرد بە ماڵدا و ئەسڵانی ناردە شوێنی خۆی. ئەسڵان لە پشت پێشخانەکە وەستا. قەدیر سەیری کرد. پێکەنینێکی تاڵ، نیگای ڕەنگێکی‌تری هەبوو. ئەسڵان وتی:

ــ ئەمەوێ دایخەم.

قەدیر هەڵسا، شانی دانەواند و چووە دەرەوە. لە کۆڵان لە سەر سەکۆی بەر دووکانەکە دانیشت و دەستی بە دەور ئەژنۆیدا هەڵپێکا. ئێوارە و کوندەبەبوو. ئەسڵان دەرگاکەی لە پشتەوە داخست. پشت دەرگاکەی بە تەختەیەکی ئەستوور دابەست و لە دەربیجەکەوە چووە حەوشە و لەوێوە بۆ کۆڵان. قفڵی دا لە دەرگای دووکانەکە و هەوڵی ئەدا وای دەربخات قەدیر نابینێ. بە بەردەمیدا تێپەڕی و چووەوە حەوشە، ئەڵقەڕێزی دەرگاکەی داخست و یەکسەر چوو بۆ دیوەخان بۆ لای باوکی و وتی:

ــ هێشتا لەوێ دانیشتووە!

ــ چی ئەوی؟

ــ هیچی بە من نەوتووە. ئەوندە نەبێ لە بەیانییەوە دووسێ جار هاتووە بۆ دووکان، دانیشتووە و پاشانیش ڕۆیشتووە.

ــ به بێ هیچ قسه و گەپێک؟
ــ هیچ . قوڕوقەپ.
بابقولی وتی:
ــ شەیدا لە کوێیە؟
ــ وشترەکانی بردووە بۆ دەشت. ئەوەندەی نەماوە بێتەوە.
بابقولی وتی:
ــ مەنگەڵەکە سازکە، بیهێنە و بچۆ بە پیریەوە.
ئەسلان ئەیویست بڕوات، بەڵام بابقولی ڕایگرت:
ــ دایکت لە کوێیە؟ بەو بڵێ مەنگەڵ و قۆریەکە ئامادە بکات. خۆت هەر ئێستە بڕۆ.
ئەسلان وتی:
ــ قاچی زۆر ئازاری هەیە. ڕەنگیشە خەوتبێ. خۆم بە پەلە ئەیهێنم.
ئەسلان چوو بۆ ئاگرکردنەوە.
بابقولی دەنگی هەڵێنا:
ــ لەسەر ڕێ بە ماهدەروێشیش بڵێ بێت بۆ ئێرە.
ــ بەڵێ، بە سەر چاو.
ئەسلان، تاوێکیتر مەنگەڵی ئاگر، قۆری چای و وافووری تریاک کێشانی پێکەوە هێنا بۆ باوکی. دارەدەستەکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە. نەی ئەویست سەیری سەکۆی لای دەرگاکە بکات، بەڵام نەکرا. بە بێ سەیرکردن نەت ئەتوانی تێپەڕی. نیگای کرد و نیگای دزیەوە. تێپەڕی و پێش ئەوەی لە قەڵات دەرکەوێ، دای لەدەرگای ماڵی ماهدەروێش. شێرۆ هاتە پشت دەرگا. ئەسلان پەیامەکەی گەیاند و کەوتە ڕێ.
شەو خامۆش و کۆڵان خامۆش و ماڵ خامۆش بوون. خەڵکی پەنایان بۆ ژوورەوە بردبوو و لێی نووستبوون. کۆتایی مانگ بوو و دەمەوبەیان مانگ خۆی دەرئەخست و لە پەنای دیوارە ڕووخاوەوە سەری دەرئەهێنا. بەڵام خاک و کلۆی کۆڵانەکان،

چاڵ و چۆڵیەکانی بۆ ئەسڵان وەکوو بەری دەستی ناسراو بوو. لە کۆتایی کۆڵانەکە دەرچوو و چاوی بڕییە دەشت و گوێی ڕادێرا بەڵکوو دەنگی زەنگۆڵەی وشترەکان ببیسێ. بەڵام نە دەنگ هەبوو و نەتارماییەک خۆیای ئەکرد. ئەسڵان زیاتر نەڕۆیشت. پشتی دابە دیوارە کۆنەی باخەکەوە و داردەستەکەی کرد بە کۆڵەکەی سینەی. بڕێک هەر وا مایەوە. وردە وردە خزایە خوارەوە. پشت بە دیوارەوە و پانیەی سەری نا بەخشتێکەوە، پێڵووی لێک نا و دارەتێکی نێوان ماندوێتی و خەیاڵ بردییەوە.

ڕێی قەڵاتی خۆنیاڵ لە بەر دەمیدا بوو. ئەوە ڕێگەکە بوو. یەکسەر بۆ قەڵاتی خۆنیاڵ ئەچوو. ئەو شوێنەی دڵی ئەسڵان بە کۆنگرەی دیوارەکەیەوە بەند بوو. ئێستەش هەر چەند لە دڵەوە نیگەرانی دواکەوتنی براکەی بوو، بەڵام خەیاڵی لە قەڵاتی خوێناڵ بوو. لە لای خەجۆی کچی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، چەند ڕۆژ لەمەوبەر بوو کە جەندەرمەیەک بە ئەسپەکەی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند لە قەڵاتەوە هاتبوو بۆ قەڵاچیمەن و ئەسڵان ئەسپەکەی بۆ بردبوونەوە. تاوێک گێڕابووی بۆ ئەوەی ئارەقەکەی وشک ببێتەوە و پاشان سوار ببوو و غاری دابوو بەرەو قەڵات. ئێوارە درەنگان گەیشتبوویە قەڵات. لە بەر دەروازەی ماڵی عەلیئەکبەر دابەزیبوو و بە دەنگێک کە لە سینەیدا ئەلەرزا، عەلیئەکبەری حاجی پەسەندی قاو کردبوو. گوڵئەندام، دایکی عەلیئەکبەر، دەربیجەی لێکردبۆوە. ئەسڵان هەواڵی عەلیئەکبەری پرسیبوو و پیرەژن ڕێی خەرمانی پیشان دابوو. ئەسڵان وتبووی ئەسپەکەم هێناوەتەوە، خەجۆ هاتبوویە شوێنی پیرەژن لە ناو دەربیجەی دەرگاکەدا. بەس بۆ ساتێک. ئەوەندەی کڵاوەکەت بسووڕێنی کچە ڕۆیشتبوو. هەڵاتبوو و، دیارە لە پەنا پەسێرکدا خۆی حەشار دابوو و گوێی هەڵخستبوو. ئەسڵان چاوی لە دەربیجەکە بوو و گوڵئەندامیش دۆعای خێری بۆ کردبوو:

ــ خێر لە جەوانیت ببینی کورِم. تەمەنت درێژ بێ.
ــ ڕەخشە ماشەڵڵا! لە چاوی پیس بە دوور بێ.
ــ نان و چا چی؟ ناخۆی؟

ئەسلان هیوادار بوو دایکی عەلیئەکبەر خولکی بکات بۆ ژوورەوە و بۆ شێو ڕایبگرێ. بەڵام گوڵئەندام ڕووی خۆشی پیشان نەدابوو. ئەسلان داوای زەرکێک ئاوی کردبوو. گوڵئەندام هێنابووی:

ــ ژنی بابقولی چۆنە؟ قاچەکانی هێشتاش هەر ئازاری هەیە؟

ــ باشترە. دۆعا گۆیە. سڵاوی من بە عەلیئەکبەر خان بگەیەنە.

ــ هەواڵی سڵامەتیتی پێ ئەگەیەنم.

ئەسلان زەرکی ئاوەکەی دابۆوە دەستی پیرێژن و پشت لە قەڵات، لە پیرێژن دوور کەوتبۆوە. مەیدانێک لەولاترەوە ئاوڕی دابوویەوە و جارێکیتر سەیری باڵەخانەکەی کردبوو. خەجۆ جارێکیتر لە ناو دەرگاکەدا وەستابوو. ئەسلان دڵی پێوە بوو وا خەیاڵ بکات کچە سەیری ڕۆیشتنەکەی ئەوی کردووە. واشی بیرکردەوە. هات دەست بەرێ و کڵاوەکەی بۆ ڕاوەشێنێ، بەڵام جەربەزەی ئەو کارەی لە خۆیدا نەبینی. بۆیە بن گوێی خۆی خوراند. جارێکیتر بەدزیەکەوە ئاوڕی دایەوە، کچە نەبوو. سەری داخستبوو و پێی هەڵگرتبوو.

پێشتر بە ئەسلانیان وتبوو خەجۆ هێشتا پێنەگەشتووە، لە شوو ئەترسێ. بەڵام ئەسلان نەی ئەویست بڕوا بکات. خەجۆ پێی نابووە ناو سێزدەوە. ئەی بۆ وتوویانە مێینە لە نۆ ساڵانەوە بووکە و ئەتوانێ بار هەڵگرێ؟ واتە کاتێکە بە کڵاو ڕاتکێشا بە سمتی کچەدا و کچە بە زەبری ئەو کڵاوە نەکەوت و توانی خۆی ڕابگرێ، ئەوە بووکە و ئەتوانێ بچێتە پەردەوە. کڵاوی پیاو نیشانەی پیاوە. ئەی خەجۆ بۆ لە شوو ئەترسێ؟ مسۆگەر

ئەبێ نەخشـەیەک لـە کاردا هەبێ! ڕەنگـە عەلیئەکبـەری حاجـی پەسـەند یەکێکیتـری بـۆ کچەکـەی لەبەرچـاو گرتـووە ڕەنگـە مـەڕدارێکـی کـورد، لـە خێڵەکانـی خۆیان؟ ڕەنگیشـە کـوڕە خانێکـی بـە نـاو و نیشـان؟ ئاخـر کچێکـی تاقانـەی بـێ دایـک کـە پـاش مردنـی باوکـی لـە سـەر هەمـوو داراییەکـەی دائەنیشـێ، زۆر هـەن خۆیـان لێمـەڵاس دابـێ و پرسوجـۆی بکـەن. کـێ هەیـە پێـی ناخـۆش بـێ لـەو باڵەخانەیـە دابنیشـێ. پـاڵ بـدا بـە جێوبانـەوە، ئـاوی فێنـک بخواتـەوە، نێرگەلـەی تەماکـۆ بکێشـێ و بـۆ خـۆی ئاغەیـی بکات؟ ئەلـوا ئـەو کەسـە ئەسـڵان بـێ؟ ئایـە ئەتوانـێ کچەکـەی عەلیئەکبـەری حاجـی پەسـەند داگیـر بکات؟ تـۆ بڵێـی بتوانـی پـێ بخاتـە جـێ پێـی عەلیئەکبـەری حاجـی پەسـەند و لـە سـەر داراییەکـەی وەکـوو گۆرمـار لـە سـەر گەنـج پۆپکـە بکات؟ ئەمـە ئیتـر وەسـتابووپە سـەر هیممەتـی بابقولـی بونـدار. ئەگـەر بونـدار دەسـتی هەڵهێنایـە و بـە جۆرێـک عەلیئەکبـەری ڕازیـی بکردایـەت، پاداشـتێکی گـەورەی پێشـکەش بـە کوڕەکـەی کردبوو. خەجـۆ، قەڵاتـی خۆنیاڵـی هەبـوو و قەڵاتیـش، زەوی و ئـاو و پـەز و شـوان و جووتیـاری هەبـوو. جـا لـە سـەر قاڵیچـە دابنیشـە و ئاغایـی بکـە. کەنـووی پـڕ لـە گەنـم، هەمـاری پـڕ لـە ئازووخـە، ڕەسـیدی زۆر وزەبەنـدی نـاو بـازاڕ. خەجـۆ، ئـەم نێچیـرە وردیلانـە و پـڕ بەرەکەتـە نەئەبـوا بـە دەنووکـی بازێکیتر ڕاوبکرێ. ئەسـڵان لـە بۆسـەدا بوو. وردە وردە ئەبوا سـەر و قژی دەق بکات. یەخـەی تازە بکاتـەوە. پێـڵاوی نـوێ لەپـێ بکات. لانیکـەم حەفتـەی جارێـک ڕیش بتاشـێ و نووکـی سـمێڵەکانی با بـدات. ئەبـێ بیـر لـە لەچکێکـی هەورێشـمیش بکاتـەوە و ئەگـەر بکـرێ بـە نهێنـی بـۆ خەجـۆی بنێـرێ. کـوڕی حاجـی پەسـەندیش ئەبـێ بـە جۆرێـک ڕازیـی بکـرێ. ئەبـێ کارێ بکـرێ. نەخشـەیەک دابڕێـژرێ بـۆ ئـەوەی کـوڕی حاجـی پەسـەند، زاواکـەی پەسـەند بـکات. ئەگـەر عەلیئەکبەری حاجـی پەسـەند ئەسـڵانی قبـووڵ بکردایـەت، بەشـی زۆری کارەکـە تەواو

بوو. گوڵئەندام ڕازیی ئەکرا. هەڵبەت ئەگەر بابقولی لە سەر شەپکە نەکشایەتەوە.

خەیاڵ وا ئەسلانی هەڵگرتبوو، شەیدای لە بیر بردبۆوە. شەیدا و وشترەکانی بڵێی نەڵێی لە خەیاڵی ئەودا شوێنیان ون کردبوو. ئەسڵان لەپڕ سێبەرێکی لە بەردەمیدا هەست پێکرد. پێڵوەکانی زیاتر هەڵپچڕی، قەدیر بوو. بەرامبەری لە پانتایی بەرینی شەودا، گوڵی بچکۆلانەی ئاگری سیگارکەی ئەسووتا. ناخودئاگا، دەستی ئەسڵان چوو بۆ دارەکەی.

بەڵام هەڵنەسا. نە بزوا و هەوڵیدا قەدیر بە نەبوو دابنێ. دووریی پەتی بیرێک قەدیر وەستابوو. خامۆش بوو. ئەسڵانیش خامۆش و لەسەرپێ. ئامادەی خۆ هەڵدان. بیریش لێک پچڕابوو و هاتبۆوە بە خۆیدا. لە ژێر نیگای قەدیردا پێستی تەزووی پیا ئەهات. ئەتوت چاوە ڕەشە بە قووڵچووەکانی قەدیر کە لە قووڵایی تاریکیەوە ئەخزانە دەرەوە، بە تەوێڵی خۆیەوە هەست پێ ئەکات. زمانی مار. ئەیتوانی تێبگا قەدیر دەردی چییە و چی ئەوێ؛ بەڵام نەی ئەتوانی تێبگا خامۆشیبوونی ترسی خستۆتە دڵیەوە. ترسێکی بەردەوام. دەستەکانی قەدیر بەتاڵ بوون و لەشی بێ جووڵە. دەستەکانی ئەسڵان بە دار و لەشی بە جووڵە. بۆچی وەها بوو؟ مەگەر قەدیر ئەیویست ئەو بخوات؟ مەگەر ئەمە قەدیری برای عەباس مەلەنگ نییە؟ کوڕانی کەلایی خواداد؟ قەدیر هاوباڵا و هاوتای ئەسڵان. ڕەنگە بە تەمەن یەک دووساڵیان بە سەر یەکەوە هەبوو. هەمان قەدیری هێزم کێشان، تورنابازی، قەلەمناریێ و قوماربازی. ئەی ئەم ڕۆژانە چ جادوویەکی بە ملیدا هەڵواسیبوو کە ئەوەندە ترسێنەر خۆیای ئەکرد؟ چ ئەفسوونێک لە نیگایدا هەبوو و چ ڕازێک لە ڕەفتاریدا کە بەو جۆرە ترسناک و بەسام بوو؟

ـ بە تەنها دانیشتووی ئەسڵان خان؟ ئەڵێی هاتووی بە پێشوازی وشترەکانەوە؟ ... ها؟

دەنگی، دەنگدانەوەیەکی تیژی هەبوو. لە خەنجەرێک ئەچوو کە شەوی کون ئەکرد. دەنگەکە، گوماناوی، دڕدۆنگ و ئاوێتەی تەوس و ڕقێکی قووڵ بوو. هەر وشەیەکی باری هەزار وشەی پێوە بوو. هەر وشەیەکی قورس و زبر بوو. پارچە ئاسنێکی ژەنگاوی. هەم سووتێنەر بوو. ئەسڵان، لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا و وتی:

ـ تۆ بۆ کوێ... وا بە تەنها ئەڕۆیت؟

ـ ئەگەڕێم. لە ناو شەوی خوادا!

قەدیر ئەمەی وتوو ون بوو. وەک مارێک خزایە دەروونی تاریکیەکە و چووە ناو شەوەوە. ئەسڵان نەیتوانی ئاگری سیگارەکەشی شوێن بگرێ. ئەتوت قەدیر فڕێی داوە یان لە ژێر پێ پانی کردبۆوە. چۆن هات و چۆن ڕۆیشت، ئەو؟ وەکوو کەسێک کە دێتە خەوی مرۆڤ. ڕاستی، ئەسڵان خەونی نەئەبینی؟ نەکا سەری ناوە بە دیوارەکەوە و خەوی لێکەوتووە؟ چاوەکانی بە پشتی دستی هەڵگلۆفی و چەند جار پێڵووی لێکدا. پاشان داردەستەکەی لە ناو دەستیدا گووشی و لە شوێنی خۆی مایەوە. پشت بە دیوار. شەیدا، ئەوا سەرنجی بردبوو بۆ خۆی. تەنهاییەکەی برای ئەویست. جۆرێک ترسی نهێنی لە پشت ئەم ویستە دابوو. بیری بە دوای برادا ئەگەڕا. ئەی بۆ نەهاتەوە؟ ئەم شەیدایە بۆ نەهاتەوە؟ ئاخر... ئەم جەوانەش چەندە هەوا لە بن باخەڵی دایە؟ لەگەڵ ترسدا بێگانەیە و وا ئەزانێ مەترسی پێشتر مرۆڤ ئاگادار ئەکاتەوە؟ کێ چووزانێ قەدیر نەچووە بە پێشوازی شەیداوە؟ قەدیر لە شەیدا بەهێزتر بوو. ئەمە، بۆ ساتێک ئەسڵانی لەرزاند. پشتی لە دیوارەکە کردەوە و چەند هەنگاو لە تاریکیدا ڕۆیشت. بەڵام هەڵوەستەی کرد. ترس، وەستاندی. لە دەوروبەری خۆی ڕوانی و سەرکەوتە سەر دیوارەکە. لە سەر لێواری دیوارەکە وەستا و بە مایەیەک لە دڵەخورپێ شەیدای بانگکرد:

ـ شـەیدا هـای... هـای ... هـای... شـەیدا هـۆی... هـۆی... هـۆی...

ـ هـۆی... هـۆی... هـۆی... ئەبیسـم ئەسـڵان. های... های... هـای... دەنگت ئەبیسـم.

ـ لەم لاوە وەرە های... های... های... لەم لاوە!

ـ وا دێم هۆی... هۆی... هۆی... وا خـەریکم دێم.

هـەرای بـراکان خـەوت. ئەسـڵان خـۆی لـە دیوارەکـە هەڵدایـە خـوارەوە و چـوو بەرەوپیـری براکـەیـەوە. لـە پشـت پەمووجاڕەکـە، لای ڕێگەکـە پێکگەیشـتن. ئەسـڵان لـە براکـەی تـووڕە بـوو:

ـ لـە کوێیـت وا خـۆت ونکـردووە؟ دڵـی هـەمووانـت خسـتۆتە مەترسـیەوە!

شـەیدا کـە کلکـی وشـترە پیرەکـەی بـە دەور دەسـتـیدا ئاڵاندبوو و پـێ بـە پێـی پاتاڵەکـە ئەڕۆیشـت، وتـی:

ـ لـە بیابانـی خـوا. پێـت وایـە لـە کـوێ بـووم؟ وشـتر خـۆ پـەز نییـە پێکـەوە بلـەوەڕن! هـەر کامەیان ئەچـن بـە لایـەکدا. ئێـوارە کـە داهـات ئەبـێ یەکیـان لـە ڕۆژاوا بهێنیتـەوە و ئـەوی تریان لـە ڕۆژهـەڵات.

ـ چیت بار کردووە؟

ـ گـەون. خـۆ نەئەکـرا بـە دەسـتی بەتـاڵ لـە بیابان بگەڕێمـەوە. جگـە لـەوەش ئـەم وشـترانە شـتێکیان ئـەوێ تا بەیانـی خۆیانـی پێـوە خـەریک کـەن! خـۆ نابـێ لەپەسـا نواڵـە و قاپووڕە پەمـوو بکەینـە سـەر سـفرەکەیان؟

ئەسڵان بە تەوسـەوە وتـی:

ـ ئەوەنـدە خـۆت مانـدوو مەکـە. لای باوکـت زیاتـر خۆشەویسـت ئەبی، ئەوەش باش نییە. هەر چەند ئێسـتەکانیش زۆر خۆشـەویسـتـی!

شـەیدا تەشـەری براکـەی بیسـت و وتـی:

ـ کارە ئاسـانەکەی داوە بـە تـۆ. ئەوسـا مـن ئازیزەکـەم؟

بەیانی هەتا ئێوارە لە بەر سێبەر بە ئاسوودەیی دانیشتوویت و قەران و پەنابات ئەژمێری! لەو لاشەوە من لە ژێر تیشکی هەتاودا ئارەق ئەڕێژم. درەو، خەرمان، ئێزنگ، لەوەڕاندنی کار و بزن و، ئەوەتا وشتر لەوەڕاندنیشی لێ زیاد بووە! هەر کارێک کە دێتە پێشەوە، من ئەبێ شان بدەمە بەری. کەچی تۆ مانگێک، ساڵێک سواری هێسر ئەبی، ئەچی بۆ شار، دەمەن قەند و برنج و چوار کلاّفە گشتەک و دەزوو لەگەڵ خۆت ئەهێنی و دیسانەوە لە پشت دەخڵەکە ئەوەستی. خوا ئەیزانێ لەو هەموو قەران و پەناباتە چەندێکیشت بۆ خۆت لاداوە و شاردۆتەوە!

ئەم جۆرە گاڵتەیە کە ڕەگێکی ڕاستیی تیا بوو و هەر کاتەی ڕێی بکەوتایەت لە نێوان براکاندا ئاڵوگۆڕ ئەبوو. لە بەر ئەمەش بوو قسەکانی شەیدا هەر چەند تاڵ بوو، بەلاّم ئەسلاّنی تووڕە نەکرد. لە درێژەی گاڵتەکەدا وتی:

ـ بەڵێنت پێ ئەدەم یەک پەنابەتییش لە بن نینۆکی بابقولی بوندار دەرناهێنرێ. ئەو حەسابی یەک شایی پارەشی هەیە! بەو کوێرە خوێندەوارییەی ئاگای لە هەموو شتێک هەیە. تۆ ئیتر پێویست ناکا ئەم قسانە بخەیتە سەر زمانی و گەزکەسکی خۆڕایی بدەی بە دەستیەوە.

ـ ترس هەڵت نەگرێ! گاڵتەم کرد. لە وەلاّمی خۆتدا وتم کە پێت وایە من تاقانەی ئەوم.

ئەسلاّن بە قازانجی زانی قسەکە وەربگێڕێ:

ـ هیچ بیستووتە پوورزاکەمان داویە لە سەری و خول بووە؟

ـ نادعەلی؟ بۆچی؟

ـ بەمزووانە بیستم. پاش مەرگی باوکی. پوورە سوڵتان پەیامی ناردووە باوکم بچێ بۆ چوارگوێشلی. ئەمیش خۆ دەرفەتی سەر خوراندنی نییە.

ـ مەبەستت ئەوەیە بەجارێک تێکچووە؟
ـ تەواوی تەواویش نا! بەڵام مێشکی تۆزێ تەکانی خواردووە. ئەڵێن بە ئاو و کێڵگەکەشی ڕاناگات. پەزەکانی خەریکن تیا ئەچن. کەمدووی لێ دەرچووە. لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ نابێ. لەگەڵ دایکی نادوێ. بە ڕۆژ لەماڵەوە دا ئەنیشێ و دەرگا لە سەر خۆی دا ئەخا! بەشەو لە ماڵ دەرئەکەوێ، لە چوارگوێشلی دەرئەکەوێ و بۆ خۆی ئەخولێتەوە. پوورە سوڵتانی نەگبەت! بیستوومە لە جێدا کەوتووە. ئەم باوکەشم دەرفەت نادا یەکمان بچێ و هەواڵێکیان بپرسێ. بووین بە کۆتری دەستەمۆ لەم دووکانەدا؛ سەرەتای جەوانی!
ـ نادعەلی! حەیف! بکوژەکە چی؟ نەدۆزراوەتەوە؟
ـ ئەڵێن نادعەلی دەستی لێ هەڵگرتووە! ئیتر بیر لەوە ناکاتەوە.
گەیشتنە ناو کۆڵان. وشترەکان بە خووی هەمیشەیان بەرەو ماڵی قەدیر چوون. بەرەو ماڵی کەلایی‌خواداد. بەڵام براکان بە دار و بە هەی‌هەی وەریانگێڕان. ماڵی بابقولی بوندار. پێش ئەوەی با بدەنەوە جۆگەی ئاوەکە بوو. وشترەکان دەمیان لە ئاو نا. تاک و تەرا، قسەیەک لە نێوان براکاندا ئەوترا. ورگی وشترەکان بەرزەوە بوو. بەرەو ماڵیان بردن. سێبەر! قەدیر، لە بەر دەمیاندا وەستا بوو. بڵیند و تۆزێک چەماوە. جگەرەی نەئەکێشا. خامۆش بوو. لە ژێر لێو و ددانەوە، ئەسڵان ناوی قەدیری جاویەوە:
ـ دیسانەوەش لێرە ڕاوەستاوە.
ـ کێ؟ قەدیر؟
ئەسڵان وەڵامی براکەی نەدایەوە. داری سەردەروازەکەی لابرد و وشترەکانی کردە ژوورەوە. شەیدا پێی نە خستبوویە ژوورەوە سینەی تەقی بە سینەی قەدیرەوە:
ـ خێر هاتی قەدیر.

ـ ئەیانبەی بۆ بیابان، ئاگات لەو پیرە لۆکە بێت. نابێ گیای شۆر زۆر بخوات. شۆری پێ ناکەوێ. ئەوەندەت نەزانی تەقی، حەیفە.

شەیدا نەی ئەزانی چی بڵێت. سەری سوورمابوو. قەدیر ڕۆیشت و دوور کەوتەوە. شەیدا گێژ و وڕ تێیڕوانی. ئەسڵان مەچەکی دەستی براکەی گرت و ڕایکێشا ژوورەوە:

ـ لە خۆیەوە ئەڵێ. وەرە بڕۆ بارەکەت داگرە. خواردنی وشتر گەون و شۆرە، کەریش ئەمە ئەزانێ. بڕۆ ئیتر!

حەپەساو و لە ناو بیردا، شەیدا چوو بۆ لای وشترەکان. وشترەکانی لە ناو حەوشەدا یخ دا. باری گەونەکەی داگرت و بە یارمەتی شەنە ئاسنەکە دڕکە کانی برد بۆ بن دیوارەکە و هاتەوە لای بیرەکە. مەسینەی ئاو ئامادە بوو. دەست و دەمووچاوی شۆرد و بە ئەسڵانی وت:

ـ پێویست ناکا سفرەیان بۆ ڕاخەی. تێرن. داینێ بۆ پاشتر. بەس دارە بەنەکە لە پشت نێرە ڕەشەکە لابەرە. لە هەوسار و قەمتەرەکەشی بگەڕێ.

ئەسڵان وایکرد کە براکەی وتبوویی. کارەکەی ئەویش لەگەڵ دەموچاو شۆردنەکەی شەیدا تەواو بوو. براکان، شان بە شان لە پلیکان سەرکەوتن، بۆ دیوەخان. بابقولی لای سینیەکە دانیشتبوو و خەریکی تریاک کێشان بوو. ماهدەروێشیش لای سەماوەرەکە دانیشتبوو و چای بۆ بوندار تێئەکرد.

بابقولی تریاک کێش‌بوو، بەڵام لێوی بە سەبیلەی دووکەڵی شیرەوە نەئەنا. لەوانە نەبوو شان دائەدەن و لە لای چرای شیرەوە ڕائەکشێن و چەندین کاژێر وەکوو تەرم ئەکەون و حەز ناکەن سەر لە سەر سەرینە چڵکنەکەی شیرەخانە بەرز بکەنەوە. سەرەڕای ئەوەی لە هەموو مەڵبەندی خوراسان و سیستان و سنووری کەویردا، هەموو عەمەڵیەکان فێری شیرە کێشانن، بەڵام بابقولی بوندار بە شیاوی شانی خۆی

نەئەزانی لای چرای شیرەوە شان دابدات. کەوتنی حەز لێنەبوو، پان بوونەوە و ڕاکشانی لا پەسەند نەبوو. ئەمەی بە تەمەڵی، سستی و داماویی ئەزانی. تریاک هەر چی بوو بە دانیشتنەوە ئەکێشرا و پێویستی بەوە نەبوو وەکوو لاشە لە سەر دۆشەکە نەشۆراوەکەی شیرەکێشخانە پان ببێتەوە. هەم ئەوەی لە ماڵیشدا ئەکرا. پێویست نەبوو لە ناو کۆمەڵێک نەگبەتی سپێون، لە ژێر بنمیچە ڕەش داگەڕاوەکەی شیرەکێشخانە دابنێشێ و لە سەرەدا بووەستێ. لای دیوارەکە دابنیشێ و هەناسەی لە هەناسەی هەر کەس و ناکەسێک بگیرێنێ. شیرەکێشخانە ئەو شوێنە نەبوو بابقولی بوندار بتوانێ والایی خۆی لەوێدا بپارێزێ. لەوێ، هەموو کەوتبوون. نیوەگیان و کەلەلا. هیچکەس لە هیچکەس سەر نییە. جیهانێکە، شا و گەدا ناناسێ. ئەوێ ئارمانجی سستیە و؛ لە سستیدا خۆ ڕاوەشاندن و نەڕاندن و گەردن گرتن، لێوی بێ خوێنی مردووەکان بزەی پێیان دێ! لەوێ بالاترین، سسترین و خەواڵووترینە! بۆیەش بوو بابقولی بوندار زۆر کەم هاتووچۆی شیرەکێشخانەی ئەکرد. لە ماڵەوە تریاکی ئەکێشا. بە پێی بەرنامە. شەو بۆ شەو. هەر شەوەش بە ئەندازەی شەوی پێشوو. نە کەمتر و نە زیاتر. کەمێ خوماری بە دواوە بوو و زۆری بێخەوی. بەیەک ئەندازە. ئەوەشی لە بیر نەئەکرد کە نەهێڵێ کوڕەکانی، لەو ژوورەدا کە ئەو تریاک ئەکێشێ، دابنیشن. بەم پێیە بوو شەیدا و ئەسلان چوون بۆ ژوورەکەی تر تا ئەو کاتەی ماهدەروێش مەنگەڵەکەی برد و لە بانیجە داینا و بانگیانی کرد.

کوڕەکان دانیشتن. بابقولی بوندار نەشەبوو. گۆناکانی گەرم داگیرابوون و هێڵی ناوچەوانی هەڵسابوو. چاوەکانی گڕاوی و لێوەکانی وشک بوون. بە لەپی دەست جار جارە لووتی ئەلەقاند و سەری پەنجەی ئەهێنا بە لا لەغاوەیدا. خووی

نەشـەیی. چـای خەسـت و بـە ڕەنگیـش، ماهدەرویـّش لـە بـەر دەسـتی دانابـوو. بابقولـی بونـدار کڵـۆ قەندەکـەی هەڵگـرت، لـە چاکـەی هەڵژەنـد، دەمـی وەکـوو دەمـی قـەڵ کـردەوە و قەنـدە تەڕەکـەی خسـتە سـەر زمانـە وشـکەکەی. بـە حـەزەوە مـژی و پیاڵەی چاکەی برد بۆ لێوە شـین هەڵگەڕاوکانی و هەڵیلووشـی. ئیسـتکانەکەی خسـتەوە سـەر ناڵبەکیەکـە و ڕوانییـە شـەیدا.

ــ ئا؟ لەگەڵ وشـترەکان چۆنی؟ خۆ ماندوویان نەکردوویت؟

شـەیدا ئـەوەی کـە ئەیویسـت بیڵـێ، لـە بـەر خۆیـەوە وتـی و پاشـان وتیەوە:

ــ کەمـن. وشـتر ئەبـێ ڕانێـک بـێ، ئەوسـا لەوەڕاندیـان کەیفـی مـرۆڤ سـاز ئـەکا. سـێ دانـە وشـتر لـە بیابانـی قاقـڕدا ون ئەبـێ. هـەر کامەیـان بـە لایـەکدا ئـەڕۆن. لا ئەکەیتـەوە هـەر یەکـە و فرسـەقێک دوور کەوتۆتـەوە! بـەڵام ئەگـەر ڕانێـک بـن پێکـەوە ئەگەڕێـن. پیـاو لـە سـەر پشـتی یەکیـان سـوار ئەبـێ و کۆیـان ئەکاتـەوە.

ماهدەرویـّش کارەکـەی پێـی سـپێردرابوو تـەواوی کـرد و هاتـەوە ژوورەوە. لـە سـەر چۆکێـک لای سـەماوەرەکە دانیشـت و پیاڵەکانـی بـردە بـەر شـێری سـەماوەرکە بـۆ ئەسـڵان و شـەیدا چـا تێبـکات. بابقولـی لـە وەڵامـی شـەیدا وتـی:

ــ ئـەو سـەردەمە خەریکـە کۆتایـی پـێدێ بابـە گیـان. ئیتـر تـەواو بـوو، خـوا لێـی خـۆش بـێ. ئـەم پاتاڵانـەش سـەردەمیان بـە سـەر چـووە. ئێسـتە ئیتـر تەنهـا بـۆ سـەربڕین ڕایـان ئەگـرن. کەڵکـیتریـان نەمـاوە ئیتـر. سـەردەمێک هەبـوو ئـەم چـوار پـێیانـە نـرخ و ڕێزێکیـان هەبـوو. هەمیشـە بـە ڕێـوە بـوون. بـێ و بـڕۆ، لـە ئێرانـەوە باریـان بـۆ عەشـقابادی ڕووس ئەبـرد و باریـان ئەهێنـا. کشـمیش و پێسـتە و ئاڵوویـان لـەم سـەرەوە ئەبـرد، قەنـد و کووتـاڵ و نـەوت و فەخفووریـیان لـەو سـەرەوە ئەهێنـا. بـۆ ڕەی و کرمان و قەزوێن و یەزدیش ئەچوون. لە سـەرانسـەری ئەم وڵاتەدا

لـە هاتوچـۆدا بـوون. دەنگـی زەنگۆڵـەی کاروانـەکان بـۆ سـاتێکیش خامـۆش نـەئەبـوو. کاری ماشـێنیان ئـەکـرد. کاروانسـالاریش ڕێـز و شـکۆیەکـی هـەبـوو. خـەڵکـی کچیـان بـە جووتیـار نـەئـەدا، بـەڵام بـە کاروانسـالاریان ئـەدا کـە سـاڵ بـە دوازە مانـگ لـە سـەفەردا بـوون. بـەڵام ئێسـتە وشـتر کـەی برەوی هـەیـە. مەگـەر کوردێـک یـان بەلووچێـک، یـەک، دوو دانـە یان ئەوپـەڕی پێنـج وشـتری بـۆ خـۆی هـەبـێ و لـە قاقـڕ و بیابانـی بـێ ئـاو و گیـادا هێـزم بکێشـێ و نانـی منـاڵـەکانـی تێکووشـێتە نـاو شـیری وشـترەکە. جا بۆیـە ئـەبـێ پـەروار بکرێـن و کێردیـان لـێ بـدرێ. زینـدوو بوونیـان کـەڵکـی نـەمـاوە. ئـەوەی بـە کار بـێ گـۆشـت و پێسـتیانە. چـار چییـە؟ هـەر بۆیەشـە لـەم نـاوەدا مـرۆڤ ڕانـی پەنجا سـەریی وشـتر نابینـێ پێکـەوە بلـەوەڕن. تـاک و تـەرایـەک. ئەوانیـش تەمـەنیـان کورتـە زمـان بەسـتراوانە. ڕۆژگارە ئیـتـر. هـەر شـتێک خولێکـی هـەیـە. سـەختـی تـۆش تـا زسـتانە. ئەوەنـدەی بـەفـر کـەوتـەوە، هـەر کامیـان بـە مـاوەی مانگێـک سـەرئەبڕێن و گۆشـتەکەشـیان ئەفرۆشـین بـە خـەڵکـەکـە. تـۆش تـا کاتێـک تـۆزێ شـارەزایی پەیدا ئەکـەی، ئەگـەر بـۆت سـەختە بـە هـەوسـارەوە بیانلەوەڕێنـە.

بەر لـە شـەیدا ئـەسـڵان کـەوتـە قسـە:

ــ ئەگـەر ئـەم قەدیـرەی کـوڕی کـەلایـی خـودادا ئـاوا خـۆی لـە وشـترەکان هـەڵقورتێنـێ، لـەوەڕاندنیـان دژوارتریـش ئـەبـێ! نابـێ شـەیدا ئیتـر بـە تەنهـا بچـێ بـۆ بیابـان.

بابقولی ڕوو بە ڕووی ئـەسـڵان وەسـتا:

ــ چی ئەڵێی؟ دیسانەوەش؟

ــ ئـەرێ ئیتـر. لـەو کاتـەوە مـن پێـم نایـە دەرەوە وەکوو مردوو بە دوامدا هاتووە. هـەر ئێسـتەش ئەوەتا لە بەردەرگا وەسـتاوە.

شـەیدا وتـی:

ــ نەوەسـتاوە. ڕۆیشـت!

بابقولی وتی:

ــ ئەو چی ئەویّ، ماهدەرویّش؟

ماهدەرویّش چۆکی دادا و بە مایەیەک لە هاودەروییەوە وتی:

ــ دڵی سووتاوە بوندار. دڵی سووتاوە. کەلایی خواداد پارەی وشترەکانی وەرگرتووە و بۆ خۆی شاردوویەتەوە و کوڕەکانیش پادەرحەوا ماونەتەوە. عەباسجان، براگەورەی قەدیر، توانی بە چەند ئەسکەناسی پشت سوور دەستی خۆی سوور بکات، بەڵام قەدیر نا. دەستی لە هیچ کویّ بەند نەبووە. باوکی هیچی نەدایێ. پیرەمیّرد هیچ نادا بە دەستەوە. قوڕوقپ، وەڵامی هیچکەس ناداتەوە. پارەکانیش کەس نازانیّ لە کویّی شاردۆتەوە. سەری خستۆتە ناو یەخەی و چاوی لە هەمووان قوچاندووە. ڕۆژ تا ڕۆژ دەرگای ماڵەکەی ناکاتەوە. قەدیر داوای هەموو پارەکەی لێکردووە. وتوویەتی ئەیەویّ بە دوای کار و کاسبیدا بگەڕێ. بەڵام باوکە بڕوای بە چاوی خۆشی نییە. حەز ناکا قەدیریش لە لای بڕوات. ئەگەر قەدیر بڕوات کەس نییە پێی ڕابگات. وتوویەتی ڕۆژانە پارەی جگەرەکەت پێ ئەدەم لێرە بمێنەوە. کەوتووە هەژارە. بەڵام عەباسجان لێیداوە چووە بۆ مەشهەد بۆ لای ئەو ژنەی کە هەیبووە. من خۆ نازانم، بەڵام ئەڵێن کچی دالاندارێک بووە. لە ڕێی مەشهەد لە کاروانسەرایەک گیری لێ هێنابوو. قەدیریش ئێستە ئەوا دڵگیرە. دەست وپێی بەستراوە. وەک بزنمژە بۆ خۆی هەر تێر ئەهاوێژێ. منیش لە کۆڵان بینیم بۆ خۆی پیاسەی ئەکرد.

بابقولی لە وەڵامی دەرویّشدا هیچی نەوت. خامۆش بوو و لە بیردا. بۆنی ئەوە ئەهات قەدیر ئەیەویّ خۆی بکا بە ئاوێنەی دڵتۆقاندنی کوڕەکانی بوندار. ئەبوا کارێکی بۆ بکریّ. بیری چالاکی بابقولی بۆ ڕێگەیەک ئەگەڕا. سەربازیی! بەم جۆرە ئەیتوانی لە کۆڵی بکاتەوە. تا ئەو بێ ئیتر شەوانە بە ناو کۆڵانەکاندا نەگەڕێ! بۆچی ئەگەڕێ؟ دیارە ئیتر. خەریکە

جیّ پیّ بۆ دزی خۆش ئەکات. ئەیەویّ ئارامی قەڵاچیمەن تیّک بدات. بەو باڵا لۆقەیەوە، خەڵک ئەتۆقیّنیّ. چوار شەوی‌تر -ڕەنگە- ئەچیّتە سەر ناموسی خەڵکیش. ئەبیّ دەستی بگیریّ و بنریّتە ناو دەستی سەرباز بگرەکان. بەڵام باوکی، کەلایی خواداد پەککەوتەیە، زەمینگیرە. ئەگەر ببیّ بە کەفیلی باوکی چی؟ ئەبیّ. ئەبیّ. ئەوسا ڕەنگە بکریّ کاریّکی بۆ جۆر بکریّ: کەرکاری دارکیّشان. چاودیّر. ئەمانە لەو کارانەن بۆ ئەو ئەشیّن. بەڵام نەء، ئەم جۆرە کارانە ڕامی ناکات. ئەبیّ فیّری قاچاخی تریاکی بکات. وا باشترە. ئەگەر وابیّ، هەوسارەکەی بەدەس خودی بابقولیەوە ئەبیّ. هەر کات بیەویّ ئەتوانیّ هەڵیداتە ئاوە قووڵەکە. گلەیش نییە. چاوی دەرئەهات با بە دوای کار و پیشەی نا قانونیدا نەڕوات و تووش نەبیّ.

ــ بۆ منیش چا تیّکە.

ماهدەرویّش چایی بۆ هەمووان تیّکرد و بۆی دانان. بوندار لیّی پرسی:

ــ خەرمان کەی پاک ئەبیّ؟

ــ تا سەری مانگ.

ــ ئیّستە کیّ لە سەر خەرمان ئەخەویّ؟

ــ هچکەس.

ــ هیچکەس؟

ــ هیّشتا گەنم لە کا جیا نەبوەتەوە بوندار. دز خۆ نایەت چەڵتووک بدزیّ! سەد مەن چەڵتووک دە مەن گەنمی تیا نییە !

بابقولی لە پڕدا وتی:

ــ دز بیّ یان نەیەت، خەرمان نابیّ بیّ مرۆڤ بیّ. هەر ئیّستە بڕۆ بۆ ماڵی تاجعەلی کۆڵکیّش و پیّی بڵیّ چرا و بوخچەی هەڵگریّ و بچیّتە سەر خەرمانەکەی. پیّی بڵیّ مەگەر ئەیەویّ شەقانەکەی بدۆڕیّنیّ؟ یان ئەیانەویّ گەنمەکە

ئەوەندە لە دەشت دابنێن مار و مێروو هەمووی کێش بکەن و بیبەن؟ ویژدانیان چی لێهاتووە؟!

ماهدەروێش کە لە ناو قسەکانی بابقولی بونداردا هەڵسا بوو و وەستا بوو، پرسی:

ـ لەوێوە بگەڕێمەوە بۆ ئێرە، یان بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە؛ کارتان هەیە؟

بابقولی وتی:

ـ جارێ نازانم. بگەڕێوە با بزانم چۆن ئەبێ؟

وەک پشیلە، ماهدەروێش چووە دەرەوە و بە بێ ئەوەی دەنگی پێی بێ لە پلیکانەکان چووە خوارەوە. بابقولی بە کوڕەکانی وت:

ـ ئێوە نیازتان نییە شێو بخۆن؟ بۆ سفرەکە ناهێنن؟

ئەسلان وتی:

ـ دایکم نەخۆشە وا بزانم!

ـ جار بە جەحەنم نەخۆشە. خۆتان سفرەکە بهێنن. خۆ گۆچ نەبوون!

براکان بە جووتە هەڵسان. بابقولی شەیدای بانگ کرد:

ـ تۆ بۆ کوێ؟ وەرە دانیشە، تۆ ماندووی. سفرە یەکێکی بەسە.

شەیدا نەیوت ئەیەوێ بچێ بۆ لای دایکی. گەڕایەوە و لە سەر جێگەی خۆی دانیشت. بابقولی بوندار جگەرەیەکی کرد بە دارجگەرەکەیەوە، دایگیراند و تۆپەڵ تۆپەڵ دووکەڵەکەی دایە دەرەوە:

ـ تا چاویان کوێر بێ. سەگبابانەی بەرچاوتەنگانە. چاویان نییە مرۆڤ ببینن بە پێی خۆی بە سەر عەرزی خوادا ڕێ بکات! ناتوانن ببینن. من ئەزانم کێ پڕی کردۆتەوە و بەرەڵڵای کردۆتە ناو کۆڵانەکانی قەڵاچیمەن. بەڵخی! لە هەر لایەکەوە دەستی بگات، نەقیزەیەک ئەوەشێنێ. ئاگر خۆش ئەکا. ئەمە

سروشتیەتی. ئاگرخۆشکەرە! ئەڕواحی باوکی! پێی وایە بەو کارانەی ئەتوانێ من بخاتە گیروگازەوە، لیێ بگەڕێم بە ئیشتیای خۆی لەم ناوچەدا قاچاخفرۆشی بکات. هێشتاش تامی حەپس لە ژێر زمانیەتی! جا با هەر لە شێرەکێشخانە بکەوێ و ئەوەندە مەتەڵ دابهێنێ هەتا دەمی کەف ئەکات. سەگی دەم درێژ. کارێک ئەکەم ئەو چوار پارچە مس و بەرەیەش بار بکات و لەم قەڵاتە بڕوات. پێی وایە لەگەڵ کێ تێکەوتووە! زۆڵی دەم هەر اش!

پاش شێو، پێش ئەوەی بابقولی بوندار ئەنگوستە درێژەکانی بلێسێتەوە، ڕووی کردە ئەسلان و وتی:

ــ دەرگای دووکانەکەت باش داخست؟

ــ بەڵێ.

ــ لە بەر و دواوە؟

ــ بەڵێ

ــ کاتی خەوتنیش باش سەیری قفڵ و کیلۆنەکە بکەرەوە.

ــ خۆم لە دووکان ئەخەوم.

ــ گیرام لەوێش بخەوێ! لە دووکان ئەگەر بخەوی نابێ ئاگات لە دەر و بان هەبێ؟ چ قسەیەک ئەکەیت! بەچاوی بەسراو مەگەر ئەڕۆن بەڕێدا؟ نابینی وشکەساڵییە؟ مرۆڤی برسی دینی نییە. پێت وایە کاتێکە دەرگای کردەوە و هاتە ناو دووکان بەزەیی بە گەنجێتی تۆدا دێتەوە؟ مرۆڤی خاو! ئەی تۆ لەگەڵ وشترەکانت چیئەکەی شەیدا؟

ــ هیچ، عەگاڵیان لە چۆک ئەبەستم و خۆشم وریا ئەخەوم.

ــ لەبەر دەربیجەی دوکاندا جێگەکەت ڕاخە. لە شوێنێک گوێتان لە هەناسەی یەکدی بێ. دار و چەقۆیەکیش لە ژوور سەرتان دابنێن زەرەدی نییە.

شەیدا لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ کێردی من هەمیشە لە بنی پووزبەندەکەمە.

بابقولی بە ئەسڵانی وت:

ــ تۆیش وردە وردە قەمەکەت لە پشت کەنوەکە دەربهێنە و بیخەرە ژێر سەرت. پارێزکردن زەرەدی نییە. ئەو قەمەیەش پێم نەداویت لە ناو کالانەکەیدا ژەنگ بهێنێ! خۆ نامەوێ ئەنتیک ڕابگری! ناشمەوەێ بتانترسێنم، بەڵام ئەبێ سەرتان بلەقێنم بۆ ئەوەی بێنە ناو حەسابەوە. دەنگۆ هەیە چێوارێکیان لە سەر ڕێی شەشتەمەد خنکاندووە. شەوی ڕوون، وەکوو ڕۆژ. ڕەبەن مەڕی داشتی هەبووە. بردوویەتی بۆ شار و فرۆشتوویەتی. لە بەر نانەواخانە نانێکی کڕیوە و کەوتۆتە ڕێ بەرەو گوندەکانی لای سەرەوە. لە دامێنی کێوی بەران. نامەردانە ئەکەونە تەکی و لە ناو ڕێش ئەیخنکێنن. ئەڵێن مرۆڤی برسی ئیمانی نییە، هەر ئەمەیە! ڕێگر ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەبن. لەم ڕۆژانەدا، هەر کەس گوشاری بۆ دێ، هەڵئەسێ و ئەبێ بە چەتە! ترس هەڵتان نەگرێ. تا بگاتە ماڵ و دووکانان، هێشتا زۆری ماوە.

ئەسڵان ناوچاوی تێک نابوو و زۆر بە خاوی قاپەکانی لە سەر سفرەکە خڕ ئەکردەوە. شەیدا، براکەی سەیر کرد، بزەیەکی هاتێ و چوو بە یارمەتیەوە. قاپە بەتاڵ و لەتە نانەکانیان کۆکردەوە و بردیانە دەرەوە. دەنگی بابقولی کەوتە شوێن کورەکانی.

ــ ماهدەروێش هاتەوە، پێی بڵێن بڕواتەوە. کارم پێی نییە تا بەیانی.

ــ بە سەر چاو.

ئەسڵان قەراخە نانەکانی کردە ناو ناندێنەکە و لە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە. شەیدا، هەر وا لە بانیجە ڕاوەستابوو. پرسی:

ــ ئەڕۆی بخەوی؟

ــ ئەرێ ئیتر. خۆ نامەوێ شەو زیندەداری بکەم.

تاوێکیتر، شەیدا دەنگی کردنەوە و داخستنەوەی دەربیجەکەی بیست. گەڕایەوە و سەیری باڵەخانەی کرد. چرا تۆڕییەکە خەریک بوو ئەکوژایەوە. شەیدا هەر لە سەر جێی خۆی وەستابوو کە بابقولی بوندار بە دەم کۆکەیەکی قورسەوە هاتە دەرەوە:

ــ بۆ لەوێ وەستاوی؟ نیگابانی ئەدی؟

بە بزەیەکی هێورەوە، شەیدا وتی:

ــ وەستاوم، هەر وا.

بابقولی لە کاتێکا پێی ئەنایە سەر پلیکانەکە بە تەوسێکی نەرمەوە وتی:

ــ بێخەوی داویە لە سەرت؟ هێشتا زووە کوڕم! جارێ با دەستی ئەوی کە بەند بکەم، ئەوسا نۆرەی تۆش دێ.

خوێنی شەرم تا بنا گوێی شەیدا خوشی. ئەگەر شتێکیش بۆ وتن هەبوو، تواناى وتنی نەبوو. بۆیە هەر وا، شەرمن و گرمۆڵە لە شوێنی خۆی ڕاوەستا. بیری کردەوە، بابقولی خەریکە ئەچێ بۆ ژوورەکەی خوارەوە، ئەو شوێنەی دایکی شەیدای لێبوو. بەڵام وا نەبوو. بابقولی ئەچوو بۆ ئاودەس:

ــ مرۆڤ کە زانی میزی کەفی کردووە، باشتر وایە بێخەویی نەدا لە سەری!

بابقولی ئەمەی وت و لە پشت دیوارە کورتەکە لە چاوی شەیدا ون بوو. شەیدا، ڕووی وەرگێڕا و هاتە هەیوان و لە سەر لێواری تەختەی مەشکەکە دانیشت. حەزی ئەکرد بچێ بۆ سەردانی دایکی، بەڵام نەی ئەویست بە بەرچاوی بابقولیەوە ئەو کارە بکات. چەند کاتێکی درێژ و کشاو هەر لەوێ دانیشت، تا باوکی گەڕایەوە. لە وشترەکان نزیک بوویەوە، دەستی هێنا بە سەر و یاڵیاندا و دەنگی هەڵێنا:

ــ بۆچی سفرەتان بۆ ئەم پاتاڵانە ڕانەخستووە هێشتا؟

شەیدا لە سەر تەختەی مەشکەکە هەڵسا، لە پلیکانەکان چووە خوارەوە، لای باوکیەوە وەستا و وتی:

ـ پێش ئەوەی بخەوم ڕای ئەخەم. هێشتا تێرن. کا و پەمووەکە چەپەڵ ئەکەن. لێوی لێ ئەدەن و نایخۆن. کاکە بۆن ئەگرێ. بۆنی هەناسە. کۆن ئەبێت و ئەوانیش بە ئیشتیا نایخۆن. ئازووخەکە بەد بۆن ئەکەن. هەموو ماڵێک وایە. خۆت خۆ باشتر ئەزانی!

«زۆر چاکە. شارەزا بووە. باشە!»

بابقولی، بە بێ ئەوەی بیری خۆی دەرببڕێ، وتی:

ـ خۆت چۆنت پێ باشە وابکە. وشتر هی خۆتە و تۆ ئەبێ پەروارِیان بکەی. من پێم وا بوو برسین.

چاوەڕێی وەڵامی کوڕەکەی نەکرد و بە گۆرانی وتن چوو بەرەو ناو داڵانەکە.

شەیدا، ئەوەندەی باوکی لە داڵانە تاریکەکەدا ون ببی، بە شادییەوە سەیری ڕۆیشتنەکەی کرد؛ پاشان سفرەی وشترەکانی ڕاخست. قۆڵی هەڵکرد، چۆکی نایە ناو کاکە و، پەمووەکانی لەگەڵ کادا تێکەڵ کرد. پەموو و کا و ئاردی جۆ ئەبوایە پێکەوە تێکەڵ بکرێن. پاشان ئەبوا دەستی هەتا ئانیشک بکات بە ناو کاکەدا، سەروبنی بکا بۆ ئەوەی تێکەڵ ببن. پاشان بەو جۆرەی ژنان هەویر ئەشێلن، ئەبێ بیشێلێ تا خۆشە ئەبێ.

بە هەوڵێکی زۆر شەیدا خواردنەکەی لێکدا، هەڵسا. دەستی تەکاند و پوشە کایەک نووسابوو بە برژانگیەوە لێیکردەوە. لای دۆڵچەی ئاوەکەوە چیچکانی کرد و دەست و ڕووی شۆرد. هەڵسا و چوو بۆ لای ئەو ژوورەی دایکی لەوێ نووستبوو. ئەو ژوورە بە تەک کارگەی تەونەکەوە بوو. هۆدەیەکی تەنگەبەر. دایکی شەیدا، شەوانە لەتێکی دەرگاکەی دانەئەخست. سەری ئەنایە ناو دەرگاکە و ئەنووست.

شەیدا زانی دایکی لە ئەنجامی نەخۆشی و ماندوێتیدا خەوی لێکەوتووە. بۆیە هەر لەوێ لە دەرەوە دانیشت و پاڵی

دا بە دیوارەکەوە. دڵی نەئەهات خەبەری بکاتەوە. جەڕەی ئاو و زەرکە مسەکە لە بەر دەستی دایکی دابوو. زەرکەکەی هەڵگرت و لە ناو دەستیا ڕایگرت. هێشتا تۆزێ ئاوی تیا بوو کە بریسکەی ئەستێرەکانی ئەنواندەوە. ئەستێرە نەئەبینران. ئاوەکەش. ڕەنگە هەستی بە زەرکەکەش نەئەکرد. بیری لە لایەکیتر بوو. نە لای وشترەکان و نە تەنانەت لای دایکیشی. ویستی هەڵسێ. زەرکەکەی نایەوە شوێنی خۆی و ویستی ڕاستەوە بێ، بەڵام نەکرا. دایکی سەری هەڵێنا و لەچکە سپیەکەی لە سەر ڕوخساری لابرد. نیو قەد دانیشت و دەستی برد بۆ خشتی ناو دەرگاکە، پێڵووە وشکەڵاتووەکانی بە پشتی دەستی هەڵگلۆفی و وتی:

ــ دایکەکەم ئەو بۆ هێشتا نەنووستووی؟

ــ ئەخەوم. تۆ بخەوە. ئێستە چۆنی؟ هێشتاش وەک خۆتی؟ هەر نەخۆشی؟

ــ نەء. نە زۆر. کاتێک هاتی بینیتم. بەڵام نەمویست بێمە سەر.

ــ بۆ نەهاتی؟ ئێوە تاکەی ئەتانەوێ لەماڵێکدا وەکوو دوو بێگانە بژین؟

ــ نامەوێ ڕووە شوومەکەی ببینم. پێویستیشم بەو نییە. مەگەر لە سەر تەوەنەکە لە بەیانیەوە هەتا ئێوارە وەکوو بێگانەیەک کار ناکەم؟

شەیدا لە بەر خۆیەوە مڕاندی:

ــ تۆ خۆشت حەزت لێیە وەکوو کارەکەر کار بکەی.

دایکی کە ئەتوت دڵێکی پڕ لە خۆڵەمێشی تەنووری ئێواران لە سینەی دایە -ژیلەمۆی بن خۆڵە مێش- بە ئارامی وتی:

ــ بەشم ئەمە بووە کوڕم، بەشی منیش ئەمە بووە. بۆچی نارۆی بخەوی تۆ؟ وشتر لەوەڕاندن ماندووت ناکات؟

ــ ئەخەوم. شەو درێژە. قاچت چۆنە؟

ــ باشە. باشترە. باشترە. شوکری خوا!

ــ باشە، یان لە بەر دڵی من وا ئەڵێی؟

ــ لێمگەڕێ کوڕم. بچۆ بخەوە.

وڕ و بە ئازارێکی کاڵەوە، شەیدا هەڵسا؛ باڵی کراسەکەی ڕێک کرد و چوو بۆ لای دەربیجەی دووکانەکە. دایکی وتی:

ــ هەر لەوێ، لە ژێر هەیوان ئەخەوی؟ لێفەکەت لێرەیە. ئەوا بۆتی ئەهێنم.

شەیدا بە بێ وەڵامدانەوەی دایکی، لە بن دەربیجەکە دانیشت، تەوێڵی پێوە ناو و لە درزی دەرگاکەوە سەیری ناو دووکانەکەی کرد. ئەوەی کە براکان چاویان لە یەکدی بێ و بە دڕدۆنگیەوە سەیری یەکتری بکەن، تایبەتمەندییەک بوو لە منالێیەوە لەگەڵیان بوو. خۆیان لە کاری یەکدی هەڵئەقورتاند و ئەمەش تا ڕادەیەک لە ئێرەییەوە سەرچاوەی ئەگرت. بەخێلیەکی نە زۆر تیژ و ژەهراوی. مایەیەک بوو بۆ ئەوەی سروشتێکی دوولایەنە بە هەر کامیان ببەخشێ. ئێرەییەکی شاراوە لە ناو توێژی سۆزدا کە لە پێکەوەبوون و لە برایەتیەکەیانەوە سەرچاوەی ئەگرت.

ئەو برایانەی لە پشتێک و لە دوو سک زابوون، هەمیشە هەستیان بە دیوارێک لە نێوان خۆیاندا ئەکرد. دیوارێک کە بە عاشقانەترین سۆزیش لە ناو ناچێ. نزیکترین براکان، تەنها تا پێستەی ئەم دیوارە ئەتوانن لێک نزیک ببنەوە. بەڵام ئەم دیوارە کە لە ناخیاندا داڕێژراوە، لە ناو ناچێ. هەر کاتەی بیر لە یەکدی ئەکەنەوە، لەوپەڕی ئەوینی برایانەشدا، بڵێسەی مڵۆزمی دووانە بوون، سەر هەڵئەدا و عاشقانەترین داوەرییەکانیش تووشی هەڵە ئەکات. براکان تەنها لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن دایە کە ئەبن بە یەک. یەکگرتوو. چونکە گیانی ڕقاوی، بڵێسەکانی بەخێڵێ و ڕق ڕووی لە دەرەوە و لە

خەنیمێکی دەرەکیە. بارانی تووڕەیی لەوەی کە خۆیی نییە. براکان ئەمێستاکە بران. عاشقترین براکان.

لەبەر تیشکی کزی ناو دووکانەکەدا، ئەسڵان لای دیوارەکەوە، لە سەر سەکۆکە جێی ڕاخستبوو. لە سەر جێگەکەی پشت لە دەربیجەکە دانیشتبوو و سەری بە سەر سینەیدا چەماندبوو. دەستەکانی لە بەر ناوکیدا ڕاگرتبوو و خەریکی کارێک بوو. شەیدا، دەسبەجێ بیریکردەوە:

«پارەکانی ئەژمێرێ. پارەپیس! خەریکە ئەیانشارێتەوە، زۆڵە... بەڵام، ڕەنگیشە خەریکە پزووی شەرواڵەکەی ئەدۆزێ. سپێ کوشتن. ئاخر زستان خەریکە ئەگات!»

دایکی شەیدا، لێفەکەی بۆ کوڕەکەی هێنا. شەیدا ئاوڕی لە دایکی دایەوە و لە بن دەربیجەکە هەڵسا. لێفە و دۆشەکەکەی لە سەر شانی دایکی داگرت و حەوای دایە لای دیواری بن هەیوانەکە.

ـ خۆم ئەیهێنم ئیتر!

دایکی، هەر وا وەستا بوو. شەیداش وەستا. دایکی چاوی لە شەیدا نەئەترووکاند. ئیتر ئەیەوێ بڵێ چی؟

ـ بگرە بخەوە ئیتر! دیسانەوەش ئەتەوێ لە درزی دەرگاکەوە بۆی دەربچێت و بچێ بۆ کۆڵانگەڕیی؟

شەیدا، بەرامبەر دایکیدا بێدەنگ وەستا. دایکی زۆر دەوامی نەهێنا. وەرگەڕا و چوویەوە بەرەو کولانەکەی.

شەیدا، ئەمجارەش و بۆ هەزارەمین جار ڕۆیشتنەکەی دایکی سەیر کرد. ژنە بە بێ ئەوەی پیر بووبێ، پەکی کەوتبوو. کۆمابۆوە و ئەتوت قاچی ڕاکێش ئەکات. گەیشتە لای دەرگاکە، دەستیگرت بە لێواری دیوارەکەوە و بە ئەسپایی چووە ژوورەوە و شەیدا بینی لە سەر جێگەکەی دانیشت.

بینینی دایکی، هەر جارە خوێیەک بوو ئەکرا بە سەر برینی شەیدادا. ژانی پووزەکانی، ئەژنۆکانی و نەرمەی ڕانی،

خەریک بوو ئەم ژنەی پیر ئەکرد. سەرەڕای ئەمانەش بابقولی بوندار ئەتوت بە چاوی بەستراوە و سەیری ژنەکەی ئەکات. ئەتوت نوورجیهان هەر ژنیش نییە. ئەو شەیدایەش -کە بابقولی ئەوەندە خۆشی ئەویست- ئەتوت هەر لەویش نەبووە. گورگیش لەمە باشتر لەگەڵ مێی خۆیان هەڵسوکەوت ئەکەن. ئەمە یەکەمجار نەبوو شەیدا بیری ئەکردەوە:

«دڵی ژنەکەی یەکەمی، دایکی ئەسڵانیش ڕەنگە هەر بەو جۆرە تۆقاندووە.»

بێزار و ماندوو، شەیدا خۆی هەڵدایە سەر دۆشەکەکە، پێی خست بە سەر پێیدا و پانیەی سەری نا بە دیوارەکەوە و بۆ تاوێک چاوی بەست. دڵی پێوە بوو ئارام بێ. بەڵام مەگەر ئەکرا؟ تاڵانی ئەندێشە. چۆن ئەیتوانی بیر لە دایکی، دوو هەنگاو لەولاترە، نەکاتەوە؟ هەر وەها چۆن ئەیتوانی بیرنەکاتەوە لەو دیوی ئەم دەربیجە؛ لە ئەسڵان کە لە پیاوی چل ساڵان ئەچوو؛ دوورئەندێش و لە ناو خۆیدا و، حەسابگەر و ئاگاداری هەموو دیاردەیەکی دەوروبەری؛ وریا! یان بیر لە باڵەخانە نەکاتەوە؛ ئەو شوێنەی بابقولی بوندار، پیری ناو سەنگەر، لە سەر مجریەکانی ئەخەوت؛ کابرایەک، هەم دڵخواز؛ هەم بێزارکەر. میهرەبانیەکانی وەکوو دەمی شمشێرێک بوو خوێنی لێ ئەتکا و لە سەروو دەمە تیژ و خوێناوییەکەی، ڕوخساری تاڵی ئەو بە بزەیەکی تەوساوییەوە هەڵواسرا بوو. ئەو ڕوخسارەی هەر گیز لە پێش چاوی شەیدا دوور نەئەکەوتەوە. سمێڵەکانی زبر و پڕ لە تاڵی سپی. چەناگەی چاڵ. لێوی مۆر. ددانی زەرد. چاوی زیتەڵە و مڵۆزم. ڕەگی ناوچەوانی. تاڵە قژە ڕیشاڵ ڕیشاڵەکانی بەر سەری و، کڵاوە لبادە چڵکنەکەی. ملی درێژ، قوراچکەی تیژ کە شەیدا هەستی ئەکرد هەموو ساتێک ئەیەوێ پێستەکە کون بکات و بکەوێتە خوارەوە.

چۆن ئەیتوانی شەیدا بیر لە کەسوکاری نەکاتەوە؟

«کێیە ئەم کابرا؟»

دەنگی زنجیری دەرگاکە بیری شەیدای پچڕاند. هەڵسا و چووە پشت دەرگاکە و لەتێکی تا نیوە کردەوە. شان بە شان، ماهدەروێش و مووسا وەستابوون. مووسا، وەستاکاری قاڵیچنین، چاوەڕوان بوو شەیدا دەرگاکەی لێ بکاتەوە. بەڵام شەیدا بە بێ ئەوەی سەیری ئەو بکات، بە ماهدەروێشی وت:

ــ بوندار خەوت؟!

مووسا بەرەو دەرگاکە هات. شەیدا خۆی لادا بێتە ژوورەوە. وەستا کاری جەوان بە لای شەیدادا تێپەڕی و بەرەو ئەو دەرگای گەوڕی پەزەکان چوو. شەیدا، لێی وەرگەڕا و وتی:

ــ پێ لە وشترەکان نەنێی؟!

مووسا تەشەرەکەی وەرگرت، بەڵام نەوەستا. ڕێی خۆی درێژە دا تا بچێ سەر بنێتەوە و خەوی لێبکەوێ. جارێکیتر بەیانی و دەمی ئاوەڵەی کارگە و جارێکیتر کار. بەیانی وزەی ئەویست. زمانی کوڕی بوندار، چۆن ئەبێ با ببێ. دەنگی باوێشکە ماندوو و درێژەکەی مووسا لای دیواری گەوڕەکەوە بیسرا. ماهدەروێش وتی:

ــ بە بوندار بڵێ پەیامەکەم گەیاند. تاجعەلیم بەڕێ کرد. کارتان نییە؟

شەیدا وتی:

ــ بەیانی زوو وەرە.

ــ شەو باش.

بێ کار و بێ مەبەست، شەیدا لە نێوان دوو تاکی دەرگا کەدا هەر وا وەستا بوو. دڵی بەرایی نەئەدا سەر بخاتە سەر سەرین؛ دەنگی نەرمی با! کۆڵان، چ کێشەرێکی هەیە! شەیدا، پێی شەوگەردیی هەڵێنایەوە. لاویەتی!

## بەندی سییەم

لـە نێـوان شـەپۆلە بەردەوامەکـەی بـاوە، دیوارەکانـی قەڵاچیمـەن دەرکەوتـن. وشـترەکەی بـە فیتوویـەک خـاو کـردەوە، گوڵمحەمـەد. لـە پەنـای شـەو و تـۆزدا، پەڵـەی تـۆزاوی تیشـک، لـە پەنجەرەکانـەوە کـەوتنـە پرتـە پـرت: نیـگای چاوانـی مانـدوو. گوڵمحەمـەد گـەیشـتبوویە قەڵاچیمـەن. سـەری بردبـووە نـاو یەخـەی و ئـارام بـوو. بـە بـێ ئـەوەی سـەیری ئـەو ڕەقەڵـە پیـاوە بـکات بـە لای دیوارەکـەدا تـێ ئەپـەڕی، بـە قـەراخ جۆگەکـەدا، بـەرەو ماڵـی بابقولـی بونـدار چـوو و نزیـک دەرگاکـە لـە ملـی بـادی خزایـە خـوارەوە و ڕەشـمەکەی دا بـە شـانیدا.

شـەیدا هێشـتاش لـە نێوان دوو تای دەرگاکـەدا وەسـتا بوو.

ـ مانـدوو نەبـی گوڵمحەمەدخـان! سـەفەر بەخێـر! بـۆ کـوێ بـەم بایـە؟... بـۆ وا وشـک بوویـت؟ وەرە ژوورەوە. بـا تەختـەی سـەر دەرگاکـە لابـەم. کاتـی هێنـان و بردنـی وشـترەکانی خـۆم ئـەم تەختـەیـە لا ئەبـەم.

شـەیدا تەختەکەی لابرد و گوڵمحەمـەد وشـترەکەی هێنایە حەوشـەی ماڵـی بابقولـی بونـدار. حەوشـەی چـۆڵ و گـەورە.

ئاشـنای نیـگای گوڵمحەمـەد. بـارە هێـزم ـ گـەون و کاوێـر و تەنگـز، هێشـتا لای دیوارەکـە هـەڵ نەچنرابـوون. بـەر لـە زسـتان، کوڕەکانـی بابقولـی بونـدار لای دیوارەکانـی حەوشـە تـا

سەر هێزمیان هەڵئەچنی، لە زستاندا، نمی باران کە ئەدا لە هێزمەکە چوارپێ پێیان خۆش ئەبێ.

گوڵمحەمەد وشترەکەی بردە سووچی حەوشە و دوور لە وشترەکانی شەیدا یخیدا. هەوسار و سەرکەڵلەکەی لێکردەوە و خەریکی کردنەوەی تەنگەی دارەبەنەکەی بوو کە شەیدا، گەنج و کەنجێتی بابقولی، چارشێوێکی کا و توورەکەیەک پەمووی هێنا و وتی:

ــ من خواردنی ئەدەمێ گوڵمحەمەدخان، تۆ بڕۆ بۆ دیوخان. بوندار لەوێیە.

ــ با تەنگەی شل بکەمەوە، ڕەبەنە زۆری غار کردووە.

ــ خۆم شارەزام خان، تۆ بڕۆ سەر ئاسوودە بە، ماندوویت.

هاتنی ناوەختی گوڵمحەمەد خەوی ماڵەکەی زڕاندبوو. ئەسڵان لە دەربیجەکەوە هاتە دەرەوە و بابقولی سەری لە دەرگای دیوەخانەوە هێنایە دەرەوە و وتی:

ــ تۆ وەرە سەر گوڵمحەمەد، شەیدا ئاگای لێی ئەبێ. وەرە سەر.

گوڵمحەمەد بەرەو داڵان، کە لە سووچی حەوشەوە ڕێ هەبوو بۆ بانیجە و دیوەخانە کەوتە ڕێ و بابقولی بوندار دەرگاکەی داخست. با هێشتا نەکەوتبوو. داڵان تاریک و تەمکردوو بوو. ئەتوت با، هەوا ماندوو و خەفەکەی تیا حەپس کردووە. لە پێچی پلیکانەکاندا، ئەسڵان خەریکی هەڵکردنی چرا پلێتە بوو.

گوڵمحەمەد لە پلیکانەکان سەرکەوت، چووە بانیجە و لەوێوە چووە باڵەخانە. بابقولی بوندار هێشتاش خەریکی داگیرساندنی چرا تۆرەکە بوو:

ــ بێوەخت گوڵمحەمەد؟! دانیشە!

گوڵمحەمەد کڵاوەکەی هەڵگرت، خۆڵی لە سەر و قژی تەکاند و لە سەر فەرشەکە دانیشت:

ــ چ تەپ و تۆزێکە وەستا! چ گەردەلوولێکە!

گوڵمحەمەد وای دەرئەخست لەو خاک و خۆڵەی بە سەڵتە و پووزەوانەکەیەوە هێناویەتە ژوورەوە شەرمەندەیە. بابقولی، بە دڵفراوانیەوە وتی کە، ماڵ ماڵی خۆیەتی. گوڵمحەمەد ئاسوودەتر دانیشت و پاش تاوێک هەستی کرد دەست و باڵی خەریکن ئەکرێنەوە و ئەو ئەمەندە جێگەی کە پێویستێتی بۆ دانیشتن وا لە بەر دەستیدا. بابقولی بوندار هێشتاش گورگانە لە سەر چۆکی دانیشتبوو و سەیری ئەو گڕە دووکەڵاوییەی ئەکرد لە کلاوی چراکەوە بەرز ئەبوویەوە. چرا تۆڕەکە، ساز نەبوو. یەکدست نەئەسووتا و پرتەپرتی ئەکرد. تا گەرم ببێ و گڕەکەی خۆش ببێ هێشتاش کاری ئەویست. بابقولیش سەرگەرمی چراکە، کاتی تێ ئەپەڕاند و بیری لە هاتنەکەی گوڵمحەمەد ئەکردەوە. گوزەری بە ڕێکەوت نەبوو. نەی ئەتوانی وابێ. چونکە بابقولی ئەیزانی ڕەوەندەکان هێشتاش بەرەو هاوینەهەوار نەکەوتوونەتە ڕێ. ئەی گوڵمحەمەد بە چ مەبەستێک هاتووە. باشە، چ مەبەستێک؟ ئایە جارێکی تریش هاتبوو پارەی لێ قەرز بکات؟ یان هاتبوو پێست و خوری پێش فرۆش بکات؟ هەر دووکیان بۆی هەبوو. ڕەنگە. ڕەنگیشە بە هەوای ماهدەروێش هاتبوو. هەر چی هەیە ویستێکی تێدا هەیە. هەر چی چۆن بێ ویستێکی هەیە کە هاتووە بۆ قەڵاچیمەن!

ــ دەی، باس و هەواڵ کوڕی کەلمیشی؟

ــ خەبەری خۆش، بوندار. جەنابت چۆنی؟ ئیتر یادی ئێمە کوردی فەقیر و هەژار ناکەیتەوە؟ مەگەر دیسانەوەش نیاز بمان هێنێ بۆ ماڵەکەت. ساڵانی پێشتر جار جارە لە ناو ڕەوەند دەرئەکەوتی. هاتوچۆت هیوایەک بوو، تۆمان ئەبینی دڵمان گەرم ئەبوو و ئەمانوت زۆریش بێکەس نین. بەڵام ئێستە...

ــ گرفتاریی گوڵمحەمەد. گرفتاریی. دەرفەت ناکەم سەرم

بخورێنم. لە نوێژی بەیانیەوە تا نوێژی خەوتنان پەنابات پێنج شایی لای یەکەوە دائەنێم و ئەنجام ئەبینم زەرەدەکەی لە قازانجی زیاتر بووە. دیسانەوەش خوا بەرەکەت بدات بە پەز. نان و ڕۆنێک هێشتاش لە گوانی مەڕەکان پەیدا ئەبێ.

ــ تۆ لە دوورەوە سەیرمان ئەکەی بوندار! دیسانیش شوکر. هێشتاش هەر ئەبێ شوکرانەبژێر بین. بەڵام بابقولی، ئەم وشکە بەهارە لە پێی خستووین. ئەوەتا خۆت ئەبینی ئەم بایە، ئەم با بێپیرە چی ئەکات؟ ئەڵێی نایەوێ تەواو ببێ! وادیارە ئەمساڵ سوێندی لە بەختی وردەپەزدار خواردووە. بۆیەشە بەیانی ئەبێ کۆی بکەینەوە و بچین بۆ گەرمێن. بەڵام وا پێ ئەچێ ئەم بایە هێزم و وشکە گیا بۆ پەزەکان نا هێڵێتەوە؟ هەیهات کە ئێمەی خێڵاتی بەم باو بارانە بەندین. ئەوەتا تاوانی پاشەڕۆکی وشکەی بەهار ئێستە ئەدەینەوە!

ــ یارمەتی ماڵەکانی ئێمەش نادا ئەم بایە، گوڵمحەمەد.

لەبەر ئەو تیشکە ڕەمۆکەی لە ژێر کڵاوی چرا تۆڕەکەوە سەرئەکەوت، گوڵمحەمەد ئەیتوانی نیوڕوخی بوندار ببینێ. ئەشی ویست سەیری بکات. ڕەنگە ئەیویست نهێنیەکەی چاوە شین و زیرەکەکەی بابقولی بخوێنێتەوە. هەر وەها تێبگات لە پشت هێڵە ئەستوورەکانی تەوێڵیدا چ بیرێک گوزەر ئەکات. بەڵام ئەمە نەگونجاو بوو. ڕوخساری بابقولی بوندار وشیارانەتر لەوە ڕەنگی ئەگۆڕی کە نیگا بتوانێ هیچی لێ وەخوێنێ. نەرمی و جۆراوجۆری ڕوخساری بابقولی نیگای لێکۆڵەری ئەخزاند و ڕێگەی لە کۆڵینەوەی چاوی پشکنەر ئەگرت. بەڵام دڕۆنگی، وردە وردە لە شێوەی قسەکردنی بابقولیدا خۆی ئەنواند. ئارەقچنەکەی بە سەرییەوە ڕێک کرد، نەرمەی گوێی بە سەری پەنجە خوراند و سەیری گوڵمحەمەدی کرد؛ نیگای بوندار لە ڕووناکی لەرزۆکی چرا پڵیتە ئەچوو. چەندە نەرم و بەردەوام، ئەوەندە لەرزۆک و بێئوقرە. ئەیویست

بیری گوڵمحەمەد بەتیشکی خۆی هەڵکۆڵیٚ. بە پرسیاریٚکی شارەووەوە، بوندار پرسی:

ــ خراپ نەبیٚ ئیشەڵڵا. خراب نەبیٚ. هەر چی هەیە خیٚربیٚ... ئیٚمەش، بە ئەندازەی خۆمان بە سەرەووەیە گوڵمحەمەد. هەر کەس بە ئەندازەی بانەکەی بەفر ئەماڵیٚ. ئەم ڕۆژانە حاجی ئالاّجاقیش هەمووو کارەکانی خۆی خستۆتە ئەستۆی من. مەڕی خۆمان و کشتوکاڵی خۆشمان کە هەیە. شەو و ڕۆژیٚک ئاو بۆ ئیٚمە و نۆ شەونیو ڕۆژیش بۆ ئەو. سەرکاریی کاریٚکی ئاسان نییە. دیٚمەکاڵیشمان هەیە. قاڵەقاڵ کردن لەگەڵ جووتیار و پاڵە و شوان. ئەمانە هەمووی کارە. سەر و زمانی ئەویٚ. برشتی ئەویٚ. پسپۆڕیی. دووکانیش کە هەیە، کۆڵیٚک قەرز و پارەمان لە لای خەڵکە. چووزانم. هەزار و یەک جۆر سەرئیٚشە. ئیتر کەی دەرفەتی ئەووەم بۆ ئەمیٚنیٚ شمەک و کەلوپەل باری هیٚسر بکەم و بکەومە ڕیٚ بۆ ناو ڕەشماڵەکان؟ بەم کارانەدا ڕابگەم خۆی زۆرە، ئەمەویٚ دووکانەکە بە تەواوەتی بدەم بە ئەسلاّن. کاری شەو و ڕۆژیٚک ئاویش بدەم بە شەیدا. ئەم سیٚ وشترەش ئەو خەریکە قەڵەویان ئەکات. خۆیشم بە کارەکانی ئالاجاقی ڕائەگەم.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ باشە، شوکری خوا هەر دوو کوڕەکەت پیٚگەیشتوون. هەر کامیان ماشەڵڵا پیاویٚکن بۆ خۆیان. تا هەبیٚ ئەمجۆرە سەر ئیٚشەش هەر ئەبیٚ بابقولی خان. بتەویٚ نەتەویٚ مرۆڤ بۆ کار و ڕەنجکیٚشان خوڵقاوە. بەلاّم بە مەرجیٚک ئەو ماندوو بوونەشخویٚنی دڵی لەگەڵ نەبیٚ. دڵی برینداری نەکات. کاتیٚک بە دڵ برینداریی بیٚ ئەم زەحمەت کیٚشانە تاوهیٚنانی زۆر دژوار ئەبیٚ. شوکری خوا ئیٚوە بە جاریٚ نەبەستراونەتەوە بە ئاژەڵەوە. ئاو و زەوییەکەتان هەیە. ڕۆژیشتان تەنها بە پەزی دەم باوە نەبستراوە. کیٚلاّنیٚک، تۆویٚک، چاندنیٚک، کاریٚک.

کەموزۆر شتێک لە زەوی بەراو هەڵئەگرنەوە. ساڵ چەندە وشک و تەنگیش بێ، بۆ پێنج مەن گەنم لەنگ نابن! بەڵام ئێمە چی؟ مەڕ هەبێ ئێمەش هەین؛ نەبێ ئێمەش نین.ماڵی با! بوون و نەبوونمان بە باوە بەستراوە.

بابقولی وتی:

ــ بیستوومە لە دەرزیوەر دێمت کردبوو تۆش؟

ــ چ دێمێک بوندار؟ ئەزانیت و ئەپرسی؟ ئەگەر ئەم کشتوکاڵە بەروبوومی هەبوایە، خۆ نەئەهاتم بۆ لای تۆ گەنمت بە قەرز لێ بکرم! ئاخر لەو زەوییەدا خۆ گەنم نایەتە بەرهەم؟! ئەویش لەم ساڵ و مانگەدا! بەم بایە و بەم ئاسمانەوە کە ئەڵێی وشک بووە بە جارێک! وایە تۆ بیستووتە و ڕاستە، زەویمان کێڵابوو. منیش بۆ ماوەیەک لە کوێستان دابەزیبووم بەڵکوو لە گوند درەو بکەم. بەڵام گەنم؟ ئاخ! وەکوو تاڵە دەزوو! دەستی ئەبڕی، بەڵام هەڵنەئەکەنرا. بە ماڵەغانەوە نەئەهات هیچ، داسیش لێی گیر نەئەبوو. بۆیە ئەبوایە وەکوو گەون لە عەرز هەڵیکێشین. هەڵکێشانی گەنمیش خۆت ئەزانی چەند دژوارە. چونکە زەوی وشک و ڕەقە. زەوی کشتوکاڵ نەبوو خۆ. فراز و بەیار. لە سەر گردەکە. بێ ئاو. بە هیوای خوا! خواش لێمان بە ڕقا چووە. تەنها دڵۆپێکیش ئاومان بۆ نانێرێتە خوارەوە. بەڵام خۆڵ! هەتا حەزەکەی خۆڵ ئەبارێ.

بابقولی، بە شێوەی ئەوکەسانەی لە سەر عەرزی ڕەق وەستاون و لە ئامۆژگاری کردنەکەیاندا سەرکۆنەکردنێکی باوکانە حەشار ئەدەن، نیگای لێوەرگیراو وتی:

ــ کفر مەکە ئیتر! کفر مەکە. وا هەست ئەکەم جاڕس بوویت. ئارام بگرە با پیاڵەیەک چا بخۆینەوە. چاکە بهێنە کورە! شەو خۆ ئەمێنیتەوە؟ کفرکردن؟ نەء، نەء. زۆر کەس خۆیان تووش کردووە. بە خوا نابێ قسەی بێمانا بکرێ. کفرکردن

گوڵمحەمەدخان، یەکەم بەرهەمی ئەوەیە کە ڕسقی مرۆڤ کوێرئەکاتەوە. پاشانیش نەگبەتی بە دواوەیە. دڵی مرۆڤیش ڕەش ئەکات. دەی، بینیم وشترەکەشت لەگەڵە!

ــ بە بێ ئەو خۆ ناتوانم بۆ هیچ کوێ بچم.

ــ وشترێکی یەکەمە ماشەڵڵا.

ــ بێ چاوینی بێ، چوارپێیەکی زۆر تایبەتە.

بابقولی بوندار، هەر وا کە بە چراتۆڕەکەوە خەریک بوو، لەقسەش نەئەکەوت. ئەیوت و ئەی بیست. جەفەنگی ئەوت. نوکتە و سەربردەی ئەگێڕایەوە. تەوس و تەشەری ئەهاوێشت و سۆزی دەرئەبڕی.

گوڵمحەمەدیش جارجارە و بەجێ شتێکی ئەوت. بەڵام هەموو هۆشی لە لای ئەو داوایە بوو ئەبوا بیکا و ئەو وەڵامەی بابقولی پێی ئەداتەوە. وەڵام بۆ تکایەکی دژوار. هیچیتر لە مێشکی گوڵمحەمەددا نەبوو. کارێکی نەبوو. بە هەر شێوە و بە هەر نرخێک، گوڵمحەمەد ئەیویست پەزی میشکاڵیەکان ڕزگار بکات. کێ چی ئەڵێ با بیڵێ. داواکارییەکەی ڕوون بوو. لەگەڵ هی وەکوو بابقولی هەڵسوکەوتی زۆرکردبوو. چەرچی زۆری لە ناو ڕەوەند دیبوون. هەر وەها زۆریش بۆ کڕین و فرۆش هاتوچۆی دووکانەکانی ئەوانی کردبوو. سەردەمێک بوو بابقولی بوندار، هێسرەکەی لە کووتاڵ و چیت و قەند ودەرزی و هێل و چوارگیا و فانۆس و هەزار وردەواڵەیتر بارئەکرد و ئەهات بۆ ناو ڕەشماڵەکانیان. شمەکەکانی بڵاو ئەکردەوە و لە بری خوری و پێستە و ڕۆن و بەڕە و جاجمی بە نیوەبایی ئەکڕی و ئەگەڕایەوە. چەندەها جار کە بابقولی لە ناو ڕەشماڵی میشکاڵیەکاندا مابوویەوە و ڕۆژی کردبۆوە. خەڵکی دەشتەکی، بابقولیان بەو جۆرەی کە بوو، قبوڵ کردبوو و مامەڵەیان لەگەڵی هەبوو. نیازی دوولایەنە وای لێ ئەکردن لە چاکە و خراپەی یەکدیدا سازشێکی لاری کەرەوە و مەیرێژەیان هەبێ.

زۆربەی خەڵکی ئێمە درۆکانی یەکدی ئەبینن و لە پۆششی پێکەنینێکدا -درۆیەکی‌تر- لە یەکدی ئەشارنەوە. کرداری حەسابکراو یان ئەگەر بشیّ بوتریّ ژیرانە، لە کڕین و فرۆشدا مایەیەکی درۆی تێدایە کە لە لۆی سۆز و هەستی کاتیدا ئەشاردرێتەوە. ئەڵێی نیازەکانی ژیان درۆی دوولایەنە بە ڕەوا ئەزانیّ:

«ئەم هەلە با تێپەڕیّ. ئەم کارە با سەر بگریّ. ئەم نیازە با جیّ بەجیّ ببیّ. ئەم گریّ کوێرە با بکرێتەوە و کۆتاییەکەی؛ ئەم درۆ بابوتریّ، با بکریّ، ڕۆژگار ڕۆژێک هەر کۆتایی دیّ. کە وابوو گرفتی ئەمڕۆمان ڕاست و درۆ، ئەبیّ چارەسەر بکریّ. بەیانی خۆ هێشتا نەهاتووە!»

بۆیەش بوو ڕەفتاری دوو لایەنەی بابقولی بوندار بۆ گوڵمحەمەد دیاردەیەکی بێگانە نەبوو. خەڵکی کاسپ، ئەویش چەرچی و وردەواڵە فرۆش، خوو و ڕەوشتی خۆیان هەیە. هەر وەها شێوەی هەڵسوکەوتی گوڵمحەمەدیش لەو شاراوە نەبوو. گوڵمحەمەدیش لە لایەکی‌ترەوە، ڕەفتارێکی دوو لایەنەی هەبوو. ئەو، ئەوکەسەی کە کاتی تێری بچووکترین سووکایەتی لە لایەن بەتواناترین کەسانەوە قبوڵ ناکات؛ کە دفرە ڕەقاویەکەی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسوکاریدا ئاشکرا بوو؛ کە لە کاتی دارابوونەدا لە سەر ئاو و لەوەڕ -زۆر جار- شەڕی کردووە؛ کە جێگری چێشتخانەی لە بەردەمی ڕیزی سەربازەکاندا بەرز کردبۆوە و بە سەرەوە خستبوویە ناو مەنجەڵی چێشتەکە، ئەوا لە بەردەم بابقولی بونداردا، بچووکی و سەرکزیی خۆی ئاشکرا ئەکرد و؛ هەر ئەمەش تا ڕادەی -تەنانەت- خۆشامایی پێکردن بردبووی. دژوار بوو. گەلێک دژوار. بەڵام گوڵمحەمەد خۆی بەناچار ئەزانی مل بەم دژوارییە، بەم ملکەچییە دژوارە بدات. ناڕەوایی بە گیان ئەکڕی. چی ئەتوانی و چی ئەبوایە بکات؟ لە سەر بەڕەی بابقولی بوندار

بوو و، دەستی بۆ ئەو ڕاداشتبوو. بۆیە ئەبوایە دەستی خوارەوە بگرێ و ئەگەر پێویست بوایە درۆش بکا و تەنانەت شیرین زمانیش بنوێنێ:

ــ کوڕەکانت ماشەڵڵا هەر کامیان پیاوێکن بۆ خۆیان؛ وردە وردە ئەبێ بیرێکیان بۆ بکەیتەوە. ئەوا کاتی ژن هێنانیانە.

هەرچەند ئەم خۆشزمانیە ڕێی دەرنەکرد و لە ساردی نیگای ڕووتی بابقولی بوندار‌دا کەوتە عەرز، وەکوو خڕە بەردێک بە سەر شەختە سەهۆڵی گۆلاوێکدا بخزێ؛ لە بەرامبەر ئەم جۆرە برینانەدا گیان ئەبێ خۆی ڕابگرێ. چونکە بابقولی بوندار، وەک نەی بیستبێ چرا تۆڕەکەی نایە تاقەکە، لای جێوبانەکەوە دانیشت و گوڵمحەمەدی خستە بەر پرسیار. وەکوو بڵێ گفتوگۆ دەربارەی کوڕەکانی من لە دەمی تۆ زیادەیە:

ــ لەو لایە، لە چوارگوێشلی بیستم کەسێ کوژراوە؟!

ئەمەش، خۆی بۆ ئەوە بوو گوڵمحەمەد پێی لە سەر دابنێ و خۆی ڕابگرێ. هەر چەند گفتوگۆ دەربارەی کوشتنێک کە خۆی تیایدا بەشدار بووە، بابەتێکی گونجاو نەبوو. بەڵام ئەوەندەی کە تۆزێکی ئەکرد بە سەر شەرمەکەیدا، بە سەر خۆ سووککردنەکەیدا، گوڵمحەمەد زۆری پێخۆش بوو. پاشان وەڵامی دایەوە:

ــ منیش هەندێ شتم بیستووە.

بابقولی وتی:

ــ لایەکی شەڕەکەش گوایە زاواکەی من بووە. حاجی حسێنی چوارگوێشلی. هیچت دەربارەی ئەو نەبیستووە؟

ــ ڕاستیەکەی نازانم. ئەوەندە نەبێ ئەزانم یەکێک کوژراوە، بەڵام کێ؟ نازانم.

بابقولی دەستی هێنا بە ڕوومەتیدا، گۆشەی سمێڵی خوراند و وتی:

ــ بەڵێ... بەڵێ... ئەو وشترە بووە. شووی خوشکم

مەهسولّتان، کوژراوە. پیاوی ڕەبەن! منیش دەرفەتم نەکردووە سەرێکیان لێبدەم. خوشکەزایەکیشم هەیە مژی تەواوی لە سەردا نییە. نادعەلی ئەڵێم. بیستوومە وڕکی گرتووە و کەوتۆتە ڕێ دەربەدەر بە دوای بکوژی باوکیدا ئەگەڕێ!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ جەوانیە ئیتر!

خۆی هێشتا گەنج بوو. بەڵام وەکوو پیران قسەی ئەکرد. بە زمانی بابقولی قسەی ئەکرد. بابقولیش بۆی سەندەوە:

ــ ئەوەیە کە ئەیڵێی! جەوانی! ئاگات لە خوشکت شێرۆ هەیە؟

لە وەڵامی ئەو ژەهرەی لە زمانی بابقولیدا بوو، گوڵمحەمەد تەنها توانی یارمەتی لە بەگمحەمەد لە یادی خۆیدا وەربگرێ. وەڵامی ددانشکێن، گێڕانەوەی کردەوەکەی بەگمحەمەد بوو و بەس. گوڵمحەمەد وەکوو ستایشگەری کاری براکەی وتی:

ــ پرچە بڕاوەکەی بۆ هێنام بەگمحەمەد. دەستی نەڕزێ!

بابقولی سەری داخستوو و دڵگیر، بە گلەیی و بە مایەیەکی سەرکۆنە کردنەوە وتی:

ــ برایەکی بێباکت هەیە! چاکە. بەڵام نامەوێ منەت بکەم بە سەرتا. خاترت لەلام زۆر ئازیزە کە لێم هەڵنەپێچا. لە ڕاستیدا هەق و ڕێزی نان و نمەک بوو. خۆت ئەزانی من چی ئەڵێم. قەبری باوکی ماهدەرویش. سینەم ناکەم بە سپەری گەدایەی سەرخەرمان. بەڵام قەڵاچیمەنە و من. لەو کاتەی حاجی ئالاجاقی پێی لە قەڵا ناوەتە دەرەوە، خەڵکی من ئەناسن، چاویان لە منە. بەڵام من ئەو ڕۆژە نەمدا بە ڕووی بەگمحەمەددا. لە بەر ئەو سەلاموعەلەیکەی لەگەڵ میشکاڵیەکان هەمە لە ئابڕووی خۆم بوردم. خۆ ئەزانی چی ئەڵێم؟!

ــ بەڵێ چاک، بەڵێ.
ــ ئەگەر لە بەر ئەم تێبینیانە نەبوایەت، ڕێگەم نەئەدا براکەی تۆ هێرش بکاتە سەر قەڵاچیمەن و هەژارکوژی بکات. لە بەر چاوی من نافەکی ببڕێ و ڕاستەوڕاست ڕێی خۆی بگرێ و بگەڕێتەوە! حاجی ئالاجاقی منی کردووە بە گەورەی ئێرە و خۆی چووە بۆ شار. منیش هەم حوکمی شەرعیم هەیە و هەم حوکمی قانوونی. خودی حاجی ئالاجاقی بڕیارەکەی لە پارێزگار وەرگرتووە و لەم ڕۆژانەدا ئەیدا بەدەستمەوە! ئاو و مڵکەکەشی یەکجێ داوەتە دەستم و مافی سەرکاری پێداوم. خۆشم کە لە ناوچەکە -بە خۆهەڵدان نەبێ- ناو و ناوبانگ و ڕێزێکم هەیە. کە وا بوو بابقولی بوندار خەوش و خاڵی ناو تەرەکاڵ نییە بە لاوێکی بیابانگەرد نەوەستێ. بەڵام من لە بەر ئەوەی کە چوار کراسم لە خەڵکی زیاتر دڕاندووە و تێبینی ئەکەم؛ گوزەشت ئەکەم. چونکە کار و هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی کاری ڕۆژێک و دوان نییە. هەر چی چۆن بێ ئێمە چاومان بە چاوی یەک ئەکەوێ. نەمویست ئەو کەربازاڕییەی بەگمحەمەد نێوانی من و میشکاڵیەکان تێک بدات. ئەو چاییە بهێنە کوڕە!
سەماوەرەکە ئەسڵان، کوڕە گەورەی بابقولی هێنایە ژوورەوە و ڕۆیشت تا سینی و پیاڵە و قۆری و قەندان بهێنێ. یەکەم چا. دابی هەموو ماڵە گوندییەکی خوراسانی لە پەزێڕایی کردنی میواندا.
جارێکیتر ئەسڵان هاتەوە. بابقولی هەواڵی شەیدای پرسی. ئەسڵان وتی براکەی خەریکی لێکدانی کا و پەموو بۆ وشترەکەی گوڵمحەمەد بوو و پاشانیش چووە دەرەوە. بابقولی وتی لە بیری شێودا بن:
ــ چەند دانە هێلکە بدە بە دایکت بیکاتە ڕۆن. با تۆزێ دۆکولێویش بخاتە سەر. بڵێ با تاوێک دەس لە ناڵەناڵە

هەڵبگریّ... دەی گوڵمحەمەد، بڵێ بزانم، ئێستە ئەتەویّ خوشکت ببینی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ لە بیریدا نەبووم. من بۆ کارێکیتر هاتووم.

بابقولی وتی:

ـ بەڕای من پێی ناخۆش نییە لە لای تۆ لە ڕووڕەشی بێتە دەرەوە!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ من شتی وام ناویّ. کارم بە تۆ هەیە.

بابقولی وتی:

ـ هەر جۆر خۆت بە فەڕی ئەزانی. لەوە زیاتر لە سەر کاری خەڵکی ڕۆیشتن ئەبیّ بە خۆ تێهەڵقورتاندن. دەی، گوێم لێتە.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ کارەکەم بچووک نییە بوندار. ڕاستەکەی ئەوەیە کە ئەمجارە، جیاوازی هەموو جارێک هاتووم بۆ ماڵەکەت. ئەگەر یارمەتیمان نەدەی دار و نەدارمان تیائەچیّ. بەڵا. بەڵا کەوتۆتە گیانی پەزەکەمان، بوندار. دەستم لە هەموو لایەک بڕاوە بۆیە ڕووم لە تۆ خستووە. ئارەقەی شەرم ئەڕێژم. ڕووم مەخەرە عەرز. کارێکم بۆ بکە بوندار. ئێمە خەریکە ماڵوێران ئەبین.

بابقولی بوندار وتی:

ـ زمانت زۆر شکاوە، گوڵمحەمەد!

ـ لەبەر ئەوەیە کە دڵم شکاوە، بوندار.

ـ چی ڕووی داوە مەگەر؟

ـ نافەتە قوولە ئەکات!

ـ من چیم لە دەس دیّ؟

ـ جگە لە تۆ کەسمان نییە ئێمە. هەر کارێک کە پێت ئەکریّ. تەنها تەختەیەک قاڵیچەمان بۆ ماوەتەوە. ئەوەشت

لە لا دائەنێم بە بارمتە. یەکیانم لە مەشهەد فرۆشت. پارەکەی چوو بە حەوادا. دڵم نایە بیفرۆشم. بەم وردە پارانە دەردمان دەرمان نابێ.

بابقولی وتی:

ــ سەفەری بەرێ خۆ پارەم پێدای.

ــ بوندار، مەڕەکانمان! وەکوو گەڵای دار دائەوەرێن و ئەمرن. کارێک بکە. پارەیەکی بەرچاوم ئەوێ. چۆنت ئەوێ. بە هەر نرخێک. خوری بەهارت پێ ئەفرۆشم، بە پێشەکی. بەرخی نێرت پێ ئەفرۆشم، بە پێشەکی. ڕۆنت پێ ئەفرۆشم بە پێشەکی. بە هەر نرخێک ویژدانت ڕازی ئەبێ. بە هەر باییەک. پێستەشت پێئەفرۆشم. خۆت، خوا لە بەیندا بێ. پێستەکانم لە سەر دەس هەڵبگرە. خوری و بەرخ و ڕۆنمان لێبکڕە، یەکجێ. با لانیکەم نیوەی پەزەکەمان بگاتە نەورۆز.

بابقولی وتی:

ــ ئەڵێی پەز ئەمرن و ئەوسا خوری و پێستە و بەرخی ئەو مەڕەم پێ ئەفرۆشی وا خەریکە ئەمرێ؟

ــ هەموویان خۆ نامرن پیاو! ویژدان و بەزەیت چی لێهاتووە؟، وەرە پێکەوە ئەچینە سەر ڕانەکە، خۆت سەیریان بکە. ئەوانەیان ئەمرن داویە لە جەرگیان. من بیر لەوانیتر ئەکەمەوە. ئەوان ئەبێ لە بەڵا ڕزگار بکەم.

بابقولی وتی:

ــ ئەوە داوای چی ئەکەی کوڕی کەلمیشی؟! من دەرفەت ناکەم سەرم بخورێنم، لە کوێ ئەتوانم لەگەڵ تۆ بێم بۆ بیابانگەردی!

ــ مەڕەکان وان لە قەڵاتەڕەش، بوندار. لە جاڕ ئەلەوەڕن. هەر چۆن بووە وەرە با بڕۆین. تکات لێ ئەکەم بابقولی خان. کەسی کەمان نییە دەستمان بگرێ. هەر چۆن بووە لەگەڵم وەرە. بەیانی زوو بکەوینە ڕێ، پاش نیوەڕۆ ئەگەینە ناو ڕان.

دەی؟ دێـی؟ بەڵێـن بـدە بونـدار. ڕۆژێکیشـت بۆ ئێمە خەسـار بکە. لـە بیـری ناکـەم بونـدار. ئا؟ بڵـێ لەگـەڵـم دێـی!

بابقولـی قوتـوی جگـەرەکـەی لـە گیرفانـی جلیسـقـەکـەی دەرهێنـا، لـە بـەر پێـی داینا، گیرفانەکانـی گـەڕا بۆ شـەمچە و وتـی:

ــ جارێ با بزانم چی ئەبێ. تا بەیانی هێشتا...

ــ تا بەیانی هێشتا چی؟ ها؟

ــ تا بەیانی هێشتا زۆری ماوە!

شـەیدا هاتە ژوورەوە و وتـی:

ــ شـێرۆ پەیامـی داوە ئەیـەوێ کاکـی ببینـێ. ئەیـەوێ لـە ڕووڕەشـی بێتـە دەرەوە.

بابقولـی سـەیری گوڵمحـەمـەدی کـرد. دەمـاری نـاو چـەوانـی گوڵمحـەمـەد هـەڵماسـابوو و دەرپەڕیبـوو. ڕوومـەتـی بـە گـەرمـای هـەوڵدانـی خـۆی گـڕی گـرتبـوو. بـە بـێ ئـەوەی سـەری بـەرزەوە بـکات، وتـی:

ــ دڵـی دیتنـی کـەسـم نییـە براکـەم. پاشـتر ئەگـەر کـرا ئـەچـم بـۆ سـەردانـی.

شـەیدا دەرکـەوت تا وەڵامـەکـەی گوڵمحـەمـەد بۆ ماهدەروێش ببات کە لە دەرەوە وەستا بوو. ئەسڵان شێوی هێنا.

بـا خـەوتبـوو. دەنگـی پێکادانـی دەرگاکان، ئیتـر شـەوی نەئەشـکاند. کۆتایـی بـا، نەرمـەبا بـوو. گوڵمحـەمـەد پـاش کۆکـردنـەوەی سـفـرە -کـە ئـەو بـەکام و نـاکام پارچـەنانێکـی قرتانـدبـوو و پارووپـەکـی خواردبـوو- هـەڵسـا و بـە بیانوی سـەردانـی ماڵـی خوشـکـی خـەریک بـوو ئەچـووە دەرەوە. لـە پلیکانـەکان چـووە خـوارەوە و لـە داڵانـەکـە تێپـەڕی. کوێـرە تیشـکێک لـە دەربیجـەکـەوە ئـەیـدا لـە نـاو هـەیـوان. ژووری ژیانـی ژنـەکـەی بابقولـی. گوڵمحـەمـەد بـەرەو دەرگاکـە چـوو. تایەکـی دەرگاکـە هـەر وا ئاوەڵـە بـوو. شـەیدا لـەتـەک گوڵمحـەمـەد بـوو:

ــ ماڵەکەیانت پیشان ئەدەم. خۆ نایزانی؟

لەتەک شەیدا، گوڵمحەمەد بە کۆڵان و داڵان و چاڵ و چۆڵیەکانی قەڵاتدا تێپەڕی. لە پشت دەرگایەک کە ماهدەروێش لەوێ نیشتە جێ ببوو هەر دووک وەستان. گوڵمحەمەد سەیری شەیدای کرد. شەیدا گەڕایەوە و لە تاریکی داڵانە کۆنەی قەڵاتدا ون بوو.

گوڵمحەمەد تاوێک لە پشت دەرگاکە وەستا. دەستی نەئەچوو بۆ ئەڵقەریزی دەرگاکە. بەو مەبەستە لە ماڵی بابقولی نەهاتبوویە دەرەوە. ئەمەی کردبوو بە بیانوو. هەر ئەوەندە. ئێستەش ئەوا لە پشت دەرگای ماڵێک وەستا بوو کە نەی ئەزانی ئەگەر بچێتە ژوورەوە چی ڕوو ئەدات. ئەو لە بابقولی بوندار هەڵاتبوو و لە تەڵەیەکی پێشبینی نەکراو کەوتبوو. وەڕەز لە خۆ بە زلگرتنی بابقولی، بە پێچەوانەی دابی میوان، دەرکەوتبوو لە سووچێکدا بە تەنها بێ. بەڵام ئەم مێردمنداڵە هێنابووی بۆ پشت دەرگای ماڵی ماهدەروێش بە بێ ئەوەی ویستبێتی. لە بەر ئەوەی نەی ئەتوانی لە شوێنێک ئۆقرە بگرێ و نەی ئەتوانی دابنیشێ و بمێنێتەوە، بڵێت و ببیسێ، دابووی بە کۆڵاندا؛ کەچی ئەوا... لەحنەت لە دڵی کوێر و ڕەش! گوڵمحەمەد، سەرەنجام دڵی کرد بەیەک، ڕووی وەرگێڕا و گەڕایەوە. داڵانە کۆنە و مەیدانەکەی بەر گەرماو و پاشان بەستێنی جۆگەکە. لای خوارەوەی قەڵاچیمەن، لە سووچێکی چۆڵ و خامۆش، لای جۆگەکە دانیشت و پاڵیدا بە تەلەسەنگێکەوە. ئاو بە لایدا ئەڕۆیشت و لە سەر بەردەکەوە ئەڕژا خوارەوە و بەرەو دەشت ئەڕۆیی. ئاوی زەڵاڵ و ڕوون. با بڕوات. خوڕەی ئاوەکە گوڵمحەمەدی ئەبرد. بینینی ئەوەی ڕەوانە و ئەڕوات، بیری ئاڵۆز ئارام ئەکات. گوزەری ئاو. هەر چی هەیە با بڕوات. گرێی مێشک و قاڵنگەی گیان ئەتوت ئەکرێتەوە. ئاو ئەڵێی لە تۆدا ڕەوانە و تۆیش لە ئاودا. ئەوەی

لـە دڵـت دایـە گرێـی ئەکرێتـەوە و ڕەوان ئەبـێ. ئەشـۆردرێ. ئـاو! گوڵمحـەمـەد دەسـتـی خسـتـە نـاو ئاوەکـە.

ــ خان؟... خان؟

ئەمـە ئیـتـر کێـیـە؟ کێـیـە بەو دەنگـە نـەرم و لـەرزۆکـە، وەکوو دەنگـی خـەو؟ بۆ ناتوانـێ تۆزێـک لـە نـاو خۆیا بـێ؟ گوڵمحـەمـەد، بەناچـار ئـاوڕی دایـەوە. چـەنـد هـەنـگاو لـەولاتـر، سـێبـەرێک، سـێبـەری پیاوێـکـی بەرچـاو کـەوت. تارمایـی، بارێـک و کشـاو بـوو. هـەر وا لـە تاریکیەکـەدا وەسـتابوو و بـا، باڵـی سـەڵتە و لفکـەی مێزەرەکـەی ئەبـرد.

ــ ئا، بەڵێ؟

سـێبەر هاتـە پێشـەوە. پێشـتر. نـەرم و بـە پارێـزەوە ئەهات. شـتێکـی بـە دەسـتـەوە بـوو. نان.

ــ ئەمـە خوشـکـت بۆی ناردی، خان، نانەچـەورەیە.

گوڵمحـەمـەد، بـە خامۆشـی سـەیری کـرد. پیـاو، لـە بـەر دەمیـا دانیشـت و وتـی:

ــ خوشـکـت ئـەم نانـەی نـاردو وتـی: بـەم بەرەکـەتـەی خـوا سـوێندت بـدەم لـە تاوانمـان، هـی منیـش و ئەویـش خـۆش ببـێ. ئەپاڕایـەوە تۆزقاڵێـک لـەم نانـە بخـۆی. منیـش تـکات لـێئەکـەم. ئەمانـەوێ تـۆ نمەکـی ئێمـەت کردبـێ. سـوێندت ئـەدەم بەگیانـی براکانـت پارچـەیـەک لـەم نانـە بخـۆی. منیـش تـکات لـێ ئەکـەم. ئەمانـەوێ تـۆ نمەکـی ئێمـەت کردبـێ. مـن سـەیدم. ڕۆڵـەی پێغـەمبـەرم. نمەکـی من بخۆ. دەسـتـم مـەدەرە دواوە، ڕووم مـەدە بـە ئاگـردا. پاروویـەک بخـەرە دەمـت. کاتێکـە بینیـم بـەرەو ماڵـی ئێمـە دێـی، هەسـتـم کـرد خـوا ئەم دنیامان پـێئـەدا. من پێ بە پێ بـە دواتدا هاتـم. ئەگـەر دەسـتـت بـۆ زنجیـری دەرگاکـە ببردایـەت هـەر لـەوێ خـۆم ئەخسـت بـە سـەر پێتدا. بەڵام تـۆ گەڕایتـەوە. گەڕایتەوە و دڵـی ئێمـەت شـکاند. وەرە گـەورەیی بکە و پاروویەک لـەم نانـە بخـۆ، ئەگـەر لـەم نانە نەخۆی خوشـکت دیـق ئەکا. بەم

بەرەکەتە سوێندت ئەدەم ڕووی ئەم دەروێشە مەخەرە زەوی!
گوڵمحەمەد دەستی بۆ نانەکە برد. پەڕێکی لێکردەوە و خستیە دەمی. شوێنی مانەوە نەبوو. هەڵسا، ماهدەروێش نان بە بن باڵەوە بە دوایدا کەوتە ڕێ و پاڕایەوە:
ــ خوشکت ئارەزووی هەیە چاوی پێت بکەوێ گوڵمحەمەد. بلا بێت و سەیرت بکات. جوامێری بکە گوڵمحەمەد. جوامێری.
گوڵمحەمەد، وەڵامی ماهدەروێشی نەدایەوە و ڕۆیشت. ماهدەروێش بە درێخەوە ڕۆیشتنەکەی سەیر کرد. گوڵمحەمەد لە تاریکیدا ون بوو.
ماهدەروێش نائومێد چووە پەنای دیوارەکە و لای شێرۆوە وەستا. شێرۆ، شەیدای برا، هەر وا چاوی لە تاریکییەکە، لە شوێن پێی گوڵمحەمەد بڕیبوو. بەڵام ئەتوت نیگای ئەو لە نیگای ماهدەروێش تیژتر بوو. ئەو ویستی شتێک بڵێ، بەڵام شێرۆ دەستی نا بەدەمی شووەکەیدا و بە دوای براکەیدا کەوتەڕێ:
ــ لێمگەڕێ با بیبینم. لانیکەم لە دوورەوە بیبینم. لە دەورت گەڕێم کاکە گیان.

## بەندی چوارم

بای کەویر، هێز و گرژیەکی زیاتری پەیدا کردبوو. ڕیشە وشکەڵاتووەکانی گڕاڵک و قنەلاشک کە لە لێو و ددانی ئاژەڵ، دەربازیان ببوو، بە دەم باوە کەوتبوونە ناڵە. پەنجەی با، خۆڵەکەی هەڵئەدا، لوولیئەدا، ئەی تلاند و وەکوو لبادێکی لوولەکراو خۆی ئەدا بە بەستێنی بیابانی سووتاودا و ڕیشە هەڵکەنراوەکانی گەونی ڕائەدا و دوور ئەکەوتەوە و لە سووڕدانێکی کتوپڕدا، شەپۆلی خاک ئەنیشتەوە. دیسان خۆی ئەکوتا بە زەوی تینوودا و چنگی لە خۆڵی وشک وەرئەدا و لوولە ئەبوویەوە و سەرئەکەوت. بە دەور خۆیدا خولی ئەخوارد، هەڵئەمسا، ڕەنگە مەزنتر ئەبوو و تاریکی تارتر ئەکرد. ئەتوت بیابان تەنگ ئەکاتەوە، ڕێ کوێر ئەکا و ڕۆژ ئەکا بە شەو؛ بە جۆرێ کە با و بیابان و شەو، ڕێگە و پیاو و وشتر، هەور و خۆڵ و بیابان ئەبوون بە یەک؛ وەکوو یەک تەن.

بۆ ئەوانەی لە کەوشەنی کەویردا ژیابێتن، با، هاوڕێیەکی ئاشنایە. چاو، خووی پێگرتووە و پێستی ڕوومەت و دەستەکان پێی پەروەردە بوون. وتراوە مووەکانی ناو لووتیش بۆیە وا لە نزیک یەکەوە ڕواون؛ بۆ بەرگری با و خۆڵ. لە بادا، سمێڵی پیاو بە توێژێکی خۆڵی سپی دائەپۆشرێ. مژۆڵەکان ڕەنگی خۆیان ون ئەکەن و هێڵەکانی ناوچەوان، لۆچەکانی ناو گوێکان،

گنجی سیلەی چاو و بن ددانەکان پڕ ئەبن لە خاک. گۆشەی لێوەکان ئەقەڵیشێن. دەمارەکانی سەر سپێنە سوور ئەبن و پێڵوەکان هەڵئەمسێن.

ئاوەها بوو گوڵمحەمەدی ئێمە بە سەر وشترە کەیەوە.

کڵاوی لە سەری توند کردبوو و سەری بۆ لای سینەی دانەواندبوو . چاوەکانی تەنگ کردبوو. خۆی دابوو بە سەر وشترەکەدا و لە پەنای گوێ تیژەکانی بادییەوە، لە دڵی باوە، ڕێی بەرەو قەڵاتەڕەش دەر ئەکرد. لەم بیابانە کۆنەیەدا، ئەتوت هیچ گیاندارێکی لێ نییە جگە لە بابقولی بوندار و هێسرەکەی، گوڵمحەمەد و وشترەکەی، کە بێباک و لە ڕێ، پێ لە خاک و سینە لە با ئەکوتێ و ئەڕوا. لە گەردەلوولی بادا، سوار و وشتر لە زەبەلاح ئەچوون. لێک گرێدراو و ترسناک، بادی، شارەزای بیابان بوو. لە گێژڵووکەی لەمە تاریکتریشدا، بارەکەی، سوارەکەی گەیاندبوویە شوێنی مەبەست. بەڵام گوڵمحەمەد پێی خۆش بوو لە کاتی خۆیدا بگاتە لای ڕەشماڵەکەی. بۆیە داری لە ملی ڕاژەند، لە دڵەوە نەڕاندی و سەری بە سەر پشتی وشترەکەدا خەواند و لاقەکانی لکاند بە سمتی وشترەکەوە. بادی ئاشنای ویستی خاوەنەکەی، هەڵکەنرا. هەنگاوێک و دە گەز. وەک خەرمانێک لە بادا بڕوات. بە بێ ئەوەی پێویست بە دەنگدانی گوڵمحەمەد بکات، بادی، با بوو لە ناو بادا.

بەڵام بابقولی بوندار؟

ناڕازی و بەناچار ڕێی ئەکرد. لەو تووڕەییەی گوڵمحەمەد لە دڵیدا چاندبوو، هێشتاش لە ناوەوە ئەسووتا. ئەرۆیشت و ددانی لە چیرەوە ئەهێنا. گوڵمحەمەد ئەم کوردە دەشتەکییە، ئەوی ڕازی کردبوو پارەشی بداتێ و پێستەی مەڕە مردووشی لێبکڕێ. بابقولی بە کارێک ناچار کردبوو کە نەی ئەویست بیکا. زمانی بابقولی بوندار لەپڕ قفڵ ببوو. نەیتوانیبوو لێو بترازێنێ. گێژ و وڕ. کۆڵدانی بە زۆر. لە نیگا و لە وشەی گوڵمحەمەددا

گوڕ و تەوژمێک هەبوو کە بابقولی بوندار، نەیتوانیبوو بڵێ «نا». خۆف! ترس لەو پیاوەی کێرد گەیشتبوویە سەر ئێسکی و لە چاوەکانیدا جگە لە خوێن، ڕەنگێک نییە. ئەو نیگایەی لە دڵی خوێنەوە بڵێسە ئەکێشێ، پیاوی وەکوو بوندار ئەڕمێنێ. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە بابقولی بوندار ئەو ستەمەی بە خۆی ڕەوا بینیوە، لە بیری بکات. نەء، ئەو ڕقئەستوورە، دڵی ئاگری گرتووە، خۆی لۆمە ئەکا. کفر ئەکات. خۆی هەڵئەگلۆفێ. ڕەنجاوە و تاو نە تاوێک چزوو لە خۆی ئەدا. هێشتا و هەمیشە، بابقولی بوندار لە بیری ئەو مامەڵە بەقەرزە دایە ئەنجامی داوە. ناتوانێ خۆی لە گیروگازی دەرباز بکات. مامەڵە ئەبێ بە ڕەزامەندی هەر دوو لا بکرێ. ئەمە فتوای هەموو عالمێکە. بەڵام بابقولی ڕەزای لێ نەبووە. گوڵمحەمەد ویستی خۆی بە سەریدا سەپاندووە. ئەمە، خۆی زۆر بوو. هەمان ئەو شتەی کە بابقولی بوندار حەزی لێنەبوو؛ لە لایەن یەکێکیترەوەبە سەریدا بسەپێنرێ. تەنها ماندوو بوونەکەی بۆ بابقولی ئەمایەوە. بابقولی ئەبوا شوێنێک بۆ تۆڵەکردنەوە بدۆزێتەوە. ئەبوا تۆڵە بکاتەوە. ئەمە بەجێی خۆی. بەڵام بابقولی هێشتاش سەری سووڕمابوو کە چۆن نەیتوانیوە قسە لە ناو قسەی کوڕی کەلمیشیدا بکات؟ بۆ لە گەڵی بەڕێ کەوتبوو؟ مەگەر ئەو کاتە گوڵمحەمەد شمشێری لێ ئەکێشا؟ نەء! ئەی چ شتێکی گوڵمحەمەد، جادووی لە بونداری کردبوو؟ ترس؟ بەڵێ ترس! ترس لە گوڵمحەمەد. بابقولی لە لای خۆی باوەڕی بەمە هەبوو. سەرەڕای ئەمەش خۆ بە دەستەوە دانێکی بەو جۆرە بە خۆوە خەریکی کردبوو. ئەبوایە بەجۆرێک ئەم گرفتە لە لای خۆی چارەسەر بکات. نەوەک ئێستە، هەر کات کە بلوێ. زەمەن درێژە و کاتیش زۆر. با بمێنێ بۆ کاتی خۆی!

لە لابەلای شەپۆلی باوە، دیوارەکانی قەڵاتەڕەش دەرکەوتن. گوڵمحەمەد بە فیکەیەک وشترەکەی هێوور کردەوە. هەر

وەها بابقولیش هێسرەکەی. ئەوا ڕان لە بەردەمیاندا بوو. ڕان و خاوەنی ڕان. بەڵام لە ناو ڕان ئەتوت ماتەمینیک بەر پایە. هەمووان بە داماوی وەستا بوون. حەپەساو!

کەس نەئەگریا. ئیتر شوێنێک بۆ گریان نەمابوو. غەم مابوو لە ناو گەروودا. دڵەکان وەڕەز، دڕدۆنگ، بێ ئومێد. دەستیان شۆڕ، لەشیان بێکار، لێویان خامۆش، قفڵ و گرێدراو. نیگاکان وڕ. داماو، تێکشکاو. بیابان، مردووی ناو تراویلکە. ڕان، شەکەت. بنەماڵەی کەلمیشی، پیاو و ژن، پەڕاگەندە و دوور لەیەک، لە ناوخۆدا و بێزار لە خۆ، هەر یەکە و لە کونجێکدا وەستابوو، دانیشتبوون. لە نەبوونی گوڵمحەمەددا، ڕەوەند بۆ قەراخی قەڵاتە ڕەش، بۆ ناو ڕان کۆچی پێکرابوو. ڕان، بێواز و تەپیوو، لەملا و لەولا، لە قەراخ ڕەشماڵەکان، لای جۆگەلە باریکەکە ڕاکشابوون. لای ڕەشماڵەکان، کۆمەڵێک پێستەی مەڕ و بزن، درابوون بە سەر یەکدا. قەڵاقوچکە. پاشماوەی بای دوێشەو ئەیدا لە هەتاوی سەرەتای پایز. تێری گۆشت و ئیسقان، سەگەکان بە لای لاشەکانەوە ڕاکشابوون و بێخەیاڵ سەریان نابوویەوە.

نزیک سەگەکان، کەلمیشی لای کلۆ گڵەکان، بە کلۆڵی، لە سەر عەرز دانیشتبوو. لە ناو ڕانەکە، بڵقیس، لەپێ نەکەوتوو، ئەگەڕا و مەڕە پەککەوتەکانی دەسنیشان ئەکرد. پێ بەمەرگی لە ڕان جیا ئەکردەوە، کێردیان لێبدات. کاری پیاوان، کە ئیتر بە بێزارییەوە دەستیان لە کوشتار هەڵگرتبوو. ماراڵ واق و وڕ وەستابوو و سەیری ئەکرد. زیوەرە ڕەنجدیدەتر لە ژنانی دی یارمەتی بڵقیسی ئەدا. هەیقۆ، پشت لە ڕەوەند، لای ئاوەکە لە سەر بەردێک دانیشتبوو. سەبراو، ئارام و خۆگر، سەرەڕای ئەمەش ناباوەڕ و حەپەساو پاڵی دابوو بە داردەستی شوانیەکەیەوە و لە سەر جێی خۆی، ئەتوت وشک بووە. بەگمحەمەد، دەستی لە کەوڵکردنی پەز هەڵگرتبوو،

بێ ئوقرە و بێ سوود بە هەموو لایەکدا ئەهات و ئەچوو. خانئاپۆ -خەرمانی ژەهر- لە سەر جۆگەکە دانیشتبوو و کێردی لە عەرز ئەکوتا. بێدادی خامۆشی. زۆر و زەبەندی غەم، هەموویانی کردبوو بە بەرد.

پێش ئەوەی بابقولی بوندار لە هێسرەکەی دابەزێ، گوڵمحەمەد لە وشترەکەی پەڕیبوویە خوارەوە. بابقولی بوندار سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد لە شوێنی خۆی وشک بوو. بە جۆرێک کە نەی ئەتوانی پێ ببزێوێ. یەک یەک، هامووتا و بێواز هاتن بۆ لای. بنەماڵە لە دەوری پیاو ئەڵقەیان بەست. هیوایەک ئەگەر مابوو، ئەو بوو. بەرهەمی ڕۆیشتن و هاتنەوەکەی ئەبوا بگێڕێتەوە. نیگاکان داوای وەڵامیان لێ ئەکرد. ئەو ڕەوەزە خوێندنانە، ئەو هات و هاوارەی ئێلیە و بێلیە؟! لە ڕانەکە چ نەمابوو! خەرمانی پێستە سەیر ناکەی؟ ڕان تیاچووە! بابقولی نامێنێتەوە. سواری هێسرەکەی ئەبێتەوە. نەء. هیوایەک نەماوە. ئەڕوا کە بڕوات، ئەی ئەنجامی هەوڵدانەکەی تۆ کوانێ، گوڵمحەمەد؟ گوڵمحەمەد چاوەکانی خوێنی تێزابوو، دەماری ناوچەوانی دەرپەڕیبوون. بێهوودە هەوڵی ئەدا لە فڕینی لێو و گۆنا و پێڵوەکانی بەرگری بکات.

«خوا، لە ئاسمانەوە بۆچی خوێن نابارێنی؟!»

دانەویەوە، کێردی لە پووزبەند دەرکێشا و ئیتر نەیتوانی بڕوانێتە ناوچاوی کەسوکاری، نەڕاندی:

ــ بکوژن. بکوژن. کێرد، کێرد!

کوشتار! پیاوان لە ناو ڕاندا، بەربوونە ڕان. شێتیتی نا ئومێدی. خوێن لە گەرووی پەز و ڕق لە گەرووی پیاوەکاندا. پڵینگان ددانیان لە خوێن وەرئەدا. داد و بێداد! دادی بڵقیس بەرزەوە بوو. کچان گریان. شیوەن و لێو گەستن. گریان و پرچ ڕنینەوە. شەپۆر و خرۆش.

هاواری بڵقیس، فەرمانی بڵقیس:

ـ کێرد لەدەس پیاوەکان دەربهێنن!

شاڵاوی ژنان. دایان بە ناو ڕاندا، پەلامار و کێشە لە هەموو لایەکەوە. ئامباز بوون.

خانئاپۆ، ڕووی درێترین گورگی سپی کردووە! بێداد، ئەو کە لە سەرەتاوە هەتا ئێستە پەنجەی لە خوێن وەرنەدابوو، ئێستە ئەیویست قەرەبووی بکاتەوە. کام دەست ئەتوانێ ڕێی کوشتاری لێبگرێ؟

بلْقیس، مەگەر بلْقیس. ئامبازی بوو. دوو دێوی ڕق و تووڕەیی. دوو گیانی لە سەر ئاگر. تەپوتۆزی کێشەی ئەوان، خوێنی سەرخاکەکەی تۆختر ئەکرد. گوڵمحەمەد نە لە خانئاپۆ دڵ بەسۆزتر بوو. ئەتوت سەر تا پێ بەرگی خوێنی لە بەر کردووە. زیوەر، بەگریانەوە، ئامێزی بۆ شووەکەی کردەوە. هەیقۆ پەلاماری بەگمحەمەدی دا و مارال بە سستی کێردی لە ناو دەستی کەلمیشی دەرهێنا. شەڕی خوێناویی خۆ لەگەڵ خۆ. ئەوە چی ئەکەن ئەی شێتانە؟ سەبراو چوو بۆ یارمەتی بلْقیس. دوور نەبوو هەر ساتە و بلْقیس لە ژێر دەست و پێی خانئاپۆدا لە بری مەڕێک، ببێ بە قوربانی. سەبراو خانئاپۆی لە بلْقیسکردەوە و بە جووتە، پیاوەکەیان ڕاگرت. خانئاپۆ وەکوو بەرازێکی تووڕە ئەی نەڕاند:

ـ بەرمدەن ئەی چەقەڵانە!

بەڵام نەء، هەموو هێزی گیانی بەجارێک وەگەڕ کەوتبوو. ژنەکان بە یارمەتی سەبراو، سێ پیاویان لە پێ خست. بەرەنجامی کار! کەلمیشی بە دەم گریانەوە لە سەر خاک دانیشت، ئەوانی تریش لە ناو ڕانەکە. نەڕە و جنێودان کز بوو. دامرکایەوە. شێتیتی هێور بوویەوە. حەپەسان! کرووزانەوەی هەیقۆ، خامۆشیە کتوپڕەکەی ئەڕووشاند. تۆز و خۆڵی بێنەوبەرە هێشتاش بە سەر سەریانەوە ئەسووڕا. کوژراوەکان هێشتاش دڵیان لێیئەدا. خوێن لە سەر خاک ئەمەیی. خەڵکی

قەڵات تاک و تەرا لە سەر بانەکان سەیریان ئەکرد و سەریان سووڕمابوو.

هێور!

جیهان ئەتوت لە سووڕان کەوت. بێدەنگی. پشتی بیابان بە بێدەنگی ئەیزریکاند. خاک لە خوێن خۆی تێر ئەکرد. دەست و کراس، باڵ و ڕوخسار هەمووی خوێن بوو. خوێن. خوێن. خوێن. خوێن! ئاوێتەی خوێن، میشکالیەکان چیبان ئەدی خوێناوی بوو!

بەستێنی جۆگەکە ئاخۆ خوێنی پیا نارِوا؟!

بابقولی بوندار، تۆقاو و حەپەساو، هێسرەکەی دەنگ دا و بە لاڵەپەتی وتی:

ـ پێستەکان بهێنن بۆ سەبزەوار، بۆ کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا. لەوێ... لەوێ... نرخیان لە سەر دائەنێین!

کۆتایی بەرگی یەکەمی کەلیدەر